# قەیرانی کۆمەڵگاو

# حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان

١٩٩١ - ٢٠١١

**تۆژینەوەیەکی تیۆری - مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان**

**فوئاد سدیق**

نەورۆزی ٢٠١٥ هەولێر

تەنها نووسەر مافی چاپکردنەوەی ئەو کتێبەی هەیە

## ئەم تۆژینەوەیە پێشکەشە بە:

- ئەوانەی هێشتا نازانن حیزب چییە
ئەو گەندەڵکارانەی کە لەم هەرێمە شکۆی حیزبیان رووخاندووە
ئەو دوو حیزبەی چارەگە سەدەیەکە حوکمڕانیدەکەن و حیزبیان لەبەرچاوی خەڵک سووککرد
پێشکەشیاندەکەم بۆئەوەی بیخوێننەوەو کەمێک شەرمەزار بن

* * *

- پێشکەشە بە جگەرگۆشەکانم(ڤەهێل)و(ڤینوار)و(رێنوار) لەگەڵ هاوسەرە خۆشەویستەکەم (خەبات) ، کە جگە لە دایکم تەنیا ئەوانەن لە مەینەتییەکانی ژیانم بەشدارن

* * *

- پێشکەشە بە دایکم کە لە ژیانما تەنیا قەرزاری ئەو کەسەم و ئەگەر ئەو نەبوایە لەوانەبوو ببوومایە کۆڵکە خوێندەوارێکی زۆر خراپ، دایک هەمیشە لەگەڵمایەو هێزێکی ئەفسووناویم پەدەبەخشێ

## ناوەرۆک

### لایەنی تیئۆری


**پێشەکی** ١١

**بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە**

چوار چێوەی گشتی توێژینەوەکە ٣٧

أ- پێکهاتەی توێژینەوەکە ٣٨

ب- گرفتی توێژینەوەکە ٣٩

پ- گرنگی توێژینەوەکە ٤٠

ت- ئامانجی توێژینەوەکە ٤١

**بەشی دووەم:دەستنیشانکردنی چەمکەکان**

یەکەم: چەمکی حزبی سیاسی ٤٧

دووەم: چەمکی کولتووری سیاسی ٥٣

سێیەم: چەمکی دیموکراسی ٦٠

چوارەم: چەمکی تۆتالیتاریزم ٧٣

پێنجەم: چەمکی نوێبوونەوە ٧٩

شەشەم: چەمکی کۆمەڵگەی چالاك ٨٥

**بەشی سێیەم: چوارچێوەی تیۆری بۆ حزبی سیاسی** ٩٧
یەکەم : سەرهەڵدانی حزبی سیاسی ٩٩
دووەم : پۆلێنکردنی حزبی سیاسی ١٠٩
أ-سیستەمی فرە حزبی ١١١
ب- سیستەمی دوو حزبی ١١٥
پ- سیستەمی یەك حزبی ١١٧
ت- سیستەمی حزبی زاڵ (باڵادەست) ١١٨
سێیەم : ئایدیۆلۆژیای حزبی سیاسی ١١٩
چوارەم: ئەرکی حزبی سیاسی ١٢٧
١- ئەرکە گشتییەکان ١٣٠
أ- ئەرکی هەڵبژاردن ١٣٠
ب- دروستکردنی رای گشتی ١٣٠
پ- پێگەیاندنی کادیری سیاسی ١٣١
ت- هەڵبژاردنی پاڵێوراوەکان ١٣١
ج- رێکخستن و هەماهەنگکردنی کاری هەڵبژاردن ١٣٢
٢- ئەرکە پەروەردەییەکان ١٣٣
أ- ئاگادارکردنەوە ١٣٣
ب- فێرکردنی تیئۆری و بەشدارییپێکردنی سیاسییان ١٣٤
پ- ئاوێتە بوونی کۆمەڵایەتی ١٣٥
پێنجەم : پێکهاتەی حزبی سیاسی ١٣٦

**بەشی چوارەم : واقیعی حزبی سیاسی لە هەرێمی کوردستان** ١٤٣
یەکەم: حزبی سیاسی لە هەرێمی کوردستان ١٤٤
دووەم :حزبی سیاسی لە هەرێمی کوردستان و رای گشتی ١٤٥
سێیەم: گەشەپێدانی حزبی سیاسی لە هەرێمی کوردستان ١٤٩
چوارەم : رەفتاری سیاسی حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان ١٥٣
پێنجەم: قۆناخی دوای راپەڕین ١٥٥
شەشەم: شێوەی دابەشکردنی دەسەڵات ١٥٦

**بەشی پێنجەم:حزبە سیاسییەکان و دیموکراسی لە کۆمەڵگەی کوردیدا** ١٦٣
یەکەم:کولتووری دیموکراسی لە کۆمەڵگەی کوردیدا ١٦٤
دووەم: حزبە سیاسییەکان و دیموکراسی ١٦٨
سێیەم: حزبە سیاسییەکان و رۆشنبیران لە کۆمەڵگەی کوردیدا ١٧٢

**بەشی شەشەم : فەلسەفەی حوکمڕانی لای حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان** ١٨٥
یەکەم : بنچینەی تۆتالیریزم ١٩٣
دووەم : تۆتالیتاریزم لە کۆمەڵگەی کوردیدا ١٩٧
سێیەم : تۆتالیتاریزم لە حزبی سیاسی کوردیدا ٢٠١

٢٠٩

**بەشی حەوتەم: نوێبوونەوەی حزبی سیاسی**
یەکەم: نوێبوونەوە لە ستراتیژدا ٢١٥
دووەم: نوێبوونەوە لە ڕێکخستندا ٢١٨

**بەشی هەشتەم: چالاککردنی کۆمەڵگەو حزبە سیاسییەکان** ٢٢٥
**یەکەم: سروشتی کۆمەڵگەی کوردی لە چالاککردن** ٢٢٨
**دووەم : سرووشتی حزبە سیاسییەکان لە چالاککردن** ٢٣١
أ- پارتی دیموکراتی کوردستان ٢٣٥
ب- یەکێتی نیشتمانی کوردستان ٢٤٦
پ- - حزبی شیوعی کوردستان/عێراق ٢٥٦
ت- یەکگرتووی ئیسلامی لەکوردستان ٢٦٣
سێیەم: ئایندەی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا ٢٦٩

**لایەنی مەیدانی**

بەشی نۆیەم: ڕێوشوێنەکانی توێژینەوە ٢٨٣
یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە ٢٨٣
دووەم: گریمانەی توێژینەوەکە ٢٨٦
سێیەم: کۆمەڵگاو نموونەی توێژینەوەکە ٢٨٨
چوارەم: بوارەکانی توێژینەوەکە ٢٩٠
پێنجەم: ئامرازی توێژینەوەکە ٢٩٢

**بەشی دەیەم: خستنە رووی زانیارییەکانی توێژینەوەکە** ٢٩٧
**یەکەم: خستنە رووی خەسڵەتە گشتییەکانی نموونەی توێژینەوەکە** ٢٩٧
**دووەم: خستنە رووی خەسڵەتە تایبەتییەکانی نموونەی توێژینەوەکە** ٣٠٦

**بەشی یازدەم:**

یەکەم: ئەنجامی توێژینەوەکە ٣٤٩
دووەم: دەرئەنجامی توێژینەوەکە ٣٥٤
سێیەم: پێشنیاری توێژینەوەکە ٣٦٠

**سەرچاوەکان** ٣٦٧
**پاشکۆکان** ٣٨٧

**پێشەکی:**

**چەند رامانێک لە فیکری(ئەمیتای ئیتزیۆنی ):کۆمەڵگای چالاک و سیاسەتی نوێبوونەوەو رۆشنبیریی**

**د. شێرزاد نەجار نووسیویەتی**

ئەم پێشەکییە تایبەتە بۆ ئەو تۆژینەوە گرنگەی کە (فوئاد سدیق) ی تۆژەر لەبارەی پرسەکانی تایبەت بە چەمکەکانی نموونەی (نوێبوونەوە) و(کۆمەڵگای چالاك) ئەنجامیداوە.لەگەڵ چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم چەمکانە لای حیزبە سیاسییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، لە گرنگترین ئەو سەرچاوانەش کۆ تۆژەر پشتی پێبەستووە، بریتییە لە تیۆری کۆمەڵگای چالاك کە هی *هنزرڤان* و تیۆریست(ئەمیتای ئیتزیۆنی )یە.

بۆیە پێمانوابوو، گرنگ و پێویستیشە، بە ئامانجی خستنە رووی تێڕوانینێکی قووڵ بە نێو هزرو تیۆرەکانی(ئیتزیۆنی )دا بکەین، لە پێناوی روونکردنەوەی ئەوەی داکۆکییەك بێت بۆ تۆژەر کە لە رووی کاری تۆژینەوەکەیدا تەواو بۆی چووەو ئەوەشی شیکردۆتەوە کە خودی (ئیتزیۆنی) لە تیۆرییەکەیدا خستوویەتییە روو.

## سیاسەتی نوێبوونەوەو کۆمەڵگای چالاک

مەبەست لە سیاسەتی کۆمەڵگای چالاك بریتییە لە هاندانی هاووڵاتی چالاك و پشت ئەستوور بە خود. لە هەر گۆشە نیگایەکی کۆمەڵگای چالاکەوە سەیربکەیت،هەڵبەت سیاسەتێکی سەرکەوتوو Workfare Policy دەبینی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا جیاوازییەکی گەورە لە نێوان وڵاتاندا دەربارەی لایەمگیریکردنی ئەم سیاسەتە هەیە، لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆمەڵگایەکی چالاك.

ئەگەر بڕوانینە دەوڵەتی کۆنی خۆشگوزەران(دولة الرفاه القديمة) لە هەموو شوێنێکدا وەرچەرخانی بەخۆوە بینیوەو، هاوکات چەمکی (کۆمەڵگای چالاك) بۆ رۆڵی کۆمەڵگا لە داڕشتنی سیاسەت و بڕیارە سیاسییەکاندا بەکارهاتووە.

بونیادنانی کۆمەڵگای دەوڵەتی خۆشگوزەران ئەوکاتە بە گەیشتە ئامانج کە سنوورێکیان کێشا لەنێوان ئەوکەسانەی کە کارێکیان دەکردو پێویست بوول ە بەرامبەریشدا کرێ وەربگرن، لەگەڵ ئەو کەسانەی کە کاریان نەدەکردو، کەچی دەشبوو کرێ وەربگرن،بەتایبەت ئەو سنوورو دابەشکارییەی لە نێوان پیاوانی کارگەرو ئەو ژنانەی کاری ماڵەوەیان دەکرد.

بۆیە دەبینی وڵاتانی کۆنی خۆشگوزەران جیاوازی و نا هاوسەنگی و ناکۆکییەکی تەواویان لە نێوان هاووڵاتیان جا چ لەبارەی رەگەز، یان ئیتنیك، یان نەوەو سیستەمەوە بوویێت دەکرد. بە پێچەوانەشەوە کۆمەڵگای دەوڵەتی خۆشگوزەران لە کۆمەڵگایەکی چالاکدا،بەتایبەت لە رووی بنەماو

پرانسیبەوە، لە پێناوی مامەڵەکردن لەگەڵ هاووڵاتیانی کارگەر بە شێوەیەکی یەکسان کاردەکات .

لێرەدا هەڵەیە ئەگەر وا دابنێین کە کۆمەڵگای چالاك شوێنی کۆمەڵگای خۆشگوزەرانی گرتۆتەوە، راستر وایە، ئەقڵانیترە ئەگەر بڵێین لە سەردەمی ئێستادا زیاتر پێداگری لەسەر هەڵسووڕانی کۆمەڵگا دەکرێت، لە میانی بەگەڕخستن و چالاککردنی رۆڵی تاك بە شێوەگەلێکی هەمە جۆر، بەتایبەت بەشداریکردنی تاك لە بازاڕی کارکردن و لە میانی کاری کۆمەڵایەتی خۆبەخش و کاری جڤاکی،جگە لەوەش دەکرێ هاووڵاتیانی چالاك ، چالاکییەکانیان پەیوەست بێ بە سەرجەم پرسەکانی پەیوەند بە خۆیان و خێزانەکانیان.

لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا پرسێکی دیکەی یەکلاکەرەوەو هەستیار لە دروستکردنی کۆمەڵگای چالاکدا هەیە، ئەویشبریتییە لە بڵاوکردنەوەی وشیاری پابەندبوونەکان و بەرپرسیارێتییەکان، لەسەر ئاستی کۆمەڵگای ناوخۆیی و دەرهاویشتە قۆناخبەندییەکانی تایبەت بە هەنگاوی گوازتنەوەو وەرچەرخانی (کۆمەڵگای خۆشگوزەران)بۆ (کۆمەڵگای چالاك). ئەم دۆخەش دووپاتکردنەوەیەکی نوێیە لەسەر بەرپرسیارێتی تاك و خێزان و کۆمەڵگایکان، لەبارەی ئایندەی خۆشگوزەرانی و ئەو پابەندبوونە تایبەتییەی کە پێویستە هەر یەك لە تاك و خێزان و کۆمەڵگا لەم پێناوەدا هەنگاوی ئەکتیڤی بۆ هەڵگرن.

بەگشتی ئەم رێگا نوێیەی حوکمڕانی بۆ هەڵسووڕانی کۆمەڵگا، راستەوخۆ حەکمڕانییەکە بە هەڵسووڕانی خودی کۆمەڵگاکە دەبێت. ئێستاش کۆمەڵگا بووەتە فەزایەك بۆ پێگەی حکومەت. ئەم رێگا نوێیەی حوکمڕانی ، بەوە جیا دەکرێتەوە، کە خاوەن تایبەتمەندی و خەسڵەتی خۆیەتی، بەو

پێیەی بریتییە لە سیستەمێك لە میانی بژاردە جۆراوجۆرەکاندا لایەنە کاراکتەرەکان و زۆنی حوکمڕانی خودی (الذاتی) لە چوارچێوەی پابەندبوونە تایبەتییەکانی تایبەتمەند بە خێزان و کۆمەڵگا بەوپێیەی کە بەردی بناخەی گۆشەی کۆمەڵگای چالاکن ، دەستنیشان وپێشکەشیان دەکات.

راڤەگەلێکی جۆراوجۆر هەیە، سەبارەت بەم پاشخان و پاڵنەرانەی کە برەو بە کۆمەڵگای چالاك دەدەن، بەڵام دەبێت هەر لە سەرەتاوە روون و ئاشکرا بێت، کە چەمکی کۆمەڵگای چالاك تەنها بریتی نییە لە داهێنانی لیبرالیزمی نوێ، بەڵکو ئەم بیرۆکەیە لەناو خودی حیزبە سۆسیالیستە دیموکراسییەکانیشدا لەسەر هەردوو ئاستی گوتارو پەیڕەوکردنەوە رەنگیداوەتەوە.لەگەڵ ئەوەشدا چەمکی کۆمەڵگای چالاك چەمکێکی ورد نییە، بەڵکو چەندین لێکچوونی تەواو جیاواز لەخۆ دەگرێ، لە پێناوی هەڵسووڕاندن و وەرچەرخاندنی هاوولاتی چالاك. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەك بیرۆکەی روون و ئاشکرا هەیە لە چەمکی کۆمەڵگای چالاك، ئەویش بریتییە لە پشتبەستن بە(خود). پشتبەستن بە خود، توخمێکی زۆر بالایە لە دووبارە دارشتنەوەی سیاسەتی کۆمەڵگا بۆ دەوڵەت.

بە گشتی چەمکی پشتبەستن بە خود لەسەر هێزی تاك و ئیرادەی تاك بۆ کارکردن چڕدەکرێتەوە، هاوکات پشتبەستن بە خود دیسان رەگەز یان توخمێکە بەرامبەر بە(خۆشگوزەرانی) کە بە پاشکۆیەتی ناویدەبات.

ئەرك و ماف لە کۆمەڵگای چالاکدا

لە لێکدانەوەی خەوبینینی_ رێگای سێیەم_ لە حیزبی سۆسیالیستی دیموکراسییەوە بۆ لیبراڵە نوێکان و دواتریش موحافەزەکارەکان، بۆمان روونەبێتەوە، کە هەر سێ لا کۆك و تەبان دەربارەی بە بنەمای (مامەڵەی هاوشێوە) کە دەگوترێ، هیچ مافێك بە بێ پابەندبوون بوونی نییە، لێرەدا

ئاماژه بە کۆمەڵێك چەمك دەکەین کە لە دەرەوەی کۆمەڵگاکان هاوردەکراون، لەوانە: چەمکی پرۆگرامی ناچاری (بەرنامەی بەگەڕخستنی کاتی حکومی) کە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە هاوردە کراوە. ئامانج لە دانانی ئەم بەرنامەیە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بریتیبووە لە (کۆتاییپێهێنانی خۆشگوزەرانی وەك ئەوەی ئێمە ناسیومانە)و دانانی یان پڕکردنەوەی ئەم سیستەمە بە سیستەمی (کاری چاودێری کۆمەڵایەتی)..

هەر یەك لە وڵاتانی ئەنگلۆسکسۆنیا (بەریتانیا،ئوستراليا،نیوزلەندا) هەمان ئەو سیاسەتە پێیڕەودەکەن، کە نزیکە لە سیستەمەکەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. دەکرێ بڵێین بەرنامەی بەگەڕخستنی کاتی حکومی میکانیزمێکی سوودبەخشە بۆ پێکهێنانی رێکاری و رێوشوێنەکانی حکومی. چونکە حکومەت بە تەنیا چڕ ناکرێتەوە لەسەر (رەفتارو ئایا کێ لەکاتی ئازادیدا حوکم دەکات)، بەڵکو حکومەت لەسەر حوکمڕانیکردنی توندو بەهێزیش چڕ دەبێتەوە.

کاتێك حکومەت سیاسەتێك پیادە دەکات لەسەر شێوازو رەفتاری حوکمڕانیکردن و بەکارهێنانی هەموو تەکنیکێکی پێویستی کۆمەڵایەتی، بۆ دروستکردنی هاووڵاتی خاوەن تواناو لێهاتوویی بۆ پەیڕەوکردن و پیادەکردنی ئازادی بەوپەڕی چالاکییەوە، بۆئەو مەبەستەش دێت پێش بە خودو شێوازی بەرپرسانە دەبەستێت. ئێستا لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکانی رۆژئاوا بەو شێوەیە دەڕواننە بەرنامەی بەگەڕخستنی کاتی حکومی کە باشترین میکانیزمە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکان.

راستییەکی تێدایە کە زۆرێك لەگەڵ تیۆرو سەلماندنەکانی (ئیتزیۆنی) هاوڕان، کە پێیوایە یۆتۆپیا دەرخستەو پێشنیازێکی راستەقینەیە کە چوارچێوەیەکی گشتی گۆمەڵگەیی و جڤاکی دەگرێتەوە، لەجیاتی

چوارچێوەیەکی دیاریکراو. ئەوەش وادەکات پێشبینی زیاتر بکرێت سەبارەت بە مەودای پێشکەشکردنی پێشنیازی دیکە لە چوارچێوەی خشتەی کارەکاندا.

لە گفتوگۆو مشتومڕەکانی لەگەڵ هەریەك لە(هابرماس)و(ئاکرمان)، ئیتزیۆنی دووپاتیدەکردەوە، ئەنجامی دیالۆگ و ئاڵوگۆڕکردنی بیروراکان و گفتوگۆکاندا، هیچ پەیوەستبوونێکی ئاکاری تێدا نییە، ئەمەش دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەو مشتومڕانەی پێشوو کە دەربارەی قووڵبوونەوەی دیموکراسی کردبوویان. ئیتزیۆنی هیوایەکی زۆری بە ئاڵوگۆڕپێکردن وەکوو دەرئەنجام و دەرهاویشتەیەکی سیاسەتی دیموکراسی نییە، چونکە سیاسەتی دیموکراسی جەخت لەسەر هۆکار دەکاتەوە، لەسەر حیسابی بەهاو هەستە سۆزاوییەکان.

ئیتزیۆنی بەردەوام جەخت لەسەر گرنگی دەنگی ئاکارو گفتوگۆی ئاکاریی دەکاتەوە، بەشێوەیەك جەختی ئەوە دەکاتەوە کە دەڵێت(بەهاکان دەدوێن)،لە بەرامبەر راگەیەنراو یان ریکلامێکی سادەی بەهاکان بۆنموونە چەمکی یان زاراوەی(من لایەنگری ژیانم) . دەکرێ لە میانی گفتوگۆکاندا سەبارەت بە بەها ئاکارییەکان کەسانێك رەخنە لە بەهایەکی دیاریکراو بگرن، بەو پێیەی لەگەڵ بەهایەکی ئەو یان هەر بەهایەکی دیکە کە بەلای ئەو گرنگ بێت یەکتری ناگرێتەوە.

ئیتزیۆنی وایدادەنێت کە لە چەند بۆنەیەکدا کارێکدەکات بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسانە، هاوکات جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەگەر رەفتارێکی دوژمنکارانە لە کۆمەڵگا هەبوو، ئەمە تەنیا دەبێتە پێوەری بنەڕەتی، هەروەها گومانکردن لە بەها بنەڕەتییەکان کە مەیلی تائیفەگەری قووڵتر دەکاتەوە، وادەکات کۆمەڵگای چالاکبوون دوور بخاتەوە.

**میتۆدگەرایی** (المنهجیة)

بە بۆچوونی ئیتزیۆنی گەڕاندنەوەی کۆمەڵگای مەدەنی،بە تەنیاو ئاڵوگۆڕپێکردنی بیروڕای گفتوگۆکانیش بەتەنیا بەس نین،بەڵکو پرسیارەکە لەوەدایە، ئایا شتێك هەیە لەمە زیاتر! ئەو شتە چییە ؟ بە بۆچوونی ئیتزیۆنی ئەو شتە بریتییە لە بەها Value هاوکات پارسەنگڕاگرتنی نێوان سیستەم و حوکمی خۆیەتی یان حوکمی خودی، زیاتر لەمانەش پێویستەئەم بیرۆکەیە لە میانەو کۆنتێکستێکی مێژوویی و رۆشنبیرییەوە سەرچاوەی گرتبێت.

بەگوێرەی لۆژیکی ئیتزیۆنی بارودۆخ پێویستی بە دووبارە رێکخستنەوەی نەخشەی هزری و سیاسی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێگەی چینەکان لە کوێدایە؟ ئیتزیۆنی دانی بەوەداناوە کە پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵگا تەوەری سەرەکی شیکردنەوەی دۆخی ئێستاکەیە.

بۆنموونە: جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە شڵەژانێکی گەورەی کۆمەڵایەتی لە سیستەمی کۆمەڵایەتی نێوان ساڵانی١٩٦٠- ١٩٩٠ روویداوە، چی وایکردووە ئەم شڵەژانە بگۆڕدرێ؟ بۆ وەرگرتنی وەڵامی ئەم پرسیارە، پەنا دەبردرێتە بەر ململانێکان بۆ وەرگرتنی دەسەڵات. دواتر پرسیار لەبارەی مێژوو دەکرێ، مێژوو چییە؟ بە بۆچوونی ئیتزیۆنی مێژوو(مادەیەکی بزوێنەرە بە دەوری تەوەرەیەکی ئاسۆیی جێگیردا دەخولێتەوە).

ئینجا ئەم بابەتە لە کوێیە(یان لایەنەکان) لە کوێی شرۆڤەکردنەکانی ئەودان؟ رۆڵی لایەنە کاراکتەرەکان نموونەی(توێژ یان کەمینە،دەستە) لەمێژوودا چییە؟ لە راستیدا رۆحی رەهای (هیگڵ) بە ئاشکرا بەناو لاپەڕەکانی کتێبەکەی ئیتزیۆنیدا هاتووچۆ دەکات.

له واقیعدا بڕوام وایه زۆرێك له كاراكتەرەكان لەناو سەلماندنەكەی ئیتزیۆنیدان،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا تیۆرێكی میتۆدگەرایی سەبارەت بەم لایەنە كاراكتەرانە بوونی نییە. لە سیستەمی ئاكاریدا لایەنە كاراكتەرەكان بە شێوەیەكی كۆمەڵەیی بریتییە لە دەستەیەك لە خەڵك كە بەشداری لە شوناس یان ناسنامەیەكی پێویستی كاركردندا دەكەن، لەپێناوی وەدیهێنانی سیستەمێكی ئەكاریی. دەشێ لایەنە كاراكتەرە كۆمەڵایەتییەكان، لایەنی ئایینی سەندیكاكان، كۆمەڵەو رێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنی و حیزبە سیاسییەكان بن. من دڵنیا نیم لەوەی ئەم روونكردنەوەیە بەس بێت، چونكە ئەم كتێبە تایبەت نییە بە بزاڤە كۆمەڵایەتییەكان و پرۆسە سیاسییەكان كە سەركردایەتی گۆڕانكارییەكان دەكەن و، كە پێشتر گفتوگۆی لەسەر كراوە.

كۆمەڵگاو رۆشنبیریی..

بەگوێرەی گوتەی ئیتزیۆنی پێناسەی كۆمەڵگا بەهۆی دوو تایبەتمەندییەوە دەبێت،ئەویش بریتین لە:

١- بریتییە لە تۆڕی پەیوەندییەكانی نێوان كۆمەڵەیەك لە تاكەكان، زۆربەی كاتەكانیش ئەم پەیوەندییانە بە هەردوو شێوە دەپچڕێن و پتەویش دەبن.

٢- بریتییە لە پێوەری پابەندبوون بە كۆمەڵێك بەهای هاوبەش كە بریتین لە پێوەرەكان، ماناكان،مێژوو،شوناسی هاوبەش، بە كورتی بە هۆی پەیوەندییەكی رۆشنبیریی دیاریكراوەوەیە.

ئیتزیۆنی روونیدەكاتەوەكۆمەڵگا بنەماكانی پێوەری تێدایە كە بریتین لە خاڵی دەستپێكردن، رۆشنبیریی، نەریتەكان، هاوڕێیەتی، شوێنی دیالۆگی ئاكاریی.... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا كۆمەڵگا نەگەیشتۆتە رادەی كۆتایی ئاكار. راڤەیەك بۆ كۆمەڵگا هەیە، بە واتای ئەوەی كۆمەڵگا

بریتییه له رۆشنبیرییەك كه بەراستی گرنگی به هەموان دەدات، ئێستا ئایا بەگوێرەی یاسای نویَ رۆشنبیری واتای چی دەگەیەنێت ؟ ئایا هەڵوێستی كۆمەڵگا لەبارەی(بەهای ئاسیایی)، یان (بەهای ئیسلامی) بۆ دووركەوتنەوەو خۆپارێزی له جەنگی رۆشنبیریی چییه؟

لێرەدا به بۆچوونی ئێمه بەشێك له كێشەكه بریتییه له(كولتوور)،چونكه بازنەكەی زۆر بەرفراوانه، وەك ئەوەی كولتوور بریتییه له بیرۆكەی(بەهای هاوبەش) بۆ مەبەستێكی دیاریكراو لەناو(كۆمەڵگایەكی تەندروست)، هەروەها زۆرێك لەو بەهایانەی كه رەنگه هاوبەش بن، بەریەك بكەون و دژ بن لەگەڵ ئەو كۆمەڵگایەی كه كۆمنتریۆن Communitarians بانگەشەی بۆ دەكات و تیایدا شكۆی حوكمی خود پووچ یان بەتاڵ دەبێتەوە. بۆیه كێشەی سەرەكی بریتییه له چۆنیەتی گەیشتن به راستییەك له جۆری بەهای هاوبەش، ئەو بەهایەی لەگەڵ حوكمی خود له رووی ئاكارییەوە یەكانگیره. روانینی رەشبینانه ئەوەیه بگوتریَ ئەم مەحاڵە وەكوو دۆخێكی دیكەیه له هاوسەنگی جێگیردا: پتەوكردنی دینامیاتی كۆمەڵگا تاكه رێگایه بۆ گەیشتن و وەدەستهێنانی ئەم بەها نوێیانە.

هەڵبەت بەهای حوكمی خود، به هیچ شێوەیەك جێگیر نییه، وەكوو ئەوەی له دۆخی(بەها هاوبەشەكان)دا بوونی هەیه، هەروەها خاوەنی بنەمایەكی پتەویش نییه له پێناوی ئەوەی كۆمەڵگای ئاكاریی بتوانێت پاشماوەی بەها تاكه كەسییه سەربەخۆكان هەڵبگرێت.

ئیتزیۆنی دان به لێكنزیكی نێوان پێشنیارەكانی خۆیی و هەندێك كاری رۆشنبیریی مەدەنی دادەنێت،بەڵام هێشتا خۆیشی له نموونەی ئەو لاساییكردنەوە مەدەنییه دەپارێزێت(بەرجەستەبونی ئێستا خاوەنی چەندین شێوازو دارشتنێكه لەسەر بنەمای سەرمایەی كۆمەڵایەتی)دامەزراوە.

هاوکات ئیتزیۆنی بۆچوونی وایە ئەمجۆرە لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمایەکی ئەقڵانی بونیاد نراوە، نەك وەکوو ئەو پەیوەندییەی کە کۆمەڵە خۆبەخشەکان پێڕەوی لێدەکەن و تیایدا جەخت لەسەر هۆکارە ئیتنیکی، رەگەزی، ئایینی و ناوچەییەکان دەکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئیتزیۆنی دەڵێت ئەمجۆرە کۆمەڵگایانە لەچوارچێوەی بازنەیەکی بچووکدا تەماشا ناکرێن، دەشێ نەتەوەیەك یان ناوچەیەکی دیاریکراو لەم جیهانەدا کۆمەڵگایەك پێکبهێنێت وەکوو ئەوەی خۆی لە چەمکی کۆمەڵگا تێگەیشتووە.

لێرەدا دوو پرسیار خۆیان قووتدەکەنەوە، سەبارەت بە چارەسەری ئیتزیۆنی کە بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بەهێزو لاوازەکان خستوویەتییە روو.

١- ئەم کۆمەڵگایانەی فرەیین و تەواو ئاڵۆزن، بۆنموونە(سەرتاپای وڵات) روون نییە کە ئایا چۆن دەتوانرێت پەیوەندییەکان بەهێزتر بکەین لەوەی کە هەیە. دوای هەموو شتێك زۆرێك لە رێکخراوە(لاوەکی)ییەکان و رێکخراوی سەندیکاکان خاوەنی تایبەتمەندی خۆیانن، بەو پێیەی لەسەر پەیوەندییەکی راستەوخۆ دامەزراون کە تیایدا بەش بەشکاری ئیتنی و رەگەزی و ئایینی بەرجەستە دەبێت. بۆچی بەم شێوەیە وێنای ئەم چەشنە جیاکارییە لەنێوان کۆمەڵەکان و کۆمەڵگاکاندا بە تەواوی دەردەکەوت.

٢- کۆمەڵگا لاوەکییەکان هەڵگری تایبەتمەندی و رەهەندی سیستەماتیکین، هەر بۆیە ئەم رێکخراوو کۆمەڵانە توانای ئەوەیان هەیە لەسەر هەردوو ئاستی تایبەتی و گشتتیدا چالاکی بکەن. بەڵام لەولایشەوە چەندین جۆری دیکەی رێکخراوەکان هەن، بە لای ئیتزیۆنییەوە ئەم رێکخراوو کۆمەڵانە ناتوانن بگەن بە ئاستێکی بەرزی هاوشێوەی رێکخراوو کۆمەڵەیەکی فەرمی، زۆر جارانیش لە شوێنی خۆیاندا دەمێننەوەو بەهۆی باڵادەستی هەژموونی ئایفەگەری

ناتوانن پێشکەوتوو بن، بۆیە دەرئەنجام ئەم ڕێکخراوو کۆمەڵانە وەکوو کەناڵ و وێستگەیەکی باش بۆ بەشداریکردنی هاووڵاتیان سوودێکیان نابێت.

بە گوێرەی تێزەکانی ئیتزیۆنی خەریکە پرسی دەسەڵات دەبێتە پرسێکی لاوەکی، بۆنموونە لەو مشتومڕە ورووژێنەرانەی کە ئیتزیۆنی خستوویەتییە روو ، بڕوای وایە سەرجەم لایەنە بەشداربووەکانی دیالۆگ یەکسانن. لەگەڵ ئەوەشدا گفتوگۆ راستەقینەکان سەبارەت بە پرسە ئاکارییەکانی نێوان مرۆڤەکان هاوکات لەگەڵ هەڵوێستە روونەکان لە چوارچێوەیەکی فراواندا لەبارەی پرسەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری دروستدەبن، هەر یەکێکیش لەم پرسانە بەشێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەرییان بەسەر دینامیات و بەرئەنجامی گفتوگۆکان هەیە.

ئەگەر تەماشا بکەین دەبینین ئیتزیۆنی نیگەرانە، ئەم نیگەرانییەشی راستەقینەیەکە سەبارەت بە بنەمای ئەزموونکردنەکانی لە بواری تیۆرەکانی کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی ریشەی نا ئامادەگی نوێنەرایەتیکردنی دەسەڵات و میکانیزمە دامەزراوەییەکان بۆ رووبەڕووبوونەوەی. هەروەها لەپێناوی ئەوەی جەخت بکاتەوە کە لیبرالێکی کلاسیکە، ئیتزیۆنی کەمتر گرنگی بە سیستەمی کۆمەڵایەتی داوە، بەو پێیەی ئەم بابەتە مشتومڕی زۆری لەسەرەو چەندین گفتوگۆی تەواو جیاواز هەڵدەگرێت. لە میانی گفتوگۆکان لە بارەی (سیستەمی کۆمەڵایەتی) بەو مانا فراوانییەی لە رووی زاراوەییەوە هەیەتی، قسە لەسەر کاریگەری و پاشماوە وێرانکارییەکانی دابەشکردنی کارە بەسەر کرێکارەکان و (رەشەکان گەورەترن لە دانیشتوان) هەروەها پاشماوەی زیانەکان بەسەر تەواوی کۆمەڵگادا.هەروەها ئیتزیۆنی بڕوای وایە فەراهەمکردنی بواری فێربوونی بنەڕەتی گشتی چارەسەرە،

هاوکات هۆشداریداوه لەبارەی هێزی زێدەرۆیی بازرگانان و مەترسییەکانی قۆرخکردن.

ئەو پێناسەیەی کە بۆ کۆمەڵ کراوەو سەرچاوەکەی لە پێناسەکەی ئیتزیۆنی وەرگیراوە کە بۆ کۆمەڵگا کردوویەتی، پشتی بەوە بەستووە کە کۆمەڵ بریتییە لە تۆڕی پەیوەندی کە کاریگەرو کارتێکراوە بە ئەویدیکەو لەم نێوەندەدا کۆمەڵێك بەهای هاوبەش و بنەماو واتاو مێژوو و شوناس کۆیاندەکاتەوە.

بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مەودا یان ئاستی هێزو بڵاوبوونەوەی بەها هاوبەشەکان، دەکرێ کۆمەڵ و کۆمەڵگاکان لەسەر چەپکێکی بچووك لە بەهای هاوبەش کە لاوازن دەربکەون؟ بۆ ئەم مەبەستە ئیتزیۆنی نموونەیەك دێنێتەوە کە باوەڕی وایە(کۆمەڵگای تەندروست) خەڵکەکەی دەتوانێت لە میانی سواربوون و دانیشتنی ناو پاسێك بەهاکان کۆیان بکاتەوەو دابەشیان بکات. بەڵام ئەم نموونەیە نابێتە بەڵگەی حەتمی بۆنموونەی لەم چەشنەی کۆمەڵگا، بەتایبەت ئەگەر کۆمەڵگا تەنیا خاوەنی کەمێك بەهای هاوبەش بێت.

پرسێکی دیکەی گرنگ هەیە، کە هەردەم کۆمەڵگا کۆمەڵییەکان ئەگەری ئەوەیان هەیە لە لایەن ناوەندێکەوە رووبەڕووی زۆر هەڵوەشاوەی بەهێز ببنەوە، ئیتزیۆنی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هێزی راکێش(القوة الجاذبیة) بەرلەوەی ببێتە سیستەمێکی تۆتالیتارو چەوسێنەر تێکشکاوە. بە بڕوای ئیتزیۆنی سرووشتی دیموکراسی لە کۆمەڵگادا جۆرێك لە نەرمونیانی جێگیرو چالاك بەرهەمدەهێنێت.. بەمشێوەیە ئیتزیۆنی گریمانەی ئەوە دەکات کە کۆمەڵگتی تائیفی پارسەنگی نێوان فشاری راکێش و سەقامگیری و نەرمونیانی رووخساری دیموکراسییە بۆ فەرمانڕەواییکردن. بەڵام هاوکات لە گەڕی

هەڵوەشاندنەوەو شکستی ڕاکێش(انهیار الجاذبیة)دا سیستەمی تۆتالیتارو ستەمکار لەدایکدەبێت، ئەمەش ئەلتەرناتیڤێکی زۆر قورسە، بێ ئەوەی ئترەزووی لێبکەی ناچار دەبی بەشوێن کۆمەڵگایەکی تائیفی بکەوی.

ئایا بەهۆی نەبوونی (چاودێری کۆمەڵایەتی)یەوە لە کۆمەڵگا تاکە کەسییەکان، تاکەکان شتێکیان دەستدەکەوێت لە دراوسێکانیان و هاوڕێکانیان؟ بەڵێ لەم کۆمەڵگایانەدا کاتی دەست بەتاڵی زیاترە و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانیش کەمتر دابەشکراون.

زێدەڕۆییەکانی ئیتزیۆنی لەبارەی جەختکردنەوە لەسەر سوودەکانی کۆمەڵگاو بەیەکەوە هەڵکردن و بەها هاوبەشەکان بە تەواوی بەسەر تیۆرەکانییەوە دیارن، بەڵام تا ئێستا رەخنەکان بەهۆی چڕکردنەوەی بۆچوونەکانی لەبارەی تائیفییەوە بەردەوامیان هەیە.

لێرەدا جێی خۆیەتی پرسیار بکرێت: ئایا زێدەڕۆییەکانی ئیتزیۆنی لەبارەی توانای کۆمەڵە لۆکاڵییەکان بۆ دابینکردنی ئەرکی حکومی و سیاسەتی گشتی بە تایبەت بەو شێوەیە بەرفراوانەی ئەو باوەڕی پێیە لە جێگەی خۆیەتی ؟ بە هەمانشێوەی گفتوگۆکان لەبارەی دیموکراسی، لە راستیدا گفتوگۆکردن لەسەر رۆڵی حکومەت و پشتگیریکردنی ناوەندی گرنگەو پێویستیشە ، چونکە پێویستییەك هەیە بۆ دابینکردنی ئەدای چالاککردنی کۆمەڵگاو ئەرکی سیاسەتی گشتی و (دوورکەوتنەوە لە لامەرکەزییەت بێ ئەوەی یارمەتییەکی وەها بدرێ کە ببێتە هۆی روودانی ئەدایەکی نا چالاك لە بواری سیاسەتی گشتیدا) ؟

لە راستیدا کەمکردنەوەی یان بەکەم زانینی توانای ئێستای تاکێکی زێدەڕۆ، دەبێتە هۆیەیێرچێرخان(انعطاف) نەك شکاندنی پەیوەندییەکان.وا دەردەکەوێ کە ئیتزیۆنی ناچار بوویێت بڵێ ئەگەر لە دۆخی ئێستادا

ئاراستەکانی تاك هەر بەرەو زێدەڕۆیی بڕۆن، لە راستیدا کۆمەڵگای ئەمریکی هەنگاو بەرەو ئاژاوەیی دەنێت، لە دۆخێکی لەمشێوەیەشدا دەکرێ سەرۆکایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرەو تاکڕەوی هەنگاو بنێت، جار نا جارێکی کەمیش نەبێت ئاوڕێك لە سیستەمی کۆمەڵایەتی دەداتەوە، کاتێك کۆمەڵگا ئەو داوایەی ئاراستە دەکات.

لەپێناو هەوڵەکانی بۆ دووبارە نوێکردنەوەی کۆمەڵگا، ئیتزیۆنی داوای تازەکردنەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش دەڵێت: پێویستییەك هەیە بۆ وەدیهێنانی هاوسەنگی نێوان سەربەخۆیی تاك و سیستەمی کۆمەڵایەتی لە پێناوی ئەوەی کۆمەڵگا ببێتە کۆمەڵگایەکی تەندروست، هەروەها نوێکردنەوە لەگەڵ پێداگیریکردن لەسەر مافەکانی تاك لە هەر قۆناخێکدا پێویستی بە هەڵوەستەکردن هەیە لەسەر جێبەجێکردنی حوکمی خود بە ئامانجی پاراستنی ئەم هاوسەنگییە.

هەریەکە لە حوکمی خود و سیستەمی کۆمەڵایەتی دوو دوانەیین لە تێزەکانی کۆمێنتیرن Communatarianism بە بۆچوونی ئیتزیۆنی دامەزراوەی سەرەکی لە کۆمەڵگا داواکراوە بە دووبارە گەڕاندنەوەی هەندێك لە بەهاکانی کۆمەڵگا،بێ ئەوەی بچێتە ژێر فشاری بۆچوونی تەقلیدییەکان بە هەنگاوەکانی بەرەو دەسەڵات، هاوکات ئیتزیۆنی داوای دووبارە گەڕانەوەی کردووە بۆ کۆمەڵگاکان بە ئامانجی هاندانی دیالۆگ بۆ گرتنە بەری هەر رێوشوێنێکی لەم شێوەیەش پێویستە گەشە بە کۆمەڵێك بنەمای بنەڕەتی لە بەها هاوبەشەکان بدرێ.هەروەها بە ئامانجی دوورکەوتنەوە لە ئازاردانی هەندێك پرسی تەقلیدی کۆمەڵایەتی، ئیتزیۆنی پێشنیازی سیستەمێکی ئاکاری دامەزراو لەسەر لایەنی خۆبەخشی دەکات.

لەبەردەم هەر یەك لەم تێزە فیكرییانە سەرەتا پرسیار دەكەین، ئەگەر ئەم تێزانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێداون، لە بنەڕەتدا بوونە هاوسەنگی هەموو شتێك،لەوكاتەوەی چەمكی رەفتاری خۆبەخش پەیوەندییەكی بە هێز لەگەڵ چەمكی حوكمی خود دروستدەكات ؟.

لە راستیدا یەكێك لەم هۆكارانە رێبازی خۆبەخشی ( ئیتزیۆنی ) پێویستی بە رەسەنایەتی بەهاكانەوە هەیە. لە یەكەمین خاڵدا باسی (بەها هاوبەشەكان)ی كردووەو بە راستەقینەیان دادەنێت، بەڵام پرسیارەكە ئەوەیە ئایا هاوبەشییەكی راستەقینەی لەمشێوەیە بەرجەستە دەبێت، بەبێ سەركوتكردن و پووكانەوەی ئەقڵی تاك؟ بە دڵنیاییەوە لێرەدا بەهاكان گۆڕانیان بەسەردا نایەت، ئەگەر ئەمە روویدا یەكەمین كەسێك كە تێبینی دەكات، ئەوا كەسی ستەملێكراوە.

بە گوێرەی ئەوەی ئیتزیۆنی ئاماژەی پێداوە، رەنگە وادابنێین كە رێگایەكی راست بۆ دابەشكردنی بەها كۆمەڵایەتییەكان هەیە، بێ ئەوەی ملكەچی ئەمشێوە دەرهاویشتە ببێت، بە شێوەیەك ئەم گریمانەیە رەنگدانەوەی بەسەر راستە رێگای سەلماندنی میتۆدەكەی ئیتزیۆنی دەبێت، كاتێك جەخت لەسەر بونیادی دیموكراسی كۆمەڵگاكان و پێوەری گفتوگۆ نوێیەكاندەكاتەوە. لە كۆتاییشدا دێتە سەر (بەها چوارچێوەییەكان) نموونەی دەستوورەكان بەو پێیەی سیستەمێكی گشتگیریی كۆمەڵایەتین.

بە دڵنیاییەوە ئیتزیۆنی خاوەنی بیرۆكەیەكی زیرەكانەیە كە پێیوایە كۆمەڵگا گرنگی خۆی هەیە، وەكوو شوێنێك بۆ بەیەكگەیشتنی بەهاكان، هەڵبەت ئەم بیرۆكەیە تەواو راستە بەڵكو لەوەش زیاتر بەڵگەیەكیشە بۆ دیالۆگی كۆمەڵایەتی و هاوكات پێویستیشە بۆ لێپرسینەوەی كۆمەڵایەتی بە ئامانجی بەهێزتركردنی كۆمەڵگا. بەڵام لەولایشەوە كاتێك ئیتزیۆنی لەم پرسە

دوورتر دەڕوات و بانگەشەی سیستەمێکی نوێی کۆمەڵایەتی دەکات، خۆی لەناو مەترسیەکدا دەبینێتەوەو ناوی ناوە هزری موحافەزەکار(کۆنزەرڤاتیڤ) لەم نێوەندەشدا هەوڵدەدا خۆی لێبپارێزێت،هاوکات لەوێوە ئاوڕێك لە گرنگی هەرەمە سەربەخۆکانی هاوشێوەی کاری خۆبەخشی دەداتەوە. لە بنەمادا وا دەردەکەوێ بانگەشەکانی ئیتزیۆنی پێوەرین، بەڵام تەنیا لە ڕێگای پراکتیزو کردەییدا بەرجەستە دەبن. وێڕای ئەمەش میتۆدەکەی راستەقینەیەکە بۆ شیکردنەوەی پاشماوەو کاریگەرییەکانی حوکمی خود و سیستەم لە میانی گریمانەی کارلێکردندا. هەروەها ئیتزیۆنی جەختی لەسەر پێویستبوونی بەدیهێنانی بەیەکەوە گونجان و سازانی بیروبۆچوونە تائیفییەکان کردۆتەوە سەبارەت بە بەها بنەڕەتییە هاوبەشە نوێکان.

بە گشتی بنەماکانی بەها بنەڕەتییە نوێکان بەهۆی دوو خاڵ دەبێت:

١- نابێت لایەنی یەکەم ناوبانگی لایەنەکەی دیکە لەکەدار بکات.

٢- نابێت لایەنی یەکەم قووڵترین پابەندبوونە ئاکارییەکانی ئەوانیدیکە ناشیرین بکات.

ئیتزیۆنی سەبارەت بە نموونە گەلی تایبەت بە بەها نوێکان، نموونەیەکی تایبەت دەخاتە روو، کە بریتییە لە دەرهێنان و لابردنی یاسای تایبەت بە رەگەزپەرستی لە باشووری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لە راستیدا ئەم پرۆسەیە لەگەڵ خۆیدا چەندین کاری توندوتیژی لێکەوتەوە، بەشێوەیەك چەندین شەڕی یاسایی روویاندا.

هەڵبەت بزووتنەوەی ژینگە دەرئەنجامی بەشێکی زۆری هەست و بیرکردنەوەی خراپ و پەلاماری تاکە کەسییە، بە شێوەیەك دواتر بەهۆی بوونەکەی توانرا بەشداری لە هەندێك بنەمای نوێی بەها بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگاوە بکات. هەروەها بۆچوونی ئیتزیۆنی پەیوەندیکردن گرنگی خۆی

هەیە لە پرۆگرامی دیالۆگ و رۆژنامەو گۆڤارو شوێنە گرنگەکان، هاوکات جەخت لەسەر راگەیاندنی ئازاد دەکاتەوە بەشێوەیەك کە توانای لە بونیادی (بەهای وشە)دا هەیە. ئێستا پرسیار ئەوەیە ئەم رووداوانەی دوایی لەناویشیاندا بڵاوبوونەوەی (هەواڵ)، بەرنامەی رادیۆیی موحافەزەکارو کەناڵەکاتی تیڤی و پێشنیازەکان بۆ زیادکردنی دەزگاکانی راگەیاندن بە دەستی تاکە سەرمایەدارێکەوە(پاراستنی سیاسەت بۆ بەشێکی گەورە) ئایا ئەم رووداوو پێشهاتانە نابنە هۆی روودانی کارەسات؟

لە غیابی رووماڵکردنی تەواوی میدیایی (ئایا مرۆڤ چۆن دەتوانێت ئەو زانیارییانە بەدەستبهێنێت کە پێویستی پێیەتی بۆ پێکهێنانی بەها بنەڕەتییە نوێکان) یان ئەزموونکردنی دەسەڵاتی کۆن؟ کۆمەڵێك دەزگا هەن کە ئیتزیۆنی ئاماژەی بۆ کردوون، لەوانە فرە دیموکراسی Teledemocraxy و گریمانەی دیالۆگەکان ناتوانن هەمان گرنگی دیالۆگەکان و دەزگاکانی راگەیاندن ببینن.

کاتێك سەیری شوێنی دەسەڵات دەکەین و نایەکسانی لە(نموونەی تائیفی) دەبینین کە ئیتزیۆنی پێشکەشیکردووە، تێبینی ئەوە دەکەین کە ئەو(مەبەست تۆژەرە) هاتووە ئەم نموونەیەی بە مەبەستی پێکهێنانی بنەمایەك بۆ گفتوگۆکردنی ئیتزیۆنی بەکارهێناوە، بەگوێرەی چەند کۆمەڵەیەکی فەرعی و سەرچاوەی بەها هاوبەشەکان و پێشخستنی هەردوو تێزەکەو دانانیان لە چەقی گفتوگۆکەی، کە دواجار دەبێتە هۆی پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی نموونەیی کە پێویستی بە دانپێدانان و بونیادی دەزگا دامەزراوەییەکان لە پێناوی بەرەنگاربوونەوەی راکێشانی میتۆدی (بەها هاوبەشەکان) بۆ بەرژەوەندی بەهێزەکان.

بۆ روونکردنەوەی  چەمکی کۆمەڵە فەرعییەکان پێویستە سەرنج لە پەیوەندییە بەهێزەکان بدەین کە کارلێکەکانی دیاریدەکات، کۆمەڵە فەرعییەکان، لەوکەسانە پێکدێن کە هاوبەشن و بەشدارن لە هەڵوێستێك و لە پەیوەندییەکی بەهێزی کۆمەڵگا، ئیتزیۆنی دەڵێت (بەرەنگاری کۆمەڵایەتی) لە مامەڵەکردنی لەگەڵ کۆمەڵە فەرعییەکان بریتییە لە پێشخستنی پێکهاتەکانی کۆمەڵگا کە بۆشاییەکی گەورە بەجێدەهێڵێت بۆ چوونە ناوەوەی دەوڵەمەندی رۆشنبیرییە فەرعییەکان و کۆمەڵە سەربەخۆکان، هاوکات لەگەڵ پاراستنی جەوهەری بەها هاوبەشەکان). دەشێ لێرە رەخنە لەم بیرۆکەیە بگیردرێ کاتێك دەڵێت بەرەنگاری کۆمەڵایەتی بریتییە لە گەرەنتی، هەروەها بەها هاوبەشەکان کە دروستدەبن، لە پلەی یەکەمدا هیچ بوونێکیان نییە بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵە فەرعییە بەهێزەکان، لێرەدا ئاراستەی گفتوگۆکانی دەکاتە سەر فێربوونی گشتی ئایدیۆلۆژیای دەستکەوت، کۆپیکردنی نایەکسانی و خستنە رووی (کۆمەڵگا) لە بری (کۆمەڵەکانی ناو کۆمەڵگا).

لە کاتێکی زوودا ئیتزیۆنی دەنووسێ: نموونەی وەزیفی دەکەوێتە پشتەوەی نموونەی (شیکردنەوەی کاری کۆمەڵگا لە میانی بەشداریکردنی بەشەکان بۆ پێداویستییە گشتییەکان و ئەو داواکاری و خواستانەی کە کۆمەڵگا بۆ پاراستنی خۆی پێویستی پێیانە). بەڵام بیری کۆمەڵگا بۆ (پاراستنی خۆی) پێویستی بە ئاوڕدانەوەیەکە دوور لە دەستی ئەو کاراکتەرانەی تێوەگلاون و هاوکات بەرهەمهێنانی پاراستنی سیستەمی گشتی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی تایبەت و دژایەتیکردنی هەموو ئەو فاکتەرانەی کار لەپێناو بچووککردنەوەو بەرتەسککردنەوەی دەکەن، ئەمەش ململانێی نێوان کۆمەڵەکانە لەگەڵ میتۆدو مەنهەجییەتی رۆشن بۆ گەیشتن بە دەسەڵات کە دەبێت تەواو فەراهەم بکرێ لە پێناوی دروستکردن و بونیادنانی

کۆمەڵگایەکی دادپەروەرو ناتائیفی. نموونەی دیموکراسییەتی سەندیکایی نموونەیەکی دەستپێشخەرە بۆ دروستکردن و ئەندازەگیریی تاکە دامەزراوەیەکی لەمشێوەیە.

ئەم نموونەیە بواردەڕەخسێنێت بۆ چارەسەرکردنی نایەکسانی بە شێوەیەکی میتۆدی، بەتایبەت ئەگەر هەریەکە لەم کایانە درێژبکەینەوە بۆ ناو(بەهاکان)،کایەکانیش بریتین لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان، داڕێژەرو بڕیار دروستکارانی سیاسی و شەقام و جەماوەر( فەراهەمکردنی دەرفەتی پێویست و ڕێکخراو بۆ دەربڕینی تاکەکەسی و فەرعی بەشێوەیەك هاوسەنگ بێت لەگەڵ خواستی ئەوەی لە دەسەڵاتە بە مەبەستی خۆ بەدوور گرتن و دوورکەوتنەوە لە هەر جۆرە گۆڕانێکی داواکراو لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی گشتی و ئەو گۆڕانانەی دیکەی لە ژینگەو جوگرافیای دەرەوە یان پێکهاتە ناوخۆییەکانی کۆمەڵ روودەدەن).

هەر نموونەیەکی تائیفی لەمشێوەیە، لە میانی پتەوبوونی بەها هاوبەشە گشتگیرەکان دەبێتە هۆی خستنە رووی کێشەکانی ستەمی کۆمەڵایەتی و بونیادنانی سیستەمێکی دامەزراوەیی سەرکەوتوو وەکوو شێوەو نموونەیەکی کۆمەڵگایی کە پێویستی بەو میکانیزمە دیاریکراوانە هەیە کە توانای وەڵامدانەوەی پرسێکی لەمشێوەیان هەیە.

بە بۆچوونی ئیتزیۆنی حوکمی خود ڕێگایەکە لەو ڕێگایانەی دەتوانێت چارەسەری ئەم پرسە بکات، چونکە نموونەی باڵای حوکمی پەیوەستە بە مافەکانی تاك، کە پابەندە بە بەها ئاکارییەکان.بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حوکمی راستەقینەی خودو لابردن یان هەڵگرتنی لەمپەرەکانی بەردەم گەیشتن بە حوکمی خود یەکێکە لە بەها هاوبەشە بەهێزەکان کە بەشێك لە کۆمەڵگا ئامادەی وەڵامدانەوەیەتی.

به گشتی لەم نموونەیەی سەرەوەدا ترسێك لە پرسەكانی تایبەت بە دەسەڵات و نەبوونی یەكسانی هەیە، هاوكات هەوڵێكی بەردەوامیش لە لایەن كەس و ئەندام و كۆمەڵە فەرعییەكان هەیە، بەتایبەت ئەوانەی زەرەرمەندبوونە لە كەمی وەڵامدانەوەكانی كۆمەڵگا بۆ پڕكردنەوەی پێداویستییە بنەڕەتییەكان بۆئەوەی بە شێوەیەكی تەواو كاریان بۆ دابین بكرێت.

(بە گشتی بەشی هەرەزۆری كەمی وەڵامدانەوەكانی كۆمەڵگا بۆ پڕكردنەوەی پێداویستییە بنەڕەتییەكان لە خودی سیستەمی روانینی (كەم و كووڕی) دریژ دەبێتەوە، كە ئەم سیستەمە بەردەوام رووبەڕووی چینەكانی ژێرەوەی سیستەمی سەرمایەداری دەبێتەوە). ئەمەش كێشەی پەیوەست بە دەسەڵات و نەبوونی یەكسانییە.

**كۆمەڵگایەک ئاراستەکەی بەرەو چالاكبوون دەڕوات:**

ئیتزیۆنی لە كتێبی (كۆمەڵگای چالاك) ئامانجی زۆر گەورەی هەڵگرتووە ، بەشێوەیەك هەوڵیداوە ئەو بنەما سەرەكیانە جێگیر بكات كە دەكرێ لە چوارچێوەیاندا بونیادی كۆمەڵگایەكی نوێ The Good Society بنرێت. ئەم كتێبەی ئیتزیۆنی زۆرجاران بەوە وەسف دەكرێ و لێكدانەوەی بۆ دەكرێ كە بنەمایەكە بۆ گفتوگۆو ئەو مشتومڕانەی لەبارەی بەهاو شكۆی میتۆدی زانستی كۆمەڵگاییەوە Social Science دەكرێت.

بەمپێیە ئیتزیۆنی هاوشێوەی هزرڤانانیوەكوو (سان سیمۆن و ئۆگۆست كۆنت) خوازیاری زانستی كۆمەڵایەتین كە لوتكەی هەڕەمی زانستەكانی گرتووە، چونكە دەتوانێ لە رووی هزرییەوە رۆڵی پاسەوانی و دەستەبەری كاری دەستەجەمعی و كۆمەڵەیی بگێڕدرێ .بە هەمانشێوەی هزرڤانانی پێش خۆی، پرۆژەكەی ئیتزیۆنی نەیتوانی بگاتە ئاستی پێشكەشكردنی

چارەسەریی پێویست بۆ کۆمەڵگای نوێ، لە راستیدا تیۆرەکانی ئیتزیۆنی زۆر سادەن،بەکارهێنانی زانیاری و تواناکانی کۆمەڵگای پۆست مۆدێرن بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانانەی یارمەتی کۆمەڵگا دەدەن بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەکانی. شاراوە نییە ئیتزیۆنی کارە تیۆرییەکەی لەسەر ئەو ژێرخانە دەستپێکردووە کە پەیوەستە بە(سۆسیۆلۆژیای سیستەماتیك و تیۆری سیستەماتیك)کە بە ئاشکرا بەسەر هزرەکانییەوە دیارن. هاوکات رێکخستنە رووکەشییەکەکانی وەکوو کاراکتەرە کۆمەڵایەتییەکان رۆڵێکی ناوەندیان بینیوە لە پرۆژەکەی ئیتزیۆنی لەبارەی کۆمەڵگای چالاك.

کاتێك ئاوڕێك لە تێڕوانینی هاوچەرخانەی تیۆری سیستەماتیك یان دامەزراوەیی دەدەینەوەو لە سەرووی کۆمەڵگای چالاکی دادەنێین، بە روونی دەردەکەوێ کە ئیتزیۆنی زۆر گەشبینە لە سەرکەوتنی پرۆژەکەی بە شێوەگەلی جیا جیا لەوانە: توانای وەدیهێنانی کۆدەنگییەکی سوودمەند لەسەر ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان، یان توانای کاری ئەقڵانی دەستەجەمعی ، یانیش سوودی بەرهەمی مەعریفی بۆ ئاراستەکردنی ئەم هەوڵە. یەکێك لە خواستنە سەرەکییەکانی ئەم کتێبە ئەوەیە کە بیرۆکەی کۆمەڵگا دیموکراتەکانی پۆست مۆدێرنە کوێرانەو بێ ئامانج هەنگاودەنێت، بە شێوەیەك ئەم بیرۆکەیە لە قوتابخانەی دامەزراوەیی لە تیۆری سیستەماتیکدا پوختبۆتەوە . ئەو سیستەمەی کە بەبێ ئامانج وەسفکراوە، بریتییە لەو سیستەمەی تێیدا ئەوشتانە روودەدەن کە پێشتر دەستنیشان نەکراون. بەمشێوەیە زۆرێك لە سیستەمەکان پەیوەنیان بە ئامانجێکەوە نییە، بەڵکو ئەوەی بە کردەیی بەرهەمدێ، لە دەرەوەی ئەوە بوو کە پلانی بۆ دانراوە.بۆیە دەوترێ ئەو سیستەمانەی کوێرانە هەنگاودەنێ و چالاکییەکانیان بێ ئاراستەیەکی هزرییە، بە جۆرێکن چالاکییەکانیان جێگیر نین و دێت و دەڕۆن.

به پشتبەستن به تیۆری ئیتزیۆنی، کۆمەڵگای دیموکراسی پۆست مۆدێرنە، بریتییە لە کۆمەڵگایەکی بێ ئامانج، هەر بۆیە ئەم کۆمەڵگایە پێویستی بە پرۆسەی سیستەماتیکی کاراوە هەیە، هاوکات دەبێت کۆنترۆڵی زیاترو وردتربێت، بۆئەوەی لە بری خوولانەوەی بێ ئامانج بە دەوری خۆیدا، وردتر بتوانێت ئامانجەکانی بەدیبهێنێت، بەڵام هاوکات کۆمەڵگا تۆتالیتارەکان چالاکن، لە رووی پرسی کۆنترۆڵکردنی پرۆسەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گیرۆدەن لە بێ هێزی رێککەوتن و کۆك بوون Consensus . لە راستیدا ئاراستەکردن و سەرکردایەتیکردن لەم کۆمەڵگایانەدا لەسەرەوە بۆ خوارەوە دەبێت، ئەمەش بە واتای بوونی پلانێك، هەروەها بڕیار دروستکردن لەسەر بنەمای ئامانجێکەوە دەبێت کە قابیلی جێبەجێکردنە، بە گشتیش ئەم نموونەیە کۆدەنگی کۆمەڵایەتی وەرناگرێ لە بارەی ئەوەی کارەکەی چۆن دەبێت.

میتۆدە بەکارهاتووەکان سێ میتۆدی سەرەکی بەخۆوە دەگرن کە بریتین لە:

- میتۆدی سیپرنتیکی (مەعریفە).
- میتۆدی پراکتیزەیی (هێز).
- میتۆدی تایبەت بە پرۆسەکانی پێکهێنانی کۆدەنگی.

لە چوارچێوەی ئەم سێ میتۆدەدا، کۆمەڵەکانی کۆمەڵگا دەتوانن بە ئامانجەکانیان بگەن، ئەم میتۆدە وەڵامێکە بۆ ئەو پرسیارەی کە دەخوولێتەوە دەربارەی: چالاککردن لە پێناوی چی؟ کاتێك زانیاری لەبارەیەوە وەردەگرین، ئەوکات سوور دەبین لەسەر وەدیهێنانی ئامانجەکان، هاوکات میتۆدی سیپرنتیکی لە مەیدانی پراکتیزەییدا لە پێناوی بڕیاردان لەسەر چۆنیەتی و بە چ ئاراستەیەك هەنگاو دەنێین بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکە.

## پێشەکی

لێکۆڵینەوە لەسەر حزبە سیاسییەکان بە شێوەیەکی گشتی لە سەردەمی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستاندا، بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە چوارچێوەی سیستەمی سیاسی ڕۆڵێکی گرنگی تایبەتی خۆی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگای کوردیدا هەیە. ئەم گرنگییەش زیاتر لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١هوە بووە، کاتێك کورد دەسەڵاتی ئەمری واقیع (de facto)ی وەدەستهێنا، حیزبە سیاسییەکانی کوردستان ڕۆڵیان (لە هەردوو بواری پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکەی) بینیوە لە تەواوی پرۆسەی سیاسی کوردستاندا، چونکە تێکەڵ بە هەموو کایەکانی ژیانی خەڵکی کوردستان بوون. ئەمەش نەك بۆ مەبەستی ئەکتیڤکردنی کۆمەڵگە، وەك لێکۆڵینەوەکە دەریدەخات، بەڵکو بەرژەوەندییەکان لەناو حزبەکاندا چڕ بوونەوە، بەرادەیەك هەموو بەرژەوەندییەکان (کەسی، نیشتمانی) لەدەرەوەی حزبە سیاسییەکانی کوردستان ڕووبەڕووی هەڕەشەو مەترسی دەبوونەوە. هەر بەهۆی ئەو دەستکەوت و بەرژەوەندییە کەسییانەشەوە بوو، ژیانی حزبایەتی لە کوردستان، لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١) ەوە، هەمەڕەنگترو جۆراوجۆرتر بوو، ئەمەش، لەبەر ئەوە نەبوو ژیانێکی دیموکراسیی لە ئارادابوو، بەڵکو بەهۆی بەرژەوەندییەکانەوە بوو، چونکە ئەوەی کادیری حزب بوایە، یان هەر لە پاڵ حزبێکی سیاسی بوایە، پێگەیەکی سیاسی-کۆمەڵایەتی-ئابووری بۆخۆی پێکدەهێنا. ئەمەیان هۆکارێکی

گرنگ بوو بۆ فره بوونی رەنگ و جۆری حزبەکان لە کوردستاندا. چونکە کارو وەزیفەی حزب لە کوردستاندا کەوتە قۆناخێکی نوێوە، کە زۆرجیاوازبوو، لە هی سەردەمی پێش راپەڕین. وەزیفەی حزب لە پێش راپەڕین بۆ خەباتی رزگاری و ئازادی نیشتمانی بوو، بەڵام لە سەردەمی راپەڕین قۆناخێك هاتە ئاراوە، کە حزب بوو بە هەموو شتێك لە ژیانی رۆژانەی خەڵکی هەرێمی کوردستاندا، واتا حزب چووە ناو هەمووجومگەکانی ژیانی سیاسی-کۆمەڵایەتی-ئابووری-رۆشنبیری.. هتد. لێرەوە حزبەکان سیاسەتی پێشبڕکێیان پێرەوکرد، بەمەش رۆڵی هاوڵاتی کە جاران لەناو حزبە سیاسیەکانی کوردستاندا زۆر لاوازبوو، دوای راپەڕین هاووڵاتی بە ناچاری رۆڵی خۆی لەناو حزبدا دۆزییەوە. هاووڵاتی بۆ ئەوەی لە دەسەڵات بێبەش نەبێت کە پێگەی کەسی و بەرژەوەندی کەسیی بۆ دەپاراست.. چونکە هەموو دامەزراوە کۆمەڵایەتی و حکومییەکان کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی پارتی و یەکێتی. بوونی ئەم دەست بەسەرداگرتن و کۆنترۆڵکردنی دامەزراوە کۆمەڵایەتی و حکومی و تەواوی دامەزراوەکانیتر، خاڵێکی گرنگ بوو بۆئەوەی لە جیاتی گرنگیدانی حزبەکان بە پەرەپێدانی مرۆیی، هەوڵی ئەکتیڤکردنی پەرەپێدانی سیاسی و حزبیان کرد، بۆیە تا ئێستاش پەرەپێدانی مرۆیی، کاری جیدی بۆ نەکراوە.

**فوئاد سدیق**
**هەولێر**

# بەشی یەکەم

## چوار چێوەی گشتی توێژینەوەکە

أ- پێکهاتەی توێژینەوەکە

ب- گرفتی توێژینەوەکە

پ- گرنگی توێژینەوەکە

ت- ئامانجی توێژینەوەکە

## چوارچێوەی گشتی تۆژینەوەکە

### أ- پێکهاتەی تۆژینەوەکە

تۆژینەوەکەمـان لە ژێـر ناونیشـانی (رۆڵـی حـزبە سیاسـییەکانی هەرێمـی کوردستان لە چالاککردنی کۆمەڵگەی کوردی ١٩٩١-٢٠١٠) یە، لە دوو لایەنی سـەرەکی پێکهـاتووە، لەگەڵ پێشـەکی و ئەنجـام و دەرەنجامەکـان و پێشـنیار، **لایەنی یەکەم** تیۆرییەو (٨) بەشی بەخۆرەوە گرتووەو، **لایەنی دووەم** پراکتیکی (مەیـدانی) یەکەش (٣) بەشـە، هەر بەشـێکی تیـۆرییەکەش لە جـومگەیەکی گرنگـی حزبـی سیاسـی دەدوێ، **بەشـی یەکەم**ی بـریتییە لە پێکهـاتەی تویژینەوەکەوگرنگی وگرفت و ئامانجی تـویژینەوەکە. **بەشی دووەم**ی بریتییە لە چەمـکە سـەرەکییەکانی تـویژینەوەکە، کە (٦) چەمکـی بەخـۆوە گرتـووە، بەشـی **سـێیەم**ی تـویژینەوەکە، بـریتییە لە چوارچێوەیەکی تیـۆری بـۆ حزبـی سیاسـی، کە (٥) ناونیشـانی گرنـگ و سـەرەکیی بەخـۆوە گرتـووەو چەنـدین لقیشی لێبۆتەوە. لە بەشی **چوارەم**ی تویژینەوەکەدا، هەوڵدراوە باس لە واقیعی حزبی سیاسی وحزبی سیاسی لە هەرێمی کوردستان و رای گشتی و ئینجا گەشەپێدانی حزبی سیاسی لەهەرێمی کوردستان و هەروەها رەفتاری سیاسی حـزبە سیاسـییەکانی هەرێمـی کوردسـتان و ئینجـا بـاس لە قۆنـاخی دوای

ڕاپەڕین و شێوەی دابەشکردنی دەسەڵات کراوە. هەرچی بەشی **پێنجەم**ە، باسی حزبە سیاسییەکان و دیموکراسی لە کۆمەڵگای کوردیدا کراوە، کە سێ خاڵی گرنگی بەخۆوە گرتووە. وەکوو کولتووری دیموکراسی لەکۆمەڵگەی کوردی و حزبە سیاسییەکان و دیموکراسی و هەروەها حزبەسیاسییەکان و ڕۆشنبیران لە کۆمەڵگای کوردیدا. **بەشی شەشەم** بریتییە لە فەلسەفەی حوکمڕانی لە حزبە سیاسییەکانی کوردستاندا، کە ئەویش سێ خاڵی گرنگی بەخۆوە گرتووە. وەك بنچینەی تۆتالیتاریزم، تۆتالیتاریزم لە کۆمەڵگەی کوردی و تۆتالیتاریزم لە حزبی سیاسی کوردیدا، **بەشی حەوتەم** باس لە نوێبوونەوەی حزبی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا دەکات، کە بۆسەر دوو تەوەری گرنگ دابەش بووە، ئەویش یەکەمیان نوێبوونەوە لە ستراتیژەو دووەمیشیان نوێبوونەوە لە ڕێکخستنە. **بەشی هەشتەم** کە دوا بەشی لایەنی تیۆرییەکەیە باسی ڕۆڵی حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دەکات لەچالاك کردنی کۆمەڵگەدا، کە سێ خاڵی گرنگ و سەرەکی پێوەند بەم باسە بەخۆوەگرتووە، سرووشتی کۆمەڵگەی کوردی لە چالاککردن، سروشتی حزبە سیاسییەکان لە چالاککردن کە لەوبوارەوە چوار حزبی بەخۆوە گرتووە، ئەویش پارتی و یەکێتی و یەکگرتوو و حزبی شیوعی کوردستانە، ئینجا دێتە سەر ئاییندەی دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا.

لایەنی مەیدانی بریتییە لە (٣) بەش، بەشی **نۆیەم** ڕێوشوێنەکانی لێکۆڵینەوەکەیە، وەك میتۆدی تویژینەوەو کۆمەڵگاو نموونە، لەگەڵ ئامرازو گریمانەی توێژینەوەکە، بەشی **دەیەم** خستنە ڕووی زانیارییەکانە، کە زانیارییە گشتی و تایبەتییەکانە، بەشی یازدە، سێ خاڵی زۆر گرنگی بەخۆوە گرتووە، دوای ئەمە سەرچاوەکانی بەکارهاتووی ناو توێژینەوەکە دیاریکراون و ئینجا لە کۆتاییەکەشدا پاشکۆکان خراونەتە ڕوو.

### ب- گرفتی تۆژینەوەکە

گرفتـــی لێکـــۆڵینەوەکە لەوەدایە، تـــا ئێســـتا لێکـــۆڵینەوەی زانســـتی و سـەرچاوەی زانسـتی لەسـەر حـزبە سیاسـییەکانی کوردسـتان، زۆر کەمـن[1]، ئەمەش گرفتێکـــی بـــۆ لێکـــۆڵینەوەکە دروســـتکردووە، جـــگە لەمەش ئەو هەلـومەرجە سیاسـییەی کە ئێسـتا لە کوردسـتان هەیە، تـا رادەیەك دەبێـت لەبەرچاو بگیرێ و رەچاو بکرێت، چونکە راو رای بەرامـبەر بە پێی پێویست قبـوڵ ناکرێـت و هەنـدێ جـار گرفتـی لێکەوتـۆتەوە. بـۆیە ئەمـانە ئاسـتەنگ و

---

[1] مێژووی درووستبوونی حزبی سیاسی لە هەرێمی کوردستان و تەنانەت لە عێراقیشدا، نوێیە، بۆنموونە یەکەمین رێکخستنی سیاسی لە عێراقدا بریتی بووە لە ئیتیحادو تەرەقی (الاتحاد والترقی) کە لە بەغدا لە ساڵی (١٩٠٨) کرایەوە، بڕوانە: عبدالجبار حسن الجبوري، الأحزاب والجمعيات السياسية في العراق ١٩٠٨-١٩٥٨، دار الحرية للطباعة-بغداد، ١٩٧٧، ص١٩-٢٠. دواتر پەلوپۆی بۆ زۆربەی شارەکان برد. بڕوانە:د. غسان العطية، العراق نشأة الدولة ١٩٠٨-١٩٢١، تقديم حسين جميل، ترجمة:عطا عبدالوهاب، لندن، دار اللام، ١٩٨٨، ص٧٧. هەروەها بڕوانە:السيد عبدالرزاق الحسني، تأريخ ألأحزاب السياسية العراقية، بيروت، ١٩٨٠، ص٧. لە کوردستانی عێراقیشدا یەکەمین کۆمەڵە، کۆمەڵەی کوردستان (جمعيە كوردستان) بوو بۆیەکەمین جار ساڵی ١٩٢٢ لە شاری سلێمانی بە سەرۆکایەتی مستەفا پاشا یامولکی دامەزرا، بڕوانە: د. عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكوردية في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، مؤسسة سردم، السليمانية، الطبعة الثانية، ٢٠٠٧، ص١٣٠. یەکەمین حزبیش حزبی هیوا بوو کە درێژبووەوەی کۆمەڵەی دارکەر بوو، بروانە: سالح الحيدري، لمحات من تاريخ... الاتحاد (جريدة) ، عدد -٨-، السنة الأولى، ١٩ كانون الأول ١٩٩٢، هەروەها: نوري شاوەيس، من مذكراتي، من منشورات حزب الشعب الديمقراطي الكردستاني، ١٩٨٥، ص ١٨-٣٢.هەروەها بڕوانە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی :هيلين محمدامين المزوري، حزب هيوا-الأمل-١٩٣٩-١٩٤٦، دراسة تأريخية سياسية، دارسبيريز للطباعة والنشر، دهوك، ٢٠٠٨.

گرفتی گەورەن بۆ لێکۆڵینەوەکە لەلایەك و، بۆ خودی لێکۆڵەریش لەلایەکی ترەوە، تەنانەت ئەم گرفتە لەکاتی ئەنجامدانی دیمانەش لەگەڵ گەورە بەرپرسانی حزبە سیاسییەکاندا هاتۆتە ئاراوە، چونکە بەگەڕانەوە بۆ ئەو ماوەیەی دوای ڕاپەڕین تا ئێستا، زۆرجار لایەنە سیاسییەکان بە شێوەیەك باسی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکەن، کە کوردستان هەرێمێکی نموونەییە لە ناوچەکە. بەڵام ئەم بۆچوونە وەك لە لێکۆڵینەوەکەدا دەریخستووە لەگەڵ ڕاستی ناگونجێ.

بۆیە گرفتی ئەم لێکۆڵینەوە لەوەدایە، وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە ئایا حزبی سیاسی توانیویەتی لە ڕێگەی وەرگرتنی دەسەڵاتەوە، چالاککردنی کۆمەڵگەش لەم قۆناخە هەستیارەدا بهێنێتە دی کە کوردستان پێیدا تێپەڕدەبێت؟ ئایا وەزیفەی حزبی سیاسی لە کوردستاندا لە ماوەی ئەو (١٩) ساڵەی ڕابردوودا، بەعەقڵێکی کراوەو شارستانیانە وەزیفەی خۆی جێبەجێکردووە، کە بریتییە لە نوێکردنەوەی کۆمەڵگە؟ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەو لێکۆڵینەوەی زانستیانە لە پرسی حزبی سیاسی لە کوردستاندا گرفت و هەروەها گرنگی خۆی هەیە.

### پ- گرنگی تۆژینەوەکە

گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە، کە حزبی سیاسی لە کوردستاندا، لە ماوەی ئەو (١٩) ساڵەی ڕابردوودا، شوێنی تەواوی جومگەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی –ئابووری- ڕۆشنبیری گرتۆتەوە، بۆیە دەستنیشانکردنی ماف و ئەرکەکانی حزب لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا، لەلایەن تۆژەرانەوە گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، هەروەها ئەم لێکۆڵینەوە، لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر ئەو حزبە سیاسییانەی هەرێمی کوردستان کردووە کە نەیانتوانیوە بە تەواوی کۆمەڵگای کوردی بە ئاراستەیەکی دروست ببزوێنن کە چالاککردنی

کۆمەڵگـــایە، ئەمەش پـــارتی دیمـــوکراتی کوردســـتان و یەکێتـــی نیشـــتمانی کوردستان و حزبی شیوعی کوردستان-عێراق و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دەگــرێتەوە، ئەمەیــان خــاڵێکی زۆر گــرنگە، کە پێویســتی بە لێکــۆڵینەوەی زانستیانە هەیە[1]، بەو مەبەستەی لە داهاتوودا حزبە سیاسییەکانیش، رۆڵیان لە رەخســاندنی زەمینەیەکــی بەرفــراوان هەبێــت، بۆپێشــکەوتنی کــۆمەڵایەتی و ئــابووری و سیاســی و رۆشــنبیری و.. هتــد، چــونکە ئەو نەتەوانەی چــالاك نــاکرێن، بێگومــان نەتەوەیەکــی زینــدوو نــابن، ئەو نەتەوانەی چــالاکن بــوونەتە مــایەی ئاســوودەیی و بەخــتەوەری بــۆ هەمــوو مرۆڤــایەتی، باشــترین نمــوونە ژاپۆنییەکانن، کە دوای شەڕی جیهانی دووەم، بڕیارێکی یەکلاکەرەوەیان دا کە وڵاتە وێرانکــراوو ســووتاوەکەیان ئــاوەدان بــکەنەوە، ئەوەبــوو توانیــان بــیگەیەنن بە یەکێــك لە پێشــکەوتووترین وڵاتــانی جیهــان، لە رووی پیشەســازی و داهێنــانی تەکنیکی و رێکخستنی ژیانی خۆیانەوە بە باشترین و ئاسوودەترین شێوە[2].

**ت- ئامانجی تۆژینەوەکە**

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە نیشاندان و خستنەڕووی ئەزمـوونی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسی کوردییە لە هەرێمی کوردستان لەماوەی ئەو (١٩) ساڵەی رابــردوودا، چــونکە حــزبە سیاســییەکانی کوردســتان توانــایەکی کاریگەریــان لە بەشــداریکردنی سیاســی خەڵکــی کوردســتان هەبــووە، واتــا رێژەیەکــی ئێکجــار

[1] پێویستە ئاماژە بۆ بزووتنەوەی گۆڕان بکەین، کە جوولەیەکی خستووەتە نێو کۆمەڵگەی کوردی، بەڵام لەبەرئەوەی هێشتا لە قۆناخی بەراییدایە، بۆیە ئێستا بە شێوەیەکی زانستی دروست نییە رەهەندەکان و رۆڵی ئەو بزووتنەوەیە لە پانتایی سیاسیدا بە وردی باسی لێوەبکرێت.

[2] لە ئەڵمانیاش، حزبی نازی لە سەردەمی هیتلەردا، جوولەیەکی خێرای تێکەوت، بەڵام ئەو جوولەیەی حزبی نازی دروستی کرد، بۆ بەرپاکردنی شەڕێکی سەخت بوو، کە لە ١٩٣٩-١٩٤٥ ی خایاندو وڵاتی ئەڵمانیا بەهۆیەوە وێران بوو، بەڵام دوای شکستەکەیان و بە کۆتا هاتنی شەڕی دووەمی جیهان، توانیان، وڵاتەکەیان بە باشترین شێوە ئاوەدانبکەنەوە.

زۆری خەڵکی کوردستان لەدوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١، چوونەتە ریز حزبە سیاسییەکانەوە، ئەم ریژەیە لە کۆنگرەی یازدەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەرکەوت[١]، ئەمەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، خەباتی سیاسی بەشێوەیەکی ئاشکراو جەماوەری لە ژیانی سیاسی خەڵکی کوردستاندا ئەزموونێکی نوێ بوو [٢]، جگە لەو ماوە کورتەی نێوان سالآنی (١٩٧٠-١٩٧٤) کە پارتی بەشداریی لە حکومەتدا کردبوو،، "بۆیە پاڵنەری جوولانەوە بەرەو چوونە ناو پرۆسەی پابەندبوون (التـزام) ی کاری حزبی لەناوەرۆکدا رۆمانسیەتێکی گەنجانەبوو، کە خواستەکانی لە گۆڕان (التغییر) و شۆڕش (الثورة)و، بونیادنانی نیشتمانێك کە ئازادی و دادپەروەری تێدا بەرقەراربێت"[٣]، لەبەرئەوە ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە ئاخۆ حزبە سیاسییەکان، کاریگەرییان هەبووە لە چالاککردنی ئەم هەموو خەڵکەی کوردستان بە گشتی و خودی دۆست و ئەندام ولایەنگیری حزبەکان بەتایبەتی. ئەگەر حزبە سیاسییەکان ئەم رۆڵەیان نەبینیوە، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئەگەر بینیویانە ئاخۆ عەقڵییەتی کادیرو ئەندامانی حزب، گۆڕانێکی ریشەیی بەسەرداهاتووە لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەی کوردی؟ ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئەوەیە ئایا حزبە سیاسیەکانی کوردستان رۆڵی خۆیان لە چالاککردنی کۆمەڵگەی کوردیدا بینیوە؟ ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە گەڕان و تاوتوێکردنێکی زانستیانەی حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانە، ئاخۆ بڕوایان بە دەستاودەستکردنی

---

[١] - دیمانەی فەلەکەدین کاکەیی-رۆژی ٢٠١٠/٦/١ روو بە روو. جەختی لەوە کردەوە لە کۆنگرەی یانزەهەمینی پارتی، پارتی خاوەنی زیاتر لە (٢٥٠,٠٠٠) ئەندام بووە جگە لە دۆست و لایەنگر.

[٢] - بەڵام لە کۆنگرەی (١٣) ، زۆربوونی ژمارەی ئەندامانی پارتی زیاتر دەگەڕایەوە بۆ قۆرخکردنی دەسەڵات و ئابووری و بەخشینەوەی پۆست و ئیمتیازاتی جۆراوجۆر.

[٣] بڕوانە: شوکت اشتي، الأحزاب اللبنانية-قراءة في التجربة، مؤسسة الانتشار العربي، بيروت-، الطبعة الأولى، ٢٠٠٤، ص٦٨

ئاشتیانەی دەسەڵات هەیە؟ ئاخۆ نوێبوونەوە لەلای حزبە سیاسییەکان گرنگی خۆی هەیە؟ یان تەنها رووخسارەو لە ناواخندا گرنگییەکی ئەوتۆی نەبووە؟.

# بەشی دووەم

## دەستنیشانکردنی چەمکەکان

یەکەم: چەمکی حزبی سیاسی

دووەم: چەمکی کولتووری سیاسی

سێیەم: چەمکی دیموکراسی

چوارەم: چەمکی تۆتالیتاریزم

پێنجەم: چەمکی نوێبوونەوە

شەشەم: چەمکی کۆمەڵگەی چالاک

## یەکەم: چەمکی حیزبی سیاسی

حـزب[١] بە مانـا زانسـتییەکەی مێژوویەکـی زۆر کـۆنی نیـیە، دەکـرێ لەمبارەیەوە ئاماژە بۆ یەکەمـین کتێبی زانستی مـۆریس دۆڤرجیە Maurice Duvergerبکەین کە بەناوی (حزبە سیاسییەکان) ساڵی ١٩٥١ نووسـیویەتی و تا ئێستاش بە یەکێك لە گرنگترین ئەو سەرچاوانە دادەنرێ کە لەسەر حزبی سیاسـی نووسـراون، بەڵام دەبینــین (مـۆریس دۆڤـرجیە) ش پێناسـەکردنێکی روونی بۆحزبی سیاسی نەکردووەو تا رادەیەك بە کراوەیی جێیهێشتووە[٢]. بەڵام دوا بەدوای دۆڤرجیە تـا ئێسـتاش بەردەوام پێناسـەکردنی حزبـی سیاسـی، بیـرو هـزری نـوێترو تـا رادەیەك جیـاوازتری لێکەوتـۆتەوە. وەك لە خـوارەوە ئاماژەمـان

---

[١] - زاراوەی حزب بەمانا گشتییەکەی مێژوویەکی کۆنی هەیەو بۆ یەکەمین جار لە قورئانی پیرۆزدا لەنێو (١٣) سورەتدا (٢٠) جار بەکارهاتووە کە (١٧) ئایەتی بەخۆوە گرتووە بڕوانە قورئانی پیرۆز. لەکۆی ئەم (٢٠) جار بەکارهێنراوەدا حزب بە مانای تائیفە، کۆمەڵە کەسێك لەسەر یەك ڕێبازو یەك مەزهەبی سیاسی بن و خاوەن هێز بن الاحزاب فی الاسلام ل٦٧ لە کۆی ئەو (٢٠) جار بەکارهێنراوەی قورئانی پیرۆزدا بۆتدەردەکەوێ، زاراوەی حزب بەدووجۆر بەکار هاتووە، یەکەمیان ئەو کۆمەڵە خەڵکانەن کەپیلان و ئاژاوەگێڕییان بەرامبەر بە فتوحاتەکانی پێغەمبەر (حرب الرسول) کردووە، دووەمیشیان ئەو ئەو سەحابەو سەربازانەن کە لەسەر هەمان ڕەوت و بۆچوونی پێغەمبەر بوونە و لە پێناوی پێغەمبەرو ئایینەکەیدا جەنگاون لەفەرهەنگی (لسان العرب) یشدا هەمان ئەو واتایانە بەکار هاتوونەتەوە بڕوانەابن منظور-لسان العرب (زمانی عەرەب) ، ج ١، ص ٣٠٨-٣٠٩). زاراوەی ئەنفال لەم ئایەتانەی خوارەوە بەکار هاتووە:بڕوانەقورئانی پیرۆز سورەتانە المائدة، اية ٥٦، هود اية ١٧، مريم اية ٣٧، الكهف اية ١٢، المؤمنون اية ٥٣، الروم اية ٣٢، سورەی الأحزاب اية ٢٠ و ٢٢، غافر اية ٥ و ٣٠، ص اية ١١ و ١٣، الزخرف اية ٦٥، المجادلة اية ١٩ و٢٢، سورەی فاطر). بڕوانە: (الشيخ عبدالحميد الجعبة، الأحزاب في الاسلام (حزبەکان لە ئیسلامدا) ، رسالة ماجستير، بدون تأريخ الصدور، غير منشورة. بڕوانە: http://www.rsscrs. info/vb/downloads. php?do=file&id=2663

[٢] - بڕوانە: مۆریس دۆڤرجیە، الاحزاب السياسية، ترجمة:علي مقلد وعبدالحسن سعد،، دارالنهار، بيروت، ط٣، ١٩٨٠، ص ١-٥

بـۆ چەنـدین پێناسـەی لەیەکجـودا کـردووە بـۆ حـزب، کە دیارترینیـان ئەنـدریە هۆریو (A. Hauriou) و ئادمۆن بێرك (E. Burk) و..هتـد. لە فەرهەنگەکانی فەرەنسیدا، وشەی حزب، بە شێوەیەکی گشتی چڕ کراوەتەوە لە وشەکانی وەك (بەش، کۆمەڵە، تیرە،.. هتد، ئەم کۆمەڵەو بەشە جیاوازانە لەناو کۆمەڵەیەکی فراوانتــردان. هەروەهــا وا پێناســەی حــزب دەکرێــت کە کــۆمەڵە کەســێك بەرهەڵستکارن لەبەرامـبەر ئەوانـی دیـکە، بەهـۆی رای جیـاواز و بەرژەوەنـدی جیاوازو.. هتد[1]). هەر بۆ نموونە پێناسەی حزب لای کیای (Key) بریتییە لە دەسـتە خەڵکێکی یەکگرتـوو لە رێگای گروتینێکی هـاوبەش بـۆ بەرژەوەنـدی نەتەوە یـاخود مەبـدەئێکی دیـاریکراو رێکـدەکەون، بەڵام دەبینـین لای ئەنـدریە هۆریـو (A. Hauriou) بـریتییە لە رێکخسـتنێکی هەمیشـەیی و بەردەوام بە ئاراسـتەو لەسـەر ئاسـتی نیشـتمانی و نـاوخۆیی جـوولە دەکـات، لەپێنـاو بەدەسـتهێنانی پشـتگیری جەمـاوەری و ئامانجیشـی گەیشـتنە بە دەسـەڵات بۆوەدیهێنــانی پێڕەوکردنــی سیاســەتێکی دیــاریکراو[2]. بەڵام (لاســویل[3]) و

---

[1] - د.محمد أحمد اسماعيل، الديمقراطية ودور القوى النشطة في الساحات السياسية المختلفة، المكتب الجامعي الحديث، ٢٠١٠، ص٧٧٣.

[2] - د. عبدالله محمد عبدالرحمن، علم الاجتماع السياسي، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، ط١، ٢٠٠١، ص٣٣٧

[3] - هارولد دوایت لاسویل (١٩٠٢-١٩٧٨ Harold Dwight Lasswell) زانایەکی بەناوبانگی زانستی سیاسی ئەمریکی بوو، لەبواری تیۆری راگەیاندن رۆڵێکی گرنگی هەبوو، بەتایبەت لەسەر (کاریگەری دەزگاکانی راگەیاندن لەسەر پێکهێنانی رای گشتی). ئەم پرسیارەی دەخستە روو (کێ دەیلێت، چی دەڵێت، بە چ وەسیلەیەك، بۆ کێ و بە کام مەبەست؟) ئەندامێکی (قوتابخانەی شیکاغۆ بۆ سۆسیۆلۆژی) پرۆفیسۆری زانکۆی Yale ی ئەمریکی و سەرۆکی کۆمەڵەی زانستی سیاسی ئەمریکی و کۆمەڵەی زانستی سیاسی جیهانی بووە.لە گرنگترین کتێبەکانی پرۆفیسۆر لاسویل ئەم کتێبەیە: Harold Lasswell,Politics:Who Gets What,When How?,NewYork,1936.بڕوانە: http://en. wikipedia.org/wiki:

(ئەبراهـام كـابلان[١]) دەڵێن"گرووپێـك لە تاكەكـان پرسـە گشـتییەكان دادەڕێـژن و دەیـخەنەروو، پاڵێوراوەكانیشـی بـۆ هەڵبـژاردن پێشكەشـی دەكـات"[٢]. كەچـی پێناسەی حزب لای ئادمۆن بێرك ([٣] E. Burk) بریتییە لە" یەكگرتنی كۆمەڵە خەڵكێـك بە مەبەسـتی ئەنجامـدانی كـارێكی یەكگرتـوو بـۆ بەدەسـتهێنانی بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی، ئەویـش لەسـەر بنەمـایەكی دیـاریكراو كە هەر تـاكێكی كۆمەڵەكە لەسەری كۆك بێت"[٤]. هەروەهـا لای ( سلیمان الگحاوی) یـش حزب بریتییە لە" كۆمەڵەیەكی یەكگرتوو بە شێوازگەلێكی دیموكراسی كاردەكات بۆ بردنەوەی دەسەڵات، بەمەبەستی جێبەجێكردنی بەرنـامەو پرۆژەیەكی سیاسی

---

[١] - ئەبراهام كابلان (١٩١٨-١٩٩٣) فەیلەسوفی ئەمریكابوو، یەكەمین فەیلەسوف بووە كە ناوبانگی بە لێكۆڵینەوەی میتۆدی زانستی رەفتاری لە كتێبەكەی (سیر التحقیق)ساڵی ١٩٦٤ وەرگرتبوو، كە بە هاوبەشی لەگەڵ (هارۆلد دوایت لاسویل) نووسیبووی.

لەژێر كارتێكردنی پراگماتییەكانی وەكوو ولیەم جیمس و جون دیوی بوو. ساڵی (١٩٤٢) بڕوانامەی دوكتۆرای لە زانكۆی كالیفۆرنیا لە بەشی فەلسەفە وەرگرتووە، ساڵی ١٩٥٢ وەك پرۆفیسۆر لە بەشی فەلسەفە مامۆستا بووەو هاوكات سەرۆكی بەشی فەلسەفە بووە. ساڵانی (١٩٦٢-١٩٧٢) لە زانكۆی میشیگان وانەی وتۆتەوە. لە http://en. wikipedia. org/wiki/Abraham_Kaplanوەرگیراوە.

[٢] - د. أسامة الغزالي حرب، الاحزاب السیاسیة في العالم الثالث (حزبە سیاسییەكانی جیهانی سێیەم)، عالم المعرفة-الكویت، ١٩٨٧، ص١٤

[٣] - إدموند بیرك ( ١٧٢٩- ١٧٩٧Edmund Burke) هزرڤانی سیاسی ئێرلەندی و پیاوی دەوڵەتی (ئەنگلۆ-ئێرلەندی) بووە، نووسەرو گوتاربێژو تیۆریستی سیاسی و هەروەها فەیلەسوف بووە بەتایبەت دوای ئەوەی گواستراوەتەوە بۆ بەریتانیا. وادادەنرێ كە پێشڕەوی هزری پارێزگاری نوێ (المحافظ الحدیث) بووە. لە بەناوبانگترین نووسینی كتێبی (تێڕوانینێك دەربارەی شۆڕش لە فەڕەنسا) یە، كە دژی ئەو شۆڕشە بوو لایەنگری شۆڕشگێڕەكانی ئەمریكا بوو، وا دادەنرێ كە نوێنەری لیبرالیزمی كلاسیكە. لە بەناوبانگترین قسەكانی ئەمە بوو (فرت و فێڵكردن واتا وەزیرێكی ئامادەكراو بۆ ستەم و زۆرداری). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ( (فرنسوا شاتلیە وأولیڤیە دوهامیل وایڤلین بیزیە، معجم المؤلفات السیاسیة، ترجمة:محمد عرب صاصیلا، بیروت، ط٢، ١٩٩٢، ص٢٧٥-٢٨٤)

[٤] - د. عبدالله محمد عبدالرحمن، سەرچاوەی پێشوو. ل٣٣٧

دیاریکراو"[1]. بەڵام (ویگنی-Wigny) نووسیویەتی، "حزب ڕێکخراوەیەکی یان ڕێکخستنێکی بەردەوامە، نوێنەرایەتی بەشێکی رای گشتی دەکات، ئامانجیشی جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی نیشتمانییە بە یارمەتی دەزگاکانی حکومەت"[2]. سامۆیل ئیلدرسریلد S. Eldersreld ) وا پێناسەی کردووە"حزبی سیاسی کۆمەڵە خەڵکێکی ناو کۆمەڵگایە، ڕێکخستنێکی تایبەت بەخۆی هەیە و لەسەر ئامانجێکی دەستنیشانکراو لە کۆمەڵگا کاردەکات، ئەم کۆمەڵە خەڵکەش لەچەندین تاك پێکدێت کە هەموویان لەسەر رۆڵی دیاریکراوی خۆیان ڕێکدەکەون، هەمووشیان بەشێوەیەك هەڵسوکەوت دەکەن کە نوێنەرایەتی راستەقینەی حزبەکە بە رووی کۆمەڵگا نیشان بدەن کە دواتر ئەم ئەرکەیان دەبێتە ڕێکخراوەو دامەزراوەیەکی دیاریکراوی بونیادنەر"[3]. هەروەهاماکس ڤیبەر[4]یش وا پێناسەی حزبی کردووە"حزبی سیاسی ڕێکخراوەیەکی کۆمەڵایەتییەو پێوەندی بە پرۆژەیەکی سیاسییەوە هەیە، ئەو ڕێکخراوە روویەکی شەرعی و یاسایی وەردەگرێ و بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئامانجی

---

[1] - سليمان الطحاوي، السلطات الثلاث في الدساتير العربية، القاهرة، دار الفكر العربي، ١٩٧٩، ص ٥٦٩، نقلا عن المرجع التالي نعمان الخطيب، الأحزاب السياسية ودورها في أنظمة الحكم المعاصرة، القاهرة، دار الثقافة للنشر والتوزيع، ١٩٨٣، ص ٢٠

[2] - نعمان الخطيب، سەرچاوەی پێشوو.ل٢٢

[3] - د. عبدالله محمد عبدالرحمن، سەرچاوەی پێشوو.ل ٣٣٨

[4] - ماكس ڤیبەر (١٨٦٤-١٩٢٠) یەکەمین کەسە کە زۆر بە روونی باسی لە گرنگی چەمکی کار (الفعل) کردووە، هەروەها بە روونی باسی لە رۆڵی هۆکارەکانی ئایینی یان رووحی لە دواکەوتن یان پێشکەوتنی ئابووری لە کۆمەڵگادا کردووە. خاوەنی دەیان کتێبی جۆراوجۆرە، کە بەشێکیان دەربارەی ئایینە لە (هیند/چین، ژاپۆن) و ئەمانەش هەندێك لە کتێبە بەناوبانگەکانێتی:دەسەڵاتە سیاسییەکان، ئاکاری برۆستانتی و گیانی سەرمایەداری، چەمکە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵناسی، لێکۆڵینەوەیەك بۆ بیرۆکراسی، لێکۆڵینەوە لە چینە کۆمەڵایەتییەکان و ململانێی چینایەتی و زۆری دیکە. بڕوانە: ر. بودون وف. بوریکو، المعجم النقدي لعلم الاجتماع، ترجمة:د. سليم حداد، بيروت، ٢٠٠٧، ل٤٣٥. هەروەها بڕوانە: د. احسان محمد الحسن، موسوعة علم الاجتماع، ص٥٤٣-٥٤٥ هەروەها بڕوانە ( (فرنسوا شاتليه وأخرون، سەرچاوەی پێشوو. ل ١٢١٨-١٢٣٣.

گرووپەکە وەکو ڕێکخراوەیەك کاردەکات. ماکس ڤیبەر دەڵێت، "حزبە سیاسییەکان کۆمەڵەیەکی ئارەزوومەندانەن کە ئەندامەکانیان هەوڵدەدەن سەرکردەکانیان بگەیەننە دەسەڵات و لەو ڕێگایەشەوە بگەنە هەندێك ئیمتیازاتی مادی و مەعنەوی، وەکو پیادەکردنی بەرنامەی سیاسی جێگای پەسندی خۆیان، یان دەستگەیشتن بەهەندێ بەرژەوەندی تاکەکەسی و یان هەردووکیان"[١]. هەروەها (ڕۆبێرت میشلز) دەڵێت"ڕێکخراوە حزبییەکان جگە لە حاکمییەتی دەستەیەك لە سیاسەت پیشە موحتەریفەکان هیچ چارەنووسێکی دیکەیان لە پێش نییە، چونکە حزبەکان بۆ گێڕانی ڕۆڵی خۆیان ناچارن ڕێکخراوەکانی خۆیان بەهێز بکەن، ئەوەش ئەو پێویستییە دێنێتە ئاراوە کە کۆمەڵە کەسانێك هەموو کاتی خۆیان بەکاری حزبایەتی خەریك دەکەن، لە ئەنجامدا دەستەیەکی بچووك لە تەکنۆکراتی سیاسی و پیشەیی خۆیان دەخزێننە لووتکەی هەرەمی دەسەڵات و پلەی یەك لە دوای یەکە حزبییەکان وەردەگرن و زۆر بە زوویی بۆیان دەردەکەوێ بۆ پاراستنی بەرژەوەندی حزبی و تاکە کەسی خۆیان پێویستە ڕێگای هاتنە ناو ئەو کۆمەڵە بچووکە لە خەڵکانی تر بگرن... لەگەڵ ئەوەشدا (ڕۆبێرت میشلز) دژایەتی حزبە سیاسییەکان ناکات، بەڵکو بە کەرستەی بەرگری بێهێزەکانی دەزانێ دژی بەهێزەکان و دەڵێ کرێکارو توێژە بێهێزەکان بۆ بەرگریکردن لە بوونی خۆیان جگە لە چوونە ناو ڕێکخراوەکان هیچ چەکێکیان بەدەستەوە نییە"[٢]. ڕالف

---

[١] - د. محەمەدغەفوری، سیستەمە حزبییەکان وسیستەمەکانی هەڵبژاردن، وەرگێڕانی:ئیدریس عومەر مستەفا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی-گۆڤارێکی زانستی وەرزییە، هەولێر، بەهاری ٢٠٠٠، ژمارە ١٥، ل٦١

[٢] - هەمان سەرچاوەی سەرەوە، هەمان لاپەڕە.

گۆڵدمان (Ralph M. Goldman) [1] یش دەڵێت "حزبی سیاسی ڕێکخراوێکی ناحکومییە نوێنەرانی گەل لە دەستە یاساییەکان کۆدەکاتەوە و هەڵبژێردراوەکان ڕێکیاندەخات و ئامادەیاندەکات لەپێناوی دووبارە وەرگرتنەوەی پلەو پایەی حکومەت، ئاراستەی دەستپێشخەرییەکان و بەرنامەی حکومەتەکەش بۆ بەرژەوەندی سەرکردەو هەڵبژێردراوەکانی دەبێت"[2] بەڵام ئەم پێناسەیەی گۆلدمان ئەو حزبانە ناگرێتەوە کە جڵەوی حکومیان بەدەستەوەیەو، دەیانەوێت پارێزگاری لە دەسەڵاتەکەی خۆیان بکەن[3] کۆی تەواوی ئەو پێناسانەی سەرەوە دەمانگەیەننە ئەوەی پێناسەیەکی سەربەخۆ و بێلایەن بۆ حزبی سیاسی دابنێین، کە بەم شێوەیە بێت: حزبی سیاسی دامەزراوە یاخود ڕێکخراوێکی سیاسییە، ئامانجی وەدیهێنانی ئامانجگەلێکی گشتییە کە لە دەوری خۆیدا ڕای گشتی ناوەخۆ و دەرەوە بۆ ئەندام و لایەنگرانی خۆی کۆدەکاتەوە، هەروەها هەڵدەستێ بە ئەنجامگەیاندنی بنەمای بەشداری سیاسی و بینینی ڕۆڵێکی کاریگەر لە پرۆسەی ژیانی سیاسی بۆ گەیشتنی بە دەسەڵات، یان بەشداریکردنی دەسەڵات لە کۆمەڵگەدا. هەروەها بە دیوەکەی تریشدا دەڵێین حزب، تەنها تاقم یا باڵێك نییە، بەڵکو حزب لە جیهانی ئەمڕۆدا بۆئەو ئاستە

---

[1] - رالف کۆلدمان خاوەنی ئەم کتێبەیە: رالف م. غولدمان، من الحرب الى سياسة الأحزاب (التحول الحرج الى السيطرة المدنية، ترجمة: فخري صالح، الدار الأهلية للنشر والتوزيع، عمان، ط١، ١٩٩١.
بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: http://www. books4all. net/showthread. php?t=3933

[2] - رالف م. غولدمان، سەرچاوەی پێشوو.ل٣٧

[3] - صباح صبحي حيدر، اصلاح الأحزاب السياسية-دور قادة الأحزاب في الأنظمة الديمقراطية، رسالة دكتوراه في العلوم السياسية، غير منشورة، مقدمة الى جامعة صلاح الدين، كلية القانون والسياسة، تشرين الثاني ٢٠٠٩، ص٢١.

پێشکەوتووە کە پێوەندی توندی لەگەڵ هەڵبژاردنەکان و مومارەسەکردنی پەرلەمانیدا هەیە.

### دووەم : چەمکی کولتووری سیاسی

کولتوور دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی-مێژوویی-ئێتنیکییە، بۆیە دیاردەیەکی تا بڵێی گەورەو ئاڵۆزو کاریگەرە، کولتوور پێش هەموو شتێك کۆمەڵایەتییە، چونکە کۆمەڵگاو کولتوور هەمیشە پێکەوە دروستدەبن، هیچ یەکێکیان بێ ئەویتر نابێ-هەر کۆمەڵبوونێکی خەڵك کولتووری تایبەت بەخۆی نەبێت، بونیادی کۆمەڵایەتی نابێ و، کەواتە نابێ بە کۆمەڵگا. لێرەشەوەیە کە کولتوور دیاردەیەکی مێژووییشە، واتا مێژوویەکی هاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵگادا هەیە، هەروەها لەم رووەیشەوە مێژووییە کە هەر قۆناخێکی مێژوویی جۆری کولتووری خۆی هەیە-، واتا کولتوور هەمیشە شەقڵ و سیمای قۆناخە مێژووییەکانی پێوە دیارن[1].

زاراوەی کولتوور تا ساڵی ١٧٠٠ز لە دەربڕین وگوزارشتکردنی فەرەنسیدا قسەیەکی کۆنینە بوو، کە لە سەدەی سێزدەهەمەوە ئاماژەیەك بووە بۆ کێڵانی زەوی[2]، کە بنچینەی وشەکە colere یە[3]. بەڵام لە ناوەڕاستی سەدەی (١٦)

---

[1] -د. رەشاد میران، چەند بابەتێکی ئێتنۆ-کۆمەڵایەتی، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠١، ل٦٣.

[2] -دنيس كوش، مفهوم الثقافة في العلوم لاجتماعية، ترجمة:دمنير السعيداني، مراجعة:د. الطاهر لبيب، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، ٢٠٠٧، ص١٧ ئەویش لەم سەرچاوەیەی خوارەوەی وەرگرتووە:

philippe Beneton, Histoire de mots, 'culture' et 'civilisation', travaux et reches de science politiquse, 35 (paris:presses de la foundation nationale des sciences politiques, 1975).

[3] -بڕوانە: http://ar. wikipedia. org/wiki لە ڕێککەوتی ٢٠١٠/٦/٤لە ئینتەرنێت وەرگیراوە.

شانزە وشەی کولتوور بەمانای پێشخستنی تواناو لێهاتوویی دەهات، ئیتر وردە وردە لە سەدەی هەژدە (١٨) ئەم وشەیە لە چاندنی زەوی و جووتیاری زەوییەوە گوازرایەوە بۆ کولتووری هزرو فیکر، لاساییکردنەوەیەکی ئەو نموونە لاتینییە cultura بوو، واتا لە سەدەی هەژدەمەوە وشەی کولتوور (الپقافە) خۆی بەسەر مانا مەجازییەکەیدا سەپاند[١]. بەم شێوەیە لە فەرهەنگ (قاموس) ی ئەکادیمی فەرەنسی ( Dictionnaire de lacademie francaise) ساڵی ١٧١٨ بڵاوکراوەتەوە[٢].

تا ئەم دواییە کولتوور بە جۆرێك لە جۆرەکان لەبواری کشتوکاڵی بەکاردەهێنرا، بۆنموونە Agriculture (کشتوکاڵ-چاندن) و Horticulture (بێستان) و Cult ,Cultus (ڕێورەسم-المراسیم)، بەهەمان مانا لە شێوەی نوێدا بەکاردەهێنرێت وەك Culture Bee (پەروەردەی هەنگ) و Oyster Culture (چاندنی ألأصداف) وPearl Culture (چاندنی لۆ لۆ) و Bacillus Culture (چاندنی باسیل)[٣].

ئەگەرچی کولتوور یەکێکە لەو چەمکانەی کە زیاتر لە (٢٥٠) پێناسەی هەیە[٤]، بەڵام هەموو ئەو پێناسانە یەك خاڵی هاوبەشیان هەیە، کە کولتوور بۆ کۆمەڵێك نەریت و باوەڕو بەهاو ئاکارو عادات دەگوڕدرێ کە تاك وەدەستیهێناوە، بەهۆی ئینتیمای بۆ کۆمەڵەیەك یان کۆمەڵەکانەوە، لە ڕاستیدا هەموو ئەو پێناسانەی کە هەن، بۆ ئیدوارد تایلۆر دەگەڕێنەوە کە لە ساڵی

---

[١] - دنیس کوش، مفهوم الثقافة في العلوم لاجتماعية، سەرچاوەی پێشوو.ل ١٧

[٢] - دنیس کوش، هەمان سەرچاوەی سەرەوە، هەمان لاپەڕە.

[٣] -محمد جواد أبو القاسمي، نظرية الثقافة، ترجمة:حيدر نجف، مركز الحضارة التنمية الفكر الاسلامي، بيروت، ٢٠٠٨، ص٣٤.

[٤] - محمد جواد أبو القاسمي، سەرچاوەی پێشوو.ل ٥ هەروەها بڕوانە پێناسەکانی هەر هەمان سەرچاوە ل٥٦ تا ل٧٠.

١٨٧١ بەناوبانگترین کتێبی لەسەر ئەم بابەتە بڵاوکردەوە، کە بە کولتووری سەرەتایی ناودەبردرێ، لەو کتێبەدا نووسیویەتی"کولتوور هەموو ئەو باوەڕانەیە، کە مەعریفەو بیروباوەڕو هونەرو ماف و ئاکارو نەریتەکان و هەموو ئەوتواناو نەریتانەی دیکە بەخۆوە دەگرێت کە مرۆڤی تاك لەکۆمەڵگە وەدەستیهێناوە"[١].

وشەی کولتوور (الپقافە-Culture) کە ئیمڕۆ لە بواری زانستی کۆمەڵایەتی وهەروەها لە بواری زانستی سیاسیشەوە بەکاردەهێنرێت، لە فراوانترینی ئەو چەمکانەیە کە بەردەوام مانای فرەترو جۆراوجۆرتری لە نووسینەکانی رابردوو هەروەها لە گفتوگۆکانی ئەمڕۆی هاوچەرخیشدا بەخۆوە گرتووە[٢]. وشەی رۆشنبیری کە بەزمانی لاتینی پێیدەڵێن (Culture) بە جیاوازی فۆنەتیکەکە، لە فەرەنسیدا تەنها یەك مانا نابەخشێ بۆنموونە مانای کشتوکاڵ، چاککردنی دەروون (تهژیب النفس) ە، هەروەك (غی روشیر-Guy Rocher — دەڵێت لەهەر جارێکدا مانایەکی نوێی بۆ زیاد دەبێت، چونکە ئەم وشەیەCulture لەفەرەنسییەوە وەرگیراوەو لە ئەلمانیشەوە وەرگێردراوەتە سەر ئینگلیزی، وە بە گەڕانەوە بۆ قۆناخی چاخەکانی ناوەڕاست دەبینین وشەی (Culture) فەرەنسی بووەو بۆ چەند مانایەکی جیاواز بەکارهێنراوە، بەمانای پەرستنی ئایینی (العبادە الدینیە)، لە سەدەی حەڤدەهەم بەمانای کاری سەر زەوی هاتووە، لە سەدەی هەژدەهەمدا واتای پێشکەوتنی فیکریی تاك بووە، بەڵام لەکۆتایی ئەو سەدەیەدا (هەژدە) ولە نێوان زنجیرەیەك لێکۆڵینەوە لە ژێر ناونیشانی (مێژووی جیهانی-التأریخ العالمی) ئەم وشەیە بۆیەکەمجار لەئەڵمانیا بەماناو تێگەیشتنی پێشکەوتنی فیکریو کۆمەڵایەتی گشتی بۆ

---

[١] - برهان غلیون، اغتیال العقل، المرکز الثقافي العربي، مغرب-بیروت، ط٥، ص٧٣.

[٢] - فیروز راد وأمیر رضائي، تطویر الثقافة -دراسة اجتماعیة في مفهوم التنمیة الثقافیة عند علي شریعتي-، تعریب: أحمد الموسوي، مرکز الحضارة لتنمیة الفکر الاسلامي، سلسلة الدراسات الاسلامیة-٣١-، بیروت، الطبعة الأولی، ٢٠٠٩، ص١١

مرۆڤ بەکارهێنراوە[1] وشەی رۆشنبیری لەزانستی کۆمەڵایەتی بە گشتی و، لە کۆمەڵناسیدا بەتایبەتی مانای تازەی هەیە کە زۆر دوورە لەمانای پێشووی، ئیدوارد تایلۆر Edward Taylor (١٨٣٢-١٩١٧)[2] بۆ یەکەمجار لە بەریتانیا لە کتێبەکەی (رۆشنبیری سەرەتایی-الپقافە البدائیە) بەمانای کۆمەڵێك دەستکەوتی مادی و مەعنەوی بۆمرۆڤ بەکارهێنا کە لە نەوەیەکەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەوەیەکی تر، لەوکاتەوە وشەی شارستانی (الحچارە) کەوتە نێو بوارەکانی زانستی کۆمەڵایەتی وەك چەمکێکی نوێ[3].

تایلۆر پێیوایە کولتوور هەموو ئەو زانست (المعارف) و بیروباوەڕو هونەرو یاساو ئاکارو نەریت و هەروەها هەموو ئەوشتانەی کە تاك توانای وەدەستهێنانی هەیە، بەو مانایەی ئەندامێکە لە کۆمەڵگادا، دەگرێتەوە[4].

لە راستیدا، تا ئێستاش کولتوور وەك ناوێکی گشتی کە دەستپێکە لەسەر رێڕەوو دیاردەجیاوازو تەنانەت ناکۆکەکانیش لە هەندێکجاردا، ئەمەش بە گوێرەی سرووشتی قسەکەرو ئەو بوارەی بەکاریهێناوە تیایدا بۆ پێکانی ئامانجەکانی، چونکە کولتوور بۆ جیاکردنەوەی بوارەکانی هزری و مادی جیاواز بەکار دەهێنرێت، بۆ نموونە، کولتووری سیاسی، کولتووری بەدەنی،

---

[1] - هەمان سەرچاوەی پێشوو.ل ١٢-١٣

[2] - ئیدوارد برنت تایلۆر (١٨٣٢-١٩١٧) :پرۆفیسۆری مرۆڤناسی بووە لە زانکۆی ئۆکسفۆردی بەریتانی لە ساڵی (١٨٩٦تا کاتی خانەنشین بوونی لە ساڵی ١٩١٣) ، گرنگی زۆری بە بوارەکانی رۆشنبیری، ئاراستەی پێشکەوتنی- الاتجاه التطوري بە تیۆری بایۆلۆژی، هەروەها لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری ئایینەکان، داوە. لەگەڵ مۆرگان لێکۆڵینەوەی لە قۆناخەکانی وەحشیەت بۆ بەربەری مەدەنی کردووە، لە گرنگترین نووسینەکانی (چەند تۆژینەوەیەك لە سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتی و پێشکەوتنی مەدەنی) لە ساڵی ١٨٦٩و دواتریش (کۆمەڵگەی سەرەتایی) لە ساڵی ١٨٧١ نووسی.
بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: http://en. wikipedia. org/wiki/Edward_Taylor

[3] - فیروز راد وأمیر رضائي، سەرچاوەی پێشوو.ل ١٣

[4] - د. فهمي سليم الغزوي وأخرون، المدخل الى علم الاجتماع، عمان، دار الشروق، ٢٠٠٤، ص١٧٧.

یاخود لێکجیاکردنەوەی شێوەکانی رەفتار یان تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیی، بۆنموونە کە دەوترێ، کولتووری عەرەب رووحییەو کولتووری رۆژئاواش هزرییە، یان بۆدیاریکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی، دەوترێ فلانەکەس رۆشنبیرەو، فیسارەکەس نەخوێندەوارە (أمی)، یان بۆ وەسفکردنی بەشێك لە چالاکی کولتووریی دەوترێ، کولتووری کرێکاری و کولتووری جوتیاری، یان بۆ وەسفکردنی پێگەی سیاسی دەوترێ، کولتووری پێشکەوتنخوازانەو کولتووری کۆنەخوازانە، یان کولتووری سۆسیالیستی و کولتووری بۆرژوایی و....هتد[1].

بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەم پێناسەیە تا رادەیەك گونجاوترینیانە کە دەڵێت"کولتوور بریتییە لە هەموو دەستکەوت و داهێنانە مادی و مەعنەوییانەی کە لە ماوەی هەموو مێژووی کۆمەڵگادا وەدەستهاتوون بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی رۆژانە بەکار دێن"[2].

ستروکتوری کولتووری سیاسی بریتی نییە لە تەنیا توخمەکانی هوشیاریی سیاسی، بەڵکو توخمی رەفتاریی یەکجار گرنگیشی هەیە کە خۆی دەردەبڕێ لە بەشداریکردنی هوشیارانەی هاووڵاتیان لەگفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەو بەڵگەنامەکانی حکومەت و حزبەکان، لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری، کارکردن لە دەزگا جۆراوجۆرەکانی دەوڵەت و رێکخراوە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکان، لە چالاکییە شێوەکانیتری کۆمەڵایەتی-سیاسی، کۆمپانیا، کاروباریتر، ئەندامێتی لەناو حزبە سیاسی ورێکخراوو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکاندا[3].

---

[1] -برهان غلیون، اغتیال العقل، مصدر نفسه.ص٧٤

[2] - د. رەشاد میران، چەند بابەتێکی ئێتنۆ-کۆمەڵایەتی، سەرچاوەی پێشوو. ل ٦٣.

[3] - هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل١٧١.

لایەنێکی هەرە گرنگی تـوخمی ڕەفتـاریی کولتـووری سیاسـی، ڕەوشـی ئاسـایی سیاسـییە لە کۆمەڵگـادا، ڕەوشـی سیاسـی- بـریتییە لە هەڵوێسـتی تاکەکەس بەرامبەر بە دیاردە سیاسییەکان، ئەم ڕەوشە یاریدەدەرە بۆ پیادەکردنی وێنـاو بەهاکـان لە بوارەکـانی جێبەجێکردنـدا، نمـوونەیەکی ڕەوشـی سیاسـی کە تایبەتمەنـدی هەنـدێ کولتـووری سیاسـیی دەردەخـات- هەڵوێسـت بەرامـبەر بە سەرکردە سیاسییەکانە. ئاراستەی کولتووری سیاسی بەریتـانی بەرەو ئەوەیە کە خەڵك حزبە سیاسییەکان هەڵبژێرن نەك سەرکردەی سیاسی، لە هەڵبژاردنەکـانی سەرۆکی ئەمریکیدا خەڵکی ئاراستە دەکرێن بەرەو کەسـایەتی پـاڵێوراو بـۆ ئەم پۆستە نەك بەرەو حزبە سیاسییەکەی، "بە کەسایەتیکردنێکی بەهێزی دەسەڵات لە کولتـووری سیاسـی هیندسـتاندا هەیە، لەوێ حـزبە سیاسـییەکان خەڵکـی ناودارەدەکەن بە پاڵێوراوی خۆیان، بەتایبەتیش نمایشکارانی سینەما"[1].

کولتـــووری سیاســـی، لە پرۆســـەی کـــارکردنی خۆیـــدا، چەنـــدین ئەرك جیبەجێـدەکات، وەك ئەرکـی مەعریفـی، ئەرکـی گەیانـدن، ئەرکـی پەروەردەیـی، ئەرکی یەکخستن، ئەرکی ڕێکخستن، هەروەها ئەرکـی بەهـایی[2]، واتـا کولتـووری سیاســـی لە پرۆســـەی گەشەســـەندنی خۆیـــدا ئەرکێکـــی یەکجـــار گشـــتی جێبەجێـــدەکات-ئەرکـــی پێگەیانـــدنی کـــۆمەڵایەتی سیاســـییانەی تـــاك، بەکۆمەڵایەتیکردن Socialization [3]. بە دیـوەکەی تـردا، وەك چـۆن کولتـووری سیاســـیی کۆمەڵگـــا دەکەوێـــتە ژێـــر کـــاریگەریی ڕەوشـــە کـــۆمەڵایەتی و سیاسـییەکانییەوە، ئەوا بێشـك ئەویـش کـاریگەریی هەیە لەسـەر ئەو ڕەوشـانە، ئەمەش بۆمـان دەسەلمێنێت کە پەیوەندییەکی دیـالەکتیکی هەیە لە نێـوان ئەوەدا

[1] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە
[2] - هەر هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٢-١٧٣.
[3] - هەر ئەو سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٣.

که مـادییەو ئەوەش کە مینـۆکییە، ئیتـر یـان کاردەکـات بـۆ بەردەوامبـوونی یـان دەبێتە پاڵنەر بە ئاراستەی گۆڕینیدا[1]. ئەوەی گرنگە ئەوەیە بوونی کولتـووری سیاسی لە کۆمەڵگادا مانای ئەوە نییە کە بۆ هەمـوو ئەندامەکانی وەکوو یەك وایە، بەڵکـو پەراوێزێـك هەیە بـۆ جیـاوازیی کولتـووریی کە چەنـد فاکتەرێـك دەیسەپێنن وەك رەگەز، ئایین و شوێنی نیشتەجێبوون، پیشەو ئاستی ئابووری و ئاستی خوێندن[2].

کولتووری سیاسی بەرهەمی مێژوویی سیستەمی سیاسی و ئەو تاکانەیە کە ئەندامن لە سیستەمەکە، واتا نەمامێکە لە ناو واقیعەکەدا شین بووەو، لە ئەزموونی کەسایەتییە تایبەتەکانەوەیە. بە واتایەکی دیکە، کولتووری سیاسی بە قـووڵایی دوو هێڵـی هاوسـەنگ درێژبـۆتەوە، ئەویـش **یەکەم**: مێـژووی شێوازی حوکم و پێشکەوتنی دامەزراوەکانە، **دووەمیش**:پێشکەوتنی چۆنێتی مامەڵەکردنی تاکەکانی گەلە لەگەڵ حوکم[3].

[1] - د. کەمال مەنوفی، تیئۆرەکانی سیستەمە سیاسییەکان، وەرگێڕانی: ئاوات ئەحمەد، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٨٢.

[2] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

[3] - د. صادق الأسود، علم الاجتماع السياسي، بغداد، ١٩٨٦، ص٢٤٦.

**سێیەم : چەمکی دیموکراسی**

دیموکراسی لە وشەکانی گریکی دێمۆس (خەڵك) و کراتۆس (دەسەڵات-هێز) وەرگیراوە، دیموکراسی بە شێوەیەکی ئاسایی وەسفی جۆرێك لە حوکمڕانی سیاسی دەکات کە لە لایەن خەڵکەوە بۆ سوودی خەڵکەکە داڕێژراوە یان پراکتیزە کراوە، دیموکراسی جۆرە حکومەتێکە کە دەتوانرێت لە کۆمەڵگای سیاسی جۆراوجۆردا یان ئاستی رێکخراوی جۆراوجۆردا بەکاربهێنرێت، لە چوارچێوەی واتای هاوچەرخدا بە شێوەیەکی زۆرباو بەستراوەتەوە بە چوارچێوەی دامودەزگایی دەوڵەتی نەتەوەییەوە[1]. دیموکراسی مانای پیت بە پیت، دەبێتە حکومەتێك لەلایەن خەڵکییەوە، نەك لە لایەن تاکە کەرتێکەوە، یان چینێکەوە، یان بەرژەوەندییەکی تایبەتەوە. بۆیە تیۆری دیموکراسی زۆر ئاڵۆزە، بەشێکیشی لەبەر قورسی تێگەیشتنە لەوەی ئەوخەڵکانە کێن و چ کردەوەیەکی حکومەت بەڕاستی هی ئەوانە، نەك هی دەستەیەك یان بەرژەوەندییەکی زاڵ. پێویستە یەکەمین جیاکردنەوە لەنێوان دیموکراسییەتی راستەوخۆو هی نوێنەراندا بکرێت، لە یەکەمیاندا هەموو هاووڵاتیان بەشداری بڕیاردان دەبن، با بڵێین بەهۆی دەنگدانەوە یان پەسندکردنی رای زۆرینەی سوێنددراوان، وەك لە ئەسینادا پەیڕەو کرا. لە دووەمیاندا، خەڵکەکە لە رێگای دەنگدان نوێنەرانیان هەڵبژاردووە کە ئەوسا لە بەرامبەریاندا بەرپرسیاردەبن، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەوان بە شێوەیەکی ئاسایی بەبێ پرسپێکردنی زیاتر، راستەوخۆ بە کاروباری حکومەتەوە خەریکن. جگە لەم جیاوازییە (جیاوازی نوێنەرایەتیکردن و دەسەڵاتپێدان)، هەرچۆنێك بێت، کەم

---

[1] Bryans.Turner, (ed. ) The Cambridge Dictionary of Sociology (Cambiridge, NewYork;Cambridge University press, 2006) S. V. 'Democracy'

ڕێککەوتــن هەیە لەســەر ئەوەی چــی گــرنگە لە پێکهێنــانی ڕژێمێکــی دیموکراسـیدا. بەشـێکی ئەمەش لەبەرئەوەیە کە دوو پێـوانەی دژ بەیەك هەن کە دەکرێت بـۆ هەڵسـەنگاندنی هەر بڕیـارێکی سیاسی بەکار بهێنـرێن: لەلایەن کـێ ئەو بڕیـارە دراوە؟ (ئەمـەش کێشـەی هەڵبژاردنـی بە کـۆمەڵی لێـدەکەوێتەوە) و خزمەتـی بەرژەوەنـدی کـێ دەکـات؟ (ئەمـەش کێشـەی چاکەی کـۆمەڵایەتی و هەڵبژاردنی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە). لە ڕۆژئاوادا ئەمە ئاساییە کە یەکەمـین پێـوانە بەکاربهێنرێـت و دەوڵەتێـك بە دیموکراسـی نـاودێر بکرێـت ئەگەر هەنـدێك ڕێگــای ئەوە هەبێــت کە هەمــوو بڕیــارێکی سیاســی گەورە بــۆ خەڵــك بگەڕێنـرێتەوە، یـان لەبەرئەوەی ئەوان تێیـدا بەشـدارن، یـان سـەرەنجام ئەو بڕیـارە دەوەسـتێتە سـەر پەسـندکردنی ئەوان، لە بلـۆکی سـۆڤیەتیدا ئەوە ئاسـایی بـوو کە دووەم پێـوانە بەکـاربێن، بڕیارەکـان بە دیموکراسـی بـزانن ئەگەر پاڵپشـت بـوون بـۆ بەرژەوەندیەکانی خەڵك، تەنانەت ئەگەر ئەو بڕیارە لەلایەن حزبـی فەرمـانڕەواوەش درابێــت کە ڕێگــرە لەبەردەم بە ئەنــدامێتیبوونی میللــی لەنــاو ڕیزەکــانییەوە[1]. دیموکراتەکـان پابەنـدن بە حـوکمی گەل. چـونکە دیموکراتەکـان سـوورن لەسـەر ئەوەی هیچ ئەرستۆقراتێك، یان پاشایەك، یان فەیلەسوفێك، یان بیرۆکراتێك، یـان پسپۆڕێك یان سەرکردەیەکی ئایینی مافی ئەوەی نییە فشاربخاتە سەر گەل بۆ ئەوەی کۆنسێپتێك لە ژیانی ئاسایی خۆیان قەبوڵ بکەن. پێویستە گەل خۆی لەڕێـگەی پرۆسـەی بڕیـاری پێکەوەیـی بڕیـار بـدات. [2] چـونکە دیموکراسـی ئەگەرچـی حـوکمی زۆریـنەیە، بەڵام دیموکراسـی لە بنچیـنەدا دابەشـکردنی

---

[1]- Roger Scruton, The Palgrave Macmillan Dictionary of Political Thought, (New York;PALGRAVE MACMILAN, 2007) S. V. 'Democracy'

[2]- Shapiro, Ian Democratic Justice. New Haven,. 1999. CN: Yale University Press.

دەسەڵاتە، واتا نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندیەکان و دانپیانان بە کەمینەکانە[1]. واتا بەدیوێکی تردا دەڵێین"دیموکراسی شێوازێکی دەوڵەتە کە تێیدا دابەشکردنی دەسەڵات بە تایبەت لەلایەن فاکتەرە سۆشیالیەکانی دەسەڵاتەوە بڕیاری لێدەدرێت، بەڵام لە بەرژەوەندیی هیچ چینێك نابێت کە ئامرازی زۆرداری بەکاربهێنێت[2]". هەر لەبەر نەهێشتنی ئەو ئامرازی زۆرداریەش بووە کە دەسەڵات سێ جومگەی زۆر گرنگی هەڵسوڕاندنی ژیانی خەڵك دابەشکراون[3].لەم روانگەوە دەکرێت دیموکراسی وەك دامەزراوە پێناسە بکرێت، پێناسەی دەستوور وەك ئەرستۆ باسیکردووە"دەستوور لە دەوڵەتدا کە دادەنرێ بریتییە لە سیستەمێکی رێك و پێك بۆ هەموو وەزیفەکان، بەڵام زیاتر بۆ ئەو وەزیفانەیە کە سیادین، سیادەی دەوڵەتیش لە هەموو شوێنێکدا بۆ حکومەتەکە: حکومەت واتا دەستور خۆی"[4]هەروەها دەڵێت، کەواتە بە گشتی مەبەست لە دەستوور بۆ بەرژەوەندی گشتی دەشێ، چونکە لەسەر بنەمای راست دابەشبووە.هەموو دەستوورێکیش کە مەبەستی بەرژەوەندی کەسە فەرمانڕەواکان بێت، ئەوە گەندەڵە"[5] تا دەگەیشتە ئەوەی بڵێت، دەستوور وەك "سیستەمی شارێك بە گشتی لە ڕووی ئۆفیس و نووسینگەکانیەوە، بەڵام وەك ئەو نووسینگە تایبەتەی کە لە هەموو ڕوویەکەوە سەروەرە.. بۆ نموونە لە شارە دیموکراتیەکاندا، خەڵك سەروەرن.. کاتێکیش جەماوەر لەپێناو بەرژەوەندیی هاوبەش حوکمی شارەکە دەکەن، ئەو شێوازی حکومەتە بە ناوێکی گشتگرترەوە بانگ دەکرێت.. ئەویش بریتیە لە 'حکومەتی یاسا، لەبەرئەمەیە دیموکراسی لە

---

[1] - Roper, Jon. 1989. Democracy and Its Critics: Anglo-American Democratic Thought in the Nineteenth Century. Winchester, MA: Unwin Hyman, 1989, p63

[2]- Otto Bauer, quoted in Meyer, Alfred G. 1957. Leninism. Cambridge, MA: Harvard University Press.p65.

[3] - سێ دەسەڵاتەکە بریتییە لە یاسادانان، راپەڕاندن، دادوەری.

[4] - ارسطوطاليس، السياسة، ترجمة:احمد لطفي السيد، الهيئة الصرية العامة للكتاب، ٢٠٠٨، ص ٢٠١

[5] - سەرچاوەی پێشوو.ل ١٩٧.

بەرژەوەنــدیی چینــی هەژارە -بەڵام لەبەرژەوەنــدیی هەمــوو کەسێکیشــدا نیــیە[1].
بەگشـــتی دەوڵەتە مـــۆدێرنە دیموکراســـییەکان بـــریتین لە دیموکراســـییەتی نوێنەرایەتی، ئەمەش تەواو لەگەڵ ئەو ڕێکخستنە دیموکراسییەی کە لە سەرەتاوە لە شێوە گریکە کلاسیکەکەی دیموکراسییەتی ڕاستەوخۆ پێشنیارکرابوو جیاوازە. ڕەنگە ئەم جیاوازییە بە چاکترین جۆر لە بیرۆکە جیاوازەکانی ئازادیدا گوزارشتی لێکرابێـــت، هەروەك لەلایەن (بنجـــامین کونســـتانت) ەوە لە کتێـــبەکەی بەنـــاوی سەربەستی کۆنینەکان بە بەراورد لەگەڵ نوێکاندا (١٨١٩) ساڵی ١٩٨٨ وەرگێڕدراوە. لەسیســـتەمی دیموکراســـییەتی ڕاســـتەوخۆی کلاســـیکیدا، هەر هـــاووڵاتییەك دەرفەتێکی دادپەروەرانەی وەرگرتنی پۆستێکی سیاسی هەبوو، بۆیەش کاریگەری بەسەر هەڵبژاردنەکانی دەوڵەتەوە هەبوو. لە دیموکراسییەتی نوێنەرایەتی نوێدا، بە پـێچەوانەوە هـاووڵاتیە تاکەکـان تەنیـا دەتـوانن کارتێکردنیـان بەسـەر پرۆسـەی بڕیاردانەوە لە قەراخەوە بێت، بە گشتی پەیوەندداریشیان بە حوکمڕانی دیموکراسی سـنووردارکراوە بە هەڵبژاردنـی ئەو نـوێنەرە سیاسـیانەی کە بەنـاوی ئەوانەوە قسـە دەکەن، هەرچۆنێـــك بێـــت، پێویســـتە جەخـــت لەســـەر ئەوە بکـــرێتەوە کە شـــێوە دیموکراسییەکانی زوو تەنیا دەیانتوانی ئەم چەشنە دەرفەتە سیاسیانەیە پێشکەش بکەن بە سنووردارکردنی مافی دەستووری سیاسی بۆ هەندێك توێژی هاووڵاتی.
لە سیستەمەکانی دیموکراسی دواتردا، ئەم مافە دەستوورییە بە هێواشی فراوان بوو بۆ ئەوەی هەژار، ژن، کۆیلەوگرووپی نەتەوەیی-ڕەگەزەکانی تریش بگرێتەوە، بەڵام ئەمجۆرە هەمەگیرییە گەورەیە ژمارەی دەرفەتەکانی دەستێخستنی سیاسییانەی هەبووبوی بۆ هەموو هاووڵاتیان بە جۆرێکی خۆلێ لانەدراو کەمکردەوە[2].

---

1- Aristotle 1995. New York: Oxford, University Press.pp 97-101

2 BRYANS. TURNER, (ed. ) The Cambridge Dictionary of Sociology (cambiridge, NewYork; cambridge university press, 2006) S. V. 'Democracy

له راستیدا دیموکراسی یۆنانی ئەزموونێکی سیاسی نوێ بوو، چونکه تا ئەوکاته بەشێك له هاوولاتیان بەتایبەت وەکوو ژنان، کۆیلەکان، بێگانه، به هاوولاتی ئەسینایی له قەڵەم نەدەدران، هەموو راوتەگبیرو بڕیارەکان بەدەست تاقمێکی کەم له دەوڵەمەندەکان بوو[1]. گۆڕانکاری سەرەتایی له سیستەمی سیاسی ئەسینادا له ئەرستۆکراسیەوە بۆ دیمۆکراسی له ئاکامی چاکسازی سۆلۆن[2]، رابەری هەڵبژاردەی ئەو دەوڵەتشاره له ساڵی (٥٩٤) پ. ز هوە دەستی پێکرد، بۆئەم مەبەسته سۆلۆن کەوته هاوسەنگی دابەشکردنی سەرووەت، کۆنترۆڵی خواردن و رواڵەتکاری، رزگارکردنی هەندێ له کۆیلەکان و هەروەها کەوته دابینکردنی بەشداری بەربلاوی سیاسیی خەڵکەوە[3]. لەسیستەمی دیموکراسیی سیاسی دەوڵەتشاری ئەسینادا، کاربەدەستانی گشتی لەهەموو ساڵێکدا لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرا، تا بزانرێ ئاخۆ تووشی لادان و کەموکورتییەك بەتایبەت لەبارەی دارایيەوە بوونه یان نەبوونه، گرنگترین کاربەدەستانی هەڵبژێردراوی شار (١٠) فەرماندەی لەشکری بوون، پریکلیس[4]

---

١ - د. حوسێن بەشیری، دیموکراسی بۆ هەموان، وەرگێڕانی حوسێن موحەمەد زاده، زنجیرەی کولتوری دیموکراسی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٧٢)

٢ - سولون (٦٣٨-٥٥٨ پ. ز) به یەکێك له (٧) زاناکەی ئەغریق دادەنرێ، کۆمەلاێك یاسای چاکسازی بۆ بەرژەوەندی هەژاران دەرکرد که به یاسای ئاتیکا ناودەبردرا، که ناکۆك بوون لەگەڵ سیستەمی دەوڵەتی ئەوکاتدا، چونکه سولون دەیوت گەل مافی ئەوەی هەیه سەرپەرشتی لەسەر دامەزراوەکانی دەوڵەتدا بکات و هەر کۆمەڵەیەك ئەو مافەی هەیه یەکێتییەك یان گرووپێك پێکبهێنێت که یاسای تایبەت به خۆی هەبێت، بەلاّم ملکەچی یاسای گشتی بێت. سەرباری سەرنەکەوتنی له چاکسازیدا، بەلاّم وا دادەنرێ که سۆلۆن بناخەیەکی باشی بۆ ئایندەی ئەسینا دانا که دیموکراسی لیّ هاته ئاراوه. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانه:

http://ar. wikipedia. org/wiki

٣ - حوسێن بەشیری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢.

٤ پریکلیس: سیاسەتمەداری ئەسینی بوو له سالاّنی (٤٩٥-٤٢٩ پ. ز) ژیاوه، هەر له ساڵی ٤٦٠ پ. ز تا مردنی به شێوەی پچڕ پچڕ فەرمانڕەوایی ئەسینای کردووه، به یەکێك له دیارترین و مەزنترین سەرکردەی دیموکراسی لەیۆنانی کۆن ناودەبردرێ. لەوبارەیەوە مارکس دەڵێت سەردەمی

ڕێبەری گەورەی دیموکراسی ئەسینا یەکێك لەم هەڵبژێردراوانەبوو کە بۆماوەی بیست ساڵ لەلایەن خەڵکەوە بۆئەم پلەیە هەڵبژێردراوە، دیموکراسی ئەسینا لەسەریەك ١٧٠ ساڵ درێژەی کێشا و کاتێ فیلیپ مەقدوونی[١] لەساڵی (٣٣٨) ی پێش زایین یۆنانی گرت، کۆتایی پێهێنا، بەڵام دواتر لە ڕۆما ئەزموونی دیموکراسی لەچوارچێوەی حکومەتی کۆماریدا دەرکەوت[٢].

بنچینەی تێڕوانین لە دیموکراسی دەگەڕێتە بۆ ئەو بنەمایەی کەدەڵێت گەل سەرچاوەی شەرعییەتە، واتا حکومەت بەرپرسیارە لەبەرامبەر نوێنەرانی هاووڵاتیان[٣]. واتا بەشداریکردنی سیاسی سیمای سەرەکی دیموکراسییەتە، چونکە بڵاوبوونەوەی بەشداریکردنی سیاسی لای هاوڵاتییان لە پرۆسەی سیاسی گوزارشتێکی کردەنییە لەدیموکراسی، بەم پێیە سیستەمی دیموکراسی سیستەمێکە ڕێگەدەدات بەرفراوانترین بەشداریکردنی هاووڵاتیان جا چ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت چ ناڕاستەوخۆ بێت لە کارتێکردنی پرۆسەی

---

فەرمانڕەواییکردنی (بریکلیس) بەرزترین پلەی گەشەی ئابووری و پشکوتنی ڕۆڵی زانست و هونەر بوو لە هەموو دەورانی ژیانی یۆنانییەکاندا. بڕوانە (أسعد مفرج ولجنة من الباحثين، موسوعة عالم السياسة، الجزء الخامس، مصدر نفسه، ص ١٨٩-١٩١هەروەها الجزء الخامس عشر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢-٥٦) هەروەها:د. عبدالرحمن بدوي، موسوعة الفلسفة، سەرچاوەی پێشوو.ل ٣٤٥-٣٤٧.

١ فیلیب مەقدونی (٣٨٢-٣٣٦ پ. ز) لەساڵی ٣٥٩ تا ٣٣٦ پ. ز فەرمانڕەوایەتی مەقدۆنیای کۆن ی کردووە. لەسایەی دەسەڵاتی ئەودا مەقدۆنیا بەهێزو سنووریشی ئارام بوو. ئامانجی یەکەم و بنەڕەتی ئەوەبوو کە هێزەکانی ئەغریقی کۆبکاتەوە لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا، بۆ دژایەتیکردنی فارس و فراوانکردنی لە ئاسیا، کە لە ساڵی ٣٣٧-٣٣٦پ. ز هێرشەکانی بۆسەر ئاسیا دەستپێکرد. بەڵام لە تەموزی ساڵی ٣٣٦ پ. ز بە پیلانی فارسەکان و لەلایەن ژنەکەی خۆیەوە کوژراو هەموو خەونەکانی نەهاتنە دی، بۆیە دەسەڵاتەکەی بۆ ئەسکەندەری کوڕی جێهێشت. بڕوانە (أسعد مفرج، موسوعة عالم السياسة، الجزء الخامس، هەمان سەرچاوەی پێشوو.ل ٢٢١-٢٢٩ )
هەروەها بڕوانە: http://en.wikipedia.org/wiki/Philip_II_of_Macedon

٢ د. حوسێن بەشیری، دیموکراسی بۆ هەموان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣

٣ محمد فريد حجاب، أزمة الديمقراطية الغربية وتحدياتها في العالم الثالث، مجموعة من المؤلفين، المسألة الديمقراطية في الوطن العربي، مركز دراسات الوحدة العربية، سلسلة كتب المستقبل العربي (١٩) ، الطبعة الآولى، بيروت، ٢٠٠٠، ص٨٢

دروستکردنی بڕیاری سیاسی و هەڵبژاردنی سەرکردە سیاسییەکان، بێگومان بەشداریکردنی سیاسی ڕەنگدانەوەی جەوهەری پیادەکردنی دیموکراسییەتە[١]

دیموکراسی لەوکاتەوەی لە شارە بچووك بچووکەکانەوە کە بە دەوڵەتەشار (city-state) polis ناودەبردران هاتۆتە سەرهەڵدان و پێڕەوکردن، لەلایەن سیاسەتمەدارانەوە بەر ڕەخنەی توند کەوتوون، چونکە بیرۆکەی دیموکراسی ئەوەی دەخستەروو کە سیستەمی سیاسی لەسەر بنەمای تاکەکان بەئیرادەی خۆیان و بەئازادی خۆیان ئەوسیستەم و دەسەڵاتە دادەمەزرێنن، بێ ئەوەی هیچ کەس و لایەنێك هیچ گوشارێکیان بەسەردا بسەپێنێ، بەمەش دیموکراسی باشترین دەوڵەت و باشترین حکومەت و باشترین ئەنجام دەخاتە بەردەمی خەڵك، چونکە تاکەکان شایانی ئەمەن لەبەرئەوەی خۆیان حوکمڕانی خۆیان دەکەن. تاکەکانیش بەباشی دەزانن پێداویستی و بەرژەوەندییەکانیان وئامرازی وەدیهێنانیان تا چەند گونجاوە[٢].

دیموکراسی ئەسینایی چ لەکاتی خۆیدا چ تا ئێستاکەش بە گرنگترین سیستەمی سیاسی ناسراوەو کاریگەری بێوێنەی لەسەر فەلسەفەی سیاسی هەبووە[٣]. بەڵام دواتر لە ڕۆماو لە نیوە دوورگەی ئیتاڵیادا بەشێوەیەکی ترو لە بەرگێکی تردا سەریهەڵدایەوە کە پێیان دەوت کۆمار، مافی بەشداری لە حکومەتی کۆماریدا سەرەتا لەژێر دەستی دەوڵەمەندو ئاغاکان بوو، بەڵام لە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکدا خەڵکی ئاسایی دوای خەباتێکی زۆر خۆیان گەیاندە

---

[١] - حسين علوان البيج، الديمقراطية واشكالية التعاقب على السلطة (دیموکراسی و گرفتی بەدواداچوونی بۆسەر دەسەلات) ، مجموعة من المؤلفين، المسألة الديمقراطية في الوطن العربي-، بيروت، سلسلة كتب المستقبل العربي (١٩) مركز دراسات الوحدة العربية،، ٢٠٠٠، ص١٥٦.

[٢] - د. منذر الشاوي، الدولة الديمقراطية في الفلسفة السياسية والقانونية (دەوڵەتی دیموکراسی لە فەلسەفەی سیاسی و یاساییدا) ، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، بيروت- -، ٢٠٠٠، ص٢١

[٣] - ڕۆبەرت دال، دەربارەی دیموکراسی، وەرگێڕانی:ئامانج عەزیزکەندی، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٣، ل١٥

ئەوان[١]. بەڵام بەهۆی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و تێکچوونی شیرازەی سیاسی، ساڵی ٤٤ پێش زایین دیکتاتۆر یولیوس سیزاریان کوشت و، کۆماری رۆما رووخا، ئیتر تا نزیکەی ١٠٠٠ ساڵ دوای رووخانی حکومەتی رۆم دیموکراسی ون بووەوەو لە دەوروبەری ساڵانی ١١٠٠ز. جارێکی تر لە شارەکانی ئیتالیا سەریهەڵدایەوە[٢]. دوای شۆڕشی فەرەنسی ساڵی ١٧٨٩دیموکراسی ریتم و ناوەڕۆکێکی فرەتری بەخۆوە گرت، بەشێوەیەك بەدرێژایی مێژوو نەتوانراوە دیموکراسی لە دوو وڵاتدا وەکویەك پەیڕەوبکرێ، بەڵکو هەردەوڵەتەو بەرگێکی لەبەرکردووە، کە لە هی هیچ وڵاتێکی تر ناچێ، بەدرێژایی مێژووش دیموکراسی کەوتۆتە بەر رەخنەی توندەوە، هەر لە ( هیرۆتۆت٤٢٠-٤٨٥ پ. ز) مێژوونووسی گەورەی یۆنانی کە دیموکراسی یۆنانی بەحکومەتی خەڵکی نەفام وخۆپەرست و هەژار ناودەبردو پێیوابوو خەڵك پێویستیان بە پشتیوانی و رێنمایی پادشاکانە، ئەفلاتونیش[٣] حکومەتی دیموکراسی ئەسینای بە بەرپرسی

---

[١] - رۆبەرت دال، هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل١٦

[٢] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

[٣] - ئەفلاتون: بەئینگلیزی پێی دەڵێن (Plato) ناوی دروستی خۆی (ئەرستۆقلیس) ە، نازناوەکەی (ئەفلاتون) ە. لەنێوان ساڵانی (٤٢٧-٣٤٧پ. ز) ژیاوە فەیلەسووفی کۆنی یۆنانی وقوتابی سوکرات بووەو یەکێك لە گەورەترین فەیلەسووفانی رۆژئاوایە، بە دامەزرێنەری بیری میسالی بابەتی (المثالية الموضوعية) دادەنرێ. نووسینەکانی لەسەر شێوەی دیالۆگو نامەو پارچە شیعری بچووکە کە بە حیکمەت و گاڵتەجاری کۆتاییان دێت. فەلسەفە لای ئەفلاتون بریتی لە کۆمەڵێك هزرو بیروباوەڕی نموونەیی کە بە پێویستی دەزانی لەسەر زەمینەی واقیع جێبەجێبکرێن.، پێش ئەوەی بگاتە تەمەنی (٢٠) ساڵی کە (سوقرات) مامۆستای بوو، قوتابی (هیراقلیتس) بوو. لە سێدارەدانی (سوقرات) کاریگەری زۆری بەسەر جێهێشت. بۆیە پێیوابوو لەپێناو دادپەروەریدا پێویستە فەلسەفە بنەمایەك بێت بۆ سیاسەت و باشتر وایە فەیلەسوفەکان حوکمڕان بن، نەك خەڵکی تر. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:موریس فرادوارد، موسوعة مشاهير العالم، بيروت، دار الصداقة العربية، الجزء الخامس، ٢٠٠٢، ص٨-١٦ هەروەها: روزنتال و يودين، الموسوعة الفلسفية، ترجمة:سمير كرم، بيروت، دار الطليعة للطباعة والنشر، ط٣، ١٩٨١، ص٤٠-٤١ هەروەها بڕوانە: د. عبدالرحمن بدوي، موسوعة

ئیعدامکردنی سوقرات دەزانی و بە رای ئەفلاتون خەڵکی ڕەشۆکی لە ئاکاری عەدالەت و هێوری بێ بەهرەن وتووشی زەوق و شەهوەتن، هەروەها بیری سیاسی مەسیحییەت لەسەدەکانی ناوەڕاستدا لەدژی دیموکراسی بوو، ماکیاڤیلیش[1] پێیوابوو دیموکراسی سیستەمێکی ناسەقامگیرەو هێزی دەوڵەت ناپارێزێت، حکومەتی بەهێز پێویستی بە ڕێبەرێکە ژیانی سیاسی خەڵك ڕێکبخات[2] بێگومان هیگڵ و مارکس و دەیان هزرڤانی تر ڕەخنەیان لەسەر

---

الفلسفة، سەرچاوەی پێشوو.ل١٥٤-٢٠٩. هەروەها بڕوانە:موسوعة السياسة، الدکتور عبدالوهاب الکیالي، الجزء الثاني، ط٤، ٢٠٠١، ص٢٣٢.

[1] - نیکولو دی بێرناردۆ دی ماکیاڤیلی (بە ئیتالی: (Niccolò di Bernardo dei Machiavelli) (3/5/1469-21/یونیو/١٥٢٧) لە بەناوبانگترین هزرڤان و فەیلەسوفی سیاسەت و کۆمەڵناسی سیاسی ئیتالیایە لە سەردەمی رینیسانسدا، بەدامەزرێنەری تیۆری سیاسی واقیعی دادەنرێ بەناوبانگترین کتێبی لەمبارەیەوە کتێبی (میر) ە، کە لەدوای مردنی چاپکرا. ئامانجی ماکیاڤیلی ئەوەبوو نووسینەکانی ئاراستەی فەرمانڕەوایان بکات، بۆ شێوازی حوکمکردنیان. پشتگیری لەو بیرۆکەیە دەکرد کە ئەوەی بە سوودە پێویستە. بڕوای بە بەکارهێنانی هەموو ئامرازێك هەبوو لە ململانێی سیاسیدا. ماکیاڤیلی پێیوابوو هێزی بزوێنەری مێژوو بریتییە لە (بەرژەوەندی مادی) و (دەسەڵات) حەزیدەکرد زۆرترین دەسەڵات وەربگرێ لە ئیتالیا بەڵام لەگەڵ هاتنی (میدیسی) وگرتنە دەستی دەسەڵات، چرای ئومێدی ماکیاڤیلی کوژایەوەو نەك هەر دوورخرایەوە لە دەسەڵات بەڵکو بۆ ماوەی ساڵێکیش خرایە گرتووخانەوەو ئینجا دوورخرایەوە بۆ دوورگەیەکی دوور بەهۆی دۆستایەتی و هاوکاری فەرمانڕەوای پێشوو، بەڵام ماکیاڤیلی ئەم دوورخستنەوەیەی بەهەل زانی بۆئەوەی سوودی لێوەربگرێت، ئەوەبوو لەم ماوەیەیدا توانی (٣) کتێب بنووسێ کە بریتی بوون لە (میر، هونەری شەڕ، سیاسەت). ماکیاڤیلی کتێبی (میر) ی بە دیاری بۆ فەرمانڕەوا (میدیسی) نارد، بەڵکو ببێتە هۆی لێبووردنی لەو تاراوگەیەو بیگەڕێنێتەوە سەر پلەی وەزیفی سیاسی پێشووی، بەڵام ئەم کتێبە (میدیسی) زۆر توڕە کردو فەرمانی سووتاندنی داو ناویشی لێنا (کتێبی شەیتان) و ماکیاڤیلیشی گواستەوە بۆ شوێنێکی زۆر دوورتر لە شوێنەکەی خۆی. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. احسان محمد الحسن، موسوعة علم الاجتماع، سەرچاوەی پێشوو.ل ٦٤٤-٦٤٦. هەروەها بڕوانە:موسوعة مشاهیر العالم، موریس فرادوارد، بیروت، دار الصداقة العربیة، الجزء الخامس، ٢٠٠٢، ص٣٤-٤٠ هەروەها: م. روزنتال و ب. یودین، هەمان سەرچاوەی پێشوو.ل٤٤٤-٤٤٥).هەروەها: فرنسوا شاتلیه وأولیڤیه دوهامیل وایڤلین بیزیه، معجم المؤلفات السیاسیة، ترجمة:محمد عرب صاصیلا، بیروت، ط٢، ١٩٩٢ص١٠١٩-١٠٢٧.

[2] - د. حوسێن بەشیری، دیموکراسی بۆ هەموان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٦-١٨٩

سیســتەمی سیاســی دیموکراســی هەبــووە، هەریەك لەو هزرڤانــانە بەدیــوێکی دیکەیــان بــردووە، هەربەهــۆی ئەو رەخنانەشــەوە چەنــدین جــۆر لە سیســتەمی سیاسی دیموکراسی دروستبووە، بۆنموونە دیموکراسی راستەوخۆ، دیموکراسی نوێنەرایەتی (پەرلەمانی)، دیموکراسی نیمچەڕاستەوخۆ، دیموکراسی لیبرالی، دیموکراسی کۆمەڵایەتی، دیموکراسی سۆسیالیستی، دیموکراسی پیشەسازی، دیموکراسی میللی، دیموکراسی ئیسلامی[1].

لەم روانــگەوە، دیموکراســی بەردەوام مانــای جۆراوجــۆری بەخــۆوە گرتــووە، بەدرێژایی مێژووی سەرهەڵدانی دیموکراسی، تا ئێستا تەنانەت لە دوو وڵاتدا دیموکراسی کتومت وەکویەك نەبووە، واتا دیموکراسی جۆرە سیستەمێکە کە لەهەروڵاتێکدا بەپێی واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و کولتووری جۆرێکی تایبەت لە ریتم و شێواز و ناوەرۆکی ئەو وڵاتەی وەرگرتووە، هەروەها هزرڤانە نوێیەکانیش نموونەی وەکو: تۆماس هۆبز[2] (١٥٨٨-١٦٧٩)، جۆن لوك[1]

[1] - محمد فريد حجاب، أزمة الديمقراطية الغربية وتحدياتها في العالم الثالث، الفصل الثالث من كتاب-المسألة الديمقراطية في الوطن العربي (پرسی دیموکراسی لە وڵاتانی عەرەبیدا) -، مركز دراسات الوحدة العربية، مجموعة من المؤلفين، سلسلة كتب المستقبل العربي (١٩) ، الطبعة الآولى، بيروت، ٢٠٠٠، ص٨٢). هەروەها بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:

http:// translate. google. com/ translate?hl=ar&langpair= en%7 Car&u =http://en. wikipedia. org/ wiki/ List_of_ types _of_ democracy

[2] - تۆماس هۆبزHobbes: (١٥٨٨/٤/٥-١٦٧٩/١٢/٤) زانای ماتماتیك و بە یەکێك لە گەورەترین فەیلەسوفانی سەدەی حەڤدە لە ئینگلتەرادا دادەنرێ. گرنگی زۆری بە بوارەکانی یاسا و فەلسەفەو ئەخلاق و مێژوو داوە. کتێبی (لڤیاثانLeviathan) کە ساڵی ١٦٥٢ نووسیبووی، ساڵی ١٦٦٦ ئەنجوومەنی گشتی پرۆژەیەکی بۆ لێکۆڵینەوە لە عەلمانییەت و بێدینی ئامادەکردوگفنوگۆی لەسەرکرا، ئەنجام بەهۆی نووسینی ئەو کتێبە (لڤیاثان) هۆبز دەرفەتی بۆ نەما نووسینێك پەیوەندی بە رەفتارو ئاکاری مرۆڤەوە هەبێت چاپ و بڵاوی بکاتەوە. بڕوانە: (موریس فرادوارد، سەرچاوەی پێشوو، الجزء الخامس، ٢٠٠٢، ل ٤١-٤٨). عبدالوهاب الكيالي، الجزء السابع، ط١، ١٩٩٤، هەمان سەرچاوەی پێشوو.ل ١٦٥-١٧٠. هەروەها بڕوانە: روزنتال و ب. يودين، سەرچاوەی پێشوو.ل ٥٦٣. هەروەها:فرنسوا شاتليه، هەمان سەرچاوەی پێشوو.ل ١١٦٤-١١٧٦.

(١٦٣٢-١٧٠٤)، هەروەها سبینوزاو[2] (١٦٣٢-١٦٧٧)، جان جاك رۆسۆو[3] (١٧١٢-١٧٨٨)، هەروەها هیگل و[1] (١٧٧٠-١٨٣١)، مارکس[2] و (١٨١٨-١٨٨٣) زۆری دیکەش. هەریەکەو

---

[1] - جۆن لۆك John Lock (١٦٣٢ - ١٧٠٤) : پزیشك و فەیلەسوفی ئەزموونگەری و هزرڤانی سیاسی ئینگلیز بووە، لۆك جەستەیەکی لاوازی هەبوو، بەڵام بە هێمنی و بە روونی لە بیرو باوەڕیدا لە خەڵکی تر جیا دەکرایەوە. لە ساڵی (١٦٦٧) پزیشکی تایبەتی خێزانی (ئەنتۆنی ئەشلی کۆبەر١٦٢١-١٦٨٣) بووە کە خاوەن خەڵکێکی زۆر بوون لە ئینگلتەرادا، هەروەها وەزیری داد بووەو رۆڵێکی مەترسیداریشی لە رووداوە سیاسییە گەورەکانی ئینگلتەرای ساڵانی (١٦٦٠) و (١٦٨٠) بینیوە، پەیوەندی (لۆك) بە (ئەشلی کۆبەر) رۆڵێکی گرنگی بینیوە لە دارشتنی تیۆری سیاسی لیبرالی. (لۆك) هەر لەژێر کاریگەری (ئەشلی) لەساڵی ١٦٦٧ وتارە بەناوبانگەکەی (نامەیەك دەربارەی لێبوردەیی On Toleration) نووسی. (لۆك) بە نووسینی (دوو وتار بۆ حکومەت Two Treatises on Government) لە ساڵی (١٦٩٠) کە پشتگیریکردنی بوو لە شۆڕشی گەورەی (١٦٨٨) ناوبانگێکی زۆری پەیداکرد. لە بەناوبانگترین گوزارشتە فەلسەفییەکانی (بیری نویٚ هەمیشە جێگەی گومانە، زۆرینەش بەرەنگاری دەبێتەوە، لەبەرئەوە زۆر بلاونابێتەوە). بەناوبانگترین کتێبیشی لە ساڵی ١٦٩٠ بەناوی (بحث في ملكة الفهم البشري) نووسی، ئەم کتێبەدوای دوو ساڵ ( ١٦٩٢) کرایە سەرچاوەی سەرەکی و بنچینەیی لە فێرکردنی فەلسەفە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە (موريس فرادوارد، الجزء الخامس، ٢٠٠٢، ص٤٩-٦٠) هەروەها (عبدالوهاب الكيالي، الجزء الخامس، ط٤، ١٩٩٩، ص٥٠٨-٥١٠). هەروەها بڕوانە: (روزنتال، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١٦-٤١٧). (فرنسوا شاتليه، هەمان سەرچاوەی پێشوو.ل ٩٠٦-٩١٩).

[2] - باروخ سپینۆزا: بەهۆڵەندی (Spinoza Baruch de) (١٦٣٢/١١/٢٤-١٦٧٧/٢/٢١) ، لە بەناوبانگترین فەلسوفانی سەدەی حەڤدەیە، لە ئەمستەردامی هۆڵەندا لەدایك بووە، لە خێزانێکی پورتوگالی بە رەچەڵەك جوولەکەن. خاوەنی چەندین نووسینی بەناوبانگ و پڕ بەهایە، گرنگترینیان (لێکۆڵینەوەی لاهوتی-سیاسی) ە کە لە ساڵی (١٦٧٠) بلاویکردەوە. (بنەماکانی فەلسەفەی دیکارت ١٦٦٣). بەڵام بەشی گەورەی نووسینەکانی لەدوای مردنی بلاوکرانەوە کە بریتی بوون لە (زانستی ئاکار) و (لێکۆلچینەوە لە چاکسازی فیکر) و (تۆژینەوەی سیاسی). سبینۆزا کاریگەری زۆری بەسەر فەیلەسوفە مادییەکان بەجێهێشت، لەو بارەیەوە ئەنگلس لە کتێبی (دیالەکتیکی سروشت) بەراشکاوی باسی کردووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: عبدالوهاب الكيالي، الجزء الثالث، ط٢، ١٩٩٣، ص ص١٣٣-١٣٤) هەروەها: م. روزنتال. هەمان سەرچاوەی پێشوو.ل ٢٤٢-٢٤٣.

[3] - جان جاك رۆسۆ Rosseau (٢٨ یونیو ١٧١٢-٢ یولیو ١٧٧٨) :فەیلەسووف وئەدیب و دانەری مۆسیقاو تیۆریستی سیاسی ئەوروپایەو یەکێك لە بەناوبانگترین نووسەرانی سەردەمی عەقلانییەتە کە لە مێژووی ئەوروپادا لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەی زایینی درێژبۆتەوە. لە ژنێف لە دایکبووە، ساڵی ١٧٢٨ رووی کردووەتە تۆرین، فەلسەفەی رۆسۆ یارمەتیدەری پێکهێنانی رووداوە سیاسییەکانە کە بوونە هۆی بەرپابوونی شۆڕشی فەرەنسا. لەخێزانێکی پرۆتستانتی بوو بەڵام رۆسۆ بەهۆی ئەوکچەی خۆشی دەویست بووبوو بە کاسۆلیکی بەمەش هەموو مافەکانی هاونیشتمانیبوونی لە ژنێف لەدەستدا، بەڵام لەساڵی (١٧٥٤ز) گەڕایەوە ژنیف و چووە سەر ڕێبازی

پرۆتستانتی و هەموو مافەکانی بۆ گەڕایەوە. لەنووسینەکانی بە زمانێکی سۆزو عاتیفەوە باس لە زوڵم لێکراوی خۆی دەکات، رۆسۆ بەهۆی نووسینی شانۆنامەو ئۆپراو شیعرو پەخشانەکانی بە پێشڕەوی قوتابخانەی رۆمانسیزم دادەنرێت لە فەرەنسا. رۆسۆ پێیوابوو مرۆڤ بە سروشت کە لەدایك دەبێت لەدایکبووێکی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو دابڕاوە لە کۆمەڵگەودووره لە هەموو ئەوپاڵنەرانەی دەبنە مایەی ئازاردانی ئەویتر، بەڵام لەئەنجامی تێکەڵاوبوونی لەگەڵ کۆمەڵگەدا دەبێتە کەسێکی شەڕانی و کۆمەڵگە لەرێگەی خۆپەرستی و دوژمنایەتیکردنی یەکترییەوە تاکەکان گەندەڵ دەکات. بەناوبانگترین کتێبیشی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) یە کە لە ساڵی ١٧٦٢ نووسیویەتی کە تیایدا ئەو پرسیارە دەکات:چۆن مرۆڤ لە باری ئازادی دەگوازرێتەوە بۆ باری کۆت وبەند. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د.عبدالوهاب الكيالي، موسوعة السياسة،، الجزء٢، ط٤، ٢٠٠١،، ص٨٤٤-٨٤٦.هەروەها:م. روزنتال، سەرچاوەی پێشوو.ل ٢٣٢. هەروەها بڕوانە:موريس فرادوارد، الجزء الخامس هەمان سەرچاوەی پێشوو.ل ٦١-٧٤.

[1] - جۆرج ویلهلم فریدریك هیگل Hegel : (١٧٧٠/٨/٢٧ — ١٨٣١/١١/١٤) ، بە یەکێك لە گەورەترین فەیلەسوفانی ئەڵمانیادادەنرێ بەو پێیەی دامەزرێنەری گرنگترین بزووتنەوەی فەلسەفەی میسالی ئەڵمانیایە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەی زایینی. بە رەچەڵچەك نەمساوییە، تا دوایین ژیانی زۆر سەرسام بوو بە شانۆگەری (سوفوكليس) ، لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا بوو قۆناخی رۆشنگەری پەرەیسەند، لێرەوە هیگل کەوتبووە ژێر کاریگەری دوو مەیل، یەکەمیان رۆشنگەری و، دووەمیشیان شۆڕش بوو، لە تێڕوانین ونووسینەکانی هیگل دا، سەرهەڵدانی فەلسەفەی نوێو رۆشنبیری و کۆمەڵگە چەند رەگەزێکی ناکۆك و گرژن لەگەڵ یەکدیدا، وەك چۆن ئەم ناکۆکیانە لە نێوان بابەت و لەشی مەعریفە، لە نێوان عەقڵ و سروشت، لە نێوان ئازادی و دەسەڵات، لە نێوان مەعریفەو ئیمان، دواجار لە نێوان رۆشنگەری و رۆمانسیزمدا هەیە. هەموو ئەمانەش لە رێگای یەکبوونێکی عەقڵانی هەمەلایەنەوە دروستدەبێت.عبدالوهاب الكيالي، الجزء السابع، ط١، ١٩٩٤، ص ص٢١٤-٢١٧هەروەها.روزنتال، هەمان سەرچاوەی پێشوو.ل ٥٦٦-٥٦٩ هەروەها: موريس فرادوارد، الجزء الخامس، سەرچاوەی پێشوو.ل ٨٦-٩٣)

[2] کارل مارکس: (١٨١٨/٥/٥-١٨٨٣/٣/١٤) فەیلەسوفی ئەڵمانی و سیاسەتمەدارو رۆژنامەنووس و تیۆریستی کۆمەڵایەتی بووە. لە سەردەمی سەرمایەداری پیشەسازی ژیاوە، بۆیە توانی ببێتە خاوەنی بەناوبانگترین کتێب بەناوی (سەرمایە) کە ناکۆکی زۆری لەگەڵ کرێی کار هەبوو، بەمەش ناوبانگێکی زۆری پەیداکرد. بە دامەزرێنەری فەلسەفەی مارکسیزم دادەنرێت لەگەڵ هاوڕێکەی (فریدریك ئەنگلس) (مانیڤێستی کۆمۆنیستی) یان لە ساڵی ١٨٤٨ بڵاوکردەوەکە وەك دوو تیۆریستی سەرەکی و بنەڕەتی فیکری کۆمۆنیستی لە جیهان ناسران و بە یەکەوە بیرۆکەی (سۆشیالیزمی زانستی) یان داهێنا. سێکوچکەی فەلسەفەی مارکسیزم بریتییە لەفەلسەفەی ئەڵمانی کە خۆی ماتریالیزمی دیالەکتیکدا دەبینییەوە، ئابووری سیاسی ئینگلیزی و سۆشیالیزمی خەیاڵی فەرەنسی، ئەم سێ فەلسەفەیەی سەرلەنوێ بەمەعریفەیەکی ترو بۆ بەرژەوەندی چینی کرێکارانی داڕشتەوە، کە سەرەتا بە مانیڤێستی کۆمۆنیستی دەستیان پێکرد لەگەڵ ئەنگلسی هاوڕێی، کە بە (ئەی کرێکارانی جیهان یەکگرن) بەناوبانگە. بۆزیاتر زانیاری بڕوانە: موريس فرادوارد، الجزء الخامس، هەمان سەرچاوەی پێشوو.ل ٩٤-١٠٢ هەروەها: فرنسوا، هەمان سەرچاوەی پێشوو.ل ٩٨٢-٩٩٣ هەروەها بڕوانە: عبدالوهاب

تێڕوانینێکی جیا لەئەوانی تری هەبووە. بەڵام خاڵی گرنگ و نەگۆڕی دیموکراسی ئەوەیە گەل سەرچاوەی حوکمڕانیکردنە. کەواتە دیموکراسی ریگایەکە لە حوکمڕانی کە مرۆڤەکان بتوانن بەئازادی گوزارشت لەخۆیان بکەن، لەپێناوی کەمکردنەوەی ئەوبۆشاییەی لەنێوان حوکمڕانان و هاووڵاتیاندا هەیە، واتا دیموکراسی سیستەمی سیاسی هەنگاوی یەکەمی رێگای رزگاری تەواوی چینە کۆمەڵایەتییەکانە[1]. بەکورتی دیموکراسی لەگەوهەرو ناوەڕۆکیدا تێڕوانینێکی سیاسی و ئابووری و ژینگەیی و ئاکاری هەیە کە پشت بە بنەماکانی یەکسانی و بەشداریکردن و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤایەتی دەبەستێت[2]. دیموکراسی پێداگیری توند لەسەرئەوە دەکات کە هەموو مافەکانی مرۆڤ، مافە مەدەنی و سیاسی و ئابووریو رۆشنبیریو کۆمەڵایەتییەکان لە مافە جیهانیەکانن و بەش بەش ناکرێن، بۆیە هزرڤانان و سیستەمی نوێی نێودەوڵەتی پێیانوایە کە دیموکراسی بۆ تەنها لایەنێکی فیکری یا رۆشنبیری کە رۆشنبیران گرنگی پێدەدەن ناگەڕێتەوە، بەڵکو بووەتە پێداویستییەك کە هەموو کەس گرنگی پێدەدات، ئەمەش لەپێناوی گەڕانەوەی پێوەندی نێوان هاووڵاتی و کۆمەڵگەکەی و دەوڵەتەکەی، ئەمەش لەپێناوی گەڕانەوەی سیستەمێکە کە شەرعییەت و راستگۆیی هەبێت[3]. بە گشتی دیموکراسی جەخت لەسەر جۆرە ژیانێك دەکاتەوە کە سیستەمە فەرمانڕەواییەکە باشترین شێوەی ژیانی فەراهەم و مسۆگەر کردبێت و، هەموو دانیشتوانەکە توانای دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەبێت بەشێوەیەك یاسا لە هەموو ستەم و

---

الکیالي، الجزء الخامس، هەمان سەرچاوەی پێشوو.ل ٦٣٥-٦٥٠ هەروەها: روزنتال و ب. یودین، هەمان سەرچاوەی پێشوو.ل ٤٣٨-٤٤٢.

[1] - فارح مسرحي، الحداثة في فکر محمد ارکون (نوێخوازی لە هزری محەمەد ئارگۆن) ، الدار العربیة للعلوم، بیروت، الطبعة الأولی، ٢٠٠٦، ص١٤٢

[2] - أسعد مفرج ولجنة من الباحثین، موسوعة عالم السیاسة، الجزء الخامس، سەرچاوەی پێشوو.ل ١٤.

[3] - هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل ١٥.

گەنـدەڵییەك بیانپارێزێـت و، ئـازادییە تاكەكـانیش بەهێزتـرو باشـتر بكـات و، ئاسایيش و دادپەروەری و یەكسانی كۆمەڵایەتی لە نێوانیانـدا دابـین بكـات و، دەسـەڵات وتـووێژی گشـتیان لەگەڵدا بكـات و، ململانێكانیشـیان بە شـێوەیەكی ئاشتیانە چارەسەر بكات[1].

**چوارەم: چەمكی تۆتالیتاریزم**

لە دیـــدی تـــوێژەری سۆســـیۆلۆژی ناســـراوی عێراقـــی (د. فـــالح عەبدولجەبار) "تۆتالیتـاریزم چەمكێكی میحـوەرییە لە هەست و شیكردنەوەی نموونەیەكی سیاسی دەگمەن كە لە بیستەكانی سەدەی رابردوو لە ئەوروپـای رۆژئـاوا سـەریهەڵدا. دواتـر ئەم نمـوونەیە لە وڵاتـانی دیـكە بڵاوبـووەوە، ئیتـر چەمكـی تۆتالیتـاری وەكـوو زۆر چەمكـی دیـكەی بۆنمـوونە (ئۆتوكراسـی، دەسـەڵاتخوازی، سـوڵتان-السـلگانیە-شـوێنی خـۆی كـردەوە[2] ".واتـا "بەگشـتی تۆتالیتاریزم چەمكێكە بۆ سێ (٣) سیستەمی كۆمەڵایەتی-سیاسی جیـاوازو لەیەكچـوو لە چەنـد روویەكەوە بەكاردێت، وەكـوو ئیتالیـای فاشـی، ئەڵمانیـای نـازی، روسـیای سـتالینی، ئەم سـێ سیسـتەمە لەدوای جەنگـی یەكەمـی جیهانی لە ئەوروپای پیشەسازی دروستبوون" [3].

---

[1] - تشارلز تيللي، الديمقراطية، ترجمة: محمد فاضل طباخ، مراجعة: د.حيدر حاج اسماعيل، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، ط١، ٢٠١٠، ص٣٤٩-٣٥٠.

[2] - فالح عبدالجبار، التوتاليتارية، ترجمة:حسني زينة، معهد دراسات عراقية، ط١، ٢٠٠٨، بغداد، بيروت-أربيل، ص٥

[3] - هەمان سەرچاوەی سەرەوە.ل ٦

تۆتالیتاریزم بۆیەکەمجار لەلایەن هزرڤانی ئیتالّی سەر بە فاشیزم جیوفانی جنتیلی (١٨٧٥-١٩٤٤) لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردوو بەکاریهێناوە بۆ مەدح و سەنای دەوڵەتی ئیتالیا، ناونیشانی وتارەکە (بنچینەی فەلسەفی بۆ فاشیزم the Philosophical Foundations of Fascism 1924) بوو، وتاریکی فەلسەفی بوو بۆ داکۆکیکردن لە مێژووی سیاسی ئیتالیا، کە بەخێرهاتنی سەرکەوتنی فاشیزمی سەرکردەکەی (بنیتو موسولینی) دەکرد بەو پێیەی هێمایەکی نوێیە بۆ بووژاندنەوەی نەتەوایەتی ئیتالییەکان کە بە سەردەمی (الریزور جیمنتو-بووژانەوەی نەتەوەیی) ناوی بردبوو[1] (جیوفانی جینتلی) وتارێکی تری بەناوی (فاشیزم رێبازو دامەزراوەیە-الفاشیە مژهب ومؤسسات) لەم وتارەیدا جەختی لەوەکردۆتەوە کە گەوهەری فەلسەفەی فاشیزم دەوڵەتێکی هەمەلایەنەیە-الشاملە- بەرای جینتلی دەوڵەت لە سەرووی نەتەوە (گەل یان کۆمەڵگە) یە، واتا بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵەو بێ ئەندازە فراوان و فراوانتر دەبێت، تا لەم وتارەیدا نووسیویەتی (خاڵی یەکەم کە پێویستە لە پێناسەکردنی فاشیزمدا هەستی پێبکەین، ئەوەیە کە سنوورێکی هەمەلایەنە، یان تۆتالیتاری بۆ ئەو رێبازە کەپێی دەڵێن فاشیزم بەمانای رێکخستنی سیاسی و مەیلی سیاسی بۆ نەتەوە نایەت بەتەنها، بەڵکو بە هەموو ئیرادەو بەهەموو بیرکردنەوەوبەهەموو هەستییەوەیە[2].

---

[1] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩-١٠.

[2] - هەر هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠

تۆتالیتاریزم لە بنەڕەتدا، لە ئیتالیای سەردەمی مۆسۆلینی و ئەڵمانیای نازی و روسیای سەردەمی ستالین[1] سەریانهەڵدا، واتا دەتوانین بڵێین لە یەك خێزانی کلاسیکی تۆتالیتاریدا بوون، خاڵی هاوبەشی ئەو سێ سیستەمە بریتی بوو لەوەی کۆکردنەوەی جەماوەرێکی هەمەلایەن، بزووتنەوەی ئایدیۆلۆژیایەکی چالاك کە ئەم ناوانەیان بە بالآدا بڕیبوون (گەل) ئەڵمانیا، (دەوڵەت) ئیتالیا، (شۆڕشی پرۆلیتاری) روسیا، بەڵام وێنەو رێگاو ئامرازی کۆکردنەوەی جەماوەری کە ئەو رێکخراوانە پشتیان پێدەبەست، تازەو نوێ بوون، کاراو کاریگەر بوون، زۆر بەباشیش بۆ کۆمەڵگەکانیان دەگونجان، سوپایەکی زەبەللاحیشیان دروستکردو رق و کینەی تۆڵەکردنەوەشیان بەرامبەر بەسیاسەتی لیبرالیزم هەبوو[2].

تۆتالیتاریزم ئەو سیستەمە سیاسیەیە کە تیایدا تەنها دەسەڵاتێکی سیاسی، ئابووری و کولتوری لێی باڵادەستەو هیچ بوارێك بۆ ڕاو و بۆچوونی جیاواز ناهێڵێتەوەو، هیچ دەرفەتێکیش بۆ دروستوبونی ئۆپۆزیسیۆن

---

[1] - فیساریۆنوڤیچ ستالین (Jossif F Wissarionowitson Stalin١٨٧٩-١٩٥٣/٣/٥) دووەم سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت بووبە رادەیەك وا باسدەکرێ کە ئەو دامەزرێنەری راستەقینەی یەکێتی سۆڤیەت بووە، کە توانی سۆڤیەت لە کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی بگوازێتەوە بۆ کۆمەڵگایەکی پیشەسازی. بەهۆی چوونە ریزی کاری سیاسییەوە رووبەڕووی گرتن بووەتەوەو لە ساڵانی (١٩٠٢تا ١٩١٧) دوورخرایەوە بۆ سێبیریا، ساڵی (١٩١٢) کراوە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی بەلشەفی، ساڵی (١٩١٣) (لینین) نازناوی (ستالین-پیاوە پۆڵایینەکە) ی بۆ داناساڵی (١٩٢٢) بەرزبووەوە بۆ ئاستی پلەی ئەمینداری گشتی حزبی شیوعی. لە شەڕی دووەمی جیهانی سەرکەوتنی بەسەر وڵاتانی هاوپەیمان (دول المحور) هێناو سۆڤیەت بوو بە هێزی گەورە. لەدوای مەرگی لینین پێچەوانەی ترۆتسکی و کامینیف و زینۆفیف کاری بۆ سۆشیالیزم لە تاکە وڵاتێکدا کرد، لەسییەکان پاکتاوی جەستەیی بۆ کادیرو خەڵك و بەشێك لە سەرکردایەتی کۆنی بەلشەفیك دەستپێکرد. (عبدالوهاب الکیالي، الجزء الثالث، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٧-١٤٠) هەروەها بڕوانە (فرانسو شاتیلیە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥٦-٥٦٠).

[2] - فالح عبدالجبار، التوتالیتاریة، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩-٤٠

لەئارادا نامینێت، بێگومان هیچ بوارێکیش بۆ نوێنەرایەتیکردن نابێت، لە سیستەمی دیموکراسیدا حزبە سیاسیەکان هەڵدەستن بە بینی ئەم ڕۆڵە، ڕۆڵی نوێنەرایەتیکردن و ڕووبەڕووکردنەوەی حکومەت بە بەرپرسیارێتیەکانی. کەواتە ئەگەرحزبە سیاسیەکان کار بۆ هێنانەدی ڕژێمێکی تۆتالیتاری بکەن ئەوا ڕەنگە دەسەڵاتێکی بەهێز دروست ببێت، بەڵام ئەم دەسەڵاتە هیچ ئەرکێکی دیموکراسی ئەدا ناکات[1].

تۆتالیتاریزم لە ڕژێمێکی بی یاسا دەچێت کە تاکە کەسێك دەسەڵات قۆرخ دەکات، دەسەڵاتی ڕەمەکییانە کە دەربەستی یاسا نەبێت و بە پێی بەرژەوەندی ستەمگەر و لە دژی بەرژەوەندی فەرمانبەران کار بکات، لەسەر پایەی ترسی خەڵکی لە فەرمانڕەواو ترسی فەرمانڕەوا لەخەڵکی راوەستاوە، لە نەریتی سیاسی ئێمەدا، ئەم دوو ترسە دوو لایەنە سیمای سەرەکی حکومەتە ستەمگەرەکان بووە[2]

تۆتالیتاریزم هەموو یاسا دانراوەکان پشتگوێ دەخات، تەنانەت خودی ئەو یاسایانەش کە خۆی داینوە بێ بایەخی دەکات یاسای سەرەکی (دەستوور) ی ساڵی ١٩٣٦ ی یەکێتی سۆڤێت یەکێکە لەو نموونە زەقانە، یا ئەو یاسایانەی لە هەڵوەشانەوەی بێباك بوو -هەروەکو چۆن نازییەکان سەرباری

---

[1] - دیمانەی تۆژەر لەگەڵ یاریدەدەری پرۆفیسۆر د. ئانا گرزمالا- بوسا -Anna M. Grzymala Busse لە بەرواری ٢٠١٠/٧/١٧
مامۆستای زانستی سیاسەتە لە زانکۆی میشیگان و نامەی دکتۆراکەی کە لەساڵی ١٩٩٩-٢٠٠٤ پێشکەشی زانکۆی هارڤاردی کردووە بە ناونیشانی : حزبە سیاسەکان لە ناوەراست و رۆژهەلاتی ئەوروپا لە دوای ساڵی ١٩٨٩

[2] - حنة أرندت، اسس التوتاليتارية، ترجمة: انطوان أبوزيد، دار الساقي، بيروت، ط١، ١٩٩٣، ص٢٤٥

بێبـــایەخکردنی یاســـای ســـەرەکی ڤایمـــار[١]، بەڵام هەرگیـــز بە رەســـمی هەڵیانەوەشـاندەوە-کەچـی لەگەڵ ئەوەشـدا رژێمـی تۆتالیتـاری لە هەمـوو هەنگاوێکدا پەنای بۆ یاسا دەبردو هیچ رەفتارێکی هەرەمەکیانەی نەدەکرد، چونکە هەمیشە بانگەشەی ئەوەی دەکرد، ملکەچی لەو یاسا مێژوویی و سروشتیانە دەکات کە سەرچاوەی هەموو یاسا دانراوەکانە[٢].

تۆتالیتاریزم لەناو حزبە سیاسەکانەوە لەئەنجامی کەمی کولتووری دیموکراتی دێتە کایەوە بەمانای ئەوەی کەوا دیموکراتی لەناو حزبەکاندا نەماوە و حزبەکان کەمتر ئینتیمای دیموکراتیان هەیە لە بواری پەیوەندی و سەرۆکێك خاوەنی ئەو حزبەیە کەوا دەستی بەسەر هەموو چالاکیە سیاسیەکاندا گرتووە، چالاکیەکانی ســـەبارەت بەبـــردنەوەی هەڵبژاردنەکـــانی سەرتاســـەری وڵات. [٣] تۆتالیتـــاریزم لە بنەڕەتدا بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە بۆ کۆکردنەوەو ئامادەکردنی جەماوەر، ئینجا خاوەن گوتارێکی بژاردە (نخبە) و پەرستنی رۆشنبیرییە، دواجاریش شێوەیەکی دیاریکراوە لە شێوەکانی سیستەمی حوکمڕانی لەگەڵ تەکنیك بۆ زاڵبوون و ئەندازیاری کۆمەڵایەتی کە تیایدا دژی لێکجیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتی

[١] - کۆماری ڤایمار: لە ئەڵمانیای ساڵانی (١٩١٩-١٩٣٣) لە ئەنجامی شەڕی یەکەمی جیهانی و دۆڕاندنی ئەڵمانیا لەو شەڕە دروست بوو. بە یەکەمین کۆمار لە ئەڵمانیا دادەنرێ. کەوتبووە ناوەڕاستی ئەڵمانیا، تیایدا نوێنەرانی گەلی ئەڵمانیا لە ساڵی (١٩١٩) کۆدەبوونەوە بۆ دارِشتنی دەستوورێکی نوێ بۆ کۆمار، ئەم کۆمارە تا ساڵی (١٩٣٣) بەردەوام بوو کە توانی زۆردەستکەوتی گەورەی ئابووری و سیاسی و کەمکردنەوەی بێکاری و پێشخستنی یاساکانی گومرگانە (الضرائب) مسۆگەر بکات. بەڵام بە سەرکردەی نازییەکان (ئەدولف هیتلەر) دوای ئەوەی پلەی راوێژکاری و سەرۆکایەتی کۆماری گرتە دەست، مێژووناسان ئەم دەسەڵات گرتنەدەستەی (هیتلەر) بە کۆتایی کۆماری ڤایمار دادەنێن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الدکتور:عبدالوهاب الکیالي، الجزء الرابع، دون سنة الطبع، ص٤٦٩-٤٧١.

[٢] - حنە ارندت، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٥.

[٣] - دیمانە لەگەڵ سیمۆن دیلاکۆردا، کە یاریدەدەری پرۆفیسۆرە لە زانستی سیاسەت لە زانکۆی سلۆڤینیایە و تۆژەریشە لە سەنتەری دیموکراسی ئەلەکترۆنی E-democracy رۆژی ٢٠١٠/٧/٢٠ کراوە

کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی سیاسییە[1]. تۆتالیتاریزم لە ئیتالیا و لە ساڵی ١٩٤٣ هەرەسی هێناو رووخا، لە ئەڵمانیای نازی بەهۆی تێکشکانی لە شەڕی دووەمی جیهانی و لەناوچوونی رایخی سێیەم و (هیتلەر) [2] لە ساڵی (١٩٤٥) چرای تۆتالیتاریزم کوژایەوە، لە روسیاش دوای مردنی ستالین (١٩٥٣) و ئەو وتارەی خرۆشۆف لەکۆنگرەی بیستی حزبی شیوعی سۆڤیەتیدا (١٩٥٦) پێشکەشی کردو پەردەی لەسەر تاوانەکانی ستالین هەڵدایەوەو بەناوی پەرستنی تاکەکەس (عباده الشخص) ی ناوبرد، کۆتایی بە تۆتالیتاریزم هات، بەڵام هەر دوای شەڕی دووەمی جیهانی لە چەندین ولاتی وەك ئەوروپای رۆژهەڵات و چین و کوباو کۆریای باکوورو. هتد سەریانهەڵدایەوە، لای خۆشمان حزبی بەعس کە دەوڵەتی عێراقی (١٩٦٨-٢٠٠٣) خستبووە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، هەموو بنەماکانی تۆتالیتاریزمی تێدا چڕ ببووەوە.

---

[1] - فالح عبدالجبار، التوتاليتارية، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩-٦٠

[2] - ئەدۆلف ئەلۆیس هیتلەر: (١٨٨٩/٤/٢٠- ١٩٤٥/٤/٣٠) لە نەمسا لە براون ئاو (Braunau) لەدایکبووە، لەنێو (٦) براکەیدا، کوڕی چوارەمە، (ئەدۆلف واتا گورگی نبیل) حزبی کرێکارانی سۆشیالیستی نیشتمانی ئەڵمانی کە بە حزبی نازی ناسراوە، لە ساڵی ١٩١٩دامەزراوەو، هیتلەر لە ساڵی (١٩٢٠) ەوەچووەتە ناو ئەو حزبەوە، لەساڵی (١٩٢١) بووەتە سەرۆکی ئەو حزبەو لەساڵانی (١٩٣٣تا ١٩٤٥) حوکمڕانی ئەڵمانیای کردووە. هیتلەر گوتاربێژێکی سەرکەوتوو بوو، هەوڵیدەدا پشتگیری جەماوەری وەدەستبهێنێت، بە هەڵگوتن بە بیری نەتەوەیی و دژایەتیکردنی کۆمۆنیستی. شەڕی دووەمی جیهانی بەهۆی هێرشی سوپای ئەڵمانیاوە بوو بۆسەر پۆلۆنیا لە ساڵی ١٩٣٩ کە لەماوەی (٣) ساڵدا ئەڵمانیاو ولاتانی هاوپەیمان (دول المحور) دەستیان بەسەر زۆربەی ئەوروپاو بەشێکی زۆر لە ئەفریقیاو ولاتانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیادا گرت. هیتلەر ساڵی ١٩٣٢ کاندید بوو بۆ سەرۆکایەتی حکومەتنساڵی ١٩٣٣ بوو بە سەرۆکی حکومەت (راوێژکار-Kanzler (. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:الکیالي، الجزء السابع، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣-٦٥) هەروەها بڕوانە:فرانسو شاتیلیە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣٥-١١٤٨.

**پێنجەم : چەمکی نوێبوونەوە**

"لە جیهاندا دوو نموونەی بنچینەیی بۆ کۆمەڵگاکان بەدیدەکرێن، یەکەمیان لاساییکەرەوە (تقلیدی) یەو، ئەوەکەی تریش نوێیە، جیاکردنەوەیان لە یەکتری لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەی ئاستەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و فیکری و دەروونی بۆ هەریەك لەو کۆمەڵگایانە دەکرێت.هی یەکەم ئەو تویژەی کۆمەڵگایانە دەگرێتەوە، کە لە دۆخێکی چەقبەستووی فیکریدا دەژین و، سیستەمێکی باوی کۆمەڵایەتی بەسەریدا زاڵە، بەڵام دووەمیان کە کۆمەڵگای نوێیە، ئەو کۆمەڵگایانە دەگرێتەوە، کە دینامیکی و پێشکەوتوون"[1].

نوێبوونەوە پرۆسەیەکە بۆ گەیشتنی کۆمەڵگا بە ئاستی نوێگەری، کە بنچینەی ئەم زاراوەیە (نوێبوونەوە) لە نوێ هاتووە، لە بنەڕەتدائەم وشەیە Modernization وشەیەکی لاتینییە لە سەدەی پێنجەمی زایینی سەریهەڵدا، پاشان دوای دە سەدە وەك گوزارشتکردنێك لە تێڕوانینی تایبەتی بۆ کۆمەڵگەو بوون و فیکر (الوجود والفکر) لە زمانی فەرەنسی سەریهەڵدایەوە، هەندێك لە توژەرانیش وایدەبینن کە (نوێگەری) دیاردەیەکی مێژوویی کۆمەڵگەیە کە لە سەدەی شانزەهەمی زایینییەوە هەبووە سەردەمی راپەڕین-رینیسانس-و چاکسازی کە رەهەندی ئابووری و فیکری کۆمەڵگەیی هەیەو هەموو بوارەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوەکە لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆمەڵگای بۆرژوایی ئەوروپی و شارە بازرگانییەکاندا هاتۆتە ئاراوە[2].

---

[1] د. نداءمشطر صادق، التخلف والتحديث والتنمية السياسية، منشورات:جامعة قاريونس-بنغازي، ط١، ١٩٩٨، ص٥٤.

[2] د. حسين رحال، اشكاليات التجدد (گرفتەکانی نوێبوونەوە) -دراسة في ضوء علم اجتماع المعرفة-، دار الهادي، بيروت، ط١، ٢٠٠٤، ص٣٠٢

نوێبــوونەوە (التحــديـپ-التجديــد) وەك بلــومەر (Herbert Blumer) باســی کــردووە، بــریتییە لە گواســتنەوەی کۆمەڵگــایەکی تەقلیــدی تــایبەتی بــۆ کۆمەڵگــایەکی نــوێی گشــتی، پرۆســەیەکە هەڵدەستێت بە بــوونی دامەزراوەی تــایبەتی لە چارەســەرکردنی گرفتەکــان کە لە گــۆڕینی بونیــادی کــۆمەڵگە دێتەدی لەسـەر هەردوو ئاسـتی تـاك (الفـردی) وکـۆمەڵایەتی (الاجتمـاعی) لەماوەی گواستنەوەی ژیانی تەقلیدی بۆ ژیـانێکی نـوێ[1]. بەڵام گولدشـایدەر (Calvin Goldscheider) وایــدەبینێ کە نــوێکردنەوە پرۆســەیەکە هەمــوو گۆڕانکارییەکانی بونیـادی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، بەو گۆڕانکارییـانەش کە لە ئاراستەکردنی رەفتاردا روودەدات [2].

هنتگتن وای بۆ دەچێت کە نوێبوونەوە پەیوەندی بەو بەها نوێیانەوە هەیە کە بە ژمــارەیەکی یەکجــار زۆر لەخەڵــك رادەکێشــێتە نــاو سیاســەت و بەشداریکردنی سیاسی، لەئەنجامدا ناجێگیری لێدێتە دروستبوون وەك هنتگتن نـاوی لێنـاوە رووخـانی سیاسـی (Political Decay) [3]. واتـا ئەگەر نەتـوانرا چارەســەری نــاجێگیری سیاســیی بکرێــت، ئەوا بەرەو قەیرانــی سیاســی پەل دەکوتێ، ئەگەر قەیرانە سیاسییەکەش چارەسەر نەکرا، ئەوکاتە بەرەو رووخـان و هەرەسی سیاسی دەڕوات.

هنتگــتن کاتێــك لە نوێبــوونەوە دەدوێ، لە کــاریگەری بۆســەر هوشــیاری سیاســی، لە شــێوەی نامۆییــداو تــوانەوەی بەهــا کۆنەکــان و مەڵــکەڵە بــوون و دروستبوونی بەهایەکی نوێ، کە هەڕەشە لە بنچینە تەقلیـدییەکەی دەسەڵات

---

[1] - د. عبدالله عامر الهمالي، التحديث الاجتماعي معالمه-ونماذج من تطبيقاته (رێگاکانی نوێکردنەوەی کۆمەڵایەتی و چەند نموونەیەك لە جێبەجێکردنی) ،، منشورات جامعة قاريونس، ليبيا، ط٢، ٢٠٠٨، ص١٥

[2] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

[3] -د. أسامة الغزالي حرب، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٤.

دەکات. هنتگتن بە پێچەوانەی مارکس کە پێیوایە بەهۆی وشیاری چینی بۆرژواوە پیشەسازی هاتە ئاراو دروستبوو، هنتگتن پێیوایە، ئەو وشیارییەی نوێبوونەوە لەگەڵ خۆیدا هێنای، تەنها چینێکی دیاریکراوی وشیار نەکردەوە، بەڵکو بووە هۆی سەرهەڵدانی وشیارییەکی کۆمەڵی (وعی جمعی) لە هەموو جۆرەکانی، قەبیلە، هەرێم، عەشیرەت، بیرو بڕوا، تائیفە،.. هتد[١].

لەوەش زیاتر کاتێك هنتگتن دێتە سەر ئەو گرفتانەی لە قۆناخی نوێبوونەوەدا ڕوودەدات، بەتایبەت لە کاتی تـوانەوەی بەهاکان و هەروەها ئەو جیاوازییانەی لەنێوان گوندو شار زەق دەبنەوە، بەتایبەت ئەوکاتەی بەشداریکردنی سیاسی زۆر بەرفراوانتر دەبێت، بە بۆچوونی هنتگتن ئامرازی دامەزراوەیی سەرەکی بۆ ڕێکخستنی فراوانبوونی بەشداریکردنی سیاسی، حزبی سیاسی و ڕێکخستنی حزبییە[٢].

نوێبوونەوە پێش هەموو شتێك پرۆسەیەك یان کۆمەڵێك کاروچالاکی کەڵەکەبووە بۆ پێشکەوتنی -لەهەر کۆمەڵگایەکدا- هێزی بەرهەمهێنان وکۆکردنەوەو ئامادەکردنی داهات و سامانەکان وگەشەپێدانی بەرهەمی کار و چڕکردنەوەی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەناو دەزگایەکی ئەزموونداروهەر لە ئێستاوە خۆی لە تەقلیدو لاساییکردنەوەی پێڕەوکردنی سیاسەت رزگار بکات لە پێناوی بەشداریکردنی لە ژیانی گشتی وهەماهەنگیکردنی بەهاکان و یاساکان بۆ بەعەلمانیکردنێکی تەواو کە ملکەچی هیچ بیروبڕوایەك یان هەڵوێستێکی ئایدیۆلۆژی دیاریکراو نەبێت [٣].

---

[١] - هەمان سەرچاوەی سەرەوە، هەمان لاپەڕە.
[٢] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٥.
[٣] - د. فتحي التريكي و د. رشيدة التريكي، فلسفة الحداثة، مركز الأنماء القومي، بيروت، دون سنة الطبع. ص٩

نوێبـوونەوە لە روانـگەی (ئەبـتەر) [1]ەوە، سـێ مەرجـی سـەرەکی بە خـۆوە گرتـووە، کە یەکەمیان:دەبێـت سیسـتەمی کـۆمەڵایەتی توانـای داهێنـان و ئەفرانـدنی هەبێـت و، لە بیروبـڕوا-المعتقـدات- سـەرەکییەکانیدا توانـای هەزمکردنـی گـۆڕان-التغییـر-ی هەبێـت، دووەمیـان بونیـادی کـۆمەڵایەتی جیاوازی و تایبەتمەندییەکی نەرمی هەبێت کە توانای خۆ گونجاندن لەگەڵ بـارودۆخی نـوێی هەبێت، سێیەمیان: چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکە هەمـوو ئەو شـتانەی پێوەنـدی بە پیشـەییکردن و مەعـریفەی پێویسـت هەیە لە جیهـانی پێشکەوتووی تەکنۆلۆژیادا فەراهەمی بکات[2].

بەڵام (وێلـش) [3] بە هەمـان شـێوە نوێبـوونەوەی بە (٣) رێگـا دەستنیشـان کردووە، یەکەم :نوێبـوونەوە دیاردەیەکی ئـابوورییەو بە پڕۆسـەی پیشەسـازیکردن بەسـتراوەتەوە، دووەم: نوێبـوونەوە زنجیـرەیەکە لە گـۆڕانی کـۆمەڵایەتی و دەروونی کە دەبێتە گۆڕینی شێوەی رەفتاری نەریتی (تغیر أنماگ السلوك التقلیدی)،

---

[1] - داڤید ئەبتەر (١٩٢٤-٢٠١٠) زانایەکی سیاسی ئەمریکی بەناوبانگ بوو. بەڕێوەری پەیمانگای تۆژینەوەی نێودەوڵەتی بوو.چەندین نووسینی گرنگی لە بارەی زانستی سیاسی و کۆمەڵناسی سیاسی هەبووە، بۆنموونە کتێبی: The Politics of Moderinization,1965 هەروەها کتێبی Political Change,1973:بەهۆی شێرپەنجەوە کۆچی کرد.

بڕوانە: http://en. wikipedia. org/wiki/David_E. _Apter

[2] - حمدان رمضان محمد خلیل، التحدیث السیاسي في المجتمع العراقي المعاصر (نوێبوونەوەی سیاسی لە کۆمەڵگەی عێراقی هاوچەرخ) ، رسالة دكتوراه في علم الاجتماع، ٢٠٠٤، جامعة بغداد-كلیة الاداب، ص٢٨.

[3] - کلود ویلش Claude E.Welch لەساڵی (١٩٦٤) بڕوانامەی دوکتۆرای لە زانکۆی ئەکسفورد وەرگرتووە، نووسینەکانی زیاتر دەربارەی ئەفریقیا، مافی مرۆڤ، رۆڵی سیاسی بۆ هێزە چەکدارەکان، رێکخراوە نا حکومییەکان و مافی مرۆڤ، شۆڕش و گۆڕانی سیاسی، نوێبوونەوەی سیاسی زۆری دیکە بووە. لە زانکۆکانی هارڤارد و ئەکسفۆرد و پەیمانگای نێودەوڵەتی بۆ مافی مرۆڤ و زانکۆی بیجین و پەیمانگای شین لە تایوان و ناوەندی تۆژینەوەی دیموکراسی لە نێجیریا و زانکۆی کۆلۆمبیاو، پەیمانگای ئەسکەندەنافی بۆ لێکۆڵینەوەی ئەفریقی و زۆری دیکە وانەی وتۆتەوە.

بڕوانە: http://www. sourcewatch. org/index. php?title=Claude_E. _Welch_Jr.

سێیەمیشیان کۆمەڵەیەکە (کمجموعە) لە گۆڕانە سیاسییەکانی وەك: فراوانبوونی بەشداریکردنی سیاسی [١]و،.. هتد.

بەهەمان شێوە سمیلسەر (Smelser) پێیوایە نوێبوونەوە بەرهەمی جیاوازییەکانی بونیادییە یان گواستنەوەی کۆمەڵگەی سادەیە بۆ کۆمەڵگەیەکی ئاڵۆز (مرکب)، لەکۆمەڵگەیەك کە تیایدا دامەزراوەکانی تێکەڵوپێکەڵن بۆ کۆمەڵگەیەك کە دامەزراوەکانی لەسەر بنچینەی تایبەتمەندی و پسپۆڕین[٢].

نوێبوونەوە ڕێگای شوێنکەوتنی گۆڕین و گواستنەوەی ئابووری و تەکنۆلۆژییە وەك ئەوەی بۆ یەکەمجار لە ئەوروپا روویدا، کە لاساییکردنەوەی دیاردەیەکی ئەوروپاییە، لەبەرئەوە نوێکردنەوە تەنها بووە هاو واتای گەشەی ئابووری و لاساییکردنەوەی باشترین شێوەکانی ئابووری وڵاتانی ڕۆژئاوا [٣]. زۆرجار نوێبوونەوە بەهۆی سوود وەرگرتن لە وڵاتانی پێشکەوتوو هاتۆتە ناو وڵاتانی دواکەوتوو، بەڵام کاری خراپ ئەوەبووە، وڵاتە دواکەوتووەکان بوونەتە پاشکۆو شوێنکەوتەی وڵاتە پێشکەوتووەکان و نەیانتوانیوە ئابوورییەکی سەربەخۆ بۆ وڵاتەکەیان بهێننە دی [٤].

نوێبوونەوە بەمانای پێشکەوتن دێت و پێوەندی توندی بە گەشەپێدانەوە هەیە، چونکە نوێبوونەوە یان دەبێتە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا یان دەبێتە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی یان دەروونی وەك بەرزبوونەوەی ئاستی داخوازی-

---

[١] - حمدان رمضان خلیل، هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

[٢] - د. عبدالله عامر الهمالي، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦

[٣] - د. محمد شكري سلام، سوسيولوجيا التحديث والتغير في المجتمع القروي تركيبية ونقدية في الحالة المغربية-، مجلة عالم الفكر، الكويت، العدد ٣، المجلد ٣٠، مارس ٢٠٠٢، ص٥٦

[٤] - بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:د. محمد شكرى سلام، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠

طموح- ی تاك و جەختكردنەوە لە رۆڵی تاك لە بزاڤی كۆمەڵایەتیدا، هەموو ئەمانەش لەگەڵیدا بە ئاوێتەبوونی دیالەكتیكی دەبێت [1].

نوێبوونەوە هۆكاری بنەڕەتییە كە وا لە كۆمەڵگە دەكات زیاتر چالاك و كاریگەر بێت وهەروەها بەنوێكردنەوەی دەستكەوتە تەكنۆلۆژییەكەی كاریگەری لەسەر كۆمەڵگە دروست بكات، واتا نوێكردنەوە گۆڕانكارییەكە بۆ گۆڕان یان نوێكردنەوەیەكە بۆ نوێبوونەوە [2].

نوێبوونەوە پرۆسەیەكی ئاڵۆزە ئامانجی رووداني گۆڕانكارییە لە هەموولایەنەكانی ژیانی ئابووری و سیاسی و كۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئایدیۆلۆژی. هەروەها نوێبوونەوە رۆڵێكی گرنگ دەبینێت لە پرۆسەی گەشەپێدان[3].

بەكورتی ئەوچوارچیوەیەی رێگاكانی كۆمەڵگەیەكی نوێ دیاریدەكات، بریتین لە زانست و تەكنۆلۆژیا، بەو پێیەی پێكهاتەی بنچینەیی دیاریكراوی ئەو كۆمەڵگایەن[4].ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی سیستەمێكی ئابووری نوێو شێوەی بەرهەمهێنانێكی نوێ كە بەو سیستەمەوە بەستراوەتەوە[5].

نوێبوونەوەی سیاسی، ئەرك و رۆڵ و رەفتاری سیاسی كەسەكانە لەنێو كۆمەڵگادا كە راستەوخۆ كاردەكاتە سەر كاركردنی رژێمی سیاسی لە وڵاتانی گەشەسەندوودا[6]. دواشت لە جیهانی كۆمەڵگە نوێكان كە پێویستە بوترێ،

---

[1] - د. جهينة سلطان العيسى، التنمية عن طريق التحديث، الفصل الثالث من كتاب:علم اجتماع التنمية، دار الأهالي، دمشق، الطبعة الأولى، ١٩٩٩، ص٧٢

[2] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

[3] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٩

[4] - د.معن زيادة، معالم على الطريق، الفكر العربي، عالم المعرفة، ١٩٨٧، ص١٦

[5] - سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧.

[6] -لەیلا ئەمیر عاصی عەزیز، رۆڵی نوێبوونەوە لە گۆڕانكاری كولتووری لاوان-توێژینەوەیەكی مەیدانییە لە شاری هەولێر، نامەی ماستەر-زانكۆی سەلاحەدین-كۆلیژی ئەدەبیات بەشی كۆمەڵناسی، ٢٠٠٦، ل٤٧، چاپ نەكراوە.

شـێوەی پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـانە، چـونکە ئاشـکرایە بەسـتنەوەی پەیوەنـدی خزمایەتی و رەچەڵەك و خوێن بە دەستکەوتە گرنگەکانی هەمـوو کۆمەڵگـایەکی سـەرەتایی دادەنرێـت، کە نەیـانتوانیوە خۆیـان نـوێبکەنەوە[١]. بـۆیە نوێبـوونەوە لە کـورتترین و چڕتـرین مانایـدا، واتـا پچـڕان و دابـڕان لە رابـردوو[٢]. حزبـی سیاسـی یەکەم ئـامرازی نـوێکردنەوەیە، بەهـۆی پەیوەنـدییەکانی لەگەڵ تـوێژی بـژاردەی هاوچەرخ (النخبە) و، رێکخستنەکانی کە رێگای پێدراوە لەسەر ئاستی جیـاوازی کۆمەڵەو کارگێڕی پێوەندی دروست بکات[٣].

### شەشەم : چەمکی کۆمەڵگەی چالاک

کـۆمەڵگەی چـالاك یەکێکە لەو کۆمەڵگایـانەی کە خـۆی دەسـەڵاتداری خـۆیەتی و هەڵبـژاردنێکە سـەردەمی دوای مـۆدێرن دەیکـاتەوە. [٤] "زانایـانی کۆمەڵناسـی بەگشـتی سـەرنج لە پێکهـاتەی کـۆمەڵایەتی لە روانـگەی دوو شـێوازی جیـاوازی پەیوەنـدی مـرۆڤ بە مـرۆڤەوە دەدەن، یەکێکیـان ئەوەیە کە مرۆڤ وەکو ئامراز سەیری مرۆڤ دەکات، دووەمیشـیان ئەوەیە مـرۆڤ وەکـوو ئامانج سەیری مرۆڤ دەکات"[٥].

---

[١] - د.معن زیادة، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

[٢] - جورج بالاندیە، الانثروبولوجیا السیاسیة (ئەنترۆپۆلۆژیای سیاسی) ، ترجمة:علي المصري، المؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر والتوزیع، بیروت، ط٢، ٢٠٠٧، ص٢٠٨.

[٣] -أنظر :جورج بالاندیە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٧.

[4]- Amitai Etzioni ,The Active Society: A Theory of Societal and Political Processes, New York.: 1968, p viii

[5] -Ibid. P. 3-4

بەڵام گیۆرگن لارسن ( Jørgen Elm Larsen) پێیوایە "کۆمەڵگەی چالاك بە پێچەوانەی سیستەمی چاودێری کۆمەڵایەتی لە بنچینەدا هەوڵدەدات هەموو هاووڵاتیان بکات بە کرێکار (ئیشکەر)، کۆمەڵگای چالاك وەك باشترین و تاکە ڕێگا سەیردەکرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەژاری و پەراوێزبوونی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵەیە ئەگەر بوترێت کۆمەڵگای چالاك جێگەی کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانی دەگرێتەوە، شیاوترە ئەگەر بگوترێت کە گرنگی و جەختکردنەوەیەکی زۆر هەیە لەسەر حوکمدارکردنی کۆمەڵگا لە ڕێگەی چالاککردنی تاك بە شێوازگەلی جیاواز ئەگەر بکرێت لە ڕێگەی بەشداریکردنی بازاڕی کار، بەڵام جگە لەوە لە ڕێگەی کاری کۆمەڵایەتی خۆبەخشی و کاری پێکەوەیی، هەروەها چاوەڕواندەکرێت هاووڵاتی چالاك لە هەموو پرسەکانی پەیوەند بەخۆیان و خێزانەکەیان چالاك بێت"[1].ئەمیتا ئیتزیۆنیش لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (کۆمەڵگەی چالاك) دا دەڵێت"خودی چالاك بە شێوەیەکی ئاسایی تاك نییە، چونکە تاکە مرۆڤ بە گشتی توانای ئەوەی نییە کۆمەڵەکان بگۆڕێت، بەڵام کۆمەڵێك کەس کە پێکەوە گرووپی کۆمەڵایەتی خۆیان چالاکدەکەن، بەمشێوەیە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان و خودی تاکی خۆیان دەگۆڕن. بەبێ هوشیاریی ئەکتەری بەکۆمەڵ ئاگاداری ناسنامەی خۆی نییە، ئاگای لەوە نییە کە چ کارێکی لەسەر دەکرێت و، توانای جێبەجێکردنیشی نییە، ئەو ناچالاکە وەکوو

---

[1] - Jørgen Elm Larsen. The Active Society and activation policy. p 81
لە ئینترنێت وەرگیراوە، بڕوانە:
http://www2.ihis.aau.dk/gep/publicationer/nr4.pdf

زەبەللاحێکـــی خەوتـــوو وایە، بەبـــێ پابەنـــدبوون بە ئامـــانجێکەوە کـــارو کـــردە ئاراستەی نابێت و تەنها بە لارێ دا دەڕوات"[1].

ئەمیتا ئیتزیۆنی بەردەوام دەبێت و دەڵێت "کۆمەڵگەی چالاك تا رادەیەك بـریتییە لە کـۆمەڵگەیەکی بزاڤـی کـۆمەڵایەتی، بەڵام سـێ (٣) جیـاوازی سـەرەکی لەنێـوان سـەردەمی بزاڤـی کـۆمەڵایەتی تۆتالیتـاری و کـۆمەڵگەی چالاکدا هەیە، هەرە دیارەکەیان رووخساری مێژووییە، حکومەتە تۆتالیتارەکان —تا ئەو رادەیەی لە سەرچاوەکانیان دەڕوانین (لە بنچینەوە لێی دەڕوانن)، -لە شۆڕشێکەوەو لە ژینگەیەکی دوژمنکارانەوە لەدایکبوون. کۆمەڵگەی چالاك لەوانەیە بەرە بەرە بە هەمـان شـێوە پەیـدا بـن، بەڵام لە ژینگەیەکـی کەم پـڕ دوژمنایەتی تردا. دوو جیاوازییەکەی تر پێوەندییان بە ئامادەسازی راستەوخۆ دژ بە ئامادەسازی ناڕاستەوخۆ و پشتبەستنێکی رێژەیی بە ئیقنـاعکردن دژ بە پەروەردەکردن، رێگای دروستکردنی رای ئیجماعەوە هەیە"[2].

"کۆمەڵگەی چالاك هەوڵدەدات بۆ پاراستن و بەهێزکردنی پلۆرالیزم و یەکە بچووك و گەورە پێکەوەنووساو (متماسك) ەکان کە جەستەی کۆمەڵگەی لـێ پێکــدێت. چـــالاکی کـــۆمەڵگە لەســـەر ئامادەســـازی زێـــدەبووی یەکە کۆمەڵایەتییەکـان وەسـتاوە، نەك داواکـاری راسـتەوخۆ بـۆ بـوونە ئەنـدام، ئامادەسازییەکەش پێویستە لەسەر پەروەردەکردنـی سیاسـی و دروسـتکردنی رای ئیجمـاع بوەسـتێ بـۆ ئەوەی پابەنـدبوونێکی کـاریگەر پتـر لە ئیقنـاعبوون پێشـکەش بکـات"[3]. واتـا "کاتێـك چـالاکبوون بەرزدەکـرێتەوە بـۆ ئاسـتی ئایدیۆلۆژیا، مەترسی ئەوە هەیە ببێتە هێزێکی ناڕەوشتی و نافیکری. زۆر لە

---

1 -Amitai Etzioni. Op. cit. pp. 4-5

٢ هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل٥٢٦ -

٣ - هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە

داب و نەریتە فاشیستەکان رەگەزی ئەوە دەردەخەن کە-ئێستا کار بکە، دواتر بیر بکەرەوە-، ئەمەش بریتییە لە دابەزاندنی حوکمی رەوشتی و بیرکردنەوەی ئەقلانی لەپێناو بەرژەوەندییە تایبەتییەکان، مۆسۆلینی وتی: فاشیزم حەز لە مرۆڤێکی چالاك دەکات کە بەهەموو هێزو توانای خۆیەوە بە چالاکییەوە خەریکە"[١]. لەبەرئەوەی "ئەگەر رێکخراوی سیاسی کۆمەڵگا تا رادەیەك بەهێز بێت کە دەرکەوتە حزبییە توندەکان تەسك بکاتەوە یان بێدەستەڵاتیان بکات، ئەوا تۆتالیتاریزم پەیدا دەبێت، لەکۆمەڵگای چالاکدا هاوسەنگی نێوان یەکە بچووکەکان و کۆمەڵگا لەناوەند دەبێت"[٢].

لەرووی دیموکراسیشەوە ئیتزیۆنی وایدەبینێت کە"دیموکراسییەت پشت بە هاوسەنگی نێوان یەکە بچووکە کۆمەلایەتییە سەربەخۆکان دەبەستێ، هەروەها دەرکەوتە رێکخراوەییەکانیان لەگەڵ کۆمەڵگا، هەروەها لەگەڵ رێکخراوە سیاسییەکان ئەگەر یەکە کۆمەلایەتیەکان بەهێزتر بن لە رێکخراوی سیاسی کۆمەڵگا ئەوا ئاژاوەی عەشیرەتگەری و دەرەبەگایەتی بالادەست دەبێت"[٣]. "

گۆڕانی دەوڵەتی تۆتالیتاری بە ئاراستەی کۆمەڵگەی چالاکدا پێویستی بە گەڕانەوە هەیە بۆ هەندێ لە رووخسارەکانی بزاڤی کۆمەڵگە کە بووە هۆی پەیدابوونی سیاسەتی (چین وسۆڤێت) ی کۆمۆنیستی و هەروەها نازییەتی ئەڵمانی. بزاڤی کۆمەلایەتی ئەو سیماو ئاکارەی پێوەیە کە ئاستێکی بەرزی چالاکی ئەندامەکانی تێدا دەردەکەوێت، لەکاتێکدا میکانیزمێکی زەقی کۆنترۆڵی تێدا نییە، زنجیرەی پڕ لە کاریگەری سەرکردایەتیکردن و پابەندبوونی هاوشێوەی قووڵی ئەندامەکان وادەکات ئەو جوولانەوەیە زیاتر

---

[١] - هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل٥١٢

[٢] - هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل ٥١١

[٣] - هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل٥٠٨-٥٠٩

بەهۆی کاریگەرییەوە بکەوێتە گەڕ نەك بەهۆی هێزەوە. کارگێڕی دەبێتە ئیقناع بوون، زۆرجار ئەو ئیقناعبوونەش بە شێوەیەکی زێتربووی بەهێز پشتگیری لێدەکرێ. کەواتە پرسیارەکە لێرە ئەوە نییە کە چۆن بتوانین بە شێوەیەکی بەردەوام ڕێکخستەی بزاڤێکی کۆمەلایەتی بپارێزین کە ئەمەش هەولێکی یۆتۆپی یە، بەلام پرسیارەکە ئەمەیە چۆن هەندێك لە رووخسارەکانی ئەو بزاڤە بپارێزین بەتایبەتی لە ئاستی بەرزی پابەندبوون و بەشداریکردن"[1].

بەلام، "ئەگەر ئیرادەی گشتی بۆ پشتگوێخستنی یەکە بچووکەکانی کۆمەلگە پێداگیری لەسەر بکرێت، ئەوا بۆ ئەمەش تۆتالیتاریزم دروست دەبێت. گەڕان بەدوای کرۆکی مەوقیعی دیموکراسی و گفتوگۆکردن لەبارەی سرووشتی ئەو هاوسەنگییە بریتییە لە گفتوگۆیەکی سەرەکی لەنێوان شۆڕشە دیموکراسییە جۆراوجۆرەکان.

لەوانەیە حکومەتێکی دیموکراسی نەرمونیان بێت، بەلام هەندێکجاریش ئەو حکومەتە بێ وەلامە، جیاوازی سەرەکی لە نێوان سیاسەتێکی زۆر نەرمونیان و یەکێکی تر کە وەلامدەرەوەیە، بریتییە لە:

١- ڕێژەی ئەندامان کە لە پرۆسەی سیاسیدان لەگەڵ ڕێژەی ئەو ئەندامانەی کە لە دەرەوەی ئەو پرۆسەیەدان.
٢- لە رادەی ئەو هێزی سیاسیەدان کە بە شێوەیەکی یەکسان لەنێوان ئەندامان دابەشکراوە.
٣- لە رادەی هێزی یان ئەو سەرچاوانەیدایە کە بە شێوەیەکی یەکسان لە نێوان ئەندامان‌دا دابەشکراوە"[2]

---

[1] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢٥
[2] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١١.

کــۆمەڵگەی چــالاك گۆڕانکــارییەکی ســـەرەکییە لە کـــۆمەڵگەی خۆشگوزەرانی و بەم شێوەیە هاووڵاتی بۆ هـاووڵاتیبوونی چالاك دەگۆڕێت و ئەمەش "گرنگیپێـــدانێکی نـــوێ بە بەرپرســـیارێتییە کەســـییەکانی تـــاك و خێزانەکانیان و کۆمەڵەکانیان لەپێناو خۆشگوزەرانی داهاتوویان و لەسەر ئەرکی خۆیان بۆ هەنگاونانی چالاکانە بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامـانجە، رۆزی نووسـەر ئەو شـێوازی حـوکمڕانییە نـاو نـاوە حـوکمڕانیکردن-بەڕێـوەبردنی حکـومەت-لەلایەن خەڵکەوە"[1].

بۆ پێشخستنی کۆمەڵگەی چالاك چەندین بۆچوون و لێکدانەوە هەیە، "بەڵام ئەوەی گـرنگە روون بێـت ئەوەیە کۆنسـێپتی کۆمەڵگـای چـالاك تەنهـا داهێنراوێکی نیولیبرال (Neo-Liberal) ی نییە، بەڵکو نـزیکەی زۆربەی لایەن و ئایدیۆلۆژیاکان پاڵپشتی ئایدیای کۆمەڵگای چالاك دەکەن و ئەو ئایدیایەش بە راستی کەوتۆتە چەقی رێگا (شێواز) ی سێیەم (واتا هەڵبژاردنی سێیەم یان مامناوەند) ی پراکتیزەو گوتاری سیاسی سۆشیال دیموکراتی، هەرچەندە کۆنسێپتی کۆمەڵگای چالاك کۆنسێپتێکی گشتگیرەو چەندین رێبازی جیاواز لەخۆدەگرێت سەبارەت بەوەی کێ هاووڵاتیان چالاك بکات و لەسەر چ مەرج و بنەمایەك بێت، بەلام تاکە بۆچوونی روون لە کۆنسێپتی کۆمەڵگای چالاك بـریتییە لە پشـت بەخۆبەسـتن (Self-reliance). پشـت بەخۆبەسـتن تـوخمێکی ســەرەکییە لە پرۆســەی دارشــتنی کۆمەڵگــای چــالاك، کۆنســێپتی پشــت بەخۆبەســتن گرنگییەکــی زۆر بە تــاك و مەیلــی کــارکردن دەدات، پشــت بەخۆبەســـتن وەك پـــێچەوانەی سیســـتەمی (چـــاودێری کـــۆمەڵایەتی) ناسـەربەخۆیی دەبینرێـت، وۆلـتەرز دەڵێـت، بـابەتی بێکـاری و بێکـاران بـووەتە

3- Larsen. Op. Cit. p. ٨٢

بـابەتی سـەرەکی لە گەڕان بەدوای ئەو چارەسـەرییانەی کە وادەکـات خەڵـك (چالاك) بن و پشت بەخۆیان ببەستن، بەتایبەتی لە بواری ئیدارەی بێکاری ژمـارەیەکی زۆر تەکنۆلۆژیـای کـۆمەڵایەتی نـویێ دامەزراون کە بـابەتەکە (چالاك) دەکەن، بۆنمـوونە پلانـی کـارو (رێککەوتننـامە) لە نێوان ئەوکەسـەی داوای سـوودی کـۆمەڵایەتی دەکـات و ئەو ئاژانسـەی سـوودەکە مسـۆگەردەکات"[١]. لەمەوە بۆمـان دەردەکەوێـت یەکێـك لە بەردی بنـاخەی کۆمەڵگای چالاك بریتییە لە سیاسەتی چالاککردن، راستە "سیاسـەتەکانی بازاڕی کاری چالاك دیاردەیەکی نویێ نییە، بەڵام بێگومان جیاوازیش لەنێوان سیاسـەتە کـۆنەکەی بـازاڕی کـارو سیاسـەتی نـوێی چـالاککردن هەیە، یەکەم جیاوازیش لەوەدایە، سیاسەتی چالاککردن زیاتر گرنگی بە لایەنی دابینکردن دەدات نەك بەلایەنـی داواکـردن، دووەم جیـاوازیش ئەوەیە لەبەر گرنگیـدان بە لایەنـی دابینکـردن تـاك دەکەوێـتە پێشـینەی کـاری دەستپێشـخەرییەکانی سیاسـەتەوە. شـایانی ئامـاژە بـۆکردنە زۆربەی ئەو خەڵکـانەی ئێسـتا کە وەك ئامانجی سیاسەتی چالاککردن رەچاودەکرێن پێشتر لە بازاڕی کار چالاك بوون یـان چالاکـانە بەدوای کـار دەگەڕان، بەڵام بەهـۆی قەیرانـی کـارو گـۆڕانی هەلـومەرجی بـازاڕی کـار دەرکـراون یـانیش نەیـانتوانیوە کاریـان دەسـتبکەوێت، ئێسـتا سیاسـەتەکانی چـالاککردن هەوڵـدەدەن ئەوجـۆرە خەڵکـانە رێنمـایی بـکەن بـۆئەوەی لەگەڵ ئەو هەلـومەرجە گـۆڕاوانەی سـەر بـازاڕی کـار بگـونجێن و ئەگەر نەتـوانن یـان حەزنەکەن لەگەڵ ئەو هەلـومەرجە تـازانەدا بگـونجێن ئەوا وەك کەسـانی تەمـبەڵ و فەرامۆشـکراوو بێکەڵـك و نائاسـایی و. هتـد سەیردەکرێن و لە نرخیان کەمدەکرێتەوە"[٢].

---

[١]- هەمان سەرچاوەی سەرەوە، هەمان لاپەڕە.

[٢] - هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل ٨٢-٨٣

لارسن پێیوایە "لەماوەی (١٠) ساڵی رابردوودا[١]، زۆربەی وڵاتە ئەوروپییەکان ئەوانەی سیستەمی چاودێری کۆمەڵایەتیان هەیە پەیڕەوی جۆرێك لە بەرنامەی کارپێکردنی کاتیی حکومی یان سیاسەتەکانی چالاککردنیان لە بواری سیاسەتی بێکاریدا کردووە. ئەو رێچکە چالاك و نوێیە لە بازاڕی کارو سیاسەتی کۆمەڵایەتیدا لەو وڵاتە ئەوروپیانەی سیستەمی چاودێری کۆمەڵایەتیان هەیە بەناوی جیا جیا ناسراوە، لە نەرویژ بە (پلانی کارکردن)، لە دانیمارك بە (پلانی چالاك)، لە بەریتانیا بە (ئاسوودەیی بۆ کار) و لەهۆڵەنداش بە (کار، کار، کار) و لە فەرەنساش بە -ئارِ. ئێم. ئای-[٢]ناسراوە. ئەو رێو شوێنە چالاکانە لە نوێکردنەوەی سیستەمەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و هاندان یان زۆرلێکردنی بێکاران و سوودمەندبوونی تری کۆمەڵایەتی بۆ بەشداریکردن لە بازاڕی کاردا گرنگیی زۆری دەبێت ."[٣]

لارسـن بەردەوامـدەبێت و دەڵێت"سیاسـەتەکانی چـالاککردن گـۆڕانێکی زۆر دەگەیەنن لە رێگەی یەکخستنی بوارەکانی سیاسەتی کۆمەڵایەتی و سیاسـەتی بـازاڕی ئـازادی چـالاك کە جـاران لە زۆربەی وڵاتە ئەوروپییەکانـدا بە شـێوەی بواری جیا جیـا بـوون، لەگەڵ ئەوەشـدا جیـاوازیگەلێکی سـەرەکی لە نێـوان وڵاتە ئەوروپییەکانـدا هەیە لە رووی گشـتگیریی پـلان و پرۆگرامەکـان، بۆنمـوونە لە هۆڵەنـدا قەبـارەو هەمەجـۆریی رێوشـوێنەکان لە هەمـوو وڵاتێکـی تـری ئەوروپـی گەورەترە، لە نەمساو ئەڵمانیا کە بەرنامەی کـارپێکردنی کـاتیی حکومی هەر لە کـۆنەوە رۆڵێکـی گرنگیـان لە یارمەتیـدانی کـۆمەڵایەتی نەبـووە، سیاسـەتەکانی چالاککردن لە سـاڵانی نەوەدەکانیشـەوە زیـاتر گرنگیـان زیـادی کـردووە، لەوڵاتـانی

---

١ - Larsen، ئەم تۆژینەوەیەی لە ساڵی (٢٠٠٥) بەچاپ گەیاندووە.

2 - R. M. I واتا Minimum d insertion Revenu

٣ - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٦

باشووری ئەورووپاش سیاسەتی چالاککردن جگە لە چەند جیاوازییەکی سەرەکی هەروەك ئەوەی ئەمڕۆ وایە[1]".

لێرە دەگەینە ئەوەی کە کۆمەڵگەی کوردی هێشتا نەگەیشتۆتە سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی چالاك، چونکە لە رووی بزووتنەوە سیاسییەکەی، راستە جۆرێك لە وروژاندنی کۆمەڵگەی دروستکردووە، بەڵام وروژاندنەکە بەرەو ئاستێکی مەترسیدار بووە، نەك چالاککردن بەو مانایەی کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێن بێنێتە بەر. گرنگترین خاڵ بۆ کۆمەڵگەی چالاك بریتییە لە پشت بە خۆ بەستن، کەچی لەناو تەواوی کۆمەڵگەی کوردی ئەو پشت بەخۆ بەستنە بوونی نییە، حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانیش لە ماوەی ئەو (٢٠) ساڵەی رابردوودا، بچوکترین هەنگاویان نەنا بۆئەوەی کۆمەڵگە بە گشتی پشت بە خۆی ببەستێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان (بزووتنەوەی گۆڕانی لێدەرچێت) هەموو هەوڵێکیان بۆ مراندنی توانای هەر تاکێکی ئەم هەرێمە بوو، تا ئێستا کەسی شیاو لە شوێنی نەشیاو و کەسی نەشیاو لە شوێنی شیاو، وەك تانو پۆ تێکەڵ بە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم کراون، لەماوەی (٢٠) ساڵی رابردوودا، سیاسەتی حزبە سیاسییەکان، پێدانی مووچەی بێ بەرامبەرو، پێوەری خزمایەتی و تێکەڵبوونی بەرژەوەندییەکان، دامودەزگاکانی حکومەتی پەککخستووە، گرفتی گەورە ئەوەیە تا ئێستاش، دوای (٢٠) ساڵ لە خۆبەڕێوەبردن، نە حکومەتی هەرێم و نە حزبە سیاسییەکان (بەتایبەت حزبی دەسەڵات کە پارتی و یەکێتین) سیاسەتێکیان بە ئاراستەی چاککردن و چالاککردن نییە، چونکە بوونی ئەم سیاسەتە دەبێتە دامەزراندنی بەردی

---

[1] - هەر هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢

بناخەی کۆمەڵگایەکی چالاك. بەڵام تا ئێستاش هەردوو حزبی دەسەڵات، پلانێکی ستراتیژییان بەو ئاراستەیە دانەرشتووە، کە ئیتر قۆناخێکی نوێ لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی دەست پێبکات، بەڵکو بزووتنەوەی گۆڕان، وەك تارماییەك کە هێشتا ئاراستەکەی نازانرێ بەکام لادا هەنگاو دەنێ، دەرکەوتووەوتوانیویەتی جوولەیەك بخاتە ناو کۆمەڵگەی کوردییەوە، ئیتر هێشتا نازانرێ، ئایا وەك پەرچەکردارێکە دروستبووە، یان بەرەو بزووتنەوەیەکی توندڕەوو تۆتالیتار مل دەنێ، یانیش سیاسەتێکی چالاککردنی بەدەستەوەیەو، بناخەیەك بۆ چالاککردنی کۆمەڵگەی کوردی لە هەرێمی کوردستان دادەنێت، لەبەرئەوەی هێشتا زۆر سەرەتایە، ناتوانین هیچ بڕیارێك بدەین، تەها ئەوەی ئێستا هەیە، گوتارەکانیان گوزارشت لەو مەینەتیانەی دەیان ساڵی رابردوو دەکات کە بەهۆی هەردوو حزبی دەسەڵاتەوە سەپێنرابوو، بۆیە حاڵی حازر ئەو بزووتنەوەیە سیاسەتێکی بەرەو ئاراستەیەکی باشتر لەو دوو حزبەی دەسەڵاتیان نیشانداوە، ئەگەر لەسەر هەمان رەوت و سیاسەت بەردەوام بن.

## بەشی سێیەم

## چوارچێوەی تیۆری بۆ حزبی سیاسی

یەکەم : سەرهەڵدانی حزبی سیاسی

دووەم : پۆلێنکردنی حزبی سیاسی

سێیەم : ئایدیۆلۆژیای حزبی سیاسی

چوارەم : وەزیفەی حزبی سیاسی

پێنجەم : پێکهاتەی حزبی سیاسی

## چوارچێوەی تیۆری بۆ حیزبی سیاسی

حزبی سیاسی لە بنەڕەتدا دیاردەیەکی نوێیە، چونکە مێژووی حزبی سیاسی مێژوویەکی هێندە لەمێژینەی نییە، تەنانەت تا پێش ناوەراستی سەدەی نۆزدە تەنها لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئینگلتەرا هەبوو، دوای ئەم مێژووە وردە وردە لە هەندێك وڵاتانی دیکەی ئەورووپادا سەریان هەڵدا. بەڵام لە وڵاتانی ئاسیاو ئەمریکای لاتینی چەندین حیزب لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە هاتنە دروستبوون، بەهەمان شێوە لە میسر و لیبریاش دروست بوون. بەڵام لە زۆربەی وڵاتانی ئەفریقیاو باشووری بیابان حزبی سیاسی تا سەدەی بیستەم بەخۆیەوەی نەبینی[1].

حزبی سیاسی لەوڵات و کۆمەڵگای دواکەوتوو تووشی ئاڵۆزی و تەگەرەی سەخت بووین، ئەمەش لە لایەك رەنگدانەوەی ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییە تێکچڕژاوە بووە کە نە پسپۆری و نە دابەشکردنی کار هەبووە، لە لایەکی دیکەیشەوە کاریگەری ئەو هەموو زوڵم و زۆرییەی لەسەری بووە وایکردووە حزبی سیاسی بەگشتی ماکێکی توندوتیژی لەنێو منداڵدانی خۆی

[1]- د. بلقيس احمد منصور، الأحزاب السياسية والتحول الديمقراطي-دراسة تطبيقية علي اليمن وبلاد اخرى، مكتبة مدبولي، القاهرة، ٢٠٠٤، ص ١٣

هەڵبگرێت کە لەلایەن کۆمەڵگەوە قەبوولکراوە. بۆیە لەقۆناخی دروستبوونی حزبی سیاسی لە کوردستاندا، بوونی حزبی سیاسی هیچ بوارێکی بۆ قووڵکردنەوەی دیموکراسی نەڕەخساندووە[١]، ئەمەش لەبەر دوو هۆ بووە، یەکەمیان هەموو حزبە سیاسییەکان کە دروستدەبوون، جۆرێك لە زاڵبوونی سیستەمە سیاسییەکەیان بەسەردا زاڵ بووە، حزبی فەرمانڕەوا چووبووە ناو زهنییەتی هەر تاکێکی نێو کۆمەڵگا[٢]، بەتایبەت ئەوانەی سیاسی بوون، ئەمەش بواری ئەوەی دەرەخساند ئەو حزبە سیاسیانەی کە دروستیش دەبن بە جۆرێك لە جۆرەکان گرنگی بە گیانی رووبەڕووبوونەوەی شۆڕشگێڕی و رووخانی سیستەمی سیاسی بدەن، ئیتر قووڵکردنەوەی دیموکراسی بەهایەکی ئەوتۆی نەدەدما، **دووەمیشیان** ئەوەبوو حزبە سیاسییەکان کە دروست دەبوون رەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی وڵاتەکەیان بوون[٣]، کۆمەڵگاکانی وڵاتە دواکەوتووەکان بریتیبوون لە کۆمەڵگایەکی خێڵەکی داخراو و بوونی رێژەیەکی زۆری نەخوێندەوار، لەلایەکی تریشەوە زاڵبوونی بیرۆکەی ستالینی لەلایەك و ناسیۆنالیستی لە لایەکی ترەوە[٤]، هەموو ئەمانە وایانکرد، دروستبوونی حزبی سیاسی لە کوردستاندا نەتوانێ دیموکراسی بهێنێتە ئاراوە.

[١] - فەلەکەدین کاکەیی، سەرچاوەی پێشوو.
[٢] - هەمان سەرچاوەی پێشوو.
[٣] - دیمانەی کەریم ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو.
[٤] - فەلەکەدین کاکەیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

لەم روانگەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ، زاڵبوونی ئەم تێڕوانینەی کە لە سەرەوە باسکرا، هۆکاری زۆر جیدیی بوون لە چەقبەستنی دیموکراسی، بەشێوەیەك دوای رووخانی دیواری بەرلین لە پاییزی ١٩٨٩و دواتر لەباریەکهەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێت و تەنانەت دوای رووخانی رژێمی بەعس لە نیسانی ٢٠٠٣ کەچی هێشتا کولتووری تاکڕەوی و خۆسەپاندن بەسەر زهنییەتی حزبی سیاسی لە کوردستاندا زاڵە، هەرچەندە خەریکە وردە وردە سندووقی دەنگدان دەبێتە پێوەر کە کام حزب دەسەڵات دەگرێتە دەست، بەڵام شێوازی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکەش پرسیاری لەسەرە.

**یەکەم : سەرهەڵدانی حیزبی سیاسی**

بیرکردنەوە لە حزبی سیاسی لەوکاتەوە هاتە باسکردن، کە دووگرووپی جیاواز لەبیروبۆچوون دەهاتنە ئاراوە بۆ بەڕێوەبردنی ئەنجوومەنە گشتییەکان، لە بەریتانیا هەر لە سەردەمی (شارلسی یەکەم) [١]ئەو کێشانە دروست بوون و

---

[١] - شارلسی یەکەم (١٦٠٠-١٦٤٩ز) پادشای ئینگلتەراو ئیسکوتلەنداو ئیرلەندا بووە لە ساڵانی (١٦٢٥-١٦٤٩ز) ساڵی (١٦٢٩) پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە کاتێك داوای پابەندبوون بەو بەڵگەنامانەو ئەو واژۆیانەی لێدەکرا کە پەیوەند بوون بە فەراهەمکردنی ماف و ئازادییەکان. ساڵانی (١٦٢٩-١٦٤٠ز) تاکڕەوانە حوکمی پادشایەتی دەکرد، تا راپەڕینی ئیسکوتلەندییەکان ناچاری کرد سەرلەنوێ لەساڵی (١٦٤٠ز) داوای پەرلەمان بکاتەوە. بەڵام زۆری نەبرد شەری ناوەخۆ لە نێوان لایەنگرانی پادشا لە لایەك و سوپای پەرلەمانتاران و ئیسکوتلەندییەکان لەلایەکی ترەوە کە بە (هاوپەیمانی نوێ) ناودەبردران هەڵگیرسا ئەنجام لە ساڵی (١٦٤٦) خۆی تەسلیمی ئیسکوتلەندییەکان کرد، بەڵام ساڵی (١٦٤٧) توانی رابکات و بۆجاری دووەم شەڕی ناوەخۆ هەڵگیرسێتەوە، بەڵام کۆتاییەکەی بە سەرکردەی شۆڕشگێڕان (ئۆلیڤەر کرۆمۆل) توانی لە رێگەی پەرلەمانەوە ساڵی (١٦٤٩) بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەربکەن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
http://en. wikipedia. org/wiki/Charles_I_of_England)

جۆرێــك لە کۆبەنــدی و تــاقمگەرایی (تکتــل) لەنێــو ئەنجوومەنەکانــدا دروستدەبوون کە بەموحافیزکارەکان و رادیکاڵەکان ناودەبردرێن. ئەم دابەشبوونە بووە هۆی دروستبوونی ململانێ، ئینجا بووە هۆی داگیرساندنی شەڕ لەنێوان پادشاو پەرلەمان، ئەنجام پادشایان گرت و فەرمانی لەسێدارەدانیان بۆ دەرکرد و فەرمانەکەش جێبەجێکرا[1]. دواتریش رێکخراوەو کۆمەڵەی لە چەشنی یانەی میللی و گرووپی فیکری و تەنانەت گرووپی پەرلەمانیش هەبوون، بەڵام ئەمانە هیچیان بەمانا نوێکەی حزب، حزب نەبوون. لە ئەمریکاش بەهۆی سەرکەوتنی کۆمارییەکان بەسەر یەکبوونەکان –فیدراڵەکان (الاتحادیون) لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٨٠٠ کە تۆماس جیڤرسۆن[2] سەرکەوتنی وەدەستهێنا، بوار بۆ ئەوە رەخسا کە حزب دروستبکرێت و دواتریش (مادیسۆن) [3]کە ئەویش هەر لە کۆمارییەکان بوو، پشتگیری لە (جیڤرسۆن) کرد، لەکاتێکدا یەکبوونەکان

---

[1] - حسين جميل، نشأة ألأحزاب السياسية، بيروت، دار العربية للموسوعات، ١٩٨٤، ص١٣.

[2] - تۆماس جیڤرسۆن (١٣/٤/١٧٤٣-٤/یولیو/١٨٢٦) سێیەم سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە لە نێوان ساڵانی (١٨٠١-١٨٠٩) ، بە دانەری سەرەکی راگەیاندنی سەربەخۆیی لە ساڵی (١٧٧٦) دادەنرێو لە باوکانی دامەزرێنەرە. جیڤرسۆن فەیلەسوفێکی سیاسی بوو لەسەردەمی رۆشنگەری (عصر التنوير). جیڤرسۆن پشتگیری لە جیاکردنەوەی کەنیسە لە دەوڵەت دەکردو دانەری (سیستەمی بنەڕەتی بۆ ئازادی ئایینی لە ولایاتی ڤێرجینیا (١٧٧٩-١٧٨٦) ، رێبەر (زعيم) ی حزبی دیموکراتی –کۆماری بووکە بەسەر سیاسەتی ئەمریکادا زاڵ بوو، رۆشنبیرێکی مەوسوعی بوو لە زۆر بواردا، دامەزرێنەری زانکۆی ڤێرجینیایە. بڕوانە (الكيالي، الجزء الثاني، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١). (فرنسوا شاتليه وأخرون، ص٣٨١ -٣٨٦).

[3] - جیمس مادیسون (١٦/٣/١٧٥١-٢٨/یونیو/١٨٣٦) چوارەم سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە لە ماوەی ساڵانی (١٨٠٩-١٨١٧) بە باوکی دەستوور ناسراوە. چونکە لە ساڵی (١٧٨٧) بە هاوکاری (ئەلیکسەندەر هاملتۆن) و (جۆن جای) رۆڵێکی گرنگی بینی لە دانانی دەستوور بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی هەژدە بەهاوکاری تۆماس جیڤرسۆن ( حزبی کۆماری دیموکراتی) یان دامەزراند. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
http://en. wikipedia. org/wiki/James_Madison

(الاتحـــادیون) دژی دروســـتکردنی حـــزب بـــوون، بەڵام لەبەرئەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا دۆڕاندبوویان، کاریگەرییەکی ئەوتۆیان بۆ نەمابووەوە. بۆیە ئەم هەڵبـژاردنە پەرلەمـانییەی ساڵی ١٨٠٠ بە بەردی بنـاغەی دامەزرانـدنی حزبـی سیاسـی دادەنـرێ، ئەگەرچـی لەوسـاڵەدا حـزب دروسـت نەبـووەلە ئەمریکادا. بۆیە کە باس لە حزبی سیاسی دەکەین، مەبەستمان لەو حزبەیە کە خودان رێکخستن و پرۆژەی سیاسی بووە بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی، لەبەرئەوەیشـە (دۆڤـرچیە) وایـدەبینێ کە وشـەی حـزب زۆر بە وردی و بە دیقەتەوە دیاریبکرێت و ئینجا پێناسەی بکرێت، چونکە تا ساڵی (١٨٥٠) لە هیچ وڵاتێکی دونیادا (جگە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) نەیدەتوانی بە مانای وشە سەردەمییەکە بزانی حزب چییە[١]. وشەی حزب لە هەردوو قۆناخی یۆنـانی (گریکـی و رۆمـانی کـۆن)، تەواوی شـێوەکانی سیاسـەت دەگـرێتەوە، هەروەهـا بەکارهێنـانی حـزب (تـاقم — Clan)یـش دەگـرێتەوە بەتـایبەت بـۆ ئەو حزبـــانەی کە لە دەوری یەك لە ســـەرکردەکانیش لە ئیتالیـــا لە ســـەردەمی رێنیسانس کۆدەبوونەوە، هەروەها وشەی حزب یانەکانیشی دەگرتەوە، ئەویانانەی کە ئەندامانی لێیکۆدەبوونەوە، یان ئەو لیژنانەی کە هەڵدەستان بە ئامادەکردنی هەڵبژاردنەکان بۆ هەڵبژاردنی پادشاکان لە لە سەدەکانی ناوەڕاست لەو یانانە کۆدەبوونەوە.

بەگشتی سێ بیردۆزی جیاواز و گرنگ دەربارەی ئەسڵی پارتە سیاسیەکان هەن[٢]. هەر یەکەیـان دەربـارەی یەکێـك لە لایەنەکـانی هەقیقەتـی مەسـەلەکە

[١] - دۆڤرجیە، الاحزاب السیاسیە، مصدر نفسە ص ٦. هەروەها بڕوانە:د. عبداللە محمد عبدالرحمن، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤١

[٢] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

بەشێك لە ڕاستیان تێدایە. لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ یەكێك لەم نموونانە بە تەواوەتی تەفسیری مەسەلەكە ناكەن.

"**بیردۆزی یەكەم** جەخت لەسەر تایبەتمەندێتی بەرەوپێشچوونی مێژوویی دەكاتەوە و ئەوە دەخاتەڕوو كە دامەزراندنی پارتە سیاسیەكان ئەنجامی ئەو ڕۆڵە سەرەكیەیە كە پێكهێنانی سیستەمی هەڵبژاردن و بەرفراوانبوونی، بەردەوامی مافی دەنگدان دەیبینێت، كە بە دواییدا سیستەمە پەرلەمانتاریەكان دادەمەزرێت. ڕوانگەی ئەم بیردۆزە ئەوەیە كە بە هۆی هەلومەرجە دامەزراوەییەكەوە ئەم پرۆسەیە تایبەتمەندە و ناتوانرێت لە شوێنێكی دیكە و بە هەمان فۆرم دووبارە بكرێتەوە. سەرەكیترین ئەو كەسانەی باوەڕیان بەم بیردۆزە هەیە موریس دوفرجێیە"[1].

"**بیردۆزی دووەم** باس لە سەرهەڵدانی پارتە سیاسیەكان دەكات بەهۆی فاكتەرەكانی دەرەوەی پەرلەمانەوە. خاڵی دەستپێك تێیدا بریتیە لە بەرفراوانبوونی ئازادیە سیاسیەكان، ئەو یاسایانەی كە هەڵدەستن بە ڕێكخستنی ئازادی كۆبوونەوەو ئازادی دامەزراندنی كۆمەڵە بە گرنگترین مەسەلە دادەنێت، لەبەر ئەوەی ئەم یاسایانە وا لە تاكەكەسە گۆشەگیرەكان دەكەن خۆیان لە گرووپەكاندا ڕێكبخەن و دەستپێشخەری بە كۆمەڵ بكەن و دواتر پارتی سیاسی دابمەزرێنن. وەك ئەنجامی بە لیبراڵیكردنی دەستوورەكان و بەرفراوانبوونی مافە جیاوازەكان، بە تایبەتی مافی دەنگدان، ئەمانە ڕۆڵێكی گرنگیان بینیوە لەسەر شانۆ سیاسیەكەدا. حزبی سیاسی-ئەوەی

---

JÁNOS SIMON- The Change of Function of Political Parties at the Turn of Millennium ،Institute for Political Science of the Hungarian Academy of Sciences- WP núm. 221- Institut de Ciències Polítiques i Socials- Barcelona- 2003-p4 .

[1] - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

پەیوەندی بەم ئەرکەوە هەبێت-بە کەناڵێك دانرا بۆ گوزارشتکردن لە بەرژەوەندییەکانی خەڵك. ئەم مەیلە (لێکدانەوەیە) - هاوشێوەی بیردۆزی پێشوو-بانگەشەی ئەوە دەکات ئەم پرۆسەیە تایبەتمەندە و قابیلی دووبارەکردنەوە نیە"[1].

"بە پێی **بیردۆزی سێیەم**، باس لە حزبەکان وەك (ڕۆڵەی شۆرشن) دەکات، لە ئەنجامی ئەمەشەوە پەیوەستی دەکاتەوە بە دەرئەنجامە ڕاستەوخۆکانی خاڵەکانی هەرەسهێنانەوە (ئەو کاتەیە کە کێشەکان ئەوەندە گەورە دەبن چیتر سیستەمەکە ناتوانێت رووبەروویان ببێتەوە) کە لە کۆمەڵگە تەقلیدیەکاندا ڕوودەدات، هەروەها دەیبەستێتەوە بە مۆدێرنیزەکردنی ئابووری و کولتوورییەوە"[2].

بەگشتی بەشێکی زۆری لێکۆڵەرەوان[3] (لەسەر ئەو رایە یەکدەگرنەوە کە سەرەتای سەرهەڵدانی حزبی سیاسی بۆ یەکەمین جار بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ چاکسازی ساڵی (١٨٢٨) دەگەڕێتەوە کاتێك سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا (جاکسۆن) [4]دەستیپێکرد. ئەم سیستەمە حزبییە

---

-[1] هەمان سەرچاوەی سەرەوە

[2] - دوڤرجیە، الاحزاب السیاسیة، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤

[3] أنظر: د.سعاد الشرقاوي، ألاحزاب السياسية-أهميتها-نشأتها-نشاطها (حزبە سیاسییەکان-گرنگی-سەرهەڵدانی-چالاکی) ، مجلس الشعب-ألأمانة العامة، القاهرة، يونية ٢٠٠٥، ص١٧ وكذلك:د. رسلان شرف الدين، مدخل لدراسة الاحزاب السياسية العربية، دارالفارابي، بيروت-لبنان، الطبعة الأولى، ٢٠٠٦، ص٣٣-٣٤.

[4] ئەندرۆ جاکسۆن (١٥/٣/١٧٦٧-٨/یۆلیۆ/١٨٤٥) ، حەوتەم سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە لە نێوان ساڵانی (١٨٢٩-١٨٣٧) ، سەرکردەیەکی سەربازی و پارێزەر بووە، دوای ئەوەی لە ساڵی (١٨١٣) توانی سوپای بەریتانیا ببەزێنیٚ وەك پاڵەوانێکی نەتەوەیی سەیر دەکرا، وەك دواتر لە ساڵی (١٨١٩) بەشداری لە شەڕی کڕینەوەی ولایەتی فلۆریدا کردو بووە یەکەم حاکمی دەوڵەت لەوێدا. لە هەڵبژاردنەکانی ساڵانی (١٨٢٨) و (١٨٣٢) سەرکەوتنی بۆ سەرۆکایەتیکردنی ئەمریکا مسۆگەر کرد. بڕوانە (الکیالي، الجزء الثاني، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥-١٨) هەروەها بڕوانە: (أسعد مفرج، الجزء الخامس عشر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٣،).

ئەمریکییە کۆنترین سیستەمی حزبییە لە جیهاندا[1]. بەڵام هەندێك سەرچاوە ڕێك دەیبەستنەوە بە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکاساڵی ١٨٠٠[2] بەڵام لە بەریتانیا حزب لەگەڵ چاکسازی هەڵبژاردن هاتنە سەرهەڵدان کە لە ساڵی (١٨٣٢) دەستیپێکرد[3].، ئەگەرچی هەندێك سەرچاوەی دیکە هەن ئاماژە بۆئەوە دەکەن کە سەرەتای سەرهەڵدانی حزبی سیاسی لەوکاتەوە دروست بوو کە لە ئەنجوومەنی گشتی بەریتانی-پەرلەمان (مجلس العموم) بیرو بۆچوونی جیاواز هاتنە ئاراوە بەشێوەیەك ئەو ئەنجوومەنە لە سەردەمی پادشا چارلسی یەکەم (١٦٢٥-١٦٤٩) دابەش بوو، ئەم کەرتبوونە بووە هۆی ململانێیەکی سەخت و دواجار شەڕی نێوان پادشا و پەرلەمانی لێکەوتەوەو، لە ئەنجامدا پادشایان گرت و لەلایەن پەرلەمانەوە دادگایی کراو، فەرمانی لەسێدارەدانی بەسەردا جێبەجێکرا[4] بەڵام لە فەرەنسا پێکهێنان و سەرهەڵدانی حزب بە هۆی پێوەندییان بە شۆڕشی کرێکارانی ساڵی (١٨٤٨) ەوە بوو[5]، چونکە لە دەستووری فەرەنسای ساڵی (١٨٤٨) کۆمەڵێك گرووپ و هاوبەندی (تکتلات) هەبوون، بۆنموونە (هاوبەندی کۆشکی نیشتمانی ( Palais National) و هاوبەندی کۆمارییە میانڕەوەکان و هاوبەندی (پاشاکانی کاسۆلیك) و چەندینی تر[6]. بۆیە دوڤرجیە پێی وایە دروستبوونی حزبی سیاسی لە فەرەنسا بۆ ناو ئەنجوومەنی یاسادانانی فەرنسای ساڵی ١٧٨٩ دەگەڕێتەوە (پێش بەرپابوونی شۆڕشی فەرەنسا) [7] بەتەواوی جێگیر بووە.

---

[1] د. رسلان شرف الدين، مدخل لدراسة الاحزاب السياسية العربية، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣-٣٤.
[2] صباح صبحي حيدر، الأحزاب ودورها في التنشئة السياسية في اقليم كوردستان العراق-دراسة تحليلية ميدانية-، رسالة الماجستير، جامعة صلاح الدين، ٢٠٠٣، ص٧
[3]- د. رسلان شرف الدين هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤
[4] - حسين جميل، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣
[5] - د. رسلان شرف الدين، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤
[6] - دوفرجيه، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨.
[7] - حسين جميل، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣

هەرچی ئەڵمانیاو ئیتاڵیاو وڵاتانی دیکەی ئەوروپان دوای بەریتانیاو فەڕەنسا، حزبی سیاسی لێ هاتە سەرهەڵدان، لە وڵاتانی ئاسیاش بەتایبەت ژاپۆن سەرهەڵدان و پێکهێنان_تشکیل _ی حزبی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٨٦٧) ئەو ساڵەی کە حزب پێکهێنانێکی نوێی بەخۆوە گرت و ئەم ماوەیە بە ماوە_فترە_ی ماجی ناودەبردرێ[1]. بەڵام لە بنەڕەتدا حزبی سیاسی تا پێش کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە ئەو مانایە قووڵەی ئایدۆلۆژیاو ڕێکخستنی سیاسی وپڕۆژەی سیاسی بەخۆوە نەگرتبوو، بۆیە مۆریس دۆڤرجیە لە کتێبەکەی (حزبە سیاسیەکان) نووسیویەتی لە "ساڵی (١٩٥٠)، ئەو حزبە سیاسیانە لای زۆربەی نەتەوەکان بەشێوەیەکی شارستانیانە سەریهەڵدا، بەڵام ئەستەمە بتوانی جیاوازی پێکهاتەی بونیادی نێوان حزبی کرێکارانی بەریتانیاو حزبی سۆسیالیستی فەڕەنسی بدۆزیتەوە، ئەگەر زانیاری وردت لەسەرئەو بارودۆخە نەبێت کە بووەتە هۆی دروستبوونی هەر یەکێك لەو دوو حزبە"[2].

لەم روانگەوە ئاماژەدان بە سەرهەڵدانی حزبی سیاسی، لە بنەڕەتدا ئەم دروستبوون و سەرهەڵدانی ڕێکخراوە سیاسییانەبۆ ئەوکاتانە دەگەڕێتەوە، کە لە سیستەمی پەرلەمانی وەك ئەوەی لە لە سەدەی هەژدەهەم لە هەردوو وڵاتی بەریتانیاو فەڕەنسادا هەبوون هاتنە دروستبوون، ئەوکات ئەندامانی ئەنجوومەنی گشتی بە شێوەی وەرزی (دەوری) لەژێر ناوو شێوەو باڵی جیا جیادا وەك (Wing) یان (Tory) کۆبوونەوەی خۆیان لە چوارچێوەی ڕێکخراوەیی سیاسی دەکردو لە کۆبوونەوەکانیشیاندا هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر ئەدای حکومەت دەخستە روو. ئەمە لە بەریتانیا، بەڵام لە فەڕەنسا

[1] - هەمان سەرچاوەی سەرەوە، هەمان لاپەڕە.
[2] - مۆریس دۆڤرجیە، الاحزاب السیاسیە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦.

چەندکۆمەڵەیەکی شۆڕشگێڕی فەرەنسی کە دواتر بوونە کۆمەڵەی سیاسی، سەریانهەڵداو ئەندامانی ئەو کۆمەڵانە کۆبوونەوەی خۆیان لە یانەکانی بەریتۆنی لە کۆمەڵەی دامەزراندن و یانەی رەهبان و یەعقوبین[1] لە کۆمەڵەی یاسادانان و یانەی جەسلوسی و جەبەلییەکان بۆ بەستنی کۆنگرە سیاسییەکان ئەنجامدەدا[2].

حزبە سیاسیەکان هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانیانەوە، بەجۆرێك لە جۆرەکان ئەرکێکی بەدیلیان ئەدا دەکرد، جەوهەری ئەم ئەرکەش بریتی بوو لە دووبارە ئاوێتەکردنەوەی دامەزراوەیی کۆمەڵگە کە مۆرکێکی زۆر مۆدێرنانەی هەبوو، ئەو کۆمەڵگەیەی لەسەر بنەمای پەیوەندیە کۆنەکان بنیاتنرابوون، ئەمەش زیاتر لە حزبە ئایدیۆلۆژییەکان بەتایبەت حزبە سۆسیال دیموکراتەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیست، کە خەباتیان بۆ رووخاندنی حوکم و گرتنە دەستی دەسەڵات دەگرت، دیارترینی ئەو حزبانە حزبی سۆسیال

---

[1] - یانەیەکی سیاسی بوو، لەکاتی شۆڕشی فەرەنسیدا جەماوەری زۆری بۆ دروست بوو، بەڵام هەر بەو ناوە مایەوە، چونکە ناوی (رەهبان ئەلیەعاقبە) پێگەیەکی کۆمەڵایەتی رەسەنی هەبوو. ساڵانی (١٧٩١-١٧٩٢) بەڵام (اليعاقبه) بەهۆی ناکۆکی لە راگەیاندنی شەڕ بۆسەر نەمسا بوون بە دوو بەشەوە، بەڵام سەرئەنجام بەشە جیابووەوەکەی (اليعاقبة) لە حوزەیرانی ١٧٩٣ رووخێندران و ئیتر (اليعاقبة) دەستی بە فەرمانڕەواییەکی تیرۆریستانە کردو فەرەنسا کەوتە ناو فەرمانڕەواییەکی دیکتاتۆرانەوە، بەڵام زۆری نەبرد بە لە سێدارەدانی رۆبسبیر، حوکمی رۆبسبێر رووخێنراو جارێکی دیکە (اليعاقبة) لە دوای شۆڕشی فەرەنسای ١٨٤٨ بەشێوەیەکی میانڕەوانە دەرکەوتەوە.یەعقوبیەکان لە پێڕەوکردنی سیاسەتدا، هەوڵیاندەدا، هەردوولایەنی ( حوکمڕانێتی بژاردەوبەشداربوونی میللی بەهێز) پێکەوە کۆبکاتەوە. یەعقوبییەکان پەنایان دەبردە بەر: باشە (الفضيلة) و کارو نوێبوونەوە.یەعقوبیەکان دژی جیروندییەکان بوون کا دەیانویست هەمەجۆری لە کۆمەڵەی کۆمەڵایەتی و هەمەرەنگی لە کەرتی نیشتەجێبووەکان هەبێت، هەروەها لەگەڵ دەسەڵاتێکی بەهێزو ناوەندیدا بوون.بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:أسعد مفرج، الجزء الرابع والعشرون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٢. هەروەها بڕوانە: عبدالوهاب الكيالي، الجزء السابع، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١٥.هەروەها: غي هرميه وأخرون، علم السياسة والمؤسسات السياسية، ترجمة:هيثم اللمع، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ط١، ٢٠٠٥، ص٤٢٩-٤٣٠.

[2] - د. عبدالله محمد عبدالرحمن، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤١.

ديموكراتی روسيا كه له‌ساڵی (١٩٠٣) به (به‌لشه‌فيك) [١] ناسرا، كه به سه‌ركردايه‌تی فلاديمير ئيليتش لينين [٢]بوو، كه به‌رده‌وام بوو تاساڵی ١٩١٧ توانی ده‌سه‌ڵات وه‌ده‌ستبهێنێت .

"له ماوه‌ی سه‌ده‌ی بيستدا مشت و مڕی په‌يوه‌ست به قه‌يرانی حزبه سياسيه‌كانه‌وه زۆر توند بوو له‌و ڕۆژگارانه‌دا كه گرژييه كۆمه‌ڵايه‌تيه‌كان له ژيانی سياسيدا ده‌ركه‌وتن و گۆڕانكاری گرنگيان هێنايه‌ئاراوه. ده‌كرێت ئه‌م جۆره شه‌پۆلانه له ساڵانی پێش جه‌نگی جيهانی يه‌كه‌مدا به‌دی بكه‌ين، ئه‌ويش كاتێك تيۆرزانه سياسييه‌كانی باڵی چه‌پ ياخود چه‌پی توندڕه‌و ئه‌م مشت و مڕه‌يان ده‌ستپێكرد. له ساڵانی بيسته‌كاندا قه‌يرانی ديموكراتيی ئه‌ڵمانی و ئيتاڵی، ده‌ركه‌وتنی ڕاديكاڵيزمی باڵی ڕاست، به دواييدا هه‌ڵكشانی شه‌عبيه‌تی حزبه سياسيه ناسيۆناليستيه‌كان له‌و ده‌وڵه‌تانه‌ی له

---

[١] - به‌لشه‌فيك به مانای زۆرينه دێت، ئه‌وكاته ئه‌م زاراوه‌يه دروست بوو كه حزبی سۆسيال ديموكراتی روسيا بوون ساڵی (١٩٠٣) له‌باره‌ی رێكخستنی حزبه‌وه بوون به دوو به‌شه‌وه، لايه‌نگرانی لينين زۆرينه بوون،، لايه‌نه‌كه‌ی تريش كه به سه‌ركردايه‌تی مارتۆف (١٨٧٣-١٩٢٣) بوون، كه‌مينه بوون بۆيه ناويان لێنرا مه‌نشه‌فيك.ساڵی (١٩١٧) مارتوف گه‌ڕايه‌وه روسياو گفتوگۆيه گه‌رمی له‌باره‌ی رێكخستنی حزب له‌گه‌ڵ به‌لشه‌فيكه‌كان دروستكردو، پشتگيری له حكومه‌تی كاتی ده‌كردو دژی راپه‌ڕينی چه‌كدارانه بوو. وێڕای جياوازی بيركردنه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ لينين، به‌ڵام وه‌ك دوو هاوڕێ ريزيان له يكترده‌گرت، ئه‌وكاته‌ی به‌لشه‌فيكه‌كان ساڵی (١٩٢٠) فه‌رمانی تاراوگه‌يان به‌سه‌ر مارتوف دا كرد، لينين ئاسانكاری بۆكردو پاسه‌پۆرتی بۆ فه‌راهه‌م كرد و چووه به‌رلين و له‌وێ رۆژنامه‌يه‌كی به‌ناوی (مه‌نشه‌فيك) ده‌رده‌كرد.

[٢] - فلاديمير ئيليتش لينين (١٨٧٠-١٩٢٤) پێشه‌وای شۆڕشی سۆڤيه‌تی، تيۆريست و دامه‌زرێنه‌ری يه‌كێتی سۆڤيه‌ت بوو، جگه له تيۆری ماركسيستی، چه‌ندين لێكۆڵينه‌وه‌ی زۆر گرنگی ده‌رباره‌ی قۆرخكردن و ئيستعمارو ئيمپرياليزم و سه‌رمايه‌داری و حزب و نه‌ته‌وه‌يی و هاوپه‌يمانی كرێكاران و جووتياران و شۆڕشی رۆشنبيری و....هتد هه‌يه.ساڵی ١٨٩٩ كۆبوونه‌وه‌ی دامه‌زراندتی حزبی سۆسيال ديموكراسی رووسی له شاری (منسك) ساڵی ١٨٩٩ به‌سترا.به‌ڵام به‌هۆی چاودێری وردی پۆليس لينين نه‌يتوانی ئاماده بێت.ساڵی ١٩١٩ نێونه‌ته‌وه‌يی كۆمۆنيستی سێيه‌م (كۆمينترن) ی دامه‌زراند.بڕوانه: الكيالي، الجزء الخامس، هه‌مان سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل ٦٠٣-٦٠٦

دوای پاشایاتی نەمسا-هەنگارییەوە دروستبوون، گومانیان لە گرنگترین پاساوی ململانێی ئازادی حزبە سیاسیەکان لە نێو خەڵکانێکی زۆردا کرد"[1].

لە کاتی کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی دووەم، بە تایبەتی لە سەرەتای پەنجاکاندا"چەپی ئۆرسۆدۆکسی هێرشی کردە سەر سیستەمی فرەحزبی وەك یەکێك لە دامەزراوە بنەڕەتیەکانی دیموکراسی. لە ڕۆژگاری حەفتاکاندا هاوڵاتیان ڕوویان کردە شێوەیەکی نوێی بەشداری سیاسی. ئەنجامەکە بریتی بوو لە لاوازکردنی ئەندامێتی لە حزبەکان و بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا. حزبە جەماوەریەکان شوێنی حزبە چینایەتیەکانیان گرتەوە. لە سالآنی هەشتاکاندا قەیرانی سۆشیالیزمی یەکێتی سۆڤیەت و دواتر هەرەسهێنانی ئەم جۆرە سۆشیالیزمە بووەهۆی کەمکردنەوەی بەها و دەسەلآتە سیاسیەکانی پێشووی باڵی چەپ. کە بە شێوەیەکی سەرەکی پارتە کۆمۆنیستیەکانی ولآتانی ئەوروپای باشووری گۆڕی. ئیتر نەزانی بەرامبەر بە سیاسەت و بێمتمانەیی بەرامبەر دامەزراوە سیاسیەکان و گەمەکارە سیاسیەکان لە ئەوروپادا زیادی کرد. هەنگاو بە هەنگاو پارتە سیاسیەکان خەسڵەتی بزووتنەوەیان لەدەستدا، لە ئەنجامدا لە سالآنی نەوەدەکاندا سەرکردایەتی پارتەکە بە شێوەیەکی سەرەکی سیاسەتەکەی لە بواری ڕاگەیاندن و هەڵبژاردنەکاندا چڕکردەوە"[2].

وەك سیمۆن دەڵێت"جاری وا هەیە سەبارەت بە حزبەکان بە جیا شیکردنەوە بۆ گۆڕانی خەسڵەتەکانی حزبگەلێکی سیاسی دیاریکراو دەکرێ، ئەمەش بە دەرئەنجامی کەڵەکەبوونێکی هەنگاو بە هەنگاو لەقەڵەم دەدەن. بە پێچەوانەی هەوڵەکان شیکردنەوەی گۆڕانی بەردەوامەوە، بە دەگمەن هەوڵێك بەدیدەکەین

---

1 - Janos Simon.op.cit.p5

2 - Janos Simon.op.cit.pp5-6.

بــۆ بیرکــردنەوەی لۆجیکیــانە لە بــارەی گــۆڕان و ئــاڵوگۆڕە کتــوپڕ و تەقینەوەئاساکان، کەلە ڕووی میتۆدیەوە ئەرکێکی قورسە"[1].

**دووەم: پۆلینکردنی حیزبی سیاسی**

گرفتێــك لە پــۆلینکردنی حزبەسیاســییەکاندا هەیە، ئەویــش پێوەنــدی بە سروشــتی پێکهــاتەی حــزب و ڕێکخســتنەکەی و ئامــانجەکەیەوە هەیە، کەهۆکاری هاوبەشی نێوان هەموو وڵاتـان لەم جیاوازییـانەدا بـۆ سـێ هۆکـاری گرنـگ دەگەڕێتەوە کە کاریگەرییـان بەسـەر جیاکـاری لە پێکهـاتەو ئامـانج و پــۆلین کردنیــانەوە هەیە، ئەویــش هۆکــاری کــۆمەڵایەتی- ئــابووری و ئایدیۆلۆژی و تەکنیکییە.

هۆکـاری **یەکەم** بەشـێوەیەکی بنەڕەتـی بە کـاریگەریی پێکهـاتەی چیـنە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر حزبە سیاسییەکان بەستراوەتەوە. گومـانیش لەوەدا نییـە ئەم کـاریگەرییە زۆر زۆرە[2]. بەهـۆی ئەم سـێ خـاڵە گـرنگەی کە لەسـەرەوە باسمانکرد، دروستبوونی حزبێك لە وڵاتـێکەوە بـۆ وڵاتێکـی دی دەگۆڕدرێت، چونکە هەر وڵاتێك لە ڕووی کولتووری و مێژوویی و ئابووری و نەتەوەییـەوە تایبەتمەنـدی خـۆی هەیە. تەنـانەت لە نێـو یەك وڵاتیشـدا بەهـۆی جیـاوازیی چیــنە کۆمەڵایەتییەکـانەوە، بەهـۆی وردە کولتـووری جیاوازیـانەوە، چەنـدین حزبـی لەیەك جیـا کە گوزارشـت لە چـین یـا تـوێژێکی کـۆمەڵایەتی دەکەن، دروستدەبن. هەروەك مـۆریس دۆڤرجیە، ئامـاژەی پـێ دەکـات جۆری حزبەکـان لەئەنجـامی هۆکـاری زۆرو پێکئـاڵۆز دروسـتبووین، کە هەنـدێکیان تـایبەتن بە

---

[2]- Ibid. p.2

[2] - مۆریس دۆڤرجیە، الاحزاب السیاسیة، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٤

هەندێ وڵات، هەندێکیشیان گشتین. بۆنموونە لە ئەوەی یەکەمدا ناکۆکی نێوان کۆمارییەکان و دیموکراتەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ تەنگەتاوکردنی هەریەك لە جیڤرسۆن و هاملتۆن[1] لەکۆنگرەی فیلادلفیا (١٧٧٦). هەروەها بەردەوامبوونی حزبە کشتوکاڵییەکان لە ئەسکەندەنافیا بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە، کاتێك گوندە دیموکراسییەکان بەرەنگاری ئەرستۆکراسی کۆنەخوازیان لەشاردا دەکرد، ئەمە بەشێوەیەکی راستەوخۆ بووە هۆی جیاوازی تێڕوانینیان دەربارەی قوتابخانەی عەلمانی و قوتابخانەی ئایینی[2] و ئەم جیاوازییانە لەزۆربەی زۆری وڵاتانی ئەوروپاو جیهاندا هەبووەو ئێستاش جیاوازییەکان زیاترو وردتر بوونە.

لە کاتی پۆلینکردنی حزبی سیاسیدا ئەوە دەردەکەوێ، چۆن هەر وڵاتێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەهەمان شێوە حزبە سیاسییەکانیش تایبەتمەندی خۆیان هەیە، هەر بۆنموونە حزبی دیموکراسی، سۆسیالیستی، تۆتالیتاری، حزبی بژاردەو حزبی جەماوەری، حزبی ئایینی حزبی عەلمانی، حزبی نەتەوەیی وحزبی نێونەتەوەیی، ئینجا سیستەمی یەك حزبی، دوو حزبی، فرەیی،.. هتد هەن. بەڵام لەناو هەموو ئەو پۆلینکردنانەی سەرەوەداو بە

[1] - جۆرج هاملتۆن گۆردۆن (٢٨/ینایر/١٧٨٤-١٤/١٢/١٨٦٠) سیاسەتمەداری بەریتانی بوو، لە (١٩/١٢/١٨٥٢ -٣٠/ینایر/١٨٥٥) سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا بوو،ساڵی (١٨١٣) بە هۆی پەیماننامەی توبلتزلەگەڵ نەمسا هاوپەیمانێتیان لە دژی ناپلیۆن راگەیاند. ساڵی (١٨٥٥) دەستی لە سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا کێشایەوەدوای سەرنەکەوتنی لە وەستانی بەشداریکردنی بەریتانیا لە شەڕی (قرم). بڕوانە:
http://en. wikipedia. org/wiki/George_Hamilton-Gordon, _4th_Earl_of_Aberdeen

[2] - مۆریس دۆڤرجیە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٣

پێی چەندین سەرچاوەی زانستی[1] حزبەکان بەشێوەیەکی گشتی بۆ ئەم (٤) جۆرە سیستەمە پۆلین دەبن.

أ- سیستەمی فرە حزبی
ب- سیستەمی دوو حزبی
ت- سیستەمی یەك حزبی
پ- سیستەمی حزبی زاڵ (باڵادەست)

**أ- سیستەمی فرە حیزبی**

تا ئێستا سیستەمی فرە حزبی باشترین سیستەم بووە لە بەڕێوەبردندا، زۆرجاری وا هەبووە حکومەتە پەرلەمانییەکان لەسەر بناخەی نوێنەرایەتیکردنی ڕێژەییانە دامەزراون، کە سیستەمێکی فرەیی لێکەوتۆتەوە، لەم چەشنە ئامادەکارییەی هەڵبژاردندا ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان بۆ هەر پارتێك پابەندە بە ڕێژەی ئەو دەنگانەوە کە لە دواهەمین هەڵبژاردندا بەدەستیدەهێنێت. کاتێك هیچ پارتێك زۆرینە بەدەست ناهێنێت ئەوا چەند پارتێك پێکەوە کۆدەبنەوە بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی هاوپەیمانی. ئەم سیستەمە ڕێگە بەوەدەدات چەند بیروبۆچوونێکی لەیەك جوداش لەنێو حکومەتدا نوێنەریان هەبێت و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی حکومەتێکی چالاك بێتە ئاراوە، بەڵام هەندێکجاریش جۆرێك لە ناسەقامگیری سیاسی

[1] - بڕوانە مۆریس دۆڤرجیە، س. پ.، ل ل٢١٧-٢٦٢، هەروەها بڕوانە: کۆمەڵێك نووسەر، زانستی سیاسی،، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە ئاوات ئەحمەد، چاپخانەی ڕەنج، ساڵی ٢٠٠٦، ل٨٢. هەروەها بڕوانە:د. محەمەد غەفوری، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦.

دروستدەکات، بۆنموونە وەك ئەوەی لە کۆمارەکەی ڤایماردا[1] روویدا لە (١٩١٩— ١٩٣٣) هەروەها لە کۆماری چوارەمی[2] فەرەنساش بەهەمان شێوە لە سالآنی (١٩٤٦— ١٩٥٨) و لە ئیتالیای دوای شەڕی دووەمی جیهانی[3] هەروەها لە تورکیاش لە سالآنی نەوەدەکان، ئەوکاتەی هیچ کام لە حزبەکان نەیاندەتوانی زۆرینەی رەها بهێنن تا بتوانن حکومەت پێکبهێنن، زۆر جار هاوپەیمانێتییەکەیان تەمەنی کورت دەبوو، تووشی لەبارێەك هەڵوەشانەوە دەهات و جۆرێك لە ناسەقامگیری سیاسی لێدەکەوتەوە.

دوای هەڵبژاردنی٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٧٢ لە هۆڵەندا، (١٤) حزب نوێنەرایەتی ئەو ئەنجوومەنە پەرلەمانییەی دەکرد، ئەمە نیشانەی ئەوەبوو فرەحزبی لەو وڵاتە تا رادەیەکی زۆر بەرز بووە، بەڵام لە وڵاتانی ئەسکەندەنافیدا چوار حزب بوونی هەیە لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا، لە

---

[1] کۆماری ڤایمار: لە ئەڵمانیای سالآنی (١٩١٩-١٩٣٣) لە ئەنجامی شەڕی یەکەمی جیهانی و دۆڕاندنی ئەڵمانیا لەو شەڕە دروست بوو. بە یەکەمین کۆمار لە ئەڵمانیا دادەنرێ.شاری ڤایمار کەوتبووە ناوەڕاستی ئەڵمانیا، تیایدا نوێنەرانی گەلی ئەڵمانیا لە ساڵی (١٩١٩) کۆدەبوونەوە بۆ داڕشتنی دەستوورێکی نوێ بۆ کۆمار، ئەم کۆمارە تا ساڵی (١٩٣٣) بەردەوام بوو کە توانی زۆردەستکەوتی گەورەی ئابووری و سیاسی و کەمکردنەوەی بێکاری و پێشخستنی یاساکانی گومرگانە مسۆگەر بکات. بەڵام بە سەرکردەی نازییەکان (ئەدولف هیتلەر) دوای ئەوەی ئەرکی راوێژکاری گرتە دەست، مێژووناسان ئەم دەسەڵات گرتنەدەستەی (هیتلەر) بە کۆتایی کۆماری ڤایمار دادەنێن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (عبدالوهاب الكيالي، الجزء الرابع، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦٩-٤٧١).

[2] - کۆماری چوارەم: بە حکومەتی کۆماری فەرەنسای نێوان (١٩٤٦-١٩٥٨) دەوترێ کە لە ژێر دەستووری کۆماری چوارەم دا بووە. ئەم کۆماری چوارەمە نوێکردنەوەی کۆماری سێیەم بووە کە حوکمڕانی فەرەنسای پێش شەڕی یەکەمی جیهانی کردووە.نائارامی و ناجێگیری لە کۆماری چوارەم بەردەوام هەبوو کە بوونە هۆی گۆڕانکاری زۆر لەحکومەتدا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کۆمارە بووە قۆناخێك لە گەشەی ئابووری و دووبارە ئاوەدانکردنەوەی پیشەسازی.بەڵام گرفتەکە ئەوەبوو نەبوونی تواناو نەبوونی جورئەت بۆ وەرگرتنی بڕیارەکان لە هەندێ پرسی گرنگی وەکوو بۆ نموونە لەبارێەك هەڵوەشانەوەی موستەعمەراتەکان (decolonization) هۆکاربوون بۆناجێگیری. بڕوانە:
http://en. wikipedia. org/wiki/French_Fourth_Republic

[3]- کۆمەڵێك نووسەر، زانستی سیاسی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٢-٨٣

بەلجیکا (٣) حزب پێشبڕکێیانە بۆ وەدەستهێنانی کورسییەکانی پەرلەمان، هەرچی لە فەرەنساو ئیتالیایە تا رادەیەك مامناوەندییە لە رووی ژمارەی ئەو حزبانەی پێشبڕکێیانە بۆ وەرگرتنی کورسی پەرلەمان و ئینجا بۆ بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، هەڵبەت فرە حزبیش لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕدرێت، کە تا رادەیەك دەتوانین لەم (٤) هۆکارەی خوارەوەی چڕ بکەینەوە[١]:

١- **هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان**: ململانێی نێوان چینەکانەو هەر حزبێك نوێنەری توێژێکی کۆمەڵایەتی دژ بە یەکە. ململانێی نێوان هێزەکانیش، رێگا خۆشدەکات کە فرە حزبی دروست ببێت.

٢- **هۆکارە ئایدیۆلۆژی و ئایینییەکان**: لەگەڵ هێزو هەژموونی سۆسیالیزم لە ئەوروپا، بەتایبەت دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە یەکێتی سۆڤیەت، حزبی سیاسی دابەشبوونێکی بەخۆوە بینی، کە هەندێکیان پشتگیرییان لەو شۆڕشە دەکردو، هەندێکی تریش دژی وەستان، واتا لە ئەنجامی هۆکارەکانی ئایدیۆلۆژیاوە، بەتایبەت لە ئەوروپا زۆر لە حزبی چەپڕەو و حزبی راستڕەو سەریانهەڵدا. سەبارەت بە هۆکارەکانی ئایینیش بەهەمان شێوە فرەیی بەخۆوە بینی، حزبی کاسۆلیکی و پرۆستانتی دروست بوون.

٣- **هۆکارەکانی مێژوویی و نەتەوەیی**:هەر دەوڵەتێك بارودۆخی مێژوویی تایبەت بە خۆی هەیە، لەسەر ئەم بنەمایەش حزبەکان بەهۆی کولتووری دیاریکراویان دابەشبوون، بۆنموونە لە فەڕەنسای سەدەی نۆزدە پارێزگارەکان (المحافظون) پێکهاتبوون لە (الشرعيين) و (ألاورليانيين) و (پۆناپارتییەکان) هەمووشیان ململانێیان بوو بۆگرتنە دەستی دەسەڵات. لەکاتێکدا هیچ حزبێك نوێنەری

---

[١] - د. حسان محمد شفيق العاني، ألأنظمة السياسية والدستورية المقارنة، بغداد، ١٩٨٦، ص٢٧٢.

راستەقینەی جووتیاران نەبوون، ئەمە بۆ ماوەیەکی درێژ لە مێژووی فەڕەنسا وا مایەوە.

٤- **هۆکارە دامەزراوەییەکان:** مەبەست لە سەرهەڵدانی دامەزراوەی گشتییە، بەتایبەتیش دامەزراوەو سیستەمی هەڵبژاردن، بۆ فەراهەمکردنی پێداویستییەکان بۆ دروستبوونی فرە حزبی. وەك دوڤرجیە بۆ سێ یاسای کۆمەڵایەتی دایڕشتووە[١].

ئێستا ئەم جۆرە سیستەمی فرەیی حزبییە لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی ئەوروپا (بەتایبەت رۆژئاواییەکەی- جگە لەبەریتانیا). بەڵام بە رێژەی جیاواز پێڕەوی لێدەکەن، بۆنموونە لە هۆڵەندا چوارده (١٤) حزب لەدوای هەڵبژاردنەکەی ساڵی (١٩٧٢) نوێنەریان لە پەرلەمان هەبوو، لە ئیتالیاش هەشت (٨) حزب لەپەرلەمان نوێنەریان هەبوو[٢]. ئەم جۆرە سیستەمە فرە حزبییە تا رادەیەکی بەرچاو لەدوای رووخانی سیستەمی حوکمڕانی حزبی بەعس لە ٩/٤/ ٢٠٠٣ رووبەڕووی عێراقیش بووەتەوە.

---

[١] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٢-٢٧٣.

[٢] - الدكتور خضر خضر، مفاهيم اساسية في علم السياسة (چەمکە بنچینەییەکانی زانستی سیاسەت) ، المؤسسة الحديثة للكتاب، لبنان، ط٢، ٢٠٠٨، ص٢٧٧.

### ب- سیستەمی دوو حزبی

ئەم سیستەمە بریتییە لە بوونی دوو حزبی سەرەکی کە"تا رادەیەك لەبواری گرنگییەوە لە یەك نزیکن و پێشبڕکێی نێوانیشیان ئەوەی لێ دێتە بەرهەم کە حزبێك لە دەسەڵاتدا بێت و حزبەکەی تریش لە ئۆپۆزیسیۆندا بێت"[1]. بوونی ئەم سیستەمە بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ "سرووشتی ململانێکانی ناو کۆمەڵگە گونجاو بووبن، بۆیە ململانێکان لە نێوان دوو رەوتی سیاسی بووە، بۆنموونە سیستەم لە بەرامبەر بزووتنەوەدا، کۆنەپارێزەکان (المحافظین) دژ بە ئازادیخوازەکان،، یان چینەکان، چینی بۆرژوا دژ بە پرۆلیتاریاکان، یان لە رووی مەزهەبەوە، کاسۆلیکەکان دژ بە پرۆتستانتەکان، جیرۆندین دژ بە جاکوبین، سەرمایەدارەکان دژی سۆسیالیزمەکان، رۆژهەڵاتییەکان دژ بە رۆژئاواییەکان، هەموو ئەوانە وای لە گەل کرد بکەوێتە بەرامبەر گرفتێکی گەورەو داوای چارەسەری بکات، ئیتر ئەم دابەشکارییە لە نێوان تاکەکان دروست بوو، کە هەر لایەنێك لەبەرامبەر ئەوی ترە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان"[2]. لە سیستەمی دوو حزبیدا هاووڵاتی بوارێکی ئەوەندە فراوانی وەکوو سیستەمی فرەحزبی لەپێشدا نییە، بەڵکو ململانێ و پێشبڕکێیەکە تەنها لەنێو دوو حزبدا گرد بۆتەوە، لە راستیشدا "ململانێی جدی و توند زیاتر لەنێوان دوولایەن،

[1] - د. حسان محمد شفیق العاني، ص٢٧٥.
[2] - هەمان سەرچاوەی سەرەوە.

دووحزب، دووچین، دوو ئاراستەی لەیەك جیاوازدا دەكرێت. لە رابردووشدا هەموو ململانێ گەورەكان لەنێوان دوو شتدا كۆبۆتەوە، بۆنموونە ململانێی نێوان كاسۆلیك و پروتستانت، نێوان پارێزگاران و لیبرالەكان، نێوان سەرمایەداری و سۆشیالیستەكان، نێوان رۆژئاواییەكان و كۆمۆنیستەكان،.. هتد بێگومان لەكاتی ئەو ململانێ سەختانەشدا رای گشتی جەماوەر هەر لەنێوان دوو بۆچوون و دوو لایەنی لەیەك جیاوازدا چڕ دەبێتەوە. ئەو وڵاتانەی پێڕەوەی سیستەمی دوو حزبی دەكەن بریتین لە بەریتانیا، ئەمریكا، كەنەدا، ئوستراليا (ئەو وڵاتانەی بە ئەنگلۆ-سەكسۆنی ناودەبردرێن). هتد. بەڵام پێڕەوكردنی سیستەمی دووحزبی لەنێو هەر یەك لەم وڵاتانەی سەرەوەش تا رادەیەك جیاوازیان لەگەڵ یەكدی هەیە. بۆنموونەسیستەمی دوو حزبی چەقبەستوو (جامد) هەیەو سیستەمی دوو حزبی نەرم (مرن) یش هەیە، سیستەمی دوو حزبی تەواو (التام) هەیەو سیستەمی دوو حزبی ناتەواو (الناقص) یش هەیە، سیستەمی دووحزبی هاوسەنگ و سیستەمی دوو حزبی ناهاوسەنگ (المتوازن وغیر المتوازن) یش هەیە "[1].

---

[1] - بروانە: د.سعاد الشرقاوي، م.ن. ژمارەی لاپەڕەكانی لەسەر نەنووسراوە، لەئینتەرنێت وەرگیراوە.
http://www. parliament. gov. eg/NR/rdonlyres/256B321A-D86B-413D-84BF-68013BB6CAE2/0/res2. pdf

**ت- سیستەمی یەک حزبی**

سیستەمی یەك حزبی لەو وڵاتانە هەن کە سیستەمێکی تۆتالیتاری بەڕێوەی دەبات، وەك سیستەمی نازیزم لە ئەڵمانیا، یان فاشیزم لە ئیتالیا. یان ئەو سیستەمەی سۆسیالیستییەی لە ئەوروپای رۆژهەڵات هەبوو. ئێستاش سیستەمی تاك حزبی لە هەندێك وڵاتانی ئاسیاو ئەفریقیا و هەروەها لەهەندێك وڵاتی عەرەبیشدا پەیڕەوی لێدەکرێت.، سیستەمی یەك حزبی ئەو سیستەمەیە کە تەنها حزبی حوکمڕان دەسەڵاتی بەسەر هەموو دامو دەزگاکانی سیاسی و کارگێڕی دا هەیەو کۆنترۆڵی دەکات، لەبەرئەوە لەگەڵ خواست و ویستی خەڵکی لەم سەردەمە ناگونجێ، چونکەلەو جۆرە سیستەمەدا ململانێی نێوان حزبەکان نییەو حزبی بەرهەڵستکار ناتوانێ جموجۆڵ و چالاکی هەبێت، بۆیە حزبی دەسەڵاتدار بە ئارەزووی خۆی خەڵك کاندید دەکات بۆ پۆستە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەت و ئەم جۆرە کاندیدکردنەش لەسەر بنەمای تواناو لێهاتوویی و شارەزاییانەوە نییە، بەڵکو زیاتر لەسەر بنەمای کەسایەتی پەرستنە لەناو حزبدا. سەرکردایەتی حزبەکە ئەوکەسانە دەپاڵێون بۆ وەرگرتنی پۆست لەناو دامودەزگاکان کە زۆر گوێڕایەڵی خۆیانن و پابەندن بە هەر ڕێنمایی و ئاراستەکردنێکیانەوە، لێرەوە دیاردەی رۆتین و گەندەڵی و لەنێو دەزگاکانی حکومەتیشدا دروستدەبن، بەڵام بەهۆی هەلپەرستی و ماستاوچێتییانەوە، لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ناکرێت[1]. تەنانەت پروپاگەندەیەکی زۆریش بۆ سەرکردەکان دەکرێن بۆ بەپیرۆزکردنیان و فیکرو بۆچوونی سەرکردەکان هەمیشە دەخزێندرێنە نێو خەڵکەوە. لە بەرامبەریشدا رێگا بە هیچ باهۆزێکی فیکری یا سیاسی تەنانەت کۆمەڵایەتیش نادەن، ئەگەر لەژێر

---

[1] - بەهادین ئەحمەد موحەممەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٤

کۆنترۆڵ و رکێفی ئەو سیستەمی تاکە حزبییە نەبێت، خێرا سەرکوتی دەکەن، ئەگەر بە کوشتنیش بێت. بۆیە لە هەموو بارێکدا سیستەمی یەك حزبی سیستەمێکی دیکتاتۆرییەو بە پێچەوانەی هەموو بنەماکانی دیموکراسی دەجوولێتەوە.

**ج- سیستەمی حزبی زاڵ ( بالادەست)**

"مەبەست لە سیستەمی حزبی بالادەست ئەو سیستەمەیە کە لە بنەڕەتدا جۆرێك لە فرەحزبی هەیە، بەلام تەنها حزبێك رۆڵی هەرەگرنگ دەگێڕێت. واتا ئەو حزبە بە جیاوازییەکی ئێکجار زۆرەوە لە پێش هەموو حزبەکانی ترەو چی مەبەستیش بێت وەدیدەهێنێت، بەلام حزبەکانی دیکە گرفتی بۆ دروست ناکەن و ئازادیشن لە چالاکی نواندن و هەموو مافێکی یاساییشیان بۆ مسۆگەرکراوە. ئەم جۆرە سیستەمە جیاوازە لەگەڵ سیستەمی یەك حزبی، چونکە وەك لەسەرەوە باسی سیستەمی یەك حزبیمان کرد، سیستەمێکی سەرکوتکارو دیکتاتۆرییە، بەلام لەو سیستەمەدا راستە تەنها حزبێك بالادەستە، بەلام حزبەکانی دیکە هەوڵدەدەن تا کورسی زیاتر لەپەرلەماندا مسۆگەر بکەن و جۆرێك لە بیروڕای جیاوازیش بوونی دەبێت. نموونەی ئەمجۆرە سیستەمی حزبی بالادەستە فەرەنسایە لەسایەی کۆماری سێیەمدا حزبی رادیکاڵ حزبی بالادەست بوو، هەروەها حزبە سۆسیال دیموکراتەکان لە ولاتانی

ئەسـكەندەناڤیادا (سـوید، نەرویـج، دانمـارك)، هەروەهـا لە ئایسـلەنداو ئیتالیاشدا حزبی باڵادەست بریتی بوو لە حزبی دیموکراتی مەسیحی"[١].

"حزبی کۆنگرە لە هیندستان ساڵانی (١٩٥١-١٩٥٢) بە تەنها لە کۆی (٤٨٩) کورسـی (٣٦٤) کورسـی وەدەسـتهێنا، لەهەڵبژاردنـی سـاڵی ١٩٥٧ یشـدا لە کـۆی (٤٩٤) کورسـی حزبـی کـۆنگرە تـوانی (٣٦٥) کورسـی مسۆگەر بکات"[٢]. جیاوازی نێوان سیستەمی حزبی زاڵ و سیستەمی یەکحزبی لەوەدایە، چالاکی یاسایی حزبەکان لە سیستەمی حزبی زاڵدا لە کەشێکی ئـازاددا ئەنجام دەدرێ، بە پـێچەوانەوە لە سیسـتەمی یەك حزبیـدا بە بەڕێـوەبردنی سیاسـەتی تیـرۆرو تۆقانـدن و چەقبەسـتوویی دەسەڵات، هەلومەرجێکی جیاواز لە ئارادایە[٣].

## سێیەم: ئایدیۆلۆژیای حیزبی سیاسی

ئایـدیۆلۆژیا بەرهەمـی سـەردەمی نـوێگەری وپرۆسـەی سـکولاریزەبوونی (دونیەویبـــوونی) کولتـــوورە، ئەم زاراوەیە بۆیەکەمجـارلە لایەن فەیلەسـووفی فەڕەنسـی (دوسـتوت دو تراسـی ([٤] (Destutt De Tracy **کە یەکێك** بـوو لە

---

[١]- د.سعاد الشرقاوي، مصدر نفسه. ص٥٢ وكذلك : د. طارق علي الربيعي، الاحزاب السياسية، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة بغداد، ١٩٩٩، ص٤٠٠

[٢] - الشرقاوي. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦.

[٣] - د. محەمەد غەفوری، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧.

[٤] - دوستوت دوتراسی، خێزانەکەی لە رەچەڵەکدا ئیسکوتلەندین، دوا نوێنەری دیاری قوتابخانەی Condillac sensualistic بوو کە لە فەڕەنسا دامەزرابوو. لە دوا دواییەکانیدا گرنگی بە فسیۆلۆژی یاخود گرنگی بە (لایەنی ئایدیۆلۆژی پیاو) دەدا. راشکاوانە دەیوت (ئەمە بەشێکە لە زانستی حەیوان، بایۆلۆژیا). بڕوانە:http://en. wikipedia. org/wiki/Destutt_de_Tracy

پێشڕەوانی فەڕەنسی پۆزەتیڤیزم و لایەنگری ڕێبازی (الحسیە) ی کۆندیاك بوو، لەساڵی١٧٩٥- ١٧٩٦ بەکاریهێنا. "دوتراسی دەیویست لە ئایدیۆلۆژیاوە زانستێکی نوێ بەناوی بیرناسی (علم الافکار) بێنێتە بەرهەم، وەك چۆن بایۆلۆژی لە زیندەوەران دەکۆڵێتەوە، یان فیزیۆلۆژی کە لە ئەرکەکانی ئەندامانی لەش دەکۆڵێتەوە، ئەو پێیوابوو پێویستە فیکرەکان وەك بابەتێکی (بابەتی لێکۆڵینەوە) سەربەخۆو دابڕاو لەهەر جۆرە واتایەکی میتافیزیکی لەبەرچاو بگیرێن و سەرچاوەو ڕەگوریشەو پێوەندیان لەگەڵ یەکتریدا بەمیتۆدێکی ئەزموونگەرییانە دیراسەبکرێ، واتا (دوتراسی) ئایدیۆلۆژیای بە واتای زانستێك بەکاردەهێنا کە لە بیروباوەڕەکان دەکۆڵێتەوە، بەڵام دواتر چەمکی ئایدیۆلۆژیا نەك هەر بە زانست نەژمێردرا، بەڵکو بوو بە بەشێکی دژە زانستیش، ئایدیۆلۆژیا لای (دوتراسی) وەك جێگرەوەیەکی فەلسەفەی میتافیزیکی خرایە ڕوو، تا ئەرکەکانی فەلسەفە جێبەجێ بکات"[1]. تەنانەت بە پێی چەمکی مارکسیزمیش "ئایدیۆلۆژیا واتا سیستەمی تێگەیشتنی کۆمەلایەتی (سیاسی، ئابووری، یاسایی، پەروەردەیی، هونەری، ئیتیکی، فەلسەفی،.. هتد) کە گوزارشت لە بەرژەوەندییەکانی چینێکی دیاریکراو دەکەن"[2].

دیاردەی ئایدیۆلۆژیا لە بنەڕەتەوە لە ئەورووپا وەك دیاردەیەکی کە "درێژکراوە بە بنەماکانی ئایینییەوە بەندن وەك ئەوەی قەدەر حوکمیان بەسەرەوە بکات، بەڵام زۆربەی کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوا بەبنەمایەکی ئایدیۆلۆژیی

---

[1] - موسلیح عەبدولقەهار ئیروانی، تیئۆری عەبدولکەریم سرووش دەربارەی ئایین و ئایدیۆلۆژیا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، گۆڤارێکی وەرزی فیکری- سیاسییە، ساڵی سێیەم، ئەیلوولی ١٩٩٩، ژمارە ١٣، ل١٩٣-١٩٤

[2] میشێل فادیە، الأیدیولوجیة- وثائق من الأصول الفلسفیة (ئایدیۆلۆژیا-چەند بەڵگەنامەیەك لە بنچینەی فەلسەفە) ، ت: د. أمینة رشید/ سید البحراوي، دارالفارابي-بیروت، ٢٠٠٦، ص٢٦-٢٧

عەقلانییەوە دوور لە ئایین پەیوەستن کە بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵێك ئامانجی دونیایی وەك پێشکەوتن وگەشەوئازادییە بەڵگەدارەکان (الحريات الملموسە) و مافەکـــــان و دادپەروەری و دابەشـــــکردنی دادپەروەرانەی ســـــامان، چونکەئایدیۆلۆژیای زاڵ یان لەسەر بنەمای نیشتمانە، یان دەوڵەتە، یان تائیفەگەرییە، یان چینایەتییە،. هتد.لەبەرئەوە کۆمەڵگای بێ ئایدیۆلۆژیا بریتییە لە کۆمەڵێك خەڵکی پەرتەوازە و، نیشتمانیش بێ ئایدیۆلۆژیا بریتییە لە زەوی"[1].

سەرهەڵدانی ئایدیۆلۆژیا "پێوەندی توندی بە هەڵگەڕانەوەو گۆڕینی واقیع بـووە، زیـاتر چەکـی دەسـتی ئەوانەبـووە کە تێکۆشـاون بـۆ گـۆڕین و لەباریەکهەڵوەشـانەوەی واقـیعەکە، سـەرکردەو رابەرانـی دامەزرانـدنی ئەو ئایدیۆلۆژیایەش هەمیشە رۆڵی (واعظ) و تەلقینیان بینیوەو شتێکیشیان کردۆتە ئامانج تا پیرۆزی بکەن. واتا بناخەی ئایدیۆلۆژی سیستەمە تۆتالیتارەکان هەندێ جار لەسەر بنەمای بەرزێتی نەژادی و نەتەوەیی و هەندێکجاریش لەسەر بنەمای بەرزێتی چینایەتی و گرووپچییەتی و تەنانەت هەندێکجاریش لە بەرگی بیروباوەڕی ئایینیشدا دامەزراوەو سەریهەڵداوە"[2].

لە پەیدابوونی حزبدا " جۆرێك لە ئایدیۆلۆژیایشی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، بەتایبەت ئەو حزبانەی خاوەنی رێکخستنێك و هەڵگری پەیامێك بوون، نەك ئەو حزبانەی بە حزبی کەسەکان (الأشخاص) ناوبردراون. لەم بارەیەوە پێدەچێت (دیڤید هیوم) [3] لە بەراییەکانی ئەو لێکۆڵەرەوانە بێت کە

---

[1] - د. محمد سبيلا، الأيديولوجيا نحو نظرة تكاملية (ئایدیۆلۆژیا بەرەو تێڕوانینێکی تەواوکاری) ، المركز الثقافي العربي، بيروت، ١٩٩٢، ص١٩

[2]- موسلیح عەبدولقەهار ئیروانی، سەرچاوەی پێشوو ل٢٠٥

[3] - دیڤید هیوم ( ١٧١١- ١٧٧٦David Hume) فەیلەسوف وسیاسەتمەدارو ئابووریناس و مێژووزانی ئیسکتلەندایە. لە ئەدنبەرە (Edinbourg) لەدایکبووە، کەسایەتییەکی گرنگی لە

هەوڵی دۆزینەوەی دروستبوونی پێوەندی نێوان حزب و ئایدیۆلۆژیای داوە، بەتایبەت لەو وتارەی بەناو نیشانی (لەبارەی حزبەکانەوە بە شێوەیەکی گشتی) حزبەکان دەکاتە دووجۆر حزب، حزبە شەخسییەکان و حزبە راستەقینەکان (الحقیقیە). بەگوێرەی (دیڤید هیوم) حزبە شەخسییەکان ئەو حزبانەن کە لەسەر بنەمای دۆستایەتی یان هاوسۆزی لەگەڵ ئەوانی دیکەی حزب پێکدێت، بەڵام حزبی راستەقینە ئەو حزبانەن کە لەسەر بنەمای جیاوازی راستەقینە لە بەرژەوەندی یان بیروباوەڕ یان هەست (الشعور) سەریانهەڵداوە. بێگومان (دیڤید هیوم) جۆری ئەو حزبەی لەسەر بنەمای بیروباوەڕ دروستدەبێت بە دیاردەیەکی نوێی حزبی دادەنێت"[1]. لێرە (هیوم) لەو بڕوایەدایە "زۆرێك لە حزبەکان هەڵگری هیچ ئایدیۆلۆژیایەك نین، بەتایبەت ئەو حزبانەی کە حزبی بەرژەوەندی و حزبی عاتیفین، هەروەها جەختیش لەسەر

---

فەلسەفەی رۆژئاواو مێژووی رۆشنگەری ئیسکوتلەندا هەیە. لە سەرەتادا وەکوو مێژوو زان دەرکەوت، بەڵام لە ساڵەکانی دواییدا ئەکادیمیستەکان جەختیان لەسەر نووسینە فەلسەفییەکانی کردەوە، هێشتا تەمەنی ٢٣ ساڵی تەواو نەکردبوو کتێبێکی فەلسەفی بەناوی (لێکۆڵینەوەیەك لە سروشتی مرۆڤایەتی) نووسی. نووسینی مێژووی ئینگلتەرا تا ساڵانێکی دوورو درێژ مەرجەعێك بوو بۆ مێژووی ئینگلیز.

یەکەمین گەورە فەیلەسووفی سەردەمی نوێ بووکە (فەلسەفەی سرووشت) ی هەمەلایەنەی خستە روو کە لە دوو بەش پێکهانبوو رەتی ئەو فیکرو بۆچوونەی کردەوە کە گوایا ئەقڵی مرۆڤ دانەیەکی بچووکە لە (ئەقڵی خوا) ، هیوم ئەو فیکرەیەی گرێدا بە ئیمان بە هێزی ئەقڵی مرۆڤ لەسەر دۆزینەوەی راستییەکان کە ئەمەش بەهرەیەکی خوداییە. دیڤید هیوم ماوەیەك لەژێر کاریگەری هزری (هوبز) بوو، رێبازە ئەزموونگەرییەکەیشی هەر لە هۆبزەوە بۆخۆی گواستەوە. هەروەها دیڤید هیوم جگە لە هۆبز لەژێر کارتێکردنی ئەزموونگەرییەکانی وەك جۆن لۆك و جۆرج برکلی و نووسەرە فەرەنسییەکان و هزرڤانەکانی ئینگلیزو ئیسکتلەندی بوو نموونەی ئیسحاق نیوتن و سامیل کلارك و فرانسیس هتشون و ئادەم سمیس. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: عبدالوهاب الکیالي، الجزء السابع، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٠-٢٤٢.

[1] - د. عبدالرضا حسین الطعان، البعد الاجتماعي للأحزاب السیاسیة-دراسة في علم الأجتماع السیاسي، الثقافة والاعلام، بغداد، ١٩٩٠، ص١٢٣

ئەوە دەکاتەوە ئەو حزبانەی ئایدیۆلۆژین، یان حزبی ئایدیۆلۆژی سیاسین، یان حزبی ئایدیۆلۆژی ئایینین. (هیوم) پێیوایە ئەوەی دووەم کە حزبی ئایدیۆلۆژی ئایینییە نوێنەری حزبێکی راستەقینە نییە، هەروەها لەبارەی حزبەکانی ئایدیۆلۆژی سیاسیشەوە هەڵوێستێکی ئیجابیتری لە ئایدیۆلۆژییە ئایینییەکە نییە، چونکە (هیوم) لەو نووسینەی بەناوی (وتارێك لەبارەی حزبەکانەوە) ئاماژەی بۆئەوە کردووە، بەرنامەی حزبەکان کە (بە تێڕوانینی ئەو گوزارشت لە رێکخراوبوونێکی فیکری دەکات) لەقۆناخی یەکەمی سەرهەڵدانیاندا رۆڵێکی بنچینەیی دەربارەی حزبەکان دەبینێ (لەمەشیان مەبەستی حزبی ئایدیۆلۆژی سیاسییە)، بەڵام دوای گەشەسەندن و بەرفراوانبوونیان ئەو حزبانە ئەوەندە خۆیان بە ئایدیۆلۆژییە سیاسییەکە نابەستنەوەو لێی لادەدەن"[1].

دۆڤرجیە دەڵێت، " شەرعییەت لای حزبەکان لە کۆتاییدا بەندە بە ئایدیۆلۆژیا و ئەفسانە بڵاوەکانی ناو کۆمەڵگەکانیانەوە، هەموو ئایدیۆلۆژیایەك پێناسەی نموونەییترین شێوەی حوکمڕانییەکەی خۆی دەکات، بەم پێیە ئایدیۆلۆژیایەکەش جۆرێك لە شەرعییەت بەخۆی دەدات، جا شەرعییەتی پادشایی بێت، یان شەرعییەتی دیموکراسی بێت، یان شەرعییەتی کۆمەنیستی.... هتد، هەموو ئەو حزبە ئایدیۆلۆژیایانەش ئەو ئایدیۆلۆژیایەی هەڵدەگرن، تا رادەیەك لەگەڵ هزرو زهنییەتی بەشێك لە هاووڵاتیانی دەگونجێ، بۆنموونە دەربارەی ئەو ئایدیۆلۆژیا سیاسییەی حزبەکان شەڕعییەتی پێوەردەگرن بڕوانە شەڕعییەتی سەردەمی پادشایەتی لە فەڕەنسای سەدەی حەڤدە، یان شەرعییەتی دیموکراسی لە فەرەنسای

---

[1] - سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٤.

هـاوچەرخ، هەروەهـا حـوكمی شـەرعییەتی لیبرالـی لە وڵاتە یەكگرتووەكـانی ئەمریكا"[1]. بەم شێوەیە دەبینین "ئایـدیۆلۆژیا وەك پێداویسـتییەك بۆ بەردەوامـی حـوكمڕانییەكەی خـۆی دەخـاتە روو. بێگومـان بەشـێك لە حزبەكـان بەهـۆی بەردەوامبوونیان بە ئایدیۆلۆژیای سیاسیانەوە كز بـوونەوە، چونكە بـارودۆخەكە گـۆڕانی بەسـەرداهات، نموونەش حزبە سۆشیالیست و كۆمۆنیستەكانە، بەڵام وەك (جـان النشـتاین) دەڵێـت، سـەرمایەداری نەیـدەتوانی تـا ئێسـتا خـۆی رابگرێـت، ئەگەر بە رێگـای بەرهەمهێنـانی ئایـدیۆلۆژیای نەبـوایە، چـونكە خەڵك هێشتا مومارەسەی ئیستغلالكردنیان قەبووڵە"[2].

بێگومـان هەمـوو "ئەو حزبـانەی ئایـدیۆلۆژین شـەیدای دەسـەڵات و پاوانخوازی و كۆنترۆڵكردنی تاكە حزبین، بەڵام هەمووشیان یەك جۆر نـین، بۆنموونە سیستەمی تـاكە حزبی توندڕەو، وەك ئەوەی لە وڵاتـانی (مـالی، غانـا، ڤێتنـامی باشـوور لە شەسـتەكانی سـەدەی رابـردوو-١٩٦٠-هەبـوو، لەوسیسـتەمە حـزبییەدا، بەرهەڵسـتكاران بە هەڕەشـەیەك بۆسـەر ئامـانجە نەتەوەییەكـان یـان ئامـانجە شۆڕشـگێڕەكانی حزبـی دەسـەڵاتدار لەقەڵەم دەدرێـن. هەرچـی سیسـتەمی تـاكە حزبـی فرەییخـوازە، كە لەبنەڕەتـدا رێكخراوێكی فرەییخوازانەو ئایـدیۆلۆژیایەكی پراكتیكـانەی هەیە بۆنمـوونە وەك حزبی شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی مەكسیك ( Mexicos institutional Revolutionary Party ). بەڵام سیستەمی تـاكە حزبی تۆتالیتـاری كە تێیـدا دەوڵەت ئـامرازێكە بەدەسـت حـزبەوەو ئامـانجی سـەرەكی بـریتییە لە

[1] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٤.
[2] - هەر هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٥.

وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی و ئابووری وڵات، وەك چین و ڤێتنام و کۆریای باکوور"[1].

لە جەختکردنە سەر ئایدیۆلۆژیا، سەدەی نۆزدە (١٩) بە سەدەی ئایدیۆلۆژیا ناودەبردرێت[2]، "ئەو ناوزەدکردنەش لەبەرئەوە نییە کە ئەو زاراوەیە لەو قۆناخەدا زۆر بەکار هێنراوە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە زۆربەی ئەندێشەکانی ئەو سەردەمەبەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەی هەیانە لە ئەندێشە باڵادەستەکانی سەدەکانی پێشتر جیادەکرێنەوە بەجۆرێك کە دەکرێ بە (ئایدیۆلۆژیك) ناویان ببەین، بابەتی ئایدیۆلۆژیا هەمیشە بابەتێکی مشتومڕ خولقێن بووەو دەکرێ بڵێین بەشێك لەو مشتومڕە بەهۆی رێکنەکەوتنی بیرمەندەکان لەسەر پێناسەی زاراوەی ئایدیۆلۆژیا بووە. (ماکیاڤیلی) یەکێك لەرەخنەگرە سەرسەختەکانی (ساڤۆنارۆلا Savonarola)[3] بوو، بەڵام ئەویش وەکو ساڤۆنارۆلا بە پێشرەوی ئایدیۆلۆژییە مۆدێرنەکان لەقەڵەم دەدرێ، ئەو مێژوونووسانەی (ماکیاڤیلی) بە تیۆریستێکی نائەخلاقی ناودەبەن، دەڵێن مرۆڤێك بووە ئامانجی کۆماریخوازی هەبووە، (رۆسۆ) کتێبی (میر) ی ماکیاڤیلی بە رێنیشاندەری کۆماریخوازەکان لەقەڵەمداوە، ماکیاڤێلی لەو خەیاڵەدایە کە لە ئیتاڵیای

---

[1] - B. C. Smith، حزبە سیاسییەکان و پلۆرالیزم لە جیهانی سێیەمدا، وەرگێڕانی لە فارسیەوە بەختیار شاخی، گۆڤاری سەنتەری برایەتی،، ژمارە ١٣، ل ٢١٨

[2] - مانیڤێستی کۆمۆنیزم و تیئۆری سۆسیالیزم و تیئۆری ئەنارشیزم و تیئۆری سۆسیال دیموکرات و فەلسەفەی ماتریالی و میسالی و.... زۆری دیکە لە سەدەی نۆزدە هاتنە سەرهەڵدان.

[3] سافوناروڵا:گیرۆ لامۆ سافۆناروڵا (Girolamo Savonarola) ، لەشاری (فیرارا) ی پایتەختی (دوقی سەربەخۆ) لە رێککەوتی (١٤٥٢—١٤٩٨) لەدایك بووە، چاکسازێکی ئاین و سیاسەتمەداری ئیتالیا بوو، چووبووە ریزی سسیستەمی رەهبانی دومینکان، لە ساڵانی ١٤٩٤ تا ١٤٩٨ کە سوتاندیان سەرداری فلۆرەنسا بووە. بەتوندی دژی ئەو پیاوانەی ئایینی بوو کە کاری گەندەڵی ئەخلاقییان دەکرد، پاپا ئەسکەندەری شەشەم دوژمنی سەرەکی بوو، چونکە پێیوابوو مژدەی سەرهەڵدانی (مارتن لۆسەر) و (چاکسازی پرۆستانتی) ، سافۆناروڵایە، هەرچەندە سافۆناروڵا تا مردنی هەر بە کاسۆلیکی مایەوە. بڕوانە: http://en. wikipedia. org/wiki/Girolamo_Savonarola

مۆدێرندا کۆمارێك ببینێ کە وەکوو (رۆم) ی دێرین پیرۆز بێت، پێشنیاریشی ئەوەیە ئەو کۆمارە تەنها بە شۆڕشێك دێتە دی کە بتوانێت دوژمنەکانی خۆی لەناو ببات، ماکیاڤیلی یەکەم کەس بوو ئایدیۆلۆژیای بە ترس و دڵەراوکێوە گرێدا"[1].

تێبینی دەکرێت بەریتانیا لە سەدەی حەڤدە (١٧) "پێگەیەکی تایبەتی لە مێژووی ئایدیۆلۆژیادا بۆ خۆی دەستەبەرکردووە، پێشڕەوی خێرای هێزە شۆڕشگێڕەکان بە درێژایی سەدەی حەڤدە داواکاری ئەوتۆی بۆ ئایدیۆلۆژیاکان دروستکرد کە ئەوکارە توندڕەوییانەی زۆرجار روویاندەدا، وەسف بکەن و پاساویان بۆبهێننەوە، کتێبی (دوو نامە لەمەڕ حکومەتی مەدەنی) ی جان لۆك، نموونەیەکی بەرجەستەیە لە ئەدەبیاتی نووسراو بۆ وەسفکردنی مافەکانی تاك لەبەرانبەر تاکڕەویی زۆرداردا، گەشە سەندنی تیئۆرییە رووخێنەرەکان لە سەدەی حەڤدەدا نیشانەی پەیدابوونی شێوە ئایدیۆلۆژییەکان بوو، وتارە ئایدیۆلۆژییەکان باس لە باس و گوتارە سیاسییەکاندا بە شێوەیەکی باو رەواجی بەکارهێنانی چەمکی وەکوو ماف و ئازادییان لەگەڵدایە (ئەو ئامانجانەی بە پێی سیاسەتە پراکتیکی و واقیعییەکان بڕیاریان لەبارەوە دەدرێ"[2].

بەگشتی "حزبە ئایدیۆلۆژییەکان بە دەگمەن بە رێگای هەڵبژاردن (الانتخابات) گەیشتوونەتە دەسەلات، کە گەیشتبیشن هەمیشە سیاسەتێکی توندڕەو پیادەدەکەن، تەنانەت ئەگەر حزبێکی ئایدیۆلۆژی لە ولاتێکیشدا بەرێگای هەڵبژاردن گەیشتبێتە دەسەلات، دواتر ولاتەکەو هاوولاتیانی دووچاری نەهامەتی زۆر هاتوونەتەوە، چونکە ئایدیۆلۆژیا جەماوەر

---

[1] محەمەد تەوحید فام، سوورەکانی ئایدیۆلۆژیا لە رەوتی مێژوودا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، وەرگێڕانی درەخشان کاکەوسوو،، ژمارە ١٤، ل١٥٥

[2] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٥

ناچارده‌کات به‌رانبه‌ر پیرۆزییه‌کاندا چۆك دابدات، به‌شێوه‌یه‌ك هه‌رچه‌نده ژیانی خه‌ڵك دژوارتر بێ شته پیرۆزه‌کان زیاتر ده‌که‌ونه ژێر ئه‌وینی نه‌زانینیان"[1].

**چواره‌م : ئه‌رکی حیزبی سیاسی**

چه‌مکی ئه‌رك (وڤیفه) شوێنێکی فراوانی له کۆمه‌ڵناسی هاوچه‌رخدا گرتووه، بۆیه‌که‌مجار (مالینوفسکی[2] (Malinovski ئه‌نترۆپۆلۆژیست به‌کاریهێنا، ئینجا مێرتون[3] (Merton) و تالکۆت پارسون[4] (Parsons) گشتاندییان[1].

---

[1] - رۆبێرت میشێل، کۆمه‌ڵناسی حزبه سیاسییه‌کان، وه‌رگێڕانی:یاسین حاجی زاده، ده‌زگای وه‌رگێڕان، هه‌ولێر، ٢٠٠٦، ل٦١

[2] برونیسلاف کاسبر مالینوفسکیBronislaw Malinowski (١٨٨٤/٤/٧-١٩٤٢/٥/١٦) به ره‌چه‌ڵه‌ك پۆله‌ندی و به ره‌گه‌زنامه به‌ریتانی بوو. به‌ناوبانگترین زانا بوو له بواری مرۆڤناسی جێبه‌جێکاردا. له کاتی گه‌نجیدا که‌وتبووه ژێر کاریگه‌ری زانای مرۆڤناسی به‌ناوبانگ (جیمس فریزه‌ر). مالینۆڤسکی له‌گه‌ڵ رادکلیف براون رۆڵێکی زۆر کاریگه‌ریان بینی له پێشخستنی زانستی مرۆڤناسی نه‌ك ته‌نها له ئه‌وروپا به‌ڵکو له ئه‌مریکاو جیهانیش. له بواره‌کانی زانست و ئایین و سیحر رۆڵی گرنگی هه‌بوو به‌ڵام یه‌کێك له به‌ناوبانگترین کتێبه‌کانی که زۆر ناوبانگی ده‌رکرد بریتی بوو له (Argonauts of the Western Pacific). بڕوانه: د. احسان محمد الحسن، موسوعة علم الاجتماع، هه‌مان سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل ١٢٨-١٢٩.

[3] رۆبه‌رت کینج میرتۆن (١٩١٠-٢٠٠٣) له پێشڕه‌وانی تیۆری بونیادی وه‌زیفی هاوچه‌رخ ده‌ژمێردرێ، واته (٨) ساڵ دوای پارسونز له‌دایك بووه‌و نزیکه‌ی (٢١) ساڵیش دوای ئه‌و مردووه. هه‌وڵه‌کانی مێرتۆن بۆ پێشکه‌وتنی زۆر له چه‌مکه‌کانی بونیادی وه‌زیفی بوو له‌رێگای ئه‌و تیۆرو میتۆدانه‌ی له بواری واقیعی کۆمه‌ڵایه‌تی بوون که زۆر زیاتر له تێگه‌یشتنه ئاڵۆزو گرانه‌کانی پارسۆنز هه‌ست به روونی ده‌کران.

[4] تالکوت پارسۆنز (١٩٠٢-١٩٧٩) یه‌کێکه له به‌ناوبانگترین زانایانی کۆمه‌ڵناسی هاوچه‌رخی ئه‌مریکا. بارسۆنز گه‌شه‌ی به تیۆری کۆمه‌ڵایه‌تی دا به‌تایبه‌ت به جه‌مسه‌ری قوتابخانه‌ی ( Social Action) و هه‌روه‌ها، به جه‌مسه‌رێکی گه‌وره‌ی وه‌زیفه‌ی بونیادگه‌رایی Structural Functional داده‌نرێت. سه‌باره‌ت به پارسۆنز کاری کۆمه‌ڵایه‌تی یه‌کێتییه‌کی بنچینه‌یی ژیانی کۆمه‌ڵایه‌تییه. کاری کۆمه‌ڵایه‌تی به‌و پێناسه‌یه‌ی پارسۆنز ره‌فتاری ئیراده‌ییه لای مرۆڤ بۆ ئامانجێکی دیاریکراو. پارسۆنز له چوار سیسته‌می جیاواز کاری ده‌کرد که بریتی بوون له سیسته‌می ئۆرگانییه‌وه بۆ سیسته‌می که‌سایه‌تی و سیسته‌می کۆمه‌ڵایه‌تی و رۆشنبیری و شارستانێتی، که هه‌ر چواریان سیسته‌مێکی

لەراستیدا چەمکی ئەرك لەگەڵ ڕێکخستن لە واقیعدا لەیەك جیا نابنەوە. ئەگەر دوو رووی یەك دراویش نەبن[2]، حزبە سیاسییەکان رۆڵێکی گرنگیان لەنێو کۆمەڵگاکەیاندا هەیە، بەڵام "حزبەکان بەهۆی جیاوازی سیاسەتەکانیان ئەرکی جیا جیاشیان هەیە. ئەم جیاوازییە بەهۆی سروشتی سیستەمی سیاسییە باوەکەیە (السائد)، کە ئایا سیستەمەکە دیموکراسییە، یان تۆتالیتارییە، لەم چوارچیوەیەشدا بەجۆرێکی تر جیاوازی لە ئەرکی حزبەکان سەرهەڵدەدا، ئەویش ئەوەیە، ئایا حزبەکە حوکمڕانە (لەحوکمدایە) ؟یان لە دەرەوەی حوکمڕانییە (بەرهەڵستکارە) "[3]، لەلایەکی تریشەوە "ئەرکی حزبە سیاسییەکان لە وڵاتە پێشکەوتووەکان زۆر جیاوازە لە وڵاتە دواکەوتووەکان، بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە جێگیری سیاسی (الأستقرار السیاسی) تێدا لەرزۆکە. واتا حزبەکان لە هەر وڵاتێکدا بە پێی سرووشتی دۆخەکە کۆمەڵێك ئەرکیان دەکەوێتە سەر شان، کە بە تەواوی لەگەڵ وڵاتێکی تر جیاوازە"[4]. ئەمانە سەرەتای نزیکبوونەوەن بۆ زانینی هەر حزبێك کە ئەرکەکانی چین. بەڵام بەگشتی ئەرکی حزبە سیاسییەکان لە

---

کۆمەڵایەتی تەواوکراو پێکدەهێنن. بارسۆنز لە ساڵی (١٩٤٤) ەوە لە زانکۆی هارڤارد پلەی زانستی گەیشتە پرۆفیسۆر و هەر لەو زانکۆیەش وەك ئوستاد و تۆژەرو نووسەر مایەوە تا خانەنشین کرا، لە رۆژی ١٩٧٩/٥/٨ لە شاری میونیخ لە ئەڵمانیا مرد. هەندێك لە دانراوەکانی: ١- بونیادنانی کاری کۆمەڵایەتی ساڵی١٩٣٧ ٢- النسق الاجتماعی عام ١٩٥١ ٣- چەند لێکۆڵینەوەیەك لە تیۆری کۆمەڵایەتی ساڵی ١٩٥٤ ٤- تیۆری کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگای نوێ ساڵی ١٩٦٧ ٥- سیستەمی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی تیۆری کار ساڵی ١٩٧٧، کۆمەڵناسی ئەمریکی... هتد. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. احسان محمد الحسن، موسوعة علم الاجتماع، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٣-١٤٤.

[1] - موريس دوفرجيه، علم اجتماع السياسة، ت:د. سليم حداد، بيروت، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، الطبعة الثانية، ٢٠٠١، ص١٩٨

[2] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

[3] - بدرالدين القمودي، حول مفهوم الحزب السياسي ووظائفه (لەبارەی چەمکی حزبی سیاسی و ئەرکەکانی) ٢٠٠٨/١٠/٢٦، بڕوانە: http://gammoudib. maktoobblog. com/1398847 : رۆژی ٢٠١٠/٦/٨ سەردانیم کردووە.

[4] - صباح صبحي حيدر، اصلاح الأحزاب السياسية- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

هەنـدێك خـاڵی هاوبەشـدا یەکـدەگرنەوە[١]، جـا سیسـتەمەکە دیموکراسـی بێـت یـان تۆتالیتـاری، وڵاتەکە پێشـکەوتوو بێـت، یـان دواکەوتـوو[٢] بەڵام حزبەکـانی وڵاتـانی تازەگەشەسـەندوو هەنـدێك ئەرکـی تایبەتییـان هەیە[٣]، کە تـا رادەیەك لە وڵاتە پێشـکەوتووەکان بە جـۆرێکی تـرە، بەتـایبەت ئەو حزبـانەی بـۆئەوە دروسـت بـوون خەباتی چەکداری هەڵگیرسێنن لەبەرامبەر چەوساندنەوەی نەتەوەیی، بـۆ نمـوونە تەواوی حزبە کوردییەکانی نەك هەر تەنها عێراق بەڵکو حزبە کوردییەکانی ئێـران و تورکیاو سووریاش هەر بە هەمان شێوەیە.

"بەگشتی ئەرکی حزبە سیاسییەکان لە دوو بەشـی سـەرەکیدا کـۆ دەکرێنەوە، **یەکەمیـان** ئەرکە گشـتییەکانە کە پێوەسـتن بە هەمـوو حزبێکـی سیاسـی و جـێ سـەرنجی هەمـوو ئەوکەسـانەن کە خـاوەن تیـئـۆرن، **دووەمیشـیان** بـریتییە لەو تیـئـۆرە جیاوازانەی کە بـۆ هەر حزبێکی سیاسـی چەنـدین ئەرکی شـاراوە لەخـۆدەگرێ بە شـێوەیەك ئەو ئەرکـانە لە حـزبێکەوە بـۆ حزبێکـی دیـکە دەگـۆڕدرێ"[٤]. بۆنمـوونە حزبی بڕوادار (العقیدە) لە ئیتالیا شێوەی بەشداریکردنی جیاوازە لەگەڵ حزبێکی بڕوادار لە میسر، هەروەها کارو کردەوەکانی حزبە گەورەکان جیاوازە لە جموجۆڵ و

---

[١] - هەمـوو حزبێکی سیاسی خاوەنی بەرنامەو ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراوە، کاردەکەن بۆ بزواندنی خەڵك بەو ئاراستەیەی خۆیان مەبەستیانە. لەبەشداریکردنی سیاسی و دروستکردنی رای گشتی و، بەشداریکردن یان وەرگرتنی دەسەڵات.

[٢] - بدرالدین القمودي، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[٣] - ألب ولد معلوم، حول مفهوم الحزب السياسي ووظائفه، م. ن. لمزيد انظر: http://www. kolchi. tv/vb/showthread. php?t=11101 يوم ٢٠١٠/٦/٤.

[٤] - بڕوانە: د. ئەحمەد نەقیب زادە، گۆڤاری سەنتەری برایەتی-گۆڤارێکی زانستی- وەرزییە..... گرنگی بە لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و داهێنانی فیکری دەدات، گۆهدار محەمەد، ژمارە١٢، کۆتایی حوزەیرانی ١٩٩٩، ل٦١

چالاکییەکانی حزبێکی بچووك لەسەر هەرێمێکی جوگرافی دیاریکراو[1] لێرە دەتوانین ئەرکە گشتییەکان لەم خاڵانەی خوارەوە چڕ بکەینەوە.

### ١- ئەرکە گشتییەکان:

**أ-ئەرکی هەڵبژاردن**

لە سیستەمی سیاسی دیموکراسی حزبە سیاسییەکان پێوەندییەکی راستەوخۆیان لەگەڵ پرۆسیسی هەڵبژاردنەوە هەیە، [2] " واتا ئەرکی حزب بریتییە لە:یەکەم هەڵبژاردن، دووەم زاڵبوون و ئاراستەکردنی دامودەزگا-الأجهزة-ی سیاسی، ئەرکی سێیەمیش بیتییە لە دیاریکردن و گۆڕان لە هەڵوێستی سیاسی"[3].

**ب- دروستکردنی رای گشتی**

حزبی سیاسی فاکتەرێکی کاریگەرە لەسەر بۆچوونەکانی رای گشتی، واتا "دروستکردنی رای گشتی بەستراوەتەوە بەو حزبەی لە رووی جەماوەرییەوە چەندە بالایە، حزبی سیاسی لە رێگای کەناڵە جیا جیاکانییەوە هەوڵی دروستکردنی رای گشتی دەدات"[4] بەلام"هەموو مرۆڤێکی تاك ئەگەر پسوولەی دەنگدانیشی هەبێت لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا، بێگومان

---

[1] - د. نظام برکات-د. عثمان الرواف-د. محمد الحلوة، مبادیء علم السیاسة، الریاض، الطبعة السابعة، ٢٠٠٩، ص٢٤٣.

[2] - بڕوانە: د. ئەحمەد نەقیب زادە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١

[3] - د. حسان محمد شفیق العاني، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٩.

[4] - بەهادین ئەحمەد موحەممەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١

دابڕاودەبێـت ئەگەر نەتوانێـت هەوڵەکـانی خـۆی یەکبخـات لەگەڵ هەمـوو ئەوانەی لەسەر شێوەی ئەو بیردەکەنەوە. چونکە هەمـوو هـاوولاتییەك بە تەنیـا ناتوانێت بە کـاری گرنـگ هەڵبسێت جگە لە پچڕ پچڕ کردنـی ئیـرادەکەی، بەمەش تـین و گـوڕ لەو ئیـرادەیە ون دەبێت کە وای بۆدەچێت کـاریگەر بێت. لێـرە حـزب هەوڵـی ئەوە دەدات ئەو هێـزو توانـا پچڕپچـڕانە کۆبکـاتەوەو یەکیبخـات، بۆ ئەوەی سـەنگێکی راسـتەقینەی بـداتێ کە ژمـارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئاسایی پێڕەو و پیادەی دەکەن"[1].

**ت- پێگەیاندنی کادیری سیاسی**

بێگومـان "سـەرەکیترین کـاری حزبـی سیاسـی، سیاسـەتەو پەیوەنـدی بە هەڵسـووڕانی خەڵـکەوە هەیە، بەتـایبەت ئەوکـارانەی راسـتەوخۆ پێوەنـدی بە دەوڵەت وکاروبـاری بەڕێـوەبردنی دەوڵەتەوە هەیە، ئەمەش هەمـوو بوارەکـانی، رامیـاری و ئـابووری و کـۆمەلایەتی دەگـرێتەوە. ئەمەش دەبێتە هـۆی ئەوەی کـادیری حـزب شـارەزایی لە زانسـتی بەڕێـوەبردنی دەوڵەت و دەستنیشـانکردنی کەموکورتییەکـان و هەروەهـا لە خـاڵە بەهێزەکـانی بەرەو پێشـبردنی کاروبـاری دەوڵەت پەیدا بکات"[2].

**پ- هەڵبژاردنی پاڵێوراوەکان**

لەبەرئەوەی لە سیسـتەمی دیموکراسـی، حزبـی سیاسـی پەیوەسـتە بە هەڵبژاردنەوە، بۆیە" هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدابوونە کە ئەندام و کادیری خۆیان پێـبگەیەنن و دروسـتیان بـکەن بەو شـێوەی بەرنـامەی سیاسـی حزبەکـان

---

[1] - د. عبدالرضا حسين الطعان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦

[2] - بەهادین ئەحمەد موحەممەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١-٢٢

دەیـانەویٚ، بـۆئەوەی جـومگەیەکی پێداویسـتییەکانی بـۆ بەڕێوەببـات، بـۆیە دەبینین هەمیشە ئەوکەسانەی کادیرن لەناو حزبێکی سیاسیدا، زۆر وەئاگاترو پڕ زانیاری ترن لە خەڵکی ئاسایی کە هیچ ئینتیمایەکیان بۆ هیچ حزب و ڕێکخراوێکی سیاسی نییە. بێگومـان ئەم بۆچوونە لە وڵاتێکی پێشکەوتووەوە بۆ وڵاتێکی دواکەوتوو تـا رادەیەك لە گۆڕاندایە، چونکە زۆر جاری وا بووە، لە وڵاتانی جیهانی سێهەم خەڵکانێکی نا شایستە پلەو پایەی جۆراوجۆریان وەرگرتووە، کەچی لە بەڕێوەبردنی کارەکەشیدا هیچ سەرکەوتنێکی وەدەست نەهێناوە"[1].

**ج- ڕێکخستن و هەماهەنگکردنی کاری هەڵبژاردنەکان**

بە بۆچوونی د. الگعان"هەندێك لە پسپۆران وای بۆدەچن کە ڕێکخستن بۆ حزبەکان زۆر زۆر گرنگە، ئەگەر (ڕۆبەرت میشێل) بەلایەوە ئەوەندە بەس بێت کە گرنگی ڕێکخستن لە ژیانی ناوەخۆی حزبیدا دەبێتە ئەو تـوخمەی کە هەمـوو جومگەکان دەخاتە جوولەوە، ئەوا هەندێکی تر لەمە دوورتر دەڕۆن و بەرزی بە ڕێکخسـتن دەدەن بـۆ ئاسـتێکی هـاوجووتی دابـڕان (الانقگـاع) بـۆ دیـاریکردنی ڕێنماییەکـان. ڕێنماییەکـانیش تەنهـا حـزبە"[2]. بەڵام (مـوریس دوفرجیە) پێیوایە "تیئۆری ڕێکخستن بەشێوەیەکی تایبەتی واتا گرفتەکانی ڕێکخستن زیاتر لە هەر لایەنەکانی دیکەی حزبەکانە"[3]. چونکە لە بنەڕەتدا " حزبە سیاسییەکان ئامرازێکی کاریگەرن بۆ ڕێکخستنی بەشدارییپێکردنی هەر تاکێکی سیاسی لە حوکمڕانیدا، ئەمەش بەرێگای یان بە یارمەتی چوونە ناو

---

[1] - بڕوانە: د. ئەحمەد نەقیب زادە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢.
[2] - د.عبدالرضا حسین الطعان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١.
[3] - هەمان سەرچاوەی سەرەوە، هەمان لاپەڕە.

حزبەکـانەوە، یـان بەشـداریپێکردی لە هەڵبژاردنەکانـدا. بە واتـایەکی دیـکە چەمکـی حـزبە سیاسـییەکان و بەشـداریکردنی سیاسـی پێوەنـدییەکی تونـد گرێـدراویان بە یەکەوە هەیە، بەجۆرێـك هەنـدێك کەس وایـدەبینن نـاتوانرێ لەسـەردەمی ئێسـتادا بەشداری کردنێکی سیاسـی کـاریگەر بکەیـت ئەگەر لە رێگای حزبە سیاسییەکانەوە نەبێت"[١].

**٢- ئەرکە پەروەردەییەکان**

یەکێـك لە ئـامرازە گرنگەکـانی حزبـی سیاسـی لە پرۆسـەی پێگەیانـدنی سیاســی لە کۆمەڵگــادا بــۆ "رۆڵ و ئەرکــی حزبەکــانە کە هەمیشــە هەمەلایەنەیەو بەتەنیا کارێك یان دوو کار پێوانەناکرێ، حزبەسیاسییەکان جگە لەوئەرکانەی سەرەوە، هەمیشە هەوڵی ئەوەدەدەن ئامادەییـان لە هەمـوو شـوێنێك هەبێت، بەتایبەتی بۆ ئەو نەوەیە (جیل) ەی کە هێشتا ئینتیمایان بۆ ناو هـیچ حزبێك نەکردووەو تەمەنیـان لە (١٨) سـاڵ کەمترە، بەشێوەیەك هەوڵەکانیـان بـۆ ئەوەیە "ئەگەر نەیەنە ریزی حزبەکەیشـەوە، بەڵام وەکوو دەنگدەرێکی ئەو حزبە بمێنـنەوە، جـا بـۆ گەیشـتنیان بەو ئامـانجە، حـزب رۆڵـی گرنـگ دەبینـێ لە پەروەردەکردنی سیاسی و هوشیار کردنەوەی جەماوەرو وەئاگا هێنانیان لە پرسە جۆراوجۆرەکان"[٢].

**أ- ئاگادارکردنەوە**

ئەم ئەرکە لە سیســــتەمی تۆتالیتــــاری جیــــاوازە لەگەڵ ئەوەی لە سیسـتەمێکی دیموکراسـیدا هەیە "لەوکـاتەی حزبێکـی تـاکرەوی حـوکمڕانی

---

[١] - د. نظام برکات وأخرون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٤

[٢] - بڕوانە: د. ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢

تۆتالیتــار فەرمــانڕەوایە هەمیشــە ئەو حــزبە حــوکمڕانە تــاکڕەوە لە بــری ئاگادارکردنەوەی هاووڵاتیان، هەوڵدەدات هاووڵاتی کەمترین زانیاری پێبگات، بەڵام حـزبە دیموکراسـییەکان بەتـایبەت لەو وڵاتـانەی کە سیسـتەمی حـوکم سیسـتەمێکی ئیئتیلافـی یـا دیمـوکراتییەو چەنـدین رێکخـراوی جیـا جیـا لە کـۆمەڵگەی مەدەنـی و فیمینیـزم و مـافی مـرۆڤ و.. هتـد لێـیە، هەمـوو حزبەسیاسییەکان لە هەوڵی ئاگادارکرنەوەی هاووڵاتیاندا دەبن، بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە راگەیاندن رۆڵی کاریگەری هەیە بەسەر حوکمڕانێتییەوە، بینینی هەر رۆڵێکــی چەواشــاکارانەش لە سیســتەمێکی دیموکراســی کە ئــازادی راگەیانــدنی تێــدابێت، ئەو رۆڵە چەواشــەکارییانە زوو ئاشــکرادەبێت و هــیچ کاریگەرییەکی نابێت. بەڵام کارەسات ئەوکاتە روودەدات کە ئاستی هوشیاری سیاسی جەماوەر نزم بێت"[١].

**ب- فێرکردنی تیۆری و بەشدارپێکردنی سیاسییان**

وەك روونکرایەوە حزبی سیاسی پەیوەستە بە ئایـدیۆلۆژیاو پرسـەکانی وەك پەروەردەو هەڵبـژاردن و....هتـد، بـۆیە"حزبە سیاسـییەکان رۆڵێکـی زۆر گرنـگ دەبیـــنن لە پێشکەشــکردنی رۆشــنبیری و پێگەیانــدنی سیاســی ئەنــدام و لایەنگرانیان بەو بیرۆکەو ئایدیۆلۆژیایەی خۆیـان پێڕەوی لێدەکەن، ئەمە لەناو هەمـوو حـزبە سیاسـییەکاندا هەیە، جا ئەگەر حـزبەکە لیبڕالـی و دیموکراسـی بێـت، یـان کۆمۆنیسـتی، تەنـانەت ئەگەر حـزبەکە لە پێڕەوانـی ئایـدیۆلۆژیای نازی و فاشیش بێت، وەك چۆن لە نیـوەی یەکەمـی سـەدەی رابـردوو (سـەدەی بیست) ئەو حزبە سیاسییانەی ئایینی مەسیحیان پێڕەودەکرد، هاوکات رۆشنبیر ی ئـایینی و پێگەیانـدنی ئـایینی و سیاسـیان بـۆ ئەنـدامەکانیان فەراهەمـدەکرد،

---

[١] - بۆ زیاتر بڕوانە: د. ئەحمەد نەقیب زادە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣-٦٤

جا حزبەکە لە کاسۆلیکی بوایە یان پرۆتستانتی لەوبارەیەوە گرفتێك نەبوو"[1].

بۆیە "فێرکردنی تیئۆری و بەشداریپێکردنی سیاسی هاووڵاتیان لە ناو حزبەکاندا، دەکەوێتە ئەستۆی حزبە سیاسییەکان ئەو رۆڵە ببینن، دوو رێگای سەرەکیش هەن بۆ ئەم مەبەستە، کە یەکەمیان خوێندنگەو زانکۆو دەزگا ئەکادیمییەکانن، کە ئەمەیان حزب کەمتر گرنگی پێدەدات بۆ ئەندامانی، ئەوی تریان هەڵسووراندن و بەرێوەبردن ی ئەرکەکانی حزبە، بۆ قۆناخی ئێستاو ئایندەی ئەو حزبە، واتا فێرکردنی لە تاکتیك و ستراتیژ و، ململانێی سیاسی، کەزۆر جاری وا هەیە، ئەکادیمیستەکان لەو ململانێیە سیاسییە سەرکەوتوو نابن، وەك ئەوەی کادیری سیاسی حزبەکان لێی سەرکەوتوو دەبن[2]".

**ت- ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی**

بە رای د. الطعان "حزب نوێنەرایەتی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، بەومانایەی نوێنەرایەتی رێگای لێکگرێدانی کۆمەڵایەتی (الترابط الاجتماعی) دەکات"[3]. "لەبەرئەوەی حزب رۆڵکی بنچینەیی و کارگەر دەبینێ لە گەشەسەندنی سیاسی و بەشداریپێکردنی سیاسی هاووڵاتیان ناچاردەبێت ئاوێتەبوونێکی کۆمەڵایەتی بەرجەستەبکات، ئەم ئاوێتە بوونی کۆمەڵایەتیبوونەی حزبە سیاسییەکانیش لەسەر بنەمای بەشداریکردن لە بەرژەوەندییەکان پێکدێت. بەڵام دەبێ ئەوەش بوترێ پلەو رێژەی بەشداریکردن لە بەرژەوەندی جیاوازە بە رادەی جیاوازی بەرژەوەندییەکان، واتا هەموو ئاوێتەبوونێکی کۆمەڵایەتی کە خۆی لە لێکبەستنەوەیەکی کۆمەڵایەتی

[1] - د. عبدالله محمد عبدالرحمن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤٧

[2] - د. ئەحمەد نەقیب زادە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤

[3] - د.عبدالرضا حسین الطعان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٢

دەنوێنیٚ لەناو حزب دا، لەسەر بنچینەی ئاستی بەرژەوەندییەکانە"[1]. "یەکێك لە گرنگترین رۆڵی حزبەکانی ئەمریکا ئەوەیە، ئەوکەسانەی دەچنە ئەمریکا لەگەڵ کۆمەڵگا تێکەڵیان دەکەن، بۆ ئەو کەسانەی کە لە نەتەوەو وڵاتە جیا جیاکانەوە بۆ ئەمریکا کۆچیانکردووەو ئێستاش کۆچدەکەن، حزب رێڕەوێکی باشە بۆئەوەی بگەنە قووڵایی کۆمەڵگای ئەمریکاو پاش ماوەیەکی کورت ببنە هاووڵاتییەکی هوشیار، بەم جۆرە حزب لە ئەمریکادا وەکوو یەکیٚ لە ئامرازەکانی کوورەی تواندنەوە کاردەکات، ئەم رۆڵە دەتوانێت بۆ ئەو وڵاتانەی کە چەند نەتەوەیەکی جیاوازیان تێدایە بە ئامرازێکی باش دابنرێت بۆ ئاوێتەبوونی نەتەوەیی"[2]. جزبە سیاسییەکان لە ژیانی رۆژانەو مومارەسەی حزبیاندا رۆڵی نێوەند (الوسیگ) یان رۆڵی ئەڵقەی گەیشتنی نێوان رای گشتی و حکومەت دەبینن، بۆیە هەمیشە دەبێت تێکەڵاوی نێو خەڵك بن

**پێنجەم: پێکهاتەی حیزبی سیاسی**

لەبەرئەوەی پێکهاتەی حزبی سیاسی خۆی لە پێکهاتەی چینەکۆمەڵایەتییەکانی نێو هەر کۆمەڵگایەکدا دەبینێتەوە کە هەیە، هەڵبەت ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییانەش لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە، بۆیە "پێکهاتەی حزبە سیاسییەکانی هەر وڵاتێکیش لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە. بۆنموونە بونیادی چینایەتی لە وڵاتانی دواکەوتوو هەندێك لە توێژو چینەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری هاوچەرخ بەخۆوەدەگریٚ (وەك بۆرژوازیی و پرۆلیتاریای پیشەسازی) و چەند توێژێکی ناوەند کە لەگەڵ پێشکەوتنی سەرمایەداری (وەك ئەو کرێکارانەی بە کارگێڕییەوە سەرقاڵن،

[1] - م. ن. ص٢٦٠-٢٦١

[2] - د. ئەحمەد نەقیب زادە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤

رۆشـنبیران، ئەفسـەران) هەروەهـا بونیـادی چینـایەتی هەنـدێك لەو چـین و توێژانە بەخۆوە دەگرێت کە بۆ سیستەمی پێش سەرمایەداری و دەگەڕێنەوە (وەك موڵکدارەکان (دەرەبەگەکان)، جووتیارە بەشخوراوەکان-المعدمین) تەنانەت هەندێك لە پێکهاتەکان (خێڵەکیانەیە) لە ریزی بەرهەمهێنانێکی سەرەتاییدایە، لەم روانـگەوە، چـین و توێژەکـانی وڵاتـانی دواکەوتـوو بەسـتراونەتەوە بە قۆناخێکی گواستنەوەیی چالاکیی ئابووری لە پێش قۆناخی سەرمایەدارییەوە بۆ قۆناخی سەرمایەداری"[1] بەڵام هەمـوو ئەو حزبە سیاسیانەی کە لە نیوەی یەکەمـی سـەدەی بیسـت لەکوردسـتانی باشـوور دامەزراون، بەدرێژایـی ئەم ماوەیە، پێکهاتەکەیان یان حزبیی نەتەوەیی- نیشتمانی بووە، یـان حزبی چەپ و شۆڕشگێر بووین، یان زۆرجاریش تێکەڵەیەك بـوون لە هەردوو تـوخمەکە، واتـا هەم نەتەوەیی نیشتمانی و هەم چەپڕەوی شۆڕشگێر بوون، بەڵام نەیـانتوانیوە بەم تێکەڵاوییە بۆ ماوەیەکی دوور لەگەڵ یەکتر هەڵبکەن و حزبەکە لەباریەك هەڵوەشاوەتەوە، باشترین نموونە (حزبی هیوا، حزبی رزگاری) تەنانەت پارتی دیموکراتی کورد دواتر ناوەکەی گۆڕدرا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان یـش کە درێـژەی کێشـا تـا لە سـاڵی ١٩٦٤ جیاوازییەکـان بەتەواوی زەق بـوونەوەو لە سـاڵی ١٩٦٦ بـاڵی مەکتەبی سیاسی ئەو پـارتە بەتەواوی جیـابوونەوە[2]. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە، وەك چۆن پارتی دیموکراتی کوردستان لە سـاڵی ١٩٦٦ بـاڵێکی لە تـوێژی رۆشـنبیرو (بژاردە-نخـبە) لـی جیـابووەوەو دواتـر لە سـاڵی ١٩٧٥ یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتانیان دامەزرانـد، دەبینـین، بە هەمـان شـێوە،

---

[1] - بڕوانە:د. اسامة الغزالي حرب، الأحزاب السياسية في العالم الثالث (حزبە سیاسییەکانی جیهانی سێیەم) ، سلسلة عالم المعرفة ١١٧، سبتمبر ١٩٨٧، ص ٥١

[2] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:ئیبراهیم جەلال، خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول-بنیاتنان و هەڵتەکاندن ١٩٦١-١٩٧٥، سلێمانی، چاپی سێیەم، ساڵی ١٩٩٩، ل١٥٣-١٥٤، ١٦١-١٦٧، ٢٠٥-٢٠٨، ٢٢٣-٢٢٧.

مێژوو خۆی دووبارە کردەوەو لەناو هەناوی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا باڵێکی سیاسی و رۆشنبیرو بژاردە، جیابوونەوەو، بزووتنەوەی گۆڕانیان دروستکردو، لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥ بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیان کردو، توانیان (٢٥) کورسی وەدەست بهێنن، وێڕای ئەم هەموو گوشارەی لەسەریان بوو.

"زۆرجاری واش هەبووە، حزبێکی سیاسی لە سەرەتاوە پێکهاتەکەی جیاوازبووە لەگەڵ دواتر کە کەوتۆتە قۆناخی خەباتەوە، یان کاتێك وڵاتەکەی بە چەندین قۆناخی شۆڕشدا تێپەڕیوە، گۆڕانکاری لە پێکهاتەی حزبە سیاسییەکانیشدا دروست بووە، چونکە مەرجە سیاسییەگشتیەکانیشی گۆڕاون"[١].

حزبە سیاسییەکان لەو وڵاتانەی چەوساندنەوەیان زۆر تێدا بێت، کە دروستدەبن، زیاتر مۆرکێکی جەماوەری وەردەگرن چونکە بەرنامەی سەرەکیان رزگاربوونیانە لە چەوساندنەوەکە، بەتایبەت ئەگەر چەوساندنەوەکە نەتەوەیی و نیشتمانی بێت، بەڵام ئەو وڵاتانەی دوورن لە چەوساندنەوەی نیشتمانی و نەتەوەیی، ئەوا، حزبە سیاسییەکان تا رادەیەك هەڵگری بەرژەوەندییە چینایەتی و ئایدیۆلۆژییەکان بوون.

[١] - موریس دیڤرجیە، الأحزاب السیاسیة، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦

# بەشی چوارەم

## واقیعی حزبی سیاسی لە هەرێمی کوردستان

یەکەم: حزبی سیاسی لە هەرێمی کوردستان و رای گشتی

دووەم: گەشەپێدانی حزبی سیاسی لە هەرێمی کوردستان

سێیەم:رەفتاری سیاسی حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان

چوارەم: قۆناخی دوای راپەڕین

پێنجەم: شێوەی دابەشکردنی دەسەڵات

وەك لە سەرەوە باسمان کرد، بۆمان دەرکەوت کە"حزبی سیاسی یەکێك لە گرنگتـــرین دەزگاکـــانی ئەم ســـەردەمەیە کە کـــاریگەریی بەســـەر رووداوە سیاسییەکانی نێـو کۆمەڵگـاو ئەو شـوێنەوارانەی کە رووداوەکە جێیهێشـتووە لە بونیـادو چالاکییەکـان و رەوتـی پێشـکەوتن و گەشەسـەندنی کۆمەڵگـاوە هەیە"[1] حزبـی سیاسـیی "لە بنەڕەتـدا لەسـەر بنەمـای ئایـدیۆلۆژی، رێکخسـتن، رێبەرایەتـی و پلانگەلێکـی روون و ئاشـکرا هـاتوونەتە دروسـتبوون وچەمکێکە بۆیەکەمجـار لەنێومنداڵـدانی کۆمەڵگـا رۆژئاواییەکـان و لەنـاو کەلەبەرو لێکترازانـی چینـایەتی و ئـایینی و نـاوچەیی و سیاسـییەکاندا سـەریهەڵداوە"[2]. حزبـی سیاسـی لەسـەردەمی ئەمـڕۆدا رەنگـدانەوەی دیموکراسـی و دیـاردەی هەڵبژاردن و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتە، چونکە "حزبە سیاسییەکان بـوونەتە ئامرازێکی ململانێ وئامانجیشیان دەستبەسەرداگرتن و ئینجا پارێزگاریکردنی ئەو دەسەڵاتەیە"[3] تەنانەت "لە هەندێك لەو وڵاتانەیشدا بۆنموونە وەکو ئەڵمانیـا گـرژی ئـایینی و سـەرهەڵدانی مەزهەبـی ئـایینی پرۆتسـتانت لە سـەدەی شـانزەهەمدا بـووە هـۆی سـەرهەڵدانی تـاقم و دەسـتەگەریی ئـایینی و هەر ئەو

[1] - د. احسان محمد الحسن، علم الاجتماع السياسي، مطبعة جامعة الموصل، ١٩٨٤، ص١٥١

[2] - د. حسین بەشیریە، کۆمەڵناسی سیاسی، وەرگێڕانی :ناسر ئیبراهیم زادەن، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی هەولێر، ٢٠٠٩، ل ١٨٨

[3] -انظر:د. طارق علي الهاشمي، الآحزاب السياسية، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، بغداد، ١٩٩٠، ص٣٨.

دەستە گەریـیەش بـووە هـۆی هێـوری لەگەڵ یەکتروجۆرێـك ڕێککەوتنیـان لەنێوانـدا دروسـت بـوو چـالاکی یەکتریـان وەك حـزب لەژیـانی سیاسـیدا بڵاوکردەوە"[١].

گـۆڕان لە شـێوازو داڕشـتنی کـۆمەڵایەتی کە لە ئاکـامی شۆڕشـی پیشەسازی و بەهێزبوونی چینایەتی سەرهەڵدانی حزبی سیاسی پێکهێنا[٢].

**یەکەم: حزبی سیاسی لە هەرێمی کوردستان**

حزبی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، لە ئەنجامی ئەو واقیعە سیاسی- کـۆمەڵایەتی –ئـابووری- ڕۆشـنبیرییەی کە هەبـووە هـاتوونەتە دامەزرانـدن، ئەمەش دۆخێکی دروستکردبوو کە جۆرێك لە ئاڵۆزی و نەسازانی فیکری و سیاسی بگواسترێتەوە نێو حزبەکانیش. بۆنموونە حزبی هیـوا کە لە سەرەتای چلەکانـدا بەرفراوانتـرین حزبـی کـوردی بـووە، کەچـی ئەو حـزبە سـەرئەنجام هەڵوەشایەوەو نەما، نەمـا لەئەنجامی ئەو هەمـوو بیرو بۆچوونە پێکنـاکۆکەی لەنێو سەرکردایەتیدا هەبووە[٣]، یان سەرکردایەتی ڕێکخراوی شۆڕش هەر خۆیـان (واتـا هەمـان سـەرکردایەتییەکەی ڕێکخـراوی شـۆڕش) هەوڵیانـداوەو ڕۆڵـی بنەڕەتییان بینیوە لە دروستکردنی حزبی رزگاری، یـان سـەرکردەیەك لەنێو دوو حزبـدا سـەرکردایەتی کـردووە، هەمـوو ئەمـانە بـی ئەزمـوونی و دۆخـی حزبـی

---

[١]- د. حسین بەشیریە، کۆمەڵناسی سیاسی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٨

[٢] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

[٣] - لە رووی فیکرییەوە جیاوازی زۆریان هەبوو، باڵی مارکسی و باڵی نەتەوەیی، دووباڵی زەقی نێو ئەندامانی سەرکردایەتی حزبی هیوا بوون. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:هیلین محمدأمین المزوري، حزب هیوا ١٩٣٩-١٩٤٦، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٧ وما بعدها.

نهێنـی و تێکەڵاوبـوونی چـین و توێژەکۆمەڵایەتییەکـان، بۆنمـوونە قوتابیـان و رۆشنبیران لەگەڵ عەشایرو بەگ و شێخ لەنێو یەك حزبدا کۆدەبـوونەوە، دواتـر بەهـۆی بیـرو بۆچـوونی جیـا جیـاوە لەیەکتـر جیـادەبوونەوە کە بە مەرگـی حزبەکەش کۆتایی دەهات، حزبی هیوا، حزبی شۆڕش، باشترین دوو نموونەی ئەو سەردەمن.

## دووەم: حزبی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان و رای گشتی

ئەوکـاتەی حزبـی سیاسـی لەئەمریکـاو بەریتانیـاو فەرەنسـا دروسـتبوون، "کۆمەڵگەی ئەمریکی و ئەورووپی گەیشتبوونە ئاستێکی دیاریکراوی باش لە پێشـکەوتنی ئـابووری وکـۆمەڵایەتی، کۆمەڵگـایەکی بەرهەمهـێن و پیشەسـاز بـوون، واتـا جیاکـاریی لەدابەشـبوونی کـارو پسـپۆری لەنێـوان چـین و تـوێژە گەورەکـان دەکـرا. لە لایەکـی تریشـەوە جەمـاوەرێکی بەرفـراوان هـاتبوونە نێـو سیاسـەتەوە، شـەڕو کوشـتار هەڕەشـەی لە هەمـوولایەك دەکـرد، ئەوکـاتە بیـر لە دامەزرانـدنی حـزب کـرایەوە کە ببێـت بە ئامرازێـك بـۆ ململانێـی سیاسـی و کەمتـــرین رووداوی وێرانکـــاری، هاوکـــات فێڵێکـــیش بـــوو لە سیســـتەمی سەرمایەداری تا توانای گەشەو بەردەوامی بەخۆی بدات"[1]. کەچی لە هەرێمی کوردسـتاندا، ئەوکـاتەی حـزب و رێکخـراوەی سیاسـی دامەزرا، لە سـییەکان و چلەکانی سەدەی رابردوودا، کورد لەژێر هەژمـوونی بەریتـانی لە لایەك و لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتـی عێراقیشـدا لە لایەکـی ترەوە دەینـاڵاند، کـورد نە قەوارەیەکـی سیاسـی هەبـوو تـا ململانێکـان بەشـێوەیەکی سروشـتی بەڕێـوە ببـات، نە ئەو

[1] - د. رسلان شرف الدین، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠

نەتەوەیە پێشکەوتووە بوو لە رووی ئابووری و کولتووری وکۆمەڵایەتییەوە، بەڵکو نەتەوەیەکی ژێردەستەی پاشکەوتووی باری ئابووری و کولتووری و کۆمەڵایەتی، هێشتا لە ژێر ستەمی قۆناخی دەرەبەگیدا دەینالاند، چین و توێژەکان جۆرێك لە تێکەڵاوی بوون، چونکە پسپۆری و دابەشبوونی کار نەهاتبووە ئاراوە، باشترین نموونە دروستبوونی حزبی هیواو رێکخراوی شۆڕش و حزبی رزگاری و پارتی دیموکراتی کوردە، کە ئەوە دەسەلمێنن مێژووی حزبی سیاسی لە کوردستاندا، مێژووەکی سروشتی بۆ ململانێی دیموکراسی نین، بەڵکو حزبی سیاسی لە کوردستاندا بەقۆناخێکی زۆر ئاڵۆزدا تێپەڕیوە، هەر بۆیەشە سەرەنجام حزبە سیاسییەکان رووبەڕووی هەڵوەشانەوەو یەکگرتنەوەو ئینشیقاقی زۆر هاتوون، ئەم گرفتە سیاسییە دروستبوونی حزبی سیاسییە لە هەرێمی کوردستاندا، لەدوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ زیاتر سروشتی رەسەنایەتی خۆی لەدەستداو حزب لەجیاتی گوزارشتکردن بێت لە چین یا توێژێکی کۆمەڵایەتی و گەشە بە ململانێی سیاسی بدات، بە پێچەوانەوە حزبی نوێ بۆئەوە دروستدەبوو تا بەرگریکارێکی باشی حزبێکی گەورە بێت و داکۆکی لە شەڕانگێزییەکانی بکات و شەرعیەت بە شەڕو توندڕەوییەکانی بدات. تەنانەت هەندێك لەو حزبانەی ئەندامی نێو (بەرەی کوردستانی) ش بوون، بەجۆرێك لە جۆرەکان تێوەگلابوون، کە هەموو لایەنگیرییەکیان بۆ حزبێکی دیاریکراو بوو بۆنموونە حزبی زەحمەتکێشان و حزبی سۆسیالیست [1]. بە هۆی ئەم نەبوونی هوشیاریی سیاسییە لە لایەك و کۆمەڵگای کوردیش کۆمەڵگایەکی بەرهەمهێن نییەو، سیستەمە سیاسییەکەش سیستەمێکی دامەزراوەیی نییە، لە کۆمەڵگای لەم جۆرەشدا رای گشتی کارا نابێت،

[1] -، دیمانەی عەتا قەرەداخی، رێگا مەگەزین، بەشی هەشتەم، ژمارە-١٥-، سلێمانی، ٢٠١٠/٥/١، ل٢-٩

"چـونکه رای گشـتی دیـاردەیەکی کـۆمەڵایەتییەو لە وڵاتە دیموکراسـییەکاندا رۆڵـی سانسـۆر بەسـەر پیـادەکردنی سیاسـی و ئەدای حکـومەتەوە دەبینێـت"[1] ئەمەش "لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان و لە سایەی سیستەمە دیموکراسییەکاندا دێـتە ئـاراوە، کە بـڕوای تەواویـان بە ئـازادی و فرەیـی هەیەو، هەڵگـری سیفاتەکانی یاسای ئەخلاقین لە کۆمەڵگادا، بەومانایەی ئەو جۆرە ئازادییانە پێویستن و ئامانجدارن بۆ خێری کۆمەڵگا، نەك زیان پێگەیاندنی"[2]

لە هەرێمـی کوردسـتاندا، هێشـتا نە سیسـتەمەکە دامەزراوەیـی، دیموکراسیی، عەقڵانییە، نەکۆمەڵگاکەش گەیشتووەتە ئاستێکی هوشیاریی ئەوتـۆ بتـوانێ لەدەرەوەی دەسـەڵات رای گشـتی دروسـتبکات، یـان ئەگەر دروستیش بووبێت، رای گشتییەکە کارا نییە، واتا بوونی لای هەر تاکێکی کۆمەڵگا هەیە، بەڵام کاریگەر نییەو نەتوانراوە بۆ کارپێکردن بخرێتە گەڕ، بۆنمـوونە خەڵکـی کوردسـتان لەسـەر ئەوە کـۆك بـوون کە شـەڕی نـاوەخۆی ساڵانی ١٩٩٤-١٩٩٦ کۆتایی پێبێت، بەڵام هەوڵەکان یەکنەدەخران، هەردوو حزبی دەسەڵاتداریش کە درێژەیان بە شەڕ دەدا، گوێیـان بۆ ئەو کۆکبوونی رایە شل نەدەکرد کە داوای راگرتنی شەڕیان دەکرد. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە "رای گشتی کاریگەر نابێت، تەنها لە سیستەمە دیموکراسییەکاندا نەبێت، کە تیایدا دەزگـای راگەیانـدنەکان بەوپەڕی ئـازادی دیـالۆگ دەکەن کە یارمەتیـدەرە بـۆ پێکهێنانی رایەکی سەربەخۆ. ئەم سیستەمە دیموکراسیە مسۆگەری پێکهێنـانی رای سەربەخۆیە"[3]. گرفتێکی گەورە لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکان و لە سیستەمە نادیموکراسـییەکاندا هەیە، کە هەمـوو ئەو بڕیـارە سیاسـییانەی لەلایەن هەرەمـی

---

[1] - د.خضر خضر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٩
[2] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٠
[3] - د. نظام برکات وأخرون، ص٢٦٧

دەسەڵات دەردەچن و تەنانەت ئەو بڕیارانەیش کە پێوەندییان بە ژیانی رۆژانەی خەڵـکەوە هەیە، خەڵـکەکە زانیـارییەکی ئەوتۆیـان لەسـەری نیـیە، بەڵام لە سیسـتەمە دیموکراسـییەکان، هەمـوو زانیارییەکـان دەسـتدەکەون، ئەمەش رێگـا ئاسانتر دەکات بۆ پێکهێنان و دروستبوونی رای گشتی. دوونموونەی جیاواز دەربارەی رای گشتی نیشاندەدەین، شەڕی ئەمریکا لەگەڵ ڤێتنام کاری کردە سەر رای گشتی و هێزەکانی ئەمریکایان ناچارکرد کۆتایی بەشەڕی ڤێتنام بهێنێت[1]. کەچی کە عێراق شەریشی لەگەڵ ئێران هەڵگیرساند و بە یەکێك لە درێژخایەنترین شەڕە نێودەوڵەتییەکان دەژمێردرێ، رای گشتی دروست و کارا نەبوو بۆئەوەی کۆتایی بەشەڕی نێوان هەردوو وڵات بهێنێ، واتا نە لە عێراق، نەلە ئێران رای گشتی کارا نەبوو، بۆیە دواجار هەردوو دەوڵەت تەواو شەکەت بوون، ئینجا بڕیاری راگرتنی شەڕ لە ١٩٩٨/٨/٨ درا، لە هەرێمی کوردستانیش کاتێك شەڕی ناوەخۆ لە نێوان هەردوو حزبی دەسەڵاتدار داگیرسا، لە ١٩٩٤/٥/١ شەڕ درێژەی کێشاو رای گشتی ئەو خەڵکەی کە لەژێر دەسەڵاتی هەر یەك لەو دوو حزبەدا بوون، کاریگەرییان بەسەر هیچ لایەك لەم دوو لایەنە نەبوو بۆ راگرتنی شەڕەکە، بۆیە شەڕ هەر بەردەوام بوو تا پرسی نەوت بەرامبەر بە خۆراك و بەرژەوەندییە ئابووریی و داراییەکان هاتنە پێشەوە، ئینجا زەمینەی درێژەپێدان بە شەڕ تەسك بووەوەو وردە وردە شەڕ کۆتایی هات.

---

[1] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٤

## سێیەم: گەشەپێدانی حزبی سیاسی لە هەرێمی کوردستان

دوای شکستی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٥، حزبی سیاسی لە کوردستانی باشووردا، زۆرترین گەشەی کردو چەندین حزبی جیا جیا هەتنە دامەراندن، بۆنموونە، سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان[١]، پارتی دیموکراتی کوردستان – لیژنەی ئامادەکاری (اللجنە التحچیریە) [٢] یەکێتی نیشتمانی کوردستان، یەکێتی شۆڕشگێران، بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان[٣]، دواتر لە ١٩٧٩/٨/٨ بە یەکگرتنەوەیان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان-لیژنەی ئامادەکاری ناوەکە گۆڕدرا بۆ حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان (حسك)[٤]،

---

[١] یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان-سەرکردایەتی کاتی- لە ١٩٧٥/١٢/١٠ بوو.بڕوانە:برایم جەلال، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، سلێمانی، چاپخانەی روون، ٢٠١١، ل١٣١.

[٢] بڕوانە: فوئاد سدیق، گەردەلوولی سیاسەت، بەشی یەکەم، چاپی دووەم، ٢٠٠٨، ل٥٧-٥٨) هەروەها: فوئاد سدیق، گەردەلوولی سیاسەت، بەشی دووەم، دەزگای تۆژینەوەو بلاوکردنەوەی موکریانی،، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩، ل١٠٢

[٣] -بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان لە نیسانی ١٩٧٦ لە بەغداد دامەزرێنرا. برایم جەلال، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، سەرچاوەی پێشوو. ل١١٨.

[٤] - فوئاد سدیق، گەردەلوولی سیاسەت، بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢.

پـارتی دیمـوکراتی گەلـی کوردسـتان[١]، دواتـر ئیتیجـاهی دیمـوکراتی شۆڕشگێر لەناو هەناوی حزبی سۆسیالیست لە ساڵی ١٩٨٥ دروست بوو، دواتر ناوەکەیان کرد بە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان[٢]، ئاڵای شۆڕشیش لەنـاو منداڵـدانی یەکێتـی دروسـتبوو[٣] لەسـاڵی ١٩٨٥ جیـابوونەوەی خۆیـان راگەیاند[٤]، بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستاندا [٥]، هەندێك حزبی دیکەش پێشـتر هەبـوون، بەڵام رۆڵیـان دیـارنەبوو، دوای شکسـتەکە زیـاتر چـالاك بوون، وەکوو کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان[٦]، پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسـۆك). ئەمە خـۆی لەخۆیـدا گەشەسـەندێکی بەرچـاوبوو لە حزبـی سیاسـی کوردیـدا، هەرچەنـدە بەنـاو چەنـدین ئەزمـوونی تـاڵ و سـوێریدا رەتبوون، کە سەرەتاکەی بە شەڕی هەکاری دەستپێکردو، کۆتاییەکەشی

---

[١] - ئەم پارتە لە ١٩٨١/٧/٣٠ بە بەیاننامەیەك جیابوونەوەی خۆی لە پارتی دیموکراتی کوردستان راگەیاند. بڕوانە:برایم جەلال، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، س.پ. ل١٢٨.

[٢] - فوئاد سدیق، گەردەلوولی سیاسەت، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩

[٣] -لە بنەڕەتدا ئاڵای شۆڕش بیرۆکەی شاسوار (شەهید ئارام) بوو، بڵاوکراوەی ئاڵای شۆڕشیش هەر بەهۆی شەهید ئارامەوە چەند ژمارەیەکی لێدەرچوو.بەیاننامەی ٨ی شوباتی ١٩٧٦ ناوەرۆکی ئەو بیرۆکەیە بوو کە لە ناوەڕاستی ١٩٨٥ کاری جیدی لەسەر کرا.بڕوانە: برایم جەلال، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، سەرچاوەی پێشوو.ل٩٧.

[٤] - فوئاد سدیق، گەردەلوولی سیاسەت،، بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤

[٥] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فوئاد سدیق، گەردەلوولی سیاسەت، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨-١٢

[٦] -مێژووی دروستبوونی کۆمەڵە بۆ ١٩٧٠/٦/١٠ دەگەڕێتەوە کە ناوی (کۆمەڵەی کارکسی لینینی کوردستان-بیری ماوتسی تۆنگ) یان لێنا.کە خۆی لە سێ باڵ بینییەوە باڵی مام جەلال، نەوشێروانـشەهاب شێخ نووری. بڕوانە: برایم جەلال، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، ل٢٢.بەڵام لە کۆبوونەوەی ١٩٧٨/١١/٥ بڕیاردرا ناوەکەی بگۆڕدرێ بۆ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، هەر لەو کۆبوونەوەیەشدا نەوشێروان مستەفا کرا بە سکرتێری کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٣-٢٣٤.

بە پێکهێنـانی بەرەی کوردسـتانی لە سـاڵی ١٩٨٨ کۆتـایی هـات، بەڵام هەمـوو حزبەکـان لە خەبـاتی سـەختی سیاسـی و پێشـمەرگایەتیدا بـوون، بەرانبەر بە رژێمی دیکتاتۆری بەعس.

بەهۆی ناکۆکی قووڵی نێو حزبەکان رێگە نەدرا سێ حزبی کوردستانی بەشداری لە دامەزراندن و پێکهێنانی بەرەی کوردستانی بکەن، بۆیە تەنها ئەم پێـنج حـزبە بەشـدارییان لە دامەزرانـدنی بەرەی کوردسـتانی کـرد (پـارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، حزبی شیوعی عێراق، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، پارتی سۆسیالیستی کورد پاسۆك)، ئەم سێ حـزبەش بەشـدارییان پێنەکـرا (پـارتی گەلـی دیمـوکراتی کوردسـتان، حزبـی زەحمەتکێشـانی کوردسـتان، ئـاڵای شـۆڕش)، یەکەمیـان پـارتی ڤیتـۆی بـۆ هەبوو، دووەمیان سۆسیالیست ڤیتۆی هەبـوو، سێیەمیشیان یەکێتی نیشتمانی ڤیتۆی هەبوو[1].

دوای راپەڕین و کشانەوەی دامودەزگاکانی کارگێری بۆ ئەو سنوورەی کە حکومەتی ناوەندی بەغدا (حزبی بەعس) دەسەڵاتی تێدا بەرقەراربـوو، بەهۆی نەبوونی یا پێڕەونەکردنی یاسایەك بۆ حزبە سیاسییەکان [2]و، بەهۆی هەمـوو ئەو ململانـێ توندەی لەنێوان حـزبە سیاسـییەکانەوە سـەریهەڵدابوو،

---

[1] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٠-٢٠١

[2] - هەر لە دوای راپەڕینەوە، بەتایبەت لەدوای دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان، لەساڵی ١٩٩٣ یاسایەك بۆ کۆمەڵەکان (الجمعيات) وحزبەکانی هەرێمی کوردستان دانران کە یاسای ژمارە (١٧) و (١٨) ی بەخۆوە گرتبوو، بەڵام یاساکان سەرەتایی بوون و پێویستیان بە دەوڵەمەندکردنی زیاتر هەبوو، سەرەڕای ئەوەش هەندێك لە خاڵەکان تا ئێستا کاری پێ نەکراوە، لە ساڵی ١٩٩٧بە یاسای ژمارە (٢) هەندێك لە بڕگەکانی یاسای ژمارە (١٧) ساڵی ١٩٩٣ هەموارکران، بەڵام ئەوەش بە پێی پێویست نەبوو. بۆزانیاری زیاتر لەبارەی یاسای حزبەکان و کۆمەڵەکان بڕوانە: عوني بزاز، قانون الجمعيات والاحزاب وقانون الاسلحة، اربيل، ط١، ٢٠٠١، ص ١٨-٢٩.

کەئەنجام هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی لەساڵی ١٩٩٤ لێکەوتەوە، ئیتر ئەم پێکدادانە ناوخۆییە دەروازەیەکی سەقەت و نا سەردەمییانەی بەڕووی ئەوانەدا کردەوە، کە لە ژێرەوە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، یان یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوون، چەندین حزب لەپەنای ئەوانەوە دروست بوون، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا هەردوو حزبەکە (پارتی و یەکێتی) دەیانزانی درووستبوونی ئەم حزبانە، نابێتەهۆی گۆڕینی هاوکێشەکان، بەڵام بۆ راگەیاندن و بۆ سیاسەت پێویستیان بەو حزبانە هەبوو، هەرکاتێك بیانەوێت بەیاننامە دەربکەن، یان هەڵوێستێکی توند وەربگرن، بالەرێگای تەنها بەیاننامەیەکیشەوە بێت، هەردوولا (پارتی و یەکێتی) بوونی ئەم حزبانەیان بەخراپ نەدەزانی، بۆیە بوودجەیەکی باشیشیان پێدەدان، لەکاتێکدا تا ئێستاش هیچ کام لەو حزبانە نەیانتوانیوە پێگەیەکی جەماوەرییان هەبێت و لە هەڵبژاردنەکانا هەمیشە رووبەڕووی شکستێکی گەورە بوونەتەوە. هەندێك لەم حزبانە ئەمانەبوون (یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی جوتیاران، حزبی رزگاری، کۆمەڵەی نەتەوەیی کورد، پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان... هتد) بێگومان هەندێك لەو حزبە بچووکانە سەرەڕای ئەوەی هێزێکی جەماوەریشیان نەبوو، کەچی لەنێوخۆیاندا ناکۆکی گەورەیان لەسەر بوودجەو ناوی سکرتێر تێدەکەوت و ئیتر هەر گرووپێکی بچووك بۆخۆی ناوێکی لەخۆی دەنا، بۆنموونە حزبی رزگاری کوردستان چەندین جار ئەو کارەساتی جیابوونەوەو باڵ باڵێنەی تێکەوتووە.

تا ساڵی ٢٠٠٩ هیچ حزب و رێکخراوێکی سیاسی نەتەوەیی (جگە لە بزووتنەوەی گۆڕان) دروست نەبووە، کە توانیبێتی ململانێی دەسەڵاتی کوردی بەتایبەت هەردوو حزبی سیاسی دەسەڵاتدار (پارتی دیموکراتی کوردستان و

یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان) بکـات و لە دەرەوەی ئیـرادەی ئەم دوو حـزبە دروست بوو.

## چوارەم: ڕەفتاری سیاسی حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان

ڕەفتـاری سیاسـی حزبە سیاسـییەکانی کوردسـتان پێشـینەیەکی تەندروسـتیان نەبـوو، تەنـانەت دوای دامەزرانـدنی بەرەی کوردسـتانیش لە سـاڵی ١٩٨٨، هێشـتا ئەندام و کـادیرانی هەردوو حزب (پـارتی و یەکێتـی) لەرووی دەروونییـەوە ئاسـایی نەبووبوونەوە، چـونکە هێشـتا برینەکـانی شـەڕی نـاوەخۆ ئازاریـان هەر مـابوو. ئەمە ئەوە دەسـەلمێنێ کە ڕەفتـاری مـرۆڤ بنچیـنەی زانسـتی سیاسـەتەو پاسـاوی بـوونیەتی، چـونکە سیاسـەت لە دواجـاردا نـاتوانرێ راسـتییە بەڵـگە نەویسـتەکانی وەربگیرێت تەنها لە ڕێگای ئەو تاکانەوە نەبێت کە بە ئاراسـتەو ئاقـاری سیاسـەتدا ڕۆیشتوون[1] ئیتر ئەو پاشماوەیەی شـەڕی نـاوەخۆو شـەڕی سـاردی پێش ڕاپەڕینـی ١٩٩١، هۆکاری جیدی بوون بۆ ئەوەی دەمـارگرژییەك لەگەڵ خۆیـان بهێنـنەوە نـاو شار. مەبەست لە دەمارگرژی، حوکمی پێشوەختەیە[2]، ئەم دەمـارگرژییە ڕاسـتەوخۆ لە رزگـارکردنی شـارو شـارۆچکەکانی کوردسـتان بەتـایبەت رزگـارکردنی هەردوو شاری کەرکووك و مووسڵ ڕەنگیدایەوە.[3]

---

[1] - د.خضر خضر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٦

[2] - بۆزانیاری زیاتر بڕوانە :قاسم حسين صالح، المجتمع العراقي-تحليل سيكوسوسيولوجي لما حدث ويحدث، الدار العربية للعلوم ناشرون-بيروت-لبنان، الطبعة الأولى، ٢٠٠٨، ص٢٤-٣٣

[3] - لەگەڵ ڕاپەڕینی جەماوەری لە بەهاری ١٩٩١، یەکێتی جەختی لەوە دەکردەوە پارتی خەریکی رزگارکردنی موسڵ بێت و کەرکوك بۆ ئەو (ی. ن. ك) جێبهێڵێت، جۆش و خرۆش و حەماسی خەڵکەکەش رزگارکردنی کەرکوکیان لەلا گرنگتر بوو، ئەم دابەشکردنەی هێزو نمایشکردنەی هێز بۆ ئەو دەمارگرژییە دەگەڕێتەوە کە لە شاخەوە هێنابوویانە ناو شار، رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان

بـوونی ئەم دەمـارگرژییە و زۆربـوونی ئیمتیـازات و دەسـتکەوت بـۆ حزبەکان، وایلێهات لەهەر کردەیەکی سیاسیدا دەمارگرژییەکە قووڵتر دەبۆوەو بە زەقـی دەبینـرا، بەتـایبەت لە کـاتی پڕوپاگەنـدەی هەڵبژاردنـی ١٩/٥/١٩٩٢ کە هەردوولا ڕاگەیانـدنێکی تونـدیان بەرامـبەر یەکتـری بەکـار دەهێنـا، تەنـانەت ئەنجـامی هەڵبـژاردنەکەش بـووە ڕێککەوتـن و قـۆرخکردنی دەسـەڵات لە بازنەیەکی بچووکداو هەمـوو حزبە سیاسییەکانی تریـان بێبەشکرد[١]. لە لایەکی تریشـەوە "واقیعـی کۆمەڵگـای کـوردی، زیـاتر لە قۆنـاخی دەرەبەگیـدا بـوو، نەك بۆرژوازی و سـەرمایەداری، چونکە کـورد لەبری سـەرمایەدار پـارەداری هەبـوو، پـرۆژەی درێژخـایەنی نەبـوو، حزبە سیاسـییەکانی کوردسـتان دەیـانزانی ئەگەر تیئۆری دەرەبەگـایەتیش مردبێت، ئەوا بونیـادی کـۆمەڵایەتی و ڕێگـاو شێوازی ژیان و بیرکردنەوەی مرۆڤ ماوەو بەردەوامە لە پێڕەوکردنـی دەرەبەگـایەتی"[٢] لەم ڕوانـگەوە پەنایـان بـردە بەر زینـدووکردنەوەو گەشـەپێدانی عەقڵیەتـی خێڵەکـی و کـۆکردنەوەی خەڵکـی عەشـیرەتخواز و پێدانی ئیمکانیـاتی مـادی و کـردنەوەی دیوەخانـانە، ئەم جـۆرە ڕەفتـارە بونیـادی کۆمەڵایەتییـان بـۆ دواوە گەڕانـدەوەو بیرکـردنەوەی خەڵکیـان بە ئاراسـتەی دەرەبەگـایەتی و خزم خزمێنە و هـاوخوێنی

---

لە ڕۆژانی ڕاپەڕین بەتایبەت لە دوای ڕزگارکردنی شاری هەولێر بە زەقی جەختی لەسەر ڕزگارکردنی کەرکوك دەکردەوەو هیچ گرنگییەکی بە ڕزگارکردنی موسڵ نەدەدا.

[١] ڕێککەوتنەکە وابوو لەبەرئەوەی هەڵبژاردنەکە تەندروست نەبوو، دەبێت لە (١٥/١٠/١٩٩٢) هەڵبژاردن بکرێتەوە، بۆیەحزبەکانی دیکەی کوردستان کە بەشداریان لە هەڵبژاردن کردبوو، هەڵوێستیان وابوو بۆ ئەو ماوە کورتە کە هەر چوارمانگ و نیوێکە بەشداری لە حکومەتدا ناکەن، ئەمەش جێگەی ڕێزو سوپاسی هەردوو بەڕێزان (مەسعود بارزانی) و (مام جەلال) بوو، بەڵام لەمەشیاندا ڕێککەوتنەکە پشتگوێ خرا. بڕوانە: بەدران ئەحمەد حەبیب، هەڵبژاردنەکانی کوردستان-١٩ئایار ١٩٩٢ بەڵگەو دەستهاوێژ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٠، ل٤ و ٥٨.

[٢] - انظر: هشام داود، المجتمع والسلطة في العراق المعاصر (کۆمەڵگەو دەسەڵات لە عێراقی هاوچەرخدا) ، في كتاب: مجموعة مؤلفين، المجتمع العراقي-حفريات سوسيولوجية في الاثنيات والطوائف والطبقات، ٢٠٠٦-معهد الدراسات الاستراتيجية، بيروت، ص ص١٥٠-١٥١.

بـرد. ئەمـانە هۆكـاری گرنـگ بـوون كە رۆشـنبیری كـورد لەگەڵ دەسـەڵات تووشـی نـامۆبوون دەهات و پـێگەی رۆشـنبیر لەنـاو حـزب دا پێگەیەكـی لاوازو لەرزۆك بـووە، بەدەگـمەن رۆشـنبیران رۆڵیـان لە دروسـتكردنی بڕیـاری سیاسـی هەبووە، ئەم رەفتارەی حزبە سیاسییەكان دروستیان كردووە، بە رەفتـاری سیاسـی چینی كۆمەڵایەتی ناودەبردرێ، كە بە گرنگترین فاكتەر لە دەست نیشانكردنی تێڕوانین و ئاراستەو رەفتاری سیاسی ئەژماردەكرێت[1].

**پێنجەم: قۆناخی دوای ڕاپەڕین**

حزبە سیاسییەكانی هەرێمـی كوردسـتان لەدوای راپەڕینەوە، لەلایەك شـێوازی تێكۆشـانیان گـۆڕانی بەسـەرداهات، كە كۆمەڵگـا بەرەو دامەزراوەیـی دەچـوو (پێكهێنـانی حكـومەتی هەرێمـی كوردسـتان و پەرلەمـانی كوردسـتانی لـێ هـاتە بەرهەم)، لەلایەكـــی تریشـــەوەوەرگرتنی دەســـەڵات تەنهـــا لە نـــاوچەیەكی سنووردارقەتیس نەما، بەڵكو دەسەڵات گەیشتە ناو شـارو شارۆچكەكانیش، بۆیە لەرێـگەی ئەم وەرگرتنـی دەسـەڵاتەوە، ئەزمـوونی پێشـینە، ئینجـا لەپـاڵ ئەوەشـدا بەخشینەوەو دەستبەسەرداگرتنی ئیمتیازات، بەرپرسیارێتی مێژوویـی و نیشـتمانی، ئەركێكـی سـەخت و گرانـی تـر كە راگەیانـدنی فیـدڕالیزم و بەسـتنی پێوەنـدی سیاسی و دیپلۆماسی و ئابووری بوو لەگەڵ بەغدا، كە تا ئێستاش نەتوانراوە ئەو ئامانجانەی لە ١٩٩٢ راگەیەنرا، بهێنرێنە دی.

قۆنـاخی دوای راپەڕیـن، بۆهەمـوو حـزبە سیاسـییەكانی هەرێمـی كوردسـتان، قۆنـاخێكی ئـاڵۆز بـوو، چـونكە لەناكـاو ئەو بەرپرسـیارێتییانەی باسـمانكرد هـاتنە

---

[1] - بروس كوهین، سەرەتایەك بۆ كۆمەڵناسی، وەرگێڕانی:هێمن شەریف، بڵاوكراوەی خانەی چاپ و بڵاوكردنەوەی چوارچرا-زنجیرەی ٢٢٥، سلێمانی، چاپی یەكەم، ٢٠١٠، ل١٧٧

پێشەوە، لەکاتێکدا دەسەڵاتی سیاسی کورد ئەزموونێکی پێشینەی لەمجۆرەی نەبوو، تەنانەت دوای رووخانی رژێمی بەعسیش دەسەڵاتی کوردی هەر درێژە پێدەری ئەو واقیعە (de facto) یە کە لە ساڵی ١٩٩١ ەوە هەیە، ئەمەش مێژوویەکی نزیك (٢٠) ساڵەیە، پێویست بوو پرسە سیاسییەکانی وەك دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگاو هەڵبژاردنێکی تەندروست (چ بۆ پەرلەمانی کوردستان، چ بۆ پارێزگاکان لەکاتی خۆیاندا) و، جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت و..هتد بە زوویی چارەسەربکرابان.

**شەشەم: شێوەی دابەشکردنی دەسەڵات**

"ئەرستۆ هەوڵی ئەوەی دەدا پردێك لەنێوان ئەخلاق و سیاسەتدا بکات، بەڵام ماکیافیللی لە هەوڵی لابردنی ئەو پردەدا بوو، ئیستعماری ئینگلیزی چەمکێکی تایبەت و پێناسەیەکی دیکەی بۆ سیاسەت دارشت کاتێك وتی سیاسەتی نەگۆڕ بەمانای پێوەندیی هاوپەیمانی هەمیشەیی نییە، بەڵکو بەرژەوەندیی نەگۆڕو هەمیشەیی هەیە، بەشێکی زۆر لە سیاسەتمەدارە میسالییەکان رەخنەیان لەم چەمك و پێناسەیە گرت و پێیانوابوو دیموکراسی پێوەندییەکان دیاریدەکات و کاروبارەکان یەکلاییدەکاتەوە"[1].

لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا لە بەهاری ١٩٩١ بەدواوە، دەسەڵاتی کوردی بەومانایە نەبووە بەمانا یاساییەکەی کە دەوڵەت بێت، بەڵکو دەسەڵاتدار بووە لە هەرێمێك، هەمیشە دەسەڵاتیش لە پێش دەوڵەتەوە هەبووە[2]. بەڵکو سیستەمێکی

---

[1] - محسن دلول، السياسة والحكم —القوة والعقل بين الخوف والمجهول، رياض الريس للكتب والنشر، الطبعة الآولى، ٢٠٠٦، ص٢١

[2] - بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بوونی دەسەڵات پێش دامەزراندنی دەوڵەت، بڕوانە:د. نظام برکات وأخرون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩١-١٩٢

سیاسی بۆ حوکمڕانی دروستبوو، کە بریتیبوو لەگواستنەوەی دەسەڵات و پیادەکردنی لە ئەرکە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و کولتوورییەکاندا، بێگومان ئەوەش بارودۆخێکی مێژوویی و رۆشنبیری و هەندێك لە داب و نەریت و بیروباوەڕەکانەوە کە لەنێو کۆمەڵگای هەرێمی کوردستاندا بەڕێوە دەچوو. واتا پێوەندیی نێوان حزبە سیاسییەکان و کۆمەڵگا هەلومەرجێکی مێژوویی حوکمی بەسەردادەکات بەقەد ئەوەی کاروانی پێشکەوتنی سیستەمی سیاسی و بەشداربوونی سیاسی لەکۆمەڵگەدا رۆڵیان هەبێت[1]. لێرەوەیە کە دەوترێ دەسەڵات هەمیشە دوو لایەنە، لایەنێکی شاراوەیەو لایەنەکەی تریشی ئاشکرایە، رووە ئایدیۆلۆژیاکەی (رووە ئاشکراکەی دەسەڵاتە) هەرچی رووە سایکۆلۆژیاکەیەتی (رووەشاراوەکەی دەسەڵاتە)، بەڵام لەرووی دەروونییەوە کاتێك دەڵێ من دەسەڵاتم، ئیتر ئایدیۆلۆژیاکەیشی پێشێلدەکات.[2] دەسەڵاتی کوردی هەر زوو نەیتوانی رووە شاراوەکەی بە شاراوەیی بهێڵێتەوە، بەڵکو هەردوو رووەکەی لە یەکەمین هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران (پەرلەمان) ی کوردستان ئاشکراکرد، بەوەی سەرەتا رێژەی بەشداریکردنی لە ئەنجوومەنی نوێنەران سەدا حەوت دیاریکرد، ئەم رێژەیە لەگەڵ واقیعی هەرێمی کوردستان نەدەگونجا[3] چونکە رێژەیەکی زۆر

[1] - انظر:عمل جماعي، الأحزاب السياسية في العالم العربي، المركز اللبناني للدراسات، الطبعة الأولى، ٢٠٠٦، ص١٢٥

[2] - لمزيد من المعلومات انظر:سالم القمودي، سيكولوجيا السلطة (سایکۆلۆژیای دەسەڵات) ، مؤسسة الأنتشار العربي، الطبعة الثانية، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦-١٧.

[3] ئەم رێژەیە هۆکارێکی سەرەکی بوو کە رێگە لە هەموو حزبەکانی دیکە (جگە لە پ. د. ك و ی. ن. ك) و ئەوانەی لەگەڵ ئەو دوو لیستە بوون، ئەگینا تەواوی حزبەکانی دیکە نەیانتوانی ئەم رێژەیە وەدەست بهێنن، لەکاتێکدا بزووتنەوەی ئیسلامی (٤٩١٠٨) دەنگ و حزبی سۆشیالیستی کوردستان و پاسۆك (یەکگرتن) (٢٤٨٨٢) دەنگ و حزبی شیوعی و بێلایەنەکان (٢١١٢٣) دەنگیان هێنابوو، بەڵام هیچکام لەم حزبانە لەبەرئەوەی رێژەی (٧٪) ی نەهێنابوو بێبەشکرا، ئەمەش جۆرێك بوو بۆ دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان دوو حزبدا، ئەنجامەکەشی زۆر خراپ کەوتەوە، کە بووە هۆی بەرپابوونی شەڕی ناوەخۆ. بەدران ئەحمەد حەبیب، هەڵبژاردنەکانی کوردستان، ل١٨

بەرزەو دەنگی ریژەیەکی زۆری خەڵکی دەنگدەر بۆ نوینەرانی خۆیان بەفیڕۆ دەچوو، سەرباری ئەوەش هەردوو حزب (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان) جگە لە پێشێلکردنی هەڵبژاردن کە خەڵك چەند بارە دەیتوانی دەنگبدات[1]، بەهۆی خراپی مەرەکەبەکەو نەبوونی ئامارو فەراهەم نەکردن و بەکارنەهێنانی کارتی هەڵبژاردن و دواخستنی هەڵبژاردن لە ١٧/٥/ بۆ ١٩/٥/١٩٩٢ [2]، دواتر دەسەڵاتیشیان لەنێوان خۆیان قۆرخ کردو راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە زیاتر رێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی بوو نەك پەسندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردن بێت[3]. ئیتر دوای راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی فەرمی پارتی و یەکێتی دەسەڵاتیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکردو هەموو فەرمانگەکانی حکومەت بوون بە دوو بەشەوە کە پارتی و یەکێتی بوون لەکاتێکدا رێککەوتنەکە بۆ دووبارە هەڵبژاردن بوو[4]. ئەم دابەشکردنی دەسەڵاتە بەشێوەیەکی نیوە بە نیوە (پەنجا بە پەنجا) هەر زوو لە لایەن حزبەکانی تری بەشداربووی هەڵبژاردن چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرا لەبەرئەوەی ئەم دوو حزبە هەردووکیان خۆیان بە یەکەم دەزانن، بۆیە دواتر کە هەموو حزبەکانی دیکەیان لە دەسەڵات پەراوێز کرد، ڕووبەڕووی یەکتری بوونەوە تا هەر یەکێکیان تەنها هێز بێت [5]. بەڵام بەرلەوەی ئەم دوو حزبە خۆیان ڕووبەڕووی یەکتری ببنەوە، هێزی

---

[1] - بەدران ئەحمەد حەبیب، هەڵبژاردنەکانی کوردستان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧١.

[2] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦-٤٧.

[3] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤

[4] - پەیامەکەی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لەبارەی هەڵبژاردن و ئەنجامەکان بە برووسکەی ژمارە (٦٨٧) لە ١٩٩٢/٥/٢٣ بۆ هەموو لق و ناوچەو هێزەکان و راگەیاندنی ئاراستەکردبوو، رێککەوتن لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بۆئەوە نەبوو دەسەڵات هەر تەنها بۆ (پ. د. ك) و ( ی. ن. ك) بێت، بەڵام دواتر ئاراستەکە بەجۆرێکی تر وەرگەڕا، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: بەدران ئەحمەد حەبیب، سەرچاوەی پێشوو، ل٤ هەروەها ل٥٨.

[5] - لە کۆبوونەوەیەکی حزبەکانی نێو بەرەی کوردستانی کە لەسەر راگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن رێکخرابوو، کەریم ئەحمەد کە ئەوکات ئەندامی (م. س) حزبی شیوعی عێراق و سکرتێری هەرێمی

سەربازی خۆیان بە حزبەکانی دیکە کە لە هەڵبژاردن ڕێژەی ٧% یان نەهێنابوو، لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٣نمایش و تاقیکردەوە.[١]

ڕۆژی ٤/١٠/٢٠٠٢ یەکەمین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی بۆ پێکهێنانەوەی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدرا، بەڵام پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران دواکەوت تا ساڵی ٢٠٠٥ ئەمەش ئەوە دەردەخا کە سیاسەت ململانێیەکی کوشندەیە لەپێناو دەسەڵات و ئاراستەکردن و خاوەندارێتیدا، "ململانێیەك کە دەستوورەکانی سەرکەوتوو و هێز کۆنترۆڵی دەکات و دەشێت پەناش ببردرێتە بەر فێڵ و هەوڵدانی بڕوا پێکردن و گومڕاکردن لە پێناو بەدەستهێنانی زۆرترین لایەنگیرو پشتگیریدا. هەروەها هەریەکێك لە لایەنە شەڕکەرەکانی بواری سیاسی کۆششدەکات بۆکێشکردنی سۆزی جەماوەر، لەرێگەی خستنەرووی راستگۆیی و نییەتچاکییەوە، بۆخزمەتکردنی کۆمەڵ و دەرخستنی ئەوەی ئەو گەمەکار یان فێڵباز یاخود گومڕاکار نییە، لێرەوە هەموو حیزب و دامەزراوە سیاسییەکانی جیهانی سێیەم، یەڵکو دونیا بەگشتی، جا لە دەسەڵاتدا بن یان کۆشش بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات بکەن، ئەوە دووبارە دەکرێتەوە کە سیاسەت ئەخلاقە، چونکە هەر لایەنێك هەوڵدەدات وێنەی خۆی لەبەرچاوی خودی خۆی و

---

کوردستانی سەر بە حزبی شیوعی عێراق بوو، رووی لەودوو حزبە کردبوو، کە پەراوێزکردنی هەموو حزبە تێکۆشەرەکان و هێشتنەوەی تەنها خۆتان-پارتی و یەکێتی-بۆ کورسی دەسەڵات، بەرەو دیکتاتۆرییەتتان دەبات و دواجاریش شێوە خۆتان ناتوانن قەبوولی یەکتری بکەن و ئەکەونە سەر سەروگوێلاکی یەکتر، بەڵام هەردوو حزبەکە بەوە وەڵامی کەریم ئەحمەد دەدەنەوە کە ئەتۆ خەمی ئێمەت نەبێ، ئێمە شەڕ ناکەین_ئەم قسانە کەریم ئەحمەد چەندین جار لەگەڵ هاوڕێیان و برادەرانی خۆی گێڕاویەتییەوەو بۆ نووسەری ئەم نامەیەشی چەندین جار گێڕاوەتەوە لەدوای هەڵبژاردن تا ناوەڕاستی نەوەدەکان

[١] - فاتح رەسوڵ، لەپێناو دەسەڵاتدا، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧، ل١٢٩ هەروەها بڕوانە: ئارام عەلی فەرەج، رۆڵی پارتەکان لە گەشەپێدانی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، نامەی ماستەر، بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سلێمانی، چاپ نەکراوە، ل٧٩.

ئەوانی دیکەش جوان بکات"[١] بەڵام، "ئەم دەستەواژەیەی (سیاسەت ئەخلاقە) دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەرستۆ و ئەغریقەکان، کە دەیانوت کۆمەڵگەی دەوڵەتی مەدەنی ئەغریقی ئەخلاقییە، لەبەرئەوەبوو زانستی سیاسەت بەو پێیەی زانستی ئەو کۆمەڵگایەیە لای ئەغرییەکان ئەخلاقە"[٢]

لەگەڵ دەستپێکردنی بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراك بەرژەوەندییە ئابوورییەکان زیاتر بوون بۆیە بەرلەوەی هەردوو حزب لەسەر هیچ شتێك رێکبکەون لەولیژنەی تەنسیقەی بەناوی کاروباری هاوکاری مرۆڤایەتی گرفتێکی ئەوتۆیان نەبوو[٣].

دوای رووخانی رژێمی بەعس لە ٢٠٠٣/٤/٩ ئەگەرچی بارودۆخێکی دیکەی نوێ هاتە ئاراوەو عێراق لەو گۆشەگیرییە دەرچوو کە تێیدابوو، بەو هۆیەوە هەرێمی کوردستانیش باشتر بەرووی دەرەوە کرایەوە، بەڵام سیاسەتی قۆرخکردنی دەسەڵات بە بەردەوامی مایەوە بەشێوەیەك ئۆپۆزیسیۆنی راستەقینەش تا ساڵی ٢٠٠٩ لە هەرێمی کوردستاندا بوونی نەبوو[٤].

---

[١] د. محەمەد سەبیلا، بۆ سیاسەت بەسیاسەت، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢-٦٣

[٢] د. عبدالرضا الطعان و د. صادق الأسود، مدخل الى علم السياسة، جامعة بغداد، ١٩٨٦، ص٤١٦

[٣] - فەلەکەدین کاکەیی، سەرچاوەی پێشوو، هەروەها:دیمانەی کەریم ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو.

[٤] - ئۆپۆزیسیۆنی جیدی دوای دروستبوونی کۆمپانیای وشەو لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٩ لە شاری سلێمانی دروستبوو، کەناوی بزووتنەوەکەیان نا بزووتنەوەی گۆڕان.

# بەشی پێنجەم

## حزبە سیاسییەکان و دیموکراسی لە کۆمەڵگای کوردیدا

یەکەم: کولتووری دیموکراسی لە کۆمەڵگای کوردیدا

دووەم: حزبە سیاسییەکان و دیموکراسی

سێیەم: حزبە سیاسییەکان و رۆشنبیران لەکۆمەڵگەی کوردی

### حیزبی سیاسی و دیموکراسی لە کۆمەڵگای کوردیدا

سەرهەڵدانی حزبە سیاسییەکانی کوردستان، لە ئەنجامی پرۆسەی دیموکراسی و پرۆسەی هەڵبژاردنەوە نەهاتوون، بەڵکو هەر لە سەرەتاوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی دوژمنانی گەل ئاراستە کراون، بۆنموونە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ. ك) لقی کوردستانی عێراق، حزبی هیوا، حزبی شیوعی لە کوردستانی عێراق (شۆڕش)، حزبی رزگاریی کورد، پارتی دیموکراتی کورد، دواتریش لە ئەیلولی ۱۹٦۱ رێگای خەباتی چەکداری پێڕەوکرا، لەبەرئەوە حزبەسیاسییەکانی کوردستان تا راپەڕینەکەی بەهاری ۱۹۹۱ بەهیچ شێوەیەك لە هەلو مەرجێکی سیاسی و کەشێکی ئارام و دیموکراسی پەرەو گەشەیان بەکاری حزبی و تەنانەت سیاسیش نەداوە، بەڵکو هەمیشە لەخەبات و بەرخودان و قوربانیدان بووین بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکان و هێنانەئارای کەشێکی سیاسی-دیموکراسی بۆ تەواوی عێراق، یەکەم هەنگاوی دیموکراسی کەحزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان نایان پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی کوردستان (پەرلەمان) بوو، کە بەناو کۆمەڵێك قەیراندا تێپەڕی کە دیارترینیان کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات بوو لەنێوان دوو حزبدا (پارتی و یەکێتی) و هەموو حزبە هاو سەنگەرەکانی تریان بێبەشکرد. ئیتر ئەم هەلومەرجە سیاسییەی دوای هەڵبژاردن هاتە ئاراوە، زۆر ترسناکتر بوو کە شەڕی ناوەخۆی لێکەوتەوەو دیموکراسی بەتەواوی لینگەوقووچ کرا[1]. ئەم دۆخە نائارامە بەردەوام بوو تا رژێمی بەعس لە عێراق لە ۲۰۰۳/٤/۹ بەتەواوی رووخاو کەشێکی سیاسیی نوێ بۆ هەموو عێراق بەهەرێمی کوردستانیشەوە هاتە ئاراوە، بەڵام

---

[1]- دامەزراندنی یەکگرتووی ئیسلامی بۆ ساڵی ۱۹۹٤ دەگەڕێتەوە، بەڵام حزبە ئیسلامییەکان بە گشتی گرنگی بە دیموکراسی نادەن، بەڵکو تەنها وەکوو میکانیزمێك بڕوایان پێی هەیە نەك وەکوو بنەما-دیمانەیەك لەگەڵ :عەبدولرەحمان سدیق، ئەندامی دەست لەکار کێشاوەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی، رۆژی ۲۰۱۰/۷/۲٥.

لەبەرئەوەی خەباتی سیاسیی حزبە سیاسییەکانی کوردستان ئەزموونێکی دیموکراسیان پێڕەو نەکردووە، ئێستاشی لەگەڵدابێت دەستاودەستکردنی دەسەڵات نەبۆتە مۆدێلێك بۆ حوکمڕانی.

کۆمەڵگای کوردیش بەهۆی حکومەتە زاڵمەکانەوە و بەهۆی ئەو هەموو چەوساندنەوە نیشتمانی و نەتەوەییەوە، بۆتە خاوەنی هەندێ وردە کولتوورە کە لە بنەڕەتدا تا رادەیەك لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە، ئەمەش هەندێکجار تا رادەیەك گرفتی بۆ پێڕەوکردنی دیموکراسی دروستکردووە.

## یەکەم: کولتووری دیموکراسی لە کۆمەڵگای کوردیدا

"یەکێك لە سیما تایبەتییەکانی قۆناخی ئێستای پێشکەوتنی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی بریتییە لە توند بەیەکەوەنووسانی پرۆسەکانی کولتووری و سیاسی. سیاسەت لە بواری کولتووردا وەك چۆن لە بوارەکانیتری ژیانی کۆمەڵایەتیشدا، چالاکییەکانی خەڵك ئاراستەدەکات، کولتووریش بەدەوری خۆی، لە رەوتی پرۆسەی مێژووییدا، کاریگەریی گەورەی لەسەر سیاسەت هەیە، ئەویش بە رێگای وێناکردنەکانی بۆ جیهان و دارشتنی بەهاو شێوازەکانی رەفتارەوە"[1].

گەلی کورد بەدرێژایی مێژوو خاوەن دەوڵەتی خۆی نەبووە[2] بۆیە کولتوورەکەیشی کەوتۆتە ژێر کولتووری داگیرکەران و گەلانی دیکەوە. ئەم داگیرکارییەی بەسەر کوردو نیشتمانەکەیدا هاتووە، هۆکارێك بووە بۆئەوەی

[1] - د. رەشاد میران، چەند بابەتێکی ئێتنۆ-کۆمەڵایەتی، بەرگی یەکەم، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠١٠، ل١٦٠.

[2] - بە پێوەریی زانستیانە سەردەمی ماد کە لەنێوان ساڵانی (٧٠٠-٥٥٠) پ. ز بووە، بە دەوڵەت ئەژمار ناکرێت، بەڵکو ئەم قۆناخە تەنها لە یۆنانی کۆن دەوڵەتە شار هەبووە. بۆیە کورد بە درێژایی مێژوو خاوەنی هیچ دەوڵەتێك نەبووەو هەمیشە ژێردەست بووە.

کورد وەکوو نەتەوەیەك نەیتوانیوە مێژووی خۆی بنووسێتەوە، بۆیە لە گەڕانەوە بۆ رابردوو، تووشی نائومێدی دەبین[١] هەر جوولەیەکی سادەوساکاری رۆشنبیریی لەمێژووی کورددا دەرکەوتبێت لەسنووری شیعر دەرنەچووە، رابەرانی ئەو بزووتنەوە لاوازەش زیاتر مەلاو رابەرانی ئایینی بوون و لەلایەك سەرچاوەی رۆشنبیری ئەوانیش رۆشنبیری ئیسلامی بووەو لەلایەکی تریش لەسەر بنەماو زانستەکانی شیعری عەرەبی و فارسی بنیاد نراون[٢]. تەنانەت هەردوو تەریقەتی قادری و نەقشبەندی کە بەدوو سەرچاوەی بنەڕەتی کولتووری کوردی دادەنرێن، لەسەر بنەماکانی قورئان و فەرمووده‌کانی پێغەمبەر دروستبوون، واتا لەسەر گەوهەری کولتووری ئیسلامی پێکهاتوون[٣].

بۆیە دەبینین ناسیۆنالیزمی کورد بەرهەم و میراتگری کولتووروومێژوو واقیعێکی بەش بەش و لێکدابڕاوەن لەهەر بەشێکی کوردستانداو بەجیاو دابڕاو لە بەشێکی دیکەی کوردستان دەرکەوتووە، تا ئێستاش هیچ پڕۆژەیەکی نەتەوەیی هاوبەش، هیچ سیاسەتێکی کولتووری هاوبەش و سەرەنجام هیچ ستراتیژێکی نەتەوەیی هاوبەش لەنێوان بەشەکانی ناسیۆنالیزمی کورددا دەرنەکەوتووە[٤].

---

[١] - راستەکورد لەسەردەمی هەردوو میرنشینی ئەردەلان و بابان، تارادەیەك لەرووی ئیدارییەوە نیمچە سەربەخۆییەکی هەبووە، بەڵام لەرووی سیاسی و کولتوورییەوە تەواو ژێردەستەی عوسمانییەکان و سەفەوییەکان بووە، بگرە عەقڵییەتی میرنشینە کوردەکانیش بەتەواوی بە کولتووری عوسمانی وسەفەوی پاراوکراوەو لەرووی ئایینی و سیاسییەوە تەواو وابەستەو پابەند بوون، بڕوانە: عەتا قەرەداخی، کاریگەری کولتووری ئەوان لەسەر کورد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٢

[٢] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣

[٣]- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٨

[٤]- رەفیق سابیر، کولتوورو ناسیۆنالیزم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چ٢، ٢٠٠٣، ل٦٤

کۆمەڵگای کوردی لەبنەڕەتدا کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی[١] و ئاینییە[٢]، کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی دواکەوتوو و دەرەبەگی بووە، خاوەنی کولتوورێکی ئایینی بووە، کە هیچکام لەوانە نەئاینەکە نە سیستەمە دەرەبەگییەکە، دیموکراسی نەبوونە[٣]، وێڕای ئەوانەش کورد نەتەوەیەکی ژێردەستەبووەو بەردەوام لەقۆناخی رزگاری نیشتمانیدابووەو خەبات و قوربانیدانێکی زۆری پێشکەشکردووە، خەباتی پێشمەرگایەتی و رووبەڕووبوونەوەی حکومەتی ناوەندی بواری بۆ گەشەپێدانی دیموکراسی نەهێشتۆتەوە، ئەمە خاڵێکی گرنگە کە بۆتە هۆی ئەوەی کورد بە کولتوورێکی دیموکراسی ئاشنا نەبووە[٤]. تەنانەت شێوازی ژیانی کۆمەڵگەی کوردیش بریتیبووە لە ژیانێکی خێڵەکی و عەشیرەتگەریی، سەرەك خێڵ یا سەرەك عەشیرەت چ بڕیارێکی دەرکردبێ، ئیتر ئەو بڕیارە کارابووە، خەڵکەکەی تر کە لەو عەشیرەت یان لەو خێڵ یان تەنانەت لەو بەرەباب بوون نەیانتوانیوە رەخنە لە بڕیاری سەرۆکەکەیان بگرن، بەڵکو راستەوخۆ جێبەجێیان کردووە، واتا سیستەمی باوکسالاری پێڕەو کراوە. بۆیە هەموو حکومەتەکان و تەنانەت ئێستاش حزبە سیاسییەکانی کوردستان لەهەوڵی کڕین و ئیحتواکردنی سەرۆك خێڵ و عەشیرەتەکانن، تا هەموو خەڵکەکەی تر بەشێوەیەکی ئۆتوماتیکی بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، ئەمەش بەهیچ شێوەیەك

---

[١] -مارتن ڤان برونەسن، لە کتێبەکەیدا:ئاغاو شێخ و دەوڵەت، بەرگی یەکەم، بە درێژی باسی لە کۆمەڵگەی کوردی کردووە کە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکییە. بڕوانە: مارتین ڤان برونەسن، ئاغاو شێخ و دەوڵەت، وەرگێڕانی لە ئەڵەمانییەوە بۆ کوردی:د. کوردۆ عەلی، بەرگی یەکەم، چ٤، سلێمانی، ٢٠٠٣.ل ل ١٠١، ١٠٩، ١٣٩-١٤٦و زۆریتر.

[٢] - بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: مارتین ڤان برونەسن، ئاغاو شێخ و دەوڵەت، بەرگی دووەم، هەمان سەرچاوەی سەرەوە. سلێمانی، ٢٠٠٣.ل٩٥-١٤٨.

[٣] - مارتین ڤان برونەسن، هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل١٨٩-١٩٧.

[٤]- دیمانەی کەریم ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

لەگەڵ ژیـانێکی دیموکراسـیانە نـاگونجێ[1]. ئەمە وێـڕای ئەوەی دیموکراسـی لەدوای شـەڕی سـاردو، رووخـانی بلـۆکی سۆسیالیسـتی زیـاتر لە هەر کـات و سەردەمێکی تر لە دونیادا پەرەی سەندووە، دوای کۆتایی پێهاتنی شـەڕی سـارد لە ١٩٩١ لەشـوێنی سیسـتەمی تـاك حزبییەکـان شـەپۆلی بەرەو دیموکراسـی جێگەی گرتـوونەتەوە[2]. بەڵام نەبـوونی دامەزراوە دیموکراسییەکان بەسـەرچاوەی یەکەمی لاوازی سیستەمی دەوڵەتانی جیهانی سێهەم لەقەڵەم دەدرێ[3]. گەلی کوردیش زیاتر پابەندی بەها کلاسیکەکانی بووەو لەرووی کۆمەڵایەتییەوە کـورد بەگشتی میواندارن و رێزێکی زۆر لە میوان و بیانی (خەڵکی غـەریـبە) دەگـرن و لەرووی بەخشندەییشەوە کوردەکان زۆر دەستبڵاون، کـورد بەرامـبەر بەو پەیمـان و بەڵێنانەی کە لەگەڵ کەسانی تـردا دەیبەسـتن تـا رادەیەکی زۆر ئەمەکدارن و زۆر کەم روودەدات پەیمان شـکێنی بـکەن، لەنـاو کوردەکاندا پەیوەندییەکی زۆر بەهێزی خزمایەتی هەیەو خەڵك زۆر هـاتوچۆی یەکتری دەکەن و سیلەی رەحم لەناویانـدا زۆر بەهێـزە، لەروانـگەی سیاسیشـەوە کوردەکـان خـاوەن پـۆلینکردنی کـۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆیانن و عەشیرەت بە یەکەی پۆلینکردن دادەنرێ و کوردەکـان خـاوەنی کۆمەڵێـك عەشـیرەتی جیـا جیـان، هەریەك لە ئەنـدامانی عەشـیرەت ملکەچـی فەرمانەکـانی سـەرۆك عەشیرەتی خۆیـانن و پەیـڕەوی سـەرۆك عەشیرەت دەکەن، سەرۆك عەشیرەتەکانیش یان شێخ یان ئاغا بوون، شێخەکان زیـاتر دەسـەڵاتی خۆیـان لە رەهەنـدێکی مەعنەویـیەوە بەدەسـتدەهێناو لەم رێگـایەوە زەوییەکـی زۆریـان وەدەستدەهێنا، ئەم پلەیە شێوازێکی میراتیـانەی هەبـوو، دەسـەلاتی ئاغاکـانیش لە

---

[1] - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[2] - د. صالح ملا عمر عیسی، ئەتنیکگەرایی و دەوڵەتی نەتەوەیی لە چەرخی بەجیهانیبووندا- کوردستانی عێراق وەك نموونە-، وەرگێڕانی:ئازاد وەڵەد بەگی، لەبلاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی دیراسات و پێگەیاندنی حزبی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١٤٥

[3] - د. صالح ملا عمر عیسی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٨

ســامان و زەوی و داراییەکــانی ئەوانەوە ســەرچاوەی دەگــرت و لەم ڕێگــایەوە دەسـەڵاتیان بەسـەر خەڵکدا هەبـووە[1]. هەمـوو ئەوانە خـاڵی ئامـاژەی گـرنگن کە کـورد خـاوەن کولتـوورێکی دیموکراسـی نەبـووە، بەڵکـو لەنـاو عەقڵیەتـی خێـڵ تـواوەتەوە.بەڵام پێویسـتە ئامـاژە بـۆ ئەو چەنـد سـاڵەی دوایـی بەتـایبەت لەدوای رووخــانی بەعــس لە نیســانی ٢٠٠٣، وردە وردە سیســتەمی باوکســالاری و لە پاشەکشەدایەو سیستەمی دیموکراسـی و مـافی مـرۆڤ لە برەدایە، ئەمەش زیـاتر لە دوای هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥ کە ئۆپۆزیسیۆنی کارا دروستبوو.

لەبەرئەوەی دیـاردەی دیمـوکراتی بـاوی وڵاتـانی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لە بنەڕەتـدا داتاشـراوی هێـزگەل و دەسـتەو رەوتە نـادیموکراتی و کۆنەپـارێزی و کودەتاچییەکـانە، بـۆیە سـەرئەنجام ئۆلگـویەکی نـاتەواو و شـل و شـێواویش لەدەسەڵات و حکوماتی دەردەن و دەهێننە واری پیادەکردنەوە[2].

**دووەم: حزبە سیاسییەکان و دیموکراسی**

دیموکراســـی لە گەوهەردا بەشــداربوونی هاووڵاتیــانە لە سیاســەت و "مەرجـی ئەو بەشـداریکردنەش پێوەنـدییەکی تونـدوتۆڵی نێـوان سـەرکردایەتی حزبەکان و بنکە حزبییەکانێتی، پێوەندی و بەیەکگەیشتنی بەردەوامە لەخوارەوە بۆســەرەوە، نەك تەنهــا لەســەرەوە بــۆ خــوارەوە، بــۆیە بونیادنــانی حزبێکــی دیموکراسی پرسێکی زۆر گرنگە، بەڵام زۆریش ئاڵۆزە، تەنانەت هەنـدێك لە پێشڕەوانی لێکۆڵەرەوانی حزبی سیاسی رەشبینن و گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی

---

[1] - د. صالح ملا عمر عیسی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٥-١٧٧

[2] - محمد صابر کریم، چەمکی ناسیۆنالیزم و ئازادی بیروڕا، زنجیرەی نووسراوە نەتەوەییەکان-فیکری کولتووری کۆمەڵگەیی-، تەموزی ٢٠٠١، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان، ل٩٩

که دیموکراسی توانای لەناو حزبە سیاسییەکاندا نییە، ئەم بۆچوونە لای بەناوبانگترین زانایانی کۆمەڵناسی لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم رۆبرتو میتشیلز ی ئیتاڵی لەکتێبە بەناوبانگەکەی دەربارەی-یاسایەکی توند بۆ حوکمی ئۆلیگارشی لەحزبە سیاسییەکاندا- political parties-A Sociological Study of Oligarchical Tendencies of Modern Democracy- پێگەییوە"[1].
گرنگترین سیمای قەیرانی دیموکراسیش لەناو حزبە سیاسیەکاندا بریتییە لە:
"پرۆسەی دروستکردنی بڕیار، ناوەندێتی رێکخستن، هەژموون-هیمنە-ی سەرۆکەکان بەسەرحزبەکانیانەوە، هەروەها لاوازی چوارچیوەیەکی دامەزراوەیی بۆ بەشدارییپێکردنی ئەندامان، سەرۆکی حزب ناوەندێتی-مرکزیە-جیاوازە لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار بە گشتی، زۆربەی حزبە سیاسییەکان ئەو دەسەڵاتە فراوانەیان بۆ سەرۆکەکانیان مسۆگەرکردووە، ئەمەش وا دەکات سەرۆکی حزب بەرپرسی یەکەم بێت لە هەمووئەوانەی پێوەندییان بە سیاسەتی گشتی حزبەوە هەیە، ئەمەش تا رادەیەك ناروونی و ناشەفافییەت لە میکانیزمی دروستکردنی بڕیارەکاندا دەبێت و سەرۆکی حزب لەزۆربەی حالەتەکاندا بەتەنیا رۆڵێکی میحوەری دەبینێت، لەهەندێ حاڵەتی تریشدا بەهاوکاری لەگەڵ بازنەیەکی زۆر بچووك لە بژاردە-نخبە-ی حزبەکەی ئەو رۆڵە دەبینێت"[2]، بێگومان"کۆکردنەوەی دەسەڵاتیش لەدەستی چەند کەسێکی دیاریکراو دەبێتە هۆی کۆمەڵێك پێشێلکاریی حەتمی کە بوارێك بۆ قسەکردن لەسەر دیموکراسی لەناو حزبەکاندا ناهێڵێتەوە"[3] بوونی ئەم هەرەمە "وادەکات

---

[1] - د. وحيد عبدالمجيد، أزمة الديمقراطية في الأحزاب المصرية-دراسة في أنماط التنظيم وادارة الخلاف وصنع القرار-القاهرة، ٢٠٠٨، ص٨-٩

[2] - عمل جماعي، الأحزاب السياسية في العالم العربي، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٦-٦٧

[3]- د. وحيد عبدالمجيد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤

هەمـوو دەزگاکـانی دیـکەی حـزب پەکیانبکەوێـت و کاریـان پێنەکرێـت، لێـرەیە حـــزب رووبەڕووی کۆمەڵێـــك قەیرانـــی قووڵـــدەبێتەوەو بـــوارێکیش بـــۆ چارەسەرکردنیان نـامێنێتەوە. هەمـوو ئەوحزبـانەی لەوڵاتـانی تازەگەشەسـەندوون (وڵاتانی جیهانی سێیەم) جا لە وڵاتەکەدا سیستەمەکەی پادشایەتی بێ یان کۆمـاری، فـرە سیاسـی راسـتەقینە رەتـدەکەنەوە، بەتێڕوانینێکـی گشـتی نـوێنەرایەتی هەڵبژاردنێکی راستەقینە لەنێوان سـەرکردایەتی و بنکردایەتـی و رابەر (القیاده الفردیه) ناکەن"[1].

حـزبە سیاسـییەکانی هەرێمـی کوردسـتانیش پێکهاتەکەیـان زۆر لەیەکتـر دەچێت، ئەو پێکهاتەیە لەپێکهاتەو دروستبوونی حزبی (هیـوا) وە سـەرچاوەی گرتـووە، ئیتـر سـەرۆك رۆڵـی سـەرەکی و یەکـلاکەرەوەیە لەهەمـوو پرسـە گرنگەکانـدا[2]. دواخسـتنی کۆنگرەکـان خـاڵی گـرنگن کەحزبەکـان نایـانەوێ دەسـەڵات دەستاودەست بـکەن و هەمیشـە ئەوەی خۆیـان دەیـانەوێ دەبێـت هەر ئەوە ببێـت، ئەگینـا جـاران لەشـاخ دەتـوانرا کـۆنگرە ببەسـترێ ئەی ئێسـتا بـۆ نایبەستن، تەنانەت پرس بە سەرکردایەتی وکادیرانی خۆشیان ناکەن کە کۆنگرە کەی و چـۆن دەبەسـترێ یـان بـۆچی نابەسـترێ[3]. "هۆکـاری گرنگـی پێڕەونەکردنـی دیموکراسـی لەژیـانی سیاسـیی حزبەکانـدا بـۆئەوە دەگەڕێـتەوە کۆمەڵگـای کـوردی کۆمەڵگـایەکی کشـتوکاڵی بـووەو لەژێـر هەژمـوون و

---

[1] - ثناء فؤاد عبدالله، من تجربة المصر (له ئەزموونی میسرەوە) ، دراسة منشورة في:مجموعة من المؤلفين، الديمقراطية داخل الأحزاب في البلدان العربية،، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٤، ١، ص٢٤٤

[2] - فەلەکەدین کاکەیی، سەرچاوەی پێشوو.

[3] - هەر هەمان سەرچاوەی سەرەوە. هەروەها دیمانەی پرۆفیسۆر نیلسۆن کاسفیر NELSON M kasfir لە رۆژی ٢٠١٠/٧/٢١ نیلسۆن کاسفیر سەرۆکی بەشی حکومەتە لە زانکۆی دۆرتمۆس و تایبەتمەندە بەسەر حوکمڕانی و پارتە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا

دەسەڵاتی دەرەبەگ و عەشایرەکاندا بووەو سەرکەوتووبوون لەوەی هەژموونی خۆیان بەسەر جووتیارەکاندا بسەپێنن لەکاتێکدا جووتیارەکان ڕێژەیەکی زۆری دانیشتوانیان پێکدەهێناو هێزە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی وەکوو (کرێکار، وردەبۆرژوا، رۆشنبیران) بە لاوازی مابوونەوەو هیچ کاریگەرییەکیان نەبوو"[1].

سەرهەڵدان و دروستبوونی هەرشەڕێکی ناوەخۆش مانای لەسێدارەدانی دیموکراسییە، بەداخەوە لەکوردستان ئەزموونێکی تاڵمان لەگەڵ شەڕی ناوەخۆی حزبەسیاسییەکان هەیە، هەمووشەڕەکە بۆ کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات بوو، ئەگەر تێبینی بکەین، لەکاتی شەڕدا، هەر حزبەو هەوڵی دەدا زۆرترین شار بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، شوێنە ستراتیژییەکان بۆنموونە وەکو ڕێگای هاملتۆن[2] بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، گومرگەکان لەژێر دەسەڵاتی ئەودا بن، بۆیە شەڕەکە لە راستیدا شەڕی دەسەڵات بوو، بەڵام لەم ڕێگایەوە شەڕی کولتوورو ئابووری و سیاسی و تەنانەت کۆمەڵایەتیش بوو، بۆیە لەراستیدا هەمیشە شەڕی ناوەخۆ پیسترین شەڕە کە دروستدەبێت، چونکە لەشەڕی ناوەخۆدا دامرکاندنەوەی ئاگری شەڕەکە زۆر سەختە، تەڕو وشك، رەش و سپی بەیەکەوە دەسووتێ[3].

---

[1] - أ. د. سعد ناجي جواد، دراسات في المسألة القومية الكردية، الدار العربية للعلوم، بيروت، الطبعة الأولى، ٢٠٠٥، ص١٤٠

[2] - هاملتۆنA.M.Hamilton (١٨٩٨-١٩٧٢) ئەندازیارێکی مەدەنی نیوزلەندا بوو، لەنێوان ساڵانی (١٩٢٨-١٩٣٢) خەریکی دروستکردنی ڕێگای هەولێر-رواندوز-حاجی ئۆمەران-سنوور لەگەڵ ئێران بوو ئەم ڕێگایە بە (ڕێگای هاملتۆن) ناسراوە، بۆئەمەش کتێبێکی بەم ناونیشانە نووسیوە:Road through kurdistan:The Narrative of an Engineer in iraq,1937, (ڕێگایەك لە کوردستان) ، چاپی نوێ، ١٩٥٨، دووبارە چاپکردنەوەی لە ٢٠٠٤، وەرگێڕانی بۆ زمانی عەرەبی:جرجيس فەتحوڵلا، ١٩٧٢.بڕوانە:
A.M.Hamilton/wiki/www.eu.wikipedia.org.لە ٢٠١١/٣/٢٣ سەردانی کراوە

[3] - فەلەکەدین کاکەیی، سەرچاوەی پێشوو.

## سێیەم: حزبە سیاسییەکان و رۆشنبیران لەکۆمەڵگەی کوردی

تی. بی. بتومور (T. B. Bottomore) لەبارەی رۆشنبیر یا رۆشنبیران (المثقف أو المثقفون) دەڵێت"رۆشنبیران لە چەند کۆمەڵێکی زۆر بچووك لە تاکەکان پێکدێت کە رۆڵی راستەوخۆیان لە دروستکردن و گواستنەوەو رەخنەگرتن لە بیروراکان (نقد الأفکار) هەیە، واتا تویژاڵێکی کۆمەلایەتی پێکدەهێنن، وەکوو، نووسەران، هونەرمەندان، زانایان، فەیلەسووفەکان، هزرڤانانی ئایینی، تیۆریستەکان، شیکەرەوە سیاسییەکان، بۆیە لەوانەیە زەحمەت بێ سنوورێکی ورد لەنێوان پێکهاتەکانی ئەو کۆمەڵەیە بکرێت، بەڵام رووی دیاریکراوەکە ئەوەیە پێوەندی و بەستنەوەیەکی راستەوخۆ بە رۆشنبیری کۆمەڵگاوە هەیە"[1].

بەڵام وشەی رۆشنبیر (المثقف) بۆ یەکەمجار لەو بەیاننامەیەدا هات کە بەهۆی ئەفسەرێکی فەرەنسی بەناوی (ئەلفرید دریفوس Alfred [2]

---

[1] - فیروز راد وأمیر رضائي، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٠.

[2] - ئەلفرید دریفوس (١٨٥٩-١٩٣٥) : ئەفسەرێکی جوولەکە بوو لە سووپای فەرەنسادا، لە ١٨٩٤/١٠/١٥ بە تۆمەتی خیانەت و جاسووسی بۆ ئەڵمانیا فەرمانی گرتنی بۆ دەرچوو بە بڕیاری دادگا هەموو پلەکانی سەربازی لیێ سەنرایەوەو دەبووفەڕەنسا جێبهێڵێت و بە تۆمەتی سیخوری و خیانەت دووریانخستەوە بۆ دوورگەی شەیتان ( غابرە-غویانا) ، دوای دوو ساڵ بەسەر دادگاکە (کۆلۆنیل جۆرج بیکار) بە بەڵگەکانی ساختەیی بەڵگەنامەکانی ئاشکرا کردو سەلماندی دەستنووسی نامەکە کێیە، بەڵام دەسەڵاتی فەڕەنسا خۆی لێ بێدەنگ کرد، تا جۆرێك لە رای گشتی دروست بوو کە داوای دووبارە دادگاییکردنەوەی (دریفوس) یان کرد،. بەڵام ئەمیل زۆلا وتارێکی گرنگی لەوبارەیەوە نووسی و بەهاوکاری بروست و ئەناتول فرانس کەوتنە داکۆکیکردن لێی و بەیاننامەیەکیان بۆ پشتگیریکردنی (دریفوس) لە رۆژی ١٨٩٨/١/١٤ لە رۆژنامەی (لورور) فەرەنسی بەناوی بەیاننامەی رۆشنبیران (Manifeste des intellectuels) بڵاوکردەوەوئەو بەیاننامەیە پەنجەی شایەتمانییە بۆ لەدایکبوونی رۆشنبیر. توانیان سەرلەنوێ دادگایی بۆ دابنرێتەوە، ئەنجام لایەنی

Dreyfus ) ەوە بوو کە گوایا زانیاری سەربازی بۆ ئەڵمانیای دوژمنی تەقلیدی فەرەنسای بردووە. ئەوانەی دژی دادگاییکردنی دریفوس بوون، ناوی رۆشنبیر (المثقف) یان بە باڵادا برا[1]. کورد وشەی رۆشنبیری لە (المپقفین) ی عەرەبی وەرگرتووەو زۆرجاریش لەکاتی ئاخاوتن هەر وشەی (مپقف) لەسەرزارانە، بەڵکو تەنها لەکاتی نووسین وشەی رۆشنبیر بەکاردەهێنرێت، وشەی (المپقف) یش جاران عەرەب بۆ ئەو توێژەی بەکاردەهێنا کە خاوەن زانست و مەعریفەو ئەدەب و هونەر بوون لە شارستانێتی عەرەبی ئیسلامی. بەڵام بە پێی دەربڕینی فەیلەسوفی ئیتاڵی (ئەنتۆنیۆ گرامشی)[2] کە لەساڵانی ١٩٢٦ تا ١٩٣٧ لە زیندانەکانی مۆسۆلینی[1] دابوو، ئەم توێژە

---

رۆشنبیران سەرکەوتن و لە ١٩٠٢/٧/١٢ دادگا بڕیارەکانی پێشووی هەڵوەشاندەوەو (دریفوس) ی گەڕاندەوەناو سووپاو بەرزیشی کردەوە بۆ پلەی مقدم و وسامی شەرەفیشیان پێبەخشی، لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیشدا یەك لەو سەرکردە سەربازییانە بوو کە داکۆکی لە پاریس دەکرد. بۆ زانیاري زیاتر برِوانة (أسعد مفرج وأخرون، الجزء الرابع والعشرون، م. ن. ص٨٤-٨٥) وكذلك لمزيد أنظر: محمد الشيخ، المثقف والسلطة-دراسة في الفكر الفلسفي الفرنسي المعاصر، تقديم:سالم يفوت، بيروت، ١٩٩١، ص١٤-٢٣). هەروەها بڕوانە (عبدالوهاب الكيالي، الجزء الثاني، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧٧-٦٨٠).

[1] - د.معن خليل العمر، علم اجتماع المثقفين، عمان، دار الشروق، ٢٠٠٩، ص٢٤.

[2] - ئەنتۆنیۆ گرامشی: ( ١٨٩١-١٩٣٧) فەیلەسوف و تێکۆشەری مارکسی ئیتاڵی بوو، یەکێك لە دامەزرێنەرانی حزبی شیوعی ئیتاڵیابووە. گرامشی خاوەنی فیکری سیاسی داهێنەرانە بوو لە ناو بزووتنەوەی مارکسیزمدا، لەهەر سێ بواری (ئابووری سیاسی، زانستی سیاسی، فەلسەفە) ، گرامشی یەکەمین کەس بوو کە باسی لە رۆشنبیری ئۆرگانی (المثقف العضوي) کردو لەسەر بیروباوەڕە پۆلاییینەکانی و بەهۆی داکۆکیکردنی لە هەردوو کۆماری هەنگاری و رووسی ساڵی (١٩١٩) وە خرایە زیندانەوەوساڵی ١٩٢٨ دادگای فاشی فەرمانی دا (٢٠) ساڵ لە گرتووخانە ژیان بباتەسەر، تەنانەت هەر لە زیندان و لە ژێر ئەشکەنجە لە ١٩٣٧/٤/٢٦ مرد، بەڵام لە گرتووخانە دوو کاری زۆر گەورەی ئەنجام دا، یەکەمیان (پەڕاوەکانی گرتووخانە-دفاتر السجن) ی نووسی، دووەمیشیان پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ (ستالین) ی راگەیاندبوو. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە (عبدالوهاب الكيالي، الجزء الرابع، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٢ -٣٣٣) هەروەها بڕوانە ( (م. روزنتال و ب. یودین، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٩) و (فرانسو شاتیلیە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥٥-٦٦٠).

رۆشنبیری ئۆرگانی (المثقف العضوی) نەبوون، بەڵکو رۆشنبیری تەقلیدی بوون، چونکە گرامشی دەڵێت"رۆشنبیران چینێکی تایبەت و سەربەخۆ پێکناهێنن، بەڵکولە هەموو کۆمەڵەیەکی کۆمەڵایەتی (مجموعە اجتماعیە) کۆمەڵەیەکی تایبەت رۆشنبیرانی تێدایە، یانیش کار لەسەر دروستکردنی دەکەن"[2]. مەبەستی گرامشی لە رۆشنبیر "ئەوکەسانەیە کە رۆڵی خۆیان لەناو کۆمەڵگە دەگێڕن، لەبەرئەوەیە رۆشنبیران بۆسەر دوو گرووپ دابەشدەکات و گرووپێکیان تەقلیدین وەك مامۆستاو پیاوانی ئایینی و کاربەدەستانی دەوڵەت، ئەمانە ئەرکێك بەجێدەگەیەنن کە نەوە لە دوای نەوە لەسەرشانیان بووە، گرووپی دووەمیش رۆشنبیری ئۆرگانین، ئەم گرووپە (رۆشنبیری ئۆرگانی) چالاکانە بەشداری لە کۆمەڵگا دەکات، واتا بەردەوام تێدەکۆشن رای خەڵك بگۆڕن و هەمیشە لە جموجۆل و ئەفراندندان"[3]. "بەڵام ئەم چالاکگەرییە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆڕێت، هەروەها لەسەردەمێکیشەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕێت، بۆنموونە لەقۆناخی رزگاری نیشتمانیدا، رۆشنبیران بەگشتی لە ریزی تێکۆشان دژی دیکتاتۆرییەت بوون و زۆر شاعیرونووسەرو هونەرمەندی کوردیش لەخەباتی رزگاریدا بوون و تەنانەت یەکێتی نووسەرانی شاخیشیان

---

[1] مۆسۆلینی: ( ٢٩/یولیو/١٨٨٣-١٩٤٥/٤/٢٨) دوای فەشەلی لە هەڵبژاردنی ١٩١٩ توانی لە ساڵی ١٩٢١ بچێتە پەرلەمان و فاشیزم پێکبهێنێت و تیپێکی چەکداری لێ دروست بکات. لە نێوان ساڵانی (١٩٢٢-١٩٤٣) فەرمانڕەوای ئیتاڵیا بووە، هەر لە سەرۆکی دەوڵەت تا سەرۆك وەزیران و لەهەندێك قۆناخیشدا وەزیری دەرەوەو وەزیری ناوەخۆش بووە. لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی فاشیزم بووە لە ئیتالیا. چووەتە ریزی حزبی کرێکارانی نیشتمانی، بەڵام بەهۆی ئەوەی حزبەکە بەرهەڵستی ئەوەی کردووە ئیتاڵیا بچێتە شەڕەوە، مۆسۆلینی لەو حزبە چووەتە دەرەوە. لە ساڵی (١٩٤٥) بە دەستی گەل لە سێدارە دراو دواتریش گەل تەرمەکەیان سووتاند. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە ( (مجموعة من المؤلفين، موسوعة مشاهير العالم، ج٣، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣-١١٦)

[2] - د.محمد عابد الجابري، المثقفون في الحضارة العربية (رۆشنبیران لە شارستانیەتی عەرەبیدا) -محنة ابن حنبل ونكبة ابن رشد-مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، الطبعة الثانية، ٢٠٠٠، ص٢٠

[3] - ادوارد سعيد، صور المثقف، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٩٦، ل٢٢

دامەزراندبوو، بەڵام دوای ئەوەی پێگەی حکومەتی هەرێم دروست بوو، شەڕی ناوەخۆ، گەندەڵی، ناعەدالەتی لە هەلی کار رەخساندن، کۆنترۆڵکردن و دەستبەسەرداگرتنی سامانی نیشتمانی، کەچی رۆشنبیرانی کورد لەسەرەتاوە دەنگێکی بەرزیان لێوەنەدەهات، دەسەڵاتیش هەمیشە پاساوی ئەوەی دەهێنایەوە کە ئەزموونی هەرێمی کوردستان ساوایەو با دوژمنان نەیقۆزنەوە، بە واتایەکی دیکە رۆشنبیران هەوڵی بە رۆشنبیرکردنی سیاسییەکانیان داوەو سیاسییەکانیش هەوڵی بە سیاسیکردنی رۆشنبیران دەدەن، لەم ململانێیەشدا زۆربەی کات سیاسییەکان گرەوەکە دەبەنەوە، چونکە رێگای پێچاوپێچی سەیرو نەشیاو دەگرنە بەر، کە رۆشنبیران بە پاکی خۆیان شێوازی ئاوایان بەخەیاڵیشدا نایەت، سەرئەنجام رۆشنبیرانی خاوەن ستراتیژ دووردەکەونەوەلە سیاسییەکانی خاوەن تاکتیك"[1] بۆیە ئەو رۆشنبیرانەی لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم دەژیان و لە کوردستان بوون، نەیاندەوێرا بە ئارەزووی خۆیان قسە بکەن و بنووسن و خەڵك بجوولێنن، لەکاتێکدا ئەوانەی لەدەرەوە بوون و دوور بوون لەدەسەڵاتی حکومەتی هەرێم، زۆر بەتوندی قسەیاندەکردو دەیاننووسی[2]. لێرە مەبەست ئەوە نییە کێشەی رۆشنبیر هەر ئەوە بێت کە رەخنەگری حکومەت بێت، بەڵکو زۆرتر لەخەمی پاراستن و بەجێهێنانی پیشە فیکرییەکەی دابێت، واتا پاراستنی هوشیاری بەردەوام و ئاواتی بەردەوام بۆ بەرگریکردن لەو شتانەی دەبنە مایەی بەرپێوەچوونی ژیانی مرۆڤ[3]. لەهەمان کاتدا رۆشنبیری تەندروست ئەو کارمەند یان ئەو مووچەخۆرەش نییە تا بەتەواوی تەسلیمی ئامانجە سیاسییەکانی حکومەت بێت[4] بێگومان کاتێك دەسەڵاتیش رۆشنبیران دەخاتە

---

[1]- دیمانەی عەبدولرەحمان سدیق، رۆژی ٢٥/٧/٢٠١٠

[2]- انظر:هشام شرابي، أزمة المثقفين العرب، بيروت، الطبعة الأولى، ٢٠٠٢، ص٧٠

[3]- ادوارد سعيد، صور المثقف، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧

[4]- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٢

پەراوێـزەوە، ئەوە لە بنەڕەتـدا کۆمەڵگـای کەنـارگیرکردووە، ئەوەش لە ڕێـگەی بڕینی تەزووی ئەو مەعریفەیەی ڕۆشنبیر بەرهەمیدەهێنێ و ڕێگەگرتن لەوەی بگـاتە ئەو کۆمەڵگـایەی بەنـاوچەی پـاوانکراوی خـۆی دادەنێـت، بەوجـۆرەش دەسـەڵات ڕێـگە لە بڵاوبـوونەوەی مەعـریفە دەگرێت، ئەگەر ڕۆشـنبیر ڕێـگەی پاشکۆیەتی دەسەڵاتی ڕەتکردەوە، ئەوا دەسەڵات بەو دژەکارەی خۆی دادەنێ کە گەرەکیەتـی جڵەوکردنـی کـۆمەڵگەی لەگەڵـدا دابەش بکـات، بـۆیە بەهەمـوو شـێوازێك دەچێـت بەگـژی ڕۆشـنبیردا، کە دەگـاتە ڕادەی دوورخسـتنەوە یـان زیندانیکردنی و هەندێك جاریش ئەگەر دەسـەڵاتەکە خاونی ڕووخساری زاڵمانە بێت، دەگـاتە ئاسـتی تیرۆرکـردنیش[١]. بەڵام ئاسـتی ڕۆشـنبیری و تێگەیشـتنی ڕۆشـــنبیرانیش لەهەر کۆمەڵگایەکـدا جیـاوازە لەگەڵ کـۆمەڵگەیەکی دیـکە، بۆنموونە ڕۆشـنبیرانی کـورد نەك هەر لەگەڵ ڕۆشنبیرانی فەڕەنسـی و ئەڵمـانی و ڕۆژئاوایی جیاوازن، بەڵکو لەگەڵ ڕۆشنبیرانی نەتەوەکانی دراوسێشمان وەکـوو ڕۆشنبیرانی تورك، فـارس، عەرەب، جیـاوازن، ئەمەش لەوەوە سـەرچاوەی گرتـووە کە ڕۆشنبیر بەرهەمی کۆمەڵگایە، کۆمەڵگای دواکەوتوو ڕۆشنبیری دواکەوتـوو بەرهەمـدەهێنێ. لەم ڕوانـگەوە (د. ئەحـمەد سـالم ئەلـئەحمەر) نووسـیویەتی" ڕۆشنبیر بە شێوەیەکی گشتی کاریگەریی ئەو کۆمەڵگایەی لەسەرە کە تیایدا دەژی و ئەو ڕۆشنبیرییەی لەسەرە کە لەگەڵیدا دەکەوێتە کارلێککردنەوە، ئەویـش لە ڕێگـای داهێنـانە فیکـری و چـالاکییە بەکردەوەکـانییەوە کـار لە کـۆمەڵگەو ڕۆشـنبیرییەکە دەکـات، ڕۆشـنبیری بەری پڕۆسـەیەکی کەڵەکە ئـامێزە، هەتـا ڕۆشنبیری کۆمەڵگەیەك پاشکەوتوو بێت، ئاستی ڕۆشنبیری دواکەوتـوو دەبێت، هەتـا کـۆمەڵگەش لەرووی کەڵەکەکردنـی دەسـتکەوتە فیکـری و مادییەکـان،

---

[١] - موراد کاسوحە،، ڕۆشنبیر: واقیع و خواست، وتارێکە لە کتێبی: ڕۆشنبیرو دەسەڵات، کە کۆمەڵە وتارێکە هەڵکەوت عەبدوڵڵا کردوونی بە کوردی، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤، ل٥٧

کــارپێکردنی ئــازادی و دیموکراســی بەکــردەوە، زامنکردنــی تواناکــان، زەمینەخۆشکردن بۆ داهێنـانی فیکـری و کـارپێکردنی رەخنەی بنیـاتنەرانەوە ئاستی بەرزتر بێت، ئاستی رۆشنبیریش بەرز دەبێت، بەرهەم و داهێنانی فیکری زۆردەبێت و کاریگەرانە بەشداردەبێت لە گەشەپێدانی رۆشنبیرییەکەو پەرەپێدانی کـۆمەڵگەدا، کەواتە رۆشـنبیری بەگشـتی بەرهەمـی فیکـری مرۆڤەکـان و چالاکییەکانیـان و کارلێککردنیـانە، بەو پێیەش رەنگدانەوەی ئەو کۆمەڵگەیە کە بەرهەمیدەهێنێت[1] ".

ئەگەرچی کورد رووبەڕووی زۆرترین نەهامەتی و قوربانیـدان هـاتووە، هەر لە راگـویزانی بەزۆرەملـێ، تـا ئەنفـال و کیمیابـاران وگـۆڕی بەکـۆمەڵ و، کارەساتی هەڵەبجەو، ئینجا کارەساتی گەورەی شەڕی ناوەخۆو.. هتد، بەڵام نەتـوانراوە هەمـوو ئەو بەسـەرهات و کارەسـاتانە رۆمـانێکی وەکـوو (شـەڕو ئاشـتی) تۆڵسـتۆی لـێ بێـتە بەرهەم، بە رای سۆمەرسـت مـۆم[2] بەلـزاك[3]

---

[1] - د. ئەحمەد سالم ئەلئەحمەر، رۆشنبیر:واقیع و رۆڵ، وتارێکە لە کتێبی:رۆشنبیرو دەسەڵات، وەرگێڕانی بۆ کوردی:هەڵکەوت عەبدوڵلا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٥-٧٦

[2] - ولیام سۆمەرست مۆم (٢٥/ینایر/١٨٧٤-١٦/١٢/١٩٦٥) رۆماننووس و شانۆ نووسی ئینگلیز بووە، لە بەناوبانگترین نووسەرانی سەرەتای سەدەی بیست دەژمێردرێ، لەناو رووسیا بەهاوکاری هەوالگری ئەمریکاوەکاری سیخوری بۆ بەریتانیا دەکرد، لە سییەکانی سەدەی بیست یەکێك بوو کە زۆرترین قازانجی بەهۆی نووسینەکانییەوە کرد، بەڵام دوای ئەوەی بەریتانیا لە یەکێتی سۆڤیەتی کێشایەوەو گەڕاندییەوە بۆ بەریتانیا، رۆمانێکی بەناوبانگی لەژێر (من سیخوڕ بووم) نووسی کە پڕ فرۆشترین رۆمان بوو لەوکاتدا، بەڵام کە زانرا بۆ بەریتانیا سیخوڕی بەسەر سۆڤیەتەوە کردووە، نووسینەکانی بەهایان نەما. بڕوانە:http://ar. wikipedia. org/wiki

[3] - ئۆنۆریە دی بەلزاك Honoré de Balzac: (٢٠/٥/١٧٩٩-١٨/٨/١٨٥٠) رۆماننووسی گەورەی فەرەنسایە، وادادەنرێ کە لەگەڵ ڤۆلتێر دامەزرێنەری ریالیزم لە ئەدەبی ئەوروپان، خاوەنی چەندین چیرۆکی داهێنەرانەو دەیان رۆمانی بەناوبانگی جیهانییە، هەندێك لەوانە، ئافرەت لە سی سالیدا، وەهمە ونبووەکان، مێژووی سێزدە، سەرەتایەك لە ژیان، پاژنە ئاسنینەکەو زۆری دیکە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە : http://en. wikipedia. org/wiki/Honor%C3%A9_de_Balzac

مەزنترین رۆماننووسی جیهانە، بەڵام رۆمانی (شەڕو ئاشتی) تۆلستۆی[1] مەزنترین رۆمانی دونیایە، ستراخۆف بۆ ئەو رۆمانەی تۆڵستۆی نووسیویەتی:وێنەیەکی تەواوی ژیانی مرۆڤایەتی و هەموو رووسیایە، وێنەیەکی تەواوی دیرۆك و ململانێی نێوان گەلانە، وێنەیەکە هەموو شتێك نیشاندەدات، خەڵك، بەختیاریی، گەورەیی، کوێرەوەری و خەمی خۆیانی تێدا دەبینەوە[2]. ئەمە نموونەیەکە لەنێو دەیان نموونەی دیکەی داهێنەرانە کە رۆشنبیرانی رووس، یان ئینگلیز، یان ئەڵمان و فەرەنسی،... هتد نەخشاندوویانە، لەکاتێکدا تا ئێستا رۆشنبیرانی کورد تەنها توانیویانە لێرەولەوێ کارێکی جوان نیشان بدەن، بۆنموونە شیعری سەهۆڵبەندانی رەفیق سابیر کە ساڵی ١٩٨٨ بۆکارەساتی هەڵەبجە نووسراوە، یان رۆمانی غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ ی بەختیار عەلی کە لە ٢٠٠٧ چاپیکردووە، یان شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس کە هەمیشە لەگەڵ ئازارەکانی نەتەوەکەیدا بووە و چەند بەرهەمێکی دیکە کە لە ژمارەی پەنجەکان تێپەڕناکەن، ئەمە لە لایەك، لەلایەکی تریشەوە گرفتی گەورە ئەوەیەبەشێکی زۆری ئەوانەی توانای نووسینیان هەیە رۆشنبیر نین بەڵکو تەنها نووسەرن، بۆیە هەڵدەکوتنە سەر حەقیقەت و لە پادشا پادشاخوازترن و بەچاوی سووك سەیری پەراوێزکراوو

---

[1] - تۆلستۆی: (١٨٢٨/٩/٩-١٩١٠/١١/٢٠) ، لە بلیمەتەکانی رۆماننووسی رووسی و هزری سۆسیالیستی جیهانی دەژمێردرێ، بڕبڕەی ئەدەبی رووسی بووە لە سەدەی نۆزدە. چاکسازێکی کۆمەڵایەتی بووەو داوای ئاشتی دەکرد، خەونی بە رێکخستنی کۆمەڵگەیەکی بێ مولکداری و بێ دەوڵەت دەکرد، شوێنی تۆڵستۆی زۆر گەورەترە لە شوێنی هزرڤانە سیاسییەکان، بەناوبانگترین رۆمانەکانی (شەڕوئاشتی) کە لە ساڵانی ١٨٦٤-١٨٦٩ نووسی، ئینجا رۆمانی (من کارنینام) ە. تۆڵستۆی ئەگەر چی لە خانەوادەیەکی چینی سەرەوە بوون بەڵام تۆڵستۆی وازی لەو هەموو سەروەت و سامانە هێناو هاوشانی جووتیارەکانی وڵاتەکەی دەژیا. بڕوانە (عبدالوهاب الكيالي، الجزء الرابع، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨١٢).

[2] حەمە سەعید حەسەن، رۆشنبیرو دەسەڵات، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٤٤

چەوســـاوەکان دەکەن[١]. ئەمەش بەشـــێکی بـــۆ ئەو کولتـــووره باوکســـالاری-کشـتوکاڵی-خێڵەکیـیە دەگەڕێـتەوە کە کـورد خـاوەنی بـووە، بەشێکیشـی بـۆ کولتووری داگیرکەران دەگەڕێتەوە کە هەمیشە لە هەوڵی کڕینی نووسەران و ڕۆشـنبیراندابوون، لەبەرئەوە بـووە ڕۆشـنبیرانی کـورد نەیـانتوانیوە وەرچەرخـان (انعطـاف) ێك بـکەن ومێژوو بنووسنەوە، ئەگینا ڕۆشنبیری ڕاستەقینە تەنها ئەوکاتـــانە لەباشـــترین حـــالەتی دەروونیـــدان، کەبەئاراســـتەی ســـۆزی میتافیزیکیانەیـان و بیروبڕوای هەق و ڕاسـتی و پـاکی دەجـوولێنەوە، تـووڕەیی بەرامـــبەر گەنـــدەڵی نیشـــاندەدەن و داکـــۆکی لە هەژارو لاوازەکـــان دەکەن و بەرەنگـاری دەسـەڵاتی سـەرکوتکارو عەیبـدارو نەخـۆش دەبـنەوە، ژۆلـین بێنـدا دەڵێت:ئایـا پێویســـتدەکات دووبـارە بەگوێتـان دابـدەمەوە کەقەشـەو نووســـەر (فێنێلۆن) و قەشە (مایسلۆن) چۆن تووڕەیی خۆیان لە هەندێك لە شـەڕەکانی لویســی چـواردەهەم[٢] نیشـانداو شـەرمەزاریان کرد؟چـۆن ڤـۆلتێر[٣] لەبەرامـبەر

---

[١] هاشم سالح، شوێنەواری ڕۆشنبیر لەنێوان سوکرات و سۆفستائیەکاندا، وتارێکە لە کتێبی: ڕۆشنبیرو دەسەلات، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٨-١٠٩

[٢] - لویسی چواردەهەم (١٦٣٨/٩/٥-١٧١٥/٩/١). لە (١٦٦١تا ١٧١٥) پادشای فەرەنسا بووە، بەلام تا سەرۆك وەزیران (کاردینال مازارین) لە ساڵی (١٦٦١) کۆچی نەکرد، نەیتوانی بە کردەیی حوکمڕانێتی بکات. نازناوی پادشای ڕۆژ (ملك الشمس) ی هەبوو ئەمەش لەبەر گرنگیدانی بوو بە ئەدەب و هونەر. لویسی چواردەهەم تا سەردەمی خۆی بە دووەم کەس و لەدوای (سوبهوزای دووەم) پادشای سوازیلند (١٨٩٩-١٩٨٢) دادەنرێ کە درێژترین ماوەی حوکمڕانی کردووە کە (٧٢) ساڵ و (٣) مانگ بووە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە باوکی (لویسی سێزدەهەم) ماوەی (٢٣) ساڵ بێ منداڵ بووە. بۆیە لویسی١٤ تەمەنی چوارساڵ و نیو بوو مژدەی بوونە پادشایەتی پێدرا. ئەم ماوە درێژەی حوکمڕانی وایکردووە نەتوانی لەم ماوەیەدا باسی فەرەنسا بکەی ئەگەر بە لویسی ١٤ی نەبەستیتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الكيالي، الجزء الخامس، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣٢-٥٣٥).

[٣] - ڤۆلتێر (١٦٩٥/١١/٢١-١٧٧٨/٥/٣٠) : ناوی ڕاستی (فرانسۆ ماری ئارویە) یە، بە ڤۆلتێر ناسراوە، نووسەرو فەیلەسووفی گەورەی فەرەنسایە کە لە سەردەمی ڕۆشنگەریشان بە شانی (مۆنتسکیۆ و جۆن لۆك و تۆماس هۆبزو جان جاك ڕۆسۆ) ژیاوە، داکۆکی زۆری لە ئازادییە مەدەنییەکان و ئازادی بیروباوەڕ کردووە. نزیکەی (٢٠) هەزار گوتاری هەیە، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر

وێرانبوونی پالاتین (ویلایەتێکی ئیمپراتۆریای کۆنی ئەڵمانیا بوو) تووڕەبوونی خۆی نیشاندا؟ چۆن ڕێنان ڕەخنەی توندی لە کارەتوندوتیژەکانی ناپلیۆن گرت؟چۆن باکێل ی مێژوونووسی بەریتانی دەمارگرژیی بەریتانیای بەرامبەر شۆڕشی فەرەنسا ڕەتدەکردەوە؟ چۆن نیتشە کارە وەحشیگەرانییەکانی ئەڵمانیای لەدژی فەرەنسا شەرمەزار دەکرد؟[1].، (ڤۆلتێر) ڕووبەڕووی ئەو دادگا زاڵمانەیە بووەوە کە (ژان کالاس) یان پێ لەسێدارەداو (ڤۆلتێر) وای کرد، دوای بەناهەق لەسێدارەدانی (ژان کالاس)، نەك هەر ڕەدی ئیعتیبار بۆ بنەماڵەی (کالاس[2])، دەربچێت، بەڵکو بەم هۆیەوەبوو (نامەیەك لەبارەی لێبوردنەوە—رساله فی التسامح) ی نووسی.

ئەوەی گرفتەکەی ئاڵۆزکردووە، ئەوەیە، نە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەزموونێکی درێژی لە حوکمڕانیکردن هەیە، نە ڕۆشنبیرانی کوردیش تا دوای ڕاپەڕین توانیویانە ژیانی خۆیان بۆ بواری ڕۆشنبیری تەرخان بکەن، بەڵکو ڕۆشنبیرانی کورد ئەوکەسانە بوون کە خولیای شیعرنووسین بوون، هەر لە ئەحمەدی خانی یەوە تا مەحوی و حاجی قادری کۆیی و گۆران تا ڕۆشنبیرانی قۆناخی ڕوانگەو دوای ڕوانگەش، لەماوەی ئەو بیست ساڵەی ڕابردوودا خەریکە ڕۆشنبیرانی کورد، جۆرێك لە خستنەڕووی پرسەکان دەخەنە ئەستۆی خۆیان، بەڵام هێشتا لە قۆناخی سەرەتادایە، ئەمەش ڕێك ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردییە، کە تا ئێستا نەیتوانیوە لە قۆناخی دەرەبەگی خۆی ڕزگار بکات، تا ئێستا کورد خاوەنی پڕۆژەی گەورەی

---

لە شیعر و ڕۆمان و کاری مێژوویی و زانستی. (فرنسوا شاتلیە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢٢-٧٢٧) هەروەها بڕوانە: عبدالوهاب الكيالي، الجزء الرابع، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤٩-٦٥٠

[1] - ادوارد سعيد، صور المثقف، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣-٢٤

[2] - بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:هاشم صالح، فولتير عربيا بعد قرنين ونصف القرن على صدور رسالة التسامح، جريدة الشرق ألأوسط، ألاربعاء، ٢٠١٠/٣/٢٤.

ستراتیژی و درێژخایەن نەبووە، ئەگەرچی پارەداری ئێکجار زۆر هەیە، بەڵام عەقڵییەتی هەڵسووڕاندنی سەرمایەی بەشێوەیەکی هاوچەرخانە نییە. خاڵێکی دیکەی زۆر گرنگ پێویستی بە ئاماژە بۆکردن هەیە، هەروەکوو (هیشام شەرابی) نووسەری گەورەی عەرەبیش ئاماژەی بۆکردووە ئەوەیە، عەرەب بەهۆی عەرەبە مەسیحییەکانەوە کە لە وڵاتی میسر و لوبنان هەبوون، گەشەیان بە بیرۆکەی ناسیۆنالیستی عەلمانی داو توانیان دەروازەیەك، کرانەوەیەك بەرامبەر ئەورووپا دروست بکەن[١]. بەڵام لە کوردستان ئەوەش رووی نەدا.

[١] - بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:هشام شرابي، المثقفون العرب والغرب (رۆشنبیرانی عەرەب و رۆژئاوا) ، بيروت، الطبعة الخامسة، ١٩٩٩، ص٢٢٧-٢٣٢

# بەشی شەشەم

## فەلسەفەی حوکمڕانی لە حزبە سیاسییەکاندا

یەکەم: بنچینەی تۆتالیریزم

دووەم: تۆتالیریزم لە کۆمەڵگەی کوری دا

سێیەم: تۆتالیریزم لە حزبی سیاسی کوردی دا

## فەلسەفەی حوکمڕانی لای حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان

بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی کۆمەڵگاکان هەریەك جۆرێك لە دەسەڵاتی هەبووەو، بە جۆرێك لە جۆرەکانیش کۆمەڵگاکانی دونیا دەسەڵاتەکانیان لە کەسێك یاخود چەند کەسێك چڕ کردۆتەوە، تەنانەت لە کۆمەڵگاکانی سەرەتاییشدا، کە ژیانی کۆمەڵگە جۆرێك لە سادەوساکاریی بووە، سەرکردەیەکیان بۆ خۆیان دروستکردووە بێئەوەی ئەو دەسەڵاتی سەرکردەیە راشگەیەنرابێت، چونکە لەکۆمەڵگەی سەرەتاییدا قەبوولکردنێکی رەها نەبووە لەسەرئەوەی دەسەڵاتێکی تر هەبێت لە کۆمەڵگا جیا ببێتەوە، واتا دەسەڵاتی ئەوەی کێ حوکمدەکات و فەرمان دەردەکات و کێ پێڕەو و جێبەجێکاو ملکەچی ئەو فەرمان و بڕیارەیە. بەڵام لەکۆمەڵگای سەرەتاییشدا دەسەڵاتی قسەکردن بەناوی کۆمەڵگاوە سەرکەوتووە[1].

کۆمەڵگای کوردی بە حزبە سیاسییەکانیشییەوە ئەزموونێکی لەمێژینەیان بۆ حوکمڕانی نەبووە، بەتایبەت حزبە سیاسییەکان (ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤ لێ دەربکەین ) تا بەهاری ١٩٩١ بەهیچ شێوەیەك ئەزموونیان نەبووە، کۆمەڵگەی کوردیش تەنها

[1] - محمد حلمي عبدالوهاب، هل ثمة ضرورة لوجود السلطة؟، موقع الأوان، الأربعاء، ٣٠نيسان (أبريل) ٢٠٠٨.

خاوەنی ئەو میـراتە کۆنینە بـووە کە بـۆی جێمـاوە، ئەویـش بریتـی بـووە لە ئایین، سۆفیگەریّتیش بەشێکی گرنگی لە ئایینەکەدا هەبووە، ئینجا ئایین بەمانا فراوانەکەی، هەروەها بنەماکانی ئەخلاق، کە کۆمەڵگەی کوردی زۆر پابەندی بووەو بووەتە پێکهاتەیەکی بنەڕەتی و سەرەکی لە فەلسەفەی حوکمڕانیـدا، مەبەسـتیش لە ئەخـلاق بەشـێوەیەکی گشـتی، "چەمـکە ئەخلاقییەکـانی دەسـتەمۆکراو (المـألوف) ە وەك ئەمـانەت، ئـازایەتی، هاوکـاری، راسـتگۆیی، خـۆڕاگری، هەمـوو ئەوانەی کە لەدواجـاردا دەگەڕێـنەوە بـۆ ویـژدان، بەڵام مەبەست لە سیاسـەت یاسـاو پێکهاتەکـانی سیاسـی کۆمەڵگـایە"[1]. "ئەخـلاق و سیاسـەت و ئـایین لە سـەردەمی رۆژهەڵاتـی کۆنەوە تـا سـەردەمی یۆنـان لەوێـوەش تـا سـەرهەڵدانی ئـایینی جـوولەکەو مەسـیح و ئیسـلام بەردەوام بـووە، تـا سـەردەمی رینیسـانس[2] کە یەکەمجـار لە ئیتالیـاو ئینجـا لە ئەوروپـا سـەر یهەڵـداو دەتـوانین بـۆ کۆتاییپێهاتنی ئایین لە سیاسەت لە ئەوروپا بۆ دوای سەردەمی رێنیسانس بگەڕێنیـنەوە، کە ئـاینی مەسـیحی کـردە دوو کەرتەوە، کاسـۆلیك و پرۆتسـتانت.هەر لەو ئـان و سـاتەدا مایکـاڤیلیش ئەخلاقـی لە سیاسـەت جیـاکردەوە[3] بەلام نیتشـە بە تەواوی کۆتـایی بە جیـاکردنەوەی ئـایین لە

---

[1] - امام عبدالفتاح امام، الأخلاق والسياسة-دراسة في فلسفة الحكم (رەوشت و سیاسەت- لێکۆڵینەوەیەکە لە فەلسەفەی حوکمڕانی) -، مجلس الأعلى للثقافة، القاهرة، ٢٠٠٢، ص١٠٩)

[2] -لە رووی مێژووییەوە نیوەی یەکەمی سەدەی چواردەم بە سەرەتای سەردەمی رێنیسانس دادەنرێت و تا کۆتایی سەدەس شازدەمیش دەخایەنێت. بڕوانە: د.موسا ئیبراهیم، فیکری سیاسی خۆرئاوا لە ماکیاڤیلیەوە تا مارکس، وەرگێڕانی:شوان ئەحمەد، چاپی سێیەم، ٢٠١٠، ل٩.

[3] - امام عبدالفتاح امام، الأخلاق والسياسة، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٨-٢٦٢

دەوڵەت هێنا بەتایبەت کاتێك نیتشە وتی خوا مرد".[1]. بەڵام لەماوەی ئەو (١٩) ساڵەی رابردوودا، هێشتا ئەخلاق و سیاسەت و ئایین لەناو کۆمەڵگەی کوردی تەواو تێکەڵی یەکترین و ناتوانرێ لە یەکیان جیا بکەیتەوە، ئەمە لە کاتێکدا، سەدان ساڵە ئەخلاق و سیاسەت لەیەکدی جیا کراونەتەوە. تەنانەت لە یۆنانی پێش زایینیش سیاسەت و ئەخلاق تێکەڵی یەکتریش بوون، بەڵام شار لەو سەردەمدا بریتیبوو لە کۆمەڵگەیەکی ئەخلاقی[2] هەر لەمبارەیەوە (ئارنست بارکر[3]) نووسیویەتی"لای یۆنانییەکان قسە لەسەر سیاسەت بە شێوازی فیقهی یاسایی ناکەین، بەڵکو بە شێوازی فەلسەفەی ئەخلاقی قسەدەکەین[4] ". ئەمە هۆکاری بنەڕەتی سیاسەتی کوردییە، بۆیە زۆرجار سیاسەت دەبێتە بەزەییپێهاتنەوەو هەندێ جاریش دەبێتە هەڵچوون و توندوتیژی، چونکە سیستەمەکە لەرێگای سیستەمێکی عەقلانییەوە بەرێوە نابردرێ. کۆمەڵگەی کوردی لەو بەشەی کە پێی دەوترێ هەرێمی کوردستان [5]لەژێر کاریگەری کولتووری عەرەبدا بووە، کولتوورو فیکری عەرەبیش لە بنەڕەتدا بۆسەرهەڵدانی مێژووی ئیسلام دەگەڕێتەوە،

---

[1] - فریدریك نیتشة، هکذا تکلم زرادشت (ئاوەها زەردەشت قسەی کرد) ، کتاب للکل ولا لأحد، ت: :فلیکس فارس، الأسکندریة، مطبعة جریدة البصیر، ٢٠٠٠، ص٢٤٠

[2] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٣

[3] - ئارنست بارکر (١٨٧٥-١٩٦٠) :لە بواری پەروەردەیی کاریدەکرد، ئینگلیز بوو، ساڵی (١٩٢٨) ئوستادی زانستی سیاسەت بووە لە کیمبردج، یەکێك لە نووسەرانی نووسینی مێژووی شارستانێتی ئەوروپایە، چەندین کتێبی بە نرخی نووسیوە، هەندێك لەوانە:دروسیوونی نەتەوەیی (١٩٢٧) ، یاسای سرووشتی وتیۆری کۆمەڵگە (١٩٣٩) ، لە ئەسکەندەرەوە بۆ قستەنتسن (١٩٥٥) ، فیکری سیاسی بێزەنتی (١٩٥٧). شەڕی خاچپەرستەکان. بڕوانە : http://en.wikipedia.org/wiki/Ernest_Barker

[4] - امام عبدالفتاح امام، ألأخلاق والسیاسة، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٣

[5] - مێژووی هەرێمی کوردستان، راستەوخۆ لەگەڵ راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ەوە سەریهەڵدا، بەڵام بە درێژایی مێژووی ئیسلام ئەو هەرێمی کوردستانە دانیشتوانی لێ هەبووەو ئاوەدانی تێدابووە.

ئەگەرچی چوار نەوە هەر نەوەیەك بۆ قۆناخێكی دیاریكراویان دەستنیشانكردووە، وەكوو قۆناخی یەكەم لە ساڵی (١٨٣٠-١٨٧٠) قۆناخی دووەم ساڵانی (١٨٧٠-١٩٠٠) و قۆناخی سێیەم ساڵانی (١٩٠٠-١٩٣٩) و قۆناخی چوارەمیش لەدوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە دەست پێدەكات[١]، بەڵام زۆربەی ئەو كەسایەتیانەی عەرەب شانازیشیان پێوە دەكات بیركردنەوەكەیان لە ئایینی ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووە، نموونەی وەكوو (الطهطاوی ١٨٠١-١٨٧٣) [٢] و جەمالەدین ئەفغانی[٣] و محەمەد عەبدە[٤]و. تا دەگاتە (گە حسین) [١]و زۆری

---

[١] - البرت حوراني، الفكر العربي في عصر النهضة ١٧٩٨-١٩٣٩ (هزری عەرەبی لە سەردەمی رێنیسانس) ، ترجمة الى العربية:كريم عوقول، راجعه :السفير أديب القنطار، بيروت، ط ٣، ٢٠٠٩،

[٢] - رفاعه رافع الطهطاوي (١٥/١٠/١٨٠١-١٢٩٠) لە سەركردەكانی رێنیسانسی زانستی لە میسر لە سەردەمی ( محەمەد عەلی پاشا) دەژمێردرێ، زمانی فەرەنسی بە باشی زانیوەو زۆر بابەتی لە فەڕەنسییەوە كردووە بە عەرەبی، لەبواری فیقە و نەحو صەرف شارەزاییەكی زۆری هەبووە. http://ar. wikipedia. org/wiki

[٣] - جمال الدين الحسينى الافغانى (١٨٣٨-٧/٣/١٨٩٧) : یەكێك لە رابەرانی رێنیسانسی میسر (النهضة المصرية) یەو، یەكێكە لەوانەی داوای نوێكردنەوەی ئیسلامی دەكرد، لەساڵی (١٨٧٠) بۆیەكەم جار سەردانی میسری كردووەو بۆماوەی (٤٠) رۆژ لەوێ ماوەتەوە، دواتر چووەتە سعودیەو دوایی جارێكی تر گەڕاوەتەوە میسر و لەوێ میشتەجێ بووە، كاریگەرییەكی زۆری بەسەر كۆمەڵگەی عەرەبی بە گشتی و میسری بەتایبەتی جێهێشتووە. بەڵام كە ئینگلیز دەستی بەسەر میسردا گرت، ئەفغانی ناچاركرا میسر جێبهێڵێت و رووی كردە لەندەن. ئینجا فەرەنساو لەساڵی (١٨٨٦) یش روویكردە وڵاتی فارس و دواتر روسیا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (الكيالي، الجزء الخامس، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣١-٢٣٢) http://ar. wikipedia. org/wiki

[٤] - محمد كوڕی عبدە كوڕی حسن خەیروڵلا (١٨٤٩-١١/يوليو/١٩٠٥) : ساڵی (١٨٨٦) پەیوەندی بە زانكۆی ئەزهەر كردووە، ساڵی ١٨٨٢ لەشۆڕشی (ئەحمەد عرابی) دژ بە ئینگلیز بەشداری كردووە، بە یەكێك لە دیارترین نوێكار لە فیقهی ئیسلامی لە سەردەمی نوێ دادەنرێت، بەزانستەكەی بەشدارییەكی كارای كردووە بۆ رزگاركردنی عەقڵی عەرەبی لەو بەستەڵۆكەی كە چەندین سەدە بوو تووشی هاتبوو، ساڵی (١٨٨٩) بە هەوڵی (سەعد زەغلول) بۆ دەركردنی لێبوردن لەلایەن خدێوی تۆفیق گەڕایەوە میسرو دواتر بووەتە دادوەرو موفتی. هەندێك لە دانراوەكانی: رسالة التوحيد، تحقيق وشرح "البصائر القصيرية للطوسي"، تحقيق وشرح "دلائل الإعجاز" و"أسرار البلاغة" للجرجاني. الرد على هانوتو الفرنسي، الإسلام والنصرانية بين العلم والمدنية (رد به على أرنست رينان سنة ١٩٠٢م) ، تقرير إصلاح المحاكم الشرعية سنة ١٨٩٩ م، شرح نهج البلاغة للإمام علي بن أبي طالب رضي الله عنه، العروة الوثقى مع معلمه جمال الدين الافغاني.لمزيد من المعلومات انظر: http://www.marefa.org/index.php

دیـکە[2]. لە بـواری حوکمڕانیشـدا عـەرەب خـاوەنی کەسـایەتی گـەورەی وەکـوو محەمەد عەلی پادشایە کە قۆناخێکی نوێی لە ناسینی ئەوروپا دروستکرد[3] بەڵام کە سـەیری مێـژووی کـورد دەکەی لەرووی بـوونی فەلسـەفەو عەقڵـی نوێـوە بەرهەمێکـی زینـدووی نیـیە، بەڵام کەسێکی وەکـوو نیتشـە[4] سـوودی لە

[1] - طه حسين (١٤/١١/١٨٨٩-١٩٧٣) : ئەدیب و رەخنەگرێکی گەورەی میسرییە، نازناوی عەمیدی ئەدەبی عەرەبی دراوەتێ، بەیەکێك لە دیارترین کەسایەتییەکانی بزووتنەوەی ئەدەبی نوێی عەرەبی و بە یەکێك لە دیارترین داواکارانی رۆشنگەری لە جیهانی ئیسلامی دادەنرێت. لە (١٩٥٠) کاتێك حوکم بەدەست حزبی وەفد بوو، طه حسين کرا بە وەزیری مەعارف و تا (١٩٥٢) مایەوە، ساڵی (١٩٥٩) کرا بە سەرنووسەری (الجمهورية). چەندین بڕوانامەی دوکتۆرای فەخری پێ بەخشراوە، (١٩٧١) کراوە بە سەرۆکی ئەنجوومەنی یەکێتی کۆمەڵەکانی زمانەوانی لە جیهانی عەرەبیدا. لەکتێبە بەناوبانگەکانی :الفتنة الكبرى عثمان، الفتنة الكبرى علي وبنوه، المعذبون في الأرض، على هامش السيرة، دعاء الكروان، حديث الآربعاء، الشيخان، الوعد الحق/مع ابى علاء،.. الخ. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانة (الكيالي، الجزء الثالث، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٨٦-٧٨٧).

[2] - بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:البرت حوراني، الفكر العربي في عصر النهضة، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧، ١١٣، ١٣٩، ٣٢٩

[3] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠

[4] - فريدريك فيلهيلم نيتشه (١٥/١٠/١٨٤٤-٢٥/٨/١٩٠٠) فەیلەسوف و شاعیری ئەڵمانیایە. دەقی نووسین و نووسینی رەخنەیی لەبارەی بنەماکانی ئەخلاق و سوود (النفعيه) و، فەلسەفەی هاوچەرخ و، ماتریالیزم، میسالیەتی ئەڵمانی، رۆمانسییەتی ئەڵمانی، نوێگەری ومێژوو، مۆسیقا، قەدەر، ئیرادە، لەناوبردنی بتەکان، ئەمەیە مرۆڤ،........ هتد هەروەها دیارترین کتێب و بەهێزترینیشیان کتێبی (زەردەشت وەهای گوتAlso sprach Zarathustra 1883-1885) ە کە لەو کتێبەدا ئیرادەیەکی لەبن نەهاتووی مرۆڤ دەبینرێ. خاوەنی دەیان کتێبی پڕ بەهایە یەکێك لەو فەیلەسوفانەیە کە بەردەوام زۆرترین خوێنەری هەیە. بەتایبەتی (دوابەدوای خێرو شەڕ) کە لە ساڵی ١٨٨٦ نووسیویەتی. ناوبانگێکی زۆری دروستکرد. بەشێوەیەکی گشتی نیتشە رەفزی بیری ئەفلاتوتی و مەسیحیەتی میتافیزیك دەکاتەوە. هەوڵیدەدا بەهایەکی نوێ بەرهەمبهێنێت کە دوور بێت لە کانتی و هیگلی و بیری ئایینی نەهلیستی. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە (فرنسو شاتليه وأخرون، معجم المؤلفات السياسيه، مصدر سابق، ص١١١٩-١١٣٢) هەروەها: الكيالي، الجزء السادس، ط٢، ١٩٩٥، ص٦٣٩-٦٧٠) هەروەها بڕوانە ( (م روزنتال، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥٣-٥٥٤) هەروەها (د. عبالرحمن بدوي، موسوعة الفلسفة، الجزء الثاني، الناشر:ذوي القربى، ص٥٠٨-٥١٧). هەروەها، ( (فرانسو شاتيليه وأخرون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥٥-٦٦٠).

زەردەشــت وەرگرتــووەو وەك خــۆی پێیــوایە باشــترین کتێــب کە نووســیبێتی و شــانازی پێــوە بکــات، کتێبــی وەهــای گــوت زەردەشــت ە، [1] لەو کتێــبەدا هەســتدەکەی نیتشــە ئەگەرچــی جەســتەیەکی لاوازی هەیە بەڵام خــاوەنی گەورەتـرین ئیـرادەو بەهێزتـرین مرۆڤـی سـەرزەوییە، سـەرچاوەی سـوودوەرگرتنی نیتشە لە زەردەشتیش تەنها کاری چاکەو خراپە بووە[2].

کورد لە رووی سیاسەتیشـەوە لەو رۆژەوەی یەکەم رێکخراوی سیاسـییان لە هەرێمـی کوردسـتان بەنـاوی (جەمعییەتـی کوردسـتان[3]) دامەزرانـدووە، دوو خاڵی گرنگ رۆڵی لە دروستکرنی ئەم رێکخراوە سیاسـییە هەبـووە: یەکەمیـان ئینگلیـز هـانی (مسـتەفا پاشـای یـامولکی) یـان داوە تـا لە دژی تورکەکـان

---

[1] -بڕوانە: د. ئەحمەد میراودەلی، نیتشەو...وەهای گوت زەردەشت، لەئینتەرنێت وەرمگرتووە http://www. kurd. it/public/kurdo/2005/1/dottahmad-zardasht. htm لە٢٥/١٢/٢٠٠٤

[2] - فریدریك نیتشة، هکذا تکلم زرادشت- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨-٢٧

[3] - کاتێك باس لە سەرەتاکانی حزب و رێکخراوە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان دەکەین، پێش ساڵی (١٩٠٨) هیچ رێکخستنێکی سیاسی بوونی نەبووە. هەموو ئەو رێکخراوە سیاسیانەی بۆ یەکەمین جار لە عێراق دامەزراون، زۆربەی هەرە زۆریان، لەژێرکاریگەری حزب و رێکخراوەسیاسییەکانی سەردەمی عوسمانی بووە، کە هێشتا عێراق نەبووبوو بە دەوڵەت، بۆنموونە یەکەمین رێکخستنی سیاسی بریتی بووە لە کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی (الاتحاد والترقی) کە لە بەغدا لە ساڵی (١٩٠٨) کرایەوە، ئەم کۆمەڵەیە بۆیەکەمجار لە ١٨٨٩/٥/٢١ وەك کۆمەڵەیەکی نهێنی بۆ گۆشەگیرکردن و لادانی دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمید تێدەکۆشان، دامەزرێنەرانیشی لە تورك و کورد پێکهاتبوون بڕوانە (د. عبدالستار طاهر شریف، الجمعیات والمنظمات والأحزاب الکوردیة في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، المؤسسة سردم، السلیمانیة، الطبعة الثانیة، ٢٠٠٧، ص٣٥) کۆمەڵەی کوردستان (جمعیە کوردستان) بۆیەکەمین جار لە١٩٢٢/٧/٢١ لە شاری سلێمانی لەمزگەوتی (سەید حەسەنی موفتی) بە سەرۆکایەتی مستەفای پادشای یامولکی راگەیەنراو رۆژنامەیەکیشیان بەناوی (بانگی کوردستان) لە ١٩٢٢/٨/٢ بۆیەکەم جار دەرکرد، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە ( رەفیق حیلمی، یادداشت-کوردستانی عیراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحموود-بەشی دووەم، بەغدا، ١٩٥٧، ل٥٠٦ تا ٥٠٨) هەروەها بڕوانە (د. عبدالستار طاهر شریف، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣١).

شتێك بكات، چونكە مستەفا پاشا لە توركیاوە هەڵاتبوو، توركەكان دەستیان كەوتبا بێ قەیدو شەرت دەیانكوشت، ئەمە خاڵێكی گرنگ بوو كە ئینگلیزەكان بە جوانی ئیستغلالیان كردوو هەموو هاوكارییەكیشیان پێدەدا، مستەفا پاشا خۆیشی كەسێكی نەرمو سینگ كراوە نەبوو، لەگەڵ كەس هەڵینەدەكرد[1] دووەمیشیان ئەوەیە یەكەم كۆیوونەوەی دامەزراندنی ئەو كۆمەڵەیە لە دوای نوێژی هەینی رۆژی ٢١/٧/١٩٢٢ لە مزگەوتی (سەید حەسەنی موفتی) هەڵبژاردنی نهێنی بۆ دامەزرێنەرانی ئەم كۆمەڵەیە كراوە[2]. دیارە هەموو شۆڕشەكانی كوردیش مۆركێكی بەهێزی ئایینی پێوە بووە، بۆنموونە شۆڕشەكانی شێخ مەحموودی حەفید، مەلا مستەفا بارزانی، تەنانەت شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و شێخ عوبەیدوڵلای نەهری و.. هتد. تەنانەت بۆ یەكەمجار هەڵكردنی ئاڵای كوردستانیش لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی بووە[3].

لە راستیدا حوكمڕانیكردنی دەوڵەت شتێكەو پێوەندییە كەسێتییە ئەخلاقییەكانی نێوان تاكەكان شتێكی ترە، لەفەلسەفەی حوكمڕانیكردندا بوارێك بۆ (دۆستایەتی) یا (متمانە) یا (خۆشەویستی) یان ئێمە ( تاماوین سەرتدەخەین) یان (بەدرێژایەتی تەمەنت بەیعەتت دەدەینێ) ئەمانە هەمووی هەڵەن، چونكە ئەوەی حوكمڕان بە حوكملێكراو (الحاكم بالمحكوم) دەبەستێتەوە تەنها یاسایە لەسەر هەموان هەر لەئەوانەی لە لووتكەی حوكمڕانیدان تا ئەوانەی لەسەر شەقامەكانن، ئەوەی حوكمڕانی دەوڵەتەكە دەكات یاسایە نەك

---

[1] - رەفیق حیلمی، یادداشت-كوردستانی عیراق و شۆڕشەكانی شێخ مەحموود-بەشی دووەم، بەغدا، ١٩٥٧، ل٥١١، ٥١٥، ٦٠٤ ) هەروەها : رەفیق حیلمی، یادداشت-كوردستانی عیراق و شۆڕشەكانی شێخ مەحموود-، ئامادەكردن و لێكۆڵینەوەو پیاچوونەوەی:پاكیزە رەفیق حیلمی، بەشی سێهەم دەزگای رۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی، بەغدا، ١٩٩٢، ل١٤، ١٦-٢٠

[2] - رەفیق حیلمی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل-٥٠٧

[3] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠٦-٥٣٢

پەیوەندییە کەسییەکان، بۆیە پێویست ناکات سۆزو خۆشەویستیمان بۆ کەسی حوکمڕان بێت، بۆنموونە کاتێك حوکمڕان بڕیاری چارەسەرکردنی فلان نەخۆش لەسەر بودجەی دەوڵەت دەردەکات، ئەمە شتێکی زۆر پووچ و بێمانایە، ئەمە ڕێك لەو ئەمیرانە دەچێت کە پاداشت و سۆزی (١٠٠) دیناری بەو شاعیرە دەبەخشی کە ستایشی کردووە! بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە یاسا دەڵێت هاووڵاتی کە نەخۆش دەکەوێت، پێویستە لەسەر بودجەی دەوڵەت چارەسەر بکرێت، تەنانەت ئەگەر چارەسەرکردنەکەی پێویستی بە چوونی نەخۆشەکە بۆ دەرەوەی وڵاتیش هەبوو، دەبێت لەسەر بودجەی دەوڵەت ببردرێتە دەرەوە بۆ چارەسەرکردنی، ئەمە کە یاسا حوکمڕان بێت و مەبدەئی گشتی بۆ هەموو حالەتەکانە، گوناهی ئەو نەخۆشە چییە کە ناتوانێ دەنگی خۆی بگەیەنێتە ئەو بەرپرس یان ئەو حوکمڕان، یان واسیتەی نییە، یان هەر لەبنەڕەتدا شەرمدەکات پەنا بباتە بەر ڕێگای نەشیاو و. هتد؟بۆیە سەروەری یاسای گشتی داواکارییەکی زەرورییە [1]لە فەرمانڕەواییکردنی دەوڵەت[2].

[1] - امام عبدالفتاح امام، الاخلاق والسياسە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢

[2] - جارێکیان لە (کینای) فەیلەسوفی فەرەنسی دەپرسن، ئەگەر تۆ ببیت بە پادشا چی دەکەیت؟لەوەڵامدا دەڵێت هیچ ناکەم، جارێکی تر لێیدەپرسنەوە کەواتە کێ حوکم دەکات؟، لە وەڵامدا دەڵێت یاسا.بڕوانە، امام عبدالفتاح امام، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٩.نقله عن:د.امام عبدالفتاح امام، الطاغية، دراسة فلسفية لصور من الاستبداد السياسي، عالم المعرفة، سلسلة: ١٨٣، مارس ١٩٩٤، ص٢٤٥.

## یەکەم: بنچینەی تۆتالیریزم

هانا ئارێندت، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (بنچینەی تۆتالیتاریزم- اسس التوتالیتاریە) نووسیویەتی "مێژوو فێرماندەکات گەیشتن بە دەسەڵات و وەرگرتنی بەرپرسیارێتی، سروشتی حیزبە شۆڕشگێڕەکان بە قوولی دەگۆڕێت، شارەزایی وئەزموون و عەقڵی تەندروست گرەنتییەکە خەڵکی وا لێدەکات پێشبینی ئەوە بکەن کە تۆتالیتاریزم لە دەسەڵاتدا وردە وردە حەماسی شۆڕشگێڕی لەدەستدەدات و لە خەسڵەتە تۆباوییە سەرەتاییەکانی دوور دەکەوێتەوە، کاری رۆژانەی حکومەت و پیادەکردنی دەسەڵاتی واقیعی، بانگەشەکانی پێش بە دەسەڵات گەیشتن بزووتنەوە رتووش دەکات و جیهانی ئەفسانەی رێکخستنەکانیان هێدی هێدی لەناو دەبات"[1]. هەروەها "شۆڕشی بزووتنەوە تۆتالیتارەکان لەدوای ئەوەی دەگەن بەدەسەڵات، ماهییەتیان بەشێوەیەکی ریشەیی دەگۆڕێت، بزووتنەوە تۆتالیتارەکان هەر لە سەرەتای حوکم کردنیانەوە هەوڵدەدەن دەستکاری جیاوازی سەرەکی نێوان دەوڵەت و حزب نەکەن و رێگە نەدەن دەزگا شۆڕشگێڕەکانی حیزب لەناو دەوڵەتدا بتوێتەوە، پرسی گرتنە دەستی دەزگاکانی دەوڵەت بە بێ تێکەڵبوون لەگەڵیدا، بەوشێوەیە چارەسەر دەکرێ کە تەنها ئەو ئەندامانەی حزب بایەخ و گرنگی پلە دوویان بۆ بزووتنەوەکە هەبووبێت، رێگەیان پێدەدرێت لە زنجیرەی هەرەمی دەوڵەتدا پێگەیان هەبێت، لە بەرانبەر ئەوەشدا، هەموو دەسەڵاتە واقیعییەکان لە دەزگا تایبەتییەکانی بزووتنەوەو لە دەرەوەی دەزگا دەوڵەتی و سەربازییەکان بخرێنەگەڕ. تۆتالیتاریزم لە دەسەڵاتدا وەك رووکارێك سوود لە

[1] - حنە أرندت، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٥

دەوڵەت وەردەگرێــت کە لە جیهــانی تۆتالیتاریــدا نــوێنەرایەتی وڵات دەکــات، لەبەرئەوە دەوڵەتـــی تۆتالیتـــاری میراتگرێکـــی لـــۆژیکی بـــزووتنەوەی تۆتالیتارییەورێکخستن و بونیادی حکومەتەکەیشی لە بزووتنەوە دەخوازێت"[1].

لەسـەر خەسـلەتی تۆتالیتـاریزم ئارێنـدت نووسـیویەتی"بەهەند وەرنەگرتنـی یاسا دانراوەکان لە لایەن تۆتالیتـاریزمەوە لەسـەر پایەی رەوایەتییەکـی بـاڵاتر خۆی راگرتووە، وەك ئەوەی چۆن سرووش (الهام) لە سەرچاوە مێژوویی و سرووشـــتییەکانەوە وەردەگرێـــت، بەو شـــێوەیەش دەتوانێـــت ســـەرپێچی لە رەچـاوکردنی یاسـا سـووك و ریسـواکاندا بکـات، شـەرعییەتی تۆتالیتـار بانگەشەی ئەوە دەکات کە رێگەی سەقامگیرکردنی حوکمی دادپەروەرانەی لەسـەر رووی زەوی دۆزیـوەتەوە، ئەو شـتەی شـەرعییەتی یاسـا دانراوەکـان بەدانپیـدانانی خـۆی ناتوانێـت پێیبگـات، شـەرعییەتی تۆتالیتـاریزم کە بەرەنگـاری هەمـوو جۆرە یاسایەکی دانـراودەبێتەوەو لە رێگەی حـوکمێکی راسـتەوخۆوە بانگەشـەی دەسـتەبەرکردنی دادپەروەری لەسـەر روی زەوی دەکات، یاسای مێژوویی یاسای سرووشتی پیادە دەکات، بێ ئەوەی هیچ کامێکیـان سـەبارەت بە هەڵسـوکەوتی تـاك بـۆ پێـوەری چـاکەو خـراپە وەرگێرێت"[2]. هەروەها بە بڕوای تولیـاتی "حیزبی تۆتالیتـاری (تا ئاسـتی گەیشـتن بە فاشـیزم) لەسـەر بنچینـەی دروشـمی رەنگـاوڕەنگی نەتەوەیـی سـەرەڕۆی بە هەلپەرسـتانەی کـۆمەڵایەتی دیـاریکراو سـەرهەڵدەدات و

[1] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٩-١٨٠
[2] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٦-٢٤٧

گەشەدەكات"[1]، واتا "چارەسەری فاشیزمانەش دوا چارەسەرە كە بۆرژوازی گەورە پەنای بۆ دەبات بۆ تێپەڕبوونی بەسەر قەیرانەكانا"[2]. چونكە "حزبە تۆتالیتارەكان هەمیشەو بەردەوام لەژێر رەنگی درۆزنانەو دیماگۆكیانە كاردەكەن و هەوڵدەدەن بەشێوەیەكی تایبەتی راستییەكان بشارنەوە"[3].تەنانەت "حزبی تۆتالیتاری لەرووی دامەزراویشەوە كاردەكات بۆئەوەی حزب بەسەر رێكخستنەكانی دەوڵەتدا زاڵ بێت و، وایدەبینێ كە سكرتێری ناوچەیەك دەبێت لە پارێزگارەكە بەرزتر بێت"[4]. بە بڕوای (فالح عەبدولجەبار) یش هەموو ئەو هۆكارو سیما سەرەكیانەی سروشتی تۆتالیتاریزم دەستنیشاندەكەن، دەتوانین بڵێین بریتین لە:بوونی ئایدیۆلۆژیایەكی فەرمی، حزب جەماوەرییش نەبێت بەڵام رێژەیەكی كەم ١٠% ی خەڵك لە گەنجان و ئافرەتانی لەگەڵدابێت بۆ دروستكردنی هێزێكی سەربازی تۆكمەو كاریگەر، دەستبەسەر داگرتنی تەكنۆلۆژیاو هەژموونی بەسەر ئامرازەكانی توندوتیژی چەكدارانە هەبێت (بكەوێتە دەست حزب و كادیران و هێزە چەكدارەكەی)، هەر لەدەستبەسەرداگرتنی تەكنۆلۆژیاكەدا، دەستبەسەر ئامرازەكانی راگەیاندن دابگرێت وەك رۆژنامە، رادیۆ، تی ڤی، سینەما، هەموو ئەمانە لەدەست خۆیدا بێت و لەمبارەیەوە راگەیاندنێكی زەبەللاحی هەبێت، ئینجا سیستەمی پۆلیسی تیرۆری كە لە چالاكییەكانی خۆیدا پشت بەتەكنۆلۆژیاكە (ئامرازەكانی توندوتیژی چەكدارانە و راگەیاندن) دەبەستێت، بۆ مانەوەی

---

[1] - بالميرو تولياتي، محاضرات في الفاشية (چەند وانەیەك لەبارەی فاشیزمەوە) ، تعريب:انطوان صيداوي، دار الفارابي، بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٧٩، ص٩.

[2] - سەرچاوەی پێشوو، ل ١١

[3] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨

[4] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢

سیستەمەکە، خاڵێکی دیکەی گرنگ کە ناکرێ فەرامۆش بکرێت، لە هۆکارو سیما سەرەکییەکانی سروشتی تۆتالیتاریزم، ئەویش ئەوەیە هەژموونی تەواو بەسەر ئابووری وڵاتدا هەبێت و بخرێتە ژێر دەسەڵاتی حزبەوە"[1] هەروەها حیزبە تۆتالیتارەکان وایان لە کادیرو ئەندامانی خۆیان کردووەو رایانهێناون، کە بوونی خۆیان لەبوون و بەردەوامبوونی ئەو حزبەدا دەبیننەوە، مردنیان بەلاوە خۆشترە نەك لە حزبەکە دووربخرێنەوە یان دەربکرێن، چونکە بەدوورخستنەوەیان لەریزی حزب هەستدەکەن کەرامەتیان پێشێل کراوە، هەست بە بچووکی خۆیان دەکەن لەناو کۆمەڵگە"[2]. بەڵام "تۆتالیتاریبوون تەنها پەیوەست نیە بە حزبە سیاسییەکانەوە، بەڵکو پەیوەستە بەو سیستەمەی کە تیایدا کۆنترۆڵی هەموو لایەنەکانی ژیانی کردووە. لە لایەکی دیکەوە دەکرێت حزبێکی سیاسی سیفەتی دیموکراتی بوونی بدرێتەپاڵ بێ ئەوەی سەرکردەکانی بە شێوەیەکی دیموکراتیانە هەڵبژێدرابن. نادیموکراتیبوونی حزبێکی سیاسی لەوەدا دەردەکەوێت ئەگەر هاتوو ئەو حزبە بەشداریکردنی لە ململانێ لەگەڵ حزبەکانی دیکەدا ڕەتکردەوە"[3].

---

[1] - فالح عبدالجبار، التوتاليتارية، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩-٢٠

[2] - حنة أرندت، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣

[3] - دیمانەی تۆژەر لەگەڵ یاریدەدەری پرۆفیسۆر د. ئانا گرزمالا- بوسا Anna M. Grzymala-Busse لە ٢٠١٠/٧/١٧ کراوە.

## دووەم: تۆتالیریزم لە کۆمەڵگەی کوریدا

تۆتالیتاریزم لە ڕێگای حزبەکانەوە دەخزێتە ناو کۆمەڵ و وردە وردە هەموو کۆمەڵگا دەگرێتەوە، حزبی نازی لە ئەڵمانیا بە هەڵبژاردن دیموکراسی رووخاند، بەڵام ئەمە لە کۆمەڵگایەکی دیموکراسیدا کارێکی نەك هەر ئاسان نییە، بگرە زۆر ئاستەمە حزبێك بتوانێت تۆتالیتاریزم بگوازێتەوە ناو کۆمەڵگا، تەنها خاڵی گرنگ ئەوەیە کێشە لە کۆمەڵگەی دیموکراسی ئەوەیە کە بەردەوام جۆرێك لەو مەترسییەی لەسەرە کەوا کەسێك سوود لەسەربەخۆیی وەردەگرێت و دەیقۆزێتەوە بۆ دەست بەسەر داگرتنی سەربەخۆیی کەسانی دیکە، ئەمەش کارێکە سەختە بەڵام مەحاڵیش نییە، چونکە ئەوکاتە کۆمەڵگە لە بارێکەوە بۆ بارێکی دیکە دەگۆڕێت، بەڵام ئەگەر دیموکراسی دامەزراو بێت، بێگومان ئەنجامدانی ئەوکارە زۆر سەختتر دەبێت، بۆیە لێرە دەبێت هەڵسەنگاندنێکی زانستیانە بۆ کۆمەڵگەکە بکرێت، ئایا ئەو کۆمەڵگەیە تا چەند دیموکراسی یان تۆتالیتارییە. بەتایبەت ئەو وڵاتانەی لە رووی دیموکراسییەوە خاوەن کولتوورێکی مێژوویی نین و هێشتا لە قۆناخی دیموکراسی گەنج دان، کە هەمیشە مەترسی زۆرترو بەرزترە [1]، کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی زیاتر کشتوکاڵی- خێڵەکییە، تەنها خاوەنی خێڵ خاوەنی بڕیاردانە، بەشی زۆرینەی دانیشتوان کە جوتیارن، ئاغا[2]بەئارەزووی

[1] - دیمانەی تۆژەر لەگەڵ نیلسۆن کاسفیر سەرۆکی بەشی حکومەتە لە زانکۆی دۆرتمۆس و تایبەتمەندە بەسەر حوکمڕانی و حزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا، دیمانەکە رۆژی ٢٠١٠/٧/٢١ کراوە.

[2] - ئاغاکانی کورد دوای شۆڕشی ١٤ ی تەمووز و دروستبوونی سیستەمی کۆماری لە عێراق ١٩٥٨ بە پێی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی (قانون الاصلاح الزراعی) بڕێك لە زەوییەکانیان لێسەنرایەوە، بەڵام نەتوانرا وەك جووتیارێکی ئاساییان لێ بکرێت، بەڵکو زەوییان بەدەستەوە مابوو، تەنها ئەوەی گرنگ بوو ئەوەبوو دەسەڵاتیان بەسەر جوتیارەکاندا نەمابوو.بەڵام تەنها

بەرژەوەندییەکانی خۆی جووتیارەکانی هەڵسووڕاندووە، ئایین لەنێو کۆمەڵگە زۆر بەهێز بووە، بۆیە ئەویش (ئایین) جۆرێك لە دەسەڵاتی خۆی هەبووە لە نێو کۆمەڵگەدا، ئەودەسەڵاتەی ئایین گواستراوەتە بۆ دامەزراوە مەدەنییەکانیش کە وەزارەتی ئەوقاف نموونەیەکی بەرچاوە، لە کۆمەڵگە رۆژئاواییە مۆدێرنەکان جیاوازی لەنێوان کەنیسەو حکومەت کراوە، ئەمەش یەکێکە لە بنەماکانی سیستەمی سیاسیی دیموکراسی، هەرچەندە حزبە سیاسییەکانیش لایەنی ئایینی دەخەنە ناو پرۆگرامی سیاسییان وەك دیموکراسی مەسیحی لە ئەوروپادا، ئەمەش وایکردووە هەندێکجار دابەشبوونێکی دیار نەبێت لە نێوان کەنیسەو حزبە سیاسییەکان، چونکە هەندێ لە حزبە سیاسییەکان هاندەری بیروباوەڕی ئایینین، بەمەش حزبە سیاسییەکان هەلی دامەزراندنی سیاسەتی حکومەت و بڕیاردان لە رێگەی ئەم بیروباوەڕانەوە دەبینن [1]).

لەبنەڕەتدا ئایینەکان دژی سیستەمی دیموکراسی نین، چونکە دەتوانرێ دیموکراسی لە کۆمەڵگەیەکی زۆرینە مەسیحی یان زۆرینە موسڵمان یان جوولەکە بهێنرێتەدی، نموونەشمان ئەوروپای ئەمڕۆیە، بەڵام پێویستە هاوسەنگی و سەربەخۆییەکیش هەبێت دەرهەق بەو کۆمەڵگایانە، چونکە کاتێك خەڵکی بەشێوەیەکی زۆر توند پابەند دەبن بە ئایین ئەوکاتە دەبنە رێگر لەبەردەم هەنگاونانی دیموکراسی بۆ بەرەوپێش چوون، بۆیە پێویستە تۆزێك دانبەخۆداگرتن هەبێت لە بنەماکانی ئایین وبێگومان دانبەخۆداگرتنیش

---

ئاغاکان دەیانتوانی زەوییەکانیان بکەن بە موڵکی خۆیان (تملیکی بکەن) ، کەچی جوتیارەکان تا دوو ساڵ بەر لە ئەمڕۆش هەموو زەوییەکانیان هەر کشتوکاڵی بوو، تەنانەت ئێستاش زەوی کشتوکاڵی جووتیاران زۆر ماوەو تەملیك نەکراوە..

[1] - دیمانە لەگەڵ سیمۆن دیلاکۆردا، هەمان سەرچاوەی پێشوو

بەشێکی گەورەی بنەمای گشت ئایینەکان پێکدەهێنێ[1] بێگومان کۆمەڵگا جیاوازەکان خاوەنی تێگەیشتنی جیاوازن لە دیموکراسی بۆیە کۆمەڵگە جیاوازەکان ڕێگەی جیاوازی خۆیان دەبێت لە بڕیاردان و ناسینەوەو پێناسەکردنی حزبە سیاسییەکان، لەکۆمەڵگەی جیاوازیشدا زەحمەتە ئەگەر بڵێین هەموو حزبە سیاسییەکانی کۆمەڵگە جیاوازەکان وەکوو یەکن، بەدڵنیاییەوە حزبەکانیش جیاواز دەبن، چونکە هەر حزبەو خەریکی جێبەجێکردنی تایبەتمەندییەکانی کولتوور و بارودۆخی ئەم وڵاتەن، هەر وڵاتێکیش پێویستە ڕێگەی تایبەتی خۆی بدۆزێتەوە دەربارەی دیموکراسی بۆ زیادکردنی بەهای کوالێتی خەڵکی شارەکە[2]. بەڵام دەبینین لە کۆمەڵگای کوردیدا تا ئێستا چینی کرێکار و وردە بۆرژوا و ڕۆشنبیران، ڕۆڵێکی کاراو کاریگەریان نەبووەو هەر بە لاوازی ماوەتەوە، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە تا ئێستا کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێن نەبووە[3]، کۆمەڵگەی کوردی هێشتا لەژێر کاریگەری کولتووری عەرەب بەتایبەتی و کولتووری نەتەوەکانی تری وەکوو تورك و فارس بەگشتی دایە [4]، تا ئێستا کۆمەڵگەی کوردی نەیتوانیوە بچووکترین سوود لە قۆناخی سەردەمی رینیسانس یا سەردەمی شۆڕشی فەرەنسی، یان سەردەمی ڕۆشنگەری ئەورووپی وەربگرێت، چونکە لە قۆناخی دەرەبەگی تێپەڕی نەکردووە، بۆیە لەرووی فیکریشەوە هێشتا کتێبخانەی کوردی زۆر زۆر لاوازو هەژارە لە وەرگێڕانی ئەوهزرڤانانەی کە ئەوروپایان بەرەو قۆناخێکی پێشکەوتووتر برد. لەبەرئەوە ڕۆشنبیرانی کوردیش تا ئێستا ئەو ڕۆشنبیرانە نین کە کاریگەرییان بەسەر رەوتی سیاسی و

---

[1] - دیمانەی تۆژەر لەگەڵ پرۆفیسۆر نیلسۆن کاسفیر، هەمان سەرچاوەی پێشوو

[2] - دیمانە لەگەڵ سیمۆن دیلاکۆردا، سەرچاوەی پێشوو

[3] - دیمانەی کەریم ئەحمەد، سکرتێری پێشووی حزبی شیوعی کوردستان. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[4] - دیمانەی فەلەکەدین کاکەیی، سەرچاوەی پێشوو

رووداوه سیاسییەکان و خودی کۆمەڵگای کوردییەوە هەبێت، چونکە ڕۆشنبیرییەکی هەمەرەنگمان نییە، بەڵکو زیاتر لەیەك شێوەو شێوازی ڕۆشنبیری دەچێت، ئەویش ڕۆشنبیرییەکی کۆنینەیەو بۆ ئەمڕۆ بەسەرچووە، هەموو ئەمانە وایانکردووە کۆمەڵگەی کوردی هەر لە قۆناخی دەرەبەگی و خێڵەکی و دواکەوتوویی بمێنێتەوە.

راستە لەدوای رووخانی رژێمی بەعس لێرەو لەوێ هەندێك هەوڵی تاکە کەسی و هاوکاری هەندێك دامودەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە، توانراوە هەندێك کتێبی باش و بەناوبانگەکانی هزرڤانە بەناوبانگەکانی ئەوروپی لە قۆناخی جیا جیاياندا وەربگێڕنە سەر زمانی کوردی، بەڵام بە بەرنامەو پلان نەبووە.[1]

---

[1]- بۆنموونە لەکاتێکدا کۆماری ئەفلاتون وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی، هاوکات پەیمانی کۆمەڵایەتی جان جاك رۆسۆ و هەروەها دابەشکردنی کاری دۆرکهایم و چەند کتێبێکی عەلی وەردی وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی. بێگومان لە وەرگێڕانی ئەم کتێبانەدا هیچ پرۆژەو میتۆدو بەرنامەیەك لەبەرچاونەگیراوە بۆ وەرگێڕانەکە، بەڵکو زۆر رەمەکیانەو زیاتر ماندووبوونی چەند دڵسۆزێك بوونە، لەکاتێکدا چەندین دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردیمان هەن، ئەگەر بەرنامەومیتۆدێکیان بۆ وەرگێڕانی ئەم کتێبانە پەیڕەو بکردایە، ئێستا کتێبخانەیەکی خنجیلانەمان لەوجۆرە کتێبانە بۆ دروست دەبوو. لەنێو هەموو ئەو دامودەزگایانەی چاپ و بڵاوکردنەوەش دەکرێ ئاماژە بۆ دەزگای سەردەم بکەین کە تائێستا زۆرترین کتێبی گرانبەهای چاپکردووە.

**سێیەم: تۆتالیریزم لە حیزبی سیاسی کوردیدا**

حیزبە سیاسییەکانی کوردستان زادەی کۆمەڵگەی کوردین کە تا ئێستا کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی، تەقلیدی، نابەرهەمهێنە، وێڕای ئەمانەش بە درێژایی مێژووی دروستبوونی حزبە سیاسییەکانی کوردستان، یەك حزب بەشێوەیەکی ئاشکرا دروست نەبووە کە گوزارشت لە بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کورد بکات، بەڵکو هەموو حزبەکان بە شێوەی نهێنی دامەزراون[1] و خۆیان راگەیاندووە[2]. بێگومان هەموو کارێکی سیاسیی نهێنی کەموکورتی و خەوشی زۆری دەبێت، ئەنجامەکانیشی نێگەتیڤ دەبێت بۆ سەر حزبە نهێنییەکەو بۆسەر ئەندامان و لایەنگرانی سیاسەتەکەی، هەروەها ئەنجامی نێگەتیڤی بۆسەر کۆمەڵگەش دەبێت، چونکە لەخەباتی سیاسیی نهێنیدا دیموکراسی هیچ واتایەکی بۆ نامێنێتەوە[3]. ئەمە لە کاتێکدا حزبی سیاسی لە بنچینەدا بەرهەمی کۆمەڵگای بۆرژوایی و سەرمایەدارییە نەك خێڵەکی و دەرەبەگی، بۆیە لە رووی زانستییەوە، دروستبوونی حزبی سیاسی لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا، خۆی لە خۆیدا پرسیاری لەسەرە. جگە لەوەش، ئەو عەقڵییەتەی حزبەکان لەسەری دامەزراون کە رزگارکردنی نیشتمان بوو لەدەست داگیرکەران و هەڵگیرساندنی خەباتی چەکداری لەدژی رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق، بوو بوو بە تەقلیدێك. دوای راپەڕینی بەهاری (١٩٩١) و گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەو حزبە سیاسییەکان بۆ ناو شارو

---

[1] - پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٠ بە شێوەیەکی فەرمی مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتووە.

[2] - د. كاظم حبيب، لمحات من نضال حركة التحرر الكردي في كردستان-العراق، الجزء الأول، اربيل، الطبعة الثانية، ٢٠١٠، ص٣١٣

[3] - د. كاظم حبيب، هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

دەستپێکی کاری جەماوەرییان، نەیانتوانی خۆیان لەوعەقڵە تەقلیدییەی جاران بپارێزن. بەهەمان شێوە تا ئێستا لەماوەی زیاتر لە (١٩) ساڵی رابردوو، هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە دوای یەکەمین هەڵبژاردنەوە لە ساڵی ١٩٩٢ لەلایەك لەکاتی دیاریکراوی خۆیاندا ناکرێن، لە لایەکی تریشەوە پڕە لە خەوش و کاری ساختەیی، وەك لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ١٩٩٢ روویدا[١]. بێگومان بۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەکانیش تا ئێستا تەنها یەکجار هەڵبژاردن کراوەو چەندین ساڵە لە وادەی دیاریکراوی خۆی تێپەڕبووە، بەڵام هەر نەکراوە. حزبی دەسەڵاتیش کە (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان) ن، وەك تان و پۆ تێکەڵ بە حکومەت بوونەو حزب بەسەر هەموو دامودەزگاکانی حکومەتدا زاڵە، ئەمە وای کردووە دادگاش بەشێوەیەکی دیار سەربەخۆ نەبێت و بۆئەم مەبەستەش دەکرێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین بە درێژایی ئەو (١٩) ساڵە دادگا نەیتوانیوە لێپێچینەوە لەگەڵ هیچ بەرپرسێکی سەرکردایەتی لە هیچ حزبێکی سیاسیدا بکات، لەکاتێکدا، ئەندامانی سەرکردایەتی و بەرپرسە سەربازییەکانی ئەو دوو حزبەی دەسەڵات (پارتی و یەکێتی) بەردەوام لە پێشێلکردنی مافی ئافرەت بەتایبەتی و مافی مرۆڤ بەگشتیدان، بەڵام جارێك دادگا نەیتوانی کەس لەو بەرپرسە سەربازی و لەو ئەندام سەرکردایەتیانە دادگایی بکات.

حزبە سیاسییەکانی کوردستان بە عەلمانی و ئیسلامییەوە، تا ئێستاش هەر بە پەیڕەوو پرۆگرامی حزبە ستالینییەکان[٢] دەڕۆن بەڕێوە[١] حزبە سیاسییەکانی

---

[١] - بڕوانە: پەیامی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی هەڵبژاردن و ئەنجامەکانی، برووسکەی ژمارە ٦٨٧ لە رۆژی ٢٣/٥/١٩٩٢.بەدران ئەحمەد حەبیب، سەرچاوەی پێشوو، ل٤.

[٢] - دیمانەیەك لەگەڵ عەبدولرەحمان سدیق، ئەندامی دەست لەکارکێشاوەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

کوردستان راهاتوون لەسەرئەوەی لە راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ەوە هەر خۆیان لەدەسەڵاتدا بن، بۆیە کاتێك هێزێکی جیاواز لەوان و وەك ئۆپۆزیسیۆن دروستدەبێت، بەتوندی بەربەرەکانێی دەکەن و دەکەونە هەڕەشەوگوڕەشەکردن لێی، باشترین نموونە لەماوەی هەردوو هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ و پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠١٠/٣/٧ کە لە ماوەی یەك ساڵدا بارەگای راگەیاندنی رۆژنامەو تیڤی بزووتنەوەی گۆڕان، دوو جار لە هەولێری پایتەخت سووتێنراون. ئەمە نیشانەیەکی زەقە بۆ ئەوەی بڵێین تا ئێستا دەستاودەستکردنی دەسەڵات، مانایەکی نییە، چونکە تەنها بۆ پارتی و یەکێیە ودابەشکردنی دەسەڵات لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ١٩٩٢ وەوە تەنها بۆ ئەو دوو حزبەیە و بۆدرێژەدان و لە پێناوی دەسەڵاتدا شەڕێکی بێ ئامانیشیان لەبەرامبەر یەکتری داگیرساند[2]. بێگومان ئەم دەسەڵاتگرتنە ئەگەر بەپێی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانیش بوایە، دەبوو دوای شەش مانگ هەڵبژاردن بکرابایەوە.

هەڵبەت دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت کە سیستەمی تۆتالیتاری یا ئەو حزبانەی پێڕەوی بنەماکانی تۆتالیتاریزمن، پشت بە هێزی ژمارە دەبەستن، بەجۆرێك کە رژێمێکی تۆتالیتاری تا رادەیەکی زۆر ئەستەمە لەو وڵاتانە

---

[1] - مەبەست لە پرۆگرامی حزبە ستالینیەکان، تاکە کەس پەرستی، چڕکردنەوەی یاسا لەدەستی یەك کەس کە سەرکردەی حزبەکەیە، بوارنەدان بە فرەحزبی، تێکەڵاوکردنی حزب و حکومەت...هتد.هەموو ئەمانە لەلای ستالین ببوون بە دیاردە کە لە ساڵی ١٩٢٨ەوە بەرنامەکەی سەری گرت تا مردنی لە ١٩٥٣.بڕوانە: جان ایلینشتاین، ظاهرة ستالین، ترجمة : د.مجید الراضي، دار المدى للثقافة والنشر، بیروت-دمشق، ١٩٩٦، ص ص١١، ٣٤، ٣٧، ٩٥-٩٨،...الخ.

[2]- بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە داگیرساندنی شەڕەکان و لە پێناوی مانەوەیان لە دەسەڵاتدا، بڕوانە:فاتح رەسوڵ، لەپێناوی دەسەڵاتدا، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧، ل ل١٤٥، ١٦٦، ٢٠٩.

خـۆی رابگرێـت کە ژمـارەی دانیشـتوانیان سـنووردارە [1] لێـرەوە دەگەیـنە ئەو خاڵەی هەرێمی کوردستان ژمارەی دانیشتوانەکەی هێندە زۆر نییە[2]، هەردوو حزبـی دەسـەڵاتیش هەمـان ئەو جەمـاوەرەی سـاڵانی ١٩٩٢-١٩٩٣ یـان نەمـاوەو لەشـوێنی ئەمە بزووتنەوەیەکـی دیـکە بە نـاوی گـۆڕان دروسـتبووە کە خـاوەنی (٢٥) کورسـییە لە پەرلەمـانی کوردسـتان، لەکاتێکـدا پـارتی و یەکێتـی بە هەردووکیـان خـاوەنی (٥٩) کورسـین، ئەمە جگە لە حزبەکـانی دیـکەی وەکـوو یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی کە بە هەردووکیـان خاوەنی (١٠) کورسـی پەرلەمـانن[3]، بەڵام ئەگەر بەراوردێکـی خەسـڵەتەکانی حـزبە سیاسـییەکانی کوردسـتان لەگەڵ خەسـڵەتەکانی حزبێکـی تۆتالیتـاری بکرێـت، دەردەکەوێـت، چەنـدین خەسـڵەتی حزبـی تۆتالیتـاری لە حـزبە سیاسـییەکانی کوردسـتان دەستنیشـان بکرێـت، وەك:بـوونی راگەیانـدنێکی زەبەلـلاح بـۆ پڕوپاگەندەکردن بۆ حزبەکەیان، هیتلەرو ستالین خاوەنی هەمـان راگەیاندنێکی

---

[1] - حنه أرندت، اسس التوتاليتارية، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤.لە راستیدا ئارێندت، ئەو کتێبەی لە ساڵی (١٩٤٩) تەواوکردبوو، کە هێشتا ستالین چوارساڵی مابوو، کۆتایی بە ژیانی بێت و، هیتلەریش تەنها چوار ساڵ بوو تووشی ئەو رووخان و هەرەسە بووبووەوە، بۆیە ئارێندت زیاتر کە لەسەر هەردوو ئەزموونی روسیای ستالینی و ئەڵمانیای نازی قسەی کردووە، ئەو دوو دەوڵەتەش گەورە بوون نەك بچووك، دەنا لەو بڕوایەدام ئارێندت لە سەدەی بیست و یەك ئەم کتێبەی بنووسیبایە، نەدیەنووسی تۆتالیتاریزم لەو وڵاتانە خۆی ناگرێت کە ژمارەی دانیشتوانیان سنووردارە.

[2] -لەبەرئەوەی هێشتا سەرژمێری لە کوردستان و عێراقدا نەکراوە، بۆیە نازانرێ رێك ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان چەندە، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا وەك ئەوەی ئارێندت ئاماژەی بۆ کردووە، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، رووسیا، ئەو وڵاتانە ژمارەی دانیشتوانیان زۆر جیاوازترە لە هەرێمی کوردستان.بۆنموونە ئیتالیا ٦٠ ملیۆن کەس و ئەڵمانیا زیاتر لە ٨٢ ملیۆن کەس و روسیاش زیاتر لە ١٤٥ ملیۆن کەس دەبن. د بڕوانە: http://ar.wikipedia.org/wiki هەروەها بڕوانە: http://arabic.rt.com/news_all_news/11907 ئەمەش لەگەڵ کوردستان زۆر جیاوازە

[3] -لیستی کوردستانی (پارتی و یەکێتی) ١,٠٧٦,٣٧٥ دەنگ و بزووتنەوەی گۆڕان ٤٤٥,٠٢٤ دەنگ و لیستی خزمەتگوزاری (یەکگرتوو، کۆمەڵ، زەحمەتکێشان، سۆسیالیست) ٢٤٠,٨٤٢ دەنگیانهێنا.بڕوانە پێگەی:کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان.

بەهێــز بــوون، بەڵام لەســەردەمی لینــین ئەو ڕاگەیانــدنە نەبــوو [1] بێگومــان لەسەردەمی بارزانی نەمر (مەلا مستەفا بارزانی) یش ئەو ڕاگەیاندنە نەبوو. تیــرۆر خــاڵێکی دیــکەیە کە لە وڵاتــانی تۆتالیتــاری تیــرۆرو هەڵمەتــی پڕوپاگەنــدەکردن تونــد بەیەکەوە گرێــدراون و وەك دوو ڕووی دراوێکــن، ئەم تێڕوانینەش تەنها بەشێك لە ڕاستی لەخۆی گرتووە، هەرکاتێکیش تۆتالیتاریزم دەســەڵاتی ڕەهــا پەیــدا بکــات، پڕوپاگەنـدە بە تەڵقینــی بیــرو ڕا دەگـۆڕێتەوە، تونـدوتیژیش زیـاتر بـۆ بەدیهێنـانی بیروبـاوەڕە ئایـدیۆلۆژی و سـەلماندنی درۆ کردەییەکانی بەکاردەهێنێ [2].

[1] - أرندت، اسس التوتاليتارية، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١

[2] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٩

# بەشی حەوتەم

## نوێبوونەوەی حزبی سیاسی

یەکەم: نوێبوونەوە لە ستراتیژدا

دووەم: نوێبوونەوە لە ڕێکخستندا

**نوێبوونەوەی حزبی سیاسی**

ساڵی ١٩٩١ قۆناخێکی نوێ لە ژیانی سیاسی و مەدەنی حزبە سیاسییەکانی کوردستان دروستبوو، چونکە دوای دەیان ساڵ لە خەباتی چەکداری لە چیاکان و پێڕەوکردنی خەباتی نهێنی، کەچی لەناکاو بارودۆخی عێراق بەهۆی شکستە سەربازی و سیاسسیەکەی لە داگیرکردنی کوەیت لە ٢/٨/١٩٩٠ گۆڕا. ئیتر حزبەکان لە بەهاری ١٩٩١ بەعس دەسەڵاتی لە کوردستان زۆر لاواز بوو، حزبەسیاسییەکان بەهاوکاری جەماوەری ناو شارو شارۆچکەو دێهاتەکان لەپڕ گەڕانەوە ناو شارەکان و خەباتی ئاشکرا دەستی پێکرد، بەڵام رەفتاری سەرکردایەتی حزبە سیاسییەکان نەگۆڕابوو، هەمان رەفتاری خەباتی شاخ ( چەکداری ) یان گواستەوە ناو شارەکان و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان درێژبووەوەی حزب و خێڵ و بنەماڵەبوو[١]. ئەم عەقڵیەتە حزبییە کە پێشینەیەکی خێڵەکی هەبووە، لەگەڵ ئەنجامەکانی یەکەمین پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان زەق بووەوە کە دەسەڵات نیوە بە نیوە (فیفتی بە فیفتی) لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان ویەکێتی نیشتمانی کوردستان دابەشکرا، لەکاتێکدا بە دانپێدانی هەموو لایەك هەڵبژاردنەکە پاك

---

[١] - محمد صالح أميدي، الفساد في اقليم كوردستان وأليات المعالجة (گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان و میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی) ، دراسة قانونية وادارية تحليلية لظاهرة الفساد السياسي والمالي والاداري في مؤسسات حكومة أقليم كوردستان، الجزء الأول، الطبعة الأولى، مطبعة شهاب، اربيل، ٢٠١٠، ص٥١

نەبوو[1] بەمشێوەیە پرۆسەی هەڵبژاردن (کە یەك لە ئامرازەکانی دیموکراسییە) کە لە ١٩٩٢ دەستی پێکرد، بە شێوەیەکی ئاسایی نەبوو، چەندین پێشێلکاری تێدا کراو لە هەمان کاتیشدا هەردوو حزب (پارتی و یەکێتی) پابەند نەبوون بە ئەنجامی هەڵبژاردن و یەکێتی قەبوولی نەکرد دان بە (٤٩%) کەی بنێت و پارتیش سووربوونی خۆی نیشان نەدا لەسەر (٥١%) بۆیە گەیشتنە لێکتێگەیشتنێك بۆ دابەشکردنی دەسەڵات بە شێوەی (٥٠ بە ٥٠). ئەمەش دەرئەنجام بووە هۆکاری سەرەکی بۆهەڵگیرساندنەوەی شەڕی ناوەخۆ لە هەرێمی کوردستاندا.حکومەتیش بەهەمان شێوەی هەردوو حزبەکە ببوون بە دوو پارچەوە، چونکە حکومەتەکە لە بنەڕەتدا بەدەست کادیرانی ئەو دوو حزبەوەبوو، نەك خەڵکی بێلایەن و تەکنۆکرات[2]. وێڕای تێپەڕبوونی ٢٠ساڵ بەسەر حوکمڕانێتی دەسەڵاتی کوردی (پارتی و یەکێتی) و تێپەڕبوونی نزیکەی (١٩) ساڵ بەسەر ئەنجامدانی یەکەمین پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هێشتا حزب بەسەر حکومەتدا زاڵە[3]. بێگومان تا ئێستاش هەردوو دەزگای زانیاری و ئاژانسی پاراستن بەدەست هەردوو حزبەوەن (پارتی و یەکێتی) ن[4]. هەڵبژاردنەکانیش وەك هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە ساڵی ٢٠٠١ و هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی

---

[1] - محمد صالح أمیدي، هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە. هەروەها دیمانەی کەریم ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو. هەروەها دیمانەی فەلەکەدین کاکەیی سەرچاوەی پێشوو.

[2] - محمد صالح أمیدي، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧-٦٩

[3] - بڕوانە: هەواڵێکی ویب سایتی چاودێر بەناوی مەلا بەختیار لەکۆبوونەوەیدا لەگەڵ لیستی سەوزی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، رۆژی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە دووشەمە ٢٠١٠/٧/١٤، http://www. cawder. org/index. php

[4] - محمد صالح أمیدي، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧-٦٩

٢٠٠٥ و هەروەهـا لە سـاڵی ٢٠٠٩/٧/٢٥ نمـوونەیەك نەبـوون لە پـاكی[١]، چـونكە بەردەوام رەخنەی جیدی لە پرۆسەی هەڵبژاردنەكان دەگیرێت.

نوێبـوونەوە لە حزبـی سیاسـیدا لەكاتێكـدا دروسـتدەبێت كە كـۆمەڵگە لە كـۆمەڵگەیەكی تەقلیـدییەوە بگـوازرێتەوە بـۆ كـۆمەڵگەیەكی نـوێ، ئەمەش پێیدەگوترێت قۆنـاخی گواسـتنەوە (المرحله الانتقالیه)، نـوێكردنەوەی سیاسیش تـا رادەیەكـی زۆر خـۆی لە تایبەتمەنـدی و جیـاوازی لە سیسـتەمی سیاسـیدا دەنـوێنی، لەهەمـوو بوارەكـانی وەكـوو رۆڵـی سیاسـەت لە وەزیـفەی جیـاواز و دامەزراوە ئایینییەكـان و سـەندیكاو یەكێتییەكـان و گەشەسـەندنی بیروكراسـی لەدامودەزگاكـان بەهـۆی كارمەنـدی پسـپۆرو بەتوانـاوەو. هتـد[٢]. تـا ئەمـڕۆش كۆمەڵگەی كوردی لە قەیرانـی زۆر قووڵدایە، تـا ئەو قەیـرانە زۆرو زەوەنـدانە بەردەوام بـن، حـزبە سیاسـییەكانیش لە قەیرانـی قووڵـدا دەبـن، چـونكە حـزبە سیاسییەكان زادەی كۆمەڵگەی خۆیـانن، كۆمەڵگەی كوردی كۆمەڵگەیەكی مشـەخۆرەو بەرهەمهێن نییە، لە هەمـوو دونیاشـدا شێوەی كۆمەڵگە بەنـدە بە هێزی بەرهەمهێنان[٣]. ئەم هێزە بەرهەمهێنە شێوەی كۆمەڵگە دیاریـدەكات، كە پەیوەنـــدییە كۆمەڵایەتییەكـــانیش لەنێـــوان تاكەكـــان دیاریـــدەكات[٤]. بەڵام كۆمەڵگەی كوردی كۆمەڵگەیەكی نـابەرهەمهێنەو لەنـاو چەنـدین قەیرانـدایە، قەیرانـی كـۆمەڵایەتی، ئـابووری، سیاسـی، كولتـووری، جـگە لە قەیرانـی

---

[١]- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤١-١٤٢

[٢] - د. كمال التابعي، تغريب العالم الثالث (بە رۆژئاواییكردنی جیهانی سێیەم) -دراسة نقدية في علم اجتماع التنمية، القاهرة، توزيع مكتبة النصر، ص٣١

[٣] - د. فؤاد مرسي، أزمة المجتمع هي أزمة المثقفين، مقال في كتاب: بدون مؤلف، التغيرات الاجتماعية-المجتمع والمرأة، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، الأردن، ١٩٩٣، ص٤٩

[٤] - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بێکاری و نەبوونی سیستەمێکی سەردەمیانە بۆ پەروەردە[1]، تەندروستی،.. هتد. گرفتی گەورەتر ئەوەیە، حزبە سیاسییەکانی کوردستانیش نەیانتوانیوە نموونەیەك پەیڕەو بکەن کە لەنێو کۆمەڵگەکەیاندا باو نەبووە، هاوکات هۆکارێکی جیدی و فیعلیش نەبوونە بۆ گواستنەوەی ئەودۆخە ئاڵۆزە بۆ دۆخێکی کراوەتر، باشترین نموونە، زۆربوونی گەندەڵی، نەبوونی دیالۆگی بەردەوام بۆ نوێکردنەوە، نەخستنە رووی کێشەی خەڵك و چارەسەرنەکردنی، دابڕانی سەرکردایەتی لە جەماوەر، ئینتیماکردن بۆ حزبایەتی بە مەبەستی بەرەودان بە بازرگانی و پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتی و زاتییەکان، هێشتا پرەنسیبی دەنگدان پرسیاری جیدی لەسەرە، بۆیە حزبە سیاسیەکان ئەوەندە سەرقاڵی چوونە ناو جەماوەر نین، تەنها لە یەك دوو مانگی پێش هەڵبژاردنەکاندا بانگەشە بۆ خۆیان دەکەن، لەکاتێکدا ئەگەر کۆمەڵگە کۆمەڵگەیەکی عاتیفی نەبێت لەماوەی چوار پێنج ساڵی رابردوودا بەتەواوی لێی دابڕابێت، چۆن بەتەنها لە یەك مانگی هەڵبژاردندا دەتوانن قەناعەت بە خەڵك بهێنن و کاریگەرییان لەسەر دروست بکەن، بوونی ئەم عاتیفەیە هۆکارێکی گرنگە کە حزبەکان ئەوەندە سەرقاڵی وەرگرتنی رای خەڵك و خۆ نوێکردنەوە نەبن [2]. بێگومان ئەمە ئەوەناگەیەنێ کە رێژەی ئەندام و لایەنگرانی حزبەکان کەمی نەکردووە، بەڵکو بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو لەکورتیداوە، باشترین نموونە رێژەی دەنگهێنانی پارتی و یەکێتی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ١٩٩٢ بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی

---

[1] - جێگای سەرنجە ئەم دوو سێ ساڵەی دوایی جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە سیستەمی سویدی لە خوێندنگاکانی هەرێمی کوردستان پەیڕەو بکرێت، لەکاتێکدا کۆمەڵگەی سوید لە هیچ روویەکەوە ناتوانرێ لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردی لێکبچوێنرێ، چونکە دوو کۆمەڵگەی تەواو جیاوازن.

[2] - فوئاد سدیق، حزبە سیاسییەکانی کوردستان و قەیرانی نوێبوونەوە، هەفتەنامەی گوڵان، ساڵی شانزەهەم، ژ ٧٤٩، رێککەوتی ٢٠٠٩/٩/١٤، ل ٤-٥

کوردســـتان لە ٢٠٠٩/٧/٢٥، ڕێـــژەی لەکورتیـــدانەکە بە ڕوونـــی دیـــارەو[1] بـــۆ یەکەمجـاریش لە کوردسـتاندا ئۆپۆزیسـیۆن تـوانی لە هەڵبژاردنـی پەرلەمـانی کوردستان (٢٥) کورسی وەدەست بهێنێ، ئەم پرسە ئاڵۆزو گەورەیە پێویستی بە چارەسـەرێکی ریشـەیی هەیە، چـونکە جـارێکی تـر خەڵـك بـڕوا بەم حـزبە سیاسییانە ناکاتەوە تـا جەمـاوەر بەچاوی خۆی نەبینـێ کە حزبەکـان (حزبـی دەسـەڵات) و سـەرکردەکانیان بەدوای ئیمتیـازات را نـاکەن[2]. تـا ئێسـتا حـزبە سیاسییەکانی کوردستان بەم هەمـوو ئیمکانیـاتە ئـابووری و مـرۆییەی هەیـانە، بزووتنەوەیەکی ڕەخنەیی نوێیان نەك هەر دروست نەکرد، بەڵکو هەنگاوێکیشیان لەو بـارەیەوە نەنـاوە[3] نەبـوونی ئەو بزووتنەوە ڕەخنەییە عەقڵانییە وای لە حزبە سیاسـییەکانی کوردسـتان کـردووە هەمیشـە دەسـتەودامێن بـن بـۆ نـوێکردنەوەی حزبەکانیـان و لەکـاتی بەسـتنی کۆنگرەکانیشـیاندا ئاشـکرا ئەوە دەردەکەوێ کە حـزبە سیاسـییەکان زۆر تەقلیـدین و بڕوایـان بە نـوێکردنەوەی حزبەکەیـان نییـە، دوای کۆنگرە یەکێتی نیشتمانی کەوتە بەر ڕەخنەی توندی کادیران و هەندێك لە بەرپـرس و ئەنـدامانی سـەرکردایەتی خـۆی[4]. هەروەهـا کـۆمەڵی ئیسـلامی

---

[1] -پارتی و یەکێتی لە هەر سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی، دهۆك) ٧٨٣٩٤٩ دەنگیان وەدەستهێنابوو، بەڵام لیستی کوردستانی لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥ بە شارەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش وەکوو موسڵ و بەغداو ئەنبارو...هتد (١,٠٧٦,٣٧٥) دەنگیان هێنا، لیستی گۆڕان (٤٤٥,٠٢٤) دەنگی هێنا، کە نزیکەی نیوەی دەنگی لیستی کوردستانی بوو.بڕوانە:http://www.ihec-iq.com/kr/results-kurdistan.html

[2] - قدري جميل، واقع الحركة السياسية وأفاقها (واقیعی بزووتنەوەی سیاسی و ئاسۆکانی) ، کتبە بتأريخ ٢٠٠٣/١٠/٢، منشورة من موقع الكتروني: الحوار المتمدن www. ahewar. org

[3] - بۆ زیاتر تێگەیشتن لە بزووتنەوەی ڕەخنەیی نوێ، بڕوانە:هشام شرابي، الحركة النقدية الجديدة، مجلة اضافات (المجلة العربية لعلم الاجتماع) ، العدد الأول، شتاء ٢٠٠٨، ص١٧٦-١٩٢
www. caus. org. lb/Home/electronic_magazine. php?emagID=82&screen=2

[4] - بڕوانە:ڕێباز بێرکۆتی، لە کۆنگرەی یەکێتیدا دەزگا عیملاقەکانی دژەتیرۆرو زانیاریی، دژی ئێمە کاریان کرد، گۆڤاری لڤین، ژ١٣١، پێنجشەمە، ٢٠١٠/٧/١، ل ٢٠، هەروەها ل ٢٢-٢٣. تای

کوردستانیش کە لەساڵی ٢٠٠٢ وەوە لەنێو منداڵدانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراقدا هاتۆتە دەرەوە لە کۆنگرەی دووهەمیدا بەهەمان شێوە، پێشەوا شێخ محەمەد بەرزنجی و ئەمیر عەلی باپیر هەروەکوو جاران شەرعییەتی مانەوەی خۆیان نوێکردەوە[1] گرفتی گەورەش ئەوەیە لەلایەك دیموکراسی لەنێوخۆی حزبەکاندا نەبۆتە کارێکی پێویست، لە لایەکیتریشەوە حزبە سیاسییەکان لەسرووشتیاندا دەبن بە ئۆتۆکراتی[2].

---

کۆنگرە هەر گەرمە، دڵشاد ئەنوەر، هاوڵاتی، ژ ٦٣٩، چوارشەمە ٢٠١٠/٦/٢٣. خەتی گشتی تەواو دەستی بەسەرکۆنگرەدا داگرتندیمانەیەك لەگەڵ بورهان سەعید سۆفی، رۆژنامەی ئاوێنە، ژ ٢٢٩، سێشەمە ٢٠١٠/٦/٢٢، لەگەڵ چەندین بابەتی تر لەهەمان ژمارەدا. هەبوونی لیستێك زۆر لە گەورەیی جەنابی مام جەلالی کەمکردەوە، دیمانەیەك لەگەڵ عەبدوڵڵا مام عەلی، ئاوێنە، ژ٢٣٠، سێشەمە ٢٠١٠/٦/٢٩. یەکێتی دوو ئەندامی کۆنگرە دەرئەکات، یەکێتی بادینانی تەسلیمی رکابەرەکانی کرد، سەردار هەرکی، کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی کۆنگرەی پەراوێزخستنی بادینان، هەروەها :نەجات ئەسپیندارەیی، بیرۆسترۆیکای یەکێتی هێلکەیەکی حەرام بوو، هیچی هەڵنەهێنا، هاوڵاتی، ژ ٦٤٠، یەکشەمە ٢٠١٠/٦/٢٧. ئەو ئاراستە ئەنتی-رۆشنبیرییەی لە نێو سەرکردایەتی یەکێتیدا هەبوو، سەرکەوتنی گەورەی وەدەستهێناوە، دیمانەیەك لەگەڵ دانا سەعید سۆفی، رۆژنامە، ژ ٥٨٨، سێشەمە ٢٠١٠/٦/٢٩ و چەندین وتارو دیمانە لە بڵاوکراوەی دیکە کە لەدوای ئەنجامەکانی کۆتایی کۆنگرەی سێی یەکێتی نیشتمانی دەرچوون.

[1]- بڕوانە:رۆژنامەی هاوڵاتی، ژ ٦٤٦، یەکشەمە ٢٠١٠/٧/١٨

[2] - بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە نوێکردنەوەو گەشەپێدان لەسەر حزبی سیاسی، بڕوانة:عبدالقادر عبدالعالي، ألأحزاب السياسية والتنمية السياسية في الجزائر - ورقة مقدمة الى:الملتقى الوطني:التحولات السياسية واشكالية التنمية السياسية:واقع وتحديات، ١٦-١٧ ديسمبر ٢٠٠٨، جامعة الشلف، لە ئینتەرنێت وەرگیراوە، رۆژی ٢٠٠٩/١١/٢٥.

**یەکەم: نوێبوونەوە لە ستراتیژ**

"ستراتیژ بەواتای پلان یان بەرنامە یان ڕێگایەك دێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو لەماوەیەکی دوورو درێژخایەندا، بە پشتبەستن بەو تاکتیك و ئیجرائاتە ئەمنییانەی لەبەکارهێنانی سەرچاوەکاندا لەماوەی کورتخایەندا دەستدەکەون"[1].

"ستراتیژ -strategos- وشەیەکی یۆنانییە بە مانای فەرمانی سەربازی دەهات لە سەردەمی دیموکراسیەتی ئەسینادا کە زیاتر لە دوو هەزارساڵ لەمەوپێش لەسەردەستی هەندێك لە سەربازەکانی چینی و هەندێك لەهزرڤان و سەربازەکانی رۆمان و ئەغریق وعەرەب و ئەوروپاییەکان هەر هەموویان هەندێك چەمك و بنەما بنەڕەتییەکانی شەڕیان تاوتوێدەکرد، بەم هۆیەوە لقی نویَ لە لقە زانستییەکانی مرۆڤایەتی هاتنەئاراوە وەکو (هونەری سەربازی) و (هونەری شەڕ) و. هتد. بەڵام ئەمڕۆ ستراتیژ زۆر لە کایە سیاسی و سەربازی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی گرتۆتەوە، وەکوو ستراتیژی نیشتمانی، ستراتیژی ئابووری، ستراتیژی سەربازی، ستراتیژی کار، ستراتیژی بەبازاڕکردن.... هتد" [2].

"ستراتیژ بە مانایەکی تر زانستەو هونەریشە، پلانی گشتی دیراسەتکراو بەقووڵی و بەگرنگەوە دادەنێت، بەشێوەی یەك لە دوای یەك و ئاوێتەبوو یەکانگیر بۆ بەکارهێنانی هەموو شێوەکانی سامان و هێز بۆ بەدیهێنانی

---

1 - http://ar. wikipedia. org/wiki .

2 - http://ar. wikipedia. org/wiki

ئامـــانجە مەزنەكـــان" [1] بە رای (كـــازم حەبیـــب) یـــش حـــزبە سیاســـییەكانی كوردســـتان لە ســـتراتیژدا، نەیـــانتوانیوە لەگەڵ ئامـــانجە دوورەكـــانی گەل و نەتەوەكەی خۆیانـدا بگـونجێنن، بۆنمـوونە حزبـی هیـوا كە لە ساڵی (١٩٣٧) ەوە دامەزرا، دروشمی (یەكێتی و سەربەخۆیی كوردستان) ی هەڵگرتبوو [2] بەڵام لە تاكتیك ئەو حزبە پێچەوانەی ئەو دروشمە ستراتیژییە بوو كە هەڵیانگرتبوو، چـــونكە حزبـــی هیـــوا تەمەنێكـــی زۆری نەبـــرد، لەباریەكهەڵوەشـــایەوە، لە بنەڕەتیشـدا حزبـی هیـوا نە یەكگرتـوو نە سـەربەخۆ بـوو، چـونكە كۆمەڵێـك بیـرۆكەی نەتەوەیـی و ماركسـی ئەوحزبەیـان پێكهێنـابوو، بێگومـان بـۆ حزبـی رزگـاری و حزبـی شۆڕشیش هەر بەهەمـان شێوە. پـارتی دیمـوكراتی كـورد و دواتــر كە بــوو بە پــارتی دیمــوكراتی كوردســتان دروشــمی ئۆتۆنــۆمی بــۆ كوردســتان و دیموكراســی بــۆ عێــراق ی بەرزكردبــووەوە، یەكێتــی نیشــتمانی كوردستانیش مـافی چارەی خۆنووسین دروشمی سەرەكی و ستراتیژی بـوو، پارتی دیموكراتی كوردستان ئەگەرچی لەسەرەتای دامەزراندنییەوە لەكۆمەڵێك هــزری جیــاواز پێكهــاتبوو، وەك رەوتــی ماركســیزم كە لە حزبــی شــیوعی كوردسـتان (شـۆڕش) پێكهـاتبوو، رەوتـی دیموكراسـی كە لە حزبـی رزگـاری كورد سەرچاوەی گرتبوو، هەروەها رەوتـی عەشایری تەقلیـدی و هەنـدێك لەو كەسایەتیانەی كە كۆمەڵەی (ژێ. ك-ژیـانەوەی كـورد) یـان دامەزرانـدبوو [3]. بەڵام دواتر پارتی دیموكراتی كوردستان لەدوای ئینشیقاقەكەی ١٩٦٤بۆچوونی جیاوازو فیكری جیاواز لەناویدا كەم بووەوە. یەكێتی نیشتمانی كوردستانیش

---

[1] - د. **عبدالوهاب الكيالي، موسوعة السياسة، الجزء الأول، الطبعة الرابعة،** هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٩

[2] - د. كاظم حبيب، الجزء الأول، الطبعة الثانية، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٥

[3] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٢

چ لەکاتی دامەزراندنیدا لە ساڵی ١٩٧٦ چ لە کاتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢دا سووربوونی خۆیان لەسەر مافی بڕیاردانی چارەی خۆنووسین دەکردەوەو باشترین نموونەش لەکاتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی ١٩٩٢ یەکێتی خۆپیشاندانی گەورەیان سازدەکردو بە دروشمی (حوکمی زاتی درۆیە، ئاواتمان سەربەخۆیە) خۆپیشاندانەکەیان جۆشدەدا، پارتیش تا هەڵبژاردنەکە ئەنجامدرا دروشمی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی بەرزکردبووەوە، کەچی دواتر هەردوو حزبەکە هاوهەڵوێست بوون و فیدراڵیزم بۆ کوردستانیان پەسند کرد، لە دوای رووخانی رژێمی بەعسیش هەر فیدراڵیزم دروشمی هەردوو حزب (پارتی و یەکێتیی) بووە، بەڵام ئەوەی دەبینرێ حزبەکان لە تاکتیکیاندا خزمەتی ستراتیژەکەیان ناکەن. لەبەرئەوە حزبە سیاسییەکانی کوردستان پێویستیان بە نوێبوونەوە هەیە کە بتوانن بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ مافی چارەی خۆ نووسین دابڕێژن و خەباتی تاکتیکی و رۆژانەی حزبەکانیش ئاوێنەی ئەو ئامانجە ستراتیژییە بێت کە کێشاویانە، چونکە ئێستا حزبەکان بەهۆی نادیموکراسی و ناشەفافی و بەهەدەربردنی[1] سامانی نیشتمانی لەلایەن هەردوو حزبەوە[2].

---

[1] - بڕوانە:هەردوو دیمانەی عەبدوڵلا مەلا نوری و جەوهەر نامیق، رۆژنامەی رۆژنامە، ژ٥٩١، رۆژی سێشەمە ٢٠١٠/٧/٢٠

[2] - عارف قوربانی، کەمکردنەوەی بودجەی حزب، رۆژنامەی ئاسۆ، ژ ١٢٦٦، سێشەمە ٢٠١٠/٧/٢٠، ل٣

**دووەم: نوێبوونەوە لە ڕێکخستندا**

ڕێکخستن وەك (وایت باك) باسیکردووە[1]، "سیستەمێکە لە شێوەی کۆمەڵە چالاکییەکی مرۆڤایەتی کار لەیەککردووی جیاکاری گونجاوو بەردەوام، ئەو چالاکیانە بەهۆی سیستەمەوە کۆمەڵە دەرامەتێکی مرۆیی و مادی ودارایی وهزری بەکاردەهێنێت کە شێوەیەك کارلەیەککردنیان دەبێت لە پێناوی هێنانەدی ئامانجەکانی ئەو سیستەمەی کە کۆیاندەکاتەوە، هەروەها تێرکردنی ئارەزوو پێداویستییە مرۆییەکانی ئەندامان، ئەو سیستەمە دوور لە کاریگەری ژینگە کار ناکات، بەڵکو کاریتێدەکات وکارکرتێکردنی بەسەر ژینگەو ئەو سیستەمانەی لەدەوروبەریدا هەن دەبێت" [2].

ڕێکخستن دووەم وەزیفەی چالاکی کارگێڕییە، چالاکییەکە تیایدا هەموو ئاستەکانی کارگێڕی پێی هەڵدەستێت و، دیاریکردنی پەیکەری ڕێکخراوەیی دامەزراوەکان دەگرێتەوەو، چالاکییەکان دیاریدەکات و رووی کاری پێویستیان تێدەکات بۆ هێنانەدی ئامانجی دامەزراوەکە، کارو وەزیفەی ڕێکخستن جۆرە یەکبوون و گونجانێك لەنێوان بەڕێوەبەرایەتییەکان و بەشەکانی تایبەت بە چالاکی و کارەکان دروستدەکات بۆ هێنانەدی چەند ئامانجێکی دیاریکراو

---

[1] - بڕوانە : محمد فاتح، حزبی سیاسی و تیۆری ڕێکخستن، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠١٠، ل٥١
[2] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢

"لەژیـانێکی ڕێکخراوەییدا پێویستە پـلان، ڕێکخسـتن، ئاراسـتەکردن، سانسـۆر، توڤیف، لەبەرچاو بگیرێن" [1] "ئـێمە مەبەستمان لە ڕێکخستن، ڕێکخسـتنی حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانە، کە لەماوەی دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ دۆخێکی نـوێ هاتە ئاراوەو ژیـانی ڕێکخسـتنی نهێنـی ئاشکرایی وەرگرت و ژیانی دامەزراوەیی هاتە ئاراوە، بەڵام لەماوەی ئەو (٢٠) ساڵەی ڕابردوودا کە حزبەکـان لە شـاخەوە هـاتوونەتەوە نـاو شـارەکان، میکـانیزمێکی نـوێ، عەقڵیەتێکی نوێ بۆ ژیانی ڕێکخراوەیی سیاسی لەلایەن حزبەکانەوە دروست نەبـووەو هەر بەعەقڵیەتـی کـۆن ڕەفتـاردەکەن" [2]. ڕێکخسـتن لە ژیـانی ئەو حزبـانەیش کە سـەرکردەکانیان وەکـوو کەسێکی کاریزمـایی سـەیردەکەن، سـۆزان سـکارۆ دەنووسـێت لەوجـۆرە حزبـانەدا "ڕێکخسـتن لەسـەر دامەزراوەیەکـی لاواز بونیاد دەنرێ، چونکە لەو کاتەدا سـەرۆکی حزب دەتـوانێ ئاراستەکانی حزب دیاریبکـات، بەڵام ئەمە بـۆ مـاوەیەکی دوور گرفـت دروسـتدەکات وکەسـانی خاوەن بەهـرەو بەتوانا نـاتوانن هـیچ پێشـکەوتنێك وەدیبهێـنن " [3]." لەکۆمەڵگە پێشـکەوتووەکاندا ڕێکخسـتن دیـاردەیەکی شارسـتانی و مەدەنییە کە پێوەنـدە بە فەلسەفەو تێڕوانینی ئەندامان بۆ ژیان و جیهان " [4].

"حزبی سیاسی پێویستی بە وەدیهێنـانی سەرکەوتنە، ئەمەش بە کۆمەڵێك سـیفاتی ئەنـدامان دەبێـت کە ئەنـدامانی خـوێن گەرم و سـەرکردە زیـرەك

---

[1] - لە ویکیبیدیا وەرمگرتووە

[2] - دیمانەی کەریم ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو. هەروەها دیمانەی فەلەکەدین کاکەیی، سەرچاوەی پێشوو.

[3] - سوزان سکارو، تطبيق الديمقراطية داخل الأحزاب، الأحزاب السياسية والديمقراطية من الناحيتين النظرية والعملية، ترجمة:نور ألأسعد، المعهد الديمقراطي الوطني للشؤون الدولية، بيروت، ٢٠٠٦، ص١٦.

[4] - محمد فاتح، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤

ومولتەزیمەکان، بیرۆکەو کاری داهێنەرانە دەکەن لەپێناوی باشتر کردنی وڵات، بەڵام هەمور ئەوسیفاتە باشانە ناتوانن سەرکەوتنی حزب مسۆگەر بکەن ئەگەر حزبەکە رێکخستنێکی باشی نەبێت، چونکە لەباری نەبوونی شەفافییەت ونارِوونی لە ئیجرائات وەرگرتنی پێویست لە بڕیارەکان و هەستپێنەکردنی ئەندامانی حزب بۆ ئەورۆڵەی هەیانە و بۆ بەرپرسیارێتییەکەیان، ئەگەر هاتوو پێوەندییەکان لەناو حزب روون و شەفاف نەبوو، پچڕ پچڕ بوو، ئەو حزبە سەرکەوتنی مسۆگەر نابێت"[1].

بێگومان" چوارچیوەی رێکخستنی حزبی کاتێك دیارو بەرچاودەبێت کە باڵێکی دیاریکراو لە حزبێکدا سوود لە رووە یاساییەکەی وەربگرێ و ئەو باڵە بەهۆی پێشبڕکێوە بەسەر باڵەکانی دیکەی ناو حزبەکە پێشبکەوێت. لێرەدا چوارچێوەی رێکخستن وەك چەکێك بۆ سیاسەتی ناوەخۆی ئەو حزبە بەکاردەهێنرێت. لێرەوە دەبینین وەك کارێکی وەها کە چوارچێوەی رێکخستن تیایدا دەردەکەوێت و کاریگەریی بەسەر کاروباری حزبەوە دەبێت و هەر باڵێك دەیەوێت بەوهۆیەوە کە جێبەجێکردنی چوارچێوەی رێکخستنەکەیە بەسەر باڵە هاوتاکەی کە لە پێشبڕکێدایە لەگەڵی بەسەریدا سەربکەوێت"[2].

هەر بۆیە "حزبی سیاسی کە دەگاتە فەرمانڕەواییکردن پێویستە بڕیاری مافی حزبەکانی دیکە بدات لە داکۆکیکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان، ئەو مەبدەئە رابگەیەنێت و ئاشکرای بکات هەرچەندێك هەڵمەتی توندیش دەستپێبکەن، چونکە دەبێت دان بەوە بنرێت کە نەیارەکانیش لەچوارچێوەی

[1] - المعهد الديمقراطي الوطني، ألأحزاب السياسية والانتقال الى الديمقراطية، دليل للقادة والمنظمين والناشطين حول الأسلوب الديمقراطي لبناء الأحزاب، ٢٠٠٤، ص١٧

[2] - بۆزیاتر زانیاری بڕوانە:د. شيرزاد أحمد النجار، دراسة البعد التنظيمي للحزب وفق منهج جديد- محاولة في تشريح الحزب السياسي-، منشورة في مجلة بيري نوى، العدد٤١، اربيل، ٢٠٠٧، ص٢٣٨.

دیموکراسیدا کاری خۆیان دەکەن"[1]. بەڵام بەگشتی ئەوەی دەبینرێ" ئەوکاتەی چوارچێوەی رێکخستنی ناوەخۆ بۆ حزبەکە کاریگەرەو حزبەکەش لە حوکمڕانیدایە، دەبینین کاردەکات بۆ کەمکردنەوەی ئیمتیازات لە بەرهەڵستکارەکانی، بۆئەوەی هەمیشە حزبی زۆرینە بێت لە دەسەڵاتداو ئا لەوکاتە حزب لە رێگای پرۆسەی سیاسییەوە کارلەسەرئەوە ناکات چاکسازی لەخۆیدا بکات"[2]، بەڵکو کاردەکات بۆ ئەوەی ئۆپۆزیسیۆن کاریگەر نەبێت.

حزبە سیاسییەکان لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو بە تەواوی جیاوازن لەو دیموکراسییەی کە لە رۆژئاوادا هەیە، "توانای گشتیی حزبەکان لەم وڵاتانەدا ئەوەیە کە رێکخراوەکانیان لاوازەو زیاتر پشت بەسەرکردەی تاك دەبەستن، لەگەڵ ئەو پرۆسە نارەسمییەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات کە هەیە، بیروراو بەرنامەیان کەمترەو بنژنەشیان لەناو کۆمەڵگادایە وەك لەهاوتا رۆژئاواییەکان، ئەودەستەواژەیەی کە بەکاردەهێنرێت بۆ کەمکردنەوەی ئەم تایبەتمەندییە ئەوەیە کەبەدەزگاییکردنیان لاوازە "[3].

---

[1] - المعهد الديمقراطي الوطني، المعايير الدنيا لعمل ألأحزاب السياسية الديمقراطي، ترجمة:ناتالي سليمان،، ٢٠٠٨، ص٤

[2] - بڕوانە:د. شيرزاد أحمد النجار، دراسة البعد التنظيمي، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٧.

[3]) - Paperback - 21 Mar 1988) Political Parties in the Third World search ?q=Vicky+Randal، Vicky Randall .

# بەشی هەشتەم

# چالاککردنی کۆمەڵگە و حزبە سیاسییەکان

### یەکەم: سروشتی کۆمەڵگەی کوردی لە چالاککردن

### دووەم: سرووشتی حزبە سیاسییەکان لە چالاککردن

أ- پارتی دیموکراتی کوردستان

ب- یەکێتی نیشتمانی کوردستان

ت- حزبی شیوعی کوردستان/عێراق

ث- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

### سێیەم: ئایندەی دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا

## چالاککردنی کۆمەڵگە و حزبە سیاسییەکان

حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بەرهەمی کۆمەڵگەی کوردەواری هەرێمی کوردستانن، کە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووەو، هێشتا دابەشکردنی کارو پسپۆریی لەو رۆژەوەی ئادەم سمیس تیۆریەکەی دارشت و دواتر زانایانی زیندەوەرزانی (بایۆلۆژیا) و کۆمەڵناسی لێی دواون [1] کەچی لەناو حزبەکانی هەرێمی کوردستان و لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستانیشدا ئاڵۆزی و تێکەڵییەکی زۆر هەیە.

دابەشکردنی کار کە مەرجی پسپۆری و شارەزایی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دەگەیەنێت[2]، بۆیە بەتەنها "تایبەت نییە بە جیهانی ئابووری، بەڵکو هەموو کایەکانی ژیان، وەك ئەرکە سیاسییەکان، کارگێڕی، دادوەرییەکان، ئەرکە هونەری و زانستییەکان، هەموویان لەجاران زیاتر بەرەو باری پسپۆری رۆیشتوون، جاران فەلسەفە زانستی تاقانە بوو، بەڵام ئەمڕۆ لە جیهاندا فەلسەفەش بە کۆمەڵێك بواری تایبەت دابەش بووە"[3]، بەجۆرێك "هەر یەکێکیان بابەت و رەوش و شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، هەر نیو سەدە تا

---

[1] - أميل دوركهايم، في تقسيم العمل الاجتماعي (دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی) ، ترجمة من الفرنسية الى العربية، حافظ الجمالي، اللجنة اللبنانية لترجمة الروائع، بيروت، ١٩٨٢، ص٥١

[2] - لە ساڵی (١٨٩٣ز) دۆرکایم کتێبی دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی چاپ و بڵاوکردۆتەوە، بەڵام تا ئێستا کورد بەپێی پێویست سوودی لێوەرنەگرتووە.

[3] - أميل دوركهايم، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢.

نیو سەدەی دیکە، ئەوکەسانەی لە کاری زانستیدا بە پێگەیەك گەیشتوون، زیاتر لە جاران بەلای پسپۆریدا هەنگاویان ناوەو بواری پسپۆرییەکەیان وردتر بووە"[١].

تا ئێستاش کۆمەڵگەی کوردی لەجیاتی ئەوەی بەرەو پسپۆری و کاری زانستی هەنگاو بنێ، کەچی زیاتر لەناو کۆمەڵگەدا پەندی پێشینان و ئیدیۆم و شتی لەم بابەتە برەویان هەیە[٢]، لەکاتێکدا" لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان، تەنها لە قۆناخی یەکەمی مێژویی خۆیاندا لەو بارەیەوە بە پیت و بەرەکەت بوون، دواتر نەك هەر چیدیکە ئیدیۆمی نوێیان دانەهێنا، بەڵکو ئەوئیدیۆمانەیش کە هەیانبوو وردە وردە لەناوچوون و ماناو گوزارشتکردنەکە تایبەتییەکەیان لەدەست دا، کە کەس هەستی پێ ناکات، چونکە ئەوە بەتەواوی سەلمێنراوە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان ناوەندی بەرهەمهێنانی ئەو ئیدیۆمانەن، ئەوەیشە ئەمڕۆ ناتوانرێ پارێزگاری لەو پەندو ئیدیۆمانە بکرێ تەنها لەکۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا نەبێت"[٣].

حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان تا ئێستا پرسیارێکی جیدییان لەسەر ئەو هەموو قەیران و ئاستەنگە قووڵانەی کۆمەڵگە پێوەی دەناڵێنێ دروست نەکردووە، (هەر لە قەیرانی کۆمەڵایەتی تا سیاسی و ئابووری و رۆشنبیری گرتۆتەوە) لەکاتێکدا رۆژانەو بەردەوام لە خەمی بەرژەوەندی تایبەتییەکانی خۆیاندان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەوحزبە سیاسییانەی هەرێمی کوردستان ناتوانن رۆڵی گونجاو ببینن لە ئەکتیڤکردنی کۆمەڵگە [٤].

---

[١] - هەمان سەرچاوەی پێشوو.
[٢] - کتێبخانەی کوردی لەو بارەیەوە زۆر دەوڵەمەندە.
[٣] - أمیل دورکهایم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٧-١٩٨
[٤] - نابێت ئاماژە بەوە نەکەین هەندێ هەوڵی باش لێرەو لەوێ هەن کە بە ئاراستەی پێشکەوتنی کۆمەڵگەو ئەکتیڤکردنی کۆمەڵگە هەنگاودەنێن، بەڵام ئەو هەوڵانە زیاتر لەسەر ئاستی تاکە

"حزبه سیاسییەکانی کوردستان پێویستیان بە خۆنوێکردنەوە هەیە، نوێکردنەوە لە هەموو بوارەکانی ڕێکخراوەیی، فیکری، سەرکردایەتی، چونکە یەکێك لە لایەنە خراپەکانی وەرگرتنی دەسەڵات بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و یاریکردنە بە یاساکان بۆ مەبەستی تایبەتی، ئەمەش دەبێتە بنەمای نەمانی متمانە بەو حزبەی لە دەسەڵاتدایە، ئەمە باری ئەو حزبە کوردیانەیە کە دەسەڵاتیان وەرگرتووەو بەدەست گرفتی بێ متمانەیی دەناڵێنن، ئەم گرفتەش هۆکاری بابەتی و کەسی هەیە، سەرباری ئەو دەستکەوتانەی حکومەت بەدەستی هێنابوون، بەڵام لەراستیدا نەتوانرا دەنگدەران بە بەرنامەکەی قانع بکرێن، زۆربەی سەرکردە حزبییەکان سەرکۆنەی ئەم هەڵەیە ناکەن بەڵکو بەرگریشی لێدەکەن، بۆیە نوێکردنەوەی حزب واتە نوێکردنەوەی کادیرەکانیش ئەمەش واتا کادیرە کۆنەکان گونجاو نین یان جێگەی متمانە نین بۆ دەستپێکی تازە، ئەمە بناخەی ئەو گفتوگۆیە جیدیە دروستدەکات کە لە ناوەوە دەکرێت هەتا ئەو کاتەی کۆنگرە دەبەسترێت، ئەوکاتە ئەوە ئەرکی کۆنگرەیەو ئەرکێکی ترسناکیشە کە ئەو سەرکردانە دەستنیشان بکات کە جێگەی متمانەن، بۆ ئەوەی دەست بە سیاسەتێك بکەن کە دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی و بەرەو پێشەوەچوون لەخۆی بگرێت" [1].

سەبارەت بە کوردستان د. شێرزاد نەجار دەڵێت " ئەوەی لە کوردستاندا بەدی دەکرێت، بەدیکردنێکی رۆژهەڵاتیانەیەو پێچەوانەی رۆژئاوایە، چونکە

---

کەسییەو خودی حزبەکان بەم کارە هەڵنەستاون، بۆنموونە کردنەوەی زانکۆی کوردستان لەلایەن نێچیرڤان بارزانی یەوەو هەروەها دانانی بەرنامەیەك بۆ پەرەپێدانی مرۆیی لە کوردستاندا لەوکاتەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو کە لە وتاری نەورۆزی ساڵی ٢٠٠٨ بەرجەستەی کردبوو.

[1] د. شێرزاد نەجار، نوێکردنەوەی حزبی سیاسی لە بنکەوە-ئایا حزبە سیاسییە کوردییەکان لە خۆنوێکردنەوە شکستیان هێناوە؟-گۆڤاری گوڵان، ساڵی (١٦) ، ژمارە (٧٥٢) ، تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٩، ل٧

هەروەکو (ئەبتەر) و (سامۆئیل هنتگتن) جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە حزبە سیاسییەکان لە بنەڕەتدا ئامرازێکن بۆ نوێبوونەوە، لە ڕۆژئاوا کاتێك حزبە سیاسییەکان دامەزرێنراون و گەشەیان پێ دراوە، حزب نەبۆتە ئامرازی ئاستەنگ دروستکردن بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە، بەڵکو حزب بووە بە ئامرازێکی یارمەتیدەر بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە، ئەمەش واتا نەك هەر پێشکەوتنی پیشەسازی یان ئابووری، بەڵکو بووەتە ئامرازێك بۆ پێشکەوتنی فیکری و کۆمەڵایەتی، ئەمەش بووەتە بنەمایەك بۆ پێشکەوتن بەرەو دیموکراسی چوون، ئەمە ڕۆڵی حزبە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا بوو، بۆیە کە دەسەڵاتیشیان وەردەگرت بۆ هەمان ئامانج هەوڵیان دەدا، ئەم ڕۆڵەش بەتایبەتی دوای کۆتاییهاتنی شەڕی دووەمی جیهانی زۆر ڕاشکاوانە کەوتە بەرچاو، بۆ دەوڵەتانی دواکەوتووش هەردوو پرۆفیسۆر (ئەبتەر) و (هنتگتن) لەو بڕوایەدابوون کە حزبە سیاسییەکانی ئەو دەوڵەتە دواکەوتوانەش دەتوانن هەمان ڕۆڵی حزبە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە ببینن، لەبەرئەوەی حزبە سیاسییەکان تەنها دامەزراوەن کە لەسەر بنەمای ڕۆژئاوایی بونیاد نراون، واتا پەیکەری حزبە سیاسییەکانی وڵاتانی دواکەوتووش لەسەر هەمان بنەمای ئەوحزبە سیاسییانە دامەزراون کە لە ڕۆژئاوا بوونیان هەبووە، هاوشانی حزبە سیاسییەکان دامەزراوەی پەروەردەو بازرگانی و سووپاش ڕۆڵ لە پێشکەوتنی گۆمەڵگە دەبینن، (ئەبتەر) و (هنتگتن) پێیان وابوو لەو دەوڵەتانەش حزبە سیاسییەکان دەتوانن ڕۆڵی کاریگەر لە پێشکەوتنی کۆمەڵگە بگێڕن، بەڵام حزبە سیاسییەکانی ئەودەوڵەتە دواکەوتوانە سەرکەوتوونەبوون"[1]. وا دیارە هۆکاری سەرنەکەوتنی ئەو حزبە سیاسیانەش بۆ

---

[1] - د. شێرزاد نەجار، دیمانەیەك لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، ژمارە (٧٥٩) ، ساڵی (١٦) ، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٩، ل١٣-١٤

ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەسەر بنەمای هەمان ئەو بیروبۆچوونانە دانەمەزراون، کە حزبە سیاسییەکانی رۆژئاوا لەسەری دامەزراون، لەرۆژئاوا دامەزراندنی حزبی سیاسی لەسەر بنەمای شەخسی نەبووە، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی خێزان و خێڵ و عەشیرەت و دەرەبەگایەتی نەبووە، بەڵکو "لە رۆژئاوا حزبە سیاسییەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و فیکرو ئایدیۆلۆژیا هەروەها لەسەر بنەمای پێشکەوتنی کۆمەڵگا دامەزراون، بەڵام لە وڵاتانی دواکەوتوو ئەو هۆکارانە رۆڵیان هەبووە، بەڵام رۆڵێکی زۆر لاوازیان هەبووەو نەیانتوانیوە گۆڕانکاری لە پەیکەری کۆمەڵگەی کلاسیکیدا دوستبکەن، کەواتا حزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی نەیانتوانی ئەودیوارە بڕووخێنن کە ئەقڵییەتی کلاسیکی لە کۆمەڵگەدا دروستیکردووە، کون و کەلەبەریان لەو دیوارە دروستکردووە بەڵام نەیانتوانیوە بیڕووخێنن، ئەمەش واتا حزبە سیاسییەکان نەیانتوانی ببنە ئامرازێك بۆ نوێکردنەوەی کۆمەڵگا، ئەمەش هۆکاری ئەوەیە هەندێك حزبی کەم نەبێت، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گشتی دانەمەزراون، لێرەوە دەگەینە ئەوخاڵەی کە چەمکی حزبی سیاسی لە ئەوروپاو وڵاتانی پێشکەوتوو هەمان چەمکی حزبە سیاسییەکانی وڵاتانی دواکەوتوو نییە، بۆیە ئێستا ئەرکی زانایانی سیاسییە کە چەمکێکی دیکە بدۆزنەوە بۆ ئەوەی گوزارشت لە حزبە سیاسییەکانی وڵاتانی دواکەوتوو بکات"[1].

---

[1]- هـ. س. پ. ل١٤

## یەکەم: سروشتی کۆمەڵگەی کوردی لە چالاککردن

کۆمەڵگەی کوردی بە سروشت کۆمەڵگەیەك بووە تا ئێستاش لە قۆناخی دەرەبەگی-کشتوکاڵی تێپەڕی نەکردووە، تەنانەت بە پێی پێویست نەیتوانیوە سوود لەو قۆناخە کشتوکاڵییەش وەربگرێت، بۆیە لە ئەنجامدا کۆمەڵگەیەکی نا بەرهەمهێنی لێدەرچووە، بەهۆی کێشە نەتەوەیی و سیاسییەکانیشیەوە هەمیشە ڕێگە لە پێشکەوتنی گیراوەو تۆوی ناکۆکی لەنێو کورددا هەمیشە بوونی هەبووە، "هەر لە رووخاندنی میرنشینە یەك لە دوای یەکەکان تا دەگاتە سەردەمی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق کە بەهیچ جۆرێك نەیاندەهێشت کورد لە ژیانێکی ئارام و پێشکەوتوودا بژی، تەنانەت رژێم لە دوای رژێم گوشاری چەوساندنەوەو قەتل و عامکردنی خەڵك زیاتر دەبوو، کە دوا رژێم رژێمی بەعس بوو هەموو جۆرە چەك و پیلانێکی بەرامبەر بە کورد بەکاردەهێنا بۆ زیاتر سەرکوتکردن و تەنانەت لەناوبردنیشی، کە هەموو ئەمانە جگە لە بڵاوبوونەوەی ناکۆکی و دوژمنایەتی لەناو کۆمەڵگەی کوردی، کێشەی زۆر قووڵی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی بەسەر کۆمەڵگەی

کوردیدا دروست کردبوو بە شێوەیەك تا ئێستاش شوێنەواری ئەو کێشانە بە جەستەی کۆمەڵگەی کوردییەوە هەر ماوە.

ئەمانە بەشێکی گرنگ بوون لەوهۆکارە جیدییانەی کە ڕێگەیان لە گەشەکردنی ئاسایی کۆمەڵگەی کوردی گرت. گۆڕان و گەشەکردنەکان بە ڕێگە سروشتی و مێژووییەکانی خۆیاندا نەچوون"[1]و "گەشەکردنە کۆمەلآیەتییەکان، سەردەرهێنانی چینە کۆمەلآیەتییەکان نائاسایی و دوور لە یاسا مێژووییەکانی پەرەسەندن و گەشەکردن دەجوولان، ئەمە هۆکاری گرنگ بوون بۆ ئەوەی چینەکانی بۆرژواو سەرمایەداری و هەروەها چینی کرێکارو جوتیارانیش گەشەی سرووشتیان نەدەکرد تەنانەت لەوەش زیاتر بە گشتی خرابوونە خزمەتکردنی دەسەلآت و دەستکەوتەکانی داگیرکەرانەوە"[2]. لەلایەکی تریشەوە "رووخساری کۆمەڵگەی کوردی بە سیستەمی پاتریارکی خێڵەکی و موتوربەکراو بە هەندێك لە پرەنسیپەکانی ئایین و مەزهەبی زاڵ و پیرۆوکراو رەنگرێژکرابوو، بێگومان ئەمانەش پێگەی دەرەبەگێتی زیاتر توندوتۆڵ و باڵادەست دەکرد، هەر بەو پێیەش چین و توێژەکان جۆراوجۆرەکانی وەك کرێکاران و جوتیاران چەوساوەترو هەژارترو نەخوێندەوارتر دەبوون.

خێڵ و سیستەمی خێڵایەتی و رۆڵی سەرەك خێڵ و باوکسالاری بەتێکهەڵکێش لەگەڵ جووتبوونی بەرژەوەندییەکانی خێڵ و دەرەبەگایەتی زیاتر سیستەمی دەرەبەگایەتی بەهێزتر دەبوو بەتایبەت دوای ئەوەی رژێمە داگیرکەرەکان زەوی و زاریان بەسەر سەرۆکی خێڵەکاندا دابەشدەکرد، ئیتر ئەمان دەبوونە خاوەن موڵکی زۆرو دەبوونە چینی باڵادەست، باقی چین و

---

[1] - مەحمود مەلا عززەت، جەمهوریەتی کوردستان-لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسییە، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ وپەخشی دەزگای سەردەم (١٢٤) ، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٣٥.

[2] -هـ. س. س. هـ. ل.

توێژەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگا دەخرانە پەراوێزی کۆمەڵگەوە"[1]. هەموو ئەمانە کاریگەری نەرێنی و دژواری لەسەر کۆمەڵگەی کوردی دروست کردبوو، بەڵام لەدوای ساڵی ١٩٧٥ و شکستپێهێنانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی لە کوردستانی عێراقدا، حکومەتی عێراق بەرنامەی دوورو نزیکی بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگای کوردی گرتەبەر، قۆناخی یەکەمی زۆربەی ئەو کەسانەی لەنێو بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانیدا رۆڵی کاراو بەرپرسانەیان هەبوو دووریخستنەوە بۆ باشووری عێراق، ئینجا بەرنامەی تەختکردنی گوندەکانی کوردستان و گردکردنەوەیان لە نێو ئۆردووگا زۆرەملێکان و دروستکردنی هێزێکی زەبەللاحی جاشایەتی، هەموو ئەمانە لەلایەك بۆ کوژاندنەوەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بوو لەلایەکی دیکەیشەوە بۆ نەهێشتنی کولتوورو سیما نەتەوەییەکانی کوردی بوو. کە راپەرینی بەهاری ١٩٩١ یش کرا، حزبە کوردستانییەکان لەجیاتی تیمارکردن و سارێژکردنی ئەوهەموو برینە قووڵانە بن کە بە سیماو جەستەی کۆمەڵگەی کوردییەوە بوو، ئەوان بە پێچەوانەوە خەریکی دابەشکردنی دەسەڵات و هەوڵدان بۆ زیاتر فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆیان بوون، بەمەش لە ئەنجامدا شەڕی ناوەخۆی لێکەوتەوەو، کۆمەڵگەی کوردی زیاتر لەباریەك بردو زیاتر شێواندی. ئەمانە هۆکاری جیدی بوون کە کۆمەڵگەی کوردی تا ئێستاش کۆمەڵگەیەکی نا بەرهەمهێنە، چونکە" بارودۆخی سروشتی کاریگەری لە ئاراستەی چالاکی مرۆیی هەیە، کاریگەری لە چالاکی و پێشخستنی هێزی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی کاری کۆمەڵگەیی هەیە"[2].

---

[1] - هـ. س. س. ل٣٦.

[2] - فؤاد خليل، المجتمع، النظام، البنية في موضوع علم الاجتماع واشكاليته (کۆمەڵگا، سیستەم، بوند لە بابەتی کۆمەڵناسی و گرفتەکانی) ، دارالفارابي-بيروت-، الطبعة الأولى ٢٠٠٨، ص٤٦.

## دووەم:سرووشتی حزبە سیاسییەکان لە چالاککردن

حـزبە سیاسـییەکانی هەرێمـی کوردسـتان دەرهاویشـتەی کـۆمەڵگەیەکی خێڵەکـی و تەقلیـدین، لەمـاوەی ئەو بیسـت سـاڵەی رابردووشـدا بەهـۆی دەستگرتن بەسـەر ئیمتیازاتەکـان و چڕکـردنەوەی بەرژەوەنـدییە تایبەتییەکـان و هەوڵدان بۆ زۆرکردنی جەماوەرەکەیان لە رێگای خەڵکانێکی خێڵەکی، هەمـوو ئەمـانە کۆمەڵگاکەیـان زیـاتر تەمـبەڵ کـردووە، بۆنمـوونە بـڕینەوەی مـووچە و ئیمتیـازات بـۆ دیوەخانـانە، پێدانی مـووچەیەکی زۆر بە خەڵکـانێکی زۆر بـێ ئەوەی لە دەزگاکە بـوونی هەبێت بـۆ خزمەتکردنـی هاووڵاتیـان[1]، ئەمەوایکرد حزبەکـان وردە وردە لە خەڵـك دوورە پەرێزتـربن و رێـژەی جەماوەریبوونەکەیـان

---

[1] - هەر بۆ نموونە: تا ئێستا (٩٦٠) کەس بە پلەی وەزیرو بە مووچەی (٥,٥٠٠,٠٠٠) دینار لە حکومەتی هەرێم خانەنشین کراون.

دابەزێ[١]. بێگومان لە ئەوروپاشدا یەكێك لە كاردانەوە سەرەكیەكان بەرامبەر دوورەپەرێـزی لە كۆمەڵگـا لە ڕووی بـێ كـاریەوە كە لەلایەن دەوڵەتـی چاودێریی كۆمەڵایەتیەوە كراوە، بریتی بووە لە كەمكردنەوەی قەبارەی هێزی كاری چالاك لەڕێگەی بۆ نموونە زوو خانەنشینكردن یان بڕینەوەی مووچەی كارنەكردن. لە زۆربەی وڵاتاندا ئەنجامی هاوبەش بریتی بووە لەوەی چەندین گروپـی گەورەی هاووڵاتیـان تووشـی دووریپەرێزیەكـی هەمیشـەیی بـوونە لە بازاڕی كاردا[٢]. "ئەو سیاسەتە بووە بە بابەتی ڕەخنەگرتنی نیوٚ لیبراڵەكان (neo-liberals) و دیمـوكراتە نیـوٚ سۆسـیالەكان. بەر لە هەمـوو شـتێك، كێشەیەك هەیە ئەویش بریتیە لە دابینكردنی هێزی كار لە داهاتوودا. ئەگەر خەڵكێكی زۆر بە بەردەوامی دووخرانەوە بە جۆرەها هۆكاری كۆمەڵایەتی و مۆراڵیەوە سەبارەت بە نەگونجانیان، ئەوا هێزی كار تەسك دەبێتەوە، نموونەش بریتیە لەوەی بە گشتی ڕێژەی لە دایكبوون لە وڵاتە پیشەسازیەكاندا كەمە. ڕاسـتیە دیموٚگرافیەكـان لە دژی مـوٚدێلی چـاودێریی كـۆمەڵایەتیی ترەدیسیوٚنیدان. دووەم، بریتیە لە كێشەی پارە. چەندین گروپی گەورەی خەڵك ئەوانەی لەسەر چاودێریی كۆمەڵایەتی دەژیـن لە ڕووی ئـابووریەوە بەژداری لە پێشـكەوتنی كۆمەڵگـادا نـاكەن. بە بۆچـوون و لێكـدانەوەی ئابووریـانە ئەو كەسانە بوونەتە "بارگرانی".

---

[١] - بۆ ئەم دابەزیبوونەوە جەماوەرییەی حزبەكان هەر كاتێك بەراوردێكی ئەنجامی هەڵبژاردنی (١٩٩٢) مان كرد، لەگەڵ ئەنجامی هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥ ئەو راستییەمان بۆ دەردەكەوێت. پێشتر بە وردی باسمكردووە.

[2]- Mikael Holmqvist ,The Disableing State of An Active Society ,Welfare and Society Studies in Welfare Policy, Practice and Theory , Stockholm, 2009, p15

لەو بـارودۆخەی پێشـبڕکێ بەهێـزە جیهـانیەی هەیە، پێویسـتە وڵاتـان بە بەردەوامـی ڕێـژەی خەرجکردنیـان کەم بـکەنەوە بـۆ ئەوەی بتـوانن پێشـبڕکێ بـکەن. سـێیەم، ئەو دابەشـکردنەی دەوڵەتـی چـاودێری کـۆمەڵایەتی لەسـەر دانیشـتوانان دەیکات بۆ "کـارکەران" و "کـارنەکەران" بـووەتە هـۆی نائـارامی و ئەنجـــامی نـــیگەرانکەر لە ڕووی ئەخلاقـــیەوە. لە کۆتاییـــدا، لە ڕووبەڕووبـوونەوەی پێشـبڕکێی جیهانیـدا، پێویسـتە خـاوەن کارەکـانی کەرتـی تایبەت و گشتی زیاتر کراوە بن و کاری پڕۆژەیی بکەن، ئەمەش لەڕێگەی پەیڕەوکردنـــی ئەو شـــێوازانەی بەڕێـــوەبردن کە هاوتـــایە لەگەڵ توانـــای خۆبەڕێـوەبردن، ئەمەش دەبێـتە هـۆی دروسـتبوونی هەڵوێسـتێکی چـالاك و فکرەی پڕۆژەیی لە ناو کارمەندەکانی ئێستایان و ئەوانەی داهاتوویان.

بە گشـتی ڕەخنەگرانـی دەوڵەتـی چـاودێری کـۆمەڵایەتی پێیـان وایە پێویسـتە پێشـوازی لە گروپی نوێ بکرێت بۆ نـاو بـازاڕی کـار، بەمەش دان دەنرێـت بە داواکـاریی بەژداربـوون و کـار پەیـداکردن و چـالاکی، هەروەهـا پێیـانوایە پێویسـتە جەخـت بکـرێتەوە لەسـەر باشـیی فێربـوون و کـارکردن و گـۆڕان"[١]. ئەمە لە ئەوروپـا ئەم گرفتـانە مـاون، بەڵام هەمیشـە ئیـرادەی باشـترکردن لەوێ هەیە، کەچـی حـزبە سیاسـییەکانی هەرێمـی کوردسـتان، هەموو دەستکەوتەکان جا بەشەرعی بێت یان بە ناشەرعی لە کادیرەکانیان چڕ دەکەنەوە، خەڵکـانێکی تەکنـۆکرات بە پێـی پێویسـت سـوودی لێوەرناگیرێـت و زۆرجـاریش فەرامـۆش کـراون، ئەو هەمـوو خەڵـکەی لە دوای دامەزرانـدنی حکـومەت و پەرلەمـانی هەرێمـی کوردسـتان، هەر هەموویـان نەخوێنـدەوار نەبـوون، راسـتە ئـێمە ئامـارێکی وردمـان لەو بـارەیەوە نیـیە، بەڵام ئەوە روونە

---

[١] - هەمان سەرچاوەی سەرەوە.

خەڵکانێکی زۆریش خاوەن بڕوانامەی باش بوون، تەنانەت بە دەیان مامۆستای زانکۆ لەنێو ئەو خەڵکانە بوونئرووییان لە هەندەران کردو پشتیان لە حکومەتی ساوای هەرێمی کوردستان کرد، لە کاتێکدا، هەردوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان دەبوو نەهێڵن ئەو گرو تینەی خەڵك بە گشتی سارد بکەنەوە کە بۆ پێکەوەنانی حکومەت و پەرلەمان نیشانیاندا، باشترین نموونەش رۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بوو، کە بە رێژەیەکی یەکجار بەرز، خەڵك بەشداری تێدا کرد.

## أ- پارتی دیموکراتی کوردستان

پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ یەکەمین جار بەناوی پارتی دیموکراتی کورد لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦لە ماڵی (سەعید فەهمی) بە نوێنەرایەتی (٣٢) ئەندام (مندوب) ی کۆنگرە دامەزرا[١]، کە کورتکراوەکەی بوو بە (پارتی) [٢].

پارتی دیموکراتی کورد دوای هەڵوەشاندنەوەی هەردوو حزب، حزبی (شۆڕش[٣]) وحزبی (رزگاری[٤]) و بە بڕیارو راسپاردەی مستەفا بارزانی کە نوێنەرەکەی ئەوکاتی هەمزە عەبدوڵلابوو دامەزرا[٥]. واتا ئەو نوێنەرانەی کۆنگرە کە (٣٢) کەس بوون، زۆربەیان پێشتر لە حزبی رزگاری و حزبی شۆڕش ی هەڵوەشاوەدا بوون. دروستکردنی ئەم حزبە هەنگاوێکی جیدی و کاریگەر بوو بۆ چوونە پێشەوەی ژیان و خەباتی سیاسی گەلی کوردستان، بەتایبەت کە نوێنەرو ئەندامانی یەکەمین کۆنگرەی ئەوحزبە لەهەموو شوێنەکانی کوردستانی عێراقەوە بوون و، لاساییکرنەوەیەکی دروستکردنی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو کە لە حزبی (ژیانی کوردستان) بوو بوو بە ( حزبی دیموکراتی کوردستان)، هەروەها ئەنجامی ئەو رووداوە

---

[١] - د. شێرکۆ فتح الله عمر، الحزب الديمقراطي الكوردستاني وحركة التحرر القومي الكوردية في العراق (١٩٤٦-١٩٧٥) (پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە عێراق) ، سليمانية، الطبعة الأولى، ٢٠٠٤، ص١١٠.

[٢] -صلاح الخرسان، التيارات السياسية في كردستان العراق (رەوتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق) ، مؤسسة البلاغ، بيروت، ٢٠٠١، ص٥٣.

[٣] -حزبی شۆڕش لە بنەڕەتدا کورتکراوەی حزبی شیوعی لە کوردستانی عێراق (شۆڕش) ە، رۆژنامەی ئەو حزبەش هەر بەناوی (شۆڕش) بوو، زیاتر لە کەسانی مارکسی و چەپ پێکهاتبوون. بڕوانە:د. عبدالستار طاهر شريف، م. ن. ص١٥٨-١٥٩.

[٤] - م. ن. ص١٦٢-١٦٣.

[٥] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٠.

سیاسییانەی ئەوکاتیش بوو، بەتایبەت لەلایەك جوولانەوەیەكی چەكداری لە ساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٥ هەبوو، بەتایبەت جوولانەوەی چەكداری كە بە قۆناخی سێهەم ناودەبردرێ و لە ١٩٤٥/٨/٨ ەوە دەستپێدەكات دیدێكی جۆرێك لە نەتەوەییانەی لەخۆگرتبوو، ئەگەرچی تەنها توانیبوویان (٢٢) رۆژ بەرگری بكەن و دواتر ناچار پەڕینەوە بۆ ئێران[١]، بەهۆی ئەم جوولانەوەش بوو بەرلەوەی پارتی دیموكراتی كوردستان دابمەزرێ، هەر چوار ئەفسەرەكە، عیززەت عەبدولعەزیزو، مستەفا خۆشناوو، خەیروڵلا عەبدولكەریم ونمحەمەد قودسی لەلایەن كاربەدەستانی عێراقەوە گیران[٢]و دواتر لە ١٩٤٧/٦/١٩ لە سێدارە دران. لە لایەكی تریشەوە دامەزراندنی كۆماری مەهاباد[٣] ڕووداوێكی دیكەی سیاسی كاریگەر بوو بوو.

بەدامەزراندنی پارتی دیموكراتی كورد، لقی حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران كە لە سلێمانی بوو ئەو لقەش هەڵوەشێنرایەوەو ئەویش چووە ناو پارتی دیموكراتی كورد، بەو هۆیەی كە حزبی دیموكراتی كوردستان خەبات بۆ رزگاری كوردستانی ئێران دەكات و هیچ پێویست ناكات لقی لە شاری سلێمانی هەبێت. سەرەتا ئیبراهیم ئەحمەد كە بەرپرسی ئەو لقەی سلێمانی بوو، نارازی بوو بە هەڵوەشاندنەوەو چوونە ریزی پارتی دیموكراتی كورد، بەڵام دوایی قازی محەمەد رەزامەندی پیشان داو كارەكە جێبەجێكرا[٤]. بەم شێوەیە ( پارتی ) هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە (٣) سێ رەوتی فیكری و

---

[١] - دكتۆر عەزیز شەمزینی، جوولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی كوردستان، وەرگێڕانی:فەرید ئەسەسەرد، سلێمانی، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجیی كوردستان، چاپی چوارەم، ٢٠٠٦، ل٢٩٠-٢٩٣.

[٢] - هەمان سەرچاوەی پێشوو،، ل٣١٦.

[٣] - د. عبدالستار طاهر شريف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١١.

[٤] - سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٣.

سیاسی جیاوازی گرتەخۆ کە بەم شێوەیە بوون: **یەکەم** ڕەوتێکی عەشائیری، ئەو ڕەوتە زیاتر سەر بە مەلامستەفا بارزانی یەوە بوون، **دووەم**، ڕەوتێکی چەپی مارکسی، ئەو ڕەوتە پێشتر لەناو حزبی شۆڕش بوون، **سێیەم**یشیان ڕەوتی ڕۆشنبیرە ناسیۆنالیستەکان بوو، کە ئیبراهیم ئەحمەد لە سەرووی هەموویانەوە بوو[١]، کە لە حوزەیرانی ١٩٤٧ هاتبووە ریزی (پارتی)[٢].

کۆنگرەی دووەمی پارتی لە خانووی (علی حمدی) لە گەڕەکی (الأعظمیە) لە بەغدا ڕێکەوتی ١٣-١٤/٣/١٩٥١ بەسترا، لەم کۆنگرەیەدا بۆ یەکەمجار ململانێ لەنێوان دوو باڵی بەرامبەر بە یەك دروستبوو، کە باڵێکیان بە سەرۆکایەتی (حەمزە عەبدوڵلا بوو، باڵەکەی تریش بە سەرکردایەتی پارێزەر (ئیبراهیم ئەحمەد) بوو[٣]. هەر لەو کۆنگرەیەشدا ناوی پارتی دیموکراتی کورد، گۆڕدرا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان[٤]. لە کۆنگرەی سێیەمی پارتی (٢٦/١/١٩٥٣)[٥]، چەندین ڕێکخراوی کوردستانیشیان دامەزراند لەسەرووی هەموویانەوە، -یەکێتی قوتابیانی کوردستان[٦]. پارتی دیموکراتی کوردستان دوای شۆڕشی ١٤ ی تەمووزو لە ساڵی ١٩٦٠ مۆڵەتی فەرمی وەرگت و بە شێوەیەکی ئاشکرایی دەستی بە کاری سیاسی خۆی کرد تا هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ کە جارێکی تر کەوتەوە ناو خەباتی

---

[١] - صلاح الخرسان، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.
[٢] - هەمان سەرچاوەی پێشوو.
[٣] - صلاح الخرسان، سەرچاوەی پێشوو، ص٥٧.
[٤] - هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.
[٥] - عبدالستار طاهر الشریف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٨) و حبیب محمد کریم، تأریخ الحزب الدیمقراطي الکوردستاني- العراق (في محطات رئیسیة) ١٩٤٦-١٩٩٣، دهوك، ١٩٩٨، ص٤٩ جەخت لەوە دەکەنەوە گوایاگۆڕینی ناوی پارتی دیموکراتی کورد-عێراق بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق لە کۆنگرەی سێیەم بووە.
[٦] - عبدالستار طاهر شریف، م. ن. ص٢٥٩.

نهێنی. پارتی دیموکراتی کوردستان ئەزموونی حوکمڕانی نەبوو، (جگە لە ئەزموونی ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤ بەهۆی رێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠وە)، دوای ئەم مێژووە جارێکی تر کەوتەوە خەباتی چەکدارانەو تا راپەڕینە میللییەکەی بەهاری ١٩٩١ ئەزموونێکی زۆر کەمی لە حوکمڕانی و بەڕێوەبردندا هەبووە. راپەڕینە سەرتاسەرییەکەی کوردستان بە شێوەیەکی خێرا حزبە سیاسییەکانی کوردستانی لە خەباتی شاخەوە گواستەوە بۆ حوکمڕانی ناو شارەکان، بەتایبەت کاتێك حکومەتی بەغدا هەموو دامودەزگا کارگێڕییەکانی خۆی لە ساڵی ١٩٩٢لە هەرێمی کوردستان گواستەوەو تا ماوەیەك بۆشاییەکی بەرچاوی کارگێڕی لەهەرێمی کوردستان هەبوو. سەرەڕای چەندین جۆر گەمارۆی ئابووری و سیاسی و مرۆیی و.. سیاسەتی برسیکردنی خستەسەر ئەو ناوچەیەی هەرێمی کوردستان[1]، مووچەی زیاتر لە (١٥٠٠٠٠) سەدوپەنجا هەزار فەرمانبەری راگرت[2].

سەرکردایەتی و ئەندام و کادیرانی پارتی دیموکراتی کردستان، لەدوای ساڵی ١٩٧٩ وە هەمیشە باس لەوە دەکات کە لەسەر رێبازی مستەفا بارزانی درێژە بە خەباتی خۆیان دەدەن[3]، بەڵام دوای ساڵی ١٩٩١ تا ئەمڕۆش کە پارتی کەوتە نێو ئەو هەموو ئیمتیازاتانەوە، دەتوانرێ بگوترێ ئەم دەستەواژەیەی کە دەڵێن پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر رێبازی بارزانی نەمرە، زیاتر لە دەستەواژەیەکی رووت دەچێت و خەڵك ئەوەندە متمانەی بەم

---

١ -مراد خۆشەڤی حسۆ، گۆڕانکارییەکانی کوردستانی عێراق و پەیوەندییەکانی تورکیاو عێراق ١٩٩٠-٢٠٠٥، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٧٠-٧١.

٢ -ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا، راپەڕینی ئاداری (١٩٩١) لە باشووری کوردستان-لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٩، ل٤٤٠.

٣ - أنظر: حبیب محمد کریم، تأریخ الحزب الدیمقراطي الکوردستاني، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٩-٢٢٠.

دەستەواژەیە نەماوە، چونکە پارتی خۆی خزاندۆتە ناو هەموو کایەکانی ژیان و قۆرخکردن و ئیحتیکارکردنی هەموو بوارەکانی ئابووری و تەنانەت ئیداری و سیاسیش[1].

لەدوای راپەڕین پارتی دیموکراتی کوردستان چالاککردنی خەڵکی کوردستانی لە چەکدارکردنی خەڵك و جۆشدانی خەڵکدا دەبینییەوە، بەرامبەر بە نەیارەکانی خۆی ئەوکات زیاتر یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، بەتایبەت لەساڵانی ١٩٩٤ تا ٢٠٠٣، ئەوەندەی خەرجی بۆ چەك و مەیدانەکانی شەڕو تەنانەت بۆ دیوەخانانە خەرجکراوە لەو ماوەیەدا، شتێکی ئەوتۆ بۆ برەودان بە گەشەسەندنی رۆشنبیری و دیموکراسی، خەرج نەکراوە[2]، تا ساڵی ٢٠٠٣ ناوەندە روناکبیری و رۆشنبیرییەکان تینووی خەڵکیان نەدەشکاند، دوای ساڵی ٢٠٠٣ ش یەکێك لە لایەنە خراپەکانی وەرگرتنی دەسەڵات، بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و یاریکردن بە یاساکان بوو بۆ مەبەستی تایبەتی، ئەمەش دەبێتە بنەمای نەمانی متمانە بۆ ئەو حزبەی کە لە دەسەڵاتدایە، ئەمە بەگشتی باری ئەو حزبە کوردییانەیە کە لەدەسەڵاتدان و بەدەست گرفتی بێ متمانەیی دەناڵێنن[3].

گرفتی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەیە، ئەوەندەی سەرقاڵی چارەسەرکردنی گرفتەکانی رۆژانەیە، کە خۆی بەشێکی لە دروستبوونی کێشەکان، ئەوەندە گرنگی بە خۆنوێکردنەوەی خۆی نادات، ئەوەندە ئامادە نییە زمانێکی هاوبەش بۆ دیالۆگ لەگەڵ رۆشنبیرانی نیشتمانەکەی

---

[1] - دیمانەی فەلەکەدین کاکەیی، سەرچاوەی پێشوو.

[2] -دیمانەی تۆژەر لەگەڵ کەریم ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو.

[3] -د. شێرزاد نەجار، نوێکردنەوەی حزبی سیاسی لە بنکەوە-ئایا پارتە سیاسییە کوردییەکان لە خۆنوێکردنەوە شکستیان هێناوە؟-، گۆڤاری گوڵان، ژ٧٥٢، ٢٠٠٩/١٠/١٢، ل٧.

بـدۆزێتەوە، بەڵکـو لە دوای بەهـاری ١٩٩١ەوە پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان زیاتر لە هەموو حزبە سیاسییەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان کەوتۆتە بەر رەخنەو تەنـانەت کەوتـۆتە بەر هێرشـی رۆشـنبیران لەسـەر رووپەڕی رۆژنـامە کوردییەکـــانی کە لە هەرێمـــی کوردســـتان دەردەچـــن، بەتـــایبەت هەردوو رۆژنـامەی ئـاوێنەو هـاولاتی و گۆڤـاری لڤـین، ئەمەش لەوەوە سـەرچاوەی گرتـووە، رۆشـنبیران نەك هەرتەنهـا سـەرنجی خۆیـان دەردەبـڕن، بەڵکـو رەخـنەو پێشنیاریشیان هەیە، ئەم رەخنـانە بەپێی پێویست لەلایەن پارتی هەزم نـاکرێن، چونکە هەندێکجار پارتی گومانی لە رەخنەکان دروستدەکات، ئەمە وایکردووە رۆشنبیران ببنە مایەی رەخنە بۆ پارتی ونەبوونی زمانی دیـالۆگیش لە نێوان هەردوولادا، ئەوەندەی تر کێشەکانی خەست کردۆتەوە. کۆنگرەی ١٣ی پارتی کە دەبـوو درووشـمەکانی خـۆی جێبەجێبکـردایە کە (نوێبـوونە، دادپەروەری، پێکەوەژیـان) بـوو، کەچـی راسـتەوخۆ لەدوای کـۆنگرەوە پـارتی رووبەڕووی گەورەترین قەیران بووەوە لەگەڵ رۆشنبیران[١].

بێگومـــان جیـــاوازی لە بەرژەوەنـــدییەکان هۆکـــاری هەرە ســـەرەکی و جیـدییە، کە هەڕەشـە لە پێکەوەژیـان و تەبـایی دەکـات، بەڵام بـۆئەوەی ئەو هەڕەشانە خەفە بکرێن و نەبنە مایەی لەبـارچوونی پێکەوەیـی و هەوڵ بـۆ چارەسـەرکردنیان بـدرێت، بـۆئەوەی تەبـایی بپارێزرێـت، پێویسـتە هەمـوو بەرژەوەنـدییەکان بەتەواوی گـرووپ و حـزب و کۆمەڵەکـانەوە لەبەرچـاو بگیـرێن، تـا بتـوانرێ سـەرچاوەی ئیرادەکـان ببێـتە سـەرچاوەی ئیـرادەی لێکجیـانەکراوەی نەتەوەیەك، پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، هێشـتا ئەو هێزەی تێدایە کە بتوانرێ ئیرادەکان یەکبخا، بەڵام بە پێی پێویست نییە،

[١] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، رۆژنامەی ئاوێنە، ژ٢٥٦، رۆژی ٤/١/١٠١١.

لەبەر ئەمەیشە ئیرادەی یەکگرتوو سستەو زۆر جاریش غائیبە، بەردەوام لە ئامادەباشـــیدا نیـــیەو زوو بە زوویـــی درزی تێـــدەکەوێت[١]. ئەمەش لەوەوە سـەرچاوەی گرتـووە پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان بە پێی ئەو ئەزمـوونەی ١٩ سـاڵ زیـاترە حـوکمڕانی کوردسـتان دەکەن، ئامانجیـان ئەوەیە هەرخۆیـان دەسـەڵاتیان بەدەسـتەوە بێـت و چەنـد حزبێکی بچووکیش هەبن بۆ راستکردنەوەی پارسەنگی سیاسی، واتا تەنها پارتی و یەکێتی سەرچاوەی بڕیار وەرگرتن بن، ئەمەش رۆڵی حزبەکانی دیکەی کوردستان بێ بایەخ دەکات[٢]. پارتی ئەگەرچی هێزی ژمارە یەکە لە هەرێمی کوردستان و بە گەورەترین حزبی کوردستانی دادەنرێت[٣]، بەڵام هێشـــتا نەگەیشـــتووەتە ئەو بـــڕوایەی کە پێویســـتی بە گرنگیـــدان بـــۆ پتەوکردنی کولتووری دیموکراسی و کولتووری سیاسی هەیە، چونکە "ئەم دوو جۆرە کولتوورە لەلایەك رۆڵێکی یەکلاکەرەوە پێکدەهێنن لە پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا"[٤]، لەلایەکی تریشەوە دەسەڵاتەکە کە دەسەڵاتێکی

---

[١] -پێویستە رۆڵی نێچیرڤان بارزانی لەو بارەیەوە بەهەند وەربگیرێ کە هەمیشە هۆکاری سەرەکی بووە بۆ لێکنەترازانی ئەو ئیرادەیەو بە یەکگرتوویی مانەوەی ئیرادەکە.هەر بۆ نموونەدوای تەواوبوونی پڕۆسەی هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥ بارەگای بزووتنەوەی گۆڕان و یەکگرتوو کۆمەڵ کرانە نیشانە لەلایەن جەماوەری پارتییەوە، بەڵام کاك نێچیرڤان هەر زوو سەردانی بارەگاکانی کردن و داوای لێبوردنی لێکردن...هتد.

[٢] -بۆچی پارتە سیاسییەکانی کوردستان لە پڕۆسەی خۆنوێکردنەوەدا سەرکەوتوو نابن؟، گۆڤاری گولان، ژ٧٥٢، رۆژی ١٠/١٢، ٢٠٠٩، ل١٢.

[٣] - بەپێی ئەو کورسیانەی لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان، ساڵی ١٩٩٢، هەروەها ٢٠١٠/٣/٧ بۆ پەرلەمانی بەغدا وەدەستیهێناوە.

[٤] - لاري دايموند، مصادر الديمقراطية، ثقافة المجموع ام دور النخبة، ترجمة: سمية فلو عبود، الطبعة العربية، دار الساقي، ط١، ١٩٩٤، ص١٠. بڕوانە بەکر سدیق، چەمك و پرنسیپەکانی دیموکراسی، سلێمانی، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهوشیاری، ٢٠٠٣، ل٣٨.

ديموكراسى دەبێت، لەبنەڕەتدا سەرچاوەكەی گەل دەبێت و هەر لە لایەن گەلیشەوە دەكەوێتە ژێر چاودێرییەكی توندەوە.

یەكێك لە گرفتە بنچینەییەكانی سیستەمی دیموكراسی ترسە لە دیكتاتۆرییەتی زۆرینەو لەدەستدانی مافەكانی كەمینەو هەڕەشەیە لە ئازادیی ئەو كەمینەیەی كە بە راو بڕیارەكانی زۆرینە رازی نییە، بیرمەندی فەرەنسی ئەلیكسیس دی تۆكڤیل[1] (١٨٠٥-١٨٥٩) یەكەمین كەسە كە پەنجەی بۆ دیكتاتۆرییەتی زۆرینە راكێشاوە، ئەمەش لە كتێبە گرنگەكەیدا (دیموكراسی لە ئەمەریكادا) كە بەشی یەكەمی لە ساڵی ١٨٣٥ و بەشی دووەمی لە ساڵی ١٨٤٠ز دا دەرچووە. تۆكڤیل وایدەبینێ كە یەكێك لە گرنگترین گرفتەكانی كۆمەڵی دیموكراتی كە هەڕەشەیەكی ترسناكە بۆسەر ئازادی، مۆركی دیكتاتۆری و ستەمكارانەی زۆرینەو رای گشتییە كەلەسەر ئازادیی تاك و هەروەها لەسەر مافەكانی تایەفەو كۆمەڵەو كەمینە بچووكەكان لە كۆمەڵدا رەنگدەداتەوە[2]. تۆكڤیل پێیوایە"گەورەترین خراپە لە دەزگا دیموكراتییەكانی ئێستای وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكادا لە لاوازی ئەو دەزگایانەوە پەیدا نابێ، بەڵكو لە پێداگرتن لە بەهێزییانەوە پەیدا دەبێت، من لە زیادەڕەویكردن لە ئازادی

---

[1] [illegible]

(دیموكراسی لە [illegible] انە: http://en. wikipedia. org/wiki/Alexis_de_Tocqueville

[2] - د. امام عبدالفتاح امام، دیموكراسی دیدێكی فەلسەفی، وەرگێڕانی:حەسەن یاسین، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٨٠

که لەم وڵاتەدا هەیە، هەراسان نابم بەقەد ئەوەی لە نەبوونی گەرەنتیی پێویست دژی دیکتاتۆرییەت هەراسانم"[1].

پارتی دیموکراتی کوردستان زادەو بەرهەمی کۆمەڵگای کوردییە ئەو کۆمەڵگایەی کە هێشتا لەقۆناخی خێڵەکی و کشتوکاڵی تێنەپەڕیوەو هێشتا تەنانەت نەیتوانیوە قەوارەیەکی سیاسیش بۆ خۆی مسۆگەر بکات، سەرەڕای ئەم هەموو قوربانیدانەی داویەتی[2]. دەرنەچوونی پارتی لە چوارچیوەی بەهاکانی کۆمەڵگا وایکردووە پارتی سەرەڕای ئەوەی کە گەورەترین حزبی سیاسییە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام تا ئێستا گرفتی پارتی ئەوەیە نەیتوانیوە بە بەردەوامی گەشە بە چالاکییەکانی خۆی لە چەندین ناوچەکانی کوردستان (وەك:سلێمانی وکەرکوك و گەرمیان) بدات، وەك چۆن لە دهۆك تا رادەیەك لە هەولێریش داویەتی.[3] ئەمەش ئەم راستییەمان بۆ دووپات دەکاتەوە، لەو شوێنانەی خێڵ تیایدا بەهێزە، پارتی دیموکراتی کوردستانیش لەوێ بەهێزە، ناو پارێزگاکانی شار تەنانەت پارێزگای

---

[1] -D. D. Raphael. Problems of Political Philosophy. macmillian and co. ltd London. 1970- P. 14

[2] -راستە کورد لە باشووری کوردستان شۆڕشی ئەیلولی لە ١٩٦١/٩/١١ هەڵگیرساندووە، بەڵام مستەفا بارزانی لە ناوەڕاستی چلەکان بە توندی رووبەڕووی حکومەتی بەغدا بووەوەو خەباتی چەکداری لەدژی دەستپێکردووە، بەر لەو مێژووەش لە ناوچەکانی بارزان رووبەڕووبوونەوەی سەخت هەبووە، بێگومان رۆڵی گرنگی شێخ ئەحمەدی بارزان) یش لەسالآنی دەیەکان و بیستەکانی سەدەی بیستەم، کە هەمیشە لە هەوڵی مافی نەتەوەییدا بوو، بۆیە دەکرێ مێژووی خەباتی کورد لەگەڵ گرتنی شێخ عەبدولسەلام بارزانی دەستپێبکەین کە ئێستا زیاتر لە یەك سەدەیە، بۆ زیاتر زانیاری، بڕوانە: ( د. واحد عومەر محێدین، دانووستانەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردو حکومەتەکانی عێراق (١٩٢١-١٩٦٨) -لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە-، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٦١-٦٢. هەروەها بڕوانە:ئەحمەد محەمەد ناسر باوەڕ، دۆزی کورد لە پەیوەندییەکانی عێراق-ئێراندا (١٩٣٧-١٩٤٧) ، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمامی، ٢٠١٠، ل١٥٣-١٦٨.

[3] - دوا هەڵبژاردنی بۆ پەرلەمانی عێراق لە ٢٠١٠/٧/٣ راستی ئەم بۆچوونەی سەرەوە پشتڕاستدەکاتەوە. بڕوانە پێگەی فەرمی کۆمیسیۆنی بالآی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان.

هەولێریش ئەم بەهێزییەی نییە وەك لە ناوچەکانی بەڕانەتی و دەوروبەری هەولێر هەیەتی[1]، ئەم ڕاستییە درووستکراوێکی هەنووکەیی نییە، بەڵکو دەیان ساڵە، ئەوانەی لێکۆڵینەوە لەسەر کۆمەڵگای کوردی دەکەن، وتوویانە"ئەو ناوچەیەی پێی دەوتری بادینان لە ڕووی ئابوورییەوە پاشکەوتووەو هۆزەکان لەوێدا زاڵن، بەڵام لە سۆراندا کە شارستانیترو پێشکەوتووترە لە هەردوو لایەنی فێربوون و ئابووریدا، ئەمە وایکردووە ڕۆڵی هۆزەکان لەوێدا پەراوێز بێت و، شێوەزاری کوردی سۆرانیش ببێتە زمانی فەرمی لە عێراق و شوێنی خۆی پتەوتر بکات بەو سیفەتەی زمانی ئەدەبەو هۆیەکە بۆ فێربوون، ئەمە لە کاتێکدا کرمانجی ڕووبەڕووی فەرامۆشکردن بووەوە، زمانی خوێندن لە قوتابخانەکانی بادیناندا یان عەرەبییە یانیش ئەوەتا سۆرانییە، نەك کرمانجی"[2] هەڵبژاردنەکانی ٢٥/٧/٢٠٠٩ ئەوەی سەلماند کە نەك هەر پارتی بەڵکو بەکێتی نیشتمانیش جەماوەری ناو شارەکانی لەدەست داوەو قۆناخێکی نوێ لە ژیانی سیاسی کوردستان دەستپێیکرد.

ئەمەش ئەوە بە پارتی نیشاندا، کە پێویستدەکات ئیتر کرانەوەیەك لەگەڵ چینی ناوەند بکاتەوەو دیالۆگی بەردەوامی لەگەڵ ئەو چینە هەبێت و بە هێمنیش گوێ لە سەرنج و ڕەخنەکانیان بگرێت و هەوڵی ئەوەش بدات،

---

[1] -ڕێژەی دەنگی کاندیدەکانی پارتی بۆ پەرلەمانی عێراق لە ٢٠١٠/٣/٧ ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە کاندیدەکانی دەوروبەر زۆر زیاتریان هێنابوو لە کاندیدەکانی ناوشاری هەولێر. لە سلێمانیش بە هەمان شێوە بوو.هەر بۆ نموونە بەرزترین ڕێژەی دەنگهێنانی پاڵێوراوەکانی پارتی لە دەوروبەری هەولێر گەیشتبوە (٤٥,٣٨٥) دەنگ و دووەمینیشیان (٤٤,٦٦٠) دەنگ بوو، کەچی پاڵێوراوەکانی ناو شاری هەولێر بەرزترین ڕێژەی دەنگ هێنانیان (٣٧,٠٨٤) دەنگ بوو، دووەمینیشیان (٣٦,٠٨٠) دەنگ، لەکۆی گشتی پاڵێوراوەکانی پارتی بۆ دەوروبەری هەولێر (١٨٣,٨٧١) دەنگیان وەدەستهێناوە، بەڵام کۆی پاڵێوراوەکانی ناوشار تەنها (١٢٢,٩٠٤) دەنگیانهێناوە. بۆزیاتر زانیاری لەو بارەیەوە بڕوانە: http://www.ihec-iq.com/ftpar/arbel.pdf

[2] -مارتن ڤان برونسن، الاكراد وبناء ألأمة (کوردو بونیادنانی نەتەوە) ، ترجمة:فالح عبدالجبار، معهد الدراسات الأستراتيجية، فرات للنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠٠٦، ص٣٨-٣٩.

بەدواداچوون بۆ رەخنەو گلەییەکانیان بکات. پارتی و یەکێتی هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدانە، ئابووری وڵاتەکە بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، پێیانوایە بەهۆی کۆنترۆڵکردنی ئابوورییەکە دەتوانن دەسەڵاتی سیاسی وڵاتەکەش کۆنترۆڵ بکەن[1]، بەڵام ئەمە سیاسەتێکی نەزۆکانەیە.خاڵی گرنگ ئەوەیە پارتی لە کۆنگرەی سێزدەیدا، پەیڕەو و پرۆگرامێکی نوێی پەسند کرد کە لەگەڵ قۆناخی ئێستای کوردستان گونجاوبوونتەوەك نوێبوونەوە، پێکەوە ژیان، دادپەروەری، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، تا ئێستا هیچ کام لەمانە لەسەر ئاستی حزب، حکومەت، تەنانەت کۆمەڵگەش هەنگاوی بۆ نەنراوە.

---

[1] -دیمانەی جۆن بێرگ لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، ساڵی شانزەهەم، ژ٧٥٢، رۆژی ٢٠٠٩/١٠/١٢، ل٢٠.

## ب- یەکێتی نیشتمانی کوردستان

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە هەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە ١٩٧٥/٥/٢٢ یەکەمین بەیاننامەی بە بۆنەی دامەزراندنییەوە لە شام و لە ١٩٧٦/٦/١ز لە ئەوروپا بڵاوکرایەوە، [١] ئەو بەیاننامەیە لە رادیۆی دیمەشقەوە خوێنرایەوە. یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە کۆکردنەوەی هەر سێ (٣) رێکخراوی سیاسی (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان کە لە ١٩٧٠/٦/١٠ وە دامەزرابوو، بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان کە لە ١٩٧٦/٨/٨ دامەزرا، باڵی خەتی گشتی[٢]). شکستی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٥ کە بووە کۆتاییپێهاتنی شۆڕشی ئەیلوول، هاوکات بوو لەگەڵ سەرکەوتنەکانی کۆمۆنیزم لە وڵاتانی ڤێتنام و کەمبۆدیاو لاوس و ئەنگۆلاو مۆزەمبیق و..

---

[١] - نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، چ٢، ١٩٩٧، ل٧١. بەڵام تا ئێستاش رۆژی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی لەلایەن خودی دامەزرێنەرانەوە گفتوگۆی زۆری لەسەرە، بۆزیاتر زانیاری بڕوانە: د. مكرم طالباني، مراحل تطور الحركة القومية الكردية (قۆناخەکانی پێشکەوتنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردی) ، المجلد الأول، السليمانية، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، ٢٠٠٩، ص٤١٥. هەروەها بڕوانە:برایم جەلال، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢-١٠٣.

[٢] -بڕوانە:مسعود عبدالخالق، مەوسوعەی جودی بۆ چەمك و زاراوەکانی سەردەم، بەشی یەکەم، هەولێر، نووسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو راگەیاندن، ٢٠٠٨، ل٥٩٥.

هتـد[١]. ئەمە هۆکـارێکی بنچینەیـی بـوو کە یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان لەلایەك وەك ڕێکخراوێکی مارکسیستی خۆی نیشانبدات، لە لایەکی تریشـەوە بەتونــدی دژایەتیکردنــی پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان رابگەیەنێــت[٢]. کۆکردنەوەی ڕێکخراوی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کە دواتر بەکۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان دەناسرا، خۆی بە ڕێکخراوێکی مارکسی لینینی بەڵام لایەنگیـری مـاوی دەناسـاند و بزووتنەوەی سۆشیالیسـتیش وەك بە نـاوەکەیەوە دیـارە، ڕێکخراوێکـی چەپـی مارکسیسـتی بـوون، بـۆیە بـۆ یەکێتـی ئەوەنـدە سەخت نەبوو تا وەك ڕێکخراوێکی ئایدیۆلۆژی مارکسی خۆی ناوزەد بکات، چـونکە سـەرکردایەتی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان دوورو نزیـك بـڕوای بە زاراوەی دیموکراسـی نەبـوو، بەڵکـو بڕوایـان وابـوو" دیموکراسـی دەربڕینێکـی بـۆرژوازی و نـاوەرۆکێکی بۆرژوازییـانەیە، کەواتـا نـاوێکی نـا پێشـڕەوانەو ناسۆسیالیسـتانەیە لەکاتێکـدا ئەو پـارتییەی گەلەکەمـان بـۆ ڕزگـاربوونی پێویستێتی، پارتییەکی پێشڕەوو سۆسیالیستی زانستییە[٣]". گۆشکردنی ئەندام و لایەنگرانـی خۆی بە بیـری مارکسیسـتی بە رادەیەك بـوو، ئەوان خۆیـان بە میراتگـرەوەی مارکسـیزم دەزانـی و حزبـی شـیوعی عێراقیـان بە لادەر لەقەڵەم دەدا.

لەلایەکـی تریشــەوە دروسـتبوونی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان وەك لە کۆبــوونەوەیەکی فراوانیانـدا ئەم بڕگەیەیـان بـۆ زیـاد کـرد "دامەزرانـدنەوەی

---

١ - مسعود عبدالخالق سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩٦.

٢ بڕوانە نامیلکەی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆچی) ، کە لە کۆتایی (١٩٧٥) لەلایەن خودی مام جەلال نووسراوە، تەنها لە لاپەڕە (٣-١١) هەروەها (ل٣٩-٤٥) واتا لەو نامیلکەیەدا تەنها (١٥) لاپەڕە بۆ هۆکارو بنەماو ئاراستەی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان تەرخانکراوە، کەچی لە (ل١٢-٣٨) واتا (٢٧) لاپەڕە هەمووی هێرشکرنە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردایەتییەکەیەتی. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆچی.. ؟، وەرگێڕانی: ئارام، مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان-بەشی ڕووناکبیری، سلێمانی، چ ٤، ٢٠٠٠.

٣ -یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆچی.. ؟، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان، وەڵامدانەوەی بڕیاری وازهێنان لە شۆڕشی کوردە، بۆیە داوا لە هەموو خەباتگێڕانی گەلەکەمان دەکەین، پشتیوانی لەم ڕێکخراوە نوێیە بکەن و درێژە بە خەباتیان بدەن لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد[1]"، ئەم وتەیە لەو کۆبوونەوەیەی رۆژی ١٩٧٥/٥/٢٧ لە ئەڵمانیا و بە ئامادەبوونی (٢٠) کەسایەتی و کادیر خرایە نێو ئەو بەیاننامەیەی کە رۆژی ١/٦/ ١٩٧٥ لە ئەورووپا بڵاوکرایەوە[2]و کرا بە رۆژی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.لەکاتێکدا مەسعود بارزانی دەربارەی کۆتاییپێهاتنی شۆڕشی ئەیلول لەبەم شێوەیەی خوارەوە باس لە هەڵوێستی مەلا مستەفا بارزانی دەکات (ئەم بارودۆخە رێبازێکی تری بەسەردا سەپاند و ئەوەبوو بڕیارێکی دەرکرد پێچەوانەی ئەوەی پێشتر دەرفەتی دابوو. ئەم بڕیارەشی بە هەموان راگەیاند"ئەو بۆخۆی هیچ لارییەکی لە بەردەوامی خەباتی چەکداریدا نییە، ئەگەر کەسێك هەبێتخۆی بە شایەنی ئەوە بزانێت بەرپرسیارەتیی سەرکردایەتیکردنی ئەو بزووتنەوەیە لە ئەستۆ بگرێ. بەڵام ئەم بۆ خۆی ناتوانێ بەرپرسیارەتیی بڕیاری بەردەوامیی بەربەرەکانێ بەسەرکردایەتیی خۆی لە ئەستۆ بگرێ مادەم ئەم تەمەنە بەساڵدا چووەی و ئەم باری تەندروستییەی وەك جاری جاران رێگەی سەرکردایەتیی بە کردەوەی پێنادەن. بەڵام ناشڕوا بۆ دەرەوەو گەلی کورد بەجێ بهێڵێ کە بەرەو ڕووی لەناوچوون ببێتەوە، یا لەژێر حوکمی ئەم بارودۆخە تازە هاتووە کایەیەدا بەرەو

---

[1] - سەروەر عەبدولرەحمان عومەر، یەکێتی نیشتمانی کوردستان-دامەزراندن و دستپێکردنەوەی شۆڕش ١٩٧٥-١٩٧٦، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٧٥

[2] - هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

لەناوچوونی ببات. کەسیش نەهاتە پێشەوە بەرپرسیارەتیی لەئەستۆ بگرێ[1]".

کەچی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە یەکەمین بڵاوکراوەی خۆیدا (یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆچی.. ؟) دەیان جار باس لە هەرەسهێنانی سەرکردایەتی خێڵەکی دەکات، تا دەڵێت"پاش ئەو مەینەتە نیشتمانییەی بەسەرگەلی کورددا هات کە شۆڕشەکەی لەسەردەستی سەرکردەکانی ئەم پارتییەدا هاویشتە ناو هەڵدێری هەرەسهێنان و شکانەوە[2]" یان دەڵێت"نهێنییەك نادرکێنین و زوڵم لە کەس ناکەین ئەگەر بڵێین ناوبانگی ــپ. د. ك- لەم ساڵانەی دواییدا لای رای گشتی عێراق و عەرەب و دونیادا زڕاوە بەهۆی رەفتاری راسترەوانەو کردەوەی کۆنەپەرستانەی سەرکردایەتییەکەوە، ناوی نووساوە بە هاوکاریکردنیەوە لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمریکا و کۆنەپەرستی ئێران و کۆرە ئیمپریالیستییەکانی ترەوە، هەروەکوو ناوبانگیشی لکاوە بە تاکرەوی نەتەوەیی و رێبازی راسترەوانەیەوە کە شۆڕشی گەیاندە ئەوکارەساتەو هەرەسهێنانی شۆڕشی کوردو راکردنی سەرکردەکانی لە مەیدانی خەبات بۆ پەنابردنیان بۆ ئێران[3]".

یەکێتی بەهۆی ئەوەی دەیوت "بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە جەوهەردا بزووتنەوەی جووتیارانەو هەروەهاچینی کرێکارو ئینجا وردەبۆرژوای شارو لادێ وبۆرژوازی نیشتمانی پێکهاتووە"[4]، لێرەوە یەکێتی لە لایەك خۆی بە جێگرەوەی باڵی چەپ و کۆمۆنیزم دەزانی لەکوردستان، لە لایەکی تریشەوە خۆی وەك جێگرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و درێژەپێدەری

---

[1] - مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، شۆڕشی ئەیلوول ۱۹٦۱-۱۹۷٥، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ساڵ و شوێنی چاپی لەسەر نییە، ل۱۸۱.

[2] - یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆچی.. ؟، سەرچاوەی پێشوو، ل۲۹.

[3] -هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل۳٦-۳۷.

[4] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤-۹.

خەباتی نیشتمانی[١] و کوردایەتی دەناساند، بە دیوەکەی تردا یەکێتی خۆی وەك تاکە هێزی سیاسی نیشاندەدا[٢]. ئەمەش زیاتر لەوەدا خۆی دەبینییەوە کاتێ دەیگوت"مەرجمان بۆ هاوکاریکردن لەگەڵی[٣]ئەوەیە کە هەموو پەیوەندییەکی فیکری و تەنزیمی و سیاسی.. ئاشکراو نهێنی خۆی بە ڕێبازەکۆنەکەوە ببڕێت، بە ئاشکرا هاوکاری لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمریکی و کۆنەپەرستی ئێران ئیدانە بکات، ڕێبازی نیشتمانپەروەرانەی پێشکەوتنخوازانەی بگرێت و دوور لە پاشماوەی سەرکردایەتییە خێڵەکییەکە کە هێشتا هەر سوورە لەسەر ڕێبازە کۆنەکەی.. چونکە ئەگەر وا نەکات سەرلەنوێ ترسی هەڵخەڵەتاندنی لێ ئەکرێ بە رابەرایەتی خێڵەکی بەزیوی تا ئێستاش هاوکارە لەگەڵ ئەمریکاو ئێران[٤]". لێرەوە بۆتەدەرەکەوێ یەکێتی نیشتمانی نەك هەر خۆی بە جێگرەوەی حزبە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان دەزانی، بەڵکو لە سەرەتای دروستبوونییەوە، لەهەوڵی ئەوەدابووە، خۆی نەخشەی سیاسیی بۆ حزبەکان بکێشێت و ئاراستەیان بکات. هەر ئەم نەفەسە کورتبین و نادیموکراسییەش بوو، وایکرد، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە شەڕی سەختی هەکارییەوە تا سەروبەندی پێکهێنانی بەرەی

---

[١] - فەرەیدوون عەبدولڕەحیم عەبدوڵلا، بارودۆخی سیاسی کوردستان-عێراق (١١ی مارتی ١٩٧٠-١١ی مارتی ١٩٧٤) ، دکتۆر کەمال مەزهەر پێشەکی بۆ نووسیوە، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١١٠.

[٢] - بڕوانە: سەروەر عەبدولرەحمان عومەر، س. پ. ل٧٨-٧٩، ئەوکات مام جەلال لە دیمانەیەکدا دەڵێت: ئەمڕۆ شتێك نەماوە ناوی-پ. د. ك) بێت. هەروەها هەمان سەرچاوە، ل٨١، ٨٢، ٨٥ ئەم راستیانە زیاتر نیشاندەدات.

[٣] - مەبەستی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

[٤] - یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆچی.. ؟، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.

کوردستانی لە ١٩٨٨/٥/٢[1]، بەردەوام رووبەڕووی زۆربەی حزبە سیاسییەکانی دیکەی کوردستانی دەبووەوە[2].

دامەزراندن و پێکهێنانی بەرەی کوردستانی[3] بە یەك لە دەستکەوتە هەرە گرنگ و مێژووییەکانی ئەو حزبە سیاسیانە پارتی و یەکێتی و حزبی شیوعی بە گشتی و رۆڵی کاراو هەڵوێستی کوردستانیانەی ئیدریس بارزانی بەتایبەتی، دادەنرێ[4]، چونکە ئەگەر ئەو بەرەی کوردستانییە نەبوایە بێگومان سەرکردایەتیکردن و ئاراستەکردن و رێکخستنی راپەڕینە جەماوەرییەکەی بەهاری ١٩٩١ کە لە ١٩٩١/٣/٥ەوە دەستیپێکرد تا رۆژی نەورۆزی هەمان ساڵ کە هاوکات بوو لەگەڵ رزگارکردنی شاری کەرکوك، بەئاراستەیەکی تردا دەڕۆیی و، رەنگە ئەوسەرکەوتنە مەزنەش وەدەست نەهاتبا.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان یەکەم کۆنگرەی خۆی ساڵی ١٩٩٢ لە هەولێربەست، لەم کۆنگرەیەدا بەشێوەیەکی فەرمی و یەکجارەکی هەردوو باڵی

---

[1] - برایم جەلال، سەرچاوەی پێشوو،.ل٤٨٩. بەڵام بە بڕوای مسعود عبدالخالق رۆژی ١٩٨٨/٥/٧ راستە، بڕوانە: مسعود عبدالخالق، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩٩.

[2] - شەڕی (ی. ن. ك) لەگەڵ بەرەی جوود بوو، کە (٤) حزبی سیاسی نیشتمانی لەخۆ گرتبوو. وەك پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، حزبی شیوعی عێراق-هەرێمی کوردستان، پارتی سۆسیالیستی کورد_پاسۆك.

[3] - بەرەی کوردستانی لەم حزبە سیاسیانەی خوارەوە پێکهات:پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك) ، پارتی دیموکراتی کوردستان (پارتی) ، یەکێتی نیشتمانی کوردستان (ی.ن.ك) ، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان (پارتی گەل) ، پارتی سالیستی کوردستان (حسك) ، حزبی شیوعی عێراق-هەرێمی کوردستان.رۆژی ١٩٩٠/١١/١ ئەم دوو حزبەش هاتنە ناو بەرەکەوە کە بریتی بوون لە : حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری. بڕوانە:برایم جەلال، س.پ.ل ٤٩٦-٤٩٧.

[4] - بڕوانە:کەریم ئەحمەد، رێڕەوی تێکۆشان-بیرەوەرییەکانی کەریم ئەحمەد-، وەرگێڕانی:جەلال دەباغ، سلێمانی، چاپخانەی رەهەند، ٢٠٠٧، ل٣١٤. هەروەها بڕوانە ل٣٢٧ لەوێ هەڵوێستی فەرەیدون عەبدولقادرو نەوشێروان مستەفا بۆ دامەزراندنی ئەو بەرەی کوردستانییە روونکراوەتەوە.

کۆمەڵەو شۆڕشگێڕان هەڵوەشانەوە[1]، لە رووی فیکریشەوە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەجیاتی مارکسیزم خۆی وەك رێکخراوێکی سۆسیال دیموکراسی ناساند[2].

یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەگەر چی لە ساڵی ١٩٩٢ ەوە خۆی وەك حزبێکی سۆسیال دیموکراسی راگەیاند، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هیچ گۆڕانکارییەك لە عەقڵیەتی سیاسی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتیدا روونەدابوو، بەهەمان نەفەسی ساڵانی (١٩٨٢-١٩٨٣-١٩٨٤) درێژەی بە کاری سیاسی دەدا، عەقڵیەتی خۆسەپاندن و بڕوا نەبوون بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات، هەر زاڵ بوو[3].

بەردەوامبوونی عەقڵییەتی خۆسەپاندن و لەبەرچاونەگرتنی بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی، بوونە هۆی بەرپابوونی شەڕی ناوەخۆ لە ١/٥/١٩٩٤. گرفتی گەورەش بۆ بەرپابوونی ئاڵۆزییەکان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، هەر یەك لە پارتی و یەکێتی کە دەسەڵاتی نیوە بە نیوەیان هەبوو، یەکێتی زیاتر لەبەر شەرعییەتی شۆڕشگێڕانەی خۆی بە هاوسەنگی پارتی نەدەزانی، ئەم زیادەڕەوییەی یەکێتی و بەهۆی ململانێکانەوە پارتیش، وەك هەر حزبێکی

---

[1] - کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٨ لەکۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی خۆیاندا بڕیاری هەڵوەشانەوەیان دابوو، واتە بە کردەنی کۆمەڵەی رەنجدەران پێش کۆنگرەی یەکێتی نیشتمانی هەڵوەشابووەوە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:دیمانەی نەوشێروان مستەفا، فوئاد سدیق، گەردەلوولی سیاسەت، بەشی دووەم، هەولێر، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠٩، ل٢١٠.

[2] - مسعود عبدالخالق، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠٠.

[3] - یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ئەو عەقڵییەتەی خۆسەپاندن و بڕوا نەبوون بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات و، ترس لە هەڵگیرساندنەوەی شەڕی ناوەخۆ، وایکرد ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ببێتە رێککەوتن، بە شێوەی نیوە بە نیوە، دوور لە مافی دەنگهێنانیان. بڕوانە: پەیامی سەرۆك مەسعود بارزانی لە بارەی هەڵبژاردن و ئەنجامەکانی، برووسکەی ژمارە ٦٨٧ لە ١٩٩٢/٥/٢٣. بەدران ئەحمەد حەبیب، سەرچاوەی پێشوو، ل٤.

سیاسـی رۆژهەڵاتـی کەوتـنە ئەوەی لە دژی یەکترکـۆنترۆڵی تێکـڕای دامەزراوەو دەسـەڵاتەکانی حکـومەت بـکەن، سـەرچاوەو داهـات و سـەروەت و سـامانی وڵاتەکە بەتەواوی قـۆرخ بـکەن و، دامەزرانـدن تەنهـا بـۆ ئەنـدام و لایەنگرانـی خۆیـان تەرخـان بـکەن، واتـا ئەو حزبـانە گەیشـتبوونە ئەو بڕوایەی لەم ڕێگـایەوە دەتـوانن درێـژە بە ژیـانی دەسـەڵاتداریێتی خۆیـان بـدەن، نەك "لە ڕێگـای بەرنـامەی سیاسـی و ئایـدیۆلۆژی خۆیـانەوە بتـوانن و هەوڵبـدەن متمانەی خەڵك وەدەستبهێنن"[1]، ئەم جۆرە تێگەیشتنەی یەکێتی نیشتمانی بۆ درێـژەدان بە دەسـەڵات، ناچـار بـوو پەنـا ببـاتە بەر هەمـوو شـێوازێك، هەر لە سـەرکوتکردن و هەڵگیرسـاندنی شـەڕی نـاوەخۆو.. چـونکە ئێسـتا "هەردوو لا (پارتی و یەکێتی) لەو بڕوایەدان، هەر کاتێك لە دەسـەڵات دوور خرانەوە، ئەوا هەموو شتێك لەدەستدەدەن و جارێکی تر ناتوانن بەدەستیبهێننەوە"[2].

یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان هەر لەو ڕۆژەوەی پێکهـاتەی خـۆی بە شـێوەی نـیمچە بەرەیەك ڕاگەیانـد کە پێکهـاتبوو لە (کـۆمەڵەی مارکسـی لینینـی، بـزووتنەوەی سۆسیالیسـتی کوردسـتان، خەتـی گشـتی)، بەردەوام لە ململانێـی فیکـری و سیاسـیدا بـووە، بەتـایبەت لەگەڵ بـزووتنەوەی سۆسیالیسـتی کوردسـتان، بەردەوامبـوونی ئەم هەمـوو جیـاوازییە فیکـری و سیاسـییەو نەگەیشـتنی بە ئەنجـامێکی هـاوبەش، بـزووتنەوەی ناچـار کـرد لە٢١/٣/١٩٧٩ بەتەواوی جیـابوونەوەی خـۆی لەو نـیمچە بەرەیە ڕابگەیەنێـت کە

---

[1] -دیمانەی مارك جۆنز لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، ژمارە (٧٥٢) ، ساڵی١٦، تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩، ل٢٣.

[2] - هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی سەرەوە.

یەکێتی نیشتمانی دروستیکردبوو[١]. هەروەها لەناوەڕاستی هەشتاکانیشدانرێکخراوێکی سیاسی- فیکری، بەناوی ئالآی شۆڕش لە یەکێتی جیابووەوەو ناکۆکییەکی زۆریشی لێکەوتەوە[٢]. بچووکبوونەوەی یەکێتی نیشتمانی بەهۆی ئەو تاکڕەوی و بەرتەسککردنەوەی دیموکراسی و قۆرخکردنی دەسەڵات بۆ کەسانی دیاریکراو لەناو حزبدا، ئەو حزبەی گەیاندە ئەو ئاستەی کە جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی لەو حزبە جیا ببێتەوەو کۆمپانیای وشە دابمەزرێنێت[٣] و دواتریش بیکا بە بزووتنەوەیەکی سیاسی بەناوی بزووتنەوەی گۆڕان[٤].

راستە یەکێتی نیشتمانی لە رووی رێکخستنەوە، بەهەمان شێوەی پارتی ناوەنێتییەکەی بەهێز نییە، واتا فرە ناوەندێتی لەناو یەکێتی تا رادەیەك هەیە، کە ئەمەیان بەهیچ شێوەیەك لەناو پارتی بوونی نییە، بەڵام بەرژەوەندییەکان وایکردووە هەردوولا هاوکارو هاوپەیمانی یەکتری بکەن، بۆئەوەی بتوانن بەهەر جۆرێك بێت درێژە بەمانەوەیان لە دەسەڵات بدەن. ئەگەر چی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ١٩٩٢ ەوە، تا ئێستا ئەودوو حزبە (پارتی و یەکێتی) بەڵام بە رێژەی جیا جیا بە درێژایی ئەو (٢٠) ساڵەی رابردوو،

---

١ -دیمانەی قادر عەزیز، بڕوانە: فوئاد سدیق، گەردەلوولی سیاسەت، بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشوو،، ل١٠٠. هەروەها دیمانەی د. مەحمود عوسمان، فوئاد سدیق، گەردەلوولی سیاسەت، بەشی یەکەم، چاپی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨.

٢ - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: دیمانەی مەلا بەختیار، فوئاد سدیق، گەردەلوولی سیاسەت، بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢-٥٤.

٣ - دیمانەی نەوشیروان مستەفا، گۆڤاری گوڵان، ژمارە (٧٠٧) رۆژی ٢٠٠٨/١١/٣، ل٢٨-٤٣. هەر هەمان دیمانە لە گەردەلوولی سیاسەت بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، بلاّوکراوەتەوە.

٤ - بزووتنەوەی گۆڕان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا لە رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥دا توانی (٢٥) کورسی وەدەست بهێنێت. (٤٤٥,٠٢٤) دەنگی هێنابوو، لیستی کوردستانیش کە پارتی و یەکێتی پێکەوە بوون، (١,٠٧٦,٣٧٥) دەنگیان هێنابوو. بۆ زیاتر زانیاری سەردانی پێگەی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بکە: http://www. ihec-iq. com/ar .

جەماوەرەکەیـان بەردەوام لە کـورتی دەدات[1]. چـونکە هەردوو حـزب دەسـتیان بەسـەر هەمـوو دەسـتکەوتە مـادی و مەعنەوییەکـان داگرتـووەو بەجۆرێـك خشکەیان کردۆتە ناو حکومەت، کە هەموو دەزگاکان تەنها بۆ خۆیانەو، چی ئیمتیـازاتیش هەیە بـرابەش بەسـەرخۆیان دابەشـیدەکەن. لە زاخـۆوە تـا دەگـاتە خـانەقین هەرچـی شـتی باشـە بۆخۆیـان بـردووە[2]. ئەمە لەکاتێکداکێشـەی گەنـدەڵی رامیـاری و کـارگێڕی کۆسـپێکی سـەرەکییە لە رێـی گەشـەپێدانی ئـابووریو کـۆمەڵایەتی، بـۆیە رووبەڕووبـوونەوەی شـتێکی ناچـارییە بـۆ لە سنووردانی رەنگدانەوە خراپەکانی لەسەر رێڕەوی گەشەپێدان، بەبێ ناسینی هۆکارەکـانی گەنـدەڵیش چارەسـەرکردنی ئەنجامەکـانی بێسـوودەو تـا ئەو هۆکارانە هەبن، گەندەڵیش هەر دەبێت[3].

بڵاوبـوونەوەی گەنـدەڵیش لە ئاسـتەکانی کـارگێڕی و رامیـاری نایەڵێـت بنچینەکانی گەشـەپێدانی گشـتگیرو سـەربەخۆ لەنـگەر بگـرن، لەتەك گەندەڵیـدا سەرچاوەی نوێ بۆ سامان دەردەکەوێ کە تـوێژی بیرۆکراسـی و مشـەخۆر وەکـوو قاچـاخچی و دەڵاڵ سـوودی لێدەبینن[4]. مـام جەلال لە کۆنگرەی سـەلاحەدین ی هەولێـر رۆژانـی ٢/٢٦تـا ٢٠٠٣/٣/١ کە کـۆنگرەی ئۆپۆزیسـیۆنی عێراقـی بـوو، لە گوتـارە بەهێزەکەیـدا زۆر شـتی درووژانـد، لە بڕگەیەکـدا وتـی (ئـێمە بازرگـانی سیاسەت نین، بەڵکو ئێمە خەڵکی تێکۆشەرین، لە پێناو پرسەکەمان خەباتدەکەین،

---

١ - بڕوانە پێگەی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان http://www. ihec-iq. com/ar .
٢ • دیمانەی حەمەی حاجی مەحموود، فوئاد سدیق، گەردەلوولی سیاسەت، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧.
٣ - د. ناسر عوبێد ئەلناسر، دیاردەی گەندەڵی، وەرگێڕانی: سەلاح شاکەلی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێرن٢٠٠٥، ل٣٢.
٤ - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥.

ژیانمان وهەموو سامانمان له پێناو رزگارکردنی نیشتمانەکەمان بەختدەکەین.. )[1]
بەڵام وا دەرنەچوو، ئەوه سیاسییەکانن بازرگانی ئەم وڵاتەیان له ئەستۆ گرتووه.

### ت- حزبی شیوعی کوردستان/عێراق

حزبی شیوعی عێراق له ساڵی ١٩٣٤ دامەزراوه[2]، بەڵام پێش ئەو مێژووه، بەهۆی بێکاری و تورەبوونی گەنجان له حوکمرانان و ئەو حزبه بەر لەوەی خۆی به فەرمی رابگەیەنێت، توانیبووی له ساڵی ١٩٣٣ رێکخستنێك دروست بکات که ئەندامانی ٦٠کەس دەبوون[3].زۆربەی ئەوانەی که یەکەمجار (لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی قەڵاچۆکردنی ئیستعمارو بەرهەمهێنانخوازان) یان پێکهێناو هەوێنێك بوون بۆ پێکهێنانی حزبی شیوعی، بەتایبەت ساڵی ١٩٣٥، زۆرینەیان خەڵکی ناسریه ئینجا بەسره ئینجا بەغدا بوون[4]، یەکەمجار عاسم فلەیح وەك

[1] - سالار أوسي، جلال طالباني-أحداث ومواقف (جەلال تالەبانی-رووداوو هەڵوێستەکان) ، دار أبعاد للطباعة والنشر، بيروت، ٢٠٠٨، ص١٧٣.

[2] -لمزيد من المعلومات أنظر: عزيز سباهي، عقود من تأريخ الحزب الشيوعي العراقي (چەند گرێ سەدەیەك له مێژووی حزبی شیوعی عێراقەوه) ، منشورات الثقافة الجديدة، دمشق، الجزء الأول، ص١٥٠-١٥١. وكذلك د. مكرم طالباني، مصدر نفسه، ص٩٣، ص٥٦٠.

[3] -حنا بطاطو، العراق-الكتاب الثاني-الحزب الشيوعي، ترجمة:عفيف الرزاز، مؤسسة الرافد للطباعة والنشروالتوزيع، منشورات فراد، ط١، ٢٠٠٦، ص٦١.

[4] - بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ناوەکانی سەرکردایەتی حزبی شیوعی بڕوانه:حنا بطاطو، مصدر نفسه، ص٦٦-٧٣.

یەکەم سکرتێری لیژنەی مەرکەزی ئەو حزبە هەڵبژێردرا[١]، لە کۆتاییەکانی تەمووزی ١٩٣٥ ناوەکە گۆڕدرا بۆ حزبی شیوعی عێراق و ڕۆژنامەیەکیشی بەناوی (کفاح الشعب) دەرکرد[٢]. ساڵی (١٩٤٢) یەکەمین شانەی حزبی شیوعی لە هەولێر دروستکرا[٣]. بەڵام بە درێژایی ئەو مێژووە، حزبی شیوعی بەردەوام گرفتی گرنگی نەدان بە بیری نەتەوایەتی هەبووە[٤]، ئەگەرچی لە کۆنفرانسی دووەمیدا کە لە ئەیلوولی ١٩٥٦ دا بوو، بڕیاری چارەی خۆنووسین بە مافی جیابوونەوەشەوە دابوو[٥]، بەڵام لە بنچینەدا زیاتر مەرەکەبی سەر کاغەز بوو، نەچووە واری جێبەجێکردنەوە. ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکەمیان لە بەرنامەی حزبی شیوعیدا بە قەناعەتەوە باس لەو پرسە نەکراوە، بەڵکو گوشاری هەندێك لەو کوردانەی لە سەرکردایەتی حزب بوونە ڕۆڵیان هەبووە لەو داڕشتن و بڕیارانە[٦]، دووەمیشیان "بەشێك لە برایانی عەرەب کە لە سەرکردایەتی ئەو حزبەدا بوون، بیرێکی شۆڤینیستانەیان هەبووە بەرامبەر

---

[١] - مالك سيف، للتأريخ لسان، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٣، ص٣٤
[٢] - مختار ألأسدي، موجز تأريخ العراق السياسي الحديث (کورتەیەك لە مێژووی عێراقی سیاسی نوێ)، دار الكتب العراقية للطباعة والنشر، ص١٢٨. هەروەها بڕوانە: حسن ظاظا، عێراق-لێکۆڵینەوەیەکە لە مێژووە سیاسییەکەی ١٩٠٨-٢٠٠٨، وەرگێڕانی: ئامانج نیعمەت، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٧٠.
[٣] -مختارات من مذكرات صالح الحيدرى، اربيل، ٢٠٠٤، ص١٠.
[٤] -دیمانەی رادیۆی ڕێگای کوردستان لەگەڵ کەریم ئەحمەد سکرتێری هەرێمی کوردستان-حزبی شیوعی عێراق، لە یادی (٦٠) ساڵەی حزبی شیوعی عێراقدا، ڕۆژی ١٩٩٤/٣/٢٧، کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ.
[٥] - د. مكرم طالباني سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠-١١١.
[٦] - انظر: مالك سيف، مصدر نفسه، ص١٨٠-١٨١.

بە کێشەی نەتەوایەتی کورد، بۆیە هەمیشە کێشەی کورد لە روانگەیەکی تەسکەوە سەیری کراوە"[1].

لەدوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ یشدا، حزبی شیوعی عێراق راستەوخۆ رووبەڕووی درووستبوونی حزبێکی شیوعی کوردستانی بووەوە کە هیچ پێوەندییەکی بە حزبی شیوعی عێراقەوە نەبێت[2]، لە ئەنجامی ئەو ململانێیە توندەدا، بەناچاری لە کۆنگرەی هەرێمی کوردستان لە حوزەیرانی ١٩٩٥ حزبی شیوعی کوردستان-عێراق لەدایکبوو[3].

حزبی شیوعی کوردستان نەیتوانی وەك ئۆپۆزیسیۆنێکی تەندروست ململانێ لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات، ئەگەرچی تەواو ئاگاداری شێوازی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانساڵی ١٩٩٢ بوو[4]. ئەم بەشداریکردنەی حزبی شیوعی لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، وای کرد لەوکاتەوە تا ئەمڕۆ ساڵ لە دوای ساڵ لەرووی جەماوەرییەوە بچووکتر ببێتەوەو لە هەڵبژاردنەکانیشدا رێژەیەکی زۆر کەم دەنگبهێنێت[5]. ئەو حزبەی کە

---

[1] - دیمانەی رادیۆی رێگای کوردستان لەگەڵ کەریم ئەحمەد، هەمان رۆژ.

[2] - لە ئەنجامی ئەو ململانێیەی کە سەرەتا حزبی شیوعی عێراق لەگەڵ دروستکردنی حزبێکی شیوعی کوردستانی نەبوو، دوو رێکخراوی بەناوی (شیوعیە کوردستانییەکان و شیوعییە کوردستانییە راستەقینەکان) ی لێدروست بوو، بەڵام هەردوو رێکخراوەکەش لە قەیرانێکی قووڵی فیکری و سیاسیدا بوون، بۆیە هەردووکیان نەیانتوانی بەردەوام بن.

[3] - بیرۆکەکە بۆ چلەکان و سەردەمی حزبی شۆڕش (حزبی شیوعی کوردستان).

[4] -لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ١٩٩٢ حزبی شیوعی توانی (٢١١٢٣) دەنگ بهێنێت کە رێژەکەی دەیکردە (١٨٣، ٢ ٪). بڕوانە:بەدران ئەحمەد حەبیب، سەرچاوەی پێشوو، ل٨. دەبارەی پێشێلکارییەکانیش پەیامی سەرۆك مەسعود بارزانی لەبارەی هەڵبژاردن و ئەنجامەکانی، نموونەیەکی زیندووە پێویست بە بەڵگەی دیکە ناکات. بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤.

[5] - ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی بڕوانە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/٧/٢٥، حزبی شیوعی کوردستان بە هاوپەیمانی چەندین رێکخراوی سیاسی تر لەژێر ناوی (ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی) توانی

لەسەرەتای درووستبوونیەوە سکرتێر سەرکردایەتییەکەی رووبەڕووی راوەدوونان و گرتن و تەنانەت لە سێدارە دەدران بوونەتەوەو فەهد و هاوڕێکانی لە ١٨ی کانوونی دووەمی ١٩٤٧ گیران ولە ١٤-١٥شوباتی ١٩٤٩زلە سێدارە دران[١]. ئینجا لەسێدارەدانی ساسون شلمو دەلال[٢] و سەلام عادل.

حزبی شیوعی حزبێکی رادیکال و تێکۆشەر بووە، ئەگەرچی زۆرجار بەشێك لە سەرکردەکانی لەکاتی گرتن و ئەشکەنجەدانیان پەشیمانبوونەتەوەو لە حزب هەڵگەڕاونەتەوە، یان خۆیان لەکاری سیاسی دوور خستۆتەوە[٣] نموونەی (عاصم فلیح)، حەمید عوسمان[٤]، عەزیز حاج[٥]، زۆری دیکە.

---

تەنها (١٥، ٠٢٨) دەنگ بهێنێت. بڕوانە: کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، کۆی دەنگەکان بۆ قەوارە سیاسیییەکان.

[١] -حسن ظاظا، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣. عزيز سباهي وعبدالرزاق الصافي، معالم على الطريق المجيد، دار الرواد للطباعة والنشر، ٢٠٠٣، ص٩.

[٢] - هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

[٣] -یەکەمین سکرتێری حزبی شیوعی (عاصم فلیح) بوو، کە گیرا پەیماننامەی وازهێنان لەکاری سیاسی بۆ دەسەڵاتی ئەوکات نووسی. بڕوانە:مختار ألأسدي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٩.

[٤] - حەمید عەسمان ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی پیرداودی سەر بە پارێزگای هەولێر لەدایکبووە، خوێندنی ئامادەیی تەواوکردووە، سەرەتا عەریزەنووس بووو، ساڵی (١٩٤٤) کە ئەوکاتە تەمەنی (١٧) ساڵبووە پەیوەندی بە حزبی شیوعی عێراقەوە کردووە، ساڵی (١٩٤٩) گیراوەو لە (١٩٥٤) لەگرتووخانە هەڵاتووە، لە ١٦ی حوزەیرانی (١٩٥٥) کراوەتە سکرتێری حزبی شیوعی، بەڵام لەساڵی (١٩٥٦) لەو حزبە دەرکراوەو دواتر چووە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان. حەمید عوسمان، لایەنگرێکی زۆری لەناو لقی کوردی و لەنێوان سەرەرۆکانی گرتووخانە هەبوو، سەرکردەیەکی گەورەی رێکخستنی حزب بوو لە گرتووخانەی کوت، لەسەردەمی سکرتێرێتی ئەودا، هەندێك بیروباوەر برەویان سەند، وەکوو (شۆڕشی گەل) ، (کۆماری گەل) ، (دەسەڵات گرتنەدەستی پڕۆلیتاریا وەك گرنگییەکی هەنووکەیی) و، هەروەها دامەزراندنی (سوپای شۆڕشگێڕی میللی) بە ئاراستەی گوندەکان کە بە (قەڵای شۆڕشگێڕی) ناویدەبردن و ئەمەش کاریگەریی ماوتسی تۆنگی بەسەرەوەبوو، برەویان سەند.بۆزیاتر زانیاری بڕوانە: حنا بطاطو، العراق-كتاب الثاني الحزب الشيوعي- ترجمة: عفيف الرزاز، مؤسسة الرافد للطباعة والنشر والتوزيع، بغداد، ٢٠٠٦، ص ص٢٣٢، ٣٤١-٣٤٣

[٥] - عەزیز حاج، کوردی فەیلی بوو، ساڵی (١٩٢٦) لە بەغداد لەدایکبووە، مامۆستای ئامادەیی بوو، لە ساڵی ١٩٤٦ کە ئەوکاتە تەمەنی (٢٠) ساڵ بوو، پەیوەندی بە حزبی شیوعی عێراقەوە

حزبی شیوعی زۆرترین کادیرو ئەندامانی رووبەڕووی گرتن و ئازاردان و لە سێدارەدان هاتوون، لەماوەی ئەو مێژووەیشیدا رووبەڕووی زۆرترین ئینشیقاقات و جیابوونەوە هاتووە[1].

حزبی شیوعی لەدوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ لە هەرێمی کوردستان رووبەڕووی هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی بووەوەو ئەنجام کە حزبی شیوعی کوردستان هاتە دروستبوون، ئیتر حزبی شیوعی عێراق بە فەرمی رێکخستنی لە هەرێمی کوردستان نەما، هەموو ئەوانەی ئەندام و کادیری ئەو حزبە بوون لە کۆنگرەی دامەزراندنی حزبی شیوعی کوردستان لە ١٠-١٨/٧/ ١٩٩٥ [2]ەوە راستەوخۆ بوونە ئەندام و کادیری لە حزبی شیوعی کوردستان.

حزبی شیوعی کوردستان لەکات وساتێکی دژوار هاتە درووستبوون، لە لایەك بەشێك لە ئەندام و کادیرانی خۆی لەدەست چووبوو، بەهۆی دواکەوتنی درووستبوونی ئەو حزبەوە، ئیتر هیچ پێوەندییەکی رێکخراوەییان لەگەڵ ئەو حزبە نەمابوو بەتایبەت لەساڵی (١٩٩٣) بە دواوە، لەلایەکی تریشەوە ئەو حزبە کاتێك هاتە درووستبوون کە شەڕێکی سەخت و دژوار لەنێوان پارتی و یەکێتی هەبوو، حزبی شیوعیش بەو نەفەسە کاری نەدەکرد ببێتە حزبێکی جەماوەری، بۆیە لەهەوڵی ئەوەشدا نەبوو، هەموو ئەوانەی

---

کردووە، بۆماوەی (١٠) ساڵ ساڵی (١٩٤٨-١٩٥٨) لە گرتووخانە بووە، ساڵی (١٩٥٨-١٩٦٧) ئەندامی لیژنەی مەرکەزی حزبی شیوعی بووە، ساڵانی (١٩٥٩-١٩٦٧) لە یەکێتی سۆڤێت و چیکۆسلۆڤاکیا بووە، لە ١٧ی ئەیلولی ١٩٦٧ لەحزبی شیوعی جیابووەوەو سەرکردایەتی کۆمەڵك لە سەرکردایەتی مەرکەزی کرد، لە ئاداری (١٩٦٩) گیراو لە نیسانی ١٩٦٩ دانپێدانان (اعترافات) ەکانی لە تی ڤی بەغدا بڵاوکرایەوەو لە ساڵی (١٩٧٠) ئازادکرا.، بەڵام بە یەکجاری وازی لەکاری سیاسی هێناو بووە نوێنەری عێراق لە یۆنسکۆ. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: حنا بطاطو، سەرچاوەی پێشوول٢٣٠ هەروەها http://www. ahewar. org/m. asp?i=71

[1] - مختار ألأسدي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠-١٣٣.

[2] - ارکان حمه امین الزرداوي، نشأة وتطور الجمعيات والأحزاب والتيارات السياسية الكوردية في العراق (سەرهەڵدان و پێشکەوتنی کۆمەڵەو حزب و رەوتە سیاسییەکانی کوردی لە عێراق) ، بغداد، ٢٠٠٩، ص١٦٨.

بێزارن لە شەڕی ناوخۆ بیانگرێتە خۆ، بەڵکو زیاتر بۆ ئەوە هەوڵیدەدا ئەندام و کادیرانی خۆی بپارێزێت. ئەم سیاسەتی موحافەزەکارییە لە راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ەوە تا ئەمڕۆ بەردەوامە، بۆیە بەردەوامیش ئەو حزبە لە رووی جەماوەرییەوە بچووکدەبێتەوە[١].

حزبی شیوعی کوردستان لەماوەی بیست ساڵی رابردوویدا، نەیتوانیوە پەندو وانە لە شکستە یەك لەدوا یەکەکانی خۆی وەربگرێت. تەنانەت کۆنگرەکانیشی نەیانتوانیوە ئازاری برینەکانی سووك بکات، بۆیە حزبی شیوعی کوردستان کە حزبێکی جەماوەری نییەو لە رووی فیکریشەوە نەیتوانیوە مارکسیزم بە عەقڵییەتی ئەمڕۆ بۆ خەڵك شیبکاتەوە، لەلایەکیتریشەوە ئەو حزبە بەشداریکردنی لە حکومەتدا، پێگەی بەهێز نەکردووە تا بتوانێ کۆمەڵگە بە ئاراستەی چالاککردندا ببات، بۆیە حزبی شیوعی کوردستان حزبێکە رۆڵێکی پەراوێز لە کارو چالاکییە سیاسییەکانی گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا دەبینێت، بەهەمان شێوە لەناو کۆمەڵگەشدا ئەو حزبە گۆشەگیرەو خۆی زۆر پەراوێز کردووە.

حزبی شیوعی کوردستان ئەوەندە گۆشەگیر بووە، تەنانەت لەکاتی هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکانیشدا، بە پێی پێویست ناچێتە ناو پڕۆسەی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەوە، بۆیە ئێستا ئەو حزبە لە کۆمەڵەیەك یان رێکخراوێکی مەدەنی دەچێت کە ئامانجی وەرگرتنی دەسەڵات نەبێت، لەو حزبە ناچێت کە "لە ساڵی ١٩٤٢ ەوە رێکخراو و شانەی حزبی پێکهێناوە"[٢] و

---

[١] - باشترین نموونە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانی ١٩/٥/ ١٩٩٢، ٢٥/٧/٢٠٠٩ هەروەها ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقە لە ٣/٧/٢٠١٠. بڕوانە:پێگەی ئەلیکترۆنی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی عێراق.

[٢] -مختارات من مذكرات صالح الحيدري، مصدر نفسه، ص١٠.

مێژووەکەی مێژووی حزبی شیوعی عێراقە، کە هەمیشە حزبێکی رادیکاڵ بووەو، خاوەنی دەیان و بگرە سەدان راپەڕین و خۆپیشاندانی گەورە بووە[1].

هەڵبەت حزبی شیوعی کوردستان، وەك حزبە کۆمۆنیستەکانی دونیا، رووبەرووی شکستێکی گەورە بووەوە، چونکە رەوتی کۆمۆنیستی لە جیهاندا لە دوای رووخانی دیواری بەرلین و لەباریەکهەڵوەشانەوەی ئەورووپای رۆژهەڵات لە پاییزی١٩٨٩، کە بە کامپی سۆسیالیزم ناودەبراو دواتریش رووخانی یەکێتی سۆڤیەت لە ١٩٩١، شکستێکی گەورەی بەسەر رێکخستن و چالاکی حزبە کۆمۆنیستەکانی جیهان هێنا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەو حزبە کۆمۆنیستانە پێگەی خۆیان لەدەست بدەن، وەك حزبێکی لاواز بمێننەوە، حزبی شیوعی عێراق و حزبی شیوعی کوردستان دوو نموونەی زیندوون لەو بارەیەوە.

---

[1] - دیارترین راپەڕین، راپەڕینی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ بوو، کە زیاتر لە (٣٠٠٠٠٠) سێسەد هەزارکەس لەو سەردەم راپەڕیون.

## ث-یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان

یەكگرتووی ئیسلامی درێژەپێدانی ئیخوان موسلمینە[1]، سەرەتای كاری ئیخوان لە عێراقداو بەتایبەتی لە موسڵ هۆكار بوون ماوەیەك روو لە هەرێمی

[1] - ئیخوان موسلمین لە سەرەتای چلەكانەوە چەند مامۆستایەكی میسری سەر بە ئیخوان هاتنە عێراق و لە شارەكانی وەك بەسرەوبەغداو موسڵ بە پیشەی جۆراوجۆر نیشتەجێ بوون. هاوكات لە ساڵی (١٩٤٢) ەوە گۆڤاری (الاخوان المسلمون) دەنێردرا بۆ عێراق و لە شاری موسڵ بە ئاشكرا لە كتێبخانەكاندا دەفرۆشران. دوای گەرانەوەی محەمەد مەحمود سەواف (١٩١٤-١٩٩٢ز) لە میسر، لەگەڵ ئەمجەد زەهاوی لە ١٩٤٩/٩/١٣ز كۆمەڵەی برایەتی ئیسلامیی (جمعية ألاخوة الاسلامية) ی دامەزراند. ئەگەرچی لە ئەیلوولی ١٩٤٧ لقی كۆمەڵەی ئادابی ئیسلامی لە سلێمانی مۆڵەتی لە وەزارەتی ناوەخۆ وەرگرتووە ولە ساڵی ١٩٥٢ دا رێكخستنی ئیخوان لە رێگەی (ئەمجەد الزهاوی و مەحمود سواف) ەوە گەیشتۆتە ناوچەی هەڵەبجە، پێش ئەو مێژووەش بە دووساڵ واتا ساڵی ١٩٤٧ لە كەركووك جموجۆڵیان هەبووە، بەڵام كۆمەڵەی ئادابی ئیسلامی ئەوە ناگەیەنێت كە رەوتی ئیسلامی لە كوردستان بە تەواوی بەو بیرە كاریگەر بووە. ساڵی ١٩٧١ لە ژێر گوشاری بەعس ئیخوانەكانی عێراق بە سەركردایەتی د. عەبدولكەریم زێدان خۆیان سڕ كرد.

هۆكاری سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئیخوان موسلمین لە شاری موسڵ، بۆ ئەو ریشە مێژووییە دەگەڕێتەوە كە موسڵ لە كۆتاییەكانی سەدەی (١٩) شوێنی جوولانەوەی تەوحیدی سەلەفی بوو بە پێشرەوایەتی شێخ (عبدالله النعمة) ، وێڕای ئەوەی سرووشتی پارێزگای موسڵ و تایبەتمەندی جوگرافیاكەی و پێكهاتەی كۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و ئایینی كە یەكێك بووە لە دیارترین ناوەندەكانی چالاكی بڵاوكردنەوەی تەبشیرییەتی ئەورووپی كە پەیوەندی بە كاری ئیستعمارییەوە هەبوو بەتایبەت لە سەدەی حەڤدەهەمدا.دامەزرێنەرانی ئیخوان موسلمین لە عێراق بریتی بوون لە: ئەمجەد زەهاوی-سەرۆك، محەمەد عاصم ئەلنەقیب-جێگری سەرۆك، محەمەد مەحمود ئەلصواف-سكرتێر، ئیبراهیم مستەفا ئەلئەیوبی-ئەمینداری سندوق، دوكتۆر تەقیەدین هیلالی، پارێزەر عەبدولرەحمان خزر، تەها فەیاز. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئیخوان موسلمین، بڕوانە ئەم سەرچاوانە: د. هادی عەلی، هەڵسەنگاندنێك بۆ ئەزموونی یەكگرتوو، بەشی دووەم، رۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (٦٧٩) ، ٢٠١٠/١١/١٠.

کوردستانیش بکەن، بەڵام ئەوکاتەی ئیخوان لەکوردستانی باشوور بڵاوبووەوە، گەلی کوردستان سەرقاڵی خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی بوو، بۆیە ئیخوان هەڵویستێکی پۆزەتیڤی لە ئاستی ئەو کێشەیەدا نەبووە[١]، لەماوەی سەردەمی پاشایەتی عێراق (١٩٢١-١٩٥٨)، ئیخوان چەندین چالاکی سیاسی نواندووە، دەربارەی کێشەی فەڵەستین و جەزائیرو.. هتد، ڕێکخراوی تایبەتی بۆ هاوکاری و کۆمەککردنیان دامەزراندو کەسانی خۆبەخشی ڕەوانەی فەڵەستین دەکرد، بەڵام بەرامبەر بە کێشەی کورد تەنانەت لە بەیاننامەکیشدا داکۆکی لە کێشەی ڕەوای کورد نەکرد[٢].

ئیخوان موسلمینی عێراق لە دوای دامەزراندنی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتەواوی دژی مافی فیدراڵی بوون بۆ کوردستان[٣].

بەرلەوەی یەکگرتووی ئیسلامی ڕابگەیەنرێت، دەستبەکاربوونەوەی سدیق عەبدولعەزیز لە ساڵی ١٩٧٩ و لەناو ئیخوان موسلمیندا تا ڕۆژی ٢٢/١١/ ١٩٩٢ بەردەوامبوو[٤]، ئەمانە هۆکاری گرنگ بوون کە ڕێکخراوێکی دیکەی

---

ابراهيم اعراب، الاسلام السياسي والحداثة، افريقيا الشرق-مغرب، ٢٠٠٠، ص٤٣-٥٠.

د. عبدالفتاح علي البوتاني، الحياة الحزبية في الموصل١٩٢٦-١٩٥٦، مطبعة وزارة التربية، أربيل، ٢٠٠٣. ص٢٧١.

ئیدریس سیوەیلی، ڕەوتی ئیسلامی لە باشووری کوردستان ١٩٤٦-١٩٩١، ٢٠٠٦، ل ٣٧.

ئەویش لەو سەرچاوەیەی وەرگرتووە:عبدالجبار حسن الجبوري، ألأحزاب والجمعيات السياسية في القطر العراقي ١٩٠٨- ١٩٥٨، بغداد، ١٩٧٧، ص١٩٩.

[١] - ئیدریس سیوەیلی، چەند سەرنجێك لە کارو چالاکیی ئیخوان موسلمین لە عێراقدا، گۆڤاری دۆسێی ئیسلام، سلێمانی، حوزەیرانی ٢٠٠٦، ژمارە ٢، ل١٥١.

[٢] - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[٣] -دیمانەی مەلاعەلی عەبدولعەزیزلە: فوئاد سدیق، گەردەلوولی سیاسەت، بەشی یەکەم/چاپی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٥-٦.

[٤] - دیمانەی سدیق عەبدولعەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٠

ئیسلامی سیاسی سەر بە ئیخوان سەرهەڵبداتەوە، لە کاتێکدا پێوەندی نێوان سدیق عەبدولعەزیز و سەلاحەدین بەهادین باش و تەندروست نەبووە[1].

یەکگرتووی ئیسلامی رۆژی ٦/٢/١٩٩٤ دامەزراندنی خۆی راگەیاند[2]. راگەیاندنی دامەزراندنی یەکگرتوو، بە رێککەوتن و رەزامەندی نواندنی ئیخوان موسلمینی عێراق بووە[3].

(هادی عەلی) کە کەسی دووەمی ناو یەکگرتووی ئیسلامی بوو، پێیوایە یەکگرتووی ئیسلامی زیاتر بەدوای بەرژەوەندی و ئیمتیازات بۆ سەرکردایەتی یەکگرتوو کەوتووە[4]، نەك خەباتکردن بۆ بەدامەزراوەکردنی دەزگاکانی حکومی و بە سیستەماتیککردنی حکومەتی هەرێم[5]، ئەمە لە چەندین لاوە زیانی پێگەیاندووە، چونکە لەلایەك حزبەکە ناکۆکی تێکەوتووەو لەماوەیەکی نزیك دوو بەرپرسی گەورە لە (م. س) [6] یەکگرتوو لە ناڕازیبوونی خۆیان لە سیاسەتی یەکگرتوو راگەیاند، لەلایەکی تریشەوە یەکگرتوو لەماوەی (١٦) ساڵی رابردوودا نەیتوانیوە جەماوەر بخاتە جوولەوە،

---

[1] - گرفتی گەورە ئەوەبووە سدیق عەبدولعەزیز بڕوای بە خەباتی چەکداری هەبوو، بەڵام سەلاحەدین بەهادین، لەگەڵ خەباتی چەکداریدا نەبووە. بڕوانە: ئیدریس سیوەیلی، سەرچاوەی پێشوو،، ل٢١٧.

[2] - دیمانەی سەلاحەدین بەهادین، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢.

[3] - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[4] - د. هادی عەلی، سەرچاوەی پێشوو.

[5] - باشترین نموونە لە هەڵبژاردنی ٣٠/١/٢٠٠٥ لە چوارچێوەی لیستی هاوپەیمانی کوردستاندا بەشداری لە هەڵبژاردندا کرد، کەچی دوای تەنها (١١) مانگ لە ١٥/١٢/٢٠٠٥ دا بەجیاو بە لیستی سەربەخۆ بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا کرد. لەکاتێکدا لەماوەی ئەو (١١) مانگەدا هیچ گۆڕانکارییەك رووی نەدابوو، شایانی باس بێت. تەنها جیاوازی ئەوەبووە، یەکگرتوو داوای کورسی زیاتری کردبوو لە هاوپەیمانی، ئەوانیش پێیان نەدابوو. بڕوانە:حەسەن یاسین، گرووپە ئیسلامیییەکانی کوردستان و بەشدارییان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا، گۆڤاری دۆسێی ئیسلام، سلێمانی، شوباتی ٢٠٠٦، ژمارە (١) ، ل١٣٨-١٣٩. هەروەها: د. هادی عەلی، سەرچاوەی پێشوو.

[6] - یەکەمیان عەبدولرەحمان سدیق بوو، دووەمیشیان هادی عەلی بوو.

تەنانەت لە گەرمەی شەڕی ناوەخۆ، لەبری ئەوەی سیاسەتی یەکگرتوو روون بوایە بەرامبەر بەو شەڕەی ناوەخۆ و هەوڵی ئەوەی بدایە جەماوەر چالاك بکات بە ئاراستەی دروستکردنی رای گشتی و دانانی بەرنامەیەکی سیاسی کە جەماوەری بۆ ئەو بەرنامەیە ئاراستە بکردایە، کەچی یەکگرتوو یارمەتییەکی کەم لە خۆراك یان گۆشتەمەنی دابەشدەکرد، لەکاتێکدا ئەمە کاری حزب نەبوو، ئەمە کاری رێکخراوە خزمەتگوزارییەکان بوو، نەك حزب، دەبوو حزب بەرنامەی سیاسی هەبوایە بۆ چارەسەرکردنی دۆخەکە[١].

یەکگرتووی ئیسلامی کاتێك خۆی ئیعلانیش کردووە، رەزامەندی ئیخوانی وەرگرتووە، ئینجا خۆیان راگەیاندووە[٢]، ئا لەبەرئەوە یەکگرتوو، وەکوو حزبێکی رادیکاڵ نەهاتە مەیدانەکە، بەڵکو لە شێوەی رێکخراوێکی رۆشنبیری و خێرخوازی و سیاسیدا بوو[٣]، واتا یەکگرتوو لەبواری ژیاندنەوەی کاری خێرخوازیی و کاری خزمەتگوزاریی و بواری کۆمەڵایەتییدا رۆڵی بەرچاوی هەبووە، بەڵام لەبواری سیاسیدا ئەو رۆڵەی نەبووە[٤] تێکەڵەیەك بوو لەنێو ئەمانەدا، ئەمەش هۆکاری سەرەکی بوو، کە یەکگرتوو، هەمیشە کاتێك گووشاری خراوەتە سەر بێدەنگی نواندووە، کاتێك شنەبایەکی دیموکراسیش هاتبێت، قسەی سیاسی گەورەی کردووە، بەڵام ئەمجۆرە سیاسەتە بێ متمانەیەکی لای هاووڵاتیانی کورد دروستکردووە بەرامبەر بە یەکگرتوو، لەبەرئەوەش بووە، یەکگرتوو جارێك خۆی وەك ئۆپیسیۆن نیشانداوە، کەچی زوو میلەکەی سووڕاندووەو بەشداری حکومەتی کردووە، یان ئەگەر زانیبووبی

---

[١] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:دیمانەی سەلاحەدین بەهادین، سەرچاوەی پێشوو، ل٩١-٩٢.
[٢] - بەختیار عبدالرحمن، یەکگرتووی ئیسلامی لەنێوان ئیسلامیبوون و نەتەوەییبووندا، مەکتەبی بیروهوشیاری (ی. ن. ك) ، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل١٠١.
[٣] - د. هادی عەلی، سەرچاوەی پێشوو.
[٤] - دیمانەیەك لەگەڵ عەبدولرەحمان سدیق، بە ئیمەیل، رۆژی ٢٠١٠/٧/٣٠، سەرچاوەی پێشوو.

کاتەکە لەباربووە، هەڵوێستی سیاسی توند بنوێنێ تەنانەت ئەگەر بەشداریشی لە حکومەتدا کردبێت، جۆرێك لەو هەڵوێستە توندەی نواندووە بەڵام بۆ ماوەیەکی کاتی. تەنانەت " یەکگرتوو لە گەرمەی شەڕی ناوخۆشدا ئەگەرچی وەکو مەبدەء دژی شەر بوو، بەڵام لەجووڵاندنی شەقام دەترسا، چونکە دەیزانیی بارودۆخەکە بەجۆرێك دەشێوێت کە کۆنترۆڵکردنی لەتوانای ئەودا نابێت، ئەمەجگە لەوەی حیسابی بۆ فاکتەری نێودەوڵەتییش دەکرد کەئەوساو ئێستاش بەگومانن لەحزبە ئیسلامییەکان لەناخەوە نەك لەرووالەتدا"[١].

(عەبدولرەحمان سدیق) کە یەکێك لە سەرکردە دیارەکانی ناو یەکگرتوو بوو، پێیوایە "یەکگرتووی ئیسلامی وەك حزبەکانی دیکەی عەلمانیی وئیسلامیی، بەپەیرەوو پرۆگرامیی حزبە ستالینییەکان دەڕۆن بەرێوە، ئەو پەیرەوەش بۆ حزبی شمولیی خاوەن بیرۆکەی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا دانراوە، بۆیە شمولییەت سەرتاپای حزبی تەنیوە" [٢].

یەکگرتووی ئیسلامی لە کاری سیاسی و رێکخراوەیی و جەماوەریدا، متمانەی بە خۆی نییە، تا ئێستا نەیتوانیوە لە هیچ کات و ساتێکدا، جەماوەر بجووڵێنێ و سەرکردایەتی[٣] بکات، لە رووی رێکخراوەیی و رێکخستەناکانییەوە،

---

[١] - هەمان سەرچاوەی سەرەوە.

[٢] -هەمان سەرچاوەی سەرەوە.

[٣] - پێویستە ئاماژە بۆ ئەو خۆپیشاندانە جەماوەرییە بکەین کە لە دوای رووداوەکەی ٢٠١١/٢/١٧ کە لە سلێمانی کەوتەوە، یەکگرتووی ئیسلامی بەشداری لەو خۆپیشاندانانە کرد، بەڵام سەرەتا ترسێکی هەبوو، بە ئاشکرا نەدەچوونە ناو خۆپیشاندانەکەوە، تەنها بزووتنەوەی گۆڕان بە ئاشکرا بەشداری و سەرکردایەتی خۆپیشاندانەکانیان دەکرد، یەکگرتوو، رۆڵی سەرکردایەتیکردنی نەدەبینی، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان بۆ یەکگرتوو وەکو قەلغان وابوو، چونکە لە مێژووی دروستبوونی یەکگرتووی ئیسلامییەوە تا ئەمڕۆ، کوردستان بەردەوام بەنێو قەیرانی جۆراوجۆردا رەت بووە،

گرفتیان زۆرەو لە دوا کۆنگرەی یەکگرتووی ئیسلامیدا، گرفتەکان زەقبوونەوەو داوایـان لە ئەمینـداری گشـتی یەکگرتـوو کـرد، بـوار بـۆ کەسـێکی دیـکە بڕەخسـێنێ بـۆ ئەمینـداری گشـتی[1]، نـاکۆکی لە نێـوان سـەرۆکی مەکتەبـی سیاسـی و ئەمینـداری یەکگرتـوو قـووڵ بـووەوە، کە ئەنجامەکەی بە دەست لە کارکێشانەوەی سەرۆکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو تەواو بوو[2]. لەکاتی دەست لەکـار کێشانەوەکەیشـی وتی:"جیـاوازی فیکـریم هەبـووەو جۆرێـك نارەزاییشـم لە شێوازی چاکسازی و سیستەمی ئیداریدا هەبووە"[3].

"یەکگرتـوو وەك بەشـێك لە ناوەنـدە ئیسـلامییە سیاسـییەکان هێشـتا راو رای جیاواز و رەخنە دیاردەیەکی نـامۆیەو بە چاوی گومـان و ترسـەوە سـەیری راو بۆچوونە نوێ و جیاوازەکان و هەمـوو داهێنانێکی نوێ دەکرێت، وەك دەرچـوون لە ئـایین و بنەماکـانی مـامەڵەی لەگەڵـدا دەکرێـت و راسـتەوخۆ خـاوەنەکەی بەلاوازی دینداری و دەرچوون لە راو بۆچـوونە دەق پێـوە گیراوەکـان تۆمـەتبـار دەکرێت"[4].

لەنـاو یەکگرتـووی ئیسـلامیدا هـیچ کەسـێك جـورئەت ناکـات بیـرو راو بۆچوون و پێشنیازی نوێ پێشکەش بکات[5].

سـەرکردایەتی یەکگرتـوو، سیاسـەتی موراعـاتکردنی هاوسـەنگییەکەو بەرەنگـارنەبوونەوەی واقـیعەکەی هەڵبـژارد، هەر ئەوەش بـوو زەمیـنـەی

---

کەچی نەیانتوانیوەخەڵك سازو ئامادە بکەن بۆ خۆپیشاندان.ئەمە یەکەمجارە لە مێژووی یەکگرتووی ئیسلامی کە بەشدارێکی ئاشکرای خۆپیشاندانەکان بکەن، دژی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی.

[1] - بڕوانە: رۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (٦٣٠) ، یەکشەمە، ٢٠١٠/٥/٢٣، ل٥.

[2] - بڕوانە: رۆژنامەی هەولێر، ژمارە (٨٣٦) ، رۆژی ٢٠١٠/٨/١، ل٩.

[3] - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[4] - د. هادی عەلی، سەرچاوەی پێشوو.

[5] - هەمان سەرچاوەی سەرەوە.

سازکرد بۆ ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی کە خودی یەکگرتوو باجی گەورەی دا[1].

**سێیەم: ئایندەی دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا**

دەسەڵات، واتا هێز، کە دەوڵەت دوای ئەوەی پاساوی شەرعییەت وەردەگرێت پێڕەوی لێدەکات و، شەرعییەتەکە بەکاردەهێنێت، بێگومان ناتوانین لە دەسەڵاتی دەوڵەت و یاساکانی و گرنگییەکەی بکۆڵینەوە، ئەگەر بەو کۆمەڵگایەی نەبەستینەوە کە فەرمانڕەوایی بەسەردا دەکرێت. چونکە "کۆمەڵگا بزوێنەری بنچینەییە بۆ سەرهەڵدانی دەوڵەت و جێگیربوون و گەشەپێدان و بەردەوامبوونی"[2].

دەسەڵات لە بنەڕەتدا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام رووکارێکی سیاسی هەیە، هەر بۆیە "دەسەڵات لە زانستی کۆمەڵناسی سیاسیدا، زادەی سەرهەڵدانی کۆمەڵگەو بنەماو کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانێتی، کە دواتر لە میانەی کارلێککردن و کۆنتاککردنی دیاردەکانەوە، دەسەڵات لە بەرگی سەپاندن و سزادان و بڕیاردانـدا، دێتە ئاراوە، بەڵام هەم کاریگەری لەسەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە دادەنێت، هەمیش پێیانەوە کاریگەر دەبێت" [3]. بەڵام "دەسەڵات مانای ئەوە نییە کۆمەڵگە خاوەنی دەوڵەتی خۆیەتی، تا دەوڵەتیش لە کۆمەڵگەدا بوونی نەبێت، ناتوانین وێنەی کۆمەڵگەی بێ

[1] - هەر ئەو سەرچاوەیەی سەرەوە.
[2] - د. احسان محمد الحسن، علم الاجتماع السياسي، مصدر نفسه، ص١٢٣.
[3] - پەرژین تەها رەحمان و ئەوانی تر، پەیوەندی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن لە سیستەمی دیموکراسیدا، گۆڤاری رۆشنگەری، ژمارە ٢٧، زستانی ٢٠١٠، ل١٧٩.

دەوڵەت بکەین، چونکە دەوڵەت توانستی هەر کۆمەڵگەیەك نیشاندەدات"[1]. بە بۆچوونی (ڕێمۆن ئارۆن) [2] "دەسەڵات بریتییە لە توانا و هێزی سەپاندن و ناچارکردنی ئەوانی دی کە بە بڕیارەکان رازی ببن، ئەو بڕیارانەی کە خزمەت بە گشتی خەڵك دەکات و، ئەوانەشی کە خزمەت بە دەسەڵات و مانەوەی دەسەڵاتداران دەکات"[3]. ( ماکس ڤیبەر) یش لە بەرهەمە بەناوبانگەکەیدا (ئابووری و کۆمەڵگە) "دەسەڵات و شەرعییەتی دەسەڵاتی بەسەر (٣) جۆردا دابەش کردووە کە یەکەم:دەسەڵاتی (نەریتی-تەقلیدی) یە کە پێوەستەبە باوەڕێکی تۆکمە بە پیرۆزایەتی نەریتی (ئەزەلی - Herrschaft) واتا شەرعییەتی پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو کەسانە بوو کە بە پێی ئەو نەریتانە دەسەڵاتی خۆیان سەپاندووە، دووەم: دەسەڵاتی کاریزماتیك (Charismatic authority) ئەمەش دەرهاویشتەی پیرۆزایەتیی تایبەتی و ناوازەیی کەسی فەرمانڕەواو تایبەتمەنییەکەیەتی، سێیەم:دەسەڵاتی ئەقڵانی و ئاوەزمەندانە (Rational authority) ئەمەش لەسەر بناخەی دیسپلینی یاسایی وەستاوە "[4].

---

[1] -بيار كلاستر، مجتمع اللا دولة، تعريب وتقديم:د. محمد حسين دكروب، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ط٣، ١٩٩١، ص١٨٦

[2] -ڕێمۆن ئارۆن (١٩٠٥-١٩٨٣) خاوەنی کتێبی (شەڕو ئاشتی نێوان نەتەوەکان) ە کە لە ساڵی ١٩٦٠- ١٩٦١ نووسیویەتی،، لەژێر کاریگەری مامۆستاکەی (ماکس ڤیبەر) دابوو، لەلایەکی تریشەوە گرنگی بە چەمکی مەعریفی (ألبيستمولوجي) دەداو لەو بارەوە خاوەنی نووسینە بەناوبانگەکەی (پێشەکییەك بۆ فەلسەفەی مێژوو) بوو. دوا کتێبی ئارۆن (ساڵە دواییەکانی سەدە- سنوات القرن ألأخيرة) بوو. بڕوانە:فرانسوا شاتليه وأخرون، مصدر نفسه، ص٦٦-٦٩.

[3] -پەرژین تەها رەحمان و ئەوانی تر، هەمان سەرچاوەی پێشوو. ص١٨٠.

[4] -عەتا جەمالی، ماکس ڤیبەرو چەمکی دەسەڵات، گۆڤاری رۆشنگەری، ژمارە (٢٨) ، سەرچاوەی پێشوو. ل٣٦٢.

"دەسەڵاتی سیاسی، جا ئەو دەسەڵاتە بۆ کۆمەڵگا بێت یان بۆ دەوڵەت بێت، گرنگ و پێویستە، ئەم پێویستییەش لە لایەن هاووڵاتیانەوە بە پرسی (رازیبوون) بەستراوەتەوە لەبەردەم دەسەڵاتی سیاسیدا"[1]، بەو مانایە "دەسەڵاتی سیاسی بریتییە لە پەیوەندییە دەروونییەکانی نێوان ئەوانەی دەسەڵاتەکە پێڕەو و پیادە دەکەن، هەروەها ئەوانەیش کە دەسەڵاتەکەیان بەسەردا پێڕەوو پیادە دەکرێت"[2]. بەمجۆرە "دەسەڵاتی سیاسی بریتییە لە پێڕەو و پیادەکرنێك کە کاریگەری بەسەر ئەوانیتردا دەکات. بەڵام باشتر وایە ئەو کاریگەرییە لەسەر بنەمای هۆکاری رازیبوون بێت، بۆئەوەی ئەو کاریگەرییە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە وەربگرێت و پشتئەستوور بێت بە بڕواو قەناعەت و دڵسۆزی و خۆشەویستی گرنگیپێدانی"[3].

لەم روانگەیەی سەرەوە (هیوم) بۆچوونی وایە دەسەڵات جگە لە "گوتەی خود" هیچیدیکە نیە، هەروەها دەسەڵات شتێکی بەڵگە نەویست نیە بەڵکو گریمانەیەکەو پێویستە بوونی خۆی بسەپێنێ، دیسان دەسەڵات سیفەتێکی پەیوەندار نیە بە تاکەکان بەڵکو وەکو دەردەکەوێ سیفەتێکە راستەوخۆ پەیوەندی بە سروشتێکی پەیوەنداری بنەڕەتەوە هەیەو توانای بەرهەمهێنانی کاریگەری لە ناو خودی خۆیەوە بۆ کەسەکان و شتەکانی دەورو بەرییەوە هەیە، بە گشتی بەوەش ناسراوە کە هێزێکی کارایە لە بەرهەمهێنانی کاریگەرییەکانی بە سەر دەورو بەر. لەمبارەیەوە (م. ج سمیپ)

---

[1] -د. شيرزاد أحمد النجار، دراسات في علم السياسة، أربيل، ٢٠٠٤، ص٢٠٦.

[2] -د. شيرزاد أحمد ألنجار، مصدر نفسه. ص٢٠٦. مأخوذة من دراسة: طارق الكسار، دراسة في مفهوم السلطة السياسية (لێکۆڵینەوەیەك لە چەمکی دەسەڵاتی سیاسی) ، دراسة منشورة في مجلة:العلوم القانونية والسياسية (كلية القانون والسياسة-جامعة بغداد) المجلد العددان:١، ٢، ١٩٨٤، ص٢٥٥

[3] - د. شيرزاد أحمد ألنجار، مصدر نفسه، ص٢٠٧.

ئەمە بەوردی روونتر دەکاتەوەو دەڵێ "دەسەڵات بریتیە لە توانایەکی کاریگەر کە رەنگدانەوەو جێ پەنجەی خۆی بە سەر کەسەکان و بە سەر زنجیرەی شتە خوازراوەکانەوە لەوپەڕەوە بۆ ئەو پەڕ لە ناویشیاندا قەناعەت پێهێنانی بەزۆرەملێ بەجێدەهێڵێ"[1].

لەلایەکی دیکەوە (ماکس ڤیبەر) دەڵێ "دەسەڵات بریتیە لە بەخشندەیی یاخود دەست بڵاوییەکی رووت بۆ بەرامبەرەکانی کە دواتر لە توانایدایە لە میانی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو ئەو دەسەڵاتەی کە خۆی خواستیەتی ئاراستەی بکات"[2].

هەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆیی تەنانەت کۆمەڵگای سەرەتاییش بە شێوەیەك لە شێوەکان دەسەڵاتی ناسیوە، هەرلێرەوە بەر لە پشکنینی شێوەو خاسێتەکانی دەشێ لەو دەسەڵاتە بکۆڵدرێتەوە کە بە قەدەر ئەو ئەنجامانەی بە دەستی هێناون، لەبنەرەتدا بۆ خزمەتکردنی بونیادنانی کۆمەڵایەتی بووەو نەیشیتوانیوە هەمیشە راستەوخۆ دەست بخاتە ناو نەریتە یاساییەکان و بنەما گشتییەکان. بۆیە (لۆسی میر) دەڵێ " هیچ کۆمەڵگایەکی مرۆیی نەبووە بەشێوەیەکی خۆکرد رێز لە بنەماکان بگرێ"[3]. زیاتر لەمەش"هەموو کۆمەڵگەیەك دەتوانێ لە میانی پرۆسەی زەمەن هاوسەنگییەکی لە یەکچوو و لە یەکنزیك بە دەست بێنێت، بەشێوەیەك دواجار دەتوانێ خۆی لە هەموو بیروبۆچوونەکانی پێشووتری رزگار بکات، ئەمەش ئەگەرێکە بەلای زانایانی

---

[1] - جورج بالانديه، ألأنثروبؤلوجيا السياسية، مصدر نفسه، ص٥٣-٥٤.

[2] - سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤.

[3] - هەمان سەرچاوەی سەرەوە.

ئەنترۆپۆلۆژیاوە هەڵگەڕانەوەیەکی ئاسایی و دانپێنراوە کە ژینگەی کۆنیش دەگرێتەوە"[1].

بەمشێوەیە "ئەرکی دەسەڵات بریتیە لە بەرگریکردنی کۆمەڵگا لەو لاوازییە تایبەتەی رووبەڕووی دەبێتەوە یاخود راستتر بڵێین "بریتیە لە پاراستنی دەوڵەت، بە مەرجێك هیچ دژ بە یەکبوونێك لە نێوان ئەو شتانەی هەموار دەکرێنەوە لەگەڵ بنەما بنەڕەتییەکان روو نەدات"[2].

بەڵام دەبێت ئەو راستیە بزانین "نابێت دەسەڵات بوونی خۆی لە میانی سەپاندنی بەزۆرە ملێ بسەپێنێ، بەڵکو بوونی ئەو و هاتنە ناوەوەی بۆ گۆڕەپانەکە لە میانی حوکمێکی رەسەن و پاکەوە دەبێت، بۆیە لە سەریەتی پشت بە هەموو ئەولەویاتە رەسەنەکانی کۆمەڵگا ببەستێ بۆ پاراستنی هاوکاریە ناوخۆییەکان و نوێکردنەوەیان، هەر یەك لە تقوسە دینی و بیروباوەڕەکان و ئاهەنگ و تەواوی ئەو نوێکاریانەی دیکە کە بەشێوەی دەوری بە سەر کۆمەڵگادا دێت و هەموو رێککەوتنەکانی کۆمەڵگاش لە ناویشیاندا حوکمەکانی بیرۆکرات، دەکرێ ناویان بنێین کەرەستەکانی کاری سیاسی و چەمکگەلێك کە ئاراستەی دەسەڵات دەگرنە بەر"[3].

میشیل فۆکۆ کە دێتە سەر باسی دەسەڵات دەڵێت"ئەوەی گرنگە ئەوەیە (دەسەڵات چۆن کار بکات)، لێکۆڵینەوەی (دەسەڵات چۆن کار بکات) واتا لە لایەك هەوڵدانێکی دیاریکراوە بۆ ئەو میکانیزمانەی لە نێوان نیشانەکاندایە یان دیاریکراوە، لە لایەکی دیکەیشەوە بنەماو رێساکانی یاساکان بە شێوەیەکی رواڵەتی بۆ دەسەڵات سنووردارو دیاریکراوە، شوێنەواری راستی کە دەبێت

[1] - هەمان سەرچاوەی سەرەوە.
[2] - هەمان سەرچاوەی سەرەوە.
[3] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.

دەسـەڵات بەرهەمیبهێنێت و پێـی هەڵبسـێت، واتـا بە رۆڵـی خـۆی راسـتی یاوەری دەسەڵاتە، کەواتا لێرە ئەم سێگۆشەیەمان بۆ دەبینرێت:دەسەڵات، یاسا، راسـتی. لە تێکـڕای ئەمـانەدا دەڵێین، پرسـیارێکی تەقلیـدی لە فەلسـەفەی سیاسـیدا هەیە، کە دەکرێـت بەمشـێوەیە بیخەیـنە روو، ئەو رێسـاو بنەمـا یاساییانە چین کە دەسەڵاتی پێ هەڵدەسەنگێنرێت لە پێناوی بەرهەمهێنـانی گوتـارێکی راستەقینە یـان گوتـارە راسـتەقینەکان"[1]. پاشـان دەڵێـت" دەسـەڵات نـاتوانێ پیـادەی دەسـەڵاتەکەی بەسـەرماندا بکـات، ئەگەر بـۆ بەرهەمهێنـانی راستییەکان نەبێت، ئەمەش بەسەر هەمـوو کۆمەڵگاکانـدا پێڕەو دەکرێ، بەڵام لەو بـڕوایەدام ئەو پەیوەنـدییانەی نێـوان دەسـەڵات و یاسـاو راسـتی، دەبێت بە شێوەیەکی زۆر تایبەت رێکبخرێت"[2].

نابێـت وا لێکبـدرێتەوە، کە دەسـەڵات زاڵبـوونی تـاکێکە بەسـەر کـۆمەڵە خەڵکێك، یان زاڵبـوونی کۆمەڵە کەسێکە بەسـەر کۆمەڵە کەسێکی تـردا، یـان زاڵبوونی چینێکە بەسەر چینەکانی تردا، بەڵکو پێویستە بزانین کە دەسەڵات، شـتێك نیـیە بتـوانرێ دابەشـی بکەیـت لەنێـوان ئەوانەی دەسـەڵاتەکەیان بەدەسـتەوەیە، لەگەڵ ئەوانەی بەدەسـتیانەوە نیـیە، لە نێـوان ئەوانەی پیـادەی دەسـەڵاتەکە دەکەن و ئەوانەیـش کە ملکەچـن بـۆی، پێمـوایە دەبێت دەسـەڵات بڵاوبووبێتەوە بەناو هەمـوو کۆمەڵگەداو دەستاودەستیش بکرێت، نابێت تەنهـا لە دەستی یەك کەسدا بێت، واتـا نابێت ئاوەهـا بیکـاتە مـوڵکی خـۆی وەك چـۆن سامـان و موڵك کە هی خۆیەتی، دەسەڵات لە تۆڕێکدا پیادە دەکرێت، کە ئەو تۆڕە خەڵکێکی تێدایە لە ملکەچەکـان و خەڵکێکیشی تێدایە لە دەسـەڵاتدار،

[1] - میشیل فۆکۆ، یجب الدفاع عن المجتمع (پێویستە داکۆکی لە کۆمەڵگە بکرێت) ، ترجمة وتقدیم وتعلیق:د. الزواوي بغوره، دار الطلیعة للطباعة والنشر، بیروت، ٢٠٠٣، ص٤٩-٥٠.
[2] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠.

دەسەڵات بە هۆی تاکەکانەوە دەگوازرێتەوە، پێویست ناکات وادابنێی کە تاك جۆرێکە لە نەهامەتی و ئاژاوەگێڕی و بەسەریدا جێبەجێبکەیت، نابێت هیچ کات ئەوەمان لە بیر بچێت، کە دەسەڵات بەهۆی تاکەکانەوە دەگوازرێتەوە، کە پێکیانهێناوە[1].

بەگشتی لە لای بالاندییە "نهێنی و شارەوەکانی دەسەڵات کەمتر نین لە شتە ئاشکراکانی، ئەمەش وەکو پێویستیەکی ژیانی هەموو کۆمەڵگایەك دەردەکەوێ و گوزارشت لەو زۆرە ملێیانە دەکات کە ژیان بە سەر تاك دەیسەپێنێ و لەو میانەیشدا تاك بە ئازادیەکی زۆرلێکراو بەشێك لە پیرۆزی لە ناو ناخی خۆیدا دەشارێتەوە. بەو شێوە توانای تاك بە سەر زۆرلێکردن زۆر گەورەیە بە پلەیەك کە دەتوانێ ببێتە مەترسی بۆ ئەوانەی دەیانەوێ ملکەچی بکەن"[2].

"فێڵی گەورەی دەسەڵات ئەوەیە بەرهەڵستی ودژایەتی خودی خۆی بکات بۆ بەهێزکردن و پتەوکردنی کردەوە عەمەلیەکانی"[3]. ئەمە لەکاتێکدا "سیستەمی کۆمەڵایەتی گونجاو، ئەو سیستەمەیە کە پشتگیری لە جیاوازییە سروشتییەکان دەکات"[4]. چونکە خودی "هزری تێگەیشتن لەسەر گرنگیدان بە ناوەرۆکی رەفتار چڕ دەبێتەوە، نەك لەسەر بونیادی شێوەیی"[5].

ئایندەی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا، پێوەندی بە دووخاڵی گرنگەوە هەیە، یەکەمیان:ئۆپۆزیسیۆن تا چ ئاستێك لە گەشەکردن و بەرفراوانبووندایە،

---

[1] - لمزيد من المعلومات، أنظرميشيل فوكو، مصدر نفسه، ص٥٤.
[2] - جورج بالانديه، مصدر نفسه، ص٥٨.
[3] - مصدر نفسه، ص٦١.
[4] - د.علي ليلة، ماكس ڤيبر والبحث المضاد في اصل الرأسمالية المعاصرة، ألأسكندرية، المكتبة المصرية للطباعة والنشر والتوزيع، ٢٠٠٤، ص٣٩.
[5] - مصدر نفسه، ص٢٠.

واتا ئایا دابڕانێك لە نێوان حزبی دەسەڵات و خەڵك درووستبووە؟، دووەمیان پێوەندی بە دەستاودەستکردنی دەسەڵاتەوە هەیە، ئایا ئەو دوو حزبە (پارتی و یەکێتی)، ئامادەن لە ڕێگەی سندووقی دەنگدانەوە، دەسەڵات جێبهێڵن؟.

لە وەڵامــدانەوەی ئەم پرســیارانەدا پێویســتدەکات جیــاوازییەك لەنێــوان سیاسـەت و کارگێڕیـدا بکەیـن، چـونکە لەبـواری سیاسـیدا هەردوو حزبـی سیاسـی نەیـانتوانیوە لەگەڵ ڕێکخراوەکـانی کـۆمەڵگەی مەدەنـی و ئـازادی ڕۆژنـامەگەری و.. هتـد هەڵـبکەن. لەبـواری کارگێڕیشـدا بەهەمـان شـێوە، قۆرخکردنی دەسەڵات و بەرفراوانبوونی گەندەڵی درێژەی هەیە. واتا تا ئێستا هەردوو حزبــی دەســەڵات نەیــانتوانیوە چاکســازی سیاســی و چاکســازی کــارگێڕی بە پێـی پێویسـت یـکەن، تـا ئێسـتاش قـۆرخکردنی دەسـەڵات و درێـژەدان بە پێڕەوکردنــی گەنــدەڵی بەردەوامــی هەیە، چــونکە کــارگێڕیی، پێڕەوکردن و پیادەکردنی دەسەڵاتە لەو سنوورەی بڕیـاری لێدراوەو دیـارە، بەڵام سیاسـەت، لە ڕوانـگەی (سـمپ) ەوە، "هەمـوو ئەو پێشـبڕکێ و ململانێیـانەی لەسەر ناوەندەکان دەکرێت دەگرێتەوە، کە ڕێگەی پێدراوە دەسەڵاتەکە بۆسوودی خۆی بەکار بهێنێت"[1].

واتــا "گەنــدەڵی کــارگێڕی خــراپ بەکارهێنــانی دەســەڵاتە بە مەبەسـتی دەستکەوتی مادی بە سوود لەکاتی نائامادەیی دامەزراوەی رامیاری بەکاردا لەتەك لاوازی-چــاودێری کــۆمەڵگەی مەدەنــی، هەروەهــا تێپەڕانــدنێکی ئاشـکرای یاسـاکانەو دەسـتدرێژییە بـۆ سـەر ڕێسـا بەهاییەکـان و پێـوەرە ئەخلاقییەکان"[2].

[1] -لوسي مير، مقدمة في الأنثروبولوجيا الأجتماعية (پێشەکییەك لە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەلایەتی)، ترجمة وشرح:د. شاكر مصطفى سليم، دار الشؤون الثقافية العامة-وزارة الثقافة والاعلام، بغداد، ص١٤٧.

[2] -د. ناسر عوبێد ئەلناسر، سەرچاوەی پێشوو. ل٣٨.

دەسەڵاتی کوردی بە درێژایی مێژوو، لە هەر شوێنێك دەسەڵاتی هەبوو بێت دەسەڵاتەکە لە بەرگی خێڵایەتیدا بووە، ئەم خێڵایەتییەش بووە، بۆتە هۆی ئەوەی ناوی ئەو هەموو راپەرین و شۆڕشانەی کورد لە مێژوودا بەناوی تاکە کەسێکەوەیە، بۆنموونە شۆڕشی شێخ عوبێدوڵلای نەهری، ئیبراهیم خانی دەلۆ، سمایل خانی شکاك، شێخ مەحموودی بەرزنجی، شێخ سەعیدی پیران،......... هتد. خاڵی گرنگی ئەم هۆکارەش ئەوەیە بیری ناسیۆنالیزمی کوردی پێنەگەیبوو، لاواز بوو[١]. ئەوە خاڵی سەرەکی بووە لەوەی لەماوەی (٢٠) ساڵی رابردوودا، دەسەڵاتی کوردی نەیتوانیوە لەژێر هەژموون (هیمنە) ی بەها تەقلیدی و کلاسیکەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی خۆی ئازاد بکات، کۆمەڵگەی کوردی لە کاتێکدا کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵییە، کەچی تا ئێستاش گرنگی بە بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵیی نەداوە.

[١] رەحیم سابیر، کوردۆلۆژی، سلێمانی، چاپی دووەم، ٢٠٠٥، ل٦١-٦٣

# لایەنی مەیدانی

## بەشی نۆیەم: ڕێوشوێنەکانی لێکۆڵینەوەکە

یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە

دووەم: گریمانەی توێژینەوەکە

سێیەم: کۆمەڵگاو نموونەی لێکۆڵینەوەکە

چوارەم: بوارەکانی توێژینەوەکە

پێنجەم: ئامرازی لێکۆڵینەوەکە

**یەکەم : میتۆدی توێژینەوەکە**

یەکێك لە پێویستییە سەرەکییەکانی توێژینەوەی زانستی، بەکارهێنانی میتۆد یاخود چەند میتۆدێکی دیاریکراوە کە لە توێژینەوەکەدا بەکاردەهێنرێت، میتۆدیش ڕێساگەلێکی گشتییە، کە توێژەر بۆ ڕێکخستنی بیروبۆچوون و زانیارییەکانی پێشتیان پێدەبەستێ، لە پێناو گەیشتن بە ئاکامی خوازراو[1].خاڵی سەرەکی لە هەڵبژاردنی هەر میتۆدێکیش بریتییە لە سرووشتی توێژینەوەکەو، خاڵی یەکلاییکردنەوە لە بەرکارهێنانی هەر میتۆدێك و خۆ بەدوور گرتن لە میتۆدێکی تر[2].

میتۆدی توێژینەوەکە بەشێکی گرنگ و سەرەکی توێژینەوەکەی پێکهێناوە، چونکە بەشی تیۆری گەڕان و توێژینەوەیە بۆ گەیشتن بە ڕاستی و پێشخستنی چەمکەکان لە ڕووی تیۆرییەوەو هەوڵێکیشە بۆ بەگشتیکردنی دەرەنجامی توێژینەوەکە، ئەمەش دەتگەیەنێتە تێگەیشتن و مەعریفەیەك دەربارەی ئەو گرفتە دیاریکراوەی کە هەیە. گونجاوتر بوو لایەنە تیۆرییەکەی شیکاری بەراوردکاری بێت و، هەروەها مێژوویی بێت. چونکە میتۆدی

---

[1]- د. عبدالهادي الفضلي، اصول البحث (بنچینەی توێژینەوە) ، دار المؤرخ العربي، ط١، بيروت، ١٩٩٢، ص٥١

[2] - غريب محمد سيد أحمد وعبدالباسط عبدالمعطي، علم ألاجتماع (کۆمەڵناسی) ، دار المعرفة الجامعية، أسكندرية، ١٩٨٥، ص١٧٣.هەروەها بڕوانە: د.معن خليل عمر، مناهج البحث في علم ألاجتماع (مبتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی) ، دار الشروقللنشر والتوزيع، عمان، ١٩٩٦، ص٧٩-٨٠.

شیکاری، دەچێتە نێو بنج و بنەوانی بابەتەکەو بە وردی لێیدەکۆڵێتەوەو دەستنیشانی هەموو خاڵە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکان دەکات، ئەم توێژینەوەیەش تایبەتە بە حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، کە ئاخۆ چ رۆڵێکیان لە چالاککردنی کۆمەڵگە بینیوە؟، بۆیە بە پێویستیشمان زانی گرنگی بە میتۆدی شیکاری-بەراوردکاری بدەین، چونکە ئەم توێژینەوەیە بۆ چوار حزبی سیاسییە، لەیەك کات و قۆناخدا، بۆیە دەبوو بەراوردکاریش بێت، بۆئەوەی دوای ئەوەی شیکردنەوەی زانستی ئەو چوار حزبە دەکەین، پێویستدەکات بەراوردێکیش لەنێوانیاندا بکەین بۆ ئەوەی رووی جیاوازو لێکچووی ئەم حزبە سیاسیانە بدۆزینەوە کە تا چ رادەیەکە؟ بەکارهێنانی ئەم میتۆدە لە زانستی کۆمەڵایەتیدا بۆ ئۆگست کۆنت[1] و ئەمیل دورکایم[2] دەگەڕێتەوە، کە تایبەتە

---

[1] -ئۆگۆست کونت (١٧٩٨-١٨٥٧) لە فەڕەنسا لە دایکبووە، لە تەمەنی ١٩ساڵیدا بووەتە سکرتێری سان سیمۆن، کونت لەگەڵ سان سیمۆن هاوڕا بوو کە مەعریفە بە سێ قۆناخدا رەتدەبێت، قۆناخی لاهوتی، قۆناخی میتافیزیکی، قۆناخی واقیعی (الوضعية) ، کونت لەو بڕوایەدابوو، مرۆڤ کە زانستی دۆزیوەتەوە پێویستە بەشدارییەکی کارا لەو پرۆسەیەدا بکات کە بۆ خزمەتکردنی پرۆسەی بونیادنانەوەو رێکخستنی کۆمەڵگەیە. لەو بڕوایەشدا بوو، پێویستە دیاردەکۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی زانستی و بابەتی لێیانبکۆڵدرێتەوە. بەڵام ئەو رێگایانەی بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان و داڕشتنی تیئۆرییەکان، بەکار دەهێنرێن، ئەوا فرە لایەن و رێگایە، گرنگترینیان، رێگای تێبینی و ئەزموونگەری و بەراوردکاری و مێژووییە. بەناوبانگترین کتێبی لەو بارەیەوە فەلسەفەی واقیعی (الفلسفة الوضعية) کە لە ساڵی ١٨٥٣ أ. ج. مارتینیو کردوویەتی بە ئینگلیزی. ڕوانە: احسان محمد الحسن، موسوعة علم الاجتماع (مەوسوعەی کۆمەڵناسی) ، بيروت، الدار العربية للموسوعات، ١٩٩٩، ص ١٠٧-١٠٨.

[2] - ئەمیل دۆرکایم (١٨٥٨-١٩١٧) لە باشووری رۆژهەڵاتی فەرەنسا لە خێزانێکی مامناوەندی لەدایکبووە. دوای ئەوەی لە فەرەنسا خوێندنی مامۆستایەتی تەواوکردووە، رووی کردۆتە ئەڵمانیا بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵاو لەوێش ئابووری و فولکلۆرو ئەنترۆپۆلۆجیای شارستانی خوێندووە. لە بەهۆی هەواڵی کوشتنی کوڕە تاقانەکەی لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا، تووشی سەدمەیەکی گەورە بووەوە چونکە داینابوو کوڕەکەی ببێتە میراتگری زانستەکەی بۆیە لە ١٩١٧/١١/١٥ دۆرکایم کۆچی دوایی کرد. هەندێك لە بەناوبانگترین کتێبەکانی ئەمانەن:دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی (١٨٩٣) ، رێساکانی میتۆدی کۆمەڵناسی (١٨٩٥) ، خۆکوشتن (١٨٩٧) ، گرفتە سەرەتاییەکانی

بۆ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یان کۆمەڵایەتی- سیاسی دیاریکراو کە لە کات و ماوەی جیاوازدا روودەدات، یان بەراوردکردنی دیاردەیەکە لە چەند کۆمەڵگەیەکی جیاواز روودەدات، بەڵام لە یەك قۆناخی دیاریکراو[1]. هەروەها بەکارهێنانی میتۆدی مێژوویی و رووپێوی کۆمەڵایەتیشمان پێویست بوو، چونکە کاتێك باس لە حزبە سیاسییەکانی کوردستان دەکەین، بەتایبەت ئەو چوار حزبە سیاسییەی لەم توێژینەوەیەدا بە نموونە وەرگیراون ( پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حزبی شیوعی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامی )، هەموویان پێشینەیەکی مێژوویی خۆیان هەیەو پێویستی بەو میتۆدە دەکرد، چونکە میتۆدی مێژوویی لەسەر توێژینەوەی رابردوو (الماضی) چڕ دەبێتەوە، بەمەبەستی تێگەیشتن لە ئێستاو پێشبینیکردن لە ئایندەو بەکارهێنانی ئەو لێکۆڵینەوانەی ئێستا لە رێگای دیاردەو رووداوەکان و لێکدانەوەیان بە گەڕانەوە بۆ بنچینەی پرسەکەو دیاریکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی دەخرێنە روو[2]. لەبەرئەوەی توێژینەوەکەمان فۆڕمی راپرسی هەیەو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی لەخۆگرتووە، ئەوەش پێویستی بە میتۆدی رووپێوی کۆمەڵایەتی هەبوو.

---

ژیانی ئایینی (١٩١٢) ، پەروەردەو کۆمەڵناسی (١٩٢٣) ، کۆمەڵناسی و فەلسەفە (١٩٢٤) ، پەروەردەو ئەخلاق (١٩٢٥) ، سۆسیالیزم (١٩٢٨) ، زۆری دیکە. بڕوانە: احسان محمد الحسن، موسوعە علم الاجتماع، مصدر نفسه، ص ٨٦-٨٧.

[1] - د. یوسف بريك، مناهج البحث في علم الاجتماع (میتۆدەکانی توێژینەوەی کۆمەڵناسی) ، منشورات جامعة دمشق، دمشق، ١٩٩١، ص٢٢.

[2] - د. ربحي مصطفى عليان ود. عثمان محمد غنيم، مناهج وأساليب البحث العلمي-النظرية والتطبيق (میتۆدەکان و شێوازەکانی توێژینەوەی زانستی) ، عمان، دار الصفاء للنشر والتوزيع، ٢٠٠٠، ص٣٧.

دووەم: **گریمانەی توێژینەوەکە**

گریمـانە بە شـێوەیەکی گشـتی بـریتییە لە مەزەنـدە بـۆ لێکـدانەوەیەکی پێشـبینیکراو کە بەیـارمەتی گرێدان و بەسـتنەوەی هۆکارەکـان بەئەنجامـدەری هۆکارەکـان (المسـبب)، لێکـدانەوەیەکی کـاتییە بـۆ گـرفتەکە یـان دیـاردە دیراسـەتکراوەکە، واتـا گریمـانە بریتییە لەوەی کە تـوێژەر وای بـۆ دەچێت وەك چارەسەرێکی لەتوانادابوو، لەوانەشـە بۆ کێشـەی تـوێژینـەوەکە ببێت[1]. گریمـانە زۆر جار جۆرێك لە بەگشتیکردن (التعمیمات) یان پێشـنیار وەردەگرێت، کە بە شێوەیەك دارێژراوە و یەکخراوەو رێکخراوە پەیوەندییەکان دیاردەکات کە تـوێژەر هەوڵدەدات بەهۆیەوە چارەسەری گرفتەکە بکات[2].

گریمـانە بـریتییە لە بۆچـوونێکی سـەرەتایی بـۆ لێکـدانەوەی دیـاردەکە، ئەمەش بە رێکەوت پوختە نابێت، بەڵکو پێویستی بە پرۆسەیەکە چەندین جۆر گریمـانەت بـۆ دەردەخـات بـۆ زانینـی زیـاتری گـرفتەکە بە هەمـوو دۆخەکەی دەوروبەریـیەوە، دروسـتی لە دارشـتنی گریمـانەش پرۆسـەیەکی داهێـنەرانەیەو یەکێك لە کۆڵەگە سەرەکییەکانی کاری توژینەوەی زانستییە[3].

لایەنـی مەیـدانی ئەم تـوێژینەوەیە، دوو تەوەری سـەرەکی گرنگـی بەخـۆوە گرتووە، کە یەکێکیـان حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانە ئەوی تریشیان کـۆمەڵگەی چـالاکە. حـزبە سیاسـییەکانی رۆژهەڵات بەگشـتی رۆڵێکـی تەندروسـتیان لە ئەکتیڤکردنـی کۆمەڵگەکەیـان نەبینیـوە، بە پـێچەوانەی حـزبە سیاسـییەکانی رۆژئـاوا، کە هەر لە دامەزرانـدن و دروسـتبوونیانەوە، بـوونە

---

[1] - مصدر نفسه، ص٦٩.
[2] - مصدر نفسه، ص٦٩-٧٠.
[3] - مصدر نفسه، ص٧٠.

هۆكاری گرنگ بۆ فەراهەمكردنی دیموكراسی و دەرخستنی جیاوازییەكان و بەرەو پێشەوەبردنی كۆمەڵگاكەیان.

به لێكدانەوەمان بۆ ئەو (٢٠) ساڵەی كە حزبە سیاسییەكانی هەرێمی كوردستان رۆڵی دەسەلاتی كوردی دەبینن لە هەرێمەكەماندا، گریمان دەكەین:

١- حزبە سیاسیەكانی هەرێم رۆڵی بە دیموكراسیكردن و چالاككردنی كۆمەڵگەی كوردستانییان نەبینیوە.
٢- حزبە سیاسیەكانی هەرێم نەیانتوانیوە لەگەڵ سەردەم خۆیان نوێبكەنەوە.
٣- حزبە سیاسییەكانی هەرێم بەرژەوەندییە گشتییەكانیان بە قوربانی بەرژەوەندییە تایبەتییەكانی خۆیان كردووە.
٤- حزبە سیاسییەكانی هەرێم، لەماوەی (٢٠) ساڵی رابردوودا، نەیانتوانیوە هاوكاری حكومەت بن بۆ پێشكەشكردنی كارە خزمەتگوزارییەكان بەشێوەیەك، كە جێی رەزامەندی خەڵك بێت.
٥- عەقڵیەتی خۆسەپاندن لەنێو حزبە كوردستانییەكانی هەرێمی كوردستاندا زاڵە.
٦- حزبە سیاسییەكانی هەرێم، نەیانتوانیوە كۆمەڵگەی كوردی چالاك بكەن، بەشێوەیەك پشت بەخۆی ببەستێت.

**سێیەم: کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوەکە**

کۆمەڵگای توێژینەوەکەمان بریتییە لە هەرێمی کوردستان، واتا هەموو تاکەکان بە چاوپۆشیکردن لەوەی ئینتیمای حزبیان هەیە یان نیانە.نموونەی توێژینەوە، نموونە Sample بریتییە لە بەشێکی گرنگ لە کۆمەڵگەی سەرەکی توێژینەوەکە، کە بە پێی ڕێساو یاسای زانستی دیاریدەکرێت، بۆئەوەی بە شێوەیەکی راست نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بکات[١]. هەروەها نموونە ئەو بەشە ڕەمەکییە یان ئەو مەبەستدارەیە، کە توێژەر لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی وەریدەگرێت، کە زانیارییەکان لێی وەردەگرێت و دەرئەنجامەکانیش دەردەهێنێت[٢].

نموونەی توێژینەوەکەمان، نموونەی ڕەمەکی فرە قۆناخییە، ئەم جۆری نموونەیەمان لەبەر ئەوە هەڵبژارد، چونکە، بە پلەی یەکەم ڕەمەکییە، کە باشتر دەتوانێت گوزارشت لە کۆمەڵگای توێژینەوە بکات و ئەنجامەکانی زۆرتر دەگشتێنرێت، بە پلەی دووەمیش نەبوونی ئاماری ورد ڕێگربوو، چونکە جۆرەکانی دیکەی نموونەی ڕەمەکی وەکوو ڕێکخراو بەکار ناهێنرێن. بۆ وەرگرتنی ئەم نموونەیە پێویستی کرد لە چەند قۆناخێکدا نموونەکە دەستنیشان بکرێت، لە قۆناخی یەکەم، هەرێمی کوردستان وەکوو کۆمەڵگای

---

[١] - د. محمد أزهر سعيد السماك وأخرون، أصول البحث العلمي، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، ١٩٨٦، ص٦١.

[٢] - دينكن ميشيل، معجم علم ألاجتماع، ترجمة:الدكتور أحسان محمد الحسن، مطبعة دار الحرية، بغداد، ١٩٨٠، ص٢٥٧.

توێژینەوەکە وەرگیرا، لە قۆناخی دووەم، هەرێمی کوردستانمان دابەشکرد بۆ پارێزگاکان، دواتر لەسەر ئاستی قەزاکان کە (١٠) قەزایە، لەو قەزایانەش ژمارەیەکی زۆر گەڕەك و دامەزراوەیان تێدایە، چەند گەڕەکێك و چەند دامەزراوەیەکمان بە رەمەکی وەرگرتن و نموونەکەمان لەو گەڕەك و دامەزراوانە وەرگرت. قەبارەی نموونەکەمان وەکوو دەوترێ چەندە قەبارەی نموونە گەورەتر بێت، باشتر دەتوانرێ گوزارشت لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە بکات، بەڵام هەڵبژاردنی قەبارەیەکی گەورەی نموونەش کێشەو گرفتی خۆی هەیە، نموونەی ئەم توێژینەوەیە، قەبارەکەی (٧٥٧) یەکەیە، پێمانوایە، قەبارەیەکی تا رادەیەك گەورەیە لەنێو زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، بە پێویستیشمان زانی، تا رادەیەك قەبارەی گەورە وەربگرین، چونکە نموونەکەی ئێمە لە بابەتی حزبە سیاسییەکاندا دابەش بووەتە سەر خەڵکانی حزبی و نا حزبی، لەنێو هەردوو گرووپیشدا، هەن کەسایەتی حزبە جیاوازەکان پەسند دەکەن، لە حزبە عەلمانییەکانەوە تا حزبە ئیسلامییەکان. بە حزبە چەپەکان و نەتەوەییەکان. لەلایەکی دیکەیشەوە، کۆمەڵگای لێکۆڵینەوەکەمان لە ئایینی جیا جیاو لە نەتەوەی جیا جیا پێکهاتووە، بۆیە هەڵبژاردنی نموونەیەکی بچووك پێمانوابوو، کەمتر دەکرا پشتی پێببەسترێت، چونکە پێمانوابوو، کەمتر ئەنجامی زانستییانەی دەدا بە دەستەوە.

ئێمە بۆ ئەم توێژینەوەیە (٨٠٠) فۆڕمان بڵاوکردەوە، بەڵام دوای گەڕانەوەی فۆڕمەکان، هەندێك فۆڕم کەموکورتی تێدابوو، یان هەندێك پرسیار بە هەڵە وەڵامدرابوونەوە، بۆیە دوای دەستنیشانکردنی ئەو فۆڕمانەی کە کەموکورتیان تێدا بوو، تەنها (٧٥٧) فۆڕم مایەوە.

**چوارەم: بوارەکانی توێژینەوەکە**

- بواری شوێنی: باری شوێنی ئەم توێژینەوەیە، وەك لە خشتەی (١) دا هاتووە، بریتییە لەم (١٠) قەزایەی خوارەوە، هەولێر، کۆیە، سۆران، سلێمانی، هەڵەبجە، رانیە، کەلار، دهۆك، ئاکرێ، زاخۆ.
- بواری مرۆیی: بواری مرۆیی (٧٥٧) یەکە لە هەرێمی کوردستان دەگرێتە خۆی.
- بواری کاتی: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە لە ٢٠١٠/٧/١٥ تا ٢٠١١/٢/١ دەگرێتەوە.

خشتەی (١) بوارەکانی تویژینەوەکە دەخاتە روو

| پارێزگا | ڕێژەی سەدی دانیشتوانی پارێزگاکان بەپێی دانیشتوانی هەرێم | ناوی قەزا | ژمارەی دانیشتووان | ژمارەی یەکەکانی نموونە | % |
|---|---|---|---|---|---|
| پارێزگای دهۆك | 20.9 | دهۆك | ١٨٠.٢٦٨ | ٨٤ | ٤٩.١ |
| | | ئاکرێ | ٧٠.٦٨١ | ٣٥ | ٢٠.٥ |
| | | زاخۆ | ١١٣.٤٦٦ | ٥٢ | ٣٠.٤ |
| | | کۆی گشتی | ٣٦٤.٤١٥ | ١٧١ | ١٠٠ |
| پارێزگای هەولێر | 38.7 | کۆیە | ٥٤.٥٩٦ | ٢٣ | ٨.٢ |
| | | سۆران | ١٠٣.٥٠٨ | ٤١ | ١٥.٣ |
| | | هەولێر | ٥١٥.٥٥٨ | ٢٠٥ | ٧٦.٥ |
| | | کۆی گشتی | ٦٧٣.٦٧٢ | ٢٦٨ | ١٠٠ |
| پارێزگای سلێمانی | 40.4 | کەلار | ٧٣.٩٣٨ | ٣٣ | ١٠.٥ |
| | | رانیە | ١٠٢.٠٩٤ | ٤٦ | ١٤.٥ |
| | | هەڵەبجە | ٤٣.٤٧٣ | ٢٠ | ٦.٢ |
| | | سلێمانی | ٤٨٣.٨٠٩ | ٢٣٩ | ٦٨.٨ |
| | | کۆی گشتی | 703.314 | ٣١٦ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ئاماری ساڵی ٢٠٠٥

**پێنجەم: ئامرازی توێژینەوەکە**

لەم توێژینەوەیەدا پرسیارنامە (استمارە ألاستبیان-Questionnaire) مان بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەکارهێناوە، چونکە پرسیارنامە بۆ توێژینەوەی رووپێوی ئامرازێکی گرنگ و باوی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکانەو هەروەها ئامرازێکی راستەوخۆیە و لە کاریگەرترین کەرەستەکانی کۆکردنەوەی زانیارییە.

لە بنەڕەتدا پرسیارنامەی ئەم توێژینەوەیە، لەسەر بنچینەی توێژینەوەیەکی ئیستتلاعی دارێژراوە، چونکە ناتوانرێت کۆمەڵێك کێشەی کەڵەکەبوو بە یەکەوەو لە یەك کاتدا توێژینەوەیان لە بارەوە بکرێت، بۆیە لەم توێژینەوەیەشدا جگە لە دروستکردنی چەند بڕگەیەکی تایبەت بە کۆکردنەوەی زانیارییە گشتییەکان، لە یەکەکانی نموونەی توێژینەوە لە بارەی (رەگەز، تەمەن، باری کۆمەڵایەتی، شوێنی لەدایکبوون، ئاستی خوێندن، قەبارەی خێزان، جۆری پیشە، داهاتی مانگانە، باری ئابووری ) کێشەکانمان بە شێوەی تەوەر دارشتوون و دابەشی سەر چەندین تەوەری لەیەکجیامان کردوون، وەك (تەوەری دیموکراسی، نوێبوونەوە، حزبی سیاسی، تۆتالیتاریزم) لەگەڵ چەندین پرسیاری دیکەی جۆراوجۆر کە بۆ دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکە گرنگ بوون.

ئەم پرسیارنامەیەمان بەسەر (٨٠٠) کەس لە شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان دابەشکردووە، کە بۆ هەر تەوەرێك وەڵامی پێویستی دراوەتەوە.

لە بارەی راستێتی پرسیارنامەکەشەوە، ژمارەی تەواوی پرسیارنامەکەی ئەم توێژینەوەیە، بریتی بوو لە (٦٩) پرسیار، کە بەسەر (١٣) پسپۆر دابەشکراون، ئەمجۆرە راستێتییە، سادەترین جۆری راستێتی ناوەرۆکە، چونکە ئەمجۆرە راستێتییە، پشت بە بیرۆکەیەکی بابەتی نابەستێت، بەڵکو پشت بە

پێوەرە خودییەکانی پسپۆرانی هەڵسەنگێنەر دەبەستێت. بۆ دڵنیابوون لەوەی تا چەند راستێتی پرسیارنامەکەمان بۆ دەردەکەوێت، تێکرای رازیبوونی شارەزایان و پسپۆران لەسەر بڕگەو تەوەرەکان، گەیشتە٤٧، ٩٣% ئەم رێژەیەش ئاستێکی بەرز نیشاندەدات، بەشێوەیەك کە شیاون بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە، لە پاشکۆکانی ژمارە ( ٢ )، چۆنێتی راستێتییەکە نیشاندراوە.

هەنگاوی دووەمی ئامادەکردنی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری، دەرهێنانی جێگیریی (ثبات) ی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییە دوای دڵنیابوون لە راستێتی (صدق) ەکەی، کە زۆربەی کات پێی بەراورد دەکرێ. لە دەرهێنانی جێگیریی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریشدا، توێژەر پشتی بە رێگەی بەشکردنی نیوەیی (التجزئە النصفیە) بەستووە، چونکە رێگایەکی گونجاوەو کات و تێچوونی کەمتری دەوێت، هەروەها ئاکامی باشتریش بەدەستەوە دەدات. بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر هەڵسا بە ئەنجامدانی پرسە توێژینەوە (دراسە استگلاعیە) یەك تەنها یەك جار لە رێگەی وەرگرتنی (٢٠) یەکە لەوانەی خاوەن بڕوانامەی ئامادەیی بەسەرەوەن لە توێژی جیا جیا وەك نموونەی پرسە توێژینەوە لە شاری هەولێر. راستەوخۆش دوای کۆکردنەوەی داتاکان، بڕگە تاك و بڕگە جووتەکانی هەر فۆڕمێکی لە یەکتری جیاکردنەوە. دواتریش کۆنمرەی هەر یەکێکیان بە جیا دەرهێنا، بە بەکارهێنانی هاوکێشەی پەیوەستی (سپێرمان براون)، دەرکەوت رێژەی جێگیری ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری یەکسانە بە (٧٥%)

لە پاشکۆی (٣) چۆنێتی دەرهێنانی جێگیریی ئامرازی کۆکردنەوەی خراوەتە روو.

# بەشی دەیەم

## خستنە رووی زانیارییەکانی تۆژینەوەکە
## یەکەم: زانیارییە گشتییەکان
## دووەم: زانیارییە تایبەتییەکان

**رەگەز :**

کۆی گشتی ئەو رەگەزانەی وەرمانگرتوون، بریتین لە (٧٥٧) کەس، کە رەگەزی نێر (٥٥١) کەسەو، رێژەی سەدی دەکاتە (٧٢.٧٩) و، رەگەزی مێ (٢٠٦) کەسە، کە رێژە سەدسسەکەی دەکاتە (٢٧.٢١).

خشتەی (٢)

رەگەزی نموونەی توێژینەوە دەخاتە روو

| رەگەز | ژمارە | % |
|---|---|---|
| نێر | ٥٥١ | ٧٢.٧٩ |
| مێ | ٢٠٦ | ٢٧.٢١ |
| کۆی گشتی | ٧٥٧ | ٠ .١٠٠ |

**تەمەن:**

نموونەی توێژینەوەکە بەسەر (٥) دەستەی تەمەندا دابەشبوون، کە ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (١٨-٢٧) ساڵە، نزیکەی (٥٦،٥٤%) نموونەی توێژینەوەیان لێ پێکدێت. ئەوانەشی، کە تەمەنیان لە نێوان (٢٨-٣٧) ساڵدایە، رێژەیان (٢٦.٢٩%)ە. رێژەی (٥٩،٨%) نموونەکەش تەمەنیان لەنێوان (٣٩-٤٧) ساڵیدایە. کەچی ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (٤٨-٥٧) ساڵدایە بە رێژەی (٦٦،٧%) نموونەکە پێکدێنن، ئەوانەشی تەمەنیان لە (٥٨) ساڵ و سەروترە، رێژەی (٩١،٢%) ی کۆی نموونەی توێژینەوەن. لە سەرنجدانی خشتەکەش بەیاردەکەوێ، کە نیوە زیاتری نموونەکە لە توێژی گەنجانن.

خشتەی (٣)

تەمەنی نموونەی توێژینەوە بەساڵ دەخاتە ڕوو

| تەمەن | ژمارە | % |
|---|---|---|
| ١٨-٢٧ | ٤١٣ | ٥٤.٥٦ |
| ٢٨-٣٧ | ١٩٩ | ٢٦.٢٩ |
| ٣٩-٤٧ | ٦٥ | ٨.٥٩ |
| ٤٨-٥٧ | ٥٨ | ٧.٦٦ |
| ٥٨ و سەرووتر | ٢٢ | ٢.٩١ |
| کۆی گشتی | ٧٥٧ | ٠.١٠٠ |

**باری کۆمەڵایەتی:**

خشتەی (٤)باری کۆمەڵایەتی نموونەی توێژینەوە دەخاتە ڕوو

| **باری کۆمەڵایەتی** | ژمارە | % |
|---|---|---|
| خێزاندار | ٤٥٨ | 60.50 |
| ڕەبەن | ٢٨٤ | 37.52 |
| بێوەمێرد | ٨ | 1.06 |
| بێوەژن | ٥ | 0.66 |
| بێ وەڵام | ٢ | 0.26 |
| | ٧٥٧ | ١٠٠ |

سەبارەت بە باری کۆمەڵایەتی نموونەکە، زۆرینەی نمونەکە بەرێژەی (٦٠.٥٠%) خێزاندارن، لە بەرامبەریشدا تەنها رێژەی (٥٢،٣٧%) ی نمونەکە

سەڵتن. ئەوانەشی لەباری کۆمەڵایەتی بێوەمێردی و بێوەژنی دان، بێوەمێرد بە ڕێژەیەکی زۆر کەمن (٠٦.١%)، بێوەژنانیش بەرێژەیەکی کەمتر لەو ڕێژەیە (٦٦.٠%)ی نمونەی توێژینەوە پێکدێنن. لەم بارەیەوە زانیارییەکان لە نێو خشتەی (٤) خراونەتەڕوو.

**ئاستی خوێندن:**

خشتەی (٥) ئاستی خوێندن نموونەی توێژینەوە دەخاتە ڕوو

| ئاستی خوێندن | ژمارە | % |
|---|---|---|
| دواناوەندی | ٢٠٧ | 27.34 |
| پەیمانگا | ١٥٧ | 20.74 |
| زانکۆ | ٣٥١ | 46.37 |
| خوێندنی باڵا | ٤٢ | 5.55 |
| کۆی گشتی | ٧٥٧ | ١٠٠ |

زانیارییەکانی نێو خشتەی خوارەوە (٥) دەریدەخەن، کە زۆرینەی نمونەی توێژنیەوە بەڕێژەی (٣٧.٤٦%) هەڵگری بڕوانامەی زانکۆییین لەبەرامبەر ڕێژەی (٣٤.٢٧%) لە هەڵگرانی بڕوانامەی ئامادەیی. کەچی ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمن بە پلەی سێیەم دێن بەرێژەی (٧٤.٢٠%) ی نمونەی توێژینەوە. بەڵام ئەوانەی کە هەڵگری بڕوانامەی خوێندنی باڵان، کەمترین ڕێژەی نمونەی توێژینەوە بەرێژەی (٥٥.٥%) پێکدێنن.

**قەبارەی خێزان:**

سەبارەت قەبارەی خێزانی یەکەکانی نمونەی توێژینەوە، داتاکانی نێو خشتەی (٦) دەریدەخەن، بەشێ هەرە زۆری نمونەکە قەبارەی خێزانیان لەنێوان (٤) تا (٥) کەس دایە بەڕێژەی (٧٨.٣٠%). بەرێژەیەکی کەمتریش لەو رێژەیە، ئەوانەن، کە قەبارەی خێزانیان (٢) تا (٣) کەسە بەڕێژەی (١٧.٢٤%). ئەم دوو رێژەیەش نیوەی زیاتری نمونەی توێژینەوە پێکدێنن بەڕێژەی (٩٥.٥٤%). ئەوانەشی کە قەبارەی خێزانیان لەنێوان (٦) تا (٧) کەس دایە، بە پلەی سێیەم دین، کە رێژەیان (٣٨.٢٣%) ە لە کۆی نمونەی توێژینەوە. ئەمە و هاوکات لەگەلأ ئەوەی، کە ئەوانەی قەبارەی خێزانیان (٨) تا (٩) کەسە، رێژەیەکی کەمتر لەو رێژانەی سەرەوەی نمونەکە پێکدێنن بەرێژەی (٨٧.١٣%). بەڵام کەمترین رێژەی نمونەکە بەرێژەی (٧٩.٧%) لەوانە پێکدێن، کە قەبارەی خێزانیان (١٠) کەس و بەرەو سەرە. لێرەشدا بەدیاردەکەوێ، کە رێژەی (٠٥.٤٥%) ی نمونەکە ئەو کەسانە لەخۆ دەگرێت، کە قەبارەی خێزانیان لە (٦) تا سەرووی (١٠) کەسە و رێژەیەکی کەمتر لەو یەکانەی نمونەی توێژینەوە پێکدێنن، کە قەبارەی خێزانیان لەخوار (٦) کەسە.

خشتەی (٦)

قەبارەی خێزانی نموونەی توێژینەوە دەخاتە روو

| قەبارەی خێزان | ژمارە | % |
|---|---|---|
| ٢-٣ | 183 | 24.17 |
| ٤-٥ | 233 | 30.78 |
| ٦_٧ | 177 | 23.38 |
| ٨_٩ | 105 | 13.87 |
| ١٠ و زیاتریش | 59 | 7.79 |
| کۆی گشتی | 757 | 100. 0 |

**باری ئابووری:**

باری ئابووری لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەرکەوێت، کە زۆرترین ڕێژە نمونەکە باری ئابوورییان باشە بەڕێژەی (٤٨.٤٨%)، دوای ئەو ڕێژەیەش ئەوانەن، کە باری ئابوورییان مام ناوەندە بەڕێژەی (٤٤،٣٨%). دوای ئەم دوو ڕێژەیەش، ئەوانەی باری ئابوورییان لە ئاستێکی زۆر باشدایە ڕێژەی (٤٠،٧%) ی نمونەکە پێکدێنن، لەبەرامبەر ڕێژەی تەنها (١٧،٣%) ی باری ئابووری خراپ، و ڕێژەی (٣٨،٢) باری ئابووری زۆر خراپی یەکەکانی نمونەی توێژینەوە. ئەوەی جێی سەرنج و هەڵوەستە لەسەرکردنە لێرەدا ئەوەیە، کە بەشی هەرە زۆری نمونەکە ئەو یەکانەن، کە باری ئابوورییان لە مامناوەند تا ئاستی ئابووری زۆر باشە، کە ئاماژەیەکی زۆر پۆزەتیڤە سەبارەت بە ئاستی بژێوی خەڵك لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا.

خشتەی (٧)

باری ئابووری یەکەکانی نموونەی توێژینەوە دەخاتە ڕوو

| باری ئابووری | ژمارە | % |
|---|---|---|
| زۆر باش | ٥٦ | 7.40 |
| باش | ٣٦٧ | 48.48 |
| مامناوەند | ٢٩١ | 38.44 |
| خراپ | ٢٤ | 3.17 |
| زۆرخراپ | ١٨ | 2.38 |
| بێ وەڵام | ١ | 0.13 |
| کۆی گشتی | ٧٥٧ | ٠.١٠٠ |

**پابەندبوون بە ئایین:**

ئایین وەك یەكێك لەو گۆڕاوانەی، كە كاریگەرییەكی لەڕادەبەدەری لەسەر ژیان و جۆری بیركردنەوەی هەمەجۆری خەڵكی بە گشتی و كۆمەڵگە نەریتییەكان بەتایبەتی هەیە بە ژیان و چالاكی سیاسیشەوە. بۆیەش لەم توێژینەوەیەشدا دەبێ پرسی چەندێتی پابەندبوونی نمونەی توێژینەوە بە هەند وەربگیرێ.لەم بارەیەوەش هەروەك لە خشتەی (٨) دا داتاكان خراونەتەڕوو و دەریدەخەن، كە ئەوانەی زۆر پابەند بە ئایینەوە و تا هەر پێ پابەندبوون، بەشی هەرە زۆری نمونەی توێژینەوەكە پێكدێنن بەرێژەی (%٠٧،٩٢)، لە بەرامبەر تەنها رێژەی (%٦١،٦) یان كەم پابەندن بە ئایینەوە. ئەوانەشی كە پابەند نین بە ئایینەوە بەشێكی زۆر زۆر كەمی نمونەكە پێكدێنن بەرێژەی تەنها (%٥٣،٠). ئەوەشی كە جێی سەرنجە لێرەدا ئەوەیە، كە بەشی هەرەزۆری نمونەكە بە هەر ئاستێك بێت پابەندن بە ئایینەوە و دووریش نییە بە هەر چەشنێك بێت ئایین لەو نێوەندەدا رۆڵی خۆی هەبێت.

خشتەی (٨)

ئاست و رادەی پابەندێتی یەكەكانی نموونەی توێژینەوە دەخاتە روو

| پابەند بوون بە ئایینەوە | ژمارە | % |
|---|---|---|
| زۆر پابەندم | ٤٢٩ | 56.67 |
| پابەندم | ٢٦٨ | 35.40 |
| كەم پابەندم | ٥٠ | 6.61 |
| پابەند نیم | ٤ | 0.53 |
| بێ وەڵام | ٦ | 0.79 |
| كۆی گشتی | ٧٥٧ | ٠.١٠٠ |

**ئەندامبوون لەناو حزبی سیاسی:**

سەبارەت بە ڕێژەی ئەندامبوونی یەکەکانی نمونەی توێژینەوە لە حزبە سیاسییەکاندا و بە پێچەوانەوە، داتاکانی نێو خشتەی (٩) دەریدەخەن، کە بەشی هەرە زۆری نمونەکە ئەندام نین لە هیچ حزبێکی سیاسییدا بەڕێژەی (٥٧،٤٥%). لە بەرامبەردا ڕێژەی (٠٦،٣٦%) نمونەکە ئەندامن لە حزبێکی سیاسییدا. ئەوانەشی کە تەنها هەر خۆیان بە دۆست یان لایەنگری حزبێکی سیاسیی دەزانن، ڕێژەی (٣١،١٧%) نمونەکە پێکدێنن، کە ڕێژەیان لە هەردوو ڕێژەی سەرووتر کەمترە. ئەو ئاماژەیەش کە زۆر هەستیارە لێرەدا ئەوەیە، کە زۆرینەی یەکەکانی نمونەی توێژینەوە ئەندام نین لە هیچ حزبێکی سیاسییدا، ڕەنگە ئەمەش پەیوەندی بە شێواز و جۆر و فەزای کاری سیاسی لە لایەك، ململانێی ناعەقڵانی و ئەزموونی تاڵی ساڵانی ڕابردوو و کاریگەرییە خراپەکانی شەڕی ناوخۆلە لایەکی ترەوە هەبێت لە هەرێمی کوردستاندا.

**خشتەی (٩)** ئاستی ئەندامێتی دۆست و لایەنگرانی ن

موونەی توێژینەوە لە حزبی سیاسی هەرێمی کوردستان دەخاتە ڕوو

| ئەندامی لەناو حزبێکی کوردستانی | ژمارە | % |
|---|---|---|
| ئەندامم | ٢٧٣ | 36.06 |
| ئەندام نیم | ٣٤٥ | 45.57 |
| دۆست یا لایەنگرم | ١٣١ | 17.31 |
| کۆی گشتی | ٧٥٧ | ٠ .١٠٠ |

**شوێنی نیشتەجێبوون:**

وەك داتاکانی نێو خشتەی (١٠) لەبارەی شوێنی دانیشتنی یەکەکانی نمونەی توێژینەوە دەریدەخەن، کە بەشی هەرەزۆریان دانیشتووی پارێزگای سلێمانین بەرێژەی (٠١،٤٢%). لە کۆی نمونەی توێژینەوەکەش ڕێژەی (٥٧،٣١%) یان دانیشتووی ناوەندی پارێزگای سلێمانین، ڕێژەی (٠٨،٦%) شیان دانیشتووی قەزای ڕانیەن، لەبەرامبەردا تەنها ڕێژەی (٣٦،٤%) کۆی نمونەکە دانیشتووی قەزای کەلارن.

دانیشتوانی پارێزگای هەولێریش بە پلەی دووەم دێن لەڕووی پێکهێنانی یەکەکانی نمونە توێژینەوە بەرێژەی (٤١،٣٥%). لەو ڕێژەیەش ڕێژەی (٩٥،٢٦%) دانیشتووی ناوەندی پارێزگان، لە بەرامبەردا تەنها ڕێژەی (٤٢،٥%) یان دانیشتووی قەزای سۆرانن. ڕێژەی (٠٣،٣%) کۆی نمونەی توێژینەوەکەش، دانیشتووی قەزای کۆیەن.

کەمترین ڕێژەش لە نمونەی توێژینەوەکە دانیشتوانی پارێزگای دهۆکن بەرێژەی (٥٩،٢٢%)، کە لەو ڕێژەیەش تەنها (١٠،١١%) یان دانیشتووی ناوەندی پارێزگان. کەچی ڕێژەی (٨٧،٦%) یان دانیشتووی قەزای زاخۆن لەبەرامبەر تەنها ڕێژەی (٦٢،٤%) ی دانیشتوانی قەزای ئاکرێ.

ئەو ئاماژەیەش، کە دەتوانرێ لێرەدا هەڵبهێنجرێ ئەوەیە، کە بەشی هەرەزۆری یەکەکانی نمونەی توێژینەوە دانیشتوانی پارێزگای سلێمانین، لەبەرئەوەی ژمارەی دانیشتوانی ئەم پارێژزگایە لە ژمارەی دانیشتوانی هەر پارێزگای هەولێر و دهۆك زیاترە.

خشتەی (١٠)

شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی توێژینەوە بە پێی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان

| پارێزگا | شوێن | ژمارە | % |
|---|---|---|---|
| پارێزگای دهۆك | دهۆك | ٨٤ | ١١.١٠ |
| | ئاکرێ | ٣٥ | ٤.٦٢ |
| | زاخۆ | ٥٢ | ٦.٨٧ |
| پارێزگای هەولێر | کۆیە | ٢٣ | ٣.٠٤ |
| | سۆران | ٤١ | ٥.٤٢ |
| | هەولێر | ٢٠٤ | ٢٦.٩٥ |
| پارێزگای سلێمانی | کەلار | ٣٣ | ٤.٣٦ |
| | رانیە | ٤٦ | ٦.٠٨ |
| | سلێمانی | ٢٣٩ | ٣١.٥٧ |
| | | ٧٥٧ | ١٠٠ |

## دووەم: خستنە رووی خەسڵەتە تایبەتییەکانی نموونەی توێژینەوەکە

### زانیارییە تایبەتییەکان

زانیارییە تایبەتییەکانی بابەتی توێژینەوەکە بەسەر چەند تەوەرێکدا دابەشبوون، زانیاریی هەر تەوەرێك بە جیا دەخەینە روو.

### ١- دیموکراسی:

تەوەری دیموکراسی یەکێکە لەو تەوەرە گرنگانەی کە لە توێژینەوەکەدا هاتووە، وەك لە خشتەی ژمارە (١) یشدا هاتووە، پرسیارەکانی تایبەت بە دیموکراسی، کراونەتە تەوەرێك. توێژەر پشتی بە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو و بەراوردکردنی بە ناوەندی گریمانەکراو و کێشی سەدی [*] بەستووە بۆ پێوانەکردنی بیروبۆچوون و چۆنێتی وەڵامدانەوەی یەکەکانی نمونەی توێژینەوە، کە لە (٧٥٠) کەس پێکهاتووە بەرامبەر بە بڕگاکانی تایبەت بە تەوەری دیموکراسی.

خشتەی ( ١١) دەریدەخات، کە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو بۆ تەوەری دیموکراسی دەکەوێتە نێوان (٣.٢٧-٢.٠١) بە کێشی سەدی نێوان (٨١.٨٠- ٥٠.١٥) لە کاتێکدا، کە ناوەندی ژمێرەیی سەنگگراوی کۆی رەهەند (٢.٨٥) ە گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو بە بەهای (٢.٥). وەك لە هەمان خشتەشدا بەدیاردەکەوێ، کە بەهای ناوەندی ژمێرەیی سەنگگراوی بڕگەی (٧) بریتییە

له (٢.٠١) به كێشی سەدی (٥١.١٥) بچووكترن لەهەردوو بەهای دەرهێنراوی ناوەندی گریمانەكراوی (٢، ٥)، كێشی سەدی (٦٢.٥).هاوكات لە كاتێكدا، كە بەهای ناوەندی ژمێرەیی سەنگكراو و كێشی سەدی سەرجەم بڕگەكانی دیكەی ئەم تەوەرە، گەورەترە لە بەهای ناوەندی گریمانەكراو و كێشی سەدی دەرهێنراو. بۆیە لێرەدا و لە خوێندنەوەماندا بۆ ئەو زانیارییانەی ناو خشتەكە، دەتوانین ئەو ئەنجامە هەڵێنجین، كە بەشی هەرە زۆری یەكەكانی نمونەی توێژینەوە لەگەڵا ئەوەدان، كە مەودای دیموكراسی لە هەرێمی كوردستاندا بەرتەسكە، حزبە سیاسییەكانی هەرێمی كوردستانیش لە ئاستێكی نزمی دیموكراسی و پیادەكردنی دیموكراسیدان، بەتایبەتیش حزبە ئیسلامییەكان، كە بە بۆچوونی زۆرینەی یەكەكانی نمونەی توێژینەوەكە، باوەڕیان بە دیموكراسی نییە.

## تەوەری خشتەی ( ١١)

## تێڕوانینی یەکەکانی نمونەی توێژینەوە سەبارەت بە تەوەری دیموکراسی دەخاتەڕوو

| برگەکان | بەتوندی لەگەڵیدام | لەگەڵیدام | لەگەڵیدانیم | بەتوندی لەگەڵیدانیم | نازانم | ناوەندی ژمێریی سەنگکراو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مەودای دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان بەرتەسککراوەتەوە | ٢٤٧ | ٢٣٤ | ١٤٣ | ٨١ | ٤٤ | 2.92 | 72.94 |
| بڕوانەبوون بە دیموکراسی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات بووە هۆی سەرهەڵدانی فیفتی بە فیفتی لە ١٩٩٢ | ٢٩٢ | ٢٣٣ | ٧٦ | ٥٠ | ٩٤ | 3.18 | 79.45 |
| لەوباوەڕەدام حزبە کوردستانییەکان لە ئاستێکی نزمی دیموکراسیدان | ١٨٧ | ٢٦٩ | ١٣١ | ٩٨ | ٥٦ | 2.80 | 69.89 |
| حزبی سیاسی و دیموکرات لە کۆمەڵگەی خێڵەکی و دەرەبەگیدا دروست نابێت | ٢٤٥ | ٢١٢ | ١٢٧ | ٨٤ | ٧٦ | 2.93 | 73.13 |
| قۆرخکردنی دەسەڵات و دەستگرتن بەسەر ئیمتیازاتەکاندا هۆکاری سەرەکی شەڕی ناوەخۆ بوو | ٣١٩ | ٢٥٤ | ٧١ | ٣٢ | ٧٤ | 3.27 | 81.80 |
| حزبە ئیسلامییەکان لە بنەڕەتدا بڕوایان بە دیموکراسی نییە | ٢٠٨ | ٢١٧ | ١٤٤ | ٧٦ | ١٠٦ | 2.86 | 71.59 |
| شێوازی دابەشکردنی دەسەڵات لە لایەن حزبەکانەوە دیموکراسیانە بووە | ٦٢ | ١١٩ | ٢٤٠ | ٢٣٩ | ٥٤ | 2.01 | 50.15 |
| کۆی گشتی | ١٥٦٠ | ١٥٣٨ | ٩٣٢ | ٦٦٠ | ٥٠٤ | ٢.٨٥ | ٧١.٢٨ |

هەروەها زۆرینەیان پێیانوایە، کە لە کۆمەڵگای خێڵەکی و دەرەبەگایەتیدا حزبی سیاسیی دیموکراسی دروست نابیَ، کە کۆمەڵگەی کوردستانیش یەکێکە لەو کۆمەڵگایانەی، کە تا ئێستا رواڵەتەکانی ژیانی خێڵەکی بەردەوامیان هەیە و بوونەتە بەش و لایەنێکی کارای بەڕێوەبردنی ژیانی تاکەکان، ئەوا ئەستەمە باس لە فەزایەکی شیاو بکەین بۆ فۆرمەلەبوونی حزبی سیاسیی دیموکراسی لە کۆمەڵگایەکدا، کە هێشتا عەقڵیەتی خێڵەکی بەڕێوەی دەبات و ناتوانین ناوی کۆمەڵگای مەدەنی لێبنێن، ئەمش هاوڕێك لەگەڵ تێگەیشتنی هاوچەرخی دیموکراسی.

سەبارەت بەوەش، ئایا حزبەکان رەفتاری حزبەکان یاخود بڵێین حزبە سیاسسییەکانی هەرێمی کوردستان دیموکراسیانە مامەڵەیان لەگەڵ یەکتری کردوو، داتا و زانیارییەکان و تێڕوانینی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە لەمبارەیەوە لە خشتەی خوارەوەدا خراونەتەڕوو:

خشتەی ( ١٢)

تێڕوانینی یەکەکانی نمونەی توێژینەوە سەبارەت بە مامەڵەی حزبە سیاسییەکان لەگەڵ یەکتریدا

| بڕگەکان | هەمیشە دیموکراسیانە رەفتاریانکردووە | لە زۆربەی کاتەکاندا دیموکراسیانە بووە | لە زۆربەی کاتەکاندا دیموکراسیانە نەبووە | هیچ کاتێك دیموکراسیانە نەبووە | ناوەندی ژمێریی سەنگراو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| حزبەکان بەرامبەر یەکتری دیموکراسیانە رەفتاریان لەگەڵ یەك کردووە | ٢٨ | ١٢٢ | ٣٣٨ | ٢٢٨ | ١.٧٧ | ٤٤.٢٥ |

لەم خشتەیەدا (١٢) دەردەکەوێ، کە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی بڕگەی (٨) لە تەوەری دیموکراسی بە بەهای ( ١.٧٧) و کێشی سەدی (٤٤، ٢٥) بچووکترن لە بەهای ناوەندی گریمانەکراوی (٢.٥) و کێشی سەدی (٦٢.٥) ی دەرهێنراو، پاڵپشتن بەو ئەنجامەش دەتوانین بڵێین، کە زۆرینەی تاکەکانی بەنمونە وەرگیراو لەم توێژینەوەدا، پێیانوایە حزبە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستاندا دیموکراسیانە لەگەلأ یەکتریدا مامەڵە و رەفتاریان نەکردووە، لە لایەك لەبەرئەوەی زوربەیان حزبی چەکدار بوون، لە کاتی گژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان، پێش راپەڕینی ١٩٩١، دوای ئەو کاتەش بەشێوەیەکی چڕ ناکۆکی سیاسییان لەگەلأ یەکتریدا هەبووە، بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانیشیان، زیاتر پەنایان بردۆتە بەر بەکارهێنانی هێز و قۆناغێکی سەختی شەڕ لەنێوان هەندێکیانە روویدا، کە ئەو ناکۆکی و ململانێیانە بەرهەم و زادەی جیاوازی ئایدیۆلۆژی و حەزی پاوانخوازی دەسەڵات و کاروباری ئیداری و دابەشکردنی پۆستە سیاسییەکان بووە.

سەبارەت بە دیموکراسی لە پەیوەندیدا لەگەڵ گۆڕاوەکانی شوێنی نیشتەجێبوون (پارێزگا)، رەگەز و تەمەندا لە خشتەی ( ١٣ ) دا دەردەکەوێت:

١- سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێبوون لە پەیوەندیدا بە دیمۆکراسی دەردەکەوێت لە کۆی ٨ برگە لە سێ برگەدا هەست بە جیاوازی نێوان تێڕوانینی دانیشتووانی هەرسێ پارێزگای سلێمانی، هەولێر و دهۆك دەکرێت، کە ئەوانیش برگەکانی (مەودای دیموکراسی لەهەرێمی کوردستان بەرتەسککراوەتەوە، لەو باوەرەدام حزبەکوردستانیەکان لەئاستێکی نزمی دیمۆکراسیدان، حزبی سیاسی و دیمۆکرات لەکۆمەڵگای خێلەکی و دەرەبەگیدا دروست نابێت)، واتە سەبارەت بەو سێ برگەیە هەست بە جیاوازی مەعنەوی

دەکرێت لە نێوان دانیشتووانی هەر سێ پارێزگا بەوەی بەهای (F)ەکان گەورەترە لە بەها خشتەییەکەیان و بەهای (.Sig) بچوکترە لە (٠.٠٥).

خشتەی ژمارە (١٣)

گۆڕاوەکانی رەگەزو تەمەن و پارێزگاکان سەبارەت بە دیموکراسی

| تەمەن | | رەگەز | | پارێزگا | | برگەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Sig. | F | Sig. | F | Sig. | F | |
| 0.046 | 4.0 | 0.082 | 2.1 | 0.000 | 13.8 | مەودای دیموکراسی لەهەرێمی کوردستان بە رتەسککراوەتەوە |
| 0.055 | 3.7 | 0.000 | 8.1 | 0.074 | 2.6 | بڕوانەبوون بەدیمۆکراسی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات بووەهۆی سەرهەڵدانی فیفتی بە فیفتی لە 1992. |
| 0.249 | 1.3 | 0.000 | 10.4 | 0.003 | 5.7 | لەو باوەڕەدام حزبەکوردستانیەکان لەئاستێکی نزمی دیمۆکراسیدان |
| 0.109 | 2.6 | 0.487 | 0.9 | 0.044 | 3.1 | حزبی سیاسی و دیمۆکرات لەکۆمەڵگای خێلەکی و دەرەبەگیدا دروست نابێت |
| 0.514 | 0.4 | 0.186 | 1.6 | 0.630 | 0.5 | قورخکردنی دەسەڵات و دەستگرتن بەسەر ئیمتیازاتەکاندا هۆکاری سەرەکی شەری ناوخۆ بوو |
| 0.015 | 5.9 | 0.619 | 0.7 | 0.303 | 1.2 | حزبەئیسلامیەکان لەبنەرەتدا بڕوایان بەدیمۆکراسی نییە |
| 0.511 | 0.4 | 0.958 | 0.0 | 0.345 | 1.1 | شێوازی دابەشکردنی دەسەڵات لەلایەن حزبەکانەوە دیموکراسیانەبووە |
| 0.191 | 1.7 | 0.950 | 0.0 | 0.115 | 2.2 | حزبەکان بەرامبەر یەکتری دیموکراسیانە رە فتاریان لەگەڵ یەك کردووە |

لە بەرامبەریشدا لە هەر پێنج برگەی (بڕوانەبوون بەدیمۆکراسی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات بووە هۆی سەرەەڵدانی فیفتی بەفیفتی لە 1992، قورخکردنی دەسەڵات و دەستگرتن بەسەر ئیمتیازاتەکاندا هۆکاری سەرەکی شەڕی ناوخۆ بوو، حزبەئیسلامیەکان لەبنەڕەتدا بڕوایان بەدیمۆکراسی نییە، شێوازی دابەشکردنی دەسەڵات لەلایەن حزبەکانەوەدیموکراسیانەبووە، حزبەکان بەرامبەر یەکتری دیموکراسیانە رەفتاریان لەگەڵ یەك کردووە). واتە هەست بە جیاوازی مەعنەوی ناکرێت لە تێڕوانینی دانیشتووانی هەرسێ پارێزگا، بەوەی بەهای (F) ەکان بچوکترە لە بەها خشتەییەکەیان و بەهای (.Sig) گەورەترە لە (٠.٠٥).

٢- لەبارەی پەیوەندی رەگەزی نموونە (نێر و مێ) لە پەیوەندیدا بە برگەکانی تایبەت بە دیمۆکراسی دەردەکەوێت تەنیا لە دوو برگەی (بڕوانەبوون بە دیمۆکراسی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات بووە هۆی سەرەەڵدانی فیفتی بەفیفتی لە 1992، لەو باوەڕەدام حزبەکوردستانیەکان لە ئاستێکی نزمی دیمۆکراسیدان) هەست بە جیاوازی مەعنەوی دەکرێت لە نێوان تێڕوانینی هەردوو رەگەزی نێر و مێ، بەوەی بەهای (F) ەکان گەورەترە لە بەها خشتەییەکەیان و بەهای (.Sig) بچوکترە لە (٠.٠٥).

لە لایەکی دیکەوە، لە هەر شەش برگەکەی دیکەدا کە بریتین لە برگەکانی (١، ٤، ٥، ٦، ٧ و ٨) هەست بە جیاوازی مەعنەوی ناکرێت و بە پێچەوانەوە زیاتر هاوڕایی زاڵە بەسەر تێڕوانینی هەردوو رەگەزی نێر و مێ، بەوەی بەهای (F) ەکان بچوکترە لە بەها خشتەییەکەیان و بەهای (.Sig) گەورەترە لە (٠.٠٥).

٣- لە بارەی پەیوەندی نێوان گروپەکانی تەمەن و تێڕوانین بۆ دیمۆکراسی لە هەرێم، واتە ئەو تاکانەی لە لە خوار تەمەنی ٣٦ ساڵیەوەن کە زیاتر توێژێکی لاون و ئەوانەش کە لەسەرووی تەمەنی ٣٦ ساڵیەوەن کە زیاتر توێژێکی بە نێو

ساڵداچوون، دەردەکەوێت تەنیا جیاوازی مەعنەوی لە نێوان ئەو دوو توێژە لە دوو برگەی (مەودای دیموکراسی لەهەرێمی کوردستان بەرتەسککراوەتەوە، حزبە ئیسلامیەکان لەبنەرەتدا بڕوایان بەدیمۆکراسی نییە) دا هەیە، بەوەی بەهای (F)ەکان گەورەترە لە بەها خشتەییەکەیان و بەهای (Sig.) بچوکترە لە (٠.٠٥).

لە لایەکی دیکەوە، لە هەر شەش برگەکەی دیکەدا کە بریتین لە برگەکانی (٢، ٣، ٤، ٥، ٦ و ٧) هەست بە جیاوازی مەعنەوی ناکرێت، **بەوەی** بەهای (F)ەکان بچوکترە لە بەها خشتەییەکەیان و بەهای (Sig.) گەورەترە لە (٠.٠٥). واتە زیاتر ئەو دوو توێژەی تەمەن هاوبۆچوونن نەك جیاواز.

بە شێوەیەکی گشتی هەردوو توێژی لاو و بەتەمەنەکان سەبارەت بە بیرکردنەوە لە دیمۆکراسی لە هەرێمی کوردستان هاوشێوەی هەردوو رەگەزی نێر و مێ بیرکردنەوەیەکی تاڕادەیەکی زۆر هاوشێوەیان هەیە، ئەم تێڕوانینە هاوشێوەیە لە لای دانیشتووانی هەرسێ پارێزگایەکەش هەستی پێکرا.

**٢- تەوەری نوێبوونەوە:**

ئەم تەوەرە تایبەتە بە چۆنێتی ئاستی بەڕێوەچوونی پرۆسەی نوێبوونەوە و خۆنوێکردنەوەی سیاسیی حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، هاوکات زانینی ئەوەی ئەو حزبانە لە کوێی ئەو پرۆسەیەدان، داتا و زانیارییەکانی نمونەیەکی وەرگیراو بۆ ئەم مەبەستە لە خشتەی خوارەوەدا خراونەتەڕوو:

خشتەی ( ١٤ ) تێڕوانینی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە
سەبارەت بە مامەڵەی حزبە سیاسییەکان لەگەڵ یەکتریدا دەخاتەڕوو

| بڕگەکان | بەتوندی لە گەڵیدام | لەگەڵیدام | لەگەڵیدا نیم | بەتوندی لەگەڵیدا نیم | نازانم | ناوەندی ژمێریی سەنگراو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لەو باوەڕەدام حزبە کوردستانییەکان توانای خۆ نوێکردنەوەیان نییە | ١٩٣ | ٢٤٢ | ١٥٣ | ١١٦ | ٤٠ | 2. 73 | 68. 18 |
| حزبە کوردستانییەکان لە رێکخستنی حزبی خۆیاندا گۆڕانیان بەسەرخۆیاندا هێناوە | ٨٨ | ٢٣٨ | ٢١١ | ١٤١ | ٦٥ | 2. 40 | 60. 07 |
| باشترە کەسی یەکەم و دووەم لە حزبدا لە کۆنگرە بە تەزکیە هەڵبژێردرێتەوەو نەخرێنە دەنگدانەوە | ٩٢ | ١٠٨ | ٢٥٠ | ٢٢٧ | ٧٣ | 2. 10 | 52. 40 |
| حزبە کوردستانییەکان خۆیان لە خەڵك گۆشەگیر کردووە | ٢٤٥ | ٢١٢ | ١٢٧ | ٨٤ | ٧٦ | 2. 93 | 73. 13 |
| جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان رێکخستنی حزبە ئیسلامییەکان و حزبەکانی تردا نییە | ١٣٨ | ١٩٤ | ٢٢٢ | ١٣٠ | ٦٧ | 2. 50 | 62. 43 |
| کۆی گشتی | ٧٥٦ | ٩٩٤ | ٩٦٣ | ٦٩٨ | ٣٢١ | ٢.٥٣ | ٦٣.٢٤ |

خشتەی (١٤) ی دەریدەخات، کە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکرا بۆ تەوەری نوێبوونەوە دەکەوێتە نێوان (٩٣.٢ – ١٠.٢) بە کێشی سەدی نێوان (١٣.٧٣- ٤٠.٥٢) لە کاتێکدا، کە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی کۆی رەهەند (٥٣.٢) ەو کێشی سەدییەکەی (٦٣.٢٤) گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو بە بەهای (٢.٥) و کێشی سەدی دەرهێنراو بە بەهای (٦٢.٥). وەك لە هەمان خشتەشدا بەدیاردەکەوێ، کە هەردوو بڕگەی (٢) بە بەهای ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی (٢.٤٠) و بە کێشی سەدی (٦٠.٠٧)، بڕگەی (٣) بە بەهای (٢، ١٠) و کێشی سەدی (٤٠.٥٢) بچووکترن لە هەردوو بەهای دەرهێنراوی ناوەندی گریمانەکراوی (٢، ٥)، کێشی سەدی (٦٢.٥).

ئەو ئەنجامانەش نیشانی دەدەن، کە زۆرینەی یەکەکانی نمونەی توێژینەوە لەگەڵ ئەوەدان، کە حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان توانای خونوێکردنەوە و ئەنجامدانی گۆڕانکاریان نییە لە رێکخستنی حزبیاندا. پێشیانوایە، کە پێویستە کەسی یەکەم و دووەمی حزب لە کۆنگرەدا دوور لە تەزکییە و لە رێگەی هەڵبژاردنەوە هەڵبژێردێنەوە. هەروەها حزبە کوردستانییەکان لە بڕیارداندا رای خەڵکیان بە هەند وەرنەگرتووە خۆیان گۆشەگیرکردووە بەرادەیەك خەڵکی هەندێ جار ئاگاداری گەمەی سیاسیی وڵات نین.

سەبارەت بە رێکخستنی حزبی، زۆرینەیان پێیانوایە جیاوازی هەیە لەنێوان رێکخستنی حزبی حزبە ئیسلامییەکان حزبە سیاسییەکانی دیکەی هەرێمی کوردستاندا. رەنگە ئەو جیاوازی رێکخستنی نێوان حزبە عەلمانی و

ئیسلامیانە بگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ئامانج و ئەو ئایدیۆلۆژیایەی تەبەنیان کردووە لە کار و ڕێکخستنی سیاسیاندا.

بۆ پێوانەکردنی تێڕوانینی یەکەکانی نمونەی توێژینەوە سەبارەت بە دوا کۆنگرەی حزبەکانی هەرێمی کوردستان و پەیامی نوێبوونەوەی ئەو حزبانە، لێرە بەشێوەیەکی جیاواز لە خشتەکانی پێشوو بیروڕای یەکەکان پێوانە کراوە (*).

خشتەی (١٥) تێڕوانینی یەکەکانی نمونەی توێژینەوە
سەبارەت بە مامەڵەی حزبە سیاسییەکان لەگەڵ یەکتریدا دەخاتەڕوو

| بڕگەکان | هەموویان | بەشێکیان | هیچیان | ناوەندی ژمێریی سەنگکراو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| لەم ساڵدا هەندێك لە حزبەکان کۆنگرەیان بەست، بەرای تۆ پەیامی نوێبوونەوەیان هەبوو | ٤٤ | ٤٦٤ | ٢٠٩ | 1.77 | 59 |

لەم خشتەی (١٥) دەردەکەوێ، کە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی بڕگەی (٦) لە تەوەری نوێبوونەوە بە بەهای (١.٧٧) و کێشی سەدی (٥٩) بچووکترن لە بەهای ناوەندی گریمانەکراوی (٢) و کێشی سەدی (٦٦، ٦٦) ی دەرهێنراو، بەوهۆیەوەش دەتوانین بڵێین، کە بۆچوونی زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە وەهایە، کە تەنها بەشێکی ئەو حزبەکانەی کۆنگرەیان بەستووە لەم ساڵدا پەیامی نوێبوونەوەیان هەبووە نەك هەموویان.

سەبارەت بەوەی، کە ئایا حزبەکان بەبێ بەستنی کۆنگرە لە کاتی خۆیدا دەتوانن خۆیان نوێبکەنەوە، بە هەمان شێوەی داتاکانی نێو خشتەی پێشوو، بیربۆچوونی یەکەکانی نمونەی توێژینەوە پێوانەکراوە. (*)

خشتەی ( ١٦) تێڕوانینی یەکەکانی نمونەی توێژینەوە
سەبارەت بە مامەڵەی حزبە سیاسییەکان لەگەڵ یەکتریدا دەخاتەڕوو

| بڕگەکان | بەڵێ | تا رادەیەک | نەخێر | ناوەندی ژمێریی سەنگکراو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| ئایا بەبێ بەستنی کۆنگرە لەکاتی خۆیدا حزبەکان دەتوانن خۆیان نوێبکەنەوە | ٧٨ | ٣٠٨ | ٣٣٦ | ١.٦٤ | ٥٤.٧٦ |

لەم خشتەیەدا ( ١٦) دەردەکەوێ، ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی بڕگەی (٧) هەر لە تەوەری نوێبوونەوە بەبەهای (١.٦٤) و کێشی سەدی (٥٤.٧٦) بچووکترن لە بەهای ناوەندی گریمانەکراوی (٢) و کێشی سەدی (٦٦، ٦٦) ی دەرهێنراو. بەپێی ئەنجامی داتاکانی نێو ئەم خشتەیە دەتوانین بڵێین، کە زۆرینەی یەکەکانی نمونەکە پێیانوا نییە حزبە سیاسییەکان بەبێ بەستنی کۆنگرەیان لە کاتی خۆیدا بتوانن نوێبوونەوەی لەخۆیاندا بهێننەکایەوە. ئەمەش ئەوە نیشاندەدا، حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، ئیرادەیەکیان نییە بۆ نوێبوونەوە، ئەزموونی پێشووتری بەستنی کۆنگرەکانیش ئەوەیان سەلماندووە، کە کۆنگرەکان زیاتر تەقلیدین و پەیامی نوێکردنەوەیان نەبووە.

خشتەی (١٧)گۆڕاوی ڕەگەزو تەمەن و پارێزگاکان دەربارەی نوێبوونەوەی حزبەکان

| بڕگەکان | پارێزگا | | ڕەگەز | | تەمەن | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | F | Sig. | F | Sig. | F | Sig. |
| لەو باوەڕەدام حزبەکوردستانیەکان توانای خۆنوێکردنەوەیان نییە | 1.8 | 0.172 | 3.3 | 0.010 | 3.9 | 0.050 |
| حزبەکوردستانیەکان لەرێکخستنی حزبی خۆیاندا گۆڕانیان بەسەر خۆیاندا هێناوە | 4.8 | 0.009 | 1.3 | 0.260 | 1.9 | 0.167 |
| باشترەکەسی یەکەم و دووەم لەحزبدا لەکۆنگرە بە تەزکیە هە ڵبژێردرێتە وەو نەخرێتە دەنگدانەوە | 2.3 | 0.099 | 1.3 | 0.259 | 2.1 | 0.149 |
| حزبەکوردستانیەکان خۆیان لەخەڵك گوشەگیر کردووە | 7.1 | 0.001 | 0.1 | 0.767 | 0.3 | 0.554 |
| جیاوازیەکی ئەوتۆ لەنێوان ڕێکخستنی حزبەئیسلامیەکان و حزبەکانی دیکەدا نییە | 7.4 | 0.001 | 1.1 | 0.366 | 2.7 | 0.100 |
| لەم ساڵدا هەندێك لەحزبەکان کۆنگرەیان بەست، بەڕای تۆ پە یامی نوێبوونەوەیان هەبوو | 0.2 | 0.86 | 0.4 | 0.516 | 0.6 | 0.446 |

سەبارەت بەنوێبوونەوە لەپەیوەندیدا لەگەڵ گۆڕاوەکانی شوێنی نیشتەجێبوون (پارێزگا)، ڕەگەزو تەمەندا لەخشتەی (١٧) دا دەردەکەوێت :

١- سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێبوون لە پەیوەندیدا بە نوێبوونەوە دەردەکەوێت لە کۆی ٦ برگە لە سێ برگەدا هەست بە جیاوازی نێوان تێڕوانینی دانیشتووانی هەرسێ پارێزگای سلێمانی، هەولێر و دهۆك دەکرێت، کە

ئەوانیش برگەکانی (٢، ٤ و ٥)، واتە سەبارەت بەو سێ برگەیە هەست بە جیاوازی مەعنەوی دەکرێت لە نێوان دانیشتووانی هەر سێ پارێزگا بەوەی بەهای (F) ەکانی ئەو برگانە گەورەترە لە بەها خشتەییەکەیان و بەهای (Sig.) بچوکترە لە (٠.٠٥).

لە بەرامبەریشدا سێ برگەی (١، ٥ و ٦) هەست بە جیاوازی مەعنەوی ناکرێت لە تێڕوانینی دانیشتووانی هەرسێ پارێزگا، بەوەی بەهای (F) ەکانی ئەو سێ برگانە بچوکترە لە بەها خشتەییەکەیان و بەهای (Sig.) ەکەیان گەورەترە لە (٠.٠٥). واتە تێڕوانینی دانیشتووانانی هەر سێ پارێزگای هەرێم نە تەواو جیاوازە و نە تەواو هاوشێوەیە بەڵکو سەبارەت بە هەندێك بیروکە هاوشێوەیە و سەبارەت بە چەند بیروکەیەکی دیکە جیاوازە.

٢- سەبارەت بەوەی پەیوەندی هەیە لە نێوان رەگەزی نموونە (نێر و مێ) لەگەڵ برگەکانی تایبەت بە نوێبوونەوە، لە خشتەکەدا دەردەکەوێت تەنیا لە برگەی یەکەمدا (لەو باوەڕەدام حزبەکوردستانیەکان توانای خۆنوێکردنەوەیان نییە) هەست بە جیاوازی مەعنەوی دەکرێت لە نێوان تێڕوانینی هەردوو رەگەزی نێر و مێ، بەوەی بەهای (F) گەورەترە لە بەها خشتەییەکەی و بەهای (Sig.) بچوکترە لە (٠.٠٥).

لە لایەکی دیکەوە، لە هەر پێنج برگەکەی دیکەدا کە بریتین لە برگەکانی (٢، ٣، ٤، ٥، ٦) هەست بە جیاوازی مەعنەوی ناکرێت، **بەوەی** بەهای (F) ەکانی برگە ناوبراوەکان بچوکترە لە بەها خشتەییەکەیان و بەهای (Sig.) گەورەترە لە (٠.٠٥). واتە سەبارەت بە نوێبوونەوە هاوڕایی هاوشێوەیی لەبیرکردنەوە زالە بەسەر تێڕوانینی هەردوو رەگەزی نێر و مێ لە هەرێمی کوردستان.

٣- له بارەی پەیوەندی نێوان گروپەکانی تەمەن و بیرکردنەوەی گروپەکانی تەمەن له نوێبوونەوە، واته هەردوو توێژی لاوو بەساڵادا چو، دەردەکەوێت جیاوازی مەعنەوی له نێوان ئەو دوو توێژە له هیچ برگەیەکدا بەرچاو ناکەوێت، بەڵکو به پێچەوانەوە سەبارەت به هەر شەش بڕگە هاوشێوەییو نزیکی له بیرکردنەوە دەبینین، واته لەهەرێمی کوردستان لاوو بەتەمەنەکان هەمان رایان هەیه بۆ نوێبوونەوە، بەوەی بەهای (F) ەکانی هەر شەش بڕگە گەورەتره له بەها خشتەییەکەیان و بەهای (Sig.) ەکان بچوکتره له (٠.٠٥).

**٣- تەوەری واقیعی حزبی سیاسی لە هەرێمی کوردستان:**

بۆ واقعی حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و شێوازی کارکردن و پێشکەشکردنی ئەو خزمەتگوزاریانەی، کە پێشکەشیان کردوون بە خەڵکی، داتا و زانیارییەکانی کۆکراوە لە نمونەی توێژینەو بۆ ئەم مەبەستە لە خشتەی خوارەوەدا خراونەتەڕوو:

خشتەی ( ١٨)

تێڕوانینی یەکەکانی نمونەی توێژینەوە سەبارەت بە واقیعی حزبی سیاسی لە هەرێم

| بڕگەکان | بەتوندی لەگەڵیدام | لەگەڵیدام | لەگەڵیدا نیم | بەتوندی لەگەڵیدا نیم | نازانم | ناوەندی ژمێریی سەنگکراو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لەدوای راپەڕینەوەخزمەتگوزاری پێشکەشکراوە ، بەڵام لەئاستی پێویست نەبووە | ٢٤١ | ٣٢٥ | ١١١ | ٥٢ | ١٨ | 3. 04 | 75. 89 |
| نایەکسانی لەدابەشکردنی خزمەتگوزارییەکاندا کراوە لەنێوان ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا لەسەر بنچینەی ئینتیمای حزبی. | ٣١١ | ٢٣٨ | ٩٤ | ٧٦ | ٢٨ | 3. 09 | 77. 26 |
| دروستبوونی حزبە ئیسلامییەکان بە پاڵپشتی و هۆکاری دەرەکی بووە | ٢٠٨ | ٢١٧ | ١٤٤ | ٧٦ | ١٠٦ | 2. 86 | 71. 59 |
| لەوباوەڕەدام حزبە کوردستانییەکان بایەخیان بە پەروەردەی کۆمەڵایەتی نەداوە | ٢٤٣ | ٢٤٥ | ٩٧ | ٨٣ | ٤٨ | 2. 97 | 74. 25 |
| حزبە کوردستانییەکان لە بەرامبەر کێشە نەتەوەییەکان هاوهەڵوێست نین | ٢١٦ | ٢٠٥ | ١٥٧ | ٩٦ | ٤٦ | 2. 80 | 70. 07 |
| حزبە کوردستانییەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی خۆیان مامەڵە لەگەڵ خەڵك دەکەن | ٣٣١ | ٢٢٢ | ٨١ | ٥٤ | ٢٤ | 3. 21 | 80. 16 |
| کۆی گشتی | ١٥٥٠ | ١٤٥٢ | ٦٨٤ | ٤٣٧ | ٢٧٠ | ٢.٩٩ | ٧٤.٨٧ |

خشتەی (١٨) ی دەریدەخات، کە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی تەوەری واقیعی حزبی سیاسی لە هەرێمی کوردستان دەکەوێتە نێوان (٣.٢١- ٢.٨٠) بە کێشی سەدی نێوان (٧٠.٠٧-٨٠.١٦) لە کاتێکدا، کە ناوەندی ژمێرەیی سەنکگراوی کۆی رەهەند (٢.٩٩) ە و کێشی سەدییەکەی (٧٤.٨٧) گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو بە بەهای (٢.٥) و کێشی سەدی دەرهێنراو بە بەهای (٦٢.٥). لە ئەنجامی لێکدانەوەی ئەو داتایانە و بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو و ناوەندی گریمانەکراو دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی، کە زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە لەگەڵ ئەوەدان، کە لەدوای راپەڕینەوە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان لە ئاستی پێویستی خەڵکی نەبوون و بایەخیشیان بە لایەنی پەروەردەی کۆمەڵایەتی نەداوە. ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشیش کراون، لەسەر بنەمای پلانێکی پتەو و بابەتی پێکەش نەکراون، بەڵکو بە نایەکسانی و لەسەر بنەمای ئینتیمای حزبی بووە لەنێوان ناوچەکانی کوردستاندا. هەمیشەش لە مامەڵەیاندا لەگەڵ خەڵکی زیاتر رەچاوی بەرژەوندی خۆیان کردووە، نەك بەرژەوەندی گشتی. هەورەها لە پرسە نەتەوەییەکاندا هاوهەڵوێست نەبوون، بەهۆی جیاوازی ئامانج و ئایدیۆلۆژیان لە لایەك، کەوتنەژێر کاریگەری دەرەکی لە لایەکی ترەوە، بەتایبەتیش حزبە ئیسلامییەکان، کە هەروەك ئەنجامی لێکدانەوەی داتاکان دەریدەخەن، زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە بۆچوونیان وەهایە، کە پاڵپشت بە هێزی دەرەکی دروست بوون لەژێر کاریگەری ئەو هێزانەدان.

لە لایەکی دیکەوە ئەنجامی ئەو داتایانەی لە خشتەی خوارەوەدا خراونەتەڕوو و لێکدراونەتەوە دەریدەخەنە، شێوازی مامەڵەی حزبە

سیاسییەکانی لەدوای راپەڕین جێگەی رەزامەندی بەشێکی زۆری نمونەی توێژینەوەکە نەبووە.

خشتەی (١٩)

تێڕوانینی یەکەکانی نمونەی توێژینەوە سەبارەت بە واقیعی حزبی سیاسی لە هەرێم

| بڕگەکان | لە زۆربەی حاڵەتەکاندا جێگەی رەزامەندی بووە | لە زۆربەی حاڵەتەکاندا جێگەی رەزامەندی نەبووە | نیوە بە نیوەیە | ناوەندی ژمێریی سەنگکراو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| ئایا هەڵوێست و رەفتاری حزبەکان لە دوای راپەڕینەوە جێگەی رەزامەندی خەڵك بووە | ٧٥ | ٣١٨ | ٢٦٦ | ١.٧١ | ٥٧ |

لەم خشتەیەدا ( ١٩) دەردەکەوێ، کە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی بڕگەی (٧) هەر سەبارەت بە واقیعی حزبی سیاسی لە هەرێمی کوردستانبریتییە لە بەهای (١.٧١) بە کێشی سەدی (٥٧) بچووکترە لە بەهای ناوەندی گریمانەکراوی (٢) و کێشی سەدی (٦٦، ٦٦) ی دەرهێنراو. ئەوەی لە بەراوردکردنی ئەم بەهایانەشەوە بەدیار دەکەوێ ئەوەیە، کە زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە پێیانوایە، کە خەڵکی کوردستان لە هەڵوێست و مامەڵە و رەفتاری حزبە سیاسییەکانلە دوای راپەڕین رازی نین. ئەمەش لەبەرئەوەی، کە خەڵکی ئاواتەخوازی شتگەلێکی جیاواز بوون لەوەی، کە لە گۆڕەپانی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا روویدا هەر لە ململانێی سیاسیی ناعەقلانی

حزبەکان و تواندنەوەی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان لە بۆتەی بەرژەوەندییە تاکەکەسی و بەرتەسکی حزبیدا.

داتاکانی نێو خشتەی (٢٠)، کەزادەی بیربۆچوونی یەکاکانی نمونەی توێژنەوەن دەریدەخەن، کە هەموو حزبە سیاسییەکان بەلایانەوە گرنگە ئەندامانیان لێیان رازی بن.

خشتەی (٢٠)

تێڕوانینی یەکەکانی نمونەی توێژینەوە سەبارەت بە واقیعی حزبی سیاسی لە هەرێم

| بڕگەکان | بەلای هەموویانەوە گرنگە | بەلای زۆربەی حزبەکانەوە گرنگە | بەلای زۆربەیانەوە گرنگ نییە | بەلای هیچ کامیانەوە گرنگ نییە | ناوەندی ژمێریی سەنگکراو | کێشی سەدی |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ئایا حزبەکان بەلایانەوە گرنگە ئەندامانیان لێیان رازی بن | ٢٢٤ | ١٥٢ | ٢٢٣ | ١١١ | ١.٧٠ | ٤٢.٥٣ |

لەم خشتەیەدا (٢٠) دەردەکەوێ، کە ناوەندی ژمێرەیی بڕگەی (٨) سەبارەت بە واقیعی حزبی سیاسی لە هەرێمی کوردستانبە بەهای (١.٧٠) و کێشی سەدی (٤٢.٥٣) بچووکترن لە بەهای ناوەندی گریمانەکراوی (٢.٥) و کێشی سەدی (٦٢.٥) ی دەرهێنراو، ئەم ئەنجامەش ئەوە نیشان دەدات، کە حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بە بۆچوونی نێوە زیاتری یەکەکانی نمونەی توێژینەوە بەلایانەوە گرنگە ئەندامانیان لێیان رازی بن. بەڵام ئایا بەشێوەیەکی کرداری کاریان بۆ ئەم مەبەستە کردووە؟یاخود پێوەر باشتر ئەوەنیە بڵێین، کە ئەندامانی حزبەکان چەند لە حزبەکانیان رازین.

سەبارەت بە پەیوەندی واقیعی حزبی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ گۆڕاوەکانی شوێنی نیشتەجێبوون (پارێزگا)، رەگەز و تەمەندا لە خشتەی ( ٢١ ) دا دەردەکەوێت:

١- سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێبوون (دانیشتووانی پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر و دهۆك) لە پەیوەندیدا بە واقیعی حزبی سیاسی لە هەرێمی کوردستان دەردەکەوێت لە کۆی ٨ برگە هەست بە جیاوازی مەعنەوی لە نێوان تێڕوانینیان دەکرێت لە شەش برگەدا، کە ئەوانیش برگەکانی (١، ٣، ٤، ٥، ٧ و ٨)، بەوەی بەهای (F) ەکانی ئەو برگانە گەورەترە لە بەها خشتەییەکەیان و بەهای (Sig.) بچوکترە لە (٠.٠٥).

خشتەی ژمارە (٢١)

گۆڕاوی ڕەگەزو تەمەن و پارێزگاکان لە واقیعی حزبی سیاسی

| بڕگەکان | پارێزگا F | پارێزگا Sig. | ڕەگەز F | ڕەگەز Sig. | تەمەن F | تەمەن Sig. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لەدوای ڕاپەڕینەوە خزمەتگوزاری زۆر پێشکەشکراوە، بەڵام لەئاستی پێویستدا نە بووە | 1.4 | 0.249 | 1.7 | 0.146 | 1.1 | 0.288 |
| نایەکسانی کراوەلەدابەشکردنی خزمە تگوزاریەکاندا لەنێوان ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا لەسەر بنچینەی ئینتیمای حزبی. | 10.1 | 0.000 | 2.9 | 0.021 | 0.3 | 0.602 |
| دامەزرانی حزبە ئیسلامیەکان بەپاڵپشتی و هۆکاری دەرەکی بووە | 9.8 | 0.000 | 0.7 | 0.582 | 0.1 | 0.810 |
| لەو باوەڕەدام حزبەکوردستانیەکان بایەخیان بە پەروەردەی کۆمەڵایەتی نەداوە | 4.2 | 0.016 | 0.4 | 0.533 | 0.6 | 0.449 |
| حزبەکوردستانیەکان لەبەرامبەر کێشەنەتەوە ییەکان هاوهەڵوێست نین | 5.1 | 0.006 | 0.0 | 0.827 | 0.1 | 0.744 |
| حزبەکوردستانیەکان لەسەر بنەمای بەرژەوە ندی خۆیان مامەڵەلەگەڵ خەڵك دەکەن | 0.9 | 0.397 | 6.0 | 0.015 | 0.2 | 0.653 |
| ئایا هەڵوێست و ڕەفتاری حزبەکان لەدوای ڕاپەرین جێگەی ڕەزامەندی خەڵکی کوردستان بووە | 4.3 | 0.014 | 0.2 | 0.639 | 4.7 | 0.031 |
| ئایا حزبەکان بەلایانەوەگرنگە ئەندامەکانیان لێیان رازی بن | 30.1 | 0.000 | 0.8 | 0.369 | 7.0 | 0.009 |

له بەرامبەریشدا تەنیا لە دوو برگەی (٢ و ٦) دا **هەست بە جیاوازی مەعنەوی ناکرێت لە تێڕوانینی دانیشتووانی هەرسێ پارێزگا، بەوەی** بەهای (F) ەکانی ئەو دوو برگانە بچوکترە لە بەها خشتەییەکەیان و بەهای (.Sig) ەکەیان گەورەترە لە (٠.٠٥). واتە تێڕوانینی دانیشتووانانی هەر سێ پارێزگای هەرێم زیاتر جیاوازە لە بارەی واقیعی حیزبی سیاسی لە هەرێم، بە بڕوای ئێمە ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ نفوزی حزبە جیاوازەکان لە پارێزگا جیاوازەکان بەتایبەتی لە دوو پارێزگای دهۆك و سلێمانی، کە لەو دوو پارێزگایە لایەنی سیاسی جیاواز شەقامیان بە دەستەوەیە و لایەنگر و هەواداری زیاتریان هەیە.

٢- سەبارەت بەوەی پەیوەندی هەیە لە نێوان رەگەزی نموونە (نێر و مێ) لەگەڵ برگەکانی تایبەت بە واقیعی حیزبی سیاسی لە هەرێم، لە خشتەکەدا دەردەکەوێت تەنیا لە دوو برگەی (٢ و ٦) دا هەست بە جیاوازی مەعنەوی دەکرێت لە نێوان تێڕوانینی هەردوو رەگەزی نێر و مێ لە کۆی ٨ برگە، بەوەی بەهای (F) ەکانی ئەو دوو برگەیە گەورەترە لە بەها خشتەییەکەی و بەهای (.Sig) یان بچوکترە لە (٠.٠٥).

لە لایەکی دیکەوە، لە هەر شەش برگەکەی دیکەدا کە بریتین لە برگەکانی (١، ٣، ٤، ٥، ٧ و ٨) هەست بە جیاوازی مەعنەوی ناکرێت، **بەوەی** بەهای (F) ەکانی برگە ناوبراوەکان بچوکترە لە بەها خشتەییەکەیان و بەهای (.Sig) ەکەیان گەورەترە لە (٠.٠٥). واتە سەبارەت بە واقیعی حیزبی سیاسی لە هەرێم هەروەکو سەبارەت بە دیمۆکراسی و نوێبوونەوە هاوڕایی هاوشێوەیی لە بیرکردنەوە هەردوو رەگەزی نێر و مێ لە هەرێمی کوردستان زاڵە.

٣- لە بارەی پەیوەندی نێوان گروپەکانی تەمەن و واقیعی حزبی سیاسی لە هەرێم، واتە هەردوو توێژی لاو (١٨-٣٥) و بەساڵاداچوو (٣٦ ساڵ

بەسەرەوە)، دەردەکەوێت جیاوازی مەعنەوی لە نێوان ئەو دوو توێژە لە دوو برگەدا بەرچاو دەکەوێت (٧ و ٨) بەهەمان شێوەی تێڕوانینی دوو رەگەزەکە.

لە بەرامبەریشدا سەبارەت بە شەش برگەکەی دیکە (١، ٢، ٣، ٤، ٥، و ٦) هاوڕایی و نزیکی لە بیرکردنەوە دەبینین، واتە لە هەرێمی کوردستان لاو و بەتەمەنەکان رایەکی نزیکیان هەیە سەبارەت بەو شەش برگەیە، بەوەی بەهای (F) ەکانی هەر شەش برگەکە گەورەترە لە بەها خشتەییەکەیان و بەهای (Sig.) ە کان بچوکترە لە (٠.٠٥).

**٤- تەوەری تۆتالیتاریزم لە حزبە سیاسییەکاندا:**

تۆتالیتاریزم تەوەرێکی دیکەی توێژینەوەکەمانە، کە حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، لەکاتێکدا، نەیانتوانیوە لەگەڵ خەڵك و تەنانەت لە نێو خودی حزبەکان خۆیشیاندا، دیموکراسی بن، ئایا هەنگاویان بۆ چوون بەرەو تۆتالیتاریزم هەڵگرتووە، ئایا حزبەکان، بنەماکانی دیکتاتۆری بوونیان لەکاری رۆژانەیاندا هەیە. لەم خشتەیەی خوارەوەدا زۆر بەوردی ئەم پرسیارانە وەڵامدراونەتەوە.

خشتەی (٢٢)

تێڕوانینی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەی تۆتالیتاریزمی حزبە سیاسییەکان لە هەرێم

| بڕگەکان | بە توندی لەگەڵیدام | لەگەڵیدام | لەگەڵیدا نیم | بەتوندی لەگەڵیدا نیم | نازانم | ناوەندی ژمێری سەنگکراو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| حزبەکان کۆنترۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیان کردووە | ٢٤٢ | ٢٤٤ | ٩٣ | ٧٠ | ٧٢ | 3. 01 | 75. 35 |
| لەو باوەڕەدام عەقڵییەتی خۆسەپاندن بەسەر حزبە کوردستانییەکاندا زاڵە | ٢٨٠ | ٢٦٨ | ٨٧ | ٣٨ | ٦٦ | 3. 17 | 79. 35 |
| حزبە کوردستانییەکان هەوڵدەدەن زانیاری پێویست بەو دەزگایانەی ڕاگەیاندن بدەن کە سەر بە ئەوانن | ٣٥١ | ٢٣٦ | ٥٥ | ٣٥ | ٣٤ | 3. 33 | 83. 35 |
| **کۆی گشتی** | ٨٧٣ | ٧٤٨ | ٢٣٥ | ١٤٣ | ١٧٢ | ٣.١٧ | ٧٩.٣٥ |

خشتەی (٢٢) دەریدەخات، ناوەندی ژمێرەیی سەنگکرا بۆ تەوەری تۆتالیتاریزمی حزبە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستاندا دەکەوێتە نێوان (٣.٠١-٣.٣٣) بە کێشی سەدی نێوان (٧٥.٣٥-٨٣.٣٥) لە کاتێکدا، کە ناوەندی ژمێرەیی سەنگگراوی کۆی رەهەند (٣.١٧) ە و کێشی سەدییەکەی (٧٩.٣٥) گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو بە بەهای (٢.٥) و کێشی سەدی دەرهێنراو بە بەهای (٦٢.٥). ئەم ئەنجامەش نیشانی دەدا و بەڵگەیە لەسەر ناسەربەخۆیی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەدیدی بەشی هەرە زۆری نمونەی توێژینەوەکە مادام حزبەکان عەقڵیەتی خۆسەپاندن بەسەریاندا زاڵە. دەتوانین بڵێین، کە خودی ناکارایی رێکخراوەکان لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا، دەربڕی ئەوەیە، کە ئەوان لەبەرئەوەی بەشی هەرە زۆریان پاشکۆی حزبە سیاسییەکانن، ناتوانن هەڵوێست وەرگرن لەبەرامبەر هەر کارێك، کە حزب زیاتر لەبەرژەوەندی خۆیدا دەیکات نەك بەرژەوەندی گشتی. لە لایەکی دیکەشەوە، زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە پێیانوایە، کە مامەڵەی حزبەکان لەگەلأ دەزگا و میدیا ناحزبیەکان لە ئاستێکی لاوازدایە مادام زیاتر مامەڵە لەگەلأ دەزگاکانی سەربەخۆیان دەکەن و زانیاریش تەنها بەوان دەدەن. لەبەرئەوەی میدیاکان بە پلەی یەکەم لەبەرژەوەندی ئامانجە بەرتەسکەکانی حزبدا کار دەکەن، بە پێچەوانەی دەزگا و میدیاکانی راگەیاندنی سەربەخۆ.

خشتەی (٢٣)

تێڕوانینی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە بۆ تۆتالیتاریزمی حزبە سیاسییەکان لە هەرێم

| بڕگەکان | هەمیشە هەڵسەنگاندن و بۆ دەکرێ | لە زۆربەی کاتەکاندا هەڵسەنگاندن بۆ دەکرێ | کەمجار هەڵسەنگاندن بۆ دەکرێ | هیچکات هەڵسەنگاندن و بۆ ناکرێ | نازانم | ناوەندی ژمێری سەنگکراو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئایا ئەو حزبانەی کەسێك بۆ پۆستی وەزیری دەپاڵێوێ لەلایەن حزبەکەوە هەڵسەنگاندن و دیراسەتی بۆ دەکرێ | ٨٤ | ٧٨ | ٣٣٨ | ١٤١ | ٧٧ | 2.16 | 54. 1 |

لەم خشتەیەدا (٢٣) دەردەکەوێ، کە ناوەندی ژمێرەیی بڕگەی (٤) سەبارەت بە تۆتالیتاریزمی حزبە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستاندابە بەهای (٢.١٦) و کێشی سەدی (٥٤.١) بچووکترن لەبەهای ناوەندی گریمانەکراوی (٢.٥) و کێشی سەدی (٦٢.٥) ی دەرهێنراو. ئەوەشی کە لەو ئەنجامەوە بەرچاو دەکەوێ ئەوەیە، کە بەشی هەرە زۆری نمونەی تویژینەوە تێڕوانینێکی نەرێنیان هەیە سەبارەت بە بەخشینی پۆستی وەزیر بە وەزیرەکان لە لایەن حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان. ئەمەش بەهۆی قەناعەتی زۆرینەیان بەوەی، کە دانانی کەسەکان لە پۆستی باڵای وەك وەزیردا لەسەر چەند بنەمایەکی جیاوازە لە بنەماکانی شارەزایی و لێهاتوویی مادام حزب لەم بارەیەوە تویژینەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ ناکات و لەسەر چەند بنەمایەکی دیکە هەڵیان دەبژێرێ.

خشتەی (٢٤)

تێڕوانینی یەکەکانی نمونەی تویژینەوە بۆ تۆتالیتاریزمی حزبە سیاسییەکان لە هەرێم

| کێشی سەدی | ناوەندی ژمێری سەنگکراو | نازانم | بە پێی حزب دەگۆڕێت | لەهەموو حزبەکاندا بەشداریان کەمە | لەهەموو حزبەکاندا بەشداریان زۆرە | بڕگەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 44.91 | 1.35 | ١١٨ | ٥٢٣ | ١٤٩ | ٥١ | بەشدارپێکردنی ئەندامانی حزب لە دروستکردنی بڕیارەکاندا تا چ رادەیەك رەوایە |

لەم خشتەیەدا (٢٤) دەردەکەوێ، کە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی بڕگەی (٥) سەبارەت بە تۆتالیتاریزمی حزبە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، بریتییە لە بەهای (١.٣٥) بە کێشی سەدی (٤٤.٩١) بچووکترە لە بەهای ناوەندی گریمانەکراوی (١.٥) و کێشی سەدی (٥٠) ی دەرهێنراو. وەك ئەنجامی لێکدانەوەی داتاکان و بەراوردکردنی هەردوو بەهای ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو و ناوەندی گریمانەکراو نیشانی دەدەن، کە بەشی هەرە زۆری نمونەی توێژینەوە پێیانوایە، کە بەشداری ئەندامانی حزب لە دروستکردنی بڕیارەکاندا بەپێی حزب دەگۆڕێت. بەواتای حزب هەیە بەشداری بە ئەندامانی دەکات لەپرۆسەی دروستکردن و گەڵاڵەکردنی بڕیارەکاندا، بە پێچەوانەشەوە هەر راستە و حزبی دیکە هەن بەبێ گەڕانەوە بۆ قاعدەی جەماوەریان، بڕیارەکانیان گەڵاڵە و پراکتیزە دەکەن. ئەم پرسەش راستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە خودی ئەو بابەت و پرسەی بڕیارەکەی لەبارەوە گەڵاڵە دەکرێت لە یەك، لە لایکی دیکەشەوە پەیوەندی بە رادەی بڕوابوونی حزبەکەوە هەیە بە دیموکراسی.

سەبارەت بە توتالیتاریزم لە پەیوەندیدا لەگەڵ گۆڕاوەکانی شوێنی نیشتەجێبوون (پارێزگا)، ڕەگەز و تەمەندا لە خشتەی (٢٥) دا دەردەکەوێت:

١- سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێبوون لە پەیوەندیدا بە توتالیتاریزم دەردەکەوێت لە کۆی ٥ برگە تەنیا لە یەك برگەدا هەست بە جیاوازی مەعنەوی لە نێوان تێڕوانینی دانیشتووانی هەرسێ پارێزگای سلێمانی، هەولێر و دهۆك دەکرێت، کە ئەویش برگەی یەکەمە (حزبەکان کۆنترۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیان کردووە)، بەوەی بەهای (F) گەورەترە لە بەهای خشتەیی و بەهای (Sig.) بچوکترە لە (٠.٠٥).

لە بەرامبەریشدا لە هەر چوار برگەکەی دیکە (٢، ٣، ٤ و ٥). هەست بە جیاوازی مەعنەوی ناکرێت لە تێڕوانینی دانیشتووانی هەرسێ پارێزگا، بەوەی بەهای (F) ەکان بچوکترە لە بەها خشتەییەکەیان و بەهای (Sig.) گەورەترە لە (٠.٠٥). ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە لە تەوەری توتالیرزمدا بە پێچەوانەی تەوەرەکانی پێشوو زیاتر هاوڕایی هەیە لە نێوان سێ پارێزگاکە نەك جیاوازی و لە سێ تەوەرەکەی پێشوودا زیاتر جیاوازی هەبوو تاکو هاوشێوەیی.

خشتەی ژمارە (٢٥)

رەگەزو تەمەنی پاریزگاکان دەربارەی تۆتالیتاریزمی حزبەکان دەخاتە روو

| برگەکان | پاریزگا | | رەگەز | | تەمەن | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | F | Sig. | F | Sig. | F | Sig. |
| حزبەکان کۆنترۆڵی ریکخراوەکانی کۆمەلگای مەدەنیان کردووە | 4.6 | 0.011 | 13.5 | 0.000 | 2.2 | 0.142 |
| لەو باوەرەدام عەقلیەتی خۆسەپاندن بەسەر حزبەکوردستانیەکاندا زاڵە. | 0.8 | 0.443 | 0.3 | 0.882 | 2.7 | 0.102 |
| حزبەکوردستانیەکان هەوڵدەدەن زانیاری پیویست بەو دەزگایانەی راگەیاندن بدەن کەسەر بەئەوانن | 0.8 | 0.469 | 2.8 | 0.092 | 0.3 | 0.593 |
| ئایا ئەو حزبەی کەسێك بۆ پۆستی وەزیری دەپاڵێوریٚ لەلایەن حزبەکەوە هەڵسەنگاندن و دیراسەتی بۆ دەکریٚ | 2.7 | 0.067 | 3.9 | 0.050 | 3.5 | 0.062 |
| بەشداریپیکردنی ئەندامانی حزب لەدروستکردنی بریارەکاندا تا چ رادەیەکە | 2.1 | 0.117 | 6.0 | 0.014 | 0.7 | 0.394 |

٢- لەبارەی پەیوەندی رەگەزی نموونە (نێر و مێ) لەگەڵ توتالیتاریزم دەردەکەوێت لە کۆی پێنج برگە تەنیا لە دوو برگەی (١ و ٥) دا هەست بە جیاوازی مەعنەوی دەکرێت لە نێوان تێروانینی هەردوو رەگەزی نێر و مێ، بەوەی بەهای (F) ەکان گەورەترە لە بەها خشتەییەکەیان و بەهای (.Sig) بچوکترە لە (٠.٠٥).

له بەرامبەریشدا، له سێ برگەکەی دیکەدا کە بریتین لە برگەکانی (٢، ٣ و ٤) هەست بە جیاوازی مەعنەوی ناکرێت لە نێوان هەردوو رەگەزی نێر و مێ، بەوەی بەهای (F) ەکان بچوکترە لە بەها خشتەییەکەیان و بەهای (Sig.) گەورەترە له (٠.٠٥).

٣- لە بارەی پەیوەندی نێوان گروپەکانی تەمەن و تێڕوانین بۆ توتالیتاریزم، دەردەکەوێت جیاوازی مەعنەوی لە نێوان ئەو تاکانەی لە له خوار تەمەنی ٣٦ ساڵیەوەن کە زیاتر تویژێکی لاون و ئەوانەش کە لەسەرووی تەمەنی ٣٦ ساڵیەوەن کە زیاتر تویژێکی بە نێو ساڵداچوون لە هیچ برگەیەکدا نییە، بەڵکو هاوڕایی لە هەموو برگەکاندا بەرچاو دەکەوێت، **بەوەی** بەهای (F) ەکان بچوکترە لە بەها خشتەییەکەیان و بەهای (Sig.) گەورەترە لە (٠.٠٥).

خشتەی (٢٦)

دەربارەی بەردەوامی سەرۆك یان سکرتێری حزب لە سەرکردایەتی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ

| | ژمارە | % |
|---|---|---|
| دیکتاتۆرییەتە | ٣٦٥ | ٥٠.٩٨ |
| ئەو سەرکردانە لێهاتوون | ١٣٥ | ١٨.٨٥ |
| قۆناخەکە وا پێویست دەکات | ٢١٦ | ٣٠.١٧ |
| کۆی گشتی | ٧١٦ | ١٠٠ |

لە خشتەی ژمارە (٢٦) دا بۆمـان دەردەکەوێت کە ڕێژەی ٥٠.٩٨% نموونەی توێژینەوەکە مانەوەی سەرۆکی حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەیەکی درێژ بە دیکتاتۆریەت لە قەڵەم دەدەن، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە پشتگیری کردن لە بوونی تاکە کەسێك، مانەوەی لە پۆستەکەیدا، ڕۆژ دوای ڕۆژ لەکەمبوونەوەدایە و ئاماژەیەکیشە بۆئەوەی کە خەڵکی کوردستان هەبوونی دەسەڵاتی ئەم جۆرە کەسانە بۆ ماوەیەکی درێژ ڕەتدەکەنەوەو بەدیکتاتۆریەتیشی دەزانن.

لە بەرامبەردا دەبینین بە ڕێژەی ٣٠.١٧%دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، مانەوەی ئەم سەرکردانە بە پێویستی قۆناغەکە دەزانن، دیارە کە ئەم قۆناخەی هەرێمی کوردستان پیایدا تێپەڕ دەبێت قۆناخێکی هەستیارو ناسکە، بۆیە ڕێژەیەکی بەرچاوی خەڵك لەگەڵ ئەوەدان کە ئەم قۆناخە پێویستی بەم کەسانە دەبێت، یاخود ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوەبێت کە ئەلتەرناتیڤکی گونجاو نیە، لەم قۆناغەی ئێستادا هەروەها هەندێکیش لەم حزبانە بەنەمانی سەرکردەکانیان، ترسیان لە دروستبوونی تەکەتول و جیابوونەوە و پەرش و بڵاوی حزبەکەیان هەیە، چونکە هێزی هەر حزبێك لە پەیوەندی و توندوتۆڵی نێوان پێکهاتەکانیدایە، کە سەرۆك لە نێو ئەم حزبانەدا بە تاکە سەرچاوەی پارێزگاریکردن لە حزب دادەنرێت. ڕێژەی ١٨.٨٥% نموونەی توێژینەوەکەمان پێیانوایە کە ئەم سەرکردانە لێهاتوون، دیارە کە لای بەشێك لە خەڵکی کوردستان ئەم سەرکردانە بە هێمای نەتەوە و شۆڕش دادەنرێت، بۆیە دەکرێت بڵێین کە ئەم سەرکردانە بنکەیەکی جەماوەری بەهێزیان هەیە و تاڕادەیەکی زۆر لادانیان لە پۆستەکانیان بەکارێکی مەحاڵ لەقەڵەم دەدرێت.

خشتەی ژمارە (٢٧)هۆکاری چالاکنەبوونی کۆمەڵگای کوردستانی بۆ چی دەگەڕێتەوە

| | ژمارە | % |
|---|---|---|
| خەڵکەکەی پابەندن بە ئایینەوە | ٥٩ | ٨.٢١ |
| خەڵکەکەی تەمبەڵن و کەمتەرخەمن لە کارەکاندا | ٢٠٧ | ٢٨.٧٩ |
| خەڵکەکەی پشت بە خۆیان نابەستن و متمانەیان بە خۆیان نییە | ٢٥٤ | ٣٥.٣٣ |
| کۆمەڵگایەکی خێڵەکییە | ١٢٣ | ١٧.١١ |
| هۆکاری دیکە | ٧٦ | ١٠.٥٧ |
| کۆی گشتی | ٧١٩ | ١٠٠ |

هەروەك لە خشتەی (٢٧) دا دەردەکەوێت تەنیا ٨.٢١% نموونەی توێژینەوەکەمان چالاك نەبوونی کۆمەڵگای کوردی دەگەڕێننەوە بۆ پابەندبوون بە ئایینەوە، دیارە ئەگەر بەراوردی بکەین بەهۆکارەکانی تر، کەمترین ڕێژەیە. ئەمەش ئاماژەیەکە بەوەی کە ئایین بەشێکی گرنگی ژیانی هاوڵاتیانی هەرێم پێکدێنێت، کە ڕۆڵی زۆر دەگێڕێت لە نێو کایە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسیەکاندا، بۆیە لە تێڕوانینی هاوڵاتیاندا ئایین بە ڕێگرێك نابینن بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا.

لەبەرامبەریشدا بەرزترین ڕێژەی نموونەکەمان کە دەکاتە لە٣٥.٣٣% پێیانوایە کە خەڵکی پشت بەخۆیان نابەستن و متمانەیان بەخۆیان نیە. دیارە کە دەکرێ ئاماژە بەوەبدەیین کە متمانە و پشت بەخۆبەستن، هۆکارێکی سەرەکییە لە سەرکەوتن لێرەوە دەتوانرێت هێزی جوڵەو کاریگەر لەژیانی کۆمەڵایەتی و زانستی و فێربوون دەربچێت، هەربۆیە کە ڕێژەیەکی بەرچاوی نموونەی توێژینەوەکەمان چالاك نەبوو کۆمەڵگای کوردی بۆ نەبوونی متمانە

دەگەڕێتەوە، کە ئەمەش کاریگەری خراپی دەروونی و کۆمەڵایەتی لەسەر هاوڵاتیانی کۆمەڵگای کوردی هەیە.

بەڵام ڕێژەی ٢٨.٧٩% نموونەی توێژینەوەکەمان پێیانوایە کە هۆکاری ئەوەی کە کۆمەڵگای کوردی چالاك نیە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە خەڵکەکەی کەمتەرخەمن لەکارەکانیان. هەروەها ڕێژەی ١٧.١١% پێیانوایە هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆمەڵگەی کوردستانی کۆمەڵگەیەکی خێڵەکییە، واتا ڕێژەی ١٠.٥٧% نموونەکە هۆکارەکەی بۆ خەڵکەکە خۆیان دەگەڕێننەوە.

لە خشتەی (٢٨) بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ڕێژەی ٣٠.٤٦% لەگەڵئەوەدان کە شێوە هەڵبژاردنی بەرپرسە حزبیەکان، لەسەر بنەمای خزم خزمانێ و خێڵەکییە و ڕێژەی ١٩.١٩% پێیانوایە کە بەرپرسی لق و مەڵبەندو کۆمیتەو ناوچەکان لەسەر بنەمای مونافەسەیە، ڕێژەی١٩.٧٥% تێڕوانینیان وایە کە دانانی بەرپرسە حزبیەکان بە مەبەستی تەعینکردنە. ڕێژەی ١٥.٤٤%نموونەی توێژینەوەکەمان پێیانوایە گاڵتەکردنە بە دیموکراسی، بە پێچەوانەی ئەم ڕێژەیەش، ڕێژەی (٠١.٥%) ی نمونەکە پێیانوایە هەڵبژاردنی ئەم سەرکردانە دیموکراسیانەیە، کە ئەمەش ئاماژەیەکە شیاوی بە هەندوەرگرتن و هەڵوەستە لەسەرکردنە، لەبەرئەوەی ئاماژەیەکی زۆر نێگەتیڤ لەبارەی پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا بە دەستەوە دەدات، خودی پرۆسەکەش دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

**خشتەی (٢٨)** شێوە هەڵبژاردنی بەرپرسە حزبییەکان

وەك بەرپرسی لق و مەڵبەندو کۆمیتەو ناوچەکان زیاتر لە کام لەمانەی خوارەوەیە

| هەڵبژاردنی بەرپرسە حزبییەکان | ژمارە | % |
|---|---|---|
| دیموکراسیانەیە | ٣٦ | ٥.٠١ |
| تەعینکردن و دانانە | ١٤٢ | ١٩.٧٥ |
| مونافەسەیە | ١٣٨ | ١٩.١٩ |
| گاڵتەکردنە بە دیموکراسی | ١١١ | ١٥.٤٤ |
| خزم خزمانێ و خێڵەکیانەیە | ٢١٩ | ٣٠.٤٦ |
| نازانم | ٧٦ | ١٠.٥٧ |
| کۆی گشتی | ٧١٩ | ١٠٠ |

دیارە کە حزب دامەزراوەیەکی زۆر گرنگە لە ژیانی کۆمەڵگا، بەردەوامیش پێویستی بەخۆنوێکردنەوە هەیە بۆئەوەی خۆیان بگونجێنێت لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی سەردەم، یەکێکیش لە ئەرکە گرنگەکانی هەر حزبێکیش پێگەیاندنی کادیرە، لەڕووی مەعریفەوە لە سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری.. هتد. بەڵام دەکرێت بڵێین کە ژمارەیەکی زۆر لە حزبەکان کادیر بۆ چەند مەبەستێکی حزبی ئامادە دەکەن. لە خشتەی ( ٢٩ ) دا دەردەکەوێت کەڕێژەی ٤٦.٣٧% هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بۆچوونیانوایە کە حزب هەوڵدەدات کادیر تەیار بکات بە مەعریفەیەك کە

پڕوپاگەندەی زیاتر بۆ حزب بکەن، هەروەها ڕێژەی ٢٥.٩٨% ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان لەگەڵئەوەدان کە ئامانجی حزب لە پێگەیاندنی کادیر بۆ دەمبەستنی خەڵك و بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیای حزبە.ڕێژەی ١٥.٠٨%ش پێیانوایە پێگەیاندنی کادیرەکان بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازاتە. بەڵام ڕێژەیەکی زۆرکەم بە ڕێژەی ٩.٠٨ پێیانوایە حزبەکان کەسانێك ئامادە دەکەن وەکوو کادیر کە لە رووی مەعریفییەوە دەوڵەمەند بن.

خشتەی ژمارە (٢٩)

حزبەکان بۆ چ مەبەستێك کادیر ئامادە دەکەن

| مەبەست لە پێگەیاندنی کادیر لەلایەن حزبەکانەوە | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بۆ پێگەیاندنی کەسانێکە لە رووی مەعریفییەوە دەوڵەمەندن | 65 | ٩.٠٨ |
| بۆ پێگەیاندنی کەسانێکە کە پڕوپاگەندەی زیاتر بۆ حزبەکە دەکەن | 332 | ٤٦.٣٧ |
| بۆ دەمبەستنی خەڵك و بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای حزبە | 186 | ٢٥.٩٨ |
| بۆ وەدەستهێنانی ئیمتیازاتە | 108 | ١٥.٠٨ |
| هیتر | 25 | ٣.٤٩ |
| کۆی گشتی | 716 | ١٠٠.٠٠ |

لە خشتەی (٣٠) دا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە تێڕوانینی نموونەی توێژینەوەکەمان بۆ ئەم پرسە بەم شێوەیەی خوارەوەیە: ئەگەر سەرنج بدەین ڕێژەی٥٢.٥١% پێیانوایە کە دانانی خەڵك لە شوێنە کارگێڕیەکاندا بۆ پاراستنی بەرژەوەندی حزبە لەو شوێنانە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بیر و بۆچونیان وایە کە دامەزراندنی خەڵك لە

شـوێنە کارگێڕیەکـان بـۆ مەبەسـتی ڕاپەڕانـدن و کاروبـاری هاوڵاتیـان و ڕێکخستن نیە، بەڵکو بۆ بەرژەوەندی تایبەتیە نەك بۆ بەرژەوەندی گشتی، دیارە کە ئەمەش ئاماژەیەکی سلبیە. ڕێژەی لە ١٦.٩٠%لەگەڵئەوەدان کە بۆ ڕازیکردنـی خەڵکـانێکە هەروەهـا لە ١٤.٦٦% بۆچوونیـانوایە کەئامـانج لە دامەزراندنی خەڵك، بۆ زۆرکردنـی گەندەڵیە لە بەرامبەردا تەنیا ڕێژەی ١٣.٤١% ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکەمان، پێیانوایە کە دامەزراندنی خەڵك لە شوێنە کارگێڕیەکان بۆ ڕێکخستنی ئیدارەیە.

خشتەی ژمارە (٣٠)

حزبی دەسەڵاتدار خەڵك بۆ شوێنە کارگێڕییەکان بۆ چ مەبەستێك دادەمەزرێنێ

| مەرامی حزبەکان لە دامەزراندنی خەڵك لە پێگە کارگێڕییەکاندا | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بۆ ڕێکخستنی ئیدارەیە | ٩٦ | ١٣.٤١ |
| بە مەبەستی رازیکردنی خەڵکە | ١٢١ | ١٦.٩٠ |
| بۆ زۆرکردنی گەندەڵییە | ١٠٥ | ١٤.٦٦ |
| بۆئەوەی بەرژەوەندی خۆی لەو شوێنە بپارێزێت | ٣٧٦ | ٥٢.٥١ |
| بۆ مەبەستی دیکە | ١٨ | ٢.٥١ |
| کۆی گشتی | ٧١٦ | ١٠٠.٠ |

لە خشتەی (٣١) دا بۆماندەردەکەوێت کە هەڵبژاردەی گوێڕایەڵی بۆ حزب بەرزترین ڕێژەیە کە دەکاتە لە ٤٨.٢٦% ئەنـدامانی نمـوونەی توێژینەوەکەمـان پێیـانوایە، کە دیـاریکردن و دەستنیشـان کردنـی ئەو کەسـانەی کە، لە لایەن حزبەوە هەڵدەبژێردرێت بە مەبەستی گوێڕایەڵی حزبە، نەك بۆ خزمەتکردنـی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان و دڵسۆزیان بۆنیشتمان هەر بۆیە دەبینین، کە

ئیرادەی پەرلەمانتاران لە نێو پەرلەماندا بەدیناکرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پەرلەمانتـــاران لە لایەن حزبەکانیـــانەوە ئاراســـتەدەکرێن. هەر ئەم هۆکارەش وا دەکات کە پەرلەمانتاران، ئەو ئەرکە گرنگەی سەرشانیان و ئەو متمـانەی کە، خەڵکـی پێیـان سـپاردوون گرنگـی پێـنەدەن هەروەهـا ڕێـژەی ١٠.٢٩% پێیـانوایە کە بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەنـدی هەنـدێك کەسـە و ڕێـژەی ١٧.٣٩% پێیـان وایە لەسـەر بنەمـای عەشـیرەتگەریی و نـاوچەگەریە دیـارە ئەمەشیان ڕێژەیەکی بەرچاوە. لە بەرامبەردا ١٠.٤٣% لەگەڵئەوەدان بە توانایی و لێهاتووی کەسەکە بنەمایە بۆ پاڵاوتنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.

ڕێـژەی ٤.٠٣% ئەنـدامانی نمـوونەی توێژینەوەکەمـان پێیـانوایە بنەمـای پاڵاوتنی ئەندامانی پەرلەمان بۆ نیشتمانپەروەری کەسەکەیە.

خشتەی ژمارە (٣١)

تا ئێستا پاڵاوتنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر چ بنەمایەك بووە

| میکانیزمی پاڵاوتنی کەسانێك بۆ بوونە ئەندامی پەرلەمان | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بۆ پاراستنی بەرژەوەندی هەندێك کەس | 74 | ١٠.٢٩ |
| گوێڕایەڵی بۆ حزب | 347 | ٤٨.٢٦ |
| بەتوانایی و لێهاتوویی کەسەکە | 75 | ١٠.٤٣ |
| نیشتمانپەروەریی کەسەکە | 29 | ٤.٠٣ |
| لەسەر بنەمای عەشیرەتگەری و ناوچەگەرییە | 125 | ١٧.٣٩ |
| نازانم | 69 | ٩.٦٠ |
| کۆی گشتی | 716 | ١٠٠ |

دیـارە بەشـداریکردنی ئەنـدامانی حـزب ڕۆڵێکـی بەرچـاو و دیـار دەبێت لە دەرکردنی بڕیارەکان، ئەمەش حزب دووردەخاتەوە لە تـاکڕەوی. بەشداریکردن بە

ئەندامانی حزب واتای ئەوە دەگەیەنێت کە ڕۆڵدانە، بە سەرجەم ئەندامان و ئاماژەشە بۆ دیموکراسیەتی ئەو حزبە و دوورخستنەوەیەتی لە سەپاندنی بیروباوەڕی چەند کەسانێك بەسەر ژمارەیەکی زۆرتر لەخەڵکدا.

ئەوەی شایەنی ئاماژەپێکردنیشە، کە دەسەڵات لەنێو زۆربەی حزبەکانی هەریمی کوردستاندا شێوەی هەرەمی وەرگرتوە. بە جۆرێك کە سەرکردە لوتکەیە و ئەوانی تریش ملکەچی و جێبەجێکاری بڕیاری سەرکردەن، واتە لەم جۆرە حزبانە ئەندامان تەنیا کەسانی گوێڕایەڵن. لەخشتەی (٣٢) دا دەردەکەوێت بەرزترین ڕێژە کە دەکاتە 55.46%ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکەمان پێیانوایە بەشداریکردنی ئەندامانی حزب بەپێی حزب دەگۆڕێت، لە بەرامبەردا ڕێژەی 20.87%ی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکەمان پێیانوایە کە لە هەموو حزبەکان بەشداریان کەمە. ئەو ڕێژەیەش کە پێیانوایە ئەندامانی حزبە سیاسییەکان بەشدارییەکی زۆریان هەیە لە گەڵاڵەکردنی بڕیارەکاندا، ڕێژەیەکی کەمی نموونەکەن بە ڕێژەی ٧.١٤%.

خشتەی (٣٢)

بەشدارپێکردنی ئەندامانی حزب لە دروستکردنی بڕیارەکاندا تا چ رادەیەك بووە

| بەشداربوونی ئەندامانی حزب لە گەڵاڵەکردنی بڕیارەکاندا | ژمارە | % |
|---|---|---|
| لە هەموو حزبەکاندا بەشداریان زۆرە | 51 | ٧.١٤ |
| لە هەموو حزبەکاندا بەشداریان کەمە | 149 | ٢٠.٨٧ |
| بە پێی حزبەکە دەگۆڕێت | 396 | ٥٥.٤٦ |
| نازانم | 118 | ١٦.٥٣ |
| کۆی گشتی | ٧١٤ | ١٠٠ |

دیـاره داواکردنـی پێداویسـتیەکانی ژیـان، مـافێکی سـەرەتایی سـەرجەم هاوڵاتیـانە، بـۆ ئەم مەبەسـتە ڕێگـای جۆراوجـۆر هەیە کە دەکرێت هاوڵاتیـان بیگـرنەبەر، ئەگەر گوێیـان لێنەگیـرا لەلایەن دەسـەڵاتدارانەوە، هەروەك لەم خشتەیەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت لە کۆی ٧١٦ کەس ٣٣٦ کەس پێیانوایە کە خۆپیشاندان باشترین ڕێگایە بۆ ناڕەزایی دەربڕین و گەیاندنی داواکاریەکانی هاوڵاتیان.

دیارە هاوڵاتیان خۆپیشاندان بە ڕێژەی لە ٤٦.٩٣% میکانیزمی مەدەنیانە بە باشترین ڕێگە دەزانن بۆ دەربڕینی ناڕەزاییەکانیانو گەیاندنی داواکارییەکانیان بۆ بەرگوێی دەسەڵاتداران. لە بەرامبەریشدا کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە ڕێژەی ٢٠.٥٣% و مانگرتن لە ١٩.٦٧% نموونەی توێژینەوەکەمان بە باشی دەزانن، کە خەڵـك پەنـا بـۆ ئەم ڕێوشـوێنانە ببـات بـۆ گوزارشـت لە داواکاریەکـانی خۆیان.بەڵام ڕێژەیەکی زۆر کەم کە تەنها ٥.٤٥% پێیانباشە حاڵەتەکە قەبووڵ بکەن.

خشتەی (٣٣) ئەگەر خەڵك گوێیان لێ نەگیرا بە چ شێوەیەك رای خۆیان دەربڕن

| % | ژمارە | شێوازی دەربڕینی رای خەڵك لە کاتی گوێ لێنەگرتنیان |
|---|---|---|
| ٤٦.٩٣ | 336 | پەنا ببەنە بەر خۆپیشاندان |
| ١٩.٦٩ | 141 | مانگرتن |
| ٢٠.٥٣ | 147 | راگەیاندن |
| ٥٠.٤٥ | 39 | حاڵەتەکە قەبووڵ بکەن |
| ٧.٤٠ | 53 | هیتر |
| ١٠٠.٠ | 716 | کۆی گشتی |

تێڕوانینی نموونەی توێژینەوەکەمان بۆ ئەم پرسە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:-
بەرزترین ڕێژە کە دەکاتە ٤٨.١٢% لەگەڵـئەوەدان هۆکاری دروستبوونی ئینشیقاق دەگەڕێتەوە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی هەندێ کەس، دیارە تێڕوانینی دانیشتوانی هەرێم بۆ جیابوونەوە و دروستبوونی ئینشیقاق بۆ دڵسۆزی و خەمخۆریان بۆ خەڵکی کوردستان ناگەڕێتەوە، کە هەروەك هەندێك لایەن ئاماژەی پێدەکەن و خۆیان فریادرەس و نەمان و نەهێشتنی گەندەڵی و نا عەدالەتی کۆمەلایەتی دەزانن، بەڵام نموونەی توێژینەوەکەمان تێڕوانینی پێچەوانەیان هەیەو پێیانوایە کە جیابوونەوەیان بۆ بەرژەوەندی خۆیانە.

بۆ هۆکاری دیکتاتۆریەتی حزبەکان ڕێژەی ٢٧.٢٦% لەگەڵـئەوەدان کە دروستبوونی ئینشیقاق بۆ نەبوونی دیموکراسی و ئازادی ڕادەربڕین لەنێو حزبەکاندا دەگەڕێتەوە.

لە بەرامبەریشدا ڕێژەی ٢٠.٤٥%ی نمونەی توێژینەوەکەمان هۆکارەکەی بۆ ململانێی فکری دەگەڕێتەوە. کە ئەمەش ڕێژەیەکی کەمە و لەڕاستیدا دەبوایە هۆکارەکەی ئەوەبێت نەك بەرژەوەندی تایبەتی.

خشتەی (٣٤)

هۆکاری دروستبوونی ئینشیقاق لەناو حزبەکاندا بۆ چی دەگەڕێتەوە

| % | ژمارە | هۆکاری دروستبوونی ئینشیقاق لەناو حزبەکاندا |
|---|---|---|
| ٤٨.١٢ | 346 | بەرژەوەندی تایبەتی هەندێ کەسە |
| ٢٧.٢٦ | 196 | دیکتاتۆرییەتی حزبەکانە |
| ٢٠.٤٥ | 147 | ململانێی فیکرییە |
| ٤.١٧ | 30 | هیتر |
| ١٠٠ | 719 | کۆی گشتی |

# بەشی یازدە

## یەکەم: ئەنجامی توێژینەوەکە

## دووەم:دەرئەنجامی توێژینەوەکە

## سێیەم: پێشنیار

**ئەنجامی توێژینەوەکە**

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا، گەیشتینە چەندین خاڵی گرنك، کە بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلینمان کردوون:

١- بە شێوەیەکی گشتی دیموکراسی لەلایەن حزبەکانەوە گرنگی پێ نەدراوە، بۆنموونە لە تەوەری دیموکراسی کە (٨) پرسیاری بەخۆوە گرتووە، کێشی وەڵامدانەوەکان بەرزن، کە بەم شێوەیەیە: کێشی (٧٥،٧٣) ی خەڵك پێیانوایە، مەودای دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان بەرتەسککراوەتەوە، هەروەها کێشی (٥٤،٧٥) پێیانوایە سەرهەڵدانی فیفتی بە فیفتی لە ئەنجامی بڕوانەبوون بە دیموکراسی و دەستاودەستنەکردنی دەسەڵاتەوە هاتووە، کێشی (٦٩،٧١) ش لەو بڕوایەدان حزبە کوردستانییەکان لە ئاستێکی نزمی دیموکراسیدان، کێشی (٧٢، ٥٣) پێیانوایە لە بنەڕەتدا حزبی سیاسی و دیموکراسی لە کۆمەڵگایەکی خێڵەکی و دەرەبەگیدا دروست نابێت.کێشی (٧٨، ٩٩) ش وایدەبینن، قۆرخکردنی دەسەڵات و دەستگرتن بەسەر ئیمتیازاتەکاندا هۆکاری سەرەکی شەڕی ناوەخۆ بووە، کێشی (٦٩، ١٩) ش رایانوایە کە حزبە ئیسلامییەکان بڕوایان بەدیموکراسی نییە، تەنها کێشی (٥٧، ٠٩) پێیانوایە شێوازی دابەشکردنی دەسەڵات لەلایەن حزبەکانەوە دیموکراسیانە بووە، هەروەها لە کۆی (٧١٤) فۆڕم، (٤٧٩) کەس وتوویانە شێوازی دابەشکردنی دەسەڵات لە لایەن حزبەکانەوە دیموکراسیانە نەبووە.کە ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە، هەروەها لە کۆی (٧١٦) فۆرمدا، تەنها (٢٨)

وەڵام پێیانوایە حزبەکان بەرامبەر یەکتری دیموکراسیانە رەفتاریان کردووە، لە بەرامبەریشدا (٦٨٨) کەس بە نێگەتیڤ وەڵامیانداوەتەوە.

٢- سەبارەت بە گۆڕاوی پارێزگا لە پەیوەندی بە دیموکراسی حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، تا رادەیەکی زۆر دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی هەر سێ (٣) پارێزگاکە بە جیاوازی یەکتری بیردەکەنەوە، دەربارەی دیموکراسیبوونی حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، بەوەی کە لە کۆی (٢٧) حاڵەتدا، کە تاقیکردنەوەی (جیاوازی-تباین) (f) ی بۆ کراوە، دەردەکەوێت، لە (١٤) حاڵەتدا جیاوازن و لە (١٣) حاڵەتیشدا هاوشێوەن.ئەمەش ئەوە دەردەخات، تێڕوانینی خەڵکی هەر پارێزگایەك بۆ حزبی سیاسی لە پارێزگاکەی دی جیاوازە، دوورنییە هۆکارەکەیشی ئەوەبێت، کەشوهەوای سیاسی لە پارێزگای سلێمانی، جیاوازە لەو کەشوهەوایەی کە لە پارێزگای دهۆك هەیە، بەهەمانشێوە ئەوەی پارێزگای هەولێریش لە هەردوو پارێزگاکەی تر جیاوازترە.ئەم جیاوازییانە لە خشتەی ژمارە (١٣) دەرکەوتووە.

٣- دەربارەی نوێبوونەوەی حزبەکان، کە (٧) پرسیاری بەخۆوە گرتووە، دیسان بۆمان دەردەکەوێ حزبەکان نەیانتوانیوە خۆیان نوێبکەنەوە، بۆ نموونە لە پرسیاری یەکەمدا کە دەڵێت، حزبەکان توانای خۆ نوێکردنەوەیان نییە، کێشی (٧١، ٦١) ی هێناوە، ئەم کێشەش بەرزە، کێشی (٧٢، ٥٣) پێیانوایە حزبەکان خۆیان لە خەڵك گۆشەگیر کردووە، کێشی (٦٥، ٤٩) پێیانوایە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان رێکخستنی حزبە ئیسلامییەکان و حزبەکانی دیکەدا نییە.بەڵام زۆرینەی خەڵك پێیانوایە ئەگەر حزبەکان کۆنگرە لە کاتی خۆیاندا ببەستن، دەتوانن خۆیان نوێبکەنەوە، کە کێشی (٥٤، ٧٦) وەرگرتووە.

٤- سەبارەت بە گۆڕاوی رەگەزی لە پەیوەندی بە نوێبوونەوەی حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، دەردەکەوێت لە کۆی (٢٧) حاڵەتدا، کە

تاقیکردنەوەی (f) ی بۆکراوە، تەنیا لە (٦) حاڵەتدا جیاوازی مانادار لە نێوانیان هەیە، لە (٢١) حاڵەتیشدا جیاوازی نابینرێت. ئەم گۆڕاوی رەگەزییە لە خشتەی ژمارە ( ١٧ )، خۆی نیشاندەدات.

٥- بە پێی خشتەی (١٦) بۆمان دەردەکەوێت، کە خزمەتگوزاری بە پێی پێویست پێشکەش نەکراوە، لەسەر ئینتیمای حزبی جیاوازی و نایەکسانی لە نێوان ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان کراوە، بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، هەروەها حزبەکان بەرامبەر کێشە نەتەوەییەکانیش هاوهەڵوێست نین و، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی خۆیان مامەڵە لەگەڵ خەڵك دەکەن.

٦- ئەنجامی گۆڕاوی تەمەن لە پەیوەندی بە واقیعی حزبە سیاسییەکانی هەرێم، بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ومامەڵەکردنیان لەگەڵ یەکتریدا، وەك لە خشتەی ژمارە (٢١) دا دەردەکەوێت، لە کۆی (٢٧) حاڵەتدا، کە تاقیکردنەوەی ئاماری (f) یان بۆ کراوە، تەنیا لە (٤) حاڵەتدا جیاوازن، لە (٢٣) حاڵەتیشدا هاوشێوەن. ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، دید و واقیعبینی تەمەن و رەگەز، لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، تا رادەیەکی زۆر لە یەك نزیکەو، موعاناتیان هاوشێوەن، تەنانەت هەردوو رەگەزی نێرو مێ بە هەمانشێوە، گرفتی نیشتەجێبوون و بژێوییان لەیەکتری نزیکە، ئەمەش لە خشتەی ژمارە (٢١) دەردەکەوێت.

٧- دەربارەی تۆتالیتاریزمی حزبە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، بە پێی نەخشەکانی ژمارە (١٩، ٢٠، ٢١، ٢٢) بۆمان دەردەکەوێت، حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، کەڵکەڵەی تۆتالیتاریزم لەهزرو بیرکردنەوەیاندا تا رادەیەك دروستبووە، چونکە کۆنترۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیان کردووە، عەقڵییەتی خۆسەپاندن بەسەریاندا زاڵە، زانیاری پێویست تەنها بەو دەزگایانە دەدەن کە سەر بە خۆیانن، هەروەها لەو پرسیاری ئەوەی بەردەوامی سەرۆك یان

سکرتێری حزب لە سەرکردایەتی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بەلای ئەوانەوە چ مانایەکی هەیە، ڕێژەی (٥١%) بە دیکتاتۆرییەتیان داناوە، وەك لە نەخشەی (٢٢) دەرکەوتووە.

٨- بە پێی خشتەی ژمارە (٢٣) دەردەکەوێت، کە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی چالاك نییە، هۆکارەکەشی وەك لە خشتەی (٢٣) دا هاتووە، ڕێژەی (٣٥.٣%) زیاتر بۆ ئەوەی دەگەڕێننەوە، خەڵکەکەی پشت بە خۆیان نابەستن و متمانەیان بە خۆیان نییە، ڕێژەی (٢٨.٨%) دەڵێن خەڵکەکەی تەمبەڵن و کەمتەرخەمن لە کارەکاندا، هەروەها ڕێژەی (١٧.١%) بۆ ئەوەی دەگەڕێننەوە، کە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی خێڵەکییە.

٩- بە پێی خشتەی (٢٤) و دواتریش دەردەکەوێ، کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکە، خزم خزمانێ و خوێن لەناویدا زاڵە، باشترین نموونەش دانانی بەرپرسانی حزبی لە شوێنە جیاجیاکانی حزبەکان، زیاتر بەهۆی خزمایەتی و ئینتیمای خێڵەکییەوەیە، نەك بە ڕێگای دیموکراسی و موونافەسەی شەرعی.

١٠- بە پێی خشتەی (٢٩) واپێدەچێت، خەڵك بە تەواوی لە حزبەکان تووڕە بووبێت و بڕوایان بە باشبوونی ئەو حزبانە نەمابێت، بۆیە ڕێژەی (٤٦.٩%) پێیانوایە ئەگەر خەڵك گوێی لێ نەگیرا، پێویستە خەڵکەکە پەنا ببەنە بەر خۆپیشاندان، لەکاتێکدا (١٩.٧%) دەڵێن لەو کاتەدا پەنا ببردرێتە بەر مانگرتن و (٢٠.٥%) یش پێیان باشە پەنا ببردرێتە بەر ڕاگەیاندن، تەنها (٥.٤%) دەڵێن حاڵەتەکە قەبووڵ بکەن.

کەواتە ئەو (٦) خاڵەی کردبوومانە گریمانەی توێژینەوەکەمان، وەك لە سەرەوە دەرکەوت، گریمانەکان دروستن و لە گەیشتن بە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە، ڕاست و دروستی گریمانەکانی سەلماندووە.

**دەرئەنجامی توێژینەوەکە، بە کورتی خۆیان لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبیننەوە:**

یەکێك لەو خاڵە گرنگانەی کە پێویستە هەموو حزبە سیاسییەکانی دونیا بە هی هەرێمی کوردستانیشەوە، پەیڕەوی لێبکەن، دیموکراسییە، کەچی حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، ئەوەندە بەتەنگ دیموکراسییەوە نەبوونە، بۆنموونە:

١-چۆنێتی سەرهەڵدانی حزبە سیاسییەکانی کوردستان زۆر جیاوازە لە چۆنێتی سەرهەڵدانی حزبە سیاسییەکانی رۆژئاوا. لە کوردستان حزب لەبەرامبەر چەوساندنەوەی نەتەوەیی دروست بووە، بەڵام لە رۆژئاوا، حزبی سیاسی بۆ قووڵکردنەوەی دیموکراسی و فراوانکردنی ئازادییە سیاسییەکان بەتایبەت لەناو پەرلەماندا، هاتۆتە سەرهەڵدان و، لەلایەن حکومەتەکانی ئەوکاتیشەوە رەت نەکراونەتەوە.

٢-دروستبوونی حزبێك لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت، چونکە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی هەر وڵاتێك لە رووی کولتوورو مێژوو و ئابووری و نەتەوەییەوە تایبەتمەندی خۆی هەیەو لە ئەوی دیکە جیاوازە، بۆیە پێکهاتەی حزبە سیاسییەکانی هەروڵاتێکیش لە ئەوی دیکە جیاوازترە، تەنانەت لەناو یەك وڵاتیشدا بەهۆی جیاوازی چینە

کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەهۆی وردە کولتووری جیاوازیانەوە، چەندین حزبی لەیەکجیا کە گوزارشت لە چین یان تویژێکی کۆمەڵایەتی دەکەن، دروستدەبن، چونکە حزبەکان لە ئەنجامی هۆکاری زۆرو تێکئالۆزدا دروستدەبن.

٣- حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بە بێ جیاوازی هەر لەسەرەتای دروستبوونیانەوە، هەڵگری پەیامێکی ئایدیۆلۆژی بوونە، بەتایبەتیش هەردوو ئایدیۆلۆژیای چەپ و نەتەوەیی. ئەمەش زیاتر بۆ رووبەڕووبوونەوەو هەڵگەڕاندنەوەی ئەو واقیعە بووە، کە هەبووە. لەلایەکی دیکەیشەوە حزبە ئایدیۆلۆژییەکان زیاتر شەیدای دەسەڵات و پاوانخوازی دەبوون. ئەگەر چی هەمووشیان یەك جۆر نین. ئایدیۆلۆژیای چەپ و ئایینی هەبووە.

٤- حزبە سیاسییەکان بە پێی ئەو سیستەمە سیاسییەی لە وڵاتەکەدا هەیە، ئەرك و رێکخستنی جیاوازی بۆ دروستدەبێت، واتا ئەرك و رێکخستنی حزبە سیاسییەکان لە سیستەمێکی دیموکراسی، جیاوازە لە سیستەمێکی تۆتالیتاری. یان ئەو حزبانەی لە حوکمڕانیدان، ئەرك و رێکخستنیان جیاوازە لەگەڵ ئەو حزبانەی لەدەرەوەی حوکمڕانیدان و بەرهەڵستکارن. ئینجا ئەرك و رێکخستنی حزبە سیاسییەکان لە وڵاتێکی پێشکەوتوو، جیاوازە لەگەڵ ئەرك و رێکخستنی ئەو حزبە سیاسییانەی لە وڵاتێکی دواکەوتوودان.

٥-حزبی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا، بەپێی لۆژیك و هەڵسەنگاندنێکی وردی بارودۆخە سیاسییەکە نەهاتوونەتە دامەزراندن، بۆنموونە حزبی هیوا کە لە سەرەتای چلەکاندا بەرفراوانترین حزبی کوردی بووە، کەچی ئەو حزبە سەرئەنجام هەڵوەشایەوەو نەما، نەما لەئەنجامی ئەو هەموو بیرو

بۆچوونە پێك ناكۆكەی لەنێو سەركردایەتیدا هەبووە، یان سەركردایەتی ڕێكخراوی شۆڕش هەر خۆیان (واتا هەمان سەركردایەتییەكەی ڕێكخراوی شۆڕش) هەوڵیانداوەو ڕۆڵی بنەڕەتییان بینیوە لە دروستكردنی حزبی ڕزگاری، یان سەركردەیەك لەنێو دوو حزبدا سەركردایەتی كردووە، هەموو ئەمانە بێ ئەزموونی و دۆخی حزبی نهێنی و تێكەڵاوبوونی چین و توێژە كۆمەڵایەتییەكان، بۆنموونە قوتابیان و ڕۆشنبیران لەگەڵ عەشایرو بەگ و شێخ لەنێو یەك حزبدا كۆدەبوونەوە، دواتر بەهۆی بیرو بۆچوونی جیا جیاوە لەیەكتر جیادەبوونەوە كە بە مەرگی حزبەكەش كۆتایی دەهات، حزبی هیوا، حزبی شۆڕش، باشترین دوو نموونەی ئەو سەردەمن.

٦-حزبە سیاسییەكانی هەرێمی كوردستان، لە بەهاری (١٩٩١) كەوتنە قۆناخێكی نوێوە، بەڵام لەبەرئەوەی پێشینەیەكی تەندروستیان نەبوو، هێشتا لە ڕووی دەروونییەوە حزبەكان ئاسایی نەبووبوونەوە، ئیتر ئەم نا ئاساییبوونەوەیە لەماوەی ئەو (٢٠) ساڵەی ڕابردوو، هەر بەردەوامبووەو بەردەوامیش دەبێت.

٧- كۆمەڵگەی كوردستانی لەبنەڕەتدا كۆمەڵگەیەكی خێڵەكی و ئایینییە، كۆمەڵگەیەكی كشتوكاڵی دواكەوتوو و دەرەبەگی بووە، خاوەنی كولتوورێكی ئایینی بووە، وێڕای ئەوانەش كورد نەتەوەیەكی ژێردەستەبووەو بەردەوام لەقۆناخی ڕزگاری نیشتمانیدابووە، ئەمانەش دوورن لە گیانی دیموكراسی، بۆیە كورد بە كولتوورێكی دیموكراسی ئاشنا نەبووە، بۆیە لە نێو خودی حزبەكانیشدا دیموكراسی لە بارێكی خراپدابووەو، پرۆسەی بڕیاروەرگرتن و ڕۆڵی بەرفراوانی سەرۆكی حزب و پەراوێزكردنی ڕۆشنبیران و بەدامەزراوەیی نەكردنی حزبەكان، هەموو ئەمانە دیموكراسیان خستۆتە دەرەوەی حزبەكانەوە.

٨-کۆمەڵگەی کوردی وەك چۆن بە نابەرهەمهێن دەژمێردرێ، هاوکات لەرووی فیکرو فەلسەفەشەوە، بەهەمانشێوە نابەرهەمهێن بووە، ئەوەتا تا ئێستاش خاوەنی هیچ فەلسەفەیەکی دیاریکراو نییە، نەلە حوکمڕانیدا، نە لە بواری ئابووریدا.

٩- دیموکراسی لەکۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی-دەرەبەگی دروست نابێت، بۆیە حزبە سیاسییەکان، بە ساناتر دەتوانن تۆوی تۆتالیتاری بگوازنەوە نێو کۆمەڵگا، هەڵبژاردنێکی پڕ لە خەوشیش بەهیچ شێوەیەك مانای دیموکراسی ناگەیەنێت، دیارترین نموونەی ئەو وڵاتانەی کە هەڵبژاردنی تێدا دەکرێت و دیموکراسیش نین، ئەوە ئێران. تەنانەت حزبێکی وەکوو حزبی نازی لە ئەڵمانیا بە رێگای هەڵبژاردن دیموکراسی رووخاند، بەڵام لەکۆمەڵگەی دیموکراسیدا زۆر بە دەگمەن حزبەکان دەتوانن ئەمە بکەن، حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانیش زۆرترین تەمەنیان لە قۆناخی خەباتی نهێنی و چەکداری بەسەر بردووە، ئەمەش هیچ واتایەك بۆ دیموکراسی ناهێڵێتەوە.

١٠-تا ئێستا دەستاودەستکردنی دەسەڵات، تەنها بۆ پارتی و یەکێتی بووەو، ئەم دابەشکردنە نیوە بە نیوەییە، لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ١٩٩٢ وەوە تەنها بۆ ئەو دوو حزبەیەو بۆ درێژەدان بەو دابەشکارییەو لەپێناوی مانەوەیان لە دەسەڵاتدا، شەڕێکی بێ ئامانیشیان لە بەرامبەر یەکتری داگیرساند. گرفتی گەورە ئەوەیە، هیچ کام لەو دوو حزبە بڕوای بەوە نییە ببێتە ئۆپۆزیسیۆن و کار بکات لە خولێکی دیکەدا دەسەڵات وەربگرێتەوە، ئەم نموونەیەش لەسەر ئاستی دونیادا زۆر دەگمەنە.

١١-حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان زۆر تەقلیدین و بڕوایان بە نوێکردنەوەی حزبەکانیان نییە، دەکرێ هەر سێ کۆنگرەکەی "یەکگرتووی ئیسلامی و یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان" بە نموونە وەربگرین، کە کۆنگرە زیاتر بەئاراستەی فراوانکردنی دەسەڵاتی سەرۆك و هەرەمەکە هەنگاویان نا، تەنانەت لە جیاتی چارەسەرکردنی کێشەکانیان، ئاڵۆزی زیاتری تێکەوت.

١٢-حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان تا ئێستا پرسیارێکی جیدییان لەسەر ئەو هەموو قەیران و ئاستەنگە قووڵانەی کۆمەڵگە پێوەی دەناڵێنێ دروست نەکردووە، لەکاتێکدا رۆژانە لە خەمی خۆ دەوڵەمەندکردن و بەهەدەردانی سامانی نیشتمانیدان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەوحزبە سیاسییانەی هەرێمی کوردستان ناتوانن رۆڵی گونجاو ببینن لە ئەکتیڤکردنی کۆمەڵگە.

١٣-حزب تا ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا، نەیتوانیوە ببێتە دامەزراوە، بەڵکو کۆمەڵە خەڵکێکن بەرژەوەندییەکان کۆی کردوونەتەوە، هەر کاتێك ئەو بەرژەوەندییانە نەمان، بە دڵنیاییەوە، ئەو خەڵکانەش گۆڕانیان تێدەکەوێت و وەکوو خۆی نامێنێتەوە.

١٤-حزب و حکومەت ئەوەندە تێکەڵن، تا رادەیەك لە یەك دەزگا دەچێت، هەموو بەڕێوەبەرو وەزیرەکان و بە ئەندام پەرلەمانەکانیشەوە، کە دەچنە دائیرەکەیان، لە رووی دەروونییەوە وا هەست دەکەن چوونەتە بارەگای حزبەکانیانەوە، چونکە حزب هەمیشە زۆرترین حزوورو ئامادەبوونی خۆی لەو دامودەزگایانە نیشانداوە.

١٥-کەواتە لە ئەنجامی ئەو توێژینەوەیەدا، بۆماندەردەکەوێت کە حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان نەیانتوانیوە کۆمەڵگەی کوردی

چالاك بكەن و، لەهەمان كاتيشدا نەبوونەتە ئامرازى نوێبوونەوە لە نێو كۆمەڵگەدا.تەنانەت فرە حزبيش لە هەرێمى كوردستاندا، نەبوونە هۆكارى قووڵكردنەوەى ديموكراسى.

١٦-كوشندەترين خاڵ كە حزبەكان هۆكاربوون بۆ تەمبەڵكردنى كۆمەڵگە، بەخشينەوەى مووچە بوو، بۆ ئەندام و لايەنگرانيان، بێئەوەى هيچ كارێك لەبەرامبەر ئەو كارە بكات، ئەمەش تەمبەڵى و بێ متمانەيى دروستكرد.

١٧-نەبوونى بەرنامەى حزبەكانە، وايكردووە بێكارى پەرەبسێنێت و ئەوانەى بەتوانا (كفۆ) ن، بە زەحمەت بتوانن كار بدۆزنەوە.

## پێشنیار

**بەکورتی پێشنیارەکان خۆیان لەم چەند خاڵانەی خوارەوە دەبیننەوە:**

١- حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، پێویستە مۆرکێکی دامەزراوەیی (موئەسەساتی) بەخۆوە بگرن، هەموو بڕیارو هەڵوێست وەرگرتنەکان، تەنها لە کەسی یەکەم یا دووەم و سێیەم چڕ نەکرێتەوە.

٢- پێویستە زیاتر گرنگی بە کادیرانی ناوەندی بدرێت، چونکە ئەوانن دەتوانن حزب پێش بخەن، یان دوای بخەن.هیچ حزبێك بە بێ کادیری ناوەند (وسگ) ی نابێتە حزبێکی کارا.

٣- پێویستە ئەو بیرکردنەوەیە لەلایەن هەردوو حزبی دەسەڵاتدار (پارتی و یەکێتی) کۆتایی پێبێت، کە دەبێت، هەردوولا بەیەکەوە لە دەسەڵاتدا بن و کەسیان متمانەی ئەوەیان نییە، چەندساڵێك ببێتە ئۆپۆزیسیۆنێکی گونجاو.

٤- لەهەر پرسێکی گرنگ یان ڕووداوێکی ناکاو کە دێتە پێشەوە، پێویستە ئەو میکانیزمە هەبێت، لەماوەی یەك دوو ڕۆژدا، بۆچوونی زۆربەی هەرە زۆری کادیرانی ئەو حزبە وەربگیرێ بۆئەوەی بڕیاری گونجاوی لە بارەوە وەربگیرێت، نەك کادیران لە دۆڵێك بن و سەرکردایەتیش لە دۆڵێکی دیکە.

٥- پێویستە هەموو حزبەکان ناوەندێکی ڕاپرسی بەهێزیان هەبێت، بۆئەوەی هەمیشە بزانن کە خەڵك چۆن بیردەکاتەوەو جەماوەر چی بە پێویست

دەزانی، نەبوونی ئەو ناوەندی راپرسییە، مانای وایە حزبەکان لە خەڵك دابڕاون.

٦- پێویستە بەستنی کۆنگرە، بۆ نوێکردنەوەو رێکخستنەوەی حزب بێت و، بە جەماوەر گرێبیداتەوە، تا ئازادییەکی راستەقینەش لە کۆنگرەکان فەراهەم نەکرێن، ناتوانرێت کەموکورتییەکان باشتر باس بکرێن و رێگاو میکانیزمی گونجاوی بۆ بگردرێتە بەر.

٧- لەجیاتی ئەوەی خەڵك بە تەزکیە بهێنرێتە ناو کۆنگرە، پێویستە رێژەی لە سەدا یان لە هەزاردا، کەمتر بکرێتەوە بۆئەوەی لە شوێنی خەڵکەی بە تەزکیە هاتوون، با خەڵکێکی تر بە هەڵبژاردن بچنە کۆنگرەکە.

٨- پێویستە حزب هەمیشە چاودێر بێت بەسەر ئەندامانییەوە و لێپێچینەوەیان لەسەر بکات لە هۆکاری دروستبوونی تەمبەڵی، گەندەڵی بە هەموو جۆرو رەنگەکانییەوە، یان هەر رەفتارێکی تر کە بە کۆمەڵگە نامۆ بێت.

٩- پێویستە بەرزکردنەوەی کادیران بۆ سەرکردایەتی بە پێی لێهاتوویی و زیرەکی کەسەکە بێت، نەك بەهۆی دروستکردنی پەیوەندی و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی یەکتر.

١٠- هەر ئەندامێکی حزب کە پۆستێکی حکومی وەردەگرێت، پێویستە حزب چاودێری کارەکانی بکات و تەنها ماوەیەکی دیاریکراویشی بۆ دابنی بۆ بەرێوەبردنی پۆستەکەی، نەك زۆر ئەندامی حزب هەن، لە ماوەی (١٨-١٩) ساڵی رابردوودا، لەوەتەی حکومەتی هەرێم دامەزراوە، پۆستیان هەیەو نەگۆڕدراون، ئەمە جۆرێکە لە گەندەڵییەکی ئاشکرا.

١١- لە هەموو کۆنگرەیەکدا، پێویستە نزیکەی نیوەی سەرکردایەتی بگۆڕدرێن، چونکە بەردەوامبوونیان لە سەرکردایەتی، یەکەم:

تەمبەڵیان دەکات، دووەم: گەندەڵ دەبن، سێیەم: کادیری دیکەی سەرکردایەتیت بۆ دروست نابێت، ئەمەش ئایندەی ئەو حزبە دەخاتە مەترسییەوە. چوارەم: کادیرانی بنکەش ئومێدێکیان نامێنیَ کە رۆژێك لە رۆژان دەگەن بە سەرکردایەتی ئەو حزبە.

١٢- نابێت سەرکردایەتی بۆ ئیمتیازات بێت، بەڵکو بۆ ئەوەبێت، ئیتر ئەو کەسە زۆرترین خزمەتی ئەو حزبە بکات.

١٣- ئەو سەردەمە بەسەر چوو، سەرکردایەتی حزب بریتی بێت، لە کوڕی فلاَن شەهیدو، برای فیسار شەهید، یان کوڕی فلان ئاغاو فیسار عەشیرەت و. هتد. پێویستە چالاکترین کادیر بەرزبکرێتەوە بۆ سەرکردایەتی حزبەکان.

١٤- چەندی گەشە بە دیموکراسی بدرێت، لەناو حزبدا، ئەو حزبە بواری گەشەکردنی باشتر دەبێت، چەندی وەك حزبێکی نادیموکراسی و رەفتاری دیکتاتۆرانە پەیڕەو بکات، زیاتر بەرەو گۆشەگیری دەچێت و لەناو کۆمەڵگاش پێگەی لاواز دەبێت.

١٥- ئەزموون دەریخستووە، هەموو ئەوانەی لەکاتی هەڵبژاردنەکانا پەنایان بۆ تەزویر بردووە، داهاتوویەکی تراژیدییان هەبووە، چونکە ئەو حزبە لە لایەك نازانیَ قەبارەی راستەقینەی خۆی چەندە، لەلایەکی تریشەوە، هەروائەزانیَ هەموو خەڵك لەگەڵیدایە، لەکاتێکدا ئەگەر تەزویرەکەی لێبکەیتەوە، هیچی بۆ نامێنێتەوە، حوسنی موبارەك سەرۆکی میسر دەکرێت بە نموونەیەکی زیندووی بهێنینەوە.

١٦- پێویستە حزبەکان، گرنگی بە پەیمانگایەك بدەن، بۆدروستکردنی کادیرانی، لەسەر ئاستی جیا جیا.

١٧- نابێت حزب جیاوازی لە بواری خزمەتگوزاری لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر بکات، بەمە خۆی لە چوارچێوەی ناوچەیەکی دیاریکراو بچووکدەکاتەوەو متمانەی زۆرینە لەدەستدەدات.
١٨- لەبواری پەروەردەییشدا، نابێت بەهەمان شێوە، ناوچەیەك یان توێژێك فەرامۆش بکرێن و ناوچەیەکی ترو کۆمەڵێك کەسی تر گرنگیان پێبدرێت.حزب دەبێت بۆ میللەت بێت بە بێ جیاوازی.

## بەڵام بۆئەوەی کۆمەڵگەیەکی چالاك بێتە بەرهەم، بە گشتی و بە کورتی

### پێشنیار دەکەین:

١- پێویستە حکومەتی هەرێم، بڕیارێك بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری دەربکات و، تا تەواوکردنی قۆناخی ئامادەیی خوێندن بە ئیلزامی بێت.
٢- پێویستە دەسەڵات، تەنها لە ناو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا چڕ بکرێتەوە، نەوەك حزبەکان لە حکومەتی هەرێم دەسەڵاتدارتر بن.
٣- تا ئێستا حکومەتی هەرێم بە شێوەیەکی تەندروست دامەزراوەیی نییە، هەموو دەسەڵاتێکیش لە کەسی یەکەمی هەر دەزگاو دایرەیەك چڕ کراوەتەوە.کە ئەمە خاڵێکی دیکەیە کە حکومەتی پەکخستووە.
٤- دابەشکردنی کار لەسەر بنەمای پسپۆری بێت و، بە کردەوە پەیڕەوی لێبکرێت.
٥- دەستاودەستکردنی دەسەڵات، بکرێت بە نەریتێك و پەیڕەوی لێبکرێت، لەسەر ئەو بنەمایانەی کێ زیاتر بە تەنگ خەڵکەوەیەو بەرنامەی گونجاوی هەیە بۆ خزمەتکردنیان.

٦- بەرنامەی تواناسازی فراوان بکرێت و دوور بێت لە خزم خزمانێ.
٧- دیموکراسی بەدروشم نایەتە دی، پێویستە بە عەقڵێکی نوێوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.
٨- دەسەڵاتی کوردی، نەك هەر گرنگی بە توێژی نوخبە بەتایبەت رۆشنبیران نەداوە، بەڵکو بە چاوێکی کەم سەیریاندەکات، لە کاتێکدا کۆمەڵگە بە بێ کارابوونی رۆشنبیران چالاك نابێت و رۆشنبیر داینەمۆی بزواندنی کۆمەڵگەن.
٩- حزبەکان، کە بەشێکن لە کۆمەڵگە، تەنها بە دروشم خۆیان نوێدەکەنەوە، لە جێبەجێکردن و لە بواری کردەییدا هیچ گۆڕانێکیان بەسەردا نەهاتووە، ئەمەش کۆمەڵگەی سست کردووە.
١٠- پێویستە یاسایەکی تۆکمە هەبێت و پەیڕەوی لێبکرێت، کە رێگا بۆ بەرهەمهێنانی گەندەڵی بەتەواوی بنبڕ بکات. چەند دەزگایەکی گرنگیش بەتەواوی کارا بکرێن تا وەك چاودێر بەسەر دامودەزگاکانەوە بن.
١١- چیتر حزب نەتوانێ دەست بخاتە ناو کاروباری دەزگاکانی دادوەری، نابێت، حاکم لەپەنای تەزکیەی حزبیی پۆستی بدرێتێ، پێویستە لەسەر بنەمای لێهاتوویی وپسپۆری و...هتد بێت.
١٢- ئاسایش دەست نەخاتە ناو کاروباری مەدەنی خەڵکەوە.چونکە لە بنەڕەتدا کاری ئاسایش زۆر جیاوازو تایبەتە.
١٣- سیستەمی پەروەردەو پلاندانان پێویستە زۆر گرنگیان پێبدرێت و کەسانی پسپۆرو شارەزا دوور لە پرسی حزبایەتی لەو شوێنانە دابنرێن.
١٤- لەماوەی بیست ساڵی رابردوودا، چالاککردنی کۆمەڵگەی کوردی تەنها بەهۆی دروستبوونی گرژی و پێکدادان و داگیرساندنی شەڕی

ناوەخۆو خۆپیشاندانەوە بووە، چالاککردنەکە هیچ بوارێکی زانستی و مەعریفی نەگرتۆتەوە، ئەمەش مەترسییەکی گەورەی بۆسەر ئاییندەی کۆمەڵگە دروستدەکات.

١٥- کوردستان پڕە لە سامانی سروشتی، بەڵام نەتوانراوە بۆ سوودی گشتی بەکاربهێنرێت.کۆمەڵگە هیچ سوودێکی لێ وەرنەگرتووە. لەکاتێکدا دەتوانرێ باشترین بەرنامەی هەمەلایەن بۆ چالاککردنی کۆمەڵگەی پێ دابنرێت.

١٦- پێویستە بڕیاری زۆر توند لە بەرامبەر گەندەڵی و توندوتیژی هەبێت، چونکە تا گەندەڵی وەك دیاردە سەیربکرێت و خەریکە دەبێتە بەشێك لە کولتوریشمان، ناتوانرێ کۆمەڵگەیەکی چالاك بهێنرێنە دی.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوەکانی کوردی


١- امام عبدالفتاح امام، دیموکراسی دیدێکی فەلسەفی، وەرگێڕانی:حەسەن یاسین، سلێمانی، ٢٠٠٥

٢- بەختیار عبدالرحمن، یەکگرتووی ئیسلامی لەنێوان ئیسلامیبوون و نەتەوەییبووندا، مەکتەبی بیروهوشیاری (ی. ن. ك)، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٣- بەدران ئەحمەد حەبیب، هەڵبژاردنەکانی کوردستان-١٩ئایار ١٩٩٢ بەڵگەو دەستهاوێژ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٠.

٤- بەکر سدیق، چەمك و پرنسیپەکانی دیموکراسی، سلێمانی، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهوشیاری، ٢٠٠٣.

٥- بەهادین ئەحمەد موحەممەد، پارتە رامیارییەکان، چاپخانەی رەهەند، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٦- بروس کوهین، سەرەتایەك بۆ کۆمەڵناسی، وەرگێرانی لە فارسییەوە بۆ کوردی:هێمن شەریف، بڵاوکراوەی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا-زنجیرەی ٢٢٥، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠١٠.

٧- حەمە سەعید حەسەن، رۆشنبیرو دەسەڵات، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧، ل٤٤.

٨- حسن ڤاڤا، عێراق-توێژینەوەیەکە لە مێژووە سیاسییەکەی ١٩٠٨-٢٠٠٨، وەرگێڕانی: ئامانج نیعمەت، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٩- حسین بەشیریە، دیموکراسی بۆ هەموان، وەرگێڕانی:حوسێن محەمەد زادە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٥.

١٠- حسین بەشیریە، کۆمەڵناسی سیاسی، وەرگێڕانی :ناسر ئیبراهیم زادەن، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی هەولێر، ٢٠٠٩.

١١- رەحیم سابیر، کوردۆلۆژی، سلێمانی، چاپی دووەم، ٢٠٠٥.

١٢- رەشاد میران، چەند بابەتێکی ئێتنۆ-کۆمەلایەتی، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠١.
١٣-رەفیق حیلمی، یادداشت-کوردستانی عیراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحموود-، ئامادەکردن و توێژینەوەو پیاچوونەوەی:پاکیزە رەفیق حیلمی، بەشی سێهەم دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٩٢.
١٤-رەفیق حیلمی، یادداشت-کوردستانی عیراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحموود-بەشی دووەم، بەغدا، ١٩٥٧.
١٥-رەفیق سابیر، کولتوورو ناسیۆنالیزم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، زنجیرەی کتێب ژمارە (٢١٤)، سلێمانی، چاپی دووەم، ٢٠٠٣.
١٦-رۆبەرت دال، دەربارەی دیموکراسی، وەرگێڕانی:ئامانج عەزیزکەندی، سلێمانی، چاپخانەی رەنج، چاپی یەکەم، ٢٠٠٣.
١٧-رۆبێرت میشێل، کۆمەڵناسی حزبە سیاسییەکان، وەرگێڕانی:یاسین حاجی زادە، دەزگای وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠٠٦.
١٨-رۆشنبیرو دەسەلات، دانەری لەسەر نییە، وەرگێڕانی بۆ کوردی:هەڵکەوت عەبدوڵلا، کۆمەڵە وتارێکی وەرگێردراوە، سلێمانی، ٢٠٠٤.
١٩-سەروەر عەبدولرەحمان عومەر، یەکێتی نیشتمانی کوردستان-دامەزراندن و دستپێکردنەوەی شۆڕش ١٩٧٥-١٩٧٦، سلێمانی، ٢٠٠٢.
٢٠-صالح ملا عمر عیسی، ئەتنیکگەرایی و دەوڵەتی نەتەوەیی لە چەرخی بەجیهانیبووندا-کوردستانی عێراق وەك نموونە-، وەرگێرانی:ئازاد وەڵەد بەگی، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی دیراسات و پێگەیاندنی حزبی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨.
٢١-عەتا قەرەداخی، کاریگەری کولتووری ئەوان لەسەر کورد، وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی، زنجیرە (٣)،
٢٢-عەزیز شەمزینی، جوولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان، وەرگێڕانی:فەرید ئەسەسەرد، سلێمانی، سەنتەری توێژینەوەی ستراتیجیی کوردستان، چاپی چوارەم، ٢٠٠٦.
٢٣-فاتح رەسوڵ، لەپێناوی دەسەلاتدا، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧.

٢٤-فەرەیدوون عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا، بارودۆخی سیاسی کوردستان-عێراق (١١ی مارتی ١٩٧٠-١١ی مارتی ١٩٧٤)، دکتۆر کەمال مەزهەر پێشەکی بۆ نووسیوە، هەولێر، ٢٠٠٨.
٢٥-فوئاد سدیق، گەردەلوولی سیاسەت، بەشی یەکەم، چاپی دووەم، ٢٠٠٨.
٢٦-فوئاد سدیق، گەردەلوولی سیاسەت، بەشی دووەم، دەزگای تۆژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی،، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩.
٢٧-کەریم ئەحمەد، ریڕەوی تێکۆشان-بیرەوەرییەکانی کەریم ئەحمەد-، وەرگێڕانی:جەلال دەباغ، سلێمانی، چاپخانەی رەهەند، ٢٠٠٧.
٢٨- کەمال مەنوفی، تیئۆرەکانی سیستەمە سیاسییەکان، وەرگێڕانی: ئاوات ئەحمەد، سلێمانی، ٢٠٠٧
٢٩-کۆمەڵێك نووسەر، زانستی سیاسی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:ئاوات ئەحمەد، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٣٠-مارتین ڤان برونەسن، ئاغاو شێخ و دەوڵەت، وەرگێڕانی لە ئەڵەمانییەوە بۆ کوردی:د. کوردۆ عەلی، بەرگی یەکەم، چ٤، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٣١-مارتین ڤان برونەسن، ئاغاو شێخ و دەوڵەت، وەرگێڕانی لە ئەڵەمانییەوە بۆ کوردی:د. کوردۆ عەلی، بەرگی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٣٢-مەحمود مەلا عززەت، جەمهوریەتی کوردستان-تویژینەوەیەکی مێژوویی و سیاسییە، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ وپەخشی دەزگای سەردەم (١٢٤)، سلێمانی، ٢٠٠١.
٣٣-محەمەد سەبیلا، بۆ سیاسەت بەسیاسەت — لەبارەی توێکاری سیاسیەوە، وەرگێڕانی هەڵکەوت عەبدوڵلا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩.
٣٤-محمد صابر کریم، چەمکی ناسیۆنالیزم و ئازادی بیروڕا، زنجیرەی نووسراوە نەتەوەییەکان-فیکری کولتووری کۆمەڵگەیی-، تەموزی ٢٠٠١، چاپی یەکەم، باشووری کوردستان.
٣٥-محمد فاتح، حزبی سیاسی و تیۆری رێکخستن، چاپی یەکەم، ٢٠١٠.
٣٦-مراد خۆشەڤی حسۆ، گۆڕانکارییەکانی کوردستانی عێراق و پەیوەندییەکانی تورکیاو عێراق ١٩٩٠-٢٠٠٥، هەولێر، ٢٠٠٨.

٣٧-مسعود بارزاني، بارزاني و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١-١٩٧٥، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ٢٠٠٤.
٣٨-مسعود عبدالخالق، مەوسوعەی جودی بۆ چەمك و زاراوەکانی سەردەم، بەشی یەکەم، هەولێر، نووسینگەی تەفسیر بۆ بلاوکردنەوەو راگەیاندن، ٢٠٠٨.
٣٩-ناسر عوبێد ئەلناسر، دیاردەی گەندەڵی، وەرگێڕانی: سەلاح شاکەلی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێرن٢٠٠٥.
٤٠-واحد عومەر محێدین، دانووستانەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردو حکومەتەکانی عێراق (١٩٢١-١٩٦٨) -توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە-، سەنتەری توێژینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٤١-ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا، راپەڕینی ئاداری (١٩٩١) لە باشووری کوردستان- توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٩.
٤٢-ئەحمەد محەمەد ناسر باوەڕ، دۆزی کورد لە پەیوەندییەکانی عێراق-ئێراندا (١٩٣٧-١٩٤٧)، سەنتەری توێژینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمامی، ٢٠١٠.
٤٣-یەکێتی نیشتمانی کوردستان، نامیلکەیەکە بەناونیشنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆچی. ؟، وەرگێڕانی: ئارام، مەکتەبی رێکخستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان- بەشی رووناکبیری، سلێمانی، چاپی چوارەم، ٢٠٠٠.
٤٤-ئیبراهیم جەلال، خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول-بنیاتنان و هەڵتەکاندن ١٩٦١-١٩٧٥، سلێمانی، چاپی سێیەم، ساڵی ١٩٩٩.
٤٥-نەوشێروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، چاپخانەی زانکۆی سلێمانینچاپی دووەم/مایسی ١٩٩٧.
٤٦-برایم جەلال، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، سلێمانی، چاپخانەی روون، ٢٠١١.
موسا ئیبراهیم، فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد، سلێمانی، چ٣، ٢٠١١.

## سەرچاوەکانی عەرەبی


٤٧-ابراهيم اعراب، الاسلام السياسى والحداثه، افريقيا الشرق-مغرب، ٢٠٠٠.

٤٨- ابن منظور-لسان العرب، ج ١، دار صادر، بيروت، دون سنه الطبع ومكان الطبع.

٤٩- احسان محمد الحسن، علم الاجتماع السياسى، مطبعه جامعه الموصل، ١٩٨٤

٥٠- احسان محمد الحسن، موسوعه علم الاجتماع، بيروت، الدار العربيه للموسوعات، ١٩٩٩.

٥١- احمد محمدالطيب، الاحصاءفى التربيه وعلم النفس، ط١، المكتب الجامعى الحديث، الازاريطه – الاسكندريه، ١٩٩٩، ص٢٩٤.

٥٢- ادوارد سعيد، صور المثقف، نقله الى العربيه:غسان غصن، راجعته:منى أنيس، بيروت، ١٩٩٦

٥٣- ارسطوطاليس، السياسه، ترجمه:احمد لطفى السيد، الهيئه الصريه العامه للكتاب، ٢٠٠٨

٥٤- اركان حمه امين الزرداوى، نشأه وتطور الجمعيات والأحزاب والتيارات السياسيه الكورديه فى العراق، بغداد، ٢٠٠٩، ص١٦٨.

٥٥- أسامه الغزالى حرب، الاحزاب السياسيه فى العالم الثالث، عالم المعرفه-الكويت، ١٩٨٧

٥٦- أسعد مفرج ولجنه من الباحپين/موسوعه علم السياسه، تعريف شامل بالسياسه فكرا وممارسه، بيروت، الجزئين الخامس والخامس عشر، ٢٠٠٦.

٥٧- امام عبدالفتاح امام، الأخلاق والسياسه-دراسه فى فلسفه الحكم-، مجلس الأعلى للپقافه، القاهره، ٢٠٠٢، ص١٠٩

٥٨- امام عبدالفتاح امام، الطاغيه، دراسه فلسفيه لصور من الاستبداد السياسى، عالم المعرفه

٥٩- أميل دوركهايم، فى تقسيم العمل الاجتماعى، ترجمه من الفرنسيه الى العربيه، حافظ الجمالى، اللجنه اللبنانيه لترجمه الروائع، بيروت، ١٩٨٢.

٦٠- بالميرو تولياتى، محاچرات فى الفاشيه، تعريب:انطوان صيداوى، دار الفارابى، بيروت، الطبعه الأولى، ١٩٧٩

٦١- البرت حوراني، الفكر العربي في عصر النهضه ١٧٩٨-١٩٣٩، ترجمه الى العربيه:كريم عوقول، راجعه :السفير أديب القنطار، بيروت، الطبعه الثالثه، ٢٠٠٩.
٦٢- برهان غليون، اغتيال العقل، المركز الثقافي العربي، مغرب-بيروت، ط٥، ص٧٣.
٦٣- بلقيس احمد منصور، الأحزاب السياسيه والتحول الديمقراطي-دراسه تطبيقيه على اليمن وبلاد اخرى، مكتبه مدبولي، القاهره، ٢٠٠٤
٦٤- بيار كلاستر، مجتمع اللا دوله، تعريب وتقديم:د. محمد حسين دكروب، المؤسسه الجامعيه للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ط٣، ١٩٩١.
٦٥- تشارلز تيللي، الديمقراطيه، ترجمه: محمد فاضل طباخ، مراجعه: د.حيدر حاج اسماعيل، المنظمه العربيه للترجمه، بيروت، ط١، ٢٠١٠.
٦٦- پناء فؤاد عبدالله، الديمقراطيه داخل الأحزاب في البلدان العربيه، مركز دراسات الوحده العربيه، بيروت، ٢٠٠٤
٦٧- جان ايلينشتاين، ظاهره ستالين، ترجمه: د.مجيد الراضي، دار المدى للثقافه والنشر، ١٩٩٦.
٦٨- جهينه سلطان العيسى، التنميه عن طريق التحديث، دار الأهالي، دمشق، الطبعه الأولى، ١٩٩٩.
٦٩- جورج بالانديه، ألأنثروبولوجيا السياسيه،ترجمه:على المصرى، المؤسسه الجامعيه للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ط٢، ٢٠٠٧
٧٠- حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني- العراق (في محطات رئيسيه) ١٩٤٦-١٩٩٣، دهوك، ١٩٩٨
٧١- حسان محمد شفيق العاني، ألانظمه السياسيه والدستوريه المقارنه، بغداد، ژ٩٨٦.
٧٢- حسين جميل، نشأه ألأحزاب السياسيه، الدار العربيه للموسوعات، بيروت، الطبعه ألأولى، ١٩٨٤
٧٣- حسين رحال، اشكاليات التجدد-دراسه في ضوء علم اجتماع المعرفه-، دار الهادي، بيروت، الطبعه الأولى، ٢٠٠٤
٧٤- حمد الشيخ، المثقف والسلطه، دراسه في الفكر الفلسفي الفرنسي المعاصر، تقديم سالم يفوت، بيروت، تموز ١٩٩١

٧٥- حنا بطاطو، العراق-كتاب الثانى الحزب الشيوعى- ترجمه: عفيف الرزاز، مؤسسه الرافد للطباعه والنشر والتوزيع، بغداد، ٢٠٠٦

٧٦- حنه أرندت، اسس التوتاليتاريه، ترجمه: انطوان أبوزيد، دار الساقى، بيروت، الطبعه الأولى، ١٩٩٣

٧٧- خضر خضر، مفاهيم اساسيه فى علم السياسه، المؤسسه الحديثه للكتاب، لبنان، ط٢، ٢٠٠٨.

٧٨- دنيس كوش، مفهوم الثقافه فى العلوم لاجتماعيه، ترجمه:دمنير السعيدانى، مراجعه:د. الطاهر لبيب، المنظمه العربيه للترجمه، بيروتن٢٠٠٧

٧٩- دينكن ميشيل، معجم علم ألاجتماع، ترجمه:الدكتور أحسان محمد الحسن، مطبعه دار الحريه، بغداد، ١٩٨٠.

٨٠- ر. بودون و ف. بوريكو، المعجم النقدى لعلم الاجتماع، ترجمه:سليم حداد، بيروت، ط٢، ٢٠٠٧.

٨١- رالف م. غولدمان، من الحرب الى سياسه الأحزاب (التحول الحرج الى السيطره المدنيه)، ترجمه:فخرى صالح، الدار الأهليه للنشر والتوزيع، عمان، ١٩٩٦.

٨٢- ربحى مصطفى عليان ود. عثمان محمد غنيم، مناهج وأساليب البحث العلمى-النظريه والتطبيق، عمان، دار الصفاء للنشر والتوزيع، ٢٠٠٠

٨٣- رسلان شرف الدين، مدخل لدراسه ألأحزاب السياسيه العربيه، دار الفارابى، بيروت، ٢٠٠٦

٨٤- سالار أوسى، جلال طالبانى-أحداث ومواقف، دار أبعاد للطباعه والنشر، بيروت، ٢٠٠٨، ص١٧٣.

٨٥- سالم القمودى، سيكولوجيا السلطه، مؤسسه ألأنتشار العربى، الطبعه الثانيه، ٢٠٠٠.

٨٦- سعاد الشرقاوى، الأحزاب السياسيه-أهميتها-نشأتها-نشاطها-، جامعه القاهره، يونيه ٢٠٠٥

٨٧- سعد ناجى جواد، دراسات فى المسأله القوميه الكرديه، الدار العربيه للعلوم، بيروت، الطبعه الأولى، ٢٠٠٥، ص١٤٠

٨٨- سليمان الطحاوى، السلطات الثلاث فى الدساتير العربيه، القاهره، دار الفكر العربى، ١٩٧٩
٨٩- سوزان سكارو، تطبيق الديمقراطيه داخل الأحزاب،الأحزاب السياسيه والديمقراطيه من ناحيتين النظريه والعمليه، المعهد الديمقراطى الوطنى للشؤون الدوليه
٩٠- السيد عبدالرزاق الحسنى، تأريخ ألأحزاب السياسيه العراقيه، بيروت، ١٩٨٠
٩١- شوكت اشتى، الأحزاب اللبنانيه-قراءه فى التجربه، مؤسسه الانتشار العربى، بيروت-، الطبعه الأولى، ٢٠٠٤.
٩٢- شيرزاد أحمد النجار، دراسات فى علم السياسه، أربيل، ٢٠٠٤.
٩٣- شێركۆ فتح الله عمر، الحزب الديمقراطى الكوردستانى وحركه التحرر القومى الكورديه فى العراق (١٩٤٦-١٩٧٥)، سليمانيه، الطبعه الأولى، ٢٠٠٤.
٩٤- صادق ألأسود، علم ألاجتماع السياسى، بغداد، ١٩٨٦.
٩٥- صلاح الخرسان، التيارات السياسيه قى كردستان العراق، مؤسسه البلاغ، بيروت، ٢٠٠١.
٩٦- طارق على الربيعى، الاحزاب السياسيه، وزاره التعليم العالى والبحث العلمى، جامعه بغداد، ١٩٩٩.
٩٧- طارق على الهاشمى، ألأحزاب السياسيه، وزاره التعليم العالى والبحث العلمى، بغداد، ١٩٩٠.
٩٨- عبدالجبار حسن الجبورى، الأحزاب والجمعيات السياسيه فى العراق ١٩٠٨-١٩٥٨، دار الحريه للطباعه-بغداد، ١٩٧٧.
٩٩- عبدالحميد الجعبه، الأحزاب فى الاسلام، رساله ماجستير، بدون تأريخ الصدور، غير منشوره. بڕوانه: http://www. rsscrs. info/vb/downloads. php?do=file&id=2663
١٠٠- عبدالرحمن بدوى، موسوعه الفلسفه، ذوى القربى، ط١، دون سنه الطبع.
١٠١- عبدالرزاق الحسنى، تأريخ ألأحزاب السياسيه العراقيه، بيروت، ١٩٨٠.
١٠٢- عبدالرضا حسين الطعان وصادق ألاسود، مدخل الى علم السياسه، جامعه بغداد، ١٩٨٦

١٠٣-عبدالرضا حسين الطعان، البعد ألاجتماعی للأحزاب السياسيه-دراسه فی علم ألاجتماع السياسی، وزاره الثقافه والاعلام، بغداد، ١٩٩٠

١٠٤-عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكورديه فی نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨ المؤسسه سردم، السليمانيه، الطبعه الثانيه، ٢٠٠٧.

١٠٥-عبدالفتاح علی البوتانی، الحياه الحزبيه فی الموصل١٩٢٦-١٩٥٦، مطبعه وزاره التربيه، أربيل، ٢٠٠٣.

١٠٦-عبدالقادر عبدالعالی، ألأحزاب السياسيه والتنميه السياسيه فی الجزائر-ورقه مقدمه الی:الملتقی الوطنی:التحولات السياسيه واشكاليه التنميه السياسيه:واقع وتحديات، جامعه الشلف، ٢٠٠٨.

١٠٧- عبدالله عامر الهمالی، التحديث الاجتماعی معالمه-ونماذج من تطبيقاته، منشورات جامعه قاريونس، ليبيا، الطبعه الثانيه، ٢٠٠٨.

١٠٨-عبدالله محمد عبدالرحمن، علم ألاجتماع السياسی، دار النهضه العربيه للطباعه والنشر، بيروت، ٢٠٠١

١٠٩-عبدالهادی الفضلی، اصول البحث)، دار المؤرخ العربی، ط١، بيروت، ١٩٩٢.

١١٠-عبدالوهاب الكيالی ومجموعه من المشاركين فی التحرير، موسوعه السياسه، المؤسسه العربيه للدراسات والنشر، الجزء:الأول، ط٤، ١٩٩٩، الجزء الثانی، ط٤، ٢٠٠١، الجزءالثالث، ط٢، ١٩٩٣، الجزء الرابع، دون تأريخ وسن الطبع، الجزء الخامس، ط٤، ١٩٩٩، الجزء السادس، ط٢، ١٩٩٥، الجزء السابع، ط١، ١٩٩٤.

١١١-عزيز سباهی وعبدالرزاق الصافی، معالم علی الطريق المجيد، دار الرواد للطباعه والنشر، ٢٠٠٣.

١١٢-عزيز سباهی، عقود من تأريخ الحزب الشيوعی العراقی، منشورات الثطقافه الجديده، دمشق، الجزء الأول. ٢٠٠٢.

١١٣-علی ليله، ماكس ڤيبر والبحث المضاد فی اصل الرأسماليه المعاصره، ألأسكندريه، المكتبه المصريه للطباعه والنشر والتوزيع، ٢٠٠٤

١١٤-عمل جماعی، ألأحزاب السياسيه فی العالم العربی، المركز اللبنانی للدراسات، ٢٠٠٦

١١٥-غريب محمد سيد أحمد وعبدالباسط عبدالمعطى، علم ألاجتماع، دار المعرفه الجامعيه، أسكندريه، ١٩٨٥، ص١٧٣.
١١٦-غسان العطيه، العراق نشأه الدوله ١٩٠٨-١٩٢١، تقديم حسين جميل، ترجمه:عطا عبدالوهاب، لندن، ١٩٨٨
١١٧-غى هرميه وأخرون، علم السياسه والمؤسسات السياسيه، ترجمه:هيثم اللمع، المؤسسه الجامعيه للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ط١، ٢٠٠٥.
١١٨- فارح مسرحى، الحداثه فى فكر محمد اركون، الدار العربيه للعلوم، بيروت، الطبعه الأول، ٢٠٠٦
١١٩- فالح عبدالجبار، التوتاليتاريه، ترجمه:حسنى زينه، معهد دراسات عراقيه، الطبعه الأولى، ٢٠٠٨، بغداد، بيروت-أربيل
١٢٠- فتحى التريكى و د. رشيده التريكى، فلسفه الحداثه، مركز الأنماء القومى، بيروت، ١٩٩٢.
١٢١- فرنسوا شاتليه وأوليڤيه دوهاميل وايڤلين بيزيه، معجم المؤلفات السياسيه، ترجمه:محمد عرب صاصيلا، بيروت، ط٢، ١٩٩٢
١٢٢- فريدريك نيتشه، هكذا تكلم زرادشت، كتاب للكل ولا لأحد، ت: :فليكس فارس، الأسكندريه، مطبعه جريده البصير، ٢٠٠٠، ص٢٤٠
١٢٣- فهمى سليم الغزوى وأخرون، المدخل الى علم الاجتماع، عمان، دار الشروق، ٢٠٠٤.
١٢٤- فؤاد خليل، المجتمع، النظام، البنيه فى موضوع علم الاجتماع واشكاليته)، دارالفارابى-بيروت-، الطبعه الأولى ٢٠٠٨
١٢٥- فؤاد مرسى، أزمه المجتمع هى أزمه المثقفين، مقال فى كتاب:التغيرات الاجتماعيه-المجتمع والمرأه، المؤسسه العربيه للدراسات والنشر، الأردن، الطبعه الأولى، ١٩٩٣
١٢٦- فيروز راد وأمير رضائى، تطوير الثقافه-دراسه اجتماعيه فى مفهوم التنميه الثقافيه عند على شريعتى، تعيب: أحمد الموسوى، مركز الحضاره لتنميه الفكر الاسلامى، سلسله الدراسات الاسلاميه-٣١-، بيروت، الطبعه الأولى، ٢٠٠٩

١٢٧-قاسم حسين صالح، المجتمع العراقي-تحليل سيكوسوسيولوجي لما حدث ويحدث، الدار العربيه للعلوم ناشرون-بيروت-لبنان، الطبعه الأولى، ٢٠٠٨
١٢٨-قانون الجمعيات والاحزاب وقانون الاسلحه، اربيل، ط١، ٢٠٠١
١٢٩-كاظم حبيب، لمحات من نضال حركه التحرر الكردى في كردستان -العراق، الجزء الأول، اربيل، الطبعه الثانيه، ٢٠١٠.
١٣٠-كمال التابعي، تغريب العالم الثالث-دراسه نقديه في علم اجتماع التنميه (به رۆژئاواییکردنی جیهانی سێیەم)، القاهره، توزيع مكتبه النصر،
١٣١-لارى دايموند، مصادر الديمقراطيه، ثقافه المجموع ام دور النخبه، ترجمه: سجيه فلو عبود، الطبعه العربيه، دار الساقينط١، ١٩٩٤
١٣٢- لوسى مير، مقدمه في الأنثروبولوجيا الأجتماعيه، ترجمه وشرح:د. شاكر مصطفى سليم، دار الشؤون الثقافيه العامه-وزاره الثقافه والاعلام، بغداد
١٣٣-م. روزنتال و ب. يودين، الموسوعه الفلسفيه، :ترجمه: سمير كرم، بيروت، دار الطليعه للطباعه والنشر، ط٣، ١٩٨١
١٣٤-مارتن ڤان برونسن، ألأكراد وبناء ألأمه، ترجمه:فالح عبدالجبار، معهد الدراسات الأستراتيجيه، فرات للنشر والتوزيع، بيروتن٢٠٠٦.
١٣٥-مالك سيف، للتأريخ لسان، دار الحريه للطباعه، بغداد، ١٩٨٣
١٣٦-مجموعه من المؤلفين موسوعه مشاهير العالم، مشاهير القاده العسكريين والسياسيين، بيروت، دار الصداقه العربيه، الجزء الثالث، ٢٠٠٢.
١٣٧-مجموعه من المؤلفين، المسأله الديمقراطيه في الوطن العربي ،بيروت، مركز دراسات الوحده العربيه، سلسله كتب المستقبل العربي (١٩)، ٢٠٠٠.
١٣٨-مجموعه من المؤلفين، المسأله الديمقراطيه في الوطن العربي مركز دراسات الوحده العربيه، سلسله كتب المستقبل العربي (١٩)، الطبعه ١، بيروت، ٢٠٠٠
١٣٩-مجموعه مؤلفين، المجتمع العراقي، حفريات سوسيولوجيه في ألأثنيات والطوائف والطبقات، معهد الدراسات ألاستراتيجيه، بيروت-بغداد، ٢٠٠٦
١٤٠-محسن دلول، السياسه والحكم —القوه والعقل بين الخوف والمجهول، رياض الريس للكتب والنشر، الطبعه الأولى، ٢٠٠٦

١٤١- محمد أحمد اسماعيل، الديمقراطيه ودور القوى النشطه فى الساحات السياسيه المختلفه، المكتب الجامعى الحديث، ٢٠١٠.
١٤٢- محمد أزهر سعيد السماك وأخرون، أصول البحث العلمى (بنچينەی توێژینەوەی زانستی)، مديريه دار الكتب للطباعه والنشر، جامعه الموصل، ١٩٨٦.
١٤٣- محمد الشيخ، المثقف والسلطه-دراسه فى الفكر الفلسفى الفرنسى المعاصر (رۆشنبیرو دەسەڵات)، تقديم:سالم يفوت، بيروت، ١٩٩١.
١٤٤- محمد جواد أبو القاسمى، نظريه الثقافه (تيئۆری رۆشنبیری)، ترجمه:حيدر نجف، مركز الحضاره التنميه الفكر الاسلامى، بيروت، ١٩٨٤.
١٤٥- محمد سبيلا، ألأيديولوجيا نحو نظره متكامله، المركز الثقافى العربى، بيروت، ١٩٩٢
١٤٦- محمد صالح أميدى، الفساد فى اقليم كوردستان وأليات المعالجه، دراسه قانونيه واداريه تحليليه لظاهره الفساد السياسى والمالى والادارى فى مؤسسات حكومه أقليم كوردستان، الجزء الأول، الطبعه الأولى، اربيل، ٢٠١٠
١٤٧- محمد عابد الجابرى، المثقفون فى الحضاره العربيه-محنه ابن حنبل ونكبه ابن رشد، مركز دراسات الوحده العربيه، بيروت، الطبعه الپانيه، كانون الثانى ٢٠٠٠
١٤٨- مختار الاسدى، موجز تأريخ العراق السياسى الحديث، دار الكتب العراقيه للطباعه والنشر، ص١٢٨.
١٤٩- معن خليل العمر، علم اجتماع المثقفين، عمان، دار الشروق، ٢٠٠٩.
١٥٠- معن خليل عمر، مناهج البحث فى علم ألاجتماع، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، ١٩٩٦، ص٧٩-٨٠.
١٥١- المعهد الديمقراطى الوطنى للشؤون الدوليه، ألأحزاب السياسيه والانتقال الى الديمقراطيه، مراجعه وتحقيق:مى الاحمر، المعهد الديمقراطى الوطنى، ٢٠٠٤
١٥٢- مكرم طالبانى، مراحل تطور الحركه القوميه الكرديه، المجلد الأول، السليمانيه، مؤسسه حمدى للطباعه والنشر، ٢٠٠٩
١٥٣- منذر الشاوى، الدوله الديمقراطيه فى الفلسفه السياسيه والقانونيه، شركه المطبوعات للتوزيع والنشر، بيروت-لبنان-، الطبعه الأولى، ٢٠٠٠

١٥٤- موريس دوفرجيه، علم اجتماع السياسه، ترجمه:د. سليم حداد، بيروت، المؤسسه الجامعيه للدراسات والنشر والتوزيع، الطبعه الثانيه، ٢٠٠١

١٥٥- موريس دوفرجيه، ألأحزاب السياسيه، ترجمه:على مقلد و عبدالحسن سعد، بيروت، دار النهار، الطبعه ٣، السنه ١٩٨٠

١٥٦- موريس فرادوارد، موسوعه مشاهير العالم)، دار الصداقه العربيه، بيروت، الاجزاء، ٢٠٠٢.

١٥٧- موفق الحمدانى واخرون، مناهج البحث العلمى واساسيات البحث العلمى، ط١، مؤسسه الوراق للنشروالتوزيع، عمان الاردن، ٢٠٠٦، ص٢٨٠

١٥٨- ميشيل فاديه، ألأيديولوجيه، وثائق من ألأصول الفلسفيه، ترجمه:أمينه رشيد سيد البحراوى، دار الفارابى، بيروت، ٢٠٠٦

١٥٩- ميشيل فوكوّ، يجب الدفاع عن المجتمع، ترجمه وتقديم وتعليق: د. الزواوى بغوره، دار الطليعه للطباعه والنشر، بيروت، ٢٠٠٣.

١٦٠- ناتالى سليمان، المعايير الدين لعمل ألأحزاب السياسيه الديمقراطى، المعهد الديمقراطى الوطنى، بيروت، ٢٠٠٨.

١٦١- نداءمشطر صادق، التخلف والتحديث والتنميه السياسيه، منشورات:جامعه قاريونس-بنغازى، ط١، ١٩٩٨

١٦٢- نظام بركات-د. عثمان الرواف-د. محمد الحلوه، مبادىء علم السياسه الرياض، الطبعه السابعه، ٢٠٠٩

١٦٣- نعمان الخطيب، ألأحزاب السياسيه ودورها فى أنظمه الحكم المعاصره، القاهره، دار الثقافه للنشر والتوزيع، ١٩٨٣.

١٦٤- نورى شاوەيس من مذكراتى، من منشورات حزب الشعب الديمقراطى الكردستانى، ١٩٨٥

١٦٥- هشام شرابى، المثقفون العرب والغرب، بيروت، الطبعه الخامسه، ١٩٩٩

١٦٦- هشام شرابى، أزمه المثقفين العرب، بيروت، الطبعه الأولى، ٢٠٠٢

١٦٧- هيلين محمدأمين المزورى، حزب هيوا-الأمل-١٩٣٩-١٩٤٦، دراسه تأريخيه-سياسيه، دار سبيريز للطباعه والنشر، دهوك ٢٠٠٨، ص١٨٧ وما بعدها.

١٦٨-هيواحاجيديلويى، الاتجاهات التعصبيه بين الجماعات العرقيه—دراسه اجتماعيه ميدانيه فى اقليم كوردستان العراق، قسم الاجتماعب كليهالاداب فى جامعه صلاحالدين، رساله ماجستير منشوره، مؤسسه موكريانى، ط١، اربيل، ٢٠٠٨، ص ص١٦٦-١٦٧.

١٦٩-وحيد عبدالمجيد، أزمه الديمقراطيه فى الأحزاب المصريه دراسه فى أنماط التنظيم واداره الخلاف وصنع القرار (قەيرانى ديموكراسى لە حزبەكانى ميسردا) القاهره، ٢٠٠٨.

١٧٠-يوسف بريك، مناهج البحپ فى علم ألاجتماع، (ميتۆدى تۆژينەوە لە كۆمەڵناسى دا)، منشورات جامعه دمشق، ١٩٩١.


### تێزی دکتۆرا بە زمانی عەرەبی


١٧١-صباح صبحى حيدر، اصلاح الأحزاب السياسيه-دور قاده الأحزاب فى الأنظمه الديمقراطيه رساله دكتوراه فى العلوم السياسيه، غير منشوره، مقدمه الى جامعه صلاح الدين، تشرين الثانى.

١٧٢-حمدان رمضان محمد خليل، التحديث السياسى فى المجتمع العراقى المعاصر، رساله الدكتوراه، ٢٠٠٤، جامعه بغداد-كليه ألآداب، غير مطبوعه.


### نامەی ماستەر
### بە زمانی کوردی


١٧٣-ئارام عەلی فەرەج، رۆڵی پارتەکان لە گەشەپێدانی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، نامەی ماستەر، بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سلێمانی، چاپ نەکراوە.

١٧٤-لەیلا ئەمیر عاصی عەزیز، رۆڵی نوێبوونەوە لە گۆڕانکاری کولتووری لاوان-توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر، نامەی ماستەر-زانکۆی سەلاحەدین-کۆلیژی ئەدەبیات بەشی کۆمەڵناسی، ٢٠٠٦.

**به زمانی عەرەبی**

١٧٥-صباح صبحي حيدر، الأحزاب ودورها في التنشئه السياسيه في اقليم كوردستان العراق -دراسه تحليليه ميدانيه-، رساله الماجستير، جامعه صلاح الدين، ٢٠٠٣

**سەرچاوەکانی گۆڤار**

**به زمانی کوردی**

١٧٦-ئیدریس سیوەیلی، چەند سەرنجێك لە کارو چالاکیی ئیخوان موسلمین لە عێراقدا، دۆسێی ئیسلام، سلێمانی، ژمارە ٢، حوزەیرانی ٢٠٠٦،

١٧٧-حەسەن یاسین، گرووپە ئیسلامییەکانی کوردستان و بەشدارییان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا، دۆسێی ئیسلام، سلێمانی، ژمارە١، شوباتی ٢٠٠٦،

١٧٨-پەرژین تەها رەحمان و ئەوانی تر، پەیوەندی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن لە سیستەمی دیموکراسیدا، رۆشنگەری، ژمارە ٢٧، زستانی ٢٠١٠.

١٧٩-عەتا جەمالی، ماکس ڤیبەرو چەمکی دەسەڵات، رۆشنگەری، ژ (٢٨).

١٨٠-دیمانەی عەتا قەرەداخی، رێگا مەگەزین، بەشی هەشتەم، ژمارە-١٥-، سلێمانی، ٢٠١٠/٥/١،

١٨١-سەردەم، گۆڤارێکی تایبەتە بە وەرگێڕان و کولتووری بیانی،،ساڵی (٦)، ژمارە٣١، شوباتی ٢٠٠٤

١٨٢-سیستەمە حزبییەکان وسیستەمەکانی هەڵبژاردن، سەنتەری برایەتی، ساڵی سێیەم، ژمارە ١٥ بەهاری ٢٠٠٠

١٨٣-تیئۆری عەبدولکەریم سرووش دەربارەی ئایین و ئایدیۆلۆژیا، سەنتەری برایەتی، ژمارە، ١٣، ئەیلوولی ١٩٩٩

١٨٤- حزبە سیاسییەکان و پلۆرالیزم لە جیهانی سێیەمدا، سەنتەری برایەتی، ژ١٣، ئەیلوولی ١٩٩٩.

١٨٥-رۆڵ ورەفتارو ئەركی حزبەكان لە كۆمەڵگاكانی ئەمڕۆدا، سەنتەری برايەتی، ژمارە١٢، كۆتايی حوزەيرانی ١٩٩٩
١٨٦-سووڕەكانی ئايديۆلۆژيا لە رەوتی مێژوودا، سەنتەری برايەتی، ژمارە ١٤، كانوونی يەكەمی ١٩٩٩
١٨٧- فوئاد سديق، حزبە سياسييەكانی كوردستان و قەيرانی نوێبوونەوە، گوڵان،، ژ ٧٤٩، ساڵی (١٦)، رێككەوتی ٢٠٠٩/٩/١٤
١٨٨-ديمانەی مارك جۆنز، گوڵان، ژمارە (٧٥٢)، ساڵی (١٦)، رۆژی ٢٠٠٩/١٠/١٢، تشرينی يەكەمی ساڵی ٢٠٠٩
١٨٩- بۆچی پارتە سياسييەكانی كوردستان لە پرۆسەی خۆنوێكردنەوەدا سەركەوتوو نابن؟، گۆڤاری گوڵان، ژ٧٥٢، ١٠/١٢، ٢٠٠٩.
١٩٠-ديمانەی نەوشێروان مستەفا، گوڵان، ژمارە (٧٠٧) رۆژی ٢٠٠٨/١١/٣
١٩١-ديمانەيەك لەگەڵ د. شێرزاد نەجار، گوڵان، ژمارە (٧٥٩)، ساڵی (١٦)، كانوونی يەكەمی ٢٠٠٩
١٩٢-رێباز بێركۆتی، لە كۆنگرەی يەكێتيدا دەزگا عيملاقەكانی دژەتيرۆرو زانياريی، دژی ئێمە كاريان كرد، لڤين، ژ ١٣١، پێنجشەمە ٢٠١٠/٧/١
١٩٣-شێرزاد نەجار، نوێكردنەوەی حزبی سياسی لە بنكەوە-ئايا پارتە سياسييە كوردييەكان لە خۆنوێكردنەوە شكستيان هێناوە؟ گوڵان، ژمارە (٧٥٢)، ساڵی (١٦)، رۆژی ٢٠٠٩/١٠/١٢، تشرينی يەكەمی ساڵی ٢٠٠٩

**بە زمانی عەرەبی**

١٩٤-معن زياده، معالم على الطريق، عالم المعرفه، الفكر العربى، ١٩٨٧.
١٩٥-محمد شكرى سلام، سوسيولوجيا التحديپ والتغير فى المجتمع القروى -قراءه تركيبيه ونقديه فى الحاله المغربيه-، مجله عالم الفكر، الكويت، العدد ٣، المجلد ٣٠، مارس ٢٠٠٢.
١٩٦-شيرزاد أحمد النجار، دراسه البعد التنظيمى للحزب وفق منهج جديد، بيرى نوى، العدد٤١، اربيل، ٢٠٠٧

١٩٧-هشام شرابی، الحركه النقديه الجديده، مجله اچافات (المجله العربيه لعلم الاجتماع)، العدد الأول، شتاء ٢٠٠٨، ص ١٧٦-١٩٢

**سەرچاوەکانی رۆژنامە**

**بە زمانی کوردی**

١٩٨-ئاراس فەتاح و مەریوان وریا قانع، با لێنەگەڕێین قەڵەمەکان بشکێندرێن، ئاوێنە، ژ٢٥٦، رۆژی ٢٠١١/١/٤.لەگەڵ واژۆی ١٦٧ نووسەرو رۆشنبیر بۆ پشتگیریکردنی وتارەکەی سەرۆکی هەرێم چی وت؟.

١٩٩-هاشم صالح، فولتير عربيا بعد قرنين ونصف القرن على صدور رساله التسامح، جريده الشرق ألأوسط، ألاربعاء، ٢٠١٠/٣/٢٤.

٢٠٠-، هاوڵاتی، ژمارە (٦٣٠)، یەکشەمە، ٢٠١٠/٥/٢٣

٢٠١-خەتی گشتی تەواو دەستی بەسەرکۆنگرەدا داگرت، دیمانەیەك لەگەڵ بورهان سەعید سۆفی، ئاوێنە، ژ ٢٢٩، سێشەمە ٢٠١٠/٦/٢٢

٢٠٢-دڵشاد ئەنوەر، تای کۆنگرە هەر گەرمە، هاوڵاتی، ژ ٦٣٩، چوارشەمە ٢٠١٠/٦/٢٣

٢٠٣-یەکێتی دوو ئەندامی کۆنگرە دەرئەکات، یەکێتی بادینانی تەسلیمی رکابەرەکانی کرد، سەردار هەرکی، کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی کۆنگرەی پەراوێزخستنی بادینان، هەروەها :نەجات ئەسپیندارەیی، بیرۆسترۆیکای یەکێتی هێلکەیەکی حەرام بوو، هیچی هەڵنەهێنا، هاوڵاتی، ژ ٦٤٠، یەکشەمە ٢٠١٠/٦/٢٧

٢٠٤-هەبوونی لیستێك زۆر لە گەورەیی جەنابی مام جەلالی کەمکردەوە، دیمانەیەك لەگەڵ عەبدوللا مام عەلی، ئاوێنە، ژ٢٣٠، سێشەمە ٢٠١٠/٦/٢٩

٢٠٥-ئەو ئاراستە ئەنتی-رۆشنبیرییەی لە نێو سەرکردایەتی یەکێتیدا هەبوو، سەرکەوتنی گەورەی وەدەستهێناوە، دیمانەیەك لەگەڵ دانا سەعید سۆفی، رۆژنامە، رۆژنامە، ژ ٥٨٨، سێشەمە ٢٠١٠/٦/٢٩

٢٠٦-شێخ محەمەد بەرزنجی و عەلی باپیر بەبێ هەڵبژاردن و وەکوو جاران شەرعییەتی مانەوەی خۆیان نوێکردەوە هاوڵاتی، ژ ٦٤٦، یەکشەمە ٢٠١٠/٧/١٨

٢٠٧-عارف قوربانی، کەمکردنەوەی بودجەی حزب، ئاسۆ، ژ ١٢٦٦، سێشەمە ٢٠١٠/٧/٢٠

٢٠٨-دیمانەی عەبدوڵلا مەلا نوری و جەوهەر نامیق، رۆژنامەی رۆژنامە، ژ٥٩١، رۆژی سێشەمە ٢٠١٠/٧/٢٠
٢٠٩-ئاسۆ، ژمارە (١٢٦٦)، رۆژی سێشەمە، رێکەوتی ٢٠١٠/٧/٢٠
٢١٠-هەواڵی دەست لەکارکێشانەوەی هادی عەلی لە سەرۆکی (م.س) یەکگرتوو، هەولێر، ژمارە (٨٣٦)، رۆژی ٢٠١٠/٨/١.
٢١١- هادی عەلی، هەڵسەنگاندنێك بۆ ئەزموونی یەکگرتوو، بەشی دووەم، رۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (٦٧٩)، ٢٠١٠/١١/١٠

**به زمانی عەرەبی**

٢١٢-سالح الحيدري، لمحات من تاريخ.. الاتحاد، عدد -٨-، السنه الأولى، ١٩ كانون الأول، ١٩٩٢

**دیمانەکان**

٢١٣-جەوهەر نامیق، ئەندامی دەست لە کار کێشاوەی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان.
٢١٤-سیمۆن دیلاکۆردا، یاریدەدەری پرۆفیسۆر لە زانستی سیاسەت لە زانکۆی سلۆڤینیا، توێژەریشە لە سەنتەری دیموکراسی ئەلەکترۆنی E-democracy
٢١٥-عەبدولرەحمان سدیق، ئەندامی دەست لەکار کێشاوەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی، رۆژی ٢٠١٠/٧/٢٥
٢١٦- فەلەکەدین کاکەیی، ٢٠١٠/٦/١ روو بە روو.
٢١٧-کەریم ئەحمەد، سکرتێری پێشووی حزبی شیوعی کوردستان، تۆمارکراو، رۆژی **٢٠١٠/٥/٣٠** روو بە روو کراوە.
٢١٨- نیلسۆن کاسفیر سەرۆکی بەشی حکومەتە لە زانکۆی دۆرتمۆس و تایبەتمەندە بەسەر حوکمڕانی و حزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا، دیمانەکە رۆژی ٢٠١٠/٧/٢١ کراوە.
٢١٩-ئانا گرزمالا- بوسا Anna M. Grzymala-Busse لە بەرواری ٢٠١٠/٧/١٧

## سەرچاوەی ئینگلیزی

221 The Active Society: A Theory of Societal ، New York.: 1968، p viii (کۆمەڵگای چالاک-تیۆرێك بۆ پرۆسیسی کۆمەڵایەتی سیاسی) and Political Processes

222- BRYANS. TURNER، (ed. ) The Cambridge Dictionary of Sociology (cambiridge، NewYork;cambridge university press، 2006) S. V. 'Democracy'

223- JÁNOS SIMON- The Change of Function of Political Parties at the Turn of Millennium- Institute for Political Science of the Hungarian Academy of Sciences- WP núm. 221- In+stitut de Ciències Polítiques i Socials- Barcelona- 2003

224-jørgen Elm Larsen THE ACTIVE SOCIETY and activation policy

225- Mikael Holmqvist،the disabling state of an active society،welfare and society، Studies in Welfare Policy، Practice and Theory، Stockholm، 2009

226- Otto Bauer، quoted in Meyer 1957 [1986]، 65) Meyer، Alfred G. 1957. Leninism. Cambridge، MA: Harvard University Press

227-philippe Beneton، Histoire de mots، 'culture' et 'civilisation'، travaux et reches de science politiquse، 35 (paris:presses de la foundation nationale des sciences politiques، 1975 .

228- Politics. New York: Oxford University Press- Aristotle. 1995

229 - Raphael. problems of political philosophy، London، 1970.

230-Roger Scruton، The Palgrave Macmillan Dictionary of Political Thought، (New York;palgrave Macmillan، 2007) S. V. 'Democracy'

231 - Roper، Jon. 1989. Democracy and Its Critics: Anglo-American Democratic Thought in the Nineteenth Century. Winchester، MA: Unwin Hyman، 1989

232 - Shapiro، Ian Democratic Justice. New Haven، . CN: Yale University Press. 1999

233 - Steve Bruce and Steven Yearley، The Sage Dictionary of Sociology، (London Thousand Oaks New Delhi، Sage publications، 2006) S. V'Democracy'
234 - Vicky Randall، Political Parties in the Third World،، mart 1988.
235- www. caus. org. lb/Home/electronic_magazine. php?emagID=82&screen=

### سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان

236 - ahewar. org.
237 - ar. wikipedia. org/wiki
238- caus. org. lb/Home/electronic_magazine. php?emagID= 82& screen =2
239- cawder. org/index. php
240- gammoudib. maktoobblog. com/1398847
241- http://translate. google. com/translate? hl=ar&langpair=en%7 Car&u=http://en. wikipedia.
242- ihec-iq. com/ar
243- kolchi. tv/vb/showthread. php?t=11101
244- kurd. it/public/kurdo/2005/1/dottahmad-zardasht
245- search ?q=Vicky+Randal ) google. com/
246- wiki/List_of_types_of_democracy
247- http://www.ihec-iq.com/kr/results-kurdistan.html

٢٤٨- بدرالدين القمودى، حول مفهوم الحزب السياسى ووڤائفه (لەبارەی چەمك و ئەركەكانی حزبی سیاسی)،
http://gammoudib. maktoobblog. com/1398847 8/6/2010 ٢٠٠٨/١٠/ ٢٦
٢٤٩- قدرى جميل، واقع الحركه السياسيه وأفاقها، ٢٠٠٣، منشوره فى موقع الكترونى :الحوار المتمدن.
٢٥٠- محمد حلمى عبدالوهاب، هل ثمه ضروره لوجود السلطة؟ (ئايا زەروورەتێك بۆبوونی دەسەڵات هەیە)، موقع الأوان، الأربعاء، ٣٠نيسان (أبريل) ٢٠٠٨.
٢٥١- الب ولد معلوم، حول مفهوم الحزب السياسى ووظائفه (لەبارەی چەمكی حزبی سیاسی و ئەركەكانی)، تأريخ ٢٦/١٠/٢٠٠٨.
٢٥٢- هل ثمه ضروره لوجود السلطة؟، موقع الأوان، الأربعاء، ٣٠نيسان (أبريل) ٢٠٠٨

# پاشكۆكان

**حكومەتی هەرێمی كوردستانی عێراق**
**وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**
**زانكۆی سەلاحەدین /هەولێر**
**كۆلیژی ئەدەبیات /بەشی كۆمەڵناسی**
**خوێندنی باڵا /ماستەر**

**پاشكۆی ژمارە** (١)

راپرسی دەربارەی:
(رۆڵی حزبە سیاسییەكانی هەرێمی كوردستان لە چالاككردنی
كۆمەڵگەی كوردیدا
(١٩٩١-٢٠١٠)
یەكەم: زانیاری گشتی

---

١- رەگەز : نێر (        ) مێ (        )

٢- تەمەن : ١٨-٢٧ ( )، ٢٨-٣٧ ( )، ٣٨-٤٧ ( )، ٤٨-٥٧ ( )، ٥٨ و زیاتر ( )

٣- باری کۆمەڵایەتی : ڕەبەن ( )، خێزاندار ( )، بێوەمێرد ( )، بێوەژن ( )

٤- شوێنی لەدایکبوون: شار ( )، شارۆچکە ( )، گوند ( )

٥- ئاستی خوێندن:دواناوەندی ( )، پەیمانگا ( ) زانکۆ ( )، خوێندنی باڵا ( )

٦- قەبارەی خێزان: ٢-٣ ( )، ٤-٥ ( )، ٦-٧ ( )، ٨-٩ ( )، ١٠- و زیاتریش ( )

٧- جۆری پیشە: فەرمانبەر ( )، بەڕێوەبەر ( )، هیتر دیاریبکە ( )

٨ - داهاتی مانگانە: ٢٠٠، ٠٠٠-٣٩٩، ٠٠٠ ( ) ٤٠٠، ٠٠٠-٥٩٩، ٠٠٠ ( ) ٦٠٠، ٠٠٠-٧٩٩،٠٠٠ ( )
٨٠٠، ٠٠٠- ٩٩٩،٠٠٠ ( ) ١٠٠٠٠٠٠ -١، ١٩٩، ٠٠٠ ( ) ١، ٢٠٠، ٠٠٠-١، ٣٩٩، ٠٠٠ ( )
١، ٤٠٠، ٠٠٠- ١، ٥٩٩، ٠٠٠ ( ) و زیاتریش ( )

٩- باری ئابووری :زۆر باش ( )، باش ( )، مامناوەند ( )، خراپ ( )، زۆرخراپ ( ).

١٠- پابەند بوون بە ئاییینەوە: زۆر پابەندم ( )، پابەندم ( )، کەم پابەندم ( )، پابەند نیم ( ).

١١- ئایا ئەندامی لەناو حزبێکی کوردستانی یا ڕێکخراوەیەکی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا

بەڵێ ( )، نەخێر ( )، دۆست یا لایەنگرم ( ).

| | | بەتوندی لەگەڵیدام | لەگەڵیدام | لەگەڵدانیم | بەتوندی لەگە | نازانم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٢ | مەودای دیموکراسی لەهەرێمی کوردستان بەرتەسککراوەتەوە | | | | | |
| ١٣ | قورخکردنی دەسەڵات و دەستگرتن بەسەر ئیمتیازاتەکاندا هۆکاری سەرەکی شەری ناوخۆ بوو | | | | | |
| ١٤ | بڕوانەبوون بەدیمۆکراسی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات بووە هۆی سەرهەڵدانی فیفتی بەفیفتی لە1992. | | | | | |
| ١٥ | لەدوای راپەڕینەوەخزمەتگوزاری زۆر پێشکەشکراوە، بەڵام لە ئاستی پێویستدا نەبووە | | | | | |
| ١٦ | نایەکسانی کراوەلەدابەشکردنی خزمەتگوزاریەکاندا لەنێوان ناوچەجیاوازەکانی کوردستاندا لەسەر بنچینەی ئینتیمای حزبی. | | | | | |
| ١٧ | لەو باوەڕەدام حزبەکوردستانیەکان لەئاستێکی نزمی دیمۆکراسیدان | | | | | |
| ١٨ | لەو باوەڕەدام عەقلیەتی خۆسەپاندن بەسەر حزبەکوردستانیەکاندا زاڵە. | | | | | |
| ١٩ | لەو باوەڕەدام حزبەکوردستانیەکان توانای خۆنوێکردنەوەیان نییە | | | | | |
| ٢٠ | حزبەکوردستانیەکان لەرێکخستنی حزبی خۆیاندا گۆڕانیان بە سەر خۆیاندا هێناوە | | | | | |
| ٢١ | باشترەکەسی یەکەم و دووەم لەحزبدا لەکۆنگرەبەتەزکیەهەڵبژێردرێتەوەو نەخرێتەدەنگدانەوە | | | | | |
| ٢٢ | حزبی سیاسی و دیمۆکرات لەکۆمەڵگای خێڵەکی و دەرەبەگیدا دروست نابێت | | | | | |
| ٢٣ | دامەزرانی حزبەئیسلامیەکان بەپاڵپشتی و هۆکاری دەرەکی بووە | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٤ | حزبەئیسلامیەکانلەبنەڕەتدا بڕوایان بەدیمۆکراسی نییە | | | | | |
| ٢٥ | جیاوازیەکی ئەوتۆ لەنێوان ڕێکخستنی حزبەئیسلامیەکان و حزبەکانی دیکەدا نییە | | | | | |
| ٢٦ | لەو باوەڕەدام حزبەکوردستانیەکان بایەخیان بەپەروەردەی کۆمەڵایەتی نەداوە | | | | | |
| ٢٧ | حزبەکوردستانیەکان هەوڵدەدەن زانیاری پێویست بەو دەزگایانەی ڕاگەیاندن بدەن کەسەر بەئەوانن | | | | | |
| ٢٨ | حزبەکوردستانیەکان خۆیان لەخەڵک گوشەگیر کردووە | | | | | |
| ٢٩ | حزبەکوردستانیەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی خۆیان مامەڵە لەگەڵ خەڵک دەکەن | | | | | |
| ٣٠ | شێوازی دابەشکردنی دەسەڵات لەلایەن حزبەکانەوەدیموکراسیانە بووە | | | | | |
| ٣١ | حزبەکان کۆنترۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیان کردووە | | | | | |
| ٣٢ | حزبەکوردستانیەکان لەبەرامبەر کێشەنەتەوەییەکان هاوهەڵوێست نین | | | | | |

٣٣- لەم ساڵدا هەندێک لەحزبەکان کۆنگرەیان بەست، بەڕای تۆ پەیامی نوێبوونەوەیان هەبوو؟

هەموویان ☐ بەشێکیان ☐ هیچیان ☐

٣٤- بەردەوامی سەرۆک یان سکرتێری حزب لەسەرکردایەتی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەلای بەرێزتانەوەچ مانایەکی هەیە.

دیکتاتورییەتە ☐ ئەو سەرکردانەلێهاتوون ☐ قۆناغەکەوا پێویست دەکات ☐

٣٥- ئایا بەبێ بەستنی کۆنگرە لەکاتی خۆیدا حزبەکان دەتوانن خۆیان نوێبکەنەوە؟.

بەڵێ ☐ تا رادەیەك ☐

٣٦- هۆکاری ئەوەی کەکۆمەڵگای کوردی چالاک نییەدەگەڕێتەوەبۆ ئەوەی:

- خەڵکەکەی پابەندن بە ئایینەوە ☐
- خەڵکەکەی تەمبەڵن و کەمتەرخەمن لەکارەکاندا ☐
- خەڵکەکەی پشت بەخۆیان نابەستن و متمانەیان بەخۆیان نیە ☐
-کۆمەڵگایەکی خێڵەکیە
- هۆکاری دیکە.................................................☐

٣٧- ئایا هەڵوێست و رەفتاری حزبەکان لەدوای راپەرین جێگەی رەزامەندی خەڵکی کوردستان بووە؟

- لەزۆربەی حاڵەتەکاندا جێگەی رەزامەندی بووە
- لەزۆربەی حاڵەتەکاندا جێگەی رەزامەندی نەبووە
- نیوەبەنیوەیە

٣٨- ئایا حزبەکان بەرامبەر یەکتری دیموکراسیانەرەفتاریان لەگەڵ یەك کردووە؟

- هەمیشەدیمۆکراسیانەرەفتاریان کردووە ☐
- لەزۆربەی کاتەکاندا دیمۆکراسیانەبووە ☐
- لەزۆربەی کاتەکاندا دیمۆکراسیانەنەبووە ☐
- هیچ کاتێک دیمۆکراسیانەنەبووە ☐

٣٩- بەرای تۆ شێوەهەڵبژاردنی بەرپرسەحزبییەکان وەك بەرپرسی لق و مەڵبەند کۆمیتەو ناوچەکان زیاتر کام لەمانەی خوارەوەیە؟

-دیموکراسیانەیە ☐ تەعینکردن و دانانە ☐ مونا فەسەیە ☐ گاڵتەکردنەبە دیموکراسی- ☐ خزم خزمانێ و خێڵەکییانەیە ☐
-نازانم ☐

٤٠- حزبەکان، کادیر بۆچی مەبەستێک ئامادەدەکەن؟

- بۆپێگەیاندنی کەسانێک کەلەرووی مەعریفیەوەدەوڵەمەندن
- بۆپێگەیاندنی کەسانێک کەپڕوپاگەندەی زیاتر بۆ حزبەکەکردن
- بۆ دەمبەستنی خەڵك و بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆجیایحزب
- بۆبەدەستهێنانی ئیمتیازات
- هیتر.........................................................

٤١-حزبی دەسەڵاتدار خەڵك بۆ شوێنەکارگێڕییەکان (المناصب الاداريه) بۆ چ مەبەستێک دادەمە زرێنێ؟

- بۆ ڕێکخستنی ئیدارە- بەمە بەستی رازیکردنی خەڵکێک
-بۆ زۆرکردنی گەندەڵی- بۆ ئەوەی بەرژەوەندی خۆی لەو شوێنەبپارێزێت
- بۆ مەبەستی دیکە

..................................................................

٤٢- ئایا ئەو حزبەی کەسێك بۆ پۆستی وەزیری دەپاڵێورێ‌لەلایەن حزبەکەوەهەڵسە نگاندن و دیراسەتی بۆ دەکرێ؟

- هەمیشەهەڵسەنگاندن و دیراسەتی بۆ دەکرێ
- لەزۆربەی کاتەکاندا هەڵسەنگاندن و دیراسەتی بۆ دەکرێ
- کەمجار هەڵسەنگاندن و دیراسەتی بۆ دەکرێ
- هیچکات هەڵسەنگاندن و دیراسەتی بۆناکرێ
- نازانم

٤٣- بەبۆچوونی بەرێزتان تا ئێستا پاڵاوتنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە سەر چ بنەمایەك بووە

-بۆ پاراستنی بەرژەوەندی هەندێک کەس -گوێڕایەڵی بۆ حزب
-بەتوانایی و لێهاتوویی کەسەکە - نیشتمانپەروەری کەسەکە
-لەسەربنەمای عەشیرەتگەریی و ناوچەگەرییە

٤٤- بەشداریپێکردنی ئەندامانی حزب لەدروستکردنی بڕیارەکاندا تا چ رادەیەکە

- لەهەموو حزبەکاندا بەشداریان زۆرە- لەهەموو حزبەکاندا بەشداریانکەمە
- بەپێی حزب دەگۆڕێت

٤٥- ئەگەر خەڵك گوێیان لێنەگیرا بەچ شێوەیەك رای خۆیان دەربڕن ؟

پەنا ببەنەبەر خۆپیشاندان ☐ مانگرتن ☐ راگەیاندن ☐

ئەو حاڵەتەقبووڵ بکەن ☐

هیتر.............................................................

٤٦- ئایا حزبەکان بەلایانەوەگرنگە ئەندامەکانیان لێیان رازی بن؟

بەلای هەموویانەوەگرنگە ☐ بەلای زۆربەی حزبەکانەوەگرنگە ☐

بەڵای زۆربەیانەوەگرنگ نییە ☐ بەلای هیچ کامیانەوەگرنگ نییە

٤٧- هۆکاری دروستبوونی ئینشیقاق لەحزبەکاندا بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

بەرژەوەندی تایبەتی هەندێ کەس ☐ دیکتاتۆرییەتی حزبەکان ☐

ململانێی فیکریی ☐ هیتر.......................................

پاشکۆی ژماره (٢)

راستێتی پرسیارنامە:

| ژ | ناوی پسپۆڕان | ژمارەی پرسیارە دروستەکان | ژمارەی پرسیارە نادروستەکان | نمرەی سەدی راستێتی | ناوی پرسیارە نادروستەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پ. د. صباح احمد نجار | ٦٠ | ٩ | ٩٥،٨٦ | ٤، ٥، ٦، ١٨، ٢١، ٣٢، ٤٨، ٥٥، ٥٦، |
| ٢ | پ. د. طاهر حسۆ میر زێباری | ٦٩ | سفر | ١٠٠ | |
| ٣ | د. دلێر حقی اسماعیل شاوەیس | ٦٩ | سفر | ١٠٠ | |
| ٤ | پ.ی.د. رشاد صبری میران | ٦٤ | ٥ | ٧٥،٩٢ | ٣٢، ٤٧، ٤٩، ٥٥، ٦٢ |
| ٥ | د. نجدت صبری ئاکرەیی | ٦٩ | سفر | ١٠٠ | |
| ٦ | د. کمال سعدی | ٦٩ | سفر | ١٠٠ | |
| ٧ | پ.ی. د. عبدالحمید علی سعید بەرزنجی | ٦٧ | ٢ | ١٠،٩٧ | ٤٥، ٤٩ |
| ٨ | پ. ی.د. فؤاد قادر احمد | ٦٧ | ٢ | ١٠،٩٧ | ٥٢، ٥٩ |
| ٩ | د. عبدالله خورشید عبدالله | ٦٥ | ٤ | ٢٠،٩٤ | ٤٩، ٥٤، ٥٥، ٥٦، |
| ١٠ | د. داود یوخنا دانیال | ٦٩ | سفر | ١٠٠ | |
| ١١ | پ.ی. د. عبدالمجید غفور ابراهیم | ٦٩ | سفر | ١٠٠ | |
| ١٢ | د. سلیم بگرس الیاس | ٥٤ | ١٥ | ٢٦،٧٨ | ١٨، ٢٥، ٢٧، ٣١، ٣٢، ٣٣، ٣٩، ٤٤، ٤٨، ٥٢، ٥٣، ٥٧، ٥٩، ٦٠، ٦٩ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٣ | د. محمد حسين شوانی | ٥٠ | ١٩ | ٤٦.٧٢ | ١١، ١٥، ١٩، ٢٢، ٢٤، ٢٥، ٣٠، ٣١، ٣٢، ٣٣، ٣٥، ٣٦، ٤٤، ٤٩، ٥٧، ٥٨، ٥٩، ٦٣، ٦٦ |
| | کۆی گشتی | ٨٤١ | ٥٦ | ٧٥.٩٣ | ٥٦ |

**تێبینی:**

ژمارەی تەواوی پرسیارنامە = (٦٩) پرسیار

ژمارەی پسپۆڕان = (١٣) پسپۆڕ

بەم شێوەیە کۆی گشتی پرسیارەکان = (ژمارەی پرسیارەکان × ژمارەی پسپۆڕان) ( ٦٩ × ١٣ =٨٩٧)

کۆی گشتی پرسیارە دروستەکان = ٨٤١، کۆی گشتی پرسیارە نادروستەکان = ٥٦

ڕاستێتی گشتی پرسیارنامە = کۆی گشتی پرسیارە دروستەکان ÷ کۆی گشتی پرسیارەکانی پرسیارنامە × ١٠٠

٨٤١ ÷٨٩٧×١٠٠= ٧٥.٩٣ % ڕاستێتی پرسیارنامە

# جێگیری ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری

هەنگاوی دووەمی ئامادەکردنی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری، دەرهێنانی جێگیری (پبات) ی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییە دوای دڵنیابوون لە راستێتی (صدق) ەکەی، کە زۆربەی کات پێی بەراورد دەکرێ. لەو نێوەندەشدا (کورتورن) پێیوایە، راستێتی رواڵەتێکی جێگیرییە، بە واتای ئامرازی دروست ئامرازێکی جێگیرە، بەڵام هەموو ئامرازێکی جێگیر دروست نییە، هەر بۆیەش لەسەر توێژەر پێویستە لە میانەی رێگەیەك لە رێگەکانی دەرهێنانی جێگیریی، لە جێگیریی ئامرازەکەی دڵنیا بێت[1]. ئەمەش لەبەرئەوەی جێگیریی ماکێکە لە ماکە سەرەکییەکانی هەر ئامرازێکی کۆکردنەوەی زانیاریی، کە دەبێت لە هەر توێژینەوەیەکی زانستیدا رەچاو بکرێت لە کاتی هەڵبژاردنیدا[2].

لە دەرهێنانی جێگیریی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریشدا، توێژەرپشتی بە رێگەی بەشکردنی نیوەیی (التجزئه النصفیه) بەستووە، لەبەرئەوەی رێگایەکی گونجاوە کات و تیپچوونی کەمتری دەوێت، هەروەها ئاکامی باشتریش بەدەستەوە دەدات.

هاوکات ئەو رێگایەی رادەی رێکخستنی نێوخۆیی نێوان بڕگەکانی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری دەخاتە روو.سەرەتا تەنها یەکجار ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بەسەر نموونەیەکی قەبارە بچووکدا پراکتیزە دەکرێ. راستەوخۆش دوای کۆکردنەوەی داتاکان، بڕگە تاك و بڕگە جووتەکان لێك جیا دەکرێنەوە تا پەیوەستی نێوانیان بدۆزرێتەوە.هەروەها بۆئەوەی لە جێگیریی ئامرازەکەش دڵنیا بین[3].

---

[1]- د. احمدمحمدالطیب، الاحصاء في التربیة وعلم النفس، ط١، المکتب الجامعي الحدیث، الازاریطة – الاسکندریة، ١٩٩٩، ص٢٩٤.

[2]- موفق الحمداني واخرون، مناهج البحث العلمي واساسیات البحث العلمي، ط١، مؤسسة الوراق للنشروالتوزیع، عمان الاردن، ٢٠٠٦، ص٢٨٠.

[3]–هیواحاجیدیلویي، الاتجاهاتالتعصبیةبینالجماعاتالعرقیة–دراسةاجتماعیة میدانیة في اقلیم کوردستان العراق، قسم الاجتماعب کلیةالاداب في جامعة صلاحالدین، رسالةماجستیرمنشورة، مؤسسةموکریانی، ط١، اربیل، ٢٠٠٨، صص١٦٦-١٦٧.

بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر هەستا بە ئەنجامدانی پرسە توێژینەوە (دراسە الاستگلاعیە) یەك تەنها یەكجار لە ڕێگەی وەرگرتنی (٢٠) یەكە لەوانەی خاوەن بڕوانامەی ئامادەیی بەسەرەوەیە لە توێژی جیا جیا وەك نموونەی پرسە توێژینەوە لە شاری هەولێر. ڕاستەوخۆش دوای كۆكردنەوەی داتاكان، بڕگە تاك ز بڕگە جووتەكانی هەر فۆڕمێكی لە یەكتری جیاكردنەوە.دواترش كۆ نمرەی هەر یەكێكیان بە جیا دەرهێنا.بە بەكارهێنانی بەرنامەی (spss) و هاوكێشەی پەیوەستی (سپێرمان براون) دەركەوت ڕێژەی جێگیریی ئامرازی كۆكردنەوەی زانیاری یەكسانە بە (٧٥%).

لە پاشكۆی ژمارە (٣) چۆنێتی دەرهێنانی جێگیریی ئامرازی كۆكردنەوەی خراوەتە روو.

## پاشكۆی ژمارە (٣ )

## جێگیری ئامرازی كۆكردنەوەی زانیاری

## Reliability

**Case Processing Summary**

| | N | % |
|---|---|---|
| Valid Cases | 20 | 100.0 |
| Excluded [a] | 0 | .0 |
| Total | 20 | 100.0 |

a Listwise deletion based on all variables in the procedure.

## Reliability Statistics

| | | | |
|---|---|---|---|
| Cronbach's Alpha | Part 1 | Value | 1.000 |
| | | N of Items | 1[a] |
| | Part 2 | Value | 1.000 |
| | | N of Items | 1[b] |
| | Total N of Items | | 2 |
| Correlation Between Forms | | | |
| | | | 0.604705 |

| | |
|---|---|
| Spearman-Brown EqualLengt | 0.753665 |
| Coefficient Unequal Length | 0.753665 |
| Guttman Split-Half Coefficient | 0.725755 |

The items are:
abrgatakakan.
bbrgajutakan.                    .

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**
**زانکۆی سەلاحەدین /هەولێر**
**کۆلیژی ئەدەبیات /بەشی کۆمەڵناسی**
**خوێندنی باڵا /ماستەر**

راپرسی دەربارەی:
(رۆڵی حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە چالاککردنی کۆمەڵگەی کوردیدا
(١٩٩١-٢٠١٠)

---

سلاو

مەبەست لەم فۆرمەکۆکردنەوەی زانیارییە بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی خوێندنی باڵا-ماستەر بەناونیشانی (رۆڵی حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە ئەکتیڤکردنی کۆمەڵگەی کوردی ١٩٩١-٢٠٠٩) لە بەشی کۆمەڵناسی.

لەکاتی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان ئەم تێبینییانە لەبەرچاو بگرە:

١- ناوی خۆت لەو فۆرمەی لەبەردەستتدایە مەنووسە.
٢- لەکاتی وەڵامدانەوەت نیشانەی راست لەسەر یەك لەو نێو کەوانانە بدە کە بەرێزت بە راستی دەزانی

٣- مەبەست لە حزبەکان حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانە لە دوای راپەڕینەوە تا ئێستا.

٤- ئەگەر تێبینی ترت هەیە کە لەناو فۆڕمەکەدا نەهاتووە، دەتوانی لەو شوێنەی نووسراوە هیتر، تێبینییەکانی خۆت بنووسی.

٥- پێویستە بەوپەڕی ئازادی و بەوپەڕی راست و دروستییەوە وەڵامی پرسیارەکان بدەیتەوە، بۆئەوەی تۆژەر بەرچاورووونییەکی باشتری هەبێت بۆ ئەو تۆژینەوەیەو دڵنیاشبە ئەوکاتە خزمەتێك دەگەیەنیت.

٦- ئەگەر هاتوو جگە لەو پرسیارانە تێبینی ترت هەبوو کە پرسیاری لەوبارەیەوە تێدا نەبوو، دەتوانی لە کۆتایی پرسیارەکان پرسیارێك بە کراوەیی جێهێڵراوە سەرنجەکانت بنووسی بۆ دەوڵەمەندکردنی فۆڕمەکە.

٧- ئەو پرسیارانەی کەلە وەڵامەکەدا هیتر ی تێدایە، دەتوانیت ئەوەی لەخەیاڵتدایە لەوێ بینووسی.

٨- لەم راپرسییەدا لەهەر کوێ وشەی حزبەکان دەبینی، مەبەستمان حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان ە.

بفەرموو بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانمان.

# پاشکۆی ژ (٤)

## یەکەم: زانیاری گشتی

١- رەگەز : نێر (       ) مێ (       )

٢- تەمەن : ١٨-٢٧ ( )، ٢٨-٣٧ (   )، ٣٨-٤٧ ( )، ٤٨-٥٧ ( )، ٥٨- ٦٧ (   )

٣- باری کۆمەڵایەتی : رەبەن (   )، خێزاندار (   )، بێوەمێرد (   )، بێوەژن (   )

٤- ئاستی خوێندن: دواناوەندی ( )، پەیمانگا ( ) زانکۆ ( )، خوێندنی باڵا ( )

٥- قەبارەی خێزان: ٢-٣ ( )، ٤-٥ ( )، ٦-٧ ( )، ٨-٩ ( )، ١٠- و زیاتریش ( )

٦- جۆری پیشە: فەرمانبەر ( )، بەڕێوەبەر (   )، هیتر دیاریبکە (   )

٧ - داهاتی مانگانە: ٢٠٠، ٠٠٠-٣٩٩، ٠٠٠ ( ) ٤٠٠، ٠٠٠-٧٩٩، ٠٠٠ ( ) ٨٠٠، ٠٠٠-١٩٩،٠٠٠، ١ ( )
٢٠٠، ٠٠٠، ١- ١، ٤٩٩،٠٠٠ ( ) ٥٠٠، ٠٠٠، ١-و زیاتریش ( )

٨- باری ئابووری :زۆر باش (   )، باش (   )، مامناوەند (   )، خراپ (   )، زۆرخراپ (   ).

٩- پابەند بوون بە ئایینەوە: زۆر پابەندم ( )، پابەندم (   )، کەم پابەندم (       )، پابەند نیم (   ).

١٠- ئایا ئەندامی لەناو حزبێکی کوردستانی یا رێکخراوەیەکی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا

بەڵێ (      )، نەخێر (            )، دۆست یا لایەنگرم (       ).

پاشکۆی (٥)

**دووەم : زانیارییە گشتییەکانی بابەتی تۆژینەوەکە**

| ئایا راستە دوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ حزبایەتیکردن خۆبەخشانە بووە<br>بەڵێ (   )، تا رادەیەك (    )، نەخێر (    ) | دەشێ | ناشێ | راستکردنەوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١١- هۆکاری بەرتەسککردنەوەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا بۆ چی دەگەڕێتەوە<br>تێکەڵبوونی حزب و حکومەت (  )، سوپای نایاسایی (  )، بوونی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (  )، بەدامەزراوەنەکردنی دامودەزگاکان (    )، هیتر (      ). | | | | |
| ١٢- حزبەکان گرنگی دەدەن بە:<br>بەرژەوەندی گشتی (    )، (بەرژەوەندی تایبەت (  )، (هەردووکیان (     )، نازانم (  ). | | | | |
| ١٣- دەستبەسەرداگرتنی موڵکی گشتی و زەوی و باڵەخانەکان لەلایەن حزبی دەسەڵاتدارەوە لەدوای راپەڕین پەیوەندی بە کولتووری کوردییەوە هەبوو<br>بەڵێ (   )، تا رادەیەك (      )، نازانم (    ) نەخێر (  ). | | | | |
| ١٤- بەرای تۆ کام لەم هۆیانە شەڕی ناوەخۆی هەڵگیرساند<br>دابەشکردنی دەسەڵات (      )، کۆنترۆڵکردنی ئیمتیازات (      )، ئایدیۆلۆژیا (    )، هیتر (    ). | | | | |
| ١٥- هۆی لێکەوتنەوەی سیستەمی فیفتی بە فیفتی لە | | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | دوای ئەنجامی هەڵبژاردنی ١٩٩٢چی بوو<br>بوونی تەزویر (    )، بڕوانەبوون بە دیموکراسی (<br>)، بڕوانەبوون بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات (   )، هیتر (<br>). |
| | | | | ١٦- سەردانی سەرکردە سیاسییەکان بۆ ماڵی سەرۆك جاشەکان لە دوای راپەڕین لە ئەنجامی چی بوو<br>کاڵبوونەوەی هەستی نیشتمانیی (    )، سیاسەتی لێبوردەیی (    )، بەرژەوەندی سەرکردەکان (    )، هیتر (<br>). |
| | | | | ١٨- خەڵکی کوردستان بە گشتی بە سیاسی کراون، کاریگەری ئەم بە سیاسیکردنە بۆ ئایندەی کوردستان چۆن دەبینی<br>ئاییندەیەکی گەش (  )، ئایندەیەکی تاریك (    )، تەمبەڵکردنی خەڵك (    )، چالاککردنی خەڵك (  ) هیتر (<br>). |
| | | | | ١٩- لە دوای راپەڕینەوە زۆر شتی خزمەتگوزاری کراوە بەڵام لە ئاستی پێویستدا نەبووە، هۆکارەکانی چین<br>خێڵەکین (   )، حکومەت پلانی نییە (  )، گەندەڵی زۆرە (    )،   حکومەت لە خەمی خەڵك نییە (    )، هیتر (      ). |
| | | | | ٢٠- حزبەکان گرنگی بە دیموکراسی دەدەن.<br>بەڵێ (   )، تا رادەیەك (     )، نەخێر (    ) |
| | | | | ٢١- عەقڵییەتی شمولی بەسەر حزبە سیاسییەکاندا زاڵە<br>بەڵێ (   )، تا رادەیەك (     )، نەخێر (   ) |
| | | | | ٢٢- کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی و تەقلیدی نییە؟.<br>بەڵێ (   )، تا رادەیەك (     )، نەخێر (    ) |
| | | | | ٢٣- حزبەکان توانای خۆنوێکردنەوەیان هەیە. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | بەڵێ (   )، تا رادەیەك (     )، نەخێر (    ) |
| | | | | ٢٤- حزبەکان لە رێکخستنی حزبییاندا گۆڕانییان بەسەر خۆیاندا هێناوە.<br>بەڵێ (   )، تا رادەیەك (     )، نەخێر (    ) |
| | | | | ٢٥- ئەمساڵ یەکێتی و کۆمەڵی ئیسلامی کۆنگرەی خۆیان بەست و یەکگرتووی ئیسلامیش پلینیۆمی بەست پەیامی نوێبوونەوەیان هەبوو<br>بەڵێ (   )، تا رادەیەك (     )، نەخێر (    ) |
| | | | | ٢٦- بەردەوامبوونی سەرۆك یان سکرتێری حزب بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بە چی دەزانیت<br>دیکتاتۆرییەتە (   )، نیمچە دیکتاتۆرییەتە (   )،<br>لێهاتووی کەسەکەیە (   )، زەرورەتی قۆناخەکەیە (   ). |
| | | | | ٢٧- کەسی یەکەم و دووەمی حزب، گونجاوە لە کۆنگرە بە تەزکییە هەڵبژێردرێتەوەو نەخرێتە دەنگدانی نهێنییەوە<br>بەڵێ (   )، تا رادەیەك (     )، نەخێر (    ) |
| | | | | ٢٨- بەبێ بەستنی کۆنگرە لەکاتی خۆیدا حزبەکان دەتوانن خۆیان نوێبکەنەوە.<br>بەڵێ (   )، تا رادەیەك (     )، نەخێر (    ) |
| | | | | ٢٩- بەبێ گۆڕینی عەقڵی سەرکردایەتی حزبەکان دەتوانن خۆیان نوێبکەنەوە<br>بەڵێ (   )، تا رادەیەك (     )، نەخێر (<br>) |
| | | | | ٣٠- حزبی سیاسی و دیموکرات لە کۆمەڵگەی خێڵەکی و دەرەبەگیدا دروست دەبێت<br>بەڵێ (   )، تا رادەیەك (     )، نەخێر (<br>) |
| | | | | ٣١- هۆکاری دەرەکی بۆ دامەزراندنی حزبە ئیسلامییەکان نەبوو<br>بەڵێ (   )، تا رادەیەك (     )، نەخێر (    ) |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٢- حزبە ئیسلامییەکان لە بنەڕەتدا بڕوایان بە دیموکراسی هەیە<br>بەڵێ ( )، تا رادەیەك ( )، نەخێر ( ) | | | | |
| ٣٣- شێوەی رێکخستنی حزبە ئیسلامییەکان هەمان شێوەو فۆڕمی حزبەکانی دیکەی کوردستانە<br>بەڵێ ( )، تا رادەیەك ( )، نەخێر ( ) | | | | |
| ٣٤- حزبە سیاسییەکان بڕوایان بە ئایندەی کوردستان هەیە<br>بەڵێ ( )، تا رادەیەك ( )، نەخێر ( ) | | | | |
| ٣٥- ئەگەر بە رای تۆ کۆمەڵگەی کوردی چالاك نییە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە :<br>پابەندە بە ئایین ( )، تەمبەڵە ( )، پشت بەخۆی نابەستێت ( )، خێڵەکییە ( ) هیتر ( ). | | | | |
| ٣٦- لاوازبوونی کاریگەریی رای گشتی لە هەرێمی کوردستاندا بۆچی دەگەڕێتەوە<br>کۆمەڵگە هوشیارنییە ( )، لە دەسەڵات دەترسن ( )، راڕان ( )، هیتر ( ). | | | | |
| ٣٧- حزبەکان گرنگی بە بواری پەروەردەی کۆمەڵایەتی دەدەن<br>بەڵێ ( )، تا رادەیەك ( )، نەخێر ( ) | | | | |
| ٣٨- حزبەکان زانیاری پێویست دەدەن بە هەموو دەزگاکانی راگەیاندن بە بێ جیاوازی<br>بەڵێ ( )، تا رادەیەك ( )، نەخێر ( ) | | | | |
| ٣٩- حزبەکان خۆیان لە خەڵك گۆشەگیر نەکردووە<br>بەڵێ ( )، تا رادەیەك ( )، نەخێر ( ) | | | | |
| ٤٠- حزبەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتی دەکەن<br>بەڵێ ( )، تا رادەیەك ( )، نەخێر ( ) | | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤١- هەڵوێست و رەفتاری حزبەکان لەدوای راپەرین جێگەی رەزامەندی خەڵکی کوردستان بووە<br>بەڵێ ( )، تا رادەیەك ( )، نەخێر ( ) | | | | |
| ٤٢- شێوازی دابەشکردنی دەسەڵات لەلایەن حزبەکانەوە دیموکراسیانە بووە<br>بەڵێ ( )، تا رادەیەك ( )، نەخێر ( ) | | | | |
| ٤٣- حزبەکان دیموکراسیانە رەفتاریان لەگەڵ یەکتری کردووە<br>بەڵێ ( )، تا رادەیەك ( )، نەخێر ( ) | | | | |
| ٤٤- کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی نییە<br>بەڵێ ( )، تا رادەیەك ( )، نەخێر ( ) | | | | |
| ٤٥- کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی و مەدەنییە<br>بەڵێ ( )، تا رادەیەك ( )، نەخێر ( ) | | | | |
| ٤٦- شێوازی رێکخستنی حزبەکان لەگۆڕان و نوێبوونەوەدان<br>بەڵێ ( )، تا رادەیەك ( )، نەخێر ( ) | | | | |
| ٤٧- دەربارەی شێوە هەڵبژاردنی بەرپرسە حزبییەکان وەك لق و مەڵبەند کۆمیتەو ناوچەکان کام لەمانەی خوارەوەیە<br>دیموکراسیانەیە ( )، تەعینکردن و دانانە ( )، مونافەسەیە ( )، گاڵتەکلردنە بە دیموکراسی ( )، خزم خزمانێ و خێڵەکییانەیە ( ). | | | | |
| ٤٨- پەیمانگای کادیران، کادیر بۆچی ئامادە دەکات<br>بۆ زیادکردنی مەعریفە ( )، بۆ پڕوپاگەندەکردن ( )، بۆ دەمبەستنی خەڵك ( )، بۆ ئیمتیازات ( ) هیتر ( ). | | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |
| | | | | ٤٩- حزبی دەسەڵاتدار خەڵك بۆ شوێنە کارگێڕییەکان (المناصب الاداریە) لەسەر چ بنەمایەك دەپاڵێوێ ڕێکخستنی ئیدارە ( )، زۆر کردنی گەندەڵی ( )، خێڵەکییانەیە ( )، کڕینی خەڵکە ( ). |
| | | | | ٥٠- ئەو حزبەی کەسێك بۆ پۆستی وەزیری دەپاڵێورێ لەلایەن حزبەکەوە هەڵسەنگاندن و دیراسەت دەکرێ بەڵێ ( )، تا رادەیەك ( )، نەخێر ( ) |
| | | | | ٥١- تا ئێستا پاڵاوتنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر چ بنەمایەك بووە بەرژەوندییە کەسییەکان دەپارێزێت ( )، زۆر گوێڕایەڵی حزبە ( )، کادیرێکی تێکشکاوە ( )، بەتوانایە ( )، نیشتمانپەروەرە ( ). |
| | | | | ٥٢- بەشداریپێکردنی ئەندامانی حزب لە دروستکردنی بڕیارەکاندا تا چ رادەیەکە ئێکجار زۆرە ( )، بەشداریان پێ ناکەن ( )، تەنها لەکاتی تەنگژەکاندا ( ). |
| | | | | ٥٣- هەماهەنگی حزبەکان لەگەڵ ڕێکخراوە مەدەنییەکان تا چ رادەیەکە؟ باشە ( )، مامناوەندییە ( )، خراپە ( )، |
| | | | | ٥٤- حزبەکان لەکام لەم بوارانە کاریگەری زۆریان بەسەر کۆمەڵگەی کوردییەوە هەبووە کۆمەڵایەتی ( )، ئابووری ( )، ئایینی ( )، رۆشنبیری ( ) |
| | | | | ٥٥- ئایا هەموو حزبەکان لە بەرامبەر کێشە نەتەوەییەکان |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | هاوهەڵوێستن<br>بەڵێ (     )، تا رادەیەك (     )، نەخێر (     ) |
| | | | | ٥٦- حزبەکان بە چ شێوەیەك بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا بکەن<br>بەلیستی داخراو (     )، بە لیستی کراوە (     )، بەتەنها (     )، خەڵکی بێلایەنیش خۆی بپاڵێوێ (     ). |
| | | | | ٥٧- حزبەکان بە چ شێوەیەك بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا بکەن<br>بەلیستی داخراو (     )، بە لیستی کراوە (     )، بەتەنها (   )، خەڵکی بێلایەنیش خۆی بپاڵێوێ (     ). |
| | | | | ٥٨- ئایا دەزانیت نزیکەی چەند حزبی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە<br>بەڵێ (     )، تا رادەیەك (     )، نەخێر (     ) |
| | | | | ٥٩- ئەگەر خەڵك گوێیان لێ نەگیرا بە چ شێوەیەك رای خۆیان دەربب‌ڕن<br>خۆپیشاندان (     )، مانگرتن (     )، راگەیاندن (     ) هیتر (   ). |
| | | | | ٦٠- ئایا حزبەکان گوێ بە رازینەبوونی ئەندامەکانیان دەدەن<br>بەڵێ (     )، تا رادەیەك (     )، نەخێر (     ) |
| | | | | ٦١- بەشداریکردنی زۆرینەی حزبەکان لە پێکهاتەی حکومەت بە چی دەزانیت<br>دابەشکردنی دەسەڵاتە (     )، پێداویستی قۆناخەکەیە (     )، دەمکوتکردنی خەڵکە (     ).هیتر (     ) |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٦٢- هۆكاری دروستبوونی ئینشیقاق له‌ حزبه‌كاندا بۆ چی ده‌گه‌ڕێته‌وه‌<br>به‌رژه‌وه‌ندی تایبه‌ته‌ (  )، دیكتاتۆرییه‌تی حزبه‌كانه‌ () ، ململانێی فیكرییه‌ (  )، هیتر (  ). | | | | |
| ٦٣- تێڕوانینی حزبه‌كان بۆ پرسی ئافره‌ت چۆنه‌<br>باشه‌ (  )، مامناوه‌ندییه‌ (  )، خراپه‌ (  )، | | | | |
| ٦٤- رۆڵی حزبه‌كان له‌دوای راپه‌ڕین له‌ به‌ڕێوه‌بردنی كاروباری حكومه‌تدا چۆن بووه‌؟<br>باش بوو (  )، تا راده‌یه‌ك (  )، خراپ بوو (  ). | | | | |
| ٦٥- ئایا حزبه‌كان له‌دوای راپه‌ڕینه‌وه‌ رۆڵیان له‌ هوشیاركردنه‌وه‌ی خه‌ڵك هه‌بووه‌<br>به‌ڵێ (  )، تا راده‌یه‌ك (  )، نه‌خێر (  ) | | | | |
| ٦٦- تا چ راده‌یه‌ك ئه‌ندامانی حزب به‌رنامه‌ی حزب جێبه‌جێ ده‌كه‌ن<br>باش (  )، تا راده‌یه‌ك (  )، نه‌خێر (  ) | | | | |
| ٦٧-به‌پێویستی ده‌زانیت حزبی سیاسی له‌ هه‌رێمی كوردستاندا زۆر هه‌بن<br>به‌ڵێ (  )، تا راده‌یه‌ك (  )، نه‌خێر (  ) | | | | |
| ٦٨- ره‌فتاری سیاسی حزبه‌كان به‌رامبه‌ر به‌ یه‌كتری كام له‌مانه‌ی خواره‌وه‌یه‌<br>دیموكراسیانه‌یه‌ (  )، دیكتاتۆریانه‌یه‌ (  )، قین له‌دڵانه‌یه‌ (  )، لێبورده‌ییه‌ ( ). | | | | |
| ٦٩- ره‌فتاری سیاسی حزبه‌كان به‌رامبه‌ر به‌ خه‌ڵك چۆن ده‌بینی؟<br>باشه‌ (  )، مامناوه‌ندییه‌ (  )، خراپه‌ (  ). | | | | |

## The Abstract

The rise of political parties in Kurdistan does not have a long history and it could be considered as the opposite of political parties in the west. This rise was not for deepening and the development of democracy، it had come into existence as a result of national oppression. This reality has overburdened the political parties of Kurdistan that they could not develop democracy and the parliamentary strife. In general، studying the political parties of Kurdistan today for understanding and analyzing the political، social، and economic life within the framework of its political system will have a great role in the political and economic life of the Kurdish society. This significance has increased especially after the 1991 Uprising. Within the last 20 years، the political party in Kurdistan has fully substituted for the social، economic، and cultural life. As such، the description of the rights and the duties of the political parties in the Kurdish society will have a great value to the researchers. The present study is conducted on those political parties in Kurdistan that could not move the Kurdish society in a right direction، that is، activation of the society.

This study aims at presenting the experience of Kurdish political power in the Kurdistan Region/Iraq in the last 20 years. It analyzes scientifically the hypothesis whether Kurdistan political parties believe in the take over of political power or not. Is modernization significant for the political parties? Is the mentality of the political parties' members has witnessed radical change for advancing the society?

This study is entitled "The Role of the Political Parties in Kurdistan in the Activation of Kurdish Society from 1991 – 2010". It consists of two main parts with Introduction، Conclusions and Recommendations. The first part is theoretical، consisting of eight chapters. The second part is practical (or field study)، consisting of three chapters. Each chapter of the theoretical part deals with a significant aspect of the political parties. Chapter one tackles the formation، the problems، and the aims of the study. Chapter two discusses the concepts، consisting of six concepts. Chapter three is the theoretical framework for the political parties، consisting five main topics with many sections. Chapter four studies the reality of political parties in general and Kurdistan political parties in specifics. It also sheds light on the public opinion، the development of the political parties in Kurdistan، the behavior of the political parties in Kurdistan. Then، it deals with the post-uprising period and the distribution of power. Chapter five tackles the political parties and democracy in the Kurdish society، focusing on three points: the culture of democracy in the Kurdish society، the political parties and democracy، and the political parties and the intellectuals in Kurdistan. Chapter six is the dedicated for the political parties' philosophy of ruling in Kurdistan. It also focuses on three points: the principles of totalitarianism، totalitarianism in the Kurdish society، and totalitarianism within the Kurdish parties. Chapter seven studies the modernization of the political parties in Kurdistan، consisting of two sections، first modernization in strategy and second modernization in organization. Chapter eight، which is the last theoretical chapter، tackles the role of Kurdistan political parties in activation of the Kurdish society. It has three main points: the concept of the active society، the nature of the

Kurdish society in activation، and the nature of the Kurdish parties in activation. Four political parties are studied that are: KDP، PUK، KUP، and KCP. Then، it focuses on the future of political power in Kurdistan.

The practical part (field study) consists of three chapters. Chapter nine is dedicated for the procedures، methods، hypothesis، samples، the range and the tools of the study. Chapter ten presents the data، general and specific data. Chapter eleven focuses on three points: the findings، the conclusions، and the recommendations. The last part is the bibliography followed by the annexes.